






# دیدو بۆچوونەکانی هاوڕێ د. قادر وریا

## کۆمەڵێک وتارو لێدوانی جۆراوجۆر

### بەشی سێهەم

کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

جۆزەردانی ٢٧٢٦ی کوردی = مای ٢٠٢٦ی زایینی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست:

– کورتەیەک لە ژیاننامەی هاوڕێ د. قادر وریا.......... ٦

بابەتی ساڵی ....................... ٢٠١٨ ............... ٩

١- گرینگیی بە دۆکیۆمێنتکردنی کردەوە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران.....
٢- پەڵەیەکی ناشیرین بە ڕوخساری شارستانیی ئەمرۆی کوردستانەوە.....
٣- مانگرتنی گشتیی ئەمجارەی کوردستان و وەحشەتی ڕێژیم لە پەیامەکەی.....
٤- قۆرتێکی گەورە لە بەردەم ڕێژیمی ئێران.....
٥- قۆناغی نوێی تیرۆری نەیاران لە دەرەوەی وڵات و پێویستیی بەرپەرچدانەوەی.....
٦- لە جیاتی خەڵاتێک: بۆ جووتە هونەرمەندی دەرووەست شۆڕش ئاهی و بەیان سوهرابی.....
٧- هاتەوە تەیرەکەی گەرمێنێ بە پەڕ و باڵی خوێناوی.....
٨- بەردەوامبوون لە سەر تێرۆری سیاسی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات.....
قۆناغێکی یەکلاکەرەوە لە نارەزایەتیی خەڵکی ئێراندا.....
٩- مافی مرۆڤ پێوەرێکی گرنگ لە جیهانی ئەمرۆدا.....
١٠- قسەکانی قادر وریا لە ڕێورەسمی پرسەی شاعیر و تێکۆشەری ناسراو ئەنوەرخان سوڵتانپەنا.....
١١- یەلدایەک، لە قەڵای دیموکراتەوە بۆ نێو دڵی نیشتمان.....

**بابەتی ساڵی ........................ ٢٠١٩ ............... ٥٣**

١- ئاستەنگەکانی بەردەم بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەرکە هەنووکەییەکان.....

٢- دەرسێک کە ئێمەی کورد لە شۆڕشی ١٣٥٧ وەرمان نەگرتوە!.....

٣- فێرکردنی زمانی دایک لە خزمەت بە هێزکردنی شوناسی نەتەوەییدا.....

٤- لە دژی ژێنۆسایدی بەردەوام دەنگهەڵبڕینێکی نەتەوەیی و گشتی پێویستە.....

٥- تێرۆریزمی دەوڵەتی لەدژی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.....

٦- بۆشایی ڕێبەریی سیاسی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە هۆکارەوە تا چارەسەر.....

٧- کارەساتی ١٧ی خەرمانان (کاریگەرییەکان، ئەزموونەکان).....

٨- ڕوانگە و هەڵوێستمان لە بارەی چەند پرسێکی نەتەوەیی.....

٩- قوتابییەک لە ڕیزی تەمبەڵان دا!.....

١٠- ئازادیتان پیرۆز خۆڕاگرترین بەندییە سیاسییەکانی ئێران!.....

١١- ناخی ڕاستەقینەی حەسەن ڕۆحانی و ڕووهەڵماڵاویی دەڵاڵەکانی!.....

١٢- پێویستییەکانی خەباتێکی کاراتر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.....

---

**بابەتی ساڵی ................ ٢٠٢٠ - ٢٠٢١ – ٢٠٢٢..................... ١٢٣**

١- فریشتەیەک بە سواری مووشەک.....

٢- "ئێمە" چەند بەختیارین کە "ئێوە" هەن! .....

٣- جەلیل گادانی وەک کەسایەتییەکی فەرهەنگی.....

٤- ئەو شۆڕشگێڕەی بوو بە گوڵێکی سوور بۆ بەرۆکی نیشتمان.....

٥- چەکی گەرمی شۆڕشگێڕانی سەرشەقام.....



سەرچاوە
Serchawe

بەشی سێهەم

**بابەتی ساڵی ................ ٢٠٢٤ – ٢٠٢٥ – ٢٠٢٦ ............ ١٥٠**

١- حیزبی دیموکراتی کوردستان و پێشەواکەی، بە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، نەتەوەبوونی کورد و شیاوبوونی ئەو نەتەوەیان بۆ ئەوەی چارەنووسی خۆی لەدەست بگرێت، جاڕ دا....................................... دیمانە: قەندیل پرێس

٢- دژوار ژیا و بێکەس مرد.....

٣- خاکیپۆشی و "نەورۆزی خاکیپۆشان" لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.....

٤- زۆربەی خاڵەکانی ڕێککەوتنەکە لە بەرژەوەندەی دەسەڵاتی تازەی سوریادان.................. دیمانە: قەندیل پرێس

٥- پەیڤێک بۆ بەردەم پەیکەری بەخشندەیی و خۆڕاگری(لە ٣٨ ساڵەی پیلانی تێرۆریستیی ١٦ی سەرماوەز لە دژی مامۆستا حەسەن شیوەسەڵیدا).....

٦- چل ساڵ لەگەڵ "حەمەدۆک"دا.....

٧- لێکەوتەکانی فایلی دەنگیی ئەمیر کەریمی، پێوەندیی نێوان پەژاک و حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان... دیمانە: قەندیل پرێس

٨- تاکی ناسنامەخوازی ئەمڕۆی کورد پێناسەیەکی لە شوناسی نەتەوەیی قبووڵە کە فرەچەشنیی کۆمەڵی کوردی و نەتەوەی کورد بگرێتە خۆی.......................................................................... دیمانە: شنە مێهرپەروەر

٩- ئیسرائیل پێی خۆش نییە گۆڕانی ڕێژیمی ئێران لەسەر دەستی نەتەوە بندەستەکان ڕوو بدات، پێی خۆشە ئەم گۆڕانە لەسەر دەستی لایەنێکی ناوەندپارێز بێت............................................................. دیمانە: قەندیل پرێس

١٠- پرسی زمانی ستاندارد ئەگەر ژیرانە ڕووبەڕووی نەبینەوە، لەجیاتی یەکگرتوویی نەتەوەییمان دەتوانێ ببێتە سەرچاوەی ناکۆکیی نێوخۆییش!................................................................... دیمانە: حەسەن شێخانی

١١- پێویستیی هاوپێوەندیی کوردستان و ئازەربایجان لەم قۆناغە هەستیارەی مێژوودا.....

١٢- دەرفەتێک کە ئەم شەڕە بۆ کورد خوڵقاندوویە، ئەمریکا و هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان..................
................................................................................................... قەندیل پرێس

١٣- چارەنووسی سیستەمی سیاسی لە ئێران، ستراتیژی ئەمریکا و پرسی جێگرەوە............................. قەندیل پرێس

١٤- هەڕەشە ناوخۆیی و هەرێمییەکان، ناسیۆنالیزمی ناوەندی و دەستێوردانی دەرەکی و ئەرکەکانمان لە قۆناغی ڕووخانی ڕێژیمی ئێراندا......................................................................... قەندیل پرێس

١٥- جەفای هێندێک کوردی پرۆترامپ دەرحەق خۆم و نووسینێکم......



سەرچاوە Serchawe

## بەشی سێهەم


١٦- پوختەی سیناریۆی کوشتارە چەند هەزار کەسییەکەی ڕۆژانی ڕابردوو.....

١٧- نووسینێک بە بۆنەی هەشتا ساڵەیی ڕۆژنامەی "کوردستان".....

١٨- خۆشینامەیەک!.....

١٩- لۆمەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان مەکەن!.....

٢٠- پوختەی سیناریۆی کوشتارە چەند هەزار کەسییەکەی ڕۆژانی ڕابردوو.....

٢١- میراتی دیکتاتۆرێک.....




## بەشی سێهەم




### تێکۆشانی سياسی و ڕۆژنامەنووسی:

- لەدايکبووی ١٩٦٣ی ناوچەی شنۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. قۆناغەکانی سەرەتايی، ناوەندی و دواناوەندیی لە شاری شنۆ خوێندووە.

- لە ١٩٧٩ تێکۆشانی سياسی و کولتووريی لە ڕيزەکانی يەکێتيی لاوانی ديموکراتی کوردستانی ئێراندا دەست پێکردوە.

- لە سەرەتای هاوينی ١٣٥٩(١٩٨٠) بووە بە پێشمەرگەی حيزبی ديموکراتی کوردستانی ئێران. هەتا ساڵی١٩٨٧لە ناوچەکانی شنۆ، نەغەدە، ڕەبەت، هەر وەها لە بەڕێوەبەريی يەکيەتيی لاوانی ديموکراتی کوردستانی ئێران، وەک کادرێک، ئەرکی حيزبی و بەرپرسايەتيی جۆراوجۆری لە سەرشان بووە.

- لە ١ - ١ - ١٩٨٨ ژيانی هاوبەشی لەگەڵ کوێستان فتووحی پێک هێناوە، بەرهەمی ژيانی هاوباشيان کچێک بە ناوی "هانا" و کوڕێک بە ناوی "هيوا"يە.

- لە ١٩٨٨ەوە لە بەشەکانی ڕاگەياندنی حيزبی ديموکراتدا ئەرک و بەرپرسايەتيی پێ سپێردراوە. بۆ ماوەی دەيان ساڵ لە بەشی چاپەمەنی و ڕاگەياندنی حيزبی ديموکراتی کوردستانی ئێراندا، تێکۆشان و بەرپرسيايەتيی هەبووە. بە سەدان

بەشی سێهەم

ڕاگەیەندراو و بەیاننامە حیزبی دیموکرات و بە هەزاران وتار و بابەتی سیاسیی بۆ ڕۆژنامە، ڕادیۆ، گۆڤارەکان و بە گشتی میدیای ئەو حیزبە نووسیوە.

- لە (١٩٩٥ - ٢٠٠٤) سێ دەورە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بووە.

- لە ٢٠٠٦ بۆ ٢٠٠٨ ئەندامی دەستەی ڕاوێژکارانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بووە.

- لە( ٢٠٠٨ بۆ ٢٠١٩) سێ دەورە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بووە. لە کۆنگرەی حەڤدەی حیزبی دیموکراتی کوردستان(٢٠١٩)، بە ویستی خۆی وازی لە ئەندامەتیی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب هێناوە و چی تر خۆی بۆ ڕێبەریی حیزب بەربژێر نەکردووە.

## کارنامەی زانستی و ڕۆشنبیری:

- بەکالۆریۆسی لە ٢٠٠٢ - ٢٠٠٦ لە زمان و ئەدەبی کوردی لە زانکۆی کۆیە تەواو کردووە.

- لە ٢٠٠٨ بۆ ٢٠١٠ ماستەری زمانی کوردی لە کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەدین وەرگرتووە.

- لە ٢٠٢٠ بۆ ٢٠٢٣ خوێندنی دکتۆرای تەواو کرد و لە ٢٢ - ٢ - ٢٠٢٤ بڕوانامەی دکتۆرای پێدراوە.

- لە ٢٠١٠ هەتا ٢٠١٧ لە بەشی کوردیی زانکۆی ڕاپەڕین، لە٢٠١٧وە هەتا کۆتایی ٢٠٢٤ لە بەشی کوردیی زانکۆی کۆیە وەک مامۆستا خزمەتی کردووە.

- نامەی ماستەرەکەی لە بارەی خوێندن بە زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

- تێزی دکتۆراکەی لە بارەی سیاسەت و پلاندانانی زمانی بۆ بواری پەروەردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

### – زیاتر لە ٢٠ پەرتووکی نووسین، وەرگێڕان و توێژینەوەی هەیەکە بریتین لە:

١- پەرتووکی "کوردستان" تایبەتنامەی سەد ساڵەی ڕۆژنامەنووسیی کوردی، ١٩٩٨، هەولێر، وەزارەتی ڕۆشنبیری چاپی کردووە.

٢- بنچینەکانی وەرگێڕان (پەرتووکی گیرفان)، ١٩٩٩، دەزگای سەردەم، سلێمانی، چاپی کردووە.

٣- پەروەردەکردنی منداڵانی ئازاد و سەربەخۆ (وەرگێڕان)، بەرگی یەکەم، ٢٠٠٢، ناوەندی هیوا، سلێمانی،

٤- مێژووی پەروەردە و فێرکردن (وەرگێڕان)، ٢٠٠٥، مەکتەبی بیر و هوشیاری، سلێمانی چاپی کردووە.

٥- قاسملوو لە ڕێبازیدا زیندووە. (نووسین و وەرگێڕان)، پەرتووکخانەی ئاوێر، هەولێر، ٢٠٠٥ چاپی کردووە.

٦- پەروەردەکردنی منداڵانی ئازاد و سەربەخۆ (وەرگێڕان)، ٢٠٠٦، دەزگای سەردەم، سلێمانی، چاپی کردووە.

٧- چەند دۆکیۆمێنتێکی نێودەوڵەتیی مافی مرۆڤ (وەرگێڕان)، ٢٠٠٦، هەولێر دەزگای موکریانی، چاپی کردووە.

٨- حەڤدە کوورتیلە چیرۆک (وەرگێڕان)، ٢٠٠٥ - ٢٠٠٦، بە زنجیرە لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بووەتەوە.

٩- چیاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، (وەرگێڕان)، ٢٠٠٥ - ٢٠٠٦، بە زنجیرە لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بووەتەوە.

١٠- ڕینوێنی هونەری مودێرن، (وەرگێڕان)، لە ٢٠٠٤ - ٢٠٠٥ بە زنجیرە لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بووەتەوە.

١١- ئاساییشی نێودەوڵەتی (وەرگێڕان)، ٢٠٠٧، دەزگای وەرگێران، هەولێر، چاپی کردووە.

١٢- خوێندن بە زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (نامەی ماستەر) ٢٠١٠.

١٣- وەرگێڕان، پێناسە، بنەما، جۆر و مێژوو. ٢٠١١،کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دیموکراتی کوردستان.

١٤- تیرۆریزمی دەوڵەتی لە دژی ڕۆژهەڵاتی کوردستان(کۆمەڵە وتار) ٢٠١٩، ئەڵمان.

١٥- دووانە تەبا و ناتەباکانی مێژووی حیزبی دیموکرات. ٢٠١٩، هەولێر.

١٦- مچەی کەچەی (بەسەرهات)، ٢٠٢٠، ڕۆشنگەری، ئەڵمان.

١٧- شیلانی شەڕگە (کۆمەڵە شیعر)، ٢٠٢٠، ڕۆشنگەری، ئەڵمان.

١٨- شەڕی ناسنامە و سەنگەری زمان، ٢٠٢٢، هەولێر.

١٩- سیاسەت و پلاندانانی زمانی بۆ بواری پەروەردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ٢٠٢٥ ناوەندی تیشک.

٢٠- کتێبی "پەڕاوی پەیڤ و پێنووس و پەرتووک"، ٢٠٢٦، بە زوویی بڵاو دەبێتەوە.

٢١- "ئەو خونچانەی پێش پشکووتن هەڵوەرین"، ٢٠٢٦، بە زوویی بڵاو دەبێتەوە.



سەرچاوە
Serchawe

## بابەتی ساڵی........................ ٢٠١٨

# گرینگیی بە دۆکیۆمێنتکردنی کردەوە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەرێمی کوردستاندا

### پێشەکی:

مەبەست لە بە دۆکیۆمێنتکردن ئەوەیە کە ئەم بەڵگە و زانیاری و نیشانانەی لە بارەی کردەوە تێرۆریستیەکان هەن، بکرێن بە مەبنای کارێکی ڕۆشنگەرانە کە بکرێ لە ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە، ڕاگەیەنەکان و ناوەندە حوقووقییەکان سوودیان لێوەربگیرێ و بخرێنە بەرچاوی بیروڕای گشتی و دەزگاکانی ڕاگەیاندن. بەداخەوە لەم بارەیەوە کارێکی زۆرکەم کراوە.

### کەمتەرخەمیی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

لێرەوە دەمهەوێ سپاسی کۆمەڵێک ئینسانی بەرپرس لە دەرەوەی وڵات بکەم کە داکۆکیکەری مافی مرۆڤ، یا چالاکی میدیایین و، هاتوون خۆیان بەو شتانەوە ماندوو کردوە. من کۆمەڵێک کەس دەناسم کە کتێبیان لەو بارەوە ئامادە کردوە، یا هەوڵیان داوە لیستی ئەو تێرۆرانە بگرن و هێندێک زانیاریی زیاتر لە بارەی تێرۆرەکان بخەنە ڕوو. بەڵام وەکوو فیلم یا موستەنەدی بەکەڵکی تەلەڤیزیۆنی ئامادە نەکراون. ئەوەی هەیە کۆمەڵێک نامیلکە و کتێبن و هەوڵی تاکەکەسین. دەبێ ددانی پێدا بنێین ئێمە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەهاتووین وەکوو حیزب (چ بە تەنیا چ بەیەکەوە) کار لەسەر ئەو بەڵگەنامانە بکەین کە بەدەستمانەوە بوون. دەزانین زۆربەی ئەو حیزبانە کە بەرەوڕووی کردەوەی تێرۆریستی بوونەوە وەختی خۆی ئەسنادیان وەدەست کەوتوە. جاری وا هەبووە خودی ئەو کەسەی کەدەستی لە تێرۆرەکەدا هەیە عامیلی ئیجرای پیلانە تێرۆریستییەکە بووە، بەدیل گیراوە، لەبەرامبەر کامێرادا ئیعترافی بەتاوانەکەی کردوە. کۆمەڵێک ئەسناد هەن کە تێرۆرەکانی ئەو وەختە دەسەلمێنن، یا کەسانێک هەن شاهیدی ڕووداوە تیرۆریستییەکان بوون. ئەوجار خودی قۆربانییەکان

باشترین سەرچاوەن. خۆ ئەگەر هێندێکیان گیانیان لەدەست داوە کەسانێکی دیکە هەن کە بریندارب‌وون و ئێستا لە ڕیزی ئەو حیزبانەدا ماون. ئەوانە دەیانتوانی و دەتوانن باشترین سەرچاوە بن بۆ دروستکردنی دۆکیۆمێنت لەبارەی کردەوە تێرۆریستییەکان، بەڵام ئەوشتانە هەروا لە ئارشیودا ماون بەبێ ئەوەی سوودمان لێ وەرگرتبن! ئەوە یەکێک لەکەمتەرخەمییەکانمانە وەکوو هیزە سیاسییەکانی ڕۆژهەلات.

## سوودەکانی بە دۆکیۆمێنتکردنی تاوانە تێرۆریستییەکان

بەتێپەڕینی زەمان بەشێک لەو تاوانانە لەبیری خەڵک و ناوەندە مرۆڤدۆستەکان چوونەوە. بە دڵنیاییەوە ئەگەر کار لە سەر بەڵگەنامەکان بکەین دەتوانین وەبیر بیروڕای گشیی و ناوەندەکانی مافی مرۆڤیان بێنینەوە. لە ئیختیار ئەو ناوەندانەیان بنێین کە لێکۆڵینەوە لەو جۆرە تاوانە دەکەن. پاشان پشت ئەستوور بەو بەڵگەنامانە داواکاری بدەین بە ناوەندە قەزاییەکانی ئەو شوێنانەی تیرۆرەکانیان لێ کراون، چ لە دەرەوەی وڵات چ لە هەرێمی کوردستان. هەر شوێنێک کۆماری ئیسلامی، نەیارانی خۆی لێ تێرۆرکردوون بێگومان دامودەزگای قەزایی هەیە، دادگای هەیە. ئێمە دەبێ لەو موستنەدانە ئیستفادە بکەین چۆنکە موستەنەدەکان بەڕادەی پێویست ڕوونکردنەوەیان تێدا دەبێ، بەڵگەیان تێدا دەبێ و لایەنە ناڕوونەکان ڕوون دەکەنەوە. بەم جۆرە هەم بۆ بەدواداچوونی قەزایی و داوای سزا بۆ بەرپرسانی کردەوە تێرۆریستییەکان پێویستن، هەم لەمڕێگایەوە ڕەهەند و لایەنە جۆراوجۆرەکانی تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ بیروڕای گشتی ڕوون دەبێتەوە. سوودێکی دیکەی ئەو بە دۆکیۆمێنت کردنە ئەوە دەبێ کە ئێمە کۆمەڵێک خەسار کە لە ڕێگای ئەو تێرۆرانە بە بزووتنەوی کورد بە گشتی گەیشتوون، بەرجەستەیان دەکەینەوە.

## خەسارە سیاسی و نەتەوەییەکانی ئەم تیرۆرانە

چۆنکە باسەکەم لە سەر تێرۆری کۆماری ئیسلامییە لە هەریمی کوردستان، جێی خۆیەتی وەبیر بێنمەوە کە ئەم تێرۆرانە لە پێشدا زیانیان گەیاند بە پێوەندیی نێوان دوو پارچەی کوردستان. وەختایەک لێرە بە دەیان و سەدان تێکۆشەری کوردی ڕۆژهەڵاتی لەبەرچاوی حیزب و ڕێکخراوەکانی ئێرە و دامودەزگاکانی ئێرە دەبنە ئامانجی تێرۆر، سروشتیە کە خەڵکی ڕۆژهەڵات ناتوانن لەبەرامبەر ئەوەدا بێ تەفاوەت بن. دەزانن بەشێکی مسئۆلییەتەکە، ڕووی لەو حیزبانەیە کە لێرە دەسەڵاتدار بوون. ئێمە دەزانین ئەو تیرۆرانە زیانی زۆریان گەیاند بە پێوەندیی نیوان دوو بەشی کوردستان لە ساڵانی پێشوودا. زیانیان گەیاند بە ئیعتباری ئەو حیزب و ڕێکخراوە سیاسییانە کە لێرە هەن. وەختێک لە ناوچەیەکدا حیزبێک دەستەڵاتدار بووە و لەو ناوچەیە کوردێکی ڕۆژهەڵاتی تێرۆر کراوە و دوایە تێرۆریستەکەش بە ئاسانی بۆی دەرچووە و

بەشی سێهەم

بەدواداچوونی بۆ نەکراوە، سروشتیە کە ئیعتباری ئەو جۆرە حیزبانەش سەبارەت بەو کەمتەرخەمیانە و بە جۆری پێوەندییەک لە گەڵ کۆماری ئیسلامی هەیانبووە بێتە ژێر پرسیار.

لەدەیەی ٩٠ی زایینی لەکۆڕ و کۆمەڵی نێودوڵەتیدا زۆر ڕەخنە و نارەزایەتی بەرەورووی ئەو حیزبانە کرایەوە کە لێرە ئەحزابی باڵادەست بوون. یەکێک لە ڕەخنەکان ئەوە بوو کە بۆ چی دەبێ لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتیاندا ئاوا بە ئاسانی پەنابەران و ئینسانی بێ تاوان، گیانیان لێ بستێندرێ و ئەوانیش ئاوا بێدەنگ و بێ تەفاوەت بن؟!

خەسارێکی گەورەی دیکەی ئەو تیرۆرانە ئەوە بوو کە ئەو ئینسانانەی تیرۆر کران، نەک هەر سەرمایەی ئەو حیزبانە بەڵکوو سەرمایەی میللەتی کورد بوون، سەرمایەی بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون، بەڵام بە ئاسانی گیانیان لێستێندراو مافەکانیشیان پامال کرا. هیچ لایەنێک لە بەرامبەر ئەوکەسانەی گیانیان لێستێندرا یا ئەو بنەماڵانەی ئازیزانیان لەدەست دا، یا کەسێکیان کەم ئەندام بوو، یان بێسەروشوێن بوو، خۆی بە بەرپرسیار نەزانی! واتە هیچ بەدواداچوونێک نەکرا لەلایەن ئەم دامودەزگایانەی کە لێرە هەبوون. بۆیە ئەمە بۆ هەتا هەتایە ڕەخنەیەکە لەسەریان. با ئەوەش بڵێم لە هێندێک مەوریدا بەدواداچوونیان هەبووە، دڵسۆزیان هەبووە، جاری وا هەبووە کومەگیان کردووە بە پووچەڵبوونەوەی پیلانێک. مەبەستم ئەوەیە هەر وا کە کەمتەرخەمییەکانیان لە بیر ناکەین، کردەوە باشەکانیشیان لەو پیوەندییەدا لە بیر نەکەین.

## چەند ڕەهەندێکی تاوانە تێرۆریستییەکان

پێم باشە چەند سەرنجێک لەسەر چۆنیەتیی تاوانەکان بخەمەڕوو. بەو هۆیەوە کە ئەو تاوانانە بە دۆکیۆمێنت نەکراون لەوانەیە نەسلی ئەمڕۆ لێیان ئاگادار نەبێ. جۆراوجۆریی تاوانەکان بە نۆرەی خۆی جێگای هەڵوێستە لە سەر کردنە. لە نێو قوربانیانی تاوانە تێرۆریستیەکان کەسانی وا هەبوون بە "ئەسید"(تێزاب) کوشتوویانن. جاری وایە قوربانییەکە چالاکی سیاسی یا پێشمەرگەش نەبووە، تەنیا بەستراوەییەکی بنەماڵەیی هەبووە بە تێکۆشەرێکی کوردی ڕۆژهەڵاتی.

نموونەی وامان هەبووە قوربانی بە بەکارهێنانی ژەهر (دەرمانداوکردن) جا ژاراویکردنی خواردن بووە، شیرینی بووە یا ئاو، بۆ وێنە بە بەکارهێنانی ژەهری سالیۆم، گیانی لێ ئەستێندراوە. ئامانجی پیلانە تیرۆریستییەکەش هەر تاکەکەسێک نەبووە بەڵکوو بە دەیان بنەماڵەی کوردی ڕۆژهەڵات و تێکۆشەرانی کوردی ڕۆژهەڵات بوون.

بەشی سێهەم

بۆمبدانانەوە جۆرێکی دیکە لە تاوانی تیرۆریستیی کۆماری ئیسلامی دژی ئۆپۆزیسیۆنی کورد بووە. بە شێوەی جۆراوجۆر بۆمب و تەقینەوەیان بەکارهێناوە لە دژی ئێمە. هەر دوور نەڕۆین لەشەوی یەلدای ساڵی١٣٩٥ (٢٠ - ١٢ - ٢٠١٦)دا، لێرە بەداخەوە تەقینەوەیەک کە لە ڕێگای بۆمبدانانەوە گیانی ٧ کەس لە ڕۆڵەکانی گەلی کوردی ئەستاند. هەرئەمساڵیش دوو کردەوەی تیرۆریستی دیکە کە یەکیان بۆمبدانانەوە بوو و لە "بنەسڵاوە" ڕووی دا، گیانی کاک سەباح ڕەحمانیی ئەستاند. دووهەم کردەوە تەقەکردن بوو کە بووە هۆی شەهید بوونی هاوڕێ قادر قادری.

جۆرێکی دیکە لە تاوانی تیرۆریستیی کۆماری ئیسلامی، مین دانانەوە و کەمیندانانەوە بووە. مین و کەمینیان لەسەر ڕێگاکانی هاتوچۆی تێکۆشەرانی کوردی ئێرانی داناوەتەوە بۆ ئەوەی قوربانی بستێنن. بەڵام دیارە هەر کادر و پێشمەرگەی حیزبەکانیان نەکردوە بە ئامانج. تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامی لە سەر ڕێگای گشتی و بۆ وەسیلەی گشتییش مین و کەمینیان داناوەتەوە. بۆ وێنە لێرەوە مینیبوس چووە بۆ سلێمانی و چەند پێشمەرگەیەکی تێدابووە، بەڵام ژن و منداڵ و نەخۆشیشی تێدابووە. لە سەر ڕێگای دوکان - سلێمانی کەمینیان بۆ داناوەتەوە، ئەوبەر و ئەوبەری جادەیان گرتوە و مینی بووسەکەیان داوەتە بەر دەسرێژ.

حاڵەتێکی دیکە لە تاوانە تیرۆریستییەکان، گرتن و تەسلیمکردنەوەی تێکۆشەرانی کوردی ڕۆژهەڵاتی و تەحویلدانەوەیان بە ڕێژیمی ئێران بووە. وەک ئەوەی حیزبوڵلای بەناو شۆڕشگێر لە ناوچەی سۆران لە نەوەدەکاندا کردی، یا بزووتنەوەی ئیسلامی لە هەڵەبجە ئەنجامی دا. ڕفاندن و بێسەروشوێنکردنیش جۆرێکی دیکە لە تاوانەکانی تیرۆریستانی ئەو ڕێژیمە بووە. جاری وابووە دوای ساڵێک و تەنانەت زیاتر تەرمی کوردێکی ڕۆژهەڵاتی کە بێسەرو شوێنیان کردوە، دۆزراوەتەوە.

ڕەهەندێکی دیکەی ئەوکردەوە تێرۆریستیانە ئەوەیە کە تیرۆریستان فەرقیان بە تاک و کۆ نەکردوە، فەرقیان بە ئینسانی بێدفاع و ئینسانێک کە پێشمەرگە و چەکدارە نەکردوە، فەرقیان بەگەورەی بنەماڵەیەک کە کاری سیاسی دەکا لە گەڵ منداڵەکانی نەکردوە. هەر لێرە دیتمان لە نیوان (کەمپی) "زەویەسپی" و گوندی "هەرمۆتە"، لە سەر ڕێگایەک کە ڕێگای گشتی بوو، منداڵان بەو ڕێگایەدا دەچوون بۆ قوتابخانە، مینیان دانابووە. نموونەیەکی دیکە تەقاندنەوەی مینی بووسێکی حیزبی دیموکرات لە نێوان "ئێندزێ" و "بۆڵێ" بوو، کە ژن و منداڵ و نەخۆش و بریندارى تێدابوو.

لە کەمپەکانی بازیانی حیزبی دیموکرات، تیرۆریستان پەنایان برد بۆ ژهراوی کردنی تانکییەکانی ئاوی ئەوکەمپە کە پیر و منداڵ و ورد و درشت و هەموو خەڵک (بە سەدان کەس) ئاویان لێ دەخواردەوە. لە ئاکامدا بەدەیان کەس تووشی خواردنی



سەرچاوە
Serchawe

ژاری سالیۆم بوون کە بەخۆشییەوە نەخۆشخانەکان و دەزگاکانی تەندروستیی ئەو کاتی عێراق فریایان کەوتن و لە مەرگ نەجاتیان بوو، هەر چەند قوربانیی واش هەن تا ئێستاش بەدەست ئازارەکانی ئەو ژاراویکردنە دەناڵێنن. بەم جۆرە کۆماری ئیسلامی بۆ لە نێوبردنی موخالیفەکانی، فەرقی بە چەکدار و بێچەک، گەورە و بچووک، مرۆڤی سیاسی و خەڵکی سڤیل نەکردوە.

ڕەهەندێکی دیکەی تیرۆرەکان هەڵوێستەکردنە لە سەر ئەو زەمانەیکە تێرۆرەکانی تێدا کراون. دیارە کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆی وڵات و هەر لە ڕۆژی یەکەمی هاتنە سەرکارییەوە تێرۆری کردوە. بەڵام لە هەرێمی کوردستان زۆرترین تیرۆرەکان لە نێوان ساڵەکانی ١٣٧٠ تا ساڵی ١٣٧٦ (١٩٩١ تا ١٩٩٧) کراون. ئاماری کردەوە تیرۆریستییەکان لە ٤٠٠ زیاترە کە زیاتر لە ٢٠٠ قوربانیان ئەستاندوە.

## جۆغرافیای تێرۆرەکان و هۆکاری زۆربوونیان

دێمەسەر جۆغرافیای تێرۆرەکان. تێرۆرەکان لە هەرێمی کوردستان زۆرتر لە دوو پارێزگای سلێمانی و هەولێر ڕوویان داوە، دەلیلەکەشی ڕوونە. حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆرتر لەو دوو پارێزگایە بنکە و بارەگا و مانەوە و هاتوچۆیان هەبووە. بۆ وێنە لە پارێزگای دهۆک حزوورێکی وایان نەبووە. زۆرجار هێندێک لە هاوڕێیانمان کە حافزەیان لاوازە دەڵێن تیرۆرەکان تەنیا لە یەک پارێزگا بووە. ئەوە ڕاستە کە بە هۆی حزووری زیاتری هێزەکانی ڕۆژهەڵات لە پارێزگای سلێمانی و دەستڕۆیشتوویی زیاتری ڕێژیمی ئێران لەو پارێزگەیە، ژمارەی تیرۆرەکان لەوێ زیاتر بووە، بەڵام لە پارێزگای هەولێریش نەک بەو ڕادەیە، بەڵام تێرۆر هەبووە. واتە بەداخەوە هەموو لایەنە دەستەڵاتدارەکان لە هەرێمی کوردستان لە سەردەمی خۆیدا کەمتەرخەمیان لەو بارەوە هەبووە، چاوپۆشیان هەبووە و کەسانێکیش لەوان دەستیان تێکەڵاو بووە لەگەڵ ئەو تێرۆرانە. ئێستا جاروبار هێندێک کەس ئەوەی لەبیر دەچێتەوە و بە ئاسانی دەڵێ هەر لە ناوچەیەکی تایبەتی تیرۆری تێکۆشەرانی کوردی ئێرانی هەبووە. ئەمە ڕاست نیە و بەداخەوە لەهەر دوو ناوچە، و لەهەر دوو پارێزگادا ئەو تێرۆرانە هەبوون.

ڕاستییەکەی ئەوەیە تێرۆرەکان تابعی چەند شتێک بوون. خودی شەڕی نێوخۆیی کە لە هەرێمی کوردستان هەبوو - هیوادارم قەتقەت دووپات نەبێتەوە - بۆخۆی ڕێگا خۆشکەر بوو بۆ تیرۆرەکان. چۆنکە ئەو لایەنانەی پێکەوە بە شەڕ دەهاتن بۆ تێکشکاندنی یەکتر ناچار بوون پەنا بەرن بۆ ڕێژیمەکانی دەوروبەر و ئیمتیازیان بدەنێ. سروشتییە ئیمتیازاتێکیش کە



سەرچاوە
Serchawe

وڵاتانی دەوروبەر دەیانەوێ لە پێشدا دژایەتیی ئۆپۆزیسیۆنی خۆیانە کە لەو بەشەدا جێگیر بووە. ئەمە هۆکارێک بوو کە زۆری کۆمەک کرد بە پەرەئەستاندنی تێرۆرەکان و چاوپۆشی لە کردەوە تێرۆریستییەکان. هۆیەکی دیکە ئەو بارودۆخە ئابوورییە بوو کە لە هەرێمی کوردستاندا هەبوو. دەزگای سیخوڕی و تێرۆری ئێران بە هۆی ئەو بارودۆخەوە ئاسانتر دەیتوانی بەکرێگیراو بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی بەکاری بێنێ بۆ کردەوەی تێرۆریستی.

## ئەنجام:

ئاکامێک کە دەمەوێ لە وروو‌ژاندنی ئەم باسە وەری بگرم ئەوەیە ئێمە چ وەکوو تاک، چ وەکوو هەر یەک لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات، هەر وەها وەکوو کۆی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە یەکەوە، پێویستە کار بکەین بۆ ئەوەی لە لایەک ئەو تاوانانە دووپات نەبنەوە و لە لایەکی دیکە ئەو تاوانانەی لە ڕابردوودا ڕوویان داوە، لە بیر نەچنەوە. ئەرکمانە بەدواداچوونی پێویستیان لەسەر بکەین. چەند شتێک پێویستە بکرێن بە تایبەتی کە ئێستا کردەوە تێرۆریستیەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەرێم دەستیان پێ کردووەتەوە. پێویستە ئێمە وەکوو حیزبەکان لە چەند ئاستدا کاریان لەسەر بکەین. پێویستە لەگەڵ یەکتر ئەوپەڕی هاوکاری و هەماهەنگیمان هەبێ و زانیاری لە گەڵ یەکتر بگۆڕینەوە بۆ پەرچدانەوەی پیلانەکان. دەبێ بەیەکەوە بەزمانی هاوبەش، بە گۆشاری هاوبەش ڕووی قسەمان بکەینە دامودەزگا حیزبی و حکوومی و ئەمنیەتییەکان لە هەرێمی کوردستان و ئەرکی خۆیان وەبیر بێنینەوە، داوایان لێ بکەین جارێکی دیکە نەیەڵەن ئەو تەجرەبەیە دووپات بێتەوە. لە دەیەی ٩٠دا بەهەر هۆکارێک بوو ئەو هەموو تاوانانە کران، بەڵام لە ئێستادا ئێمە دەبێ نەیەڵین ئەوانە بە ئاسانی دووپات ببنەوە. پێویستە لەدەرەوەی وڵاتیش کار بکەین بۆوەی هەمیشە ئەوکەیسانە بە زیندوویی بمێننەوە.

ئەرکدارکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەرێمی کوردستانیش یەکێکی دیکە لەو کارانەیە کە پێویستە بەیەکەوە ئەنجامی بدەین. دیارە ئەگەر ئێمە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات ئەو کەیس و بابەتانە بە زیندوویی ڕابگرین و بۆخۆمان لە پشتیان بین و کۆڵ نەدەین، خەڵکی هەرێمی کوردستان کە هەمیشە لەوەی نارەحەت بوون بەبەرچاوی ئەوانەوە کوردی ڕۆژهەڵاتی لێرە تێرۆر دەکرێن پێموایە ئەوانیش لەسەر خەت دەبن. ئەوان دەتوانن گۆشار دروست بکەن و نەهێڵن هەر ئاوا بە هاسانی دووپات ببنەوە.
پێموایە ئەگەر ئێمە ئاوا کاری بەدۆکۆمێنتکردن بکەین، ئەگەر قۆڵ لە زیندوو کردنەوەی کەیسەکانی تیرۆر هەڵماڵین و بەرەورووی دامودەزگای قەزایی و دادگاکانی ئێرەیان بکەینەوە، ئەو کەس و لایەنانەی کە پێشوو هاوکار و هاودەست بوون



سەرچاوە
Serchawe

بەشی سێهەم

لەگەڵ دەزگای تیرۆری کۆماری ئیسلامی لە داهاتوودا ناتوانن ئاوا بە ئاسانی درێژە بە هاوکاری بدەن. چونکە دەکێشرێنە بەر دەم مێزی لێپرسینەوە و موحاکەمە دەکرێن و دەبێ لە ئاست کردەوەی خۆیان وڵامدەر بن. ئەوان ئێستا پێیان وایە ئەوەی رابردوە چووەتە ژێر ژێلەمۆی فەرامۆشی. هەر وا بزانە هیچ شتێک رووی نەداوە و ئەوان شتێکیان نەکردوە!! کەسانی وا هەن کاتی خۆی دەستیان لە تاوان دژی تێکۆشەرانی رۆژهەڵاتیدا هەبووە ئێستا خەریکە جارێکی دیکە بەشێوەیەکی دیکە دێنەوە مەیدان! چۆنکە گۆشاریان لەسەر نەبووە.

بەم پێیە ئێمە ئەگەر لە لایەکەوە خۆمان ئامادە کەین بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی، هاوکات کردەوە تیرۆریستییەکانی رابردوو و ئێستا بە دۆکیۆمێنت بکەین، شانبەشانی ئەمانەش هەوڵی زیندووکردنەوەی کەیسەکانی ڕابردوو بدەین و، لە سەر لێکۆڵینەوە لە کردەوە تیرۆریستییەکانی ئەم دوایانە و سزادانی تاوانبارەکان، شێلگیر بین دەتوانین تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی و هاودەستەکانی لە دۆخی هێرشبەرانە بەرەو دۆخی سەربردنەوە نێو قاپێلکی خۆیان بەرین. ڕێگای کاریگەر بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی لە هەرێمی کوردستان ئەوەیکە ئێمە لە ڕەهەندی جۆراجۆردا کار بکەین بۆ پاشەکشە بە تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی و تێچووی سیاسیکردەوەی تێرۆریستی، لە سەر ئەو ڕێژیمە قورس بکەین.

(لە ژمارەی ٧٢٥ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی مای ٢٠١٨

# پەڵەیەکی ناشیرین بە ڕوخساری شارستانیی ئەمرۆی کوردستانەوە

## بەرایی:

خەڵکی چەند ناوچەی کوردستان ساڵانێکە بە دەست کێشە و ناکۆکی و دوژمنایەتیی هێندێک تایفە و گوند لە گەڵ یەکتر، دەناڵێنن. مەسەلەکە بەو جۆرەیە کە لە ڕابردوو دا دوو تایفە یا دانیشتووانی دوو یا چەند گوندی ئەو ناوچانە، لە سەر ئاو، زەوی و زار، مەرتەع یا ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی، ناکۆکی و کێشە و گرژی لە نێوانیاندا دروست بووە. کێشەکە، پێکهەڵپڕژان و پێکگەیاندنی زیانی ماڵی و گیانیی لێ کەوتووەتەوە. دواتر هەوڵەکان بۆ کۆتاییهێنان بەو کێشە و دوژمنایەتییانە، بێ ئاکام ماونەوە.

## بەردەوامی و دووپاتبوونەوەی کارەسات:

کێشە و ناکۆکییە بنەماڵەیی، تایفەیی و ناوچەییەکان، وەک ئاوری بن کایە ماونەوە و هەر جار نا جارێک گەشاونەوە و، سەرلەنوێ بوونەوە بە هۆی گرژی و پێکهەڵپڕژانەوە و، گیان و ماڵی نەک هەر دوو یا چەندلایەنی کێشەکان، بەڵکوو هی خەڵکی دیکەشیان خستووەتە مەترسی.

کێشەی چەند ساڵەی خەڵکی گوندەکانی «هێ»یە و «میراوێ» لە سەر ئاو (لە ناوچەی شنۆ)، ناکۆکیی نێوان ئاوایییەکانی «بیون» لە جوانڕۆ و «شۆیسەر» سەر بە باینگان(لە پارێزگەی کرماشان)، تێکهەڵچوونی ئەم دواییانەی نێوان چەند کەس لە دانیشتووانی گوندەکانی «قوبە» و «خالدار» (لە ناوچەی پیرانشار) لە سەر لەوەڕگە کە گیانلەدەستدانی کەسێکی لێ کەوتەوە، پێکهەڵپڕژانی ماوەیەک لەمەوبەری خەڵکی ئاوایییەکانی «دێشەمس» و «چواربۆت» (لە ناوچەی شنۆ) هەر لە بەهاری ئەمساڵدا، لەو جۆرە کێشە و ناکۆکییانەن. دیارە بە داخەوە لە پارێزگە و ناوچەکانی دیکەش نموونەی ئەو جۆرە کێشە و ناکۆکییانە کەم نین.

## ڕەهەندی خەسارەکان:

هەڵوێستە کردن لە سەر ئەم جۆرە کێشە و پێکهەڵپڕژانانە و زیان و ئاکامەکانیان، لە جیی خۆی دایە و لە چەند بارەوە پێویستە. لەم دەرفەتەدا لانیکەم لە دوو ڕوانگەوە، لە سەریان دەوەستین:

لە ڕوانگەی ئینسانی و کۆمەڵایەتییەوە: لە سۆنگەی بەردەوامیی ناکۆکییەکان و ئەو توند و تیژییانەی لێیان دەکەوێتەوە، نەک هەر کەسە ناکۆکەکان و لایەنەکانی کێشەکان، بەڵکوو ئەندامانی بنەماڵە و خزم و کەسوکاریان، هێندێک جاری دیکەش خەڵکی دیکە بێ ئەوەی کەم یا زۆر پێوەندییان بە کێشەکانەوە هەبێ، تووشی زیانی ماددی و گیانی دەبن و ئەمنیەتیان دەکەوێتە مەترسی. هەموو جارێش ژمارەیەکی زیاتر لە مرۆڤەکان و بنەماڵەکان بۆ نێو بازنەی دوژمنایەتی و تۆڵە و تۆلە ئەستاندنەوە پەلکێش دەکرێن.

مۆتەکەی هەستکردن بەنائەمنی و دوژمنی، بەردەوام لەگەڵیان دەژی و هەموو بوارەکانی ژیانیان دەخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە. ئەوە لە حاڵێک دایە کە لە کۆمەڵگەیەکی شارستانی، خاوەن یاسا و لە ڕووی مەدەنییەوە پێشکەوتوو، ئەم جۆرە ناکۆکیانە بە ڕێگای قانوونی و بە وەبەرچاوگرتنی مافی ڕەوای لایەنە پێوەندیدارەکان چارەسەر دەکرێن و ڕیگە بە سەرهەڵدان و ڕیشەئاژۆییان نادرێ.

لە ڕوانگەی نەتەوەییەوە: خەڵکی کوردستان، ئەوە بۆ چوار دەیە دەچێ لە سەر داواکردنی مافە نەتەوەییەکانی خۆیان لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە خەبات دان. بە هەزاران ڕۆڵەی گەلی کورد لە ڕەوتی ئەو خەباتەدا لە سەنگەرە جۆراوجۆرەکانی تێکۆشان و بەرگری، گیانیان پێشکەش کردوە. ئەم جۆرە کێشە و ناکۆکییانەی نێوان هۆز و تایفە جیاوازەکان و ئەم گوند و ئەو گوند، وای کردوە کەلێن بکەوێتە ڕیزەکانی خەڵک. دام و دەزگا و کاربەدەستانی ڕێژیم، زۆربەی جارەکان ئەم جۆرە کەلێنانەیان قۆستووەتەوە. ئەوان بە ڕواڵەت بۆ پێشگیری لە تەشەنا نەکردنی زیاتری گرژی و ئاڵۆزییەکان، دێنە نێو ڕووداوەکان. بەڵام هەوڵ دەدەن لە نێوخۆیاندا تەقسیمی کارێکی زیرەکانە بکەن. هێندێکیان پشتی لایەنێکی کێشەکە دەگرن، بەشێکیشیان خۆیان وەک دلسۆز و داشدار وپشتیوانی لایەنی بەرامبەری دەنوێنن. لە زۆربەی ئەو حاڵەتانەدا، بە ئەنقەست هەوڵ دەدەن کێشەکان نەبڕێنەوە و ڕێگادەستیان بۆ نفووزکردنە نێو خەڵک بمێنێتەوە، بە خۆشکردنی ئاوری ناکۆکییەکان، لایەنەکانی کێشەکان بۆ هەڵگرتنی چەکی حکوومەت و تێکەڵاوی و پەنابردن بۆ دامودەزگا سەرکوتکەرەکان، هان دەدەن.

بەشی سێهەم

## «دەردە کورد» ماکەی کارەسات

ڕاستییەکی تاڵە کە «تاکی کورد»، وزە و ڕژدی و سەرسەختییەکی زۆری بۆ کێشە و ململانێ و دوژمنایەتیی کەسێکی هاوزمان و هاونەتەوەی خۆی هەیە. زۆر جار دیتوومانە تاکێک، بنەماڵەیەک، تایفەیەک یا هۆزێکی کورد بەرامبەر تاوان و دەستدرێژی و سووکایەتییەک کە لە لایەن کاربەدەستان و دەستوپێوەندەکانی داگیرکەرێکی خاکەکەی و ڕێژیمێکی پێشێلکەری مافەکانی پێیان کراوە، دژکردەوەیەکی ئەوتۆیان نیشان نەداوە و هەر وەسەر خۆشیان نەهێناوە. هەر وا بزانە هێچ ڕووی نەداوە! بەڵام لە سەر کێشە و ناکۆکیی زۆر بچووک و بێ بایەخ، بەو پەڕی توندوتیژییەوە بەرەوڕووی دراوسێ و هاوگوند و هاوزمانی خۆیان، بوونەتەوە. ئەوە نەخۆشییەکی کوشندەیە کە بیرمەندان و زانایانی نەتەوەکەمان لە نووسینەکان و ئامۆژگارییەکانی خۆیاندا ناوی «دەردەکورد»یان لێ ناوە. «دەردەکورد» واتە نەخۆشیی دڵفرەوانبوون بەرامبەر دوژمنی خاک و زمان و ماف و شوناسی نەتەوەیی، هەر لەو کاتەدا ڕقئەستوور بوون بەرامبەر هاوخوێن و هاوزمان و وەلاتانی ڕێگەی سازش و پێکەوە حاوانەوە لەگەڵ خۆیی.

## پێویستیی دەنگ هەڵبڕینی بژاردەکانی کۆمەڵ

ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی لەم ساڵانەی دواییدا زۆر ڕوخساری مەدەنی لە پێگەیشتوویی کۆمەڵایەتی، پێشکەوتنی بیر و ڕوانینی تاکەکانی و جوانیی ڕەفتار و هەڵسوکەوتی تاکەکانی پیشان داوە. ئەم کێشە و ناکۆکییە تێکەڵ بە توند و تیژییانە، پەڵەیەکی ناشیرنن بە ڕوخساری کۆمەڵگەی ئەمڕۆی کوردستانەوە. لێرە دایە کە پێویست دەکا ڕووی قسە بکەینە بژاردەکانی کۆمەڵ، کەسە دیار و کاریگەرەکانی بوارەکانی فکر و سیاسەت و هونەر و ئەدەب و ئایین و داوایان لێ بکەین کە پێکەوە و هەر کامیان بە ڕێگە و شێوازی خۆی، دژی «دەردەکورد» و «کۆنەقین» وەک ماکە و سەرچاوەی ئەم پەڵە ناشیرنەی سەر ڕوخساری کۆمەڵگە، دەنگ هەڵبڕن و بە گژیدا بچنەوە. لاوازکردنی ئەم دیاردە زیانبارە، پێویستی بە هەوڵێکی بەرینی نوخبەکان و کەسایەتییە شوێندانەرەکان هەیە. بەڵام پێش هەموو کارێک، حەق وایە ببێتە مژارێک بۆ قسە لەسەر کردن و هەڵوێستە لە سەر زیان و ئاسەوارەکانی، دواتریش دۆزینەوەی ڕێگاکانی ڕووبەڕووبوونەوەی.

(لە ژمارەی ٧٢٧ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی جوونی ٢٠١٨

## مانگرتنی گشتیی ئەمجارەی کوردستان و وەحشەتی ڕێژیم لە پەیامەکەی

ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو ٢١ی خەرمانان، ڕۆژهەلاتی کوردستان لاپەڕەیەکی پڕشکۆی دیکەی لە یەکگرتوویی و بەهەڵوێستبوونی خەڵکەکەی خۆی لە تویی حەرەکەتێکی مەدەنیی گشتی وبەرین دا تۆمار کرد. لەم ڕۆژەدا خەڵکی چەندین شار لە هەر چوار پارێزگەی ڕۆژهەلاتی کوردستان ولامی بانگەوازی هیزە سیاسییەکانی کوردستانیان داوە. ئەوان بۆ مەحکوومکردنی مووشەکبارانی "قەلای دیموکرات" و شەهیدکرانی ١٥ سەرکردە و کادر و پێشمەرگەی تێکۆشەری دیموکرات، هەر وەها بۆ دەربڕینی نارەزایەتی لە ئێعدامی ڕۆڵەبەندکراوەکانیان، لە ماڵەکانیان نەچوونە دەر، شەقام و شوێنە گشتییەکانیان بایکۆت کرد، دوکان و بازاڕیان داخستو بەم جۆرە هاودڵی و هاوپێوەندییەکی گشتگیرو کەم وێنەی دیکەیان لە گەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستانو هێزە سیاسییەکانی دیکەی نێو جوولانەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازیی خۆیان، نیشان دایەوە.

پەیامەکانی ئەو مانگرتنە گشتییە و بەستێنی بەرێوەچوون و سەرکەوتوو بوونەکەی شتێکی شاراوە نین. نەفرەت و نارەزایەتی لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری ئەو ڕێژیمە، لە هەناوی ڕۆژهەلاتی کوردستاندا هەبووە و هەتا هاتوە زیادی کردوە. چونکە ئەو ڕێژیمە بیجگە لە هەلاواردن و ستەم و سەرکوت و تاوان شتێکی بۆ خەڵکی کوردستان پێ نەبووە. سەرەرای هەموو بێبەشی و ڕۆژرەشییەک کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ ئەم خەڵکە پێکی هێناوە، ڕۆژ نیە ڕۆڵەکانیان لێ نەستێنێ. یا لە دەرەوەی سنوورەکان بە تیرۆر ، تەقینەوە ، تۆپباران، بۆمباران، مووشەکباران و پیلانی جۆراوجۆری دیکە هەوڵی زەبروەشاندن لە تێکۆشەرانی ئەو گەلە دەدا، یا لە نێوخۆی ولات، هەر هەوڵێکی مافخوازانە و ئازادیخوازانەیان دەکاتە بیانووی بەند کردن و ئێعدام و گیان لێ ئەستاندنیان لە ژێر ئەشکەنجەدا. ئەمەش بە جێگای خۆی کە ئەوانەش کە کاری سیاسی ناکەن و خەریکی پەیداکردنی بژیوێکی مەمر مەژی بۆ بنەماڵەکانیانن، بە هاسانی دەداتە بەر گوللە و ڕۆژانە چەند کەسێکیان لێ دەکوژێ. کەوایە نارەزایەتی و نەفرەتێکی هەمیشەیی بەرامبەر ئەو ڕێژیمە هەیە و، هەر کات دەرفەتی بۆ بڕەخسێ، یا کارەسات وتاوانێکی گەورە ڕوو بدا، ئەم بێزارییە پەنگخواردووە، لێوڕێژ دەبێ و خۆی دەنوێنێ. ئەمجارەشیان ئەم ڕێژیمە ڕاست لە ڕۆژێکدا کە پەتی خنکانی خستە ملی٣ بەندیی سیاسیی کورد، هێرشێکی مووشەکیی کەم وێنەی کردە سەر پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە دەرەوەی سنوورو لە قوولایی خاکی هەریمی کوردستاندا.

**بەشی سێهەم**

ئاشکرایە لە سەر ئەم بەستێنە و بە دوای ئەم دوو تاوانە گەورەیەدا، کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات زۆرترین ئامادەیی بیزاری دەربڕین و دژکردەوەنیشاندانی هەبوو. بەڵام دەبوایە ئەم ئامادەییە بجوولێنرێ و بەرەو پێکهێنانی حەرەکەتێکی هاوشانی گەورەیی کارەساتەکە، هان بدرێ و ڕینوێنی بکرێ. حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بەیاننامەی دەفتەری سیاسیی خۆی لە بارەی تاوانە گەورەکەی ڕۆژی ١٧ی خەرمانان دا بە حەق داوای کردبوو: "چاوەڕوانین نوێترین تاوانی کۆماری ئیسلامی لە دژی حیزبی دیموکرات و ڕۆڵە بەندکراوەکانی کورد، ببێتە هەوێنی مانگرتنی گشتی و نارەزایەتی دەربڕینی یەکگرتووانەی خەڵک لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان." ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران"یش لە بەیاننامەی خۆی لە پێوەندی لە گەڵ تاوانەکانی ١٧ی خەرماناندا، راستییەکی گەورەی وەبیر خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان هێنابووە:

"تیرۆر، دەستدرێژی و تاوانخوڵقێنیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرامبەر بە گەلی کورد و ڕۆڵە ئازادیخوازەکانی نەتەوەکەمان، بەردەوام و لە زیادبوون دا دەبێ، ئەگەر خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان و هیزە سیاسییەکانیان بە هەڵوێستێکی شیاو و وڵامێکی ددانشکێن بەرەورووی ئەو ڕێژیمە نەبنەوە." بە دڵنیابوون لەو راستییە و بەئاگاداریی لە بێزاریی خەڵکەکەمان لە ڕێژیمی تیرۆر و تاوان، و بوونی هەستێکی قووڵی هاوخەمی وهاوپێوەندی لە نیو ئەو خەڵکەدا، ناوەندی هاوکاریی حیزبەکان، خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستانی بۆ مانگرتنێکی گشتی و بەرین بانگەوازی کرد. ئەم بانگەوازە لە گەڵ پێشوازی و پشتیوانیی هیزو لایەنە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان و چالاکانی سیاسی و مەدەنیی کورد لە نیوخۆی ڕۆژهەلات و دەرەوەی کوردستان بەرەروو بوو . بەم جۆرە خەڵکی کوردستان لە گەڵ بانگەوازێک بەرەوڕوو بوونەوە کە هیزولایەنە سیاسییەکان و چالاکانی مەدەنی، زۆرترین کۆدەنگی و هاودەنگیان لە سەری هەبوو. هەر بۆیەش سەرەڕای هەموو هەڕەشە و گوشارێکی ڕۆژانی پێشتر بۆ سەرچالاکان وپێشەنگانی خەباتی مەدەنی لە نێوخۆ، سەرەرای ئەو هەمووە هێزە سەرکوتکەرەی ڕێژیم لە بەرەبەیانی ڕۆژی ٢١ی خەرماناندا، هێنابوویە سەرسەقام و شوێنە گشتییەکان، خەڵکی وشیار و بە هەڵوێستی کوردستان بانگەوازی مانگرتنی گشتییان جیبەجێ کرد و وڵامە ددانشکێنەکەی خۆیان بە تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی دایەوە.

ئیتلاعات و سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی دوای تاوانەکانی ١٧ی خەرمانان هەوڵیان دا زۆرترین مانۆر و فڕوفیشاڵ لە سەر سەرکەوتن و دەسکەوتەکانی هێرشە مووشەکییەکەیان وەڕێ بخەن. وایان نواند حیزبی دیموکراتی کوردستان و هیزە سیاسییەکانی دیکە لە نێوخۆ، هیچیان لێ نەماوە و لە دەرەوەی سنوورەکانیش، دەستیان لێ ناپاریزن ونایانهێڵن. بەڵام مانگرتنی گشتیی خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان و پێشوازییە بێ وێنەکەیان لە بانگەوازی یەکگرتووانەی حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکانیان، بە کۆماری ئیسلامی و بە دنیای راگەیاند کە حیزبی دیموکرات و هێزە سیاسییەکانی کوردستان، لەو خەڵکە

جیا نین و ئەم خەڵکە  لە هیچ هەلومەرجێک دا تەسلیمی ئەو ڕێژیمە نابن و پشتیوانی لە ڕۆڵەکانی خۆیان دەکەن.

تاوانەکانی ١٧ی خەرمانانی کۆماری ئیسلامی کە بە مانگرتنە گشتییەکەی ٢١ی خەرمانانولام درایەوە، ئەگەر لە ڕووی نیزامییەوەش سەرکەوتنێک بۆ ئەو ڕێژیمە بووبێ، لە باری سیاسییەوە شکستێکی گەورە بوو، چونکە بۆوە هۆی نوێبوونەوەی یەکگرتوویی خەڵک و تازەبوونەوەی هاوپێوەندییان لە گەڵ هێزە سیاسییەکانی کوردستان. ئەم حەرەکەتە سەرکەوتوانەیە، ورە و ئیرادەی خەبات و بەرخۆدانی لە نێوخەڵکی ڕۆژهەلات دا بە هێز کردەوە. هیزە سیاسییەکانی کوردستانی لە پشتیوانیی خەڵکی ڕۆژهەڵات لە خەبات و قوربانیدان و خۆراگرییان دڵنیا کردەوە. بێ پێگەیی و ئەو پەڕی بێزراوبوونی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان جارێکی دیکە و ئەویش لە کاتێک دا کە ئەو ڕێژیمە دەیەوێ خۆی وەک زلهێزێکی ناوچەیی نیشان بدا، سەلماندەوە.

ئەم پەیامانەی مانگرتنی گشتی تا ئەو رادەیە بەڕێوەبەرانی ئیتلاعات و سوپای پاسدارانیان تۆقاندوە کە دەستیان کردوە بە بانگ کردن و گوشارخستنە سەر چالاکانی نێوخۆ کە رابگەیەنن ئەوان و خەڵکی ڕۆژهەڵات، سەبارەت بە ئێعدامی ٣ بەندیی سیاسیی کورد، ئەویش لە بەر بێئاگایییان لە نیوەرۆکی پەروەندەکەیان وحاڵی نەبوون لە هۆی سزای بە حەقیان! ئەم دژکردەوە ئیحساسسییەیان نیشان داوە و مانگرتنەکەیان پێشوازی و پشتیوانی لە بانگەوازی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان نەبووە!! بەڵام ئەم جۆرە هەولانە  تازە بێ سوودن و بێجگە لە بوونە هۆی ریسواتربوونی بەڕێوەبەرانی ئەو ڕێژیمە، ئاکامێکی دیکەیان نابێ. پەیامی مانگرتنەکە بە گوێی هەموو لا گەیشتوون و ئەوەندە روون و ئاشکران کە بەم جۆرە هەولانە ناشاردرێنەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد  -  ڕێکەوتی: ١٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

## قۆرتێکی گەورە لە بەردەم ڕیژیمی ئێران

ڕاپۆرتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە بارەی ڕێژیمی ئێران کە کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک پشتیوانی تیرۆریزمی جیهانی دەناسێنێ و هەر لەم مانگە دا بڵاو بۆوە، قسەکانی ئەمڕۆ(٢١ - ٩ - ٢٠١٨)ی "نیکی هیلی" باڵوێزی ئەمریکا لە ئەنجومەنی ئاسایشی هاتەسەر. هاوکات دۆناڵد ترامپ، سەرکۆماری ئەمریکا، رای گەیاندوە کە بۆ خۆی سەرپەرستیی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئاسایش لە پیوەندی لە گەڵ ئێران دا - کە حەوتووی داهاتوو پێک دێ - دەگرێتە ئەستۆ.

قسەکانی ئەمڕۆی نیکی هیلی و ڕاپۆرتی ساڵانەی ئەمریکا لە بارەی تیرۆریزم، دەری دەخەن کە ئەمریکا لە گەڵ ئێران هەر تەنیا لە سەر کەیسی ناوکی کێشە و ناکۆکی نیە، بەڵکوو لە سەر چەکی مووشەکی و دەستێوەردانەکانی ئەو ڕێژیمە لە ناوچە و، پشتیوانی کردنی لە گرووپە تیرۆریستییەکانیش، کێشەی جیددی هەیە.

لە کاتی دەرچوونی ئەمریکا لە پەیماننامەی بەرجام، کۆماری ئیسلامی دڵی بە وڵاتانی ئورووپایی خۆش بوو کە پشتی بگرن و لە نێوان ئەمریکا و ڕێژیمی ئێران، کۆماری ئیسلامی هەڵ بژێرن. بەڵام لە گەڵ ئەوەی هێندێک لە وڵاتە گرنگەکانی ئورووپا بەڵێنێکی لەو چەشنەشیان دا، کاتێک زانیان ئەمە لە ڕووی ئابوورییەوە، چەندە بە زیانیانە، بەڵێنەکەیان نەبردە سەر.لەو ماوەیەدا ئەو ڕێژیمە نەک هەر نەیتوانیوە لە ژێر قورسایی پشت شکێنی شوێنەوارە ئابووری و بازرگانییەکانی دەرچوونی ئەمریکا لە بەرجام و دەستپێکردنەوەی گەمارۆکانی ڕاست بێتەوە، بەڵکوو هەتا دێ پتر تێیاندا نوقم دەبێ. بەو حاڵەشەوە (شڕی و وێرانیی دۆخی ئابووری لە لایەک و، سەرڕێژ بوونی نارەزایەتیی سیاسی و ئابووریی خەڵکیش لە لایەکی دیکە) دەبێ بەرەوڕووی کێشەیەکی دیکەش بێتەوە. کێشە و ململانێیەک کە لەویان دا، هەر بە تەنیا لە گەڵ ئەمریکا بەرەوڕوو نیە. لەم کێشەیەدا، وڵاتانی ئورووپایی و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەرژەوەندێکیان نیە لە گەڵ ڕێژیمی ئێراندا بن. (لە دەرەوەی ئەو جوگرافیەش ڕووسیە و چین دەمێنن کە لەنگەر بۆ ئەو ڕێژیمە ڕابگرن کە ئەمەش ناتوانێ هەتا سەر بێ.)

جاری پێشوو لە کاتی هاتنەسەرشەقامی خەڵکی شارەکانی ئێران دژی کۆماری ئیسلامی و توند و تیژی نواندنی ئەو ڕێژیمە بەرامبەر خەڵکی نارازی، ئەمریکا ئەو پرسەی بردە ئەنجومەنی ئاسایش. ئەمە پشتیوانییەکی سیاسیی دیار بوو لە مافەکان و داخوازەکانی ئەو خەڵکە وەزاڵەهاتوە. بەڵام زۆر لە وڵاتانی ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایش دژی هەڵوێستەکەی ئەمریکا

بەشی سێهەم

وەستانەوە و سەرکوتی خەڵکی ناڕازیی زیاتر لە ١٠٠ شاری ئێرانیان بە کێشەی خۆیان و ئەنجومەنی ئاسایش نەزانی. بەڵام هاسان نیە کێشەی پشتیوانیی ڕێژیمی ئێران لە تیرۆریزمی جیهانی و دەستێوەردانەکانی ئەو ڕێژیمە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست و، هەڕەشەکانی بۆ سەر هاوپەیمانانی خۆیان و بەرژەوەندەکانیان لەو ناوچەیەش، هەر بەکەم بگرن و دژی تێهەڵپێچانەکانی ئەمریکا بەرامبەر ڕێژیمی ئێران بوەستنەوە. هەموو نیشانەکان پێمان دەڵێن کۆماری ئیسلامی قۆرتی گەورەی لە پێشن. کۆماری ئیسلامیی ئێران، چۆن لەم قۆرتە گەورە دەرباز دەبێ؟ وڵامەکەی لە گرەوی سەرکەوتنی ئەمریکا بۆ پێکهێنانی ئیرادەیەکی جیهانی بە مەبەستی ملکەچکردنی ئەو ڕێژیمە و کۆتاییهێنان بە یاغیگەرییەکانی دایە. بەڵام بێ دروستبوونی خێرای ئەو ئیرادە جیهانییەش، تێکەوتنی کۆماری ئیسلامی لە گەڵ ئەمریکای شێلگیر و لێبڕاوی سەردەمی ترامپ، هاسان نیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## قۆناغی نوێی تیرۆری نەیاران لە دەرەوەی وڵات و پێویستیی بەرپەرچدانەوەی

لەو چەند ساڵەی دواییدا، جگە لە تیرۆر و بۆمبدانانەوە و مووشەکباران دژی بنکە و تێکۆشەرانی حیزبەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە هەرێمی کوردستان کە بە داخەوە شەهید و برینداربوونی دەیان تێکۆشەری سەر بە حیزبی دیموکراتی کوردستان و حیزبەکانی دیکەی بە دواوە بووە، چەندین چالاکیی تیرۆریستی لە وڵاتانی ئورووپایی بە هۆی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی و دامەزراوەکانی سەر بەو ڕێژیمە بەڕێوە چوون. بەداخەوە هێندێک لەو کردەوە تیرۆریستییانە ئامانجەکانیان پێکاوە و بوونە هۆی کوشتنی چەند کەسێک لە نەیارانی ئەو ڕێژیمە لە دەرەوەی وڵات. ژمارەیەکیشیان کەوتوونە ژێر چاوەدێریی پۆلیس و دەزگا ئەمنیەتییەکانی چەند وڵاتێکی ئورووپایی وەک هولەند، فەرانسە، بێلژیک و ئەلمان و، ئەو کەسانەی دەستیان تێدا هەبوون- کە هیچ گومانێک لە بەستراوەییان بە نوێنەرایەتی و باڵوێزخانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا نەبووە- گیراون.

لە وڵاتی هولەند هەر لە ماوەی ٢ - ٣ ساڵی ڕابردوودا ٢ کەس بە هۆی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی گیانیان لێ ئەستێندراوە کە بریتین لە: ١- "عەلی موعتەمید" لە دیسامبری ٢٠١٥ و ٢- "ئەحمەد مەولا ئەبو ناهز"(ناسراو بە ئەحمەد نیسی) لە ٨ی نوامبری ٢٠١٧. ئەم ڕۆژانەش ڤیدیۆی کەسێکی بە توندی بریندار و لێدراو کە چالاکێکی سیاسیی بەلووچە بە ناوی "محەممەد ڕەزا نارویی"، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا ئەم دەست و ئەو دەست دەکا. بە قسەی ئەو چالاکە بریندارە، چەند بەکرێگیراوی دەزگا جاسووسییەکانی ڕێژیمی ئێران بە پێی نەخشەیەک ناوبراو بانگ دەکەنە شوێنێکی دیاریکراو و بە دەمانچە و چەقۆ هێرشی دەکەنە سەر، کە دیارە ناوبراو بە نیوەگیانی، خۆی لە دەستانیان ڕزگار دەکا!

بەڵام ئەو زانیارییانەی لە بارەی پیلانی بۆمبدانانەوەی تیرۆریستەکانی سەر بەو ڕێژیمە لە کۆبوونەوەی ساڵانەی هاوینی ڕابردووی ڕێکخراوی موجاهیدین لە فەرانسە بڵاو بوونەوە و میدیاکانیان تەنیوەتەوە، سەلمێنەری بەرینیی پیلانەکە و هاوکاری و هاودەستیی سەفارەتخانەکان و کۆنسوڵگەرییەکانی ئەو ڕێژیمە لە چەند وڵاتی ئورووپایین. گومانی تێدانیە کە ئەم جۆرە پیلانانە، تەنیا بە پێی بەرنامە و بە هاوهەنگاوی لە گەڵ بەرزترین ئۆرگانە دەوڵەتی و حکوومەتییەکان ڕێک دەخرێن و بەڕێوە دەبرێن. وەدەرنان و قۆڵبەستکردنی ژمارەیەک لە کاربەدەستانی سەر بە دامەزراوە بە رواڵەت دیپلۆماتیکەکانی ڕێژیمی ئێران و تەحویلدانەوەی ژمارەیەکیان بە وڵاتی پێوەندیدار، هەر وەها داخستنی ژمارەیەک لە

## بەشی سێهەم

ناوەندەکانی بەستراوە بە کۆماری ئیسلامیی ئێران بە تاوانی بەشداری لە پیلان و کردەوەی تیرۆریستیدا، لە پەنا ئەمانەش، هەرەشەی پەیتا پەیتای فەرماندەرانی سوپای پاسداران و بەرپرسانی دەزگا ئەمنییەتی و سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم لە دژی نەیاران لە هەر وڵات و شوێنێک، هەموویان بە سەریەکەوە نیشاندەری چالاکبوونەوەی تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی بە دژی نەیارانی سیاسیی خۆی لە دەرەوەی وڵاتن.

وا دێتە بەرچاو کە تیرۆریزمی دەوڵەتیی ڕێژیمی ئێران کە بە دوای دەرچوونی بڕیاری مێژوویی دادگای بێرلین لەساڵی ١٣٧٦ی هەتاوی و شوێنەوارە سیاسی و دیپلۆماتیکەکانی، چالاکییەکانی خۆی لە وڵاتانی ئورووپایی بە شێوەیەکی کاتی ڕاگرتبوو، چەند ساڵێکە دووبارە چالاک بووەتەوە. ئەم ڕاستییە هەم بۆ ژمارەیەک لە وڵاتانی ئورووپایی کە لە دەیەی ٩٠ی زایینیدا ببوونە مەیدانی ڕمبازێنی تیرۆریستەکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی، هەم بۆ چالاکانی سیاسیی ئێرانیی دانیشتووی ئەو وڵاتانە پێویستە ببێتە زەنگێکی مەترسی.

وا هەست دەکرێ کە قۆناغی تازەی چالاکبوونەوەی تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی و تیرۆرەکانی ئەم ساڵ و چەند ساڵی ڕابردووی ئەو ڕێژیمە لە دژی نەیارانی سیاسیی خۆی، هەم لە هەرێمی کوردستان و هەم لە وڵاتانی ئورووپایی، نەکەوتبنە بەر سەرنجی ڕاگەیەنە فارسی زمانەکانی دەرەوەی وڵات. هەر بەو پێیە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە ئێرانییەکان و، میدیاکاران، چالاکانی سیاسی و تێکۆشەرانی بواری مافی مرۆڤ لە دەرەوەی وڵاتیش، ئەو گرنگییەی پێویستە پێیان نەداوە و پێشنیار و بەرنامەیەکیان بە مەبەستی هاوکاری و هەنگاوی هاوبەش بۆ لەقاودانی لایەنە جۆراوجۆرەکان و تیشک خستنە سەر ئامانجەکان وچەند و چۆنی بەڕێوەچوونی قۆناغی تازەی تیرۆریزمی دەوڵەتیی ڕێژیمی ئێران نەخستووەتە ڕوو. کاتی ئەوە هاتوە پشت ئەستوور بە ئەزموونی پێکهێنانی کۆمیتەکانی دژە تیرۆر لە دەیەی ٩٠ی زایینیداو، بە سوود وەرگرتن لە ئەزموونی هاوکاریی ئەو کاتی حیزب و ڕێکخراوەکانی ئوپۆزیسیۆن و تێکۆشەرانی سیاسی و بواری مافی مرۆڤ لەو بوارە دا، جارێکی دیکە دەست بکەینەوە بە هاوکاریی چڕ و پڕ لە گەڵ یەکتر و، ئورووپا و هەر وڵات و شوێنێک کە کۆماری ئیسلامی بیەوێ نەیارانی سیاسیی خۆی تێیاندا تیرۆر بکا، بکەین بە ڕاوگەی لەداوخستنی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی ومەیدانی لەقاودانی پیلانە تیرۆریستیەکانی ئەو ڕێژیمە و، ڕاکێشانی سەرنجی ناوەند و دامەزراوە پێوەندیدارەکان و بیروڕای گشتیی ئەو وڵاتانە بۆ دژایەتیکردنیان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

## لە جیاتی خەڵاتێک: بۆ جووتە هونەرمەندی دەروەست شۆڕش ئاهی و بەیان سوهرابی

"شۆڕش"ێک، بووە بە فڵچە و پەڕەمووچ و نەخشێنەری مەتەرێزی خۆڕاگریی ڕێبەڕیی شۆرشێک.

"بەیان"ێک، بووە بە سروەی بلاوێنی بەیانان و ئێواران و شەوانی قەڵای حەماسەی کۆڵنەدان. بووە بە هەتوانی پنجە بریندارەکانی ڕۆژەکانی قەڵا و، برینپێچی نەمام و خەڵفە زامارەکانی ئوکالیپتووس و سەرو و نەرخەوانە دەسنێژەکانی دوو ئازیز: سەلام و هاشم عەزیزی.

لە شاکاری دەست و پەنجە و هەستی ئاوێتە بە گەنجی ئێوە لە سەر دیواری قەڵای دێموکرات، مێژوویەک دەخوێنمەوە پڕی گیانبازی وشانازی، پڕ نەوەستان، پڕ تێکۆشان و کۆڵنەدان. لە تابلۆکانتاندا هیوا دەبریسکێتەوە، شەفەقی ڕووناکی و ئازادیی سبەینێی نەتەوەکەم دەدرەوشێتەوە.

چەپک چەپک گوڵی "نەسرین" و شەبەنگ شەبەنگ تریفەی "سوهەیلا" و تەبەق تەبەق نەجابەت و بزەی میرزا برایم و میرزا ڕەحمانتان پێشکەش. خەندەی ساکاری هاشمی خاکی و سڵاوی سەرتوونیانەی فەرماندە کەریم سەقزی و، وەفای سەرسپییانەی حەمەی حەسەنپوورتان خەڵات. مەڵۆیەک شلێر و بەیبوون و چنووری سەرووی کێلێ و قەڵاتی شای چنراو بە دەستی پڕ لە پاکی و هێمنیی عوسمانی مامۆستا مەلامحەممەدتان، دیاری بێ. دەسرەی سەرچۆپیی مامە قالە، "ڕیشە"ی هەمیشە دەم بە پێکەنین و، بەستەی چنراو بە ساتبەساتی ٤٠ ساڵ پێشمەرگایەتیی مامە شێرکۆ و، قاقا و ئارەقەی ماندووییەناسانە و، بەرامەی وەنەوشە و شەوبۆی "هاوڕێ"ی دایە مریەمتان پێشکەش.

سروودێکی پێشمەرگانە، کۆراسێک تێکەڵاو لە زیندوێتیی "جەماڵ"ی خۆشەویست، باوەڕی "پێشەوا"ی خۆنەویست، ئەدەب و نیانیی مەنسووری موحتەڕەم، ورەی "فاڕوق" و بەڵێنی "موختار"، کادۆی ساتەکانی خوڵقاندن و ڕەنگاندن و نەخشاندنی دیوار و حەوش و حەساری "قەڵا"تان بێ، ئەو قەڵایەی لە بەرزی و سەربەرزیدا، شان لە شانی هەڵگورد و قەندیل دەدا و نەیاران چاوی دیتنیان نییە.



سەرچاوە
Serchawe

بەشی سێهەم

"شۆڕش" و "بەیان"ە هونەرمەندەکەی شۆڕشە خوێناوییەکەی ڕۆژهەڵاتم!

قەڵای ئێوە، قەڵای ئێمە، قەڵای ئەوانەشە کە پەتی سێدارەی بێداد و بڵێسەی ئاگری ژینگە سووتێنان، گیانیان دەستێنێ. ئەوانیش لە تۆرەمەی قەڵانشینان و چیاییە پێشمەرگەکانن، ڕۆڵەی یەک خاک و نەتەوەن. گەردن و دڵی ئەوان و گیانی مەمانان، لێکتر جیا نین. با لە سەر دیواری قەڵای نەخشاومان بە دەستی ئێوە، هاواری بەندیی لە سەر ئازادی لە داردراو و، ژینگەپارێزی گیان هەڵکڕووزاو و، کۆڵبەری هەژاری بە ناحەقکوژراو، ئاوێتەی گوڕەی کۆڵنەدانمان بێ. بە ڕەنگێکی سوور، ئاڵ وەکوو خوێنی شەهیدەکانی هەرچی سەنگەری بەرگری و مانە، بنووسن: "ئێرە قەڵایە، قەڵا هێمایە، هەتا ڕۆژهەڵات لە خەبات دابێ، قەڵای باوەڕمان قەت لە شکان نایە."

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨

## هاتەوە تەیرەکەی گەرمێنێ بە پەڕ و باڵی خوێناوی

نیشتمان، ئەمساڵ لە پار دڵ بە خەمتر، لە ئاسۆی هەورینی پاییزی ڕەنگزەردەوە دەڕوانێتە فڕینی باڵندە کۆچەرییەکان. پۆلێک مەلی پەڕ و باڵ خوێناوی بە ئاسمانی کوردستانەوە لە گەرمیانەوە بەرەو کوێستان بەرەو زێد و مەڵبەندی منداڵیی خۆیان، نزم دەفڕن. نزم دێن و نانیشنەوە. ئەوان گیانی ئەو دەستە هەڵۆ و شابازانەن چێشتەنگاوی خەرمانانێک، لەگەڵ ڕیزێک گرمەی ئاگرین و مەرگەساتێکی دۆزەخی، لە بانیژەی «قەڵای دێموکرات»ەوە ڕووەو ڕۆژهەڵاتی خەمین لە شەقەی باڵیان داوە. زامار و شەکەت و ماندوو لە گەرمێنەوە بەرەو کوێستان هاتوونەوە، لەو ساتەوە بە ئاسمانی نیشتماندا دەفڕن، لە سەر شار بە شار و گوند بە گوند و ماڵ بە ماڵی نیشتمان لەنگەر دەگرن. پێش کاروانیان دوو تەوارن، ئەنگاوتەی تیری زۆردارن.

مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورد، لەمێژ ساڵە، ئیدی هەر مێژووی پیاوانی خەباتکار نییە. مێژووی ئەو ژنە خۆڕاگر و ئازادیخوازانەشە کە شانبەشانی پیاوان هەوراز و لێژی خەبات دەبڕن و لە سەنگەرە جیاوازەکانی تێکۆشاندا، لێهاتوویی و تواناکانیان دەنوێنن. با دوور نەڕۆین، سەرێک بە «قەڵای دێموکرات»دا بکەین. چاوێک بە ڕیزی ئامادەبووانی پلینۆمی ١٧ی خەرمانانی خوێناویدا بگێڕین. بڕوانینە سیمای سەرکردە و ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان. با لە ڕوخساری هەڵپڕووکاوی شەهیدانی کارەساتی مووشەکباران ڕامێنین، سەردانی بریندااران و پێکراوانی نوێترین تاوانی دڕندانەی کۆماری ئیسلامی دژی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بکەین. لە سەر ئەکتەرانی هەستانەوەی دوای کارەسات هەڵوێستە بکەین تا بە چاوی خۆمان ژنان و کچانی خۆڕاگر بە ئیرادەی لەشکاننەهاتووە لە هەموو دیمەن و بڕگەکاندا ببینین. ئێستا ئیدی ناوی پێشمەرگە و فەرماندە و سەرکردە، بەرگێک نییە تەنیا بە بەژن و بالای پیاوان بڕابێ. ئەوەتا «نەسرین» و «سوهەیلا» بوون بە هێمای ژنانی پێشمەرگە، ژنانی مامۆستا، ژنانی ڕێکخەر و بەڕێوەبەر، ژنانی سەرکردە. ئەوان ئێستا هێمای خەباتێکی ڕەوای درێژخایەنن، زایەڵەی بەرخۆدانێکی لەشکان نەهاتوون. مەشخەڵی نەکوژاوەی خەباتی ڕزگاریخوازی و یەکسانیخوازیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن. سەمبولی خۆڕاگری و کۆڵنەدان و تێکۆشانن. ئەوان ئێستا میوانی هەمیشەیی هەموو دڵەکانن. سەربردەی نەسرین و سوهەیلاکان، بەسەرهاتی ئەو مرۆڤانەیە کەخۆیان و بنەماڵەکانیان، پشتاوپشت لە سەر ڕێچکەی ڕزگاریی نەتەوەکەیان، لەنێو حیزبی دێموکرات و لە ژێرئالای ڕێبەرانی سەمبولی گیانبازیدا، تا دواهەناسە خەباتیان کردووە. لە تێکۆشان و وەفاداری و نەوەستاندا تا ترۆپکی بەخشندەیی ڕۆیشتوون و لەوێوە بەرەو ئەبەدییەت فڕیون.

## بەشی سێهەم

نەسرین حەداد، ساڵی ١٣٣٩(١٩٦٠) لە بنەماڵەیەکی ناسراو و خاوەن پێشینەی سیاسی و خەباتگێڕدا، لە شاری سەردەشت لە دایک بوو. بابی نەسرین، کەریم حەدداد، لە ئەندامان و کادرە چالاکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ناوچەی سەردەشت بوو. نەسرین، سەردەمی منداڵیی خۆی دوور لە باوکی تێپەڕ کرد. کاک کەریمی باوکی لە درێژەی تێکۆشان و چالاکییە حیزبییەکانیدا، کەوتە ژێر تەعقیب و ڕاوەدوونانی ساواک و ژاندارمە و ناچار بوو نەسرین و بنەماڵەکەی بە گشتی بەجێ بێڵێ و ڕوو بکاتە گەرمێن و لەگەڵ ڕێبەران و تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات لە گەرمێن درێژە بە تێکۆشان بدا.

کەریم حەدداد لە کۆنگرەی سێهەمی حیزبدا بە هۆی پێشینەی تێکۆشانی بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب هەڵبژێردرا. نەسرین، هەتا سەروبەندی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە سێبەری باوک بێبەش بوو. بەڵام دایە کافیەی دایکی و براکان و مامەکانی هاندەر و پشتیوانی بوون هەتا خوێندنی پێگەیاندنی مامۆستایانی لە دانیشسەرای مەهاباد تەواو کرد، و بە سەرکەوتنەوە قۆناغەکانی خوێندنی بڕی.

سوهەیلا قادری، پۆلی دووی سەرەتایی دەخوێند کە شۆڕشی گەلانی ئێران سەرکەوت. بنەماڵەکەی، بەدوای داسەپانی شەڕی کۆماری ئیسلامی بە سەر خەڵکی کوردستاندا، شاری پیرانشاریان بەجێ هێشت و لە ناوچەی ژێردەسەلاتی پێشمەرگە و لە نیزیک بنکە و بارەگاکانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات، جێگیر بوون. دایک و بابی سوهەیلا، کاک ئەحمەد قادری (ئەحمەد سیمبان) و دایە ئامین، بە هۆی متمانەپێکراوی و دلسۆزییان، لە ناوەندی سەرکردایەتیی حیزب، ئەرکی هەستیاریان پێ سپێردرا. کاک ئەحمەد کە شۆفیرێکی نموونە و خاوەن ڕابردوو، هەر وەها شارەزای کاری بەرق بوو، بێ ماندووبوون لە بەشی خەدەماتیی بنکەی دەفتەری سیاسی قۆڵی لە کار هەڵماڵی. ئامین خانمیش بۆ ماوەی نزیک بە دوو دەیە ئەرکی ئاشپەزیی لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی گرتە ئەستۆ. خوشکە گەورەکانی سوهەیلا، لە قوتابخانەکانی ناوچەی ژێر دەسەلاتی پێشمەرگە کە ڕێژیم دایخستبوون و گەمارۆی خستبووە سەریان وەک مامۆستای شۆڕش، ملیان لە خزمەتی منداڵانی کوردستان نا و سوهەیلاش هەر لەو قوتابخانانە درێژەی بە خوێندن دا.

ساڵی ١٣٥٨ - ١٣٥٩ کاتێک ڕێژیمی تازەی ئێران، هێرشی کردە سەر کوردستان و دەستی بە سەر شارەکان دا گرتەوە، زۆربەی ئەندامانی بنەماڵەی کاک کەریم حەدداد، پەڕیوەی ناوچەی ژێردەسەلاتی پێشمەرگە بوون. نەسرین، وەک کچێکی خوێندەوار شانبەشانی باوک و براکانی چووە سەنگەری تێکۆشانەوە و لە گوندەکانی ناوچەی سەردەشت، وەک مامۆستای شۆڕش دەستبەکار بوو. نەسرین حەداد، بەو پەڕی هۆگرییەوە، بۆ خوێندەوارکردنی منداڵان و گەورەساڵانی نەخوێندەوار تێ دەکۆشا. بەڵام هەر بەوەندە نەدەوێستا. لە هەر گوند و ناوچەیەک خزمەتی کردبا، دەبووە ئەمینی کچان و ژنانی ئەو



سەرچاوە
Serchawe

مەڵبەندە، گوێی لە گرفت وسکاڵاکانیان دەگرت، دەبووە ڕێنوێن و پشتیوانیان و لە بواری جۆراوجۆر دەبووە ڕێنیشاندەریان. هانی دەدان بەرگری لە مافەکانی خۆیان بکەن و بێنە نێو کار و تێکۆشانی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە. کۆڕ و کۆبوونەوەی بۆ پێک دێنان تا لە باری کۆمەڵایەتی، سیاسی، کولتووری و لەشساغییەوە، یارمەتی بە چوونە سەرێی ئاستی زانیاری و تێگەیشتنیان بکا.

سوهەیلا قادری، قوتابیی قوتابخانەی شۆڕش بوو. وەک منداڵانی هاوچەشنی، ماڵیان، قوتابخانەکەیان و ژینگەکەیان، نێوەندی کوردایەتی و ئازادیخوازی بوو. شەو و ڕۆژ لە نزیکەوە شایەدی هەڵسووڕان و تێکۆشان و هەڵسوکەوتی ڕێبەران و کەسایەتییەکانی حیزبەکەی بوو و تا دەهات خۆشەویستیی حیزبی دێموکرات پتر تێکەڵاوی هەست و بیری دەبوو. لەم ژینگەیە زمانی بە سروودەکانی «ئەی ڕەقیب» و «خوایە وەتەن ئاواکەی» پشکووت. لە قوتابخانە بەشداریی کۆڕی سروود و گرووپی شانۆ و هەڵپەڕکێ بوو. تۆپباران، بۆمباران، ئاوارەیی و ژیان لە نێو تاڵی و خۆشییەکانی خەباتێکی شۆڕشگێڕانەدا بوون بە بەشێکی ئاسایی لە ژیانی ئەو. بۆیە هەر کە پێی نایە قۆناغی مێرمنداڵی، ڕووی کردە کار و تێکۆشان لە ڕیزەکانی یەکیەتیی لاوان و یەکیەتیی ژناندا. ساڵانێک دواتر بەشداری خولی تایبەتیی مامۆستای گەورەساڵان بوو و شانبەشانی کاروباری دیکە، خۆی بۆ ڕاهێنان و فێرکردنی خوێندنەوە و نووسین بە گەورەساڵان لە نێوبنەماڵەکانی سەر بە حیزبی دێموکرات تەرخان کرد.

نەسرین حەدداد، ڕەشەمەی ١٣٦٤ لە گەڵ خزمێکی نزیکی خۆی ژیانی هاوبەشی پێک هێنا. ئەو، بۆ هاوڕێیەتیی ژیانی سەخت و شۆڕشگێڕانە، محەممەد حەسەنپوور، کادری لێوەشاوەی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی هەڵبژارد. محەممەد، هاوژیانی نەسرین حەدداد، سەرەڕای خزمایەتیی بنەماڵەیی لەمێژینە، کۆمەڵێک تایبەتمەندیی دیکەی وێکچوو لەگەڵ هاوسەرەکەی هەبوو. بنەماڵەی حەسەنپووریش، وەک بنەماڵەی حەدداد، لە حیزبییە کۆن و لە مێژینەکانی سەردەشت بوون. منداڵیی محەممەدیش وەک منداڵیی نەسرین، بە هۆی بەندکرانی باوکی لە زیندانی ڕێژیمی شایەتی، دوور لە ناز و سێبەری باوک تێپەڕ بوو. هەر دوو بنەماڵە دوای شەڕی داسەپاوی ڕێژیمی خومەینی، تووشی ئاوارەیی و گیرسانەوە لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش ببوونەوە. هەر دوو بنەماڵە لە خۆشەویستان و متمانەپێکراوانی ڕێبەریی حیزب بوون. دوای پێکەوەنانی ژیانی هاوبەش، نەسرین بە هۆی ئەرک و بەرپرسایەتیی هاوسەرەکەی، لە بنکەی پێوەندییەکانی حیزب لە بەغدا، ئەرکی تازەی گرتە ئەستۆ. چەند ساڵ دواتر نەسرین حەداد، وەک مامۆستایەکی لێهاتوو، لە قوتابخانەی نیشتمان و لە کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی حیزب، پیشەی مامۆستایەتی و پەروەردە و خوێندەوارکردنی منداڵانی درێژە پێ دا و وەک مامۆستا و ڕاهێنەرێکی سەرکەوتوو، لێهاتوویی و تواناکانی خۆی سەلماند.



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی سێهەم

سوهەیلا قادری، ساڵی ١٣٧٠ی هەتاوی لە گەڵ هاوڕێ مەنسوور خوسرەوی، کادری لە مێژینەی ڕادیۆ دەنگی کوردستان، ژیانی هاوبەشی پێک هێنا. سوهەیلاش وەک نەسرین حەدداد و وەک سەرجەم خوشکەکانی خۆی، بە دوای پێکەوەنانی ژیانی هاوبەشدا، گەرموگوڕتر لە پێشوو درێژەی بە کار و تێکۆشانی حیزبی دا. بە هۆی وریایی و زیرەکی و بوێربوونی لە قسەکردن لە کۆڕ و کۆبوونەوەدا، جار بە جار ڕۆڵ و ئەرکی زیاتری لە نێو تەشکیلاتی ژنانی ئەندامی حیزب و لە ڕیزەکانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتدا دەگرتە ئەستۆ. ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران، ئەو چرایە بوو بە سەدان هەزار بنەماڵە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لێی کۆدەبوونەوە، مەنسوور و سوهەیلاش پەپوولەیەک لەدەوری ئەم چرایە. ڕادیۆ لە کوێ بوو ئەوانیش لەوێ. سوهەیلا، لە نێوەڕاستەکانی دەیەی ٧٠ی هەتاوییەوە، کار لەم ڕادیۆیەی لە وەرگرتنی پێوەندییە تەلەفۆنییەکانی نێوخۆی ئێران و دەرەوەی وڵات دەست پێکرد و بۆ زۆر کاروباری دیکەی ڕۆژانە، هاوکارێکی باشی پێرسۆنێلی ڕادیۆ بوو. بە هۆی مایەی باشی بۆ بێژەری، چەند ساڵێک لە تەلەڤیزیۆنی کۆیە، بەرنامەیەکی ئەدەبیی حەوتووانە کە بۆ خۆی ئامادەی دەکرد، پێشکێش کرد. بە دوای داسەپانی لەتبوون بە سەر حیزبی دێموکراتدا، سوهەیلا قادری لەو یەکەم کەسانە بوو کە قۆڵی هیممەت لە وەکارخستنەوەی ڕادیۆی دەنگی کوردستانیان هەڵماڵی. کاتێکیش تەلەڤیزیۆنی کوردکاناڵ دەستبەکار بوو، سوهەیلا دوای ماوەیەکی کەم بوو بە هاوڕێ و ئەنیسی کوردکاناڵ. بوو بە یەکێک لە بێژەرە خۆشەویست و سەرکەوتووەکانی ئەم تەلەڤیزیۆنە و لە ڕێگای کوردکاناڵەوە، میوانی هەمیشەیی دڵانی هۆگری دێموکرات بوو. سوهەیلا بە هۆی حەز و تاسەی بۆ کاری ئەدەبی و هونەری و فەرهەنگی و هەر وەها نیشاندانی لێهاتوویی لە بێژەری و بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمە سیاسی و کولتوورییەکاندا، نەک هەر لەنێو حیزبی دێموکراتدا بەڵکوو، لە فستیڤاڵ و بۆنە تایبەتەکانی شاری کۆیەشدا، وەک بێژەر و بەڕێوەبەرێکی سەرکەوتوو پشتی پێ دەسپێردرا.

نەسرین و سوهەیلا، سوهەیلا و نەسرین، پشتیوان و هاندەر و هاوکارێکی باش بۆ هاوسەرەکانیان لە جێبەجێکردنی ئەرک و بەرپرسایەتیی حیزبیدا بوون. دایکێکی باش بوون بۆ جگەرگۆشەکانیان. نەسرین، هەر وا کە لە دەرەوەی ماڵ مامۆستا و بەڕیوەبەرێکی سەرکەوتووی قوتابخانە بوو، بۆ ژیلوان و ژیواری بەرهەمی ژیانی هاوبەشی خۆی و محەممەدی هاوسەری، دایکێکی بە مشوور و پەروەردەکارێکی دڵسۆز بوو. سوهەیلاش، سەرەڕای سەرقاڵبوونی بە کار و تێکۆشانی حیزبی و ڕاگەیاندن، بۆ «نەمام» و «ئارام»ی خۆی و مەنسوور، نموونەی دایکێکی مێهرەبان بوو. ئەوان هەر کەس و پەنا و خەمخۆری منداڵەکانیان و هاوسەرەکانیان نەبوون، بەڵکوو هاوخەم و هاوڕاز و مشوورخۆری ژنان و کچانی پێشمەرگە بوون. بۆ پێشمەرگە لاوەکان، دایک و خوشک بوون. هۆشی تێکۆشەرە بەساڵداچووەکانیان هەبوو، ئاگایان لێ دەبوون.

لە کۆنگرەی چاردەیەمی حیزبدا، نەسرین حەداد بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و سوهەیلا قادری بە ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی هەڵ بژێردران و لە کۆنگرەکانی ١٥ و ١٦ش سەرلە نوێ بە ئەندامی ڕێبەریی حیزب هەڵ بژێردرانەوە.



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی سێهەم

لەو ساتەوە تا کاتی شەهیدبوونیان وەک ئەندامی ڕێبەریی حیزب، ئەرک و بەرپرسایەتیی جۆراوجۆریان گرتە ئەستۆ. نەسرین حەداد، ساڵانێک لە بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، بنیاتی پشتیوانی لە ڕێکخراوە سینفییەکان و کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی حیزب، بەرپرسایەتیی یەکەمی لە سەر شان بوو، بۆ ماوەیەکیش لە کۆمیسیۆنەکانی سیاسی- نیزامی و فێرکردن، ئەرک و بەرپرسایەتی لە سەر شان بوو. سوهەیلا قادریش، جگە لە دوو دەورە سکرتێریی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، لە دەزگای ڕاگەیاندنی حیزبیش بەردەوام ئەرک و بەرپرسایەتیی لە سەر شان بوو. ئەو لە ڕادیۆی دەنگی کوردستان و تەلەڤیزیۆنی کوردکاناڵ، نەک هەر وەک بێژەر و پێشکێشکارێک، بەڵکوو هەر کارێک هاتبایە پێش و لە خۆی ڕادیبا، شانی دەدا بەر. لە دەستگرتن و هاندان و پێگەیاندنی کچان و کوڕانی لاوی نێو حیزبەوە بۆ کاری میدیایی بگرە تا ئامادەکردنی بەرنامە و ڕاپۆرتی تەلەڤیزیۆنی، بەڕێوەبردنی بۆنە و ڕێوڕەسمە جۆراوجۆرەکان. لە پەنا هەمووی ئەمانەشدا جاروبار دەستی بۆ قەڵەم دەبرد و پەخشان و هۆنراوەی دەنووسی بۆ ئەوەی خەمی دووریی ئازیزان و مەینەتییەکانی ژیانی شۆڕشگێڕانە بە سۆزی ئەدەبی بڕازێنێتەوە.

نەسرین و سوهەیلا، سوهەیلا و نەسرین، دوو تەواری ڕیزی پێشەوەی باڵندە ئەنگاوتەکانی مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات، ڕۆمانێکن بێ کۆتایی. سەربردەیان بەسەرهاتی مرۆڤە شۆڕشگێڕەکانی سەردەمێکی ئەستەمی پارچەی ڕۆژهەڵاتی نەتەوە و نیشتمانێکە.

«نەمام»ی سوهەیلا و «ماردین»ی وەهاب میرخزریی تێکۆشەری دێموکرات، لە دووره وڵاتی، هێشتا «ئەلەند»نۆبەرەی ژیانی هاوبەشیان بە ڕێگاوە بوو، کە کاک وەهاب، باپیرەی ئەلەندیان لە تەقینەوەکەی شەوی یەلدادا لە دەست دا. سوهەیلا، هەمیشە دڵ بە خەمی ئەوە بوو کە «ئەلەند» و بابی ماردین، حەسرەتی یەکتر دیتنیان لە دڵدا مایەوە. مخابن بۆ خۆشی بە حەسرەتی دیتنی «ئەلەند»ەوە، سەری نایەوە. نەسرین و محەممەدیش، کە خۆیان بۆ بەهاری داهاتوو و گەڕانەوەی «ژیوار» و «ژیلوان» ئامادە کردبوو، دەستی تاوان و جەوری زۆردار، قەدەریانی گۆڕی و لە سەفەری هەرماندا دەست لە نێو دەستی یەکتر، لە شەقەی باڵیان دا.

«لەناو خوێندا دەتلێتەوە
لاوی بەزیپک و بە سبات
بەڵام هەروا دەچێتە پێش
بێ وچان کاروانی خەبات»(1)

لە گەڵ هەمووی ئەمانەشدا، لە گەڵ ئازار و ژانی لە دەستدانی ئەم هەمووە قارەمانەشدا، کاروانی ئێمە هەروا بەڕێوەیە

بەشی سێهەم

هەتا دوا مەنزڵ، هەتا سەرکەوتن هەتا ڕزگاری، هەتا وەدیهێنانی ئامانجەکانی نەسرین و سوهەیلا وشەهیدانی دیکەی ١٧ی خەرمانان.

قەڵایەک دەکێشمەوە:
چراخانی شەهید،
بەسەر بەرزترین پیتی پێکەنینەوە
تۆش خاوەن شکۆ!!
لەئەرشیفی دەنگتەوە هەموو ڕۆژێ
بڕازێنەوە هەواڵەکان
سوور...
سپی....
سەوز...
قەڵایەک دەنووسمەوە:
شان بە شانی خۆر
پەیڤی هەزار تیشکی بزێو
بە لووتکەی شاخەوە» ئەی ڕەقیب»!!!
قەڵایەک دەگێڕمەوە:
لە حیکایەتی دایکاندا:
«گورگە شەوێ، گورگانە شەوێ
لە خەوی زاڕۆکان دوورۆ کەوێ
بڕوا بڕوا لە چاڵی ڕەشی نەفرەت کەوێ»(٢)

پەراویز:

١- لە شێعری «کاروانی خەبات»ی مامۆستا هێمن وەرگیراوە

٢- شێعری باخی زەیتوون

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨

## بەردەوامبوون لە سەر تیرۆری سیاسی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات

### «کوشتنی گوماناوی» و تیرۆری سیاسی، دووانەی دەسەڵاتی مافیایی کۆماری ئیسلامی

دوو ڕووداو لەم دواییانەدا، جارێکی دیکە سەرنجەکانیان بۆ لای تیرۆری نەیاران و جیابیران بەهۆی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە نێوخۆ و دەرەوە، ڕاکێشایەوە. لە نێوخۆی وڵات، کوژرانی گوماناویی دوکتور فەرشید هەککی، و لە دەرەوەی وڵاتیش ئاشکرابوونی پیلانی تیرۆریستیی ڕێژیمی ئێران بۆ لەنێوبردنی بەرهەڵستکارێکی عەرەبی ئێرانی لە دانمارک.

هیچ کام لەو دوو ڕووداوانە، لە بەستێنی خۆیاندا - نەک لە هەموو مێژووی کۆماری ئیسلامیدا -، بەڵکوو هەر لەماوەی ئەم یەک دوو ساڵەی دواییشدا، تاقانە نین. واتە لە نێوخۆی وڵات تەنانەت هەر لەم یەک دوو ساڵەدا، بە دەیان چالاکی سیاسی و مەدەنیی ناڕازی و نەیاری کۆماری ئیسلامی بە شێوەی گوماناوی گیانیان لێ ئەستێندراوە. لە دەرەوەی وڵاتیش، لەم یەک دوو ساڵەی دواییدا، چەند کەس لە بەرهەڵستکارانی ئێرانیی نەیاری کۆماری ئیسلامی، بوون بە ئامانجی نەخشە تیرۆریستییەکانی مرۆڤکوژانی سەر بەو ڕێژیمە و، کۆمەڵێک پیلانی تیرۆریستی و ژمارەیەک لە مۆرەکانی بەشدار لەو نەخشە و بەرنامە تیرۆریستیانەدا ئاشکرا بوون.

زستانی ساڵی ڕابردوو، چەندین کەس لە پێشەنگان و ڕێکخەرانی خۆپێشاندانە جەماوەری و سەرانسەرییەکانی مانگەکانی بەفرانبار و ڕێبەندان، دوای گیران، لە ژێر ئەشکەنجەدا گیانیان لێ ئەستێندرا. دەزگا پێوەندیدارەکانی ڕێژیم بەو پەڕی ڕووهەڵماڵاوی، ڕایانگەیاند کە ئەو کەسانە بۆ خۆیان کۆتاییان بە ژیانی خۆیان هێناوە! لاوی ئیلامیی ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان تالب بەساتیوەند، یەک لەو کەسانە بوو. هەر لە مانگی ڕێبەندانی ساڵی ڕابردوودا، دوکتور سەید کاووس ئیمامی، مامۆستای زانکۆ و چالاکی ژینگەپارێز، لە ژێر ناوی «خۆکوژی» لە زینداندا کوژرا. بەڵام ئەوانە هیچیان «مەرگی گوماناوی» نەبوون، چونکە کەس گومانی لەوەدا نەبوو کە ئەشکەنجەگەرانی دامودەزگای سەرکوتی کۆماری ئیسلامی لەنێوی بردوون. مەبەست لە مەرگی گوماناوی، کوژرانی کۆمەڵێک کەسایەتیی چالاکی مەدەنی و ڕەخنەگری سیاسەتەکانی ئەو ڕێژیمە لە ڕووداوی تەماوی دایە. لە کۆتایی مانگی ڕێبەندانی ١٣٩٦ فرۆکەی هەڵگری چەندین کەسایەتیی چالاکی ژینگەپارێز، خۆی بە کێوی «دێنا»دا دا و هەر هەموو سەرنشینەکانی کوژران. «ئەحمەد نەزەری، دوکتورا و خاوەنی

پسپۆڕی و توێژینەوە لە بوارەکانی پیسبوونی ژینگە؛ غولامعەلی ئەحمەدی، خوێندکاری دوکتورای فەلسەفەی پەروەردە و فێرکردن و مامۆستا لە زانکۆی ئازادی بێهبەهان و نووسەری وتاری بەرنامەڕێژی بۆ گۆڕینی ڕەفتار لەبارەی پاراستنی ژینگە؛ سەلمان شەریف ئازەری، توێژەری بواری ژینگەپارێزی؛ مەهدی جاویدپوور، ڕۆژنامەنووس و چالاکی ژینگەپارێز؛ حامید ئەمیری ئەندازیاری کشتوکاڵ و توێژەری زانستی لە بواری تێکنۆلۆژیی ژینگە؛ سەید بێهزاد سیادەتی، پسپۆڕی بەرز لە بواری زەویناسیدا؛ ئەردەشیر ڕاد، ئەندازیاری کشتوکاڵ و سەرچاوە سروشتییەکان؛ مستەفا ڕەزایی، پسپۆڕی کشتوکاڵ و سەرچاوە سروشتییەکان؛ عەلی زاریع، توێژەری بواری کشتوکاڵ و سەرچاوە سروشتییەکان؛ محەممەد فەهیمی، عەلی فەرزانە، سەید ڕەزا فاتمیتەلەب، ئەحمەد چەرمیان، خەلیل ئاهەنگەران، موژگان نەزەری و بێهنام بەرزگەر لەو فڕۆکەیەدا بوون.» (١)

لە سەرەتای مانگی ڕەشەمەی ١٣٩٦یشدا دوو برای چالاکی ژینگەپارێز بە ناوەکانی محەممەد سادق و محەممەدباقر یووسفی لە شاری «جەم»ی پارێزگەی بووشەهر بە ڕووداوی پێکدادانی ماشێن کۆتایی بە ژیانیان هات.

لە پووشپەڕی ڕابردووشدا، تەرمی مەریەم فەرەجی، چالاکی مەدەنی و خوێندکاری خوێندنی بەرز لە بواری بەڕێوەبەرێتیی نێودەوڵەتی کە ڕابردووی گیران لە پێوەندی لە گەڵ خۆپێشاندانەکانی مانگی بەفرانباریشیدا هەبوو، بە بێگیانی لە کەرەج دۆزرایەوە.(٢)

هەر ئێستاش ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسایەتییە چالاکەکانی پێوەندیدار بە مانگرتن و نارەزایەتیدەربڕینە مەدەنییەکانی مامۆستایان، خاوەن کامیۆنەکان، خوێندکاران، ئەنجومەن و سەندیکا سەربەخۆ جۆراوجۆرەکان، ژینگەپارێزان، وەکیلەکان و چالاکانی بەرگری لە مافی مرۆڤ، لە بەندیخانەکان دان و دوور نییە ژمارەیەک لەوان بە ناوی «خۆکوژی» یا ڕووداوی گوماناویی دیکە، گیانیان لێ نەستێندرێ. گرتنی «هاشم خواستار» لە ڕێکخەران و پێشەنگانی مانگرتنی مامۆستایان و هێشتنەوەی لە یەکێک لە شێتخانەکانی شاری مەشهەد لە کۆتایی مانگی ڕەزبەری ئەمساڵدا، دوایین نموونەی ڕفاندن و بێسەروشوێنکردنی چالاکان و نارازییانی نێوخۆیە. سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە هاوکات لەگەڵ کوژرانی گوماناویی دوکتور فەرشید هەککی، ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسە چالاکەکانی نێوخۆ کە لە بزووتنەوەی نارەزایەتیی نێوخۆدا دەنگ و کاریگەریی خۆیان هەیە، هەڕەشەیان لێ کراوە کە ئەمجار بە گیران دەستیان لێ هەڵناگرن و دەبێ چاوەڕوانی چارەنووسێکی خراپتر بن.

بەشی سێهەم

ئەوە کە ئەو جۆرە مردنانە بە «گوماناوی» دادەنرێن و دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمیان تێدا تاوانبار دەکرێ، لە خۆوە نییە. یەکەم هۆ دەگەڕێتەوە بۆ پێشینەی دەستەبەبوونی وەزارەتی ئیتلاعات، سوپای پاسداران و دامەزراوە جۆراوجۆرەکانی نێو مافیای دەسەڵات لەو ڕێژیمە لە کوشتن و لە نێوبردنی نەیاران و ناڕازیاندا. ٢٠ ساڵ لەمەوبەر، تووڕەیی نێو هەناوی کۆمەڵگە و گەشە و پێشڕەویی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی خەڵکی ئێران، کەلێن و ململانێی نێوان قۆڵەکانی ئەو ڕێژیمەیان بۆ دژایەتی لەگەڵ ئەم جۆرە کوشتنانە، قۆستەوە. دوای ئەوە پرۆژەی چەند ساڵەی وەزارەتی ئیتلاعات بۆ لە نێوبردنی کەسایەتییە سیاسی و فەرهەنگییە چالاک و جیابیرەکانی نێوخۆی وڵات ناسراو بە قەتڵە «زنجیرەییەکان» لەم ساڵەدا گەیشتە چڵەپۆپە و تیرۆری یەک بە دوای یەکی داریووش و پەروانەی فرووهەر، محەممەد موختاری، جەعفەر پوویەندە، فیرووز دەوانی و هتدی بە دوادا هات، پەردەکان لە سەر سەرچاوەکانی ئەو جۆرە تاوانانە لادران. دەرکەوت «ئاوەکە لە سەرچاوەوە لێڵە» و سەری داوەکە، دەچێتەوە لای شەخسی ڕێبەری نیزام و دامەزراوەکانی ژێر ئەمر و فەرمانی جەنابیان. تەنانەت لە هەڵگرتنی کۆسپ و سەرئێشەکانی بەردەم دەسەڵاتدارێتیی خۆیاندا، نەک هەر ئامادەن دەستی سەعید ئیمامییەکان بۆ هەڵداشتنی ئوتووبووسێکی پڕ لە نووسەر، شاعیر و هونەرمەندی جیابیر و ڕەخنەگر ئاوەڵا بکەن، بەزەییان بە «یادگاری ئیمامی ڕاحیل» (ئەحمەد خومەینی)یش دانایە و بە «فتوای شەرعی» لە نێوی دەبەن. ئەوانەی ئەمڕۆ لە ترۆپکی ئەو ڕێژیمە و لە ئاستی هەرە سەرووی دامودەزگا مافیاییەکانیدا، بڕیاریان بەدەستە، هەر ئەوانەن کە ئەو کات لە پشت «قەتڵە زنجیرەییەکان»بوون.

دووهەم هۆ، کە گومانێک نایەڵێتەوە، کوژرانی گوماناویی چالاکانی ناڕازی و ڕەخنەگر و، ڕێکخەران و بەشدارانی حەرەکەتە مەدەنییەکانی نێوخۆ، شتێک نییە جگە لە تیرۆری سیاسیی بەبەرنامەی بڕیاربەدەستانی ئەو ڕێژیمە، ئەو ڕقەیە کە سەرانی سوپا و شەریکەکانی دیکەیان لە مافیای دەسەڵات و سەروەت، بەرامبەر بە دەنگە ناڕازییە بوێرەکانی نێوخۆ و کەسایەتییە دیارەکانی بزووتنەوەی مەدەنیی ڕوو لە گەشەی خەڵکی ئێران کۆیان کردووەتەوە. نابێ ئەو ڕاستییە بە کەم بگرین کە هەر لەقاودانێکی دزی و هەڵلووشینی سامانی وڵات و هەر تیشک خستنەسەر یەکێک لە سیاسەتە چەوتەکانی دەسەڵات - لە بە فیڕۆدانی سامانی خەڵکی ئێران لە تەڕاتێنەکانی سوپای پاسداران لە سووریە و یەمەن و لوبنان و عێراقەوە بگرە تا دەگاتە ئەو پرۆژانەی لە بواری ئاو و کشتوکاڵ و ژینگە گەورەترین و بێوێنەترین قەیرانەکانیان لێ کەوتووەتەوە - پێی سوپای پاسداران و بەیتی ڕەهبەری دەگرێتەوە. بە دەربڕینێکی دیکە، ئەمڕۆ ئەوانەی نوێنەرایەتیی ئیرادە و بڕیاری ئەو ڕێژیمە دەکەن و لە سیاسەت و بەرنامە وێرانکەر و تاوانبارانەکانی چەندین ساڵەی ئەو ڕێژیمەدا بەرپرسیارن، لە گەڵ ئەو کەسانەی نوێنەرایەتیی نارەزایەتی و بێزاریی خەڵکی لە هەموو ڕوویەکەوە وەزاڵەهاتوو دەکەن، کەوتوونە بەرامبەر یەک. بەم هۆیەشەوە کە لە توانایاندا نییە قەیرانەکان چارەسەر بکەن و بەم جۆرە تووڕەیی و نارەزایەتیی خەڵک کەم

بکەنەوە، هەر وەها دەزانن کە مانەوە و لە مەیداندابوونی ئەو جۆرە کەسایەتییانە، ڕێخۆشکەر دەبێ بۆ درووستبوونی ڕێبەریی خەبات لە نێوخۆ و، دەبێتە مایەی دڵگەرمیی خەڵک و خۆگرتن و بەردەوامیی بزووتنەوەی سەرانسەری و جەماوەری، لە نێوبردنی فیزیکیی ئەوان بۆ مانەوە و پاراستنی ڕێژیمەکەیان - بە خەیاڵی خۆیان - بە چارەسازترین ڕێگە دەزانن.

-------

ئەم وتارە لە بەشی دووهەمی خۆیدا دەپرژێتە سەر هۆکارەکانی گەڕانەوەی ئەمجارەی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر تێرۆری نەیاران لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات.

**پەراوێز:**

(١) و (٢) وەرگیراو لە: گزارش جامعهی دفاع از حقوق بشر در ایران (عضو فدراسیون بینالمللی جامعههای حقوق بشر)، ٢٥ اکتبر ٢٠١٨

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

## قۆناغێکی یەکلاکەرەوە لە ناڕەزایەتیی خەڵکی ئێراندا

ناڕەزایەتیی خەڵکی ئێران هەمبەر بە کۆماری ئیسلامی هیچ کات تا ئەم ڕادەیە پێی نەناوەتە نێو قۆناغێکی چارەنووساز. ئەو پارامێترانەی وایان کردوە ناڕەزایەتیی خەڵکی ئێران بەرامبەر ئەو ڕێژیمە، بچێتە نێو قۆناغێکی یەکلاکەرەوە ئەمانەن:

### – وەڵامنەدانەوەی ئەو شانس و ڕێکارانەی بە دەست خەڵک و ڕێژیمەوە هەبوون

خراپیی هەلومەرجی سیاسی، ئابووری و قەیرانی گشتی و ناڕەزایەتیی خەڵک لە هەلومەرجەکە لەمێژ ساڵە هەیە. بەڵام کۆماری ئیسلامی بە موهەندیسی کردنی هەڵبژاردنەکانی وەک سەرکۆماری و مەجلیس و یاریکردنی بە کارتی قۆڵەکانی نێو دەسەڵات و دەستاودەستکردنی بەشێک لە دەسەڵاتەکەی لەم قۆڵ بۆ ئەو قۆڵ، زۆر جار توانیویەتی ناڕەزایەتیی خەڵک کۆنترۆڵ بکا. خەڵکیش هێندێک جار هەوڵیان داوە سەرەڕای بەرتەسکبوونی دەرفەتەکان، لە هەڵبژاردنەکان و ململانێی نێو قۆڵەکانی دەسەڵات بۆ باشکردنی ڕێژەیی دۆخی سیاسی، یا پێشگیری لە خراپتربوونی دۆخی ئابووری و هتد، کەلک وەربگرن. دوا شانس و ڕێکاری هەم ڕێژیم و هەم خەڵک بۆ دەربازبوون لە قەیرانەکان، هێنانە سەرکاری ڕووحانی بوو. ئەم «شانس»ە، تەنانەت لە دەورەی یەکەمی سەرکۆماریی ناوبراویشدا، کە بەخت یاوەری بوو و توانی ڕێککەوتننامەی بەرجام بگەیەنێتە ئەنجام، لە ئاستی نێوخۆدا، نە چاوەڕوانییە سیاسییەکانی دەنگدەرانی بۆ جێبەجێ بوو نە بەڵێنە ئابوورییەکانی خۆی.

### وەدەرکەوتنی ئەمریکا لە ڕێککەوتننامەی بەرجام و ئاکامەکانی

وا چاوەڕوان دەکرا بە کۆتاییهاتنی کێشەی ناوکیی ڕێژیمی ئێران لە گەڵ ئەمریکا و وڵاتانی دیکەی ڕۆژاوا و بە دوای بەرجامدا، سەرەڕای هەڵگیرانی گەمارۆ ئابوورییەکان لە سەر کۆماری ئیسلامی و گەڕانەوەی پووڵە دەستبەسەردا گیراوەکان، پێوەندیی ئابووری و بازرگانیی وڵاتانی ڕۆژاوایی لەگەڵ ئێران لە رووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە گەشەیەکی کەموێنە بە خۆیەوە ببینێ و ئابووریی ئێران پاش ساڵانێکی زۆر شایەدی گەشە و هەستانەوە بێ. بەڵام چوونەدەرێی ئەمریکا لە ڕێککەوتننامەی بەرجام بە دوای هاتنە سەرکاری دۆناڵد ترامپ و گەڕانەوەی گەمارۆکانی ئەو وڵاتە لە دژی ئەو ڕێژیمە بۆ دۆخی پێشوو، خەون و ئاواتەکانی دەسەڵاتدارانی ئێرانی کردەوە هیچ. ئەگەر چی قەرار بوو یەکیەتیی ئوڕووپا بەبێ



سەرچاوە Serchawe

ئەمریکا، بەرجام بپارێزێ و بەڕێوەبەرانی کۆماری ئیسلامیش وایان دەنواند کە بە بەردەوامی و مانەوەی ئوروپپا لە سەر ئەو ڕێککەوتننامەیە، کێشەیەکی ئابووریی ئەوتۆیان تووش نابێ، بەڵام بە کردەوە دەبینین کە ئەو ڕێژیمە هەم لە هەناردەکردنی نەوت و هەم لە هێنانی شتومەکدا، بە توندی دەستوپێی بەستراوە و گەمارۆکانی ئەمریکا، تەنگیان پێ هەڵچنیوە.

## گوازرانەوەی ناڕەزایەتیی خەڵک بۆ سەر شەقام و شێوەی جەماوەری

ناهومێدیی خەڵک لە پێکهاتنی هەر چەشنە گۆڕانێکی ئەرێنی لە ڕووی ئابووری و سیاسی و دڵنیابوونیان لە خراپتربوونی ڕۆژبەڕۆژ زیاتری هەلومەرجی گشتی، بێ بایەخبوونی بێوێنەی دراوی ئێران و گرانیی کەمەرشکێنی نرخی پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانی خەڵک بە تایبەتی نان، شەکر، سووتەمەنی، دەرمان و هتد، بوون بە هۆی ئەوەی ناڕەزایەتیدەربڕین لەم بەش یا ئەو توێژی خەڵک دەربچێ و ببێتە گشتی. لە ڕووی خۆدەرخستنیشەوە، بێتە سەرشەقام و ببێتە سەرانسەری. خۆپێشاندانەکانی بەفرانباری ڕابردووی زیاتر لە ١٠٠ شاری ئێران، کە ئەو کات دۆخی ئابووری و ژیان و بەڕێچوونی خەڵک، بە ڕادەی ئێستاش خراپ نەبوو، و ئەو مانگرتنانەش کە لەو کاتەوە هەتا ئێستا لە لایەن کرێکاران، مامۆستایان، خاوەن کامیۆنەکان و هتددا هەبووە، هەموو ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن، کە بێزاری و ناهومێدیی خەڵک گەیوەتە دوا پلە و لە دەرفەتێک و بیانوویەک بۆ تەقینەوە و سەرڕێژکردن دەگەڕێ.

## بەردەوامبوونی ماکە و سەرچاوەی ئەو دۆخەی ئەمڕۆی ئێران لە سەر سیاسەتەکانیان

هەرچی خەڵک پتر هەست بە مەینەتی و ڕۆژڕەشییەکانی ژیانی خۆیان دەکەن، ماکە و سەرچاوەکانی گرفتاریی خۆیان و وڵاتی ئێران بەم دۆخەی ئەمڕۆ، زیاتر و باشتر دەناسن. ئەوان ئێستا ئیدی گومانێکیان نییە کە سەرکۆمار هەر کەسێک بێ و، مەجلیس بە دەست هەر کامێک لە قۆڵەکانی ئەو ڕێژیمە بێ، ناوکەی سەرەکیی ئەو دەسەڵاتە، (ڕێبەری و سپای پاسداران و هێندێک دامەزراوی دیکە)، وڵات هەر بەو جۆرە بەڕێوە دەبەن کە بەرژەوەندەیی خۆیان دەخوازێ. ئەم ناوکەیە کە هەموو جومگە سیاسی، نیزامی و ئابوورییەکانی ڕێژیمەکەیان لە کۆنترۆڵی خۆیان گرتووە، سامانی وڵات لە جیاتی لە باشکردنی ژیانی خەڵک یا لە وەڵامدانەوە بە سەرەتاییترین پێداویستییەکانی ئەو خەڵکە خەرج بکەن، لە هێشتنەوەی خۆیان و درێژەدانی ئەو سیاسەت و بەرنامە و پڕۆژانە خەرج دەکەن کە کەمترین سوود و بەرژەوەندەی خەڵکی تێدا نییە. پێداگری و بەردەوامیی سەرانی ئەو ڕێژیمە لە سەر نیازی بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی، دەستتێوەردانە سیاسی و نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی لە کاروباری نێوخۆی وڵاتانی ناوچە سەرەڕای ئەوەی ساڵانە بە میلیارد دۆلار سەرمایەی

بەشی سێهەم

خەڵکی ئێرانیان بۆ بە فیڕۆ دەدرێ، هیچ خواست و هیچ سوودێکی خەڵکیشیان تێدا نییە. ئەم ڕاستییە واتە بەردەوامیی دەسەڵاتداران لە سەر دزین و بە فیڕۆدانی سامانی وڵات لە پڕۆژە و سیاسەتی ئاژاوەگێڕانە ئەویش لە حاڵێکدا کە دانیشتووانی وڵات ژیانیان لەو پەڕی خراپی دایە، خەڵکیان لە سەر یەکلاکردنەوەی خەبات بە دژی ئەو ڕێژیمە، شێلگیرتر کردووە.

## چڕبوونەوەی ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆ و دەرەوەی وڵات لە سەر بەدیلی کۆماری ئیسلامی

پێی بە پێی قووڵتربوونەوەی نارەزایەتیی خەڵک بەرامبەر کۆماری ئیسلامی و نوێبوونەوەی گوشارە نێودەوڵەتییەکان، نەیارانی سیاسیی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆی ئێران و دەرەوەی وڵات، پتر هەست بە پێویستیی هاوکاری و هاوخەباتی و ساغبوونەوە لە سەر بەدیلی خۆیان بۆ جێگرتنەوەی ئەو ڕێژیمە دەکەن. لە مانگەکانی ڕابردوودا، کۆڕ و کۆبوونەوە و ئاڵوگۆڕی بیروڕا لە نێو ڕەوت و لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و بە مەبەستی ڕێککەوتن لە سەر بنەماکانی هاوپەیمانەتی و ساغبوونەوە لە سەر جێگرەوەی کۆماری ئیسلامی، هەم لە ڕووی چەندایەتییەوە، هەم لە رووی بەرەوپێشچوونەوە، پێشکەوتنیان بە خۆیانەوە دیوە. لە نێوخۆی وڵات، ئەو دەنگانەی دەڵێن لە چوارچێوەی ئەو ڕێژیمەدا، هیچ شانسێک بۆ وەدیهاتنی ویستە بنەڕەتییەکانی خەڵک نییە و پێویستە بەدوای دیتنەوەی چارەسەر لە دەرەوەی ئەو ڕێژیمەدا بگەڕێین، ڕاشکاوتر بوون. ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵاتیش نارەزایەتیی نێوخۆیی، داماویی ڕێژیم لە چارەسەری قەیرانەکان و گوشاری دەرەکی بۆ سەر ئەو ڕێژیمەی بە دەرفەت زانیوە کە هەستیارانەتر لە پێشوو بکەوێتە خۆ بۆ ئەوەی ڕۆڵێکی کاریگەری لە هاندان و ڕێبەریکردنی نارەزایەتیی خەڵک بە دژی کۆماری ئیسلامی لەم قۆناغە چارەنووسسازەدا هەبێ.

ناوکەی سەرەکیی دەسەڵات لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، نە لە توانای دایە چارەسەر بۆ ئەم قەیرانانە بدۆزێتەوە، نە ئامادەیی ئەوەی هەیە بە شێوەیەکی هێمنانە دەسەڵات ڕادەستی نوێنەرانی ڕاستەقینەی خەڵک بکا. لە ڕاستیدا لە بەر پێشینەی پڕ لە تاوان و گەندەڵیی خۆیان و لە ئەستۆبوونی بەرپرسایەتیی چوار دەیە بەڕێوەبردنی وڵات بەم شێوە ڕەشە، وەک هەمیشە، لە ڕووبەڕووبوونەوەی خەڵکدا، یەک ڕێگا لە بەردەم خۆیان دەبینن: سەرکوتی نارەزایەتییەکان و لە نێوبردنی فیزیکیی ڕێبەران، ڕێکخەران و سیماکانی خەباتی ئازادیخوازی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات. دیارە ئەو ڕێژیمە دەتوانێ بە هاسانی ژمارەیەکی کەم یا زۆر لە نەیارانی سیاسیی خۆی لە نێوخۆ یا لە دەرەوەی وڵات بە تێرۆر و کوشتنی گوماناوی لە نێو ببا، بەڵام ئەوەی کە گومانی تێدا نییە ئەوەیە کە ئەمجار بە هاسانی بەرۆکی خۆی و چارەنووسی خۆی لەم قۆناغە لە نارەزایەتی و بێزاریی خەڵک بۆ ڕزگار نابێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی نۆڤەمبەری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

# مافی مرۆڤ پێوەرێکی گرنگ لە جیهانی ئەمڕۆدا

## (بەبۆنەی ٧٠ ساڵەی پەسندکردنی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤەوە)

## بەرایی:

چەمکی «مافەکانی مرۆڤ» کە لە زمانی کوردیدا بۆ هاسانیی دەربڕین زیاتر بە «مافی مرۆڤ» ناو دەبرێ، لە ژیانی مرۆڤی ڕۆژگاری ئەمڕۆ و لە شارستانییەت و کولتوور و لایەنە جۆراوجۆرەکانی دیکەی کۆمەڵگە و وڵاتانی دنیای ئێستادا، بووە بە خاوەنی جێگە و پێگەیەکی گرنگ.

دیارە کە باس لەو چەمکە دەکرێ مەبەست ئەو بەشە لە مافە تاکەکەسی و بەکۆمەڵەکانییەتی کە لە چوارچێوەی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ یا لە بەر ڕووناکایی ئەو بەیاننامەیە لە توێی پەیماننامە و ڕێککەوتننامە جیهانییەکاندا پەسند کراون و لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دانیان پێدا نراوە. ئەم چەمکە هەم لە ڕووی تیۆر و لایەنی فیکری و نەزەرییەوە، هەم لە مەیدانی پراکتیک و پەیڕەوکردنی لە ژیانی ڕۆژانەدا، لک و پۆی زۆری لێ بووەتەوە و بووە بە خاوەنی ڕەهەندی جۆراوجۆر. مێژووەکەی، سەرچاوە شارستانی و فەلسەفییەکانی، دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانی داڕێژەر و پەسندکەر و پارێزەریان، جێگە و پێگەی ئەو مافانە لە یاسای وڵاتان و ڕوانین و هەڵسوکەوتی سیستەمە سیاسییە جیاوازەکان و کولتوور و ئایینە جۆراوجۆرەکان، بەرامبەریان، هێزێک و گوشارێک کە پەرەپێدەران و داکۆکیکارانی ئەم مافانە، پێکیان هێناوە و هتد، هەر یەکێکیان دەتوانن هەوێنی دەیان باس و توێژینەوە و لەسەر نووسینی دوور و درێژ بن.

## کورد و مافی مرۆڤ:

بۆ ئێمەی کورد چ وەک نەتەوە و چ لە ئاستی تاکەکەسیدا، بە تایبەتی بۆ حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان و هەروەها بۆ هەموو ئەو کەسانەش کە کاری سیاسی، میدیایی و چالاکیی مەدەنی بە ئامانجی خزمەتی نەتەوە و کۆمەڵی کوردستان دەکەن، تێگەیشتن لە گرنگیی ڕۆڵ و جێگەی مافی مرۆڤ لە پێوەندیی نێودەوڵەتی و پێوەندیی مرۆڤەکانی دنیای ئەمڕۆدا، زۆر پێویستە. دەتوانم بڵێم سەرەڕای هەموو دژایەتی و بەرهەڵستبوونەوەیەک کە بەرامبەر پێشڕەوی و جێگیربوون



سەرچاوە Serchawe

و کارپێکردنی ئەو مافانە لە دنیادا هەیە، هەتا دێ پتر دەبنە پێوەرێکی جیهانداگر بۆ دیاریکردن و داڕشتنەوەی: سنووری نێوان تاکەکان لەگەڵ یەکتر؛ پێوەندیی تاکەکان لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی وڵاتی خۆیان و؛ پێوەندیی نێوان دەسەڵاتی سیاسیی وڵاتان لە گەڵ دامەزراوە نێودەوڵەتییەکاندا.

نیزیکبوونەوە لە ١٠ی دیسەمبری ٢٠١٨، حەفتایەمین ساڵڕۆژی پەسندکرانی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ (١٩٤٨) کە دیارە ئەم ڕۆژە وەک «ڕۆژی جیهانیی مافی مرۆڤ»یش ناودێر کراوە، بە دەرفەت دەزانم بۆ ئەوەی لە سەر هۆ و ئامانجەکانی ئێمەی کورد لە گرنگیدان بە مافەکانی مرۆڤ هەڵوێستەیەک بکەم:

### یەکەم، بۆ ئەوەی مافە ئینسانییەکانی خۆمان بناسین و داوایان بکەین

ئێمەی کورد ئەگەر کێشەی داگیرکراوی و دابەشکراویی نیشتمان و بندەستی نەتەوەییشمان نەبا و خاوەنی کوردستانێکی سەربەخۆی یەکگرتوو و کیانێکی کوردیی تایبەت بە خۆشمان باین، دیسان وەک تاکێکی هاوشانی مرۆڤەکانی کۆمەڵ و وڵاتانی دیکە، ئەرکمان بوو بزانین وەک مرۆڤێک، چ کۆمەڵە ئازادی و مافێکی لە ئاستی دنیادا دانپێدانراومان هەیە تا هەم خۆمان وەک تاک داواکاری بین، هەم کیان و دەسەڵاتەکەی خۆمان لە دانپێدانان و دابینکردنیان، ئەرکدار و بەرپرسیار بێت. بە داخەوە لە درێژایی ٧٠ ساڵی ڕابردوودا، وێڕای مانەوەی واقیعی داگیرکراوی و دابەشکراویی کوردستان و بەردەوامیی بندەستی نەتەوەیی و لێکەوتەکانی دژ بە کەرامەتی مرۆڤ، وەک زۆربەی تاکەکانی پێکهاتە جیاوازەکانی ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بە سەر خاکی خۆیاندا لکاندوە، لە بەشی هەرە زۆری ماف و ئازادییە بە فەرمی ناسراوەکانی مرۆڤ، بێبەشین.

بەرەو ژوورچوونی زانیاری و قووڵبوونەوەی ناسیاویمان لە پێوەندی لە گەڵ مافەکانی خۆماندا، هاندەرمان دەبێ بۆ داواکردنیان و بەرگری لێ کردنیان ئەو کاتەی پێشێل دەکرێن. ڕاستە ئەو سیستەم و دەسەڵاتە سیاسییانەی لە ناوچەی ئێمە لە سەر کارن - لێرەدا زیاتر مەبەستم چوار وڵاتی ئێران، عێراق، تورکیە و سووریەیە - سیستەمێکی دێموکراتیک و خووگرتوو بە ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ نین، تا بە پێودانگی «مافەکانی مرۆڤ» ڕەفتار بکەن، بەڵام ئەوەش هەر ڕاستە کە شەڕ لە گەڵ سیستەمە دیکتاتۆر و دژە ئینسانییەکان لە شەڕگەی مافی مرۆڤدا، بۆ داواکارانی ئەو مافانە، ڕاکێشانی سەرنج و پشتیوانیی نێودەوڵەتی، بەدەستهێنانی «ڕەوایی» و جۆرێک سەرکەوتن و، بۆ پێشێلکەرانیشیان، هەمیشە بەدناوی و ڕسوایی و زۆر جاریش تێچووی سیاسی بە دواوە هەیە.

ئەزموون پێمان دەڵێ، هەوڵدان بۆ ویست و داخوازە جۆراوجۆرەکانی تاک و کۆمەڵ، کاتێک شوناس و ڕوخسارێکی مرۆڤپارێزانە وەردەگرن و بەپێی سروشتەکەی خۆیان دەچنە قالبێکی مەدەنییەوە، بە حوکمی ڕەوایی جیهانیی ئەو مافانە و پشتیوانیی ویژدانی گشتی لە خودی مافەکان و داکۆکیکەرانیان، هەم خەڵک بەبەراورد لە گەڵ شێوە و جۆرەکانی دیکەی خەبات و داوای سیاسی باشتر پێشوازییان لێ دەکەن، هەم بەرەوڕووبوونەوەی دەسەڵاتدارانیش لە گەڵی، دژوارتر دەبێ.

### دووهەم، بۆ ئەوەی لە بنەماڵە و کۆمەڵی خۆماندا، ڕێزیان لێ بگرین و ڕەچاویان بکەین

بە درێژایی ٧٠ ساڵی ڕابردوو، نەتەوەی کورد و هێزە سیاسییەکانی، لە خانەی بێبەشی لە مافی دیاریکردنی چارەنووس و لە ڕیزی قوربانییەکانی داگیرکاری و بندەستیی نەتەوەیی و کردەوە و ڕەفتاری دڕندانە و سەرکوتکەرانەدا بوون. لە ڕاستیدا حیزب و ڕێکخراوی سیاسی و ڕووناکبیر و تێکۆشەری کورد بە تایبەتی و نەتەوەکە بە گشتی، بەردەوام بۆخۆیان لە پێگەی داواکاری مافی مرۆڤدا بوون. ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی دۆخێک کە ئەو نەتەوەیە و تێکۆشەرانی تێیدابوون، شتێکی ئاساییە. لە زۆربەی ئەو ماوە دوور و درێژەدا، بە داخەوە کەم وا هەبووە هەلێکی وا بۆ کورد بڕەخسێ کە لە بەشێکی نیشتمانەکەی بەسەر چارەنووسی خۆیدا زاڵ بێ و بۆ خۆی، خۆی بەڕێوە بەرێ. ئەگەر ئەم جۆرە هەلانەش هەڵ کەوتوون، تاکی کورد لە لایەک بە هۆی مێژووی پڕ لە قوربانیدانی هێزە سیاسییەکانی و، لە لایەکی دیکەوە بە هۆی ئەو هەمووە بیرەوەرییە ناخۆشەی لە دەسەلاتداریتیی ڕێژیمە داگیرکەر و زۆردارەکان هەیبووە، بە دڵفرەوانی لە کردەوە و هەڵسوکەوتی «ناتەبا لەگەڵ ڕێوشوێنەکانی مافی مرۆڤ»ی هێزە سیاسییەکانی خۆی ڕوانیوە و چاوپۆشیی لێکردوون. دیارە دەکرێ هۆکاری دیکەش بۆ ئەم چاوپۆشی و بێدەنگییە هەبێ.

لەگەڵ ئەوەی زۆربەی هێزە سیاسییەکانی کورد لانیکەم لە بەرنامە و ئەدەبیاتی خۆیاندا، لەمێژ ساڵە داواکار و لایەنگری مافی مرۆڤن و، بە زۆریش هەم لە داوا سیاسییەکانیاندا هەقانییەت هەبووە و ڕەواییەکی شۆڕشگێڕانەی سەرچاوەگرتوو لە مێژووی پڕقوربانیدانی خۆیشیان لە گەڵدا بووە، بەڵام بەرزنەبوونەوەی دەنگی نارەزایەتیی کۆمەڵگە بەرامبەر کردەوەکانیان، هەمووی بۆ پەرێزخاوێنیی ئەو هێزانە لە بواری مافی مرۆڤدا ناگەڕێتەوە. بوونی ئەو هێزانە لە بەرەی ئازادیخوازی و بەرهەڵستکاری دیکتاتۆریدا، هەروەها جێکەوتوونەبوونی «مافی مرۆڤ» لە فکر و ڕوانینی تاکی کورد لە دەیەکانی پێشوودا، یارمەتیی بە شاراوە مانەوە و دەنگنەدانەوەی کەمترخەمی و پێشێلکاریی هێزە سیاسییە کوردەکان لە بواری مافی مرۆڤدا کردووە. بەڵام لە سەردەمی ئێستادا، هەم کۆمەڵگەی جیهانی و چاو و گوێ هەستیارەکانی دنیا ئامادە نین وەک جاران سەبارەت بە بەدناویی هێندێک لە ڕێژیمەکان، چاوپۆشی لە پێشێلکاریی هێزی سیاسی و دەسەڵاتی کوردی لە بواری

بەشی سێهەم

ماف و ئازادییەکانی خەڵکدا بکەن، هەم وشیاری و هەستیاریی خەڵکی و تاکەکانیش لە ئاست ماف و ئازادییەکانی خۆیان بەرەوژوور چووە. ئەنجامی ئەو کەم بایەخدان و پێشێلکارییانە لە لایەک دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوە و دابڕانی بەرەبەرەی خەڵک لەو هێز یا هێزانەی کە هەتا ئێستا بە چاوی ڕزگاریدەری خۆیان لێیان ڕوانیون، هەم کاریگەریی نەرێنیی، لە سەر ڕوانینی بیروڕای گشتیی دنیای ئازاد و پێشکەوتوو و دۆستانی پرسی کورد بەرامبەر هێزە سیاسییە کوردەکان دەبێ. ئەو ڕێژیمە دژ بە کوردانەش کە کارنامەیەکی ڕەشیان لە پێخوستکردنی نەک هەر مافە بنەڕەتییەکان بەڵکوو سەرەتاییترین مافەکانیشدا هەیە، بیانوویان بۆ پاساودانی تاوانەکانی خۆیان و هێنانە ژێرپرسیاری پرسی ڕەوای ئەو نەتەوەیە لە سۆنگەی هەڵەی ئەم بوارەی هێزە سیاسییەکانی کوردستان، دەکەوێتە دەست.

## پوختەی مەبەست

لە٧٠ ساڵەی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤدا، حەق وایە وەک نەتەوە، وەک هێزی سیاسی و دەسەڵاتی کوردی و وەک تاکێکی کورد، ستاتووسی خۆمان لە پێگەی هەمیشەیی داواکاری مافی مرۆڤ، بگوازینەوە بۆ «هەم داواکار، هەم پارێزەر»ی مافەکانی مرۆڤ. خۆمان ئەرکدار بکەین هەر وا کە دژی زەوتکردن و پێشێلکردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵکەکەمان و تاکەکانی کۆمەڵ لەلایەن داگیرکەران و ڕێژیمە دژ بە کوردەکان و تاقمە ڕەش و دژە ئینسانییەکانی وەک داعشین و بە دژیان دەوەستینەوە، لە بنەماڵە و لەنێو کۆمەڵدا، ماف و ئازادییەکانی تاک و پێکهاتە جیاوازەکان بەڕەسمی بناسین و بیانپارێزین، لە نێو حیزب و ڕێکخراو و لە ناوچەی ژێردەسەڵاتماندا، دابینکەر و پەرەپێدەری ئەو مافانە بین و، نامۆیی و جیاوازیی خۆمان لە گەڵ ڕێژیمە داگیرکەر و شۆڤێنییەکان و دەسەڵاتە دیکتاتۆر و دژە ئینسانییەکان، بە جێگیرکردنی ئەو بایەخ و پێوەر و ڕوخسارە مرۆییانە نیشان بدەین کە دنیای ئێمە لە هی ئەوان جیا دەکاتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی دێسەمبەری ٢٠١٨



سەرچاوە Serchawe

## قسەکانی قادر وریا لە ڕێورەسمی پرسەی شاعیر و تێکۆشەری ناسراو ئەنوەرخان سوڵتانپەنا

ئامـاژە: ڕۆژی ١٤ی دیسـەمبری ئەمسـاڵ، بە دوای بەخاکسپاردنی تەرمی ڕەوانشـاد ئەنوەرخـان سـوڵتانپەنا لە یەکێک لە گۆڕستانەکانی شاری ئۆسلۆ، ڕێورەسمێکی پرسە و هاوخەمی لە ئۆسلۆ بە بەشداریی سەدان کەس لە تێکۆشەران و ئەندامانی حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان بەڕێوەچوو. لەم ڕێورەسمە دا، قـادر وریـا ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردسـتان، وێـڕای ڕاگەیانـدنی هـاوخەمیی حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان بە بنەمـاڵەی ڕەوانشـاد ئەنوەرخـان، لە سـەر کەسایەتیی شاعیر و ڕابردووی بنەماڵەکەیان لە بزووتنەوەی نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا قسـەی کرد و، ئاوڕێکیشی لە بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەنوەرخان دایەوە. ئەوەی خوارەوە دەقی قسەکانی قادر وریا لەو ڕێورەسمە دایە:

### بێهجەت خانم!

کچ و کوڕەکانی ئەنوەرخان و برازاکانی ئەنوەرخان و بە گشتی بنەماڵەی بەڕێزی سوڵتانپەنا!

نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان و سەرجەم ئامادەبووانی ئەم کۆڕیادە!

لە لایەن دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە بە گەرمی سەرەخۆشی دەکەم لە بنەمـاڵەی بەڕێـزی سـوڵتانپەنا، لە هەموو ئۆگران و دۆستان و خۆشەویستانی ئەنوەرخان و لە تەک تەکی ڕۆڵەکـانی دیمـوکرات، چونکە ئەنوەرخـان خۆی بە هی هەموان و، بە هی موو کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان دەزانی.

باسی کاک ئەنوەرخان و باسی بنەماڵەی سوڵتانپەنا دەکەین. بنەماڵەی سوڵتانپەنا لەو بنەمـاڵانەی کوردستانن کە نەک لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانـی ئێـران بەڵکوو بە دەیـان سـاڵ پێشـتر لە سـەردەمی ڕێژیمـی پەهلەویـدا، ژیـانی خۆیـان و چارەنووسی خۆیـان لە حیزبی دیموکرات گرێ دا. دەزانین کە کاک ئەنـوەر بـۆ خـۆی لە پەنجایەکـانی دەیەی زایینیـدا بـوو بە ئەندامی حیزب. لە دەیەی ٣٠ی هەتـاوی دا کـاک قـادر خـان و کـاک ئەنوەرخـان وەک دوو تێکۆشـەری ئەو بنەمـاڵەیە چوونە بەنـدیخانەی ڕێژیمـی پەهـلەوی. لە دوای شۆڕشیشـەوە دەزانـین کە ئەم بنەمـاڵەیە بە گشـتی، بە چەنـدان تێکۆشـەریان لە

بەشی سێهەم

ڕیزەکانی حیزبی دیموکرات و لە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد دا بەشدار بوون و ناویان و چێهرەیان بۆ تێکۆشەرانی کورد بە هۆی رابردوویانەوە ئاشنایە. کە وابوو وەکوو بنەماڵە، بنەمالەیەکی خۆشناو و نیشتمانپەروەر و بنەماڵەیەکی بە رابردوون لە مێژووی بزووتنەوەی ئازادیخوازیدا.

دیارە کە باسی ئەو بنەماڵەیەش دەکەین پێم خۆشە یادی (دوو کەس لە) ژنانی ئەو بنەماڵەیەش بکەمەوە: بێهجەت خانم کە ئێستا تەشریفی لێرەیە و هەر وەها خێڵان خانم هاوسەری ڕەحمەتی ڕەوانشاد کاک قادرخان سوڵتانپەنا. هەر وەها یادی خودی قادرخانیش بکەمەوە کە دەکرێ بڵێم نموونەی وەفاداری بوو بۆ نەتەوەکەی، بۆ حیزبی دیموکرات و بۆ بزووتنەوەی کورد لە هەموو بەشەکان و، تا دواساتی ژیانی لە خەبات و تێکۆشان دابوو، یانی نە زیندان کۆڵی پێ دا و، (نە سەختییەکانی ژیانی پێشمەرگایەتی)، هەتا ئەو کاتەی دوایین هەناسەی هەڵکێشا لە سەنگەری پێشمەرگایەتیدا خزمەتی کرد. دیارە خودی ئەنوەرخانیش بەندیخانەی زەمانی شای دیت، بەندیخانەی سەردەمی کۆماری ئیسلامیی دیت و هەر وەها سالانێکی زۆر لە ڕیزی تێکۆشەراندا لە شاخ و داخەکانی کوردستان ئەرکی جۆراوجۆری بەڕێوە برد و دوایەش لە کاتی هاتن بۆ دەرەوەی وڵات گیرا، تەحویلی ئێران درایەوە و سالانێک لەوێ تووشی زیندان و دەسبەسەری بوو تا سەرئەنجام لە ئورووپا گیرسایەوە.

ئێستا کە ئەمڕۆ ئەو خۆشەویستە - مام ئەنوەر- مان بە خاک سپارد و لێرەش بۆ دواماڵاوایی و بۆ دابەشینی خەمی ئەو بە سەر خۆماندا لێرە کۆ بووینەتەوە، پێم خۆشە هەڵوێستەیەک بکەم لە سەر کەسایەتیی مام ئەنوەر. لە پێشدا مام ئەنوەر وەکوو خەباتگێڕێک، وەکوو کەسێک کە دەیتوانی خۆشترین ژیانی هەبێ بەڵام نە لە سەردەمی ڕێژیمی پەهلەوی و نە لە سەردەمی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا سەرەرای ئەو ئیمکانات و ماڵ و ناوبانگ و ئەو هەمووە تایفە و عەشیرەیە(ی هەیانبوو)، ژیانی پێشمەرگانەی تەرجیح دا بە سەر ژیانی پڕ لە خۆشی دا. بۆ؟ چونکە بە باوەڕەوە ڕێبازی کوردایەتی و ڕێبازی خزمەت بە نەتەوەکەی هەڵبژاردبوو. (بۆیە) دەڵێم بە باوەڕەوە، چونکە نووسەران و شاعیران ئەو شانسەیان هەیە کە زۆر شتیان سەبت دەبێ.

من بە منداڵی شێعرێکم هاتبووە بەر کە دەڵێ:

"قلم گفتا کە من شاه جهانم
قلمزد را بە دولت میرسانم"



سەرچاوە
Serchawe

بەشی سێهەم

ئەنوەرخـانیش لە سایەی قەڵەمەکەیەوە، ئێمە نەک هەر لە دوای ئینقلابەوە بەڵکوو زۆرپێشتریش دەتـوانین بیـرو بـاوەڕی بخوێنینەوە. ئەگەر چاو لە دیوانی شێعرەکانی دەکەین کە تازە چاپ بـووە، دەبینین کە لە چلەکـانی (سـاڵی) هەتـاوی و لە پەنجاکـانی هەتـاوی شێعری چەنـدە جوان و نیشتمانیی هەیە. بۆیە هـاتنی مـام ئەنـوەر بـۆ نێـو کـاری سیاسـی و بـۆ نێـو حیزبایەتی بەرهەمی تێگەیشتنە، بەرهەمی خوێندنەوەیە، بەرهەمی کامڵبوونی عەقڵی و مەعریفەتە. ئەوە شێعرەکانی، ئەو شاهیدییەی بۆ دەدەن. لە دوای شۆڕشیشەوە کە وەکوو پێشمەرگە لە بەشە جۆراوجۆرەکـانی حیـزب کـاری کردوە. یەکێک لە شوێنەکانی تێکۆشانی، راگەیـاندنی حیزب بوو. بە نووسین، بە وەرگێڕان و لەمانەش گرنگتر بە کـاری ئەدەبی، مـام ئەنـوەر ئەوەی لە دەسـتی هـاتوە بـۆ نەتەوەکەی کـردی. دیـوانی ئەنوەرخـان پـڕە لە شـتی جـوان. لە پێشـدا وەک زمـان، زمـانی ئەنوەرخان، ئینسان کە بە دیققەت شێعرەکانی دەخوێنێتەوە ، ئەو هەمووە وشە جوانە کوردییە دەبینێ کە بە تـایبەتی هی ناوچەکانی سەقز و دەوروبەرن کە مام ئەنـوەر لێیـان پەروەردە بـووە- و لە شێعرەکانی دا هێنـاونی. زمـانێکی کـوردیی پـاراو کە هەموومان دەتوانین لێی فێر بین. بەڵام لە زمانەکەشی گرنگتر نـاوەرۆکەکەیەتی: نـاوەرۆکێکی ئینسـانی کە بـاس لە ژن دەکا، باس لە خۆشەویستی دەکا، باس لە نیشتمان دەکا، باس لە یەکیەتیی ڕیزەکانی گەلی کورد لە بەشە جۆراوجۆرەکـانی کوردستان دەکـا. لە هەر بـارێکەوە کە ئینسـان تیـی دا دەگەڕێ، ئەوەنـدە شتی جوان دەبینییەوە کە بیکەی بە تـابلۆیەک و بیکەی بە سەر لەوحەیەک لە بەردەمی خۆتی دابنێی و لێی فێر بی. بۆیە مـام ئەنـوەر لە بـاری ئەدەبییشـەوە و لە ڕووی روانگەکانیشیەوە کەسێکە کە بە راسـتی دەبێ بە تـایبەتی ڕێـزی لێ بگیـرێ. رەنگە لەمرۆدا فورسـەت نەبێ زۆر لە سـەر لایەنە ئەدەبییەکانی و نووسینەکانی مام ئەنوەر و لە سەر شێعرەکانی بدوێین، چونکە بۆنەکە بۆنەیەکی دیکەیە.

**بەڵام وەک دەڵێن:**

" آب دریا را اگر نتوان کشید
هم به قدر تشنگی باید چشید"

لەو دەرفەتە کەمەش دا ئەمن پێم خۆشە دوو شت لە دیوانی کاک ئەنوەر بـاس بکەم. یەکێکیـان کە من کەمێکم بـاس کرد، باسی ژنانی ئەو بنەماڵەیە کە بە راستی زۆر جار کە ئێمە یادی تێکۆشەران دەکەینەوە ئەوەمـان لە بیـر دەچێتەوە کە ژنـان چ بەشدارییەکیان هەیە. یـانی ئەگەر ئەنوەرخـان توانیـویەتی لە شـاخ و چیـا و دەربەدەریـدا بە سـەربەرزی بمێنێتەوە، هـی ئەوەیە کە دەزانێ لە مـاڵەوە چەنـدە پێی وەفادارن، چەنـدە ئەو ژیـانەی بە شـانازیی دەزانـن. ئەگەر قادرخـان تـوانی ئەم ژیانە تـا ئاخیری بێنێ، هی ئەوەیە کە کەسێکی وەکوو خێڵان خان تـا ئاخرنەفەسەکانی شانازیی بەو ژیـانەی وی کرد. کـاک ئەنوەر لە شێعرێکی دا ئەوە زۆر جوان باس دەکا. لە شێعرێکی کە لە جوابی نـامەی هـاوژینەکەی دایە بـاسی دەکـا. شێعرەکە

## بەشی سێهەم

- هەمووی ناخوێنمەوە - باسی ئەو کاتە دەکا کە نامەیەکی لە هاوژیانەکەیەوە بۆ دێ. باسی ئەو دۆخە و ئەو هەلومەرجە دەکا کە نامەکەی پێ دەگا.

**با بزانین شاعیر کە نامەکەی هەڵ دەپچڕێ، نیگەرانی چیە؟:**

**ئێستا هەواڵان هەموومان جەمین**
**من و تەنیایی و نامەی تۆ و خەمین**
**نامەم کردەوە بە دڵەی پەشێو**
**وێکڕا دەلەرزین دەست و دڵ و لێو**
**نەکا پەیامی تانە و تیان بێ**
**گازندەت لە دەست سەختیی ژیان بی**
**یا خۆ گلەییت لە جیایی بێ**
**لە بێ هاوسەری و لە تەنیایی بێ**
**کەچی نووسیبووت شاد و سەربەرزی**
**بەختەوەرترین ژنی سەرئەرزی**
**چونکە هاوژینت لە سەنگەر دایە**
**لە گەڵ دوژمنی گەل لە شەڕ دایە.**

بۆ ئەوەی زۆر کات نەگرم، (دەڵێم) هەر کامێک لە ئێمە کە ساڵانێکی زۆر لە خزمەت کاک ئەنوەرخان دابووین، ناسیومانە، لێی فێربووین، چێژمان وەرگرتوە لە هاونشینی، لە بەرهەمەکانی، دەکرێ هەر یەکەی تەسویرێکی ئەنوەرخان لە زێهنمان دابێ. من حەز دەکەم ئەنوەرخانم هەمیشە بەو شێعرەی کە بۆ کۆنگرەی ١٢ی حیزبی دیموکراتی ناردبوو، لەبەرچاو بێ. دەزانن کە ئەنوەرخان - لەو ساڵانەی دواییش دا دەمانبینی - زۆری هەوڵ دا حیزبی دیموکرات بە یەکگرتوویی ببینێ، ئارەزووی ئەوە بوو کە جووڵانەوەی کورد لە هەر بەشێک تەبایی و یەکیەتی و هاوپەیمانیی لە بەین دابێ. من لە یادکردنەوەی مام ئەنوەر لەو فورسەتە دا پێم خۆشە چەند دێڕێک لە شێعرێک کە مام ئەنوەر بۆ کۆنگرەی ١٢ی ناردبوو (بخوێنمەوە) کە دەتوانێ بۆ ئێستاش پەیام بێ بۆ هەموو تێکۆشەرانی دیموکرات کە هەوڵ بدەن بۆ یەکگرتوویی حیزبی دیموکرات، بۆ هاوخەباتی حیزبی دیموکرات و بۆ وەدیهێنانی ئەو ئاواتانەی کە مام ئەنوەر و زۆر تێکۆشەری دیکە هەر لە دڵیان دابوو و نەهاتە دی و سەریان نایەوە. ئەو شێعرە وەختی خۆشی زۆر کاریگەریی هەبوو.



سەرچاوە Serchawe

بەشی سێهەم

**شاعیر لەو شێعرەی دا کە پێ دادێ باسی کۆنگرە و فەزایەکەی و سێ ڕێبەری شەهیدی حیزب دەکا، دوایە دەڵێ:**

**"ئەو سێیە و باقیی شەهیدان**
**سەربازانی ڕێی نیشتمان**
**ئەوانەی گیانیان بەخت کرد**
**ڕێگایان بۆ"مان" تەخت کرد**
**هەر ئێستا لەو دەوروبەرەن**
**ئامادەی ژووری کۆنگرەن**
**هەموو لە گەڵ ئێوە دەدوێن**
**بە یەک زمان پێتان دەڵێن**
**بە نویخوازی و بە بیری ورد**
**سارێژی کەن برینی کورد**
**چونکە ژینی جیهانی نوێ**
**بۆچوونی تازەی پێ دەوێ.**
**------**
**وێڕای کۆی ئەو شەهیدانە**
**میللەتێک هیوای پێتانە**
**ئەوانەی وا دوورەوارن**
**کۆلیل گەرم و بە ئازارن**
**هەموو چین و توێژێکی کورد**
**ژن و پیاو و درشت و ورد**
**هەر لە ئیلام هەتا خۆیە**
**دەڕواننە شاری کۆیە**
**ئەو شوێنەی وا پاش گفتوگۆ**
**هەڵبژاردەی لێ دەبن کۆ**
**هەموو بەڵێنیان پێ داون**
**لە سەر پەیمان راوەستاون**
**هەر وا خاوەن هەست و سۆزن**
**هیزی خەباتی پیرۆزن**
**هەر وا پشت و پەناتانن**

بەشی سێهەم

تینی وره و بڕواتانن
ئێوەش دەبێ ڕق ئەستوور بن
له سەر داوای رەوا سوور بن
پشکۆی خەبات گەشاوەتر
ئاڵاتان هەر شەکاوەتر
بە دروشمی قەت نەسرەوتن
هەتا ترۆپکی سەرکەوتن
کاروانتان با هەر لە ڕێ بێ"
مژدەی رزگاربوونتان پێ بێ.

گیانی ئەنوەرخان شاد بێ و هیوادارین هەموومان ئەو پەیامانەی مام ئەنوەر له نووسینەکانی دا، له هاتوچۆکانی دا، له کۆڕ و بۆنەکان دا، بۆ ئێمەی تێکۆشەرانی گەلی کوردی هەبوو، له گوێیان بگرین و به بەردەوامبوون له سەر تێکۆشان، به تەبایی ڕیزەکانی گەلی کورد و حیزبی دیموکرات و هیزە سیاسییەکانی دیکه بتوانین ئامانجەکانی ئەنوەرخان و هەموو تێکۆشەرانی گەلی کورد که ژیانی خۆیان و تەمەنی خۆیان تەرخان کرد بۆ (خەبات له ڕێی) ڕزگاریی نەتەوەکەیان و به داخەوە نەشیان دیت، وەدی بێنین.

سوپاستان دەکەم.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی دێسەمبەری ٢٠١٨

## یەلدایەک، لە قەڵای دیموکراتەوە بۆ نێو دڵی نیشتمان

**هەبوو نەبوو، شەو یەلدایەکمان هەبوو....**
**هەمانبوو، بەڵام وەک نەمانبێ وابوو...**

هەمانبوو، بەلاشمانەوە خۆشەویست بوو، نەک لە بەر ئەو ئەفسانانەی ئێرانییەکان دەیڵێن و دەیڵێنەوە و فرێ بە ئێمەوە نیە، بەڵکوو لە بەر ڕەگی ڕۆچووی بە نێو قووڵایی باوەڕ و فۆلکلۆری نەتەوەکەی خۆماندا، هەروەها چونکە شەوی لە دایکبوونی سەرکردە و کەسایەتییەکی خۆشەویستی مێژووی هاوچەرخمان بوو.
بەڵام وەک نەمانبێ وابوو...، چونکە نەمانکردبوو بە نەریتێک کە بیکەین بە بۆنەی لێک کۆبوونەوە و خۆشی نواندن، نەوەک خراپمان بۆ لێک بدەنەوە و بە خراپ لەسەرمان بنووسن کە ڕۆژی لە دایکبوونی کەسایەتییەکی وەک د.قاسملوو دەکەین بە جێژن!! لە ١٥ ساڵ لەمەوبەرەوە، بە هیممەتی پێشمەرگە لاوەکان و کچ و کوڕە دیموکراتەکانمان ئەو شەوە بەرەبەرە لە سەر حیزب کرا بە ماڵ و، کرا بە شەوی شەواهەنگ و جێژن و خۆشی. شەوی یەلدای هەر ساڵێکمان بوو بە دەرفەت بۆ ئەوەی لاوەکانمان، لێکمان کۆ بکەنەوە و بە دەم یادکردنەوەی بیر و باوەڕ و ژیان و تێکۆشانی پڕ لە دەرس و لێ فێربوونی د.قاسملووی ڕێبەر، شانۆ و گۆرانی و شێعر و قسەی خۆش و هەڵپەڕکێی کوردیمان پێشکەش بکەن و شەوچەلەی بە هەنار و شووتی نەخشاوی شەوی دەسپێکی زستانمان، ڕازاوەتر بکەن. ساڵانێک یەلدا وا هات و ڕابرد...

دوو ساڵ لەمەوبەر، شەمشەمە کوێرەکانی ڕاهاتوو بە جەهل و تاریکی، کە جڵەوی دەسەڵاتی ئێرانیان لە دەست دایە، شەواهەنگی یەلدامانیان بە دەرفەت زانی بۆ ئەوەی ڕق و قینی بێبڕانەوەی خۆیان بە ڕێبوارانی ڕووناکی، بە "دڵی داگیرساو"ی خەباتی ئازادیخوازیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە قەڵای دیموکرات و ئەو کاروانەی بە قاسملوو، دەناسرێتەوە، بڕێژن. ئەوان هەناری دڵی جووڵانەوەیکیان کردە نیشانەی تاوانە گەورەکەیان و بەشی کوشتنی دەنک دەنکی ئەو هەنارە "تی ئێن تی"یان بۆ هێنابووین. بۆمبەکانی ئەوان "یەلدا" و هەنار و شووتی و ڕەشبەڵەک و گۆرانی و سروود و بەژنی پۆلێک ئازیزی ئەم شەواهەنگەیان نوقمی دووکەڵ و تێکەڵ بە بۆکرووز و شەلاڵی خوێن کردین. لە سەر دڵمان بوو بە گرێ کە ئەم تاقە شەوەی ساڵیان، لە بۆنەیەکی خۆشەوە کرد بە ناخۆش، یەلدامان لەمە بەدواوە، لە جیاتی خۆشی کردن، دەبێ بۆ یادی شەهیدانی یەلدای ٢٠١٦ تەرخان بکەین.
کارەساتێکی گەورە بوو. لە گەرمەی شادی و خۆشی دا، گیانی ٧ ئازیزی بەشداری ئەم خۆشییەت لێ بستێنن! ئەم تاوانە ئەوەندە تاڵ و گەورە بوو کە نەشێ هەتا ساڵانێکی زۆر لە بیر بچێتەوە. بەڵام کوا، قەدەری نەتەوەی کورد و بە تایبەتی

بەشی سێهەم

کوا قەدەری تێکۆشەرانی ئەم نەتەوەیە، بەوەی تا ئێرە بەسەریان هاتوە، دەبڕێتەوە؟! دەسەڵاتدارانی دڵڕەشی ئێران، کە دیتیان قەڵای دیموکرات و حیزبی دیموکراتی کوردستان، بەم جۆرە تاوانانە بە چۆک دانایەن، ئەم جارە پلانی تاوانی بە سەد قات گەورەتریان داڕشت. ئەم جار بەو چەکانەی دەوڵەتان و زلهێزەکان شەڕی یەکتریان پێ دەکەن، لە قەڵای دیموکراتیان دا و پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانیان کردە ئامانجی مووشەکە دوورمەوداکانیان. تاوانێکی بێ وێنە بە دوای تاوانێکی گەورەدا و، قوربانییەکانی ئەم جاریش بە چەند قات زیاتر و گەورەتر لە هی پێشوو. حیزبێک و جووڵانەوەیەک دەبێ زۆر ڕیشەدار و خەڵکی بن کە بەم جۆرە زەبرانە نەکەون و هەستنەوە و ڕاست ببنەوە. مانگرتنی گشتیی ٢١ی خەرمانانی ڕابردوو، ٤ڕۆژبە دوای ئەم مووشەکبارانە و ئێعدامی پۆلێک بەندیی سیاسیی کورد، وڵامی خەڵکی کوردستان بە ڕێژیمێک بوو کە کچ و کوڕە بەندکراو و پێشمەرگەکانیان بە بۆمب و مووشەک و سێدارە لێ دەستێنێ. ئەمەی ئەمساڵیش خەڵکی ڕۆژهەڵات لە شەوی یەلدادا لە زۆر شار و گوندی خۆیان کردیان، وڵامێکی دیکە بوو بەو ڕێژیمەی تاوانەکانی شەوی یەلدای ٢٠١٦ و ١٧ی خەرمانانی ئەمساڵی خوڵقاند.

ئەمساڵ لە شەوی یەلدادا، یادی ڕێبەری لەدایکبووی شەوی یەلدا و بیرەوەریی قوربانیەکانی دوو تاوانی "شەوی یەلدای ٢٠١٦" و مووشەکبارانی ١٧ی خەرمانانی قەڵای دیموکراتی، هاندەری خەڵکی وشیار و بە هەڵوێستی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو بۆ ئەوەی جارێکی دیکە لەمەیداندابوونی خۆیان بسەلمێننەوە. جێژنگرتن وهاوپێوەندی و کۆڕ و ئاپۆرای ئەو خەڵکە و زایەڵەی دروشم و گۆرانی و سروودی "بە پیرۆز بێ، پیرۆزبێ جێژنی لە دایک بوونت، دنیا بە تۆوە خۆشە کە مانای هەیە بوونت" لە جەرگەی دەسەڵاتی سەرکوتکەرانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دا، وڵامێکی دیکەی خەڵکی کوردستان بوو بە ڕێبەران و جلەوبەدەستانی ئەو ڕێژیمە. تاریکپەرستانی تاوانخوڵقێن هەوڵیان دا یەلدای نەخشاو بەقاسملووی هێما، لەقەڵای دیموکرات و بنکەکانی پێشمەرگەدا، تازیەبار و بێدەنگ کەن. کەچی لە بەردەمی بنکە و ناوەندەکانی دەسەلاتدارەتیی خۆیان دا، "یەلدا" لە هەیبەتی جێژنی لە دایکبوونی قاسملووی هێمای خەباتی ڕەوای نەتەوەیەک دا، بە گژیان دا چۆوە. ئەمەش درێژەی هەمان نەریتی ئەو میللەتەیە کە قاسملووی شەهیدکراو لە سەر مێزی وتووێژیان، بە مانگرتنە گشتیەکانی ٢٢ی پووشپەڕی هەر ساڵێک، و بە بەرز ڕاگرتنی یادی لە ژیان و خەباتی ڕۆژانەیاندا، زیندوو کردووەتەوە.

شەوی یەلدای ١٣٩٧

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی دێسەمبەری ٢٠١٨

**بابەتی ساڵی ........................ ٢٠١٩**

## ئاستەنگەکانی بەردەم بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەرکە هەنووکەییەکان

ئاماژە: لە ١٥ ی دیسامبری ڕابردوو بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگە و ڕۆژی ڕێزگرتن لە ئاڵای کوردستان، سمینارێک لەلایەن کۆمیتەی نۆروێژی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بۆ هاوڕێیان قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسی و خاتوو گوڵاڵە شەرەفکەندی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب لە شاری ئۆسلۆ پێکهات. ئەمەی خوارەوە دەقی پیادەکراوی باسەکەی هاوڕێ قادر وریا لەو سمینارە دایە کە بۆ بڵاوبوونەوە لە ڕۆژنامەی کوردستان ئامادە کراوە.

**پێشەکی:**
**دۆستانی بەڕێز! هاوڕێیانی خۆشەویست!**

بەخێر بێن بۆ سمیناری ڕێزگرتن لە ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی ئاڵای کوردستان و ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان.

وێڕای بەخێرهاتنتان، لەسەرەتاوە حەز دەکەم پیرۆزبایی ئەو بۆنەیە لە هەموو تێکۆشەرانی ڕێبازی ئاڵای کوردستان و هەروەها هەموو پێشمەرگەکانی چەندین دەیەی ڕابردوو بکەم کە لە سەنگەری بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستاندا خزمەتیان کردووە. هەروەها سڵاویش دەنێرم بۆ شەهیدانی کوردستان، ئەوانەی کە لە ڕێگای شەکاوەڕاگرتنی ئاڵای کوردستان و لە سەنگەری پێشمەرگایەتیدا گیانیان بەخت کردووە، لە پێشەوەی هەموویان پێشەوا قازی محەممەد، سەرکۆماری کوردستان و، لە دوا وێستگەی ئەو کاروانەشدا شەهیدانی ١٧ی خەرمانان کە لە تاوانێکی سنووربەزێنانە و ئەخلاقبەزێنانە و دڕندانەی کۆماری ئیسلامی لە هاوینی ڕابردوودا، بەهۆی مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات، گیانیان بەخت کرد.

### مەبەست لە بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات

سەرەتای ئەو بزووتنەوەیەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان مەبەستمە، دەگەڕێتەوە بۆ ٧٥ ساڵی ڕابردوو. بەڵام ئەگەر باسی ئەو دەورەیەی دوایی بکەین، دەبێ بگەڕێینەوە بۆ دەسپێکردنی خەباتی گەلی کورد لەگەڵ جمهووری ئیسلامیدا. پێویستە ئەمەش بڵێم ساڵانێک ئەگەر باسی بزووتنەوی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانمان دەکرد زۆرتر بزووتنەوە لە هێزە سیاسییەکاندا خۆی دەنواند. چونکە هێزە سیاسییەکان لەنێو خەڵک بوون، لە ناوچەی نفووزی خۆیاندا دەسەڵات بوون، هێزی پێشمەرگەیان هەبوو، مەجبوور بوون کاروباری ڕۆژانەی کۆمەڵانی خەڵک ڕایی بکەن و بەڕێوەی بەرن. لە دەرەوەی هێزە سیاسییەکان حەرەکەتێک نەبوو بۆ داواکاریی مافەکان. خەڵک ئەگەر جموجۆڵی سیاسیشی دەکرد لە ڕێگای کۆبوونەوە لە دەوری ئەو هێزانە و پشتگرتنی ئەوان بوو. هەر ئەوانیش لە دانیشتن لەگەڵ حکوومەتی مەرکەزیدا، لەگەڵ ڕاگەیەنەکان و هتددا، نوێنەرایەتیی خەڵکیان دەکرد. ڕاگەیەنەکان و چاودێرانی سیاسی ئەگەر بیانویستبایە قسەیەک لە جووڵانەوەی کورد ببیستن، لە ڕیزی پێشەوەی جووڵانەوەکەدا حیزبەکان هەبوون و ڕوویان لەوان دەکرد. بۆیە لە دوای هاتنە سەر کاری ڕێژیمی تازە و لەو کاتەدا کە کورد لەگەڵ ڕێژیمی تازە کێشەی لێ پەیدا بوو لەو وەختەیەوە هەتا ساڵانێکی زۆر، دەتوانین بڵێین هێزە سیاسییەکان پێکهێنەری بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون.

بەڵام زیاتر لە دەیەیەکە کە باسی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین ناتوانین ڕوویەکی دیکەی ئەو بزووتنەوەیە نەبینین. ئەویش ئەو خەباتەیە کە لە نێو خەڵکدا هەیە. ناڵێم پێوەندیی نییە بە حیزبەکانەوە، یا حیزبەکان کاریگەرییان لەسەری نییە. مەسەلەکە ئەوەیە لە هەلومەرجێکی دیکەدا خەڵک هاتۆتە مەیدان، بە شێوەی جۆراوجۆر قسەی خۆی دەکا و بۆ مافەکانی خۆی، بۆ ئازادییەکانی خۆی خەبات دەکا. ئەو دووانە تەواوکەری یەکترن و لێک جیا نین. بەڵام سروشتییە دوو فۆرمی جیاواز، دوو جوغرافیای جیاوازی تێکۆشان و، دوو هەلومەرجی جیاوازیان هەیە. بۆیە من کە دەڵێم بزووتنەوەی کورد، مەبەستم هەر دوو بەشیەتی، هەم تێکۆشانی هێزە سیاسییەکان و هەم ئەو خەباتە جۆراوجۆرە کە لە نێو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەیە.

## ٣ قۆناغ لە بزووتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵاتدا

وەک سەرەتایەک بۆ ئەو باسە پێویستە قۆناغبەندییەک بکەین بۆ بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لە ساڵی ١٣٥٨ـەوە کە لە نێوان ئەو بزووتنەوەیە و کۆماری ئیسلامیدا کێشە درووست بوو، هەتا ئێستا ئێمە چەند قۆناغێکمان بڕیوە. بۆخۆم ئاوای دابەش دەکەم - مەرج نییە پۆلێنکردنەکەم زۆر زانستی بێ - و ئەمە بۆ هاسانیی باسکردن لە هەلومەرج و ئاڵوگۆڕەکان و تایبەتمەندییەکانی هەر قۆناغێکە.



سەرچاوە
Serchawe

بەشی سێهەم

لە هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە تا ئێستا خەبات و تێکۆشانی کوردی ڕۆژهەڵات لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بە سێ قۆناغدا تێپەڕیوە:

## قۆناغی یەکەم: قۆناغی داسەپانی شەڕ بەسەر کورددا:

دوای ئەوەی کە شۆڕش لە ئێران سەرکەوت و نیزامی تازە هاتە سەر کار، سروشتی بوو کورد کە ساڵانێکی درێژ بوو خەباتی کردبوو بۆ مافەکانی و خاوەنی کۆماری کوردستان بوو، خاوەنی بزووتنەوەی ٤٦ - ٤٧ بوو، بۆیەش لە شۆڕشدا بەشداری نەکردبوو کە حکوومەتێکی ئیسلامی بێنێتە سەرکار، چاوەڕوان بوو مافەکانی دابین ببێ. ڕێژیمی تازە لەباتی دابینکردنی مافەکانی خەڵکی کوردستان شەڕی لەگەڵ کرد. ئەو شەڕە دەکرێ بڵێم هەتا نێوەڕاستەکانی دەیەی ٧٠ی هەتاوی خایاند، لە پێشدا بە شێوەی جەبهەیی و دوایە بەشێوەی پارتیزانی. ئەوە قۆناغێکە کە بزووتنەوەی کورد، بەرە بەرە لە شار و ناوچەکانی خۆی پاشەکشەی کرد، چونکە ئەو ئیمکانەی نەبوو بتوانێ بەشێوەی نیزامی بەرامبەر بە دەسەڵات ڕابوەستێ و پاش قوربانیدانێکی زۆر - دەکرێ بڵێم بۆ هەر بستێکی خاکی خۆی کە بەجێی هێشت، قوربانی دا - بەڵام لە نیهایەتدا نەیتوانی ئەو ناوچەیەی لە ژێر نفووزی خۆیدا بوو بپارێزێ و، ناچار بوو بچێتە ئەو دیوی سنوورەکان و لەوێ نیشتەجێ بێ. هێزە سیاسییەکان مەجبوور بوون بنکە و بارەگاکانیان ببەنە دەرەوەی سنوورەکان. دیارە دوای ئەوەش کە قۆناغی جەبهەیی شەڕ گۆڕا و بوو بە قۆناغی پارتیزانی، خەبات و تێکۆشانی هێزی پێشمەرگە لە نێوخۆ هەتا نێوەڕاستەکانی دیەی ٧٠ی هەتاوی هەر ئیدامەی هەبوو.

## قۆناغی دووهەم: قۆناغی زەمینگیربوون لە باشووری کوردستان

ئەم قۆناغە لە نێوەڕاستەکانی دەیەی ٩٠ی زایینییەوە هەتا کۆتاییەکانی دەیەی یەکەمی٢٠٠٠، دەگرێتەوە. لەو قۆناغەدا هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە واقیعدا دوور لە زێدی ئەسڵی و ژینگەی تێکۆشانی خۆیان لە باشووری کوردستان بە جۆرێک زەمینگیر ببوون. لە ڕووی نیزامییەوە، لە ڕووی حزووری هێزی پێشمەرگە و کادرەکانی حیزب نەیاندەتوانی لە نێوخۆی وڵات هەبن. نە تەنیا نەیاندەتوانی بە شێوەی هێزی پێشمەرگە لە نێو خەڵکدا حزووریان هەبێ، بەڵکوو لەدەرەوەی سنوورەکانیش و لەو شوێنەی جێگیر ببوون، لەگەڵ دوو کێشەی گەورەی بە دوای یەکدا بەرەوڕوو بوون. کێشەی یەکەم ئەوە بوو کە کۆماری ئیسلامی بە کاری تێرۆریستی لە دەرەوەی سنوورەکانیش دەیتوانی قوربانی لە هێزە سیاسییەکان بستێنێ. نیوەی دووهەمی دەیەی ٩٠ و نێوەڕاستەکانی دەیەی ٩٠ی زایینی، سەردەمی سەردەمداری و تەڕاتێنی

## بەشی سێیەم

کۆماری ئیسلامی لە باشووری کوردستان بۆ ڕاوی تێکۆشەرانی کوردی ڕۆژهەڵات بوو. یەکێک لە کێشە گەورەکان کە ئێمە لەو قۆناغەدا لە باشووری کوردستان لەگەڵی بەرەوڕوو بووین ئەو کێشەیە بوو.
کێشەی دووهەم؛ ململانێ و کێشە نێوخۆییەکانی ئەو هێزە سیاسییانە بوو. ئەو هێزانە نوقمی کێشە و ناکۆکییە سیاسییە نێوخۆییەکانی خۆیان بوون. ئەمە وای کرد کە لە زۆر شت دوا بکەون، ئەو کێشە و ناکۆکییە نێوخۆییانە ماوەیەکی زۆر ئەو هێزانەی بە خۆوە خەریک کرد و سەرئەنجام لێک دابڕان و ئینشعابیان لێ کەوتەوە. ئەوەش وایکرد ئەوان لە زۆر کێشەی نێو کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات داببڕێن و، هەم بە هۆی دابڕانی جوغرافیایی و هەم بە دەلیلی سەرقاڵبوون بەو کێشانە، نەیانتوانی بەو جۆرەی پێویستە کاریگەری لە سەر زۆر لە ئاڵوگۆڕەکانی نێوخۆ دابنێن.

هەر لەو ساڵانەدا کە ئێمە بەو کێشانەوە مەشغووڵ بووین لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات هێندێک هێز و لایەن بە تایبەتی جەریاناتی ئیسلامیی توندڕەو، لە غیاب و دیارنەبوونی هێزە سیاسییەکان بە قازانجی خۆیان سوودیان وەرگرت. توانییان نفووزی خۆیان پەرە پێ بدەن و خەڵکێک جەزبی خۆیان بکەن. کۆماری ئیسلامیش ئەوەی پێ ناخۆش نەبوو. پێی خۆش بوو بەدیل بۆ هێزە نەتەوەییەکانی ڕۆژهەڵات درووست بێ تا خەڵکەکە بە لای ئەودا بچێ و نەیدەزانی ڕۆژێک ئەو جەریاناتەی مەجالی تێکۆشان و خۆبڵاوکردنەوەی پێ داون لەوانەیە بۆ خودی ئەو ڕێژیمەش ببنە سەرئێشە.

گۆڕانێکی سیاسی کە هاوکاتە لە گەڵ ئەم قۆناغە و لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژەی پێ بکەم ئەوەیە: لە نێوەڕاستەکانی دەیەی ٧٠ی هەتاوی بەم لایەوە (تا دێینە نێوەڕاستەکانی دەیەی ٨٠ی هەتاوی) بزووتنەوەی ڕیفۆرمخوازی وایکرد کە لە ئێران سەرکۆمارێک بێتە سەرکار بە گوتارێکی تازەوە، دەوڵەتێک بێتە سەرکار، جیاوازی هەبێ لەگەڵ دەوڵەوتەکانی پێشوو. مەجلیسێک پێک بێ لەگەڵ مەجلیسەکانی پێشوو جیاوازی هەبێ. ئەوەش فەزایەکی بۆ خەڵک بە گشتی و لەو نێوەدا بۆ خەڵکی کوردستانیش پێکهێنا کە جۆرێکی دیکە کار و تێکۆشان بکەن. پێشتر تەنیا لەگەڵ سەرکوت بەرەوڕوو بوون و هیچ مەجالێکی دیکە نەبوو، بەڵام لەو فەزایە ئیستفادەیان دەکرد. لە لایەکەوە نەسلێک لە کوڕ و کچەکانیان کە لە ساڵانی پێشوودا چووبوون بۆ خوێندنگەکان و زانکۆکان، پێگەیشتبوون و ئەو نەسلە لە ژێر کاریگەریی فەزایەک کە لە دانیشگاکاندا هەبوو، هەر وەها لەژێر کاریگەریی ئاڵوگۆڕەکانی ئێران و ناوچەدا توانیان جموجۆڵی تازە درووست بکەن. کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوەیەکی دیکە توانی ڕەفتاری سیاسیی لە خۆی نیشان بدا. بۆ وێنە لە هەڵبژاردنی سەرکۆماریدا کە خاتەمی بۆ یەکەمجار کاندیدا بوو، هەموو حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتیش هەڵبژاردنیان تەحریم کرد، بەڵام خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوەیەکی بەرین لە هەڵبژاردندا بەشدارییان کرد و زۆربەی دەنگەکانیشیان بە خاتەمی دا. دیارە بە داواکاری و ویست و چاوەڕوانیی خۆیانەوە ئەوەیان کرد. دوایە بۆ هەڵبژاردنی مەجلیسی شەشەمیش هەر بەم شێوەیە

ڕەفتاریان کرد. بەو جیاوازییەوە کە لەمەیاندا حیزبی دێموکراتیش خەڵکی تەشویق کرد بەشداریی هەڵبژاردن بۆ مەجلیسی شەشەم بکەن بۆ ئەوەی نوێنەرانی ڕاستەقینەی خۆیان یا هەر نەبێ کەسانی باش و نیزیک لە خۆیان هەڵبژێرن، بۆئەوەی بتوانن لەو فەزایەی کە هەیە ئیستفادە بکەن. جا ئەو بزووتنەوەیەی نێوخۆی وڵات، کە ئێستا و لەم دە ساڵەی ئەخیردا شایەدی گەشەکردنین، لەو سەردەمدا خۆی بڵاو کردەوە و، گوورا. بە هۆی ململانێ و ڕقەبەرییەک کە لە نێوان قۆڵەکانی دەسەڵاتدا هەبوو، خەڵک دەرفەتیان دەست کەوت کەسانێک بۆ مەجلیس بنێرن کە لە خۆیان نیزیک بوون. بە هۆی ئەو فەزایەی بزووتنەوەی خوێندکاریی ئێران و چاپەمەنییە بوێرەکانی ئەوکاتی ئێران پێکیان هێنابوو، بە هۆی گەشەی بزووتنەوەی فەرهەنگی و چالاکیی ڕۆشنبیری لە کوردستان و کۆمەڵێک شتی دیکەی ئاوا، لەو دەورانەیدا بزووتنەوەی مەدەنی و ئازادیخوازی لەنێو کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، توانی خۆی بڵاو بکاتەوە.

## قۆناغی سێهەم: قۆناغی جووڵان و بەخۆدا هاتنەوەی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات

ئەو قۆناغە لە کۆتاییەکانی دەیەی یەکەمی ئەو سەدەیە، دەست پێ دەکا و هەتا ئێستاش بەردەوامە. ئەو قۆناغە قۆناغی جووڵان بوو لەنێو هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتدا. قۆناغی حزوور پەیداکردنەوەیان لە نێوخۆ و چاوخشاندنەوە بە پێوەندییان لەگەڵ یەکتر بوو. هاوکات لەگەڵ جووڵەی هێزە سیاسییەکان، لە ژوورەوەش بزووتنەوەی ئازادیخوازیی خەڵک، ئەو بزووتنەوەیەی پێی دەڵێن بزووتنەوەی مەدەنی، ڕوو لە گەشەکردن دەکا. هێزە سیاسییەکان دوای دەورانێک ناکۆکی و ململانێی نێوخۆیی و ئینشعابات، توانیان خۆیان سازمان بدەنەوە و جموجۆڵێک وەڕێ بخەنەوە. دیارە هەر یەکێک بە سەبکی خۆی.

بزووتنەوەی نێوخۆ کە لەم دەورانەدا گەشە دەکا، سەرهەڵدان و گۆورانەکەی دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی دووهەم. بۆ ئەو کاتەی بزووتنەوەی ڕیفۆرمخوازی لە ئێران توانیی کۆمەڵێک ئاڵوگۆڕ و پاشەکشە بە کۆماری ئیسلامی تەحمیل بکا. ئەم بزووتنەوەیە لەم ١٠-١٢ ساڵەی دواییدا پتر گەشەی کردووە. کە دێینە سەر ئەو قۆناغەی١٠-١٢ ساڵی ئەخیر ئێمە شایەتی کۆمەڵێک ئاڵوگۆڕین. با لە پێشدا باسی حیزبی دێموکراتی کوردستان بکەم کە هێندێک چالاکیی دەست پێکرد کە دەکرێ بڵێم لە نەوعی خۆیاندا تازە بوون. یەکەمیان ئەوە بوو کە ئێمە پاش ساڵانێکی زۆر بووینە هۆی ئەوەی کە تێکۆشەرانی حیزب، کادر و پێشمەرگەمان لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات حزوور پەیدا بکەنەوە. ڕچەشکێن و پێشەنگی ئەو حەرەکەتە، حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو.

## بەشی سێهەم

گۆڕانێکی دیکە ئەوە بوو، ئەو بزووتنەوەیەی لە نێوخۆ هەبوو و پێشتر زۆر جار بە دڕدۆنگی سەیری دەکرا، بەڵام لەو قۆناغەیدا ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان بە پشتگیرییەوە چووینە پشتی. پێمان وابوو ئەو خەڵکەی لەو فەزایەی ئەوێدا کار دەکا، ئەوە دەلیلی پێگەیشتووییانە. دەلیلی ئەوەیە ناتوانن بە شێوەی ئێمە کار و خەبات بکەن بەڵام لەو فەزایەی ئەوێ بۆ دەربڕینی داخوازەکانی خۆیان سوود وەردەگرن و هەزینەشی بۆ دەدەن. ئێمە دەبێ تەشویقی ئەوە بکەین و لە ئێستاشدا ڕەنگە باشترین شت هەر ئەوە بێ کە ئەوان تەشویق بکەین بێن بۆ خۆیان مەسائیلی خۆیان مەترەح بکەن. لەگەڵ ئەوەی لە پێشووشدا سابقەی هەبووە حیزبی دێموکرات بچێتە سەر ئەو سیاسەتەی کە لە دەرفەتەکان ئیستفادە بکا، وەک لە باسی مەجلیسی شەشەمدا ئاماژەم پێکرد، بەڵام لەو قۆناغەیدا ئێمە پتر لە هەمیشە هاندەر بووین بۆ ئەوەی خەڵک بۆخۆیان لە مەیداندا بن، بەهەر شێوەیەک بۆیان دەگونجێ قسەی خۆیان بکەن.
لە ئاڵوگۆڕەکانی دیکەی ئەم قۆناغە کە لە هێزە سیاسییەکاندا بیندرا و ئێمەش بە نۆرەی خۆمان وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان زۆرمان کار بۆ کردووە، ئەوە بوو کە «بازخوانی» (خوێندنەوەیەکی دووبارەی) پێوەندیی نێوان حیزبە سیاسییەکان بکەین. جارێکی دیکە بەیەکەوە دانیشین، گفتوگۆ بکەین و، لەباتی ئەوەی هەر لایەنەی بۆخۆی هەوڵ بدا، بەیەکەوە هەوڵ بدەین وتار و بەیانی هاوبەشمان هەبێ، هەڵوێستی هاوبەشمان ببێ و بتوانین ئەو دەورانە لە ناخۆشی و گرژی لە نێوانماندا هەبووە، بەجێ بێڵین.

ئەو کارانەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستان کردنی، نەتیجەیان هەبوو. بۆ وێنە حزوور پەیداکردنەوەی تێکۆشەرانی حیزبی ئێمە لە نێوخۆ، وایکرد هێزە سیاسییەکانی دیکەش بەڕاستی وردە وردە وەخۆکەون. ئەوانیش هەوڵ بدەن کادر و پێشمەرگەیان لە نێو خەڵکدا حزووری هەبێ. لە بواری پێکەوە دانیشتن و دیالۆگ لەگەڵ یەکتر، هێزی وا هەبوون بە دەنگمانەوە هاتن و ئێمە توانیمان نەتیجەی لێ بگرین. یانی ئەگەر پێشتر تەنانەت سێ هێزیش ئامادە نەبوون بەیەکەوە دابنیشن بەڵام ئەمجار وای لێهات چوار هێز، پێنج هێزی سیاسی بەیەکەوە دابنیشن و لەگەڵ یەکتر دیالۆگ بکەن و پێکەوە و بە هاوبەشی لە میدیاکان و لە سمینار و کۆنفرانسی گەیشتینە ئەو جێگایەی کە ئێمە ئێستا شاهیدی هاوکاری لەگەڵ یەکترین لە چوارچێوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێراندا. لایەنەکانی دیکەش هەر کام بە شێوەیەک لە شێوەکان چالاکتربوونەوە لەم قۆناغەدا، جا هی وایە لە دەرەوە چالاکتر بوو، هیوایە لە پێوەندیی لەگەڵ ژووڕێدا.

بەم جۆرە ئەم دەورەیە واتە قۆناغی سێهەم، قۆناغی بەخۆداچوونەوەی هێزە سیاسییەکان، قۆناغی چالاکبوونەوە و هاوکاتیش گەشەی بزووتنەوەی مەدەنی و ئازادیخوازی لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دایە. بەڵام لە ئێستادا کێشەکانی ئەو بزووتنەوە چین؟

## قۆناغێکی چارەنووسساز لە تەمەنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا

ئێمە ناتوانین بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوهەلومەرجەی ئەمڕۆ لە ئێراندا هەیە و بەبێ دیتنی ئەو قۆناغەی لە تەمەنی ئەو ڕێژیمەدا دەستی پێکردووە، باس لە کێشەکانی خۆمان بکەین. لە ئێستادا قۆناغێکی زۆر چارەنووسساز لە حەیاتی کۆماری ئیسلامیدا دەستی پێکردووە. نەک بڵێین ئێستا دەستی پێکردووە، چەند ساڵێکە بەڵام ئێستا ئیدی هیچ کەس چ لە نێوحاکمیەتی جمهووریی ئیسلامی و چ لە نێو هێزە سیاسییەکاندا هەروەها لە نێوخەڵکدا گومانی لەوەدا نییە کە ئەو قۆناغە دەستی پێکردووە. بۆ چی پێمان وایە ئەو قۆناغە، قۆناغێکی چارەنووسسازە؟

یەک لە گرنگترینی ئەو کارتانەی ئەو ڕێژیمە پێی بوون و یاری پێدەکردن و بە هۆیانەوە دەیتوانی عومری خۆی درێژ بکاتەوە، هەڵبژاردن بوو. ئەو کارتە ئیدی چی دیکە کارایی نەماوە. کۆماری ئیسلامی ئەو دەستاودەست کردنەی دەسەڵات لە بەینی جەناحەکانی خۆی بەم جۆرە بە کار هێناوە کە هەر جارەی یەکیانی هێناوەتە سەر. قۆڵێک هاتووە خەڵکی وەها جاڕز کردووە کە دوایە حەسرەت بخوازن بۆ ئەوەکەی دیکە. ئەوجار، ئەویانی هێناوەتە سەر. بە بەڵێنیی پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی سیاسی، هەوڵی ڕاکێشانی خەڵک بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدانی داوە، پاش چەند ساڵ، قۆڵەکەی دیکە بە بەڵێنیی باشکردنی دۆخی ئابووری و ژیان و بەڕێچوونی خەڵک هاتووەتە سەر کار. بەڵام بۆ حاڵی خەڵک ئەوە نەتیجەیەکی نەبووە. لە دوایین هەڵبژاردنی سەرکۆماریدا، خەڵک بەهەر سەختییەک بوو، لە چوارچێوەی ئیمکان و وەزعی مەوجووددا کاندیدایەکیان لەنێو ئەوەندە کاندیدایانەی کە کۆماری ئیسلامی لە مەیدانی ڕەقابەتدا هێشتبوونییەوە، هەڵبژارد. ڕۆحانی قەولی ئاساییکردنەوەی پێوەندی لەگەڵ ڕۆژئاوای دەدا و خەڵکیش پێیان وابوو ئەگەر پێوەندی لەگەڵ ڕۆژئاوا ئاسایی بێتەوە لەسەر ژیانی ئابووریی ئەوان تەئسیری دەبێ. حەتا لە بواری سیاسیشەوە هێندیک قەول و بەڵێنی دا، بۆیە خەڵکێک لە ئێران حەتا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش پێیان وا بوو ئەگەر دەنگی پێبدەن لەوانەیە لە ئێراندا ئاڵوگۆڕ پێک بێ، پێیان وابوو مادام ناتوانن ڕێژیمەکە بڕووخێنن لانیکەم با یارمەتیدەر بن بۆ ئەوەی «تحولات»ێک پێک بێ! بەڵام وەک بە کردەوە دەیبینین کارتی هەڵبژاردن -کە هەم ڕێژیم بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی خۆی و هەم خەڵک بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە چوارچێوەی ئەو ڕێژیمەدا، هیوایان پێ بەستبوو- لەو چەند ساڵەیدا بێئاکامی و ناکاراییەکەی بە باشی دەرکەوتووە. تەنانەت ڕۆحانی توانیشی ئەو کێشەیەی لەگەڵ ڕۆژاوا هەیان بوو لەسەر پرسی ئەتۆمی و هتد، ئەوەش حەل بکا و دیتمان بەرجامیش هاتە کایەوە. بەڵام سەرەڕای جێبەجێبوونی «برجام» و، ئازادکرانی پووڵە دەستبەسەرداگیراوەکانی ئێران و هەڵگیرانی گەمارۆکان و قەول و بەڵێنیی وڵاتانێک کە لەگەڵ ئێران پێوەندییە

سیاسی و ئابوورییەکانیان زیندوو دەکەنەوە، هێشتا لە ڕووی ئابوورییەوە گۆڕانێک بە قازانجی ژیانی خەڵک ڕووی نەدا و دیتمان لە بەفرانبار و ڕێبەندانی ساڵی ڕابردوودا، خەڵک چۆن بەرەوڕووی ئەو ڕێژیمە بوونەوە و لە زیاتر لە سەد شاری گەورەی ئێران هاتنە سەر شەقام و نەک هەر دژی ئەم یا ئەو جەناح، بەڵکوو داوای ڕووخانی ڕێژیمەکەیان لە تەواوەتی خۆیدا کرد. یانی ئەوجار ڕەئسی نیزامەکەیان - کە خامنەییە، بەیتی ڕەهبەرییە، سپای پاسدارانە - کرد بە ئادرەس و کوتیان ئەوانیان ناوێن.

بۆچی وایان کرد؟ چونکە ئەو قەول و بەڵێنە ئابوورییانەی قەرار بوو لەگەڵ هاتنی ڕۆحانی جێبەجێ بێ، جێبەجێ نەبوو. لە ڕووی سیاسیشەوە ئەو قەول و بەڵێنانەی دابوونی، بۆ وێنە بە نیسبەت خەڵکی کوردستانیش هێندێک قەولی دابوو بەڵام ئەوانیشی جێبەجێ نەکرد. جا ئەوە لەو ئاخرییانەدا دەرچوونی ئەمریکا لە بەرجام - لەو ڕێککەوتنەی کە قەرار وابوو زۆر «تحولات» درووست بکات -یشی هاتەسەر. بەڕاستی ئەو ڕێککەوتنەی کە کرابوو زۆر لە قازانجی ئێران بوو، چونکە پێوەندییەکانی لەگەڵ دنیای دەرەوە توانی ئاسایی بکاتەوە، ئەو گەمارۆیانەی لەسەری بوون لادەچوون، لە عەینی حاڵیشدا بەرنامەکانی خۆی، کە مووشەکسازییە درێژە دەدا، دەستتێوەردانەکانیشی لە وڵاتانی ناوچەدا هەر درێژە دا، بەبێ ئەوەی لە ژوورەوە لە ڕووی سیاسی و لە ڕووی ئابوورییەوە مل بۆ گۆڕانێک بە قازانجی خەڵک بدا. بۆیە ئێستا کە ئامریکا لەو ڕێککەوتننامەیە چووەتە دەر، گەمارۆکانی نوێ کردووەتەوە، جارێ هێشتا کاریگەرییە ئابوورییەکانی دەرچوونی ئەمریکا لە بەرجام بە تەواوی خۆیان نەنواندووە. ساڵی پێشوو کە ئەوانەش نەبوون خەڵک وەزعەکەیان لە تەحەممول چووبووە دەرێ، ئێستا کە ئەوانەشی هاتووەتە سەری، بەدڵنیاییەوە وەزعی خەڵک لە ڕابردوو زۆر زۆر خراپترە و هەر ئانوساتێک ئیمکانی تەقینەوەی ناڕەزایەتیی خەڵک بەشێوەی ڕابردوو و گەورەتر لە ڕابردووش هەیە. ئێستا خەڵک هیوایەکی نەماوە بە هەڵبژاردنێکی دیکە و سەرکۆمارێکی دیکە و مەجلیسێکی دیکە. دەزانن ئەوە چل ساڵە ئەو جۆرە هەڵبژاردنانە، هیچ کێشەیەکی ئەوانی چارەسەر نەکردووە و کێشەکانی ئەوان بەو دەستاودەستکرانەی دەسەڵات لەم قۆڵ بۆ ئەو قۆڵ جێبەجێ نابێ.

ڕاستییەکی دیکە کە هاندەری خەڵکی ئێرانە بۆ ئەوەی چارەنووسی خۆیان لە گەڵ ئەو ڕێژیمە یەک لا بکەنەوە ئەوەیە دەست بۆ هەر شتێک دەبەن هەر کێشە و قەیرانێک لەو وڵاتەیدا هەیە، سەرچاوەی هەموویان دەگاتەوە لای ڕەهبەری و بەیتی ڕەهبەری و سپای پاسداران و ئەو نیهادانەی کە هیچیان لەگەڵ ناکرێ، نە بە ئینتخابات و نە بە هیچ شێوەیەکی دیکە. ئەو دامەزراو و دەسەڵاتانەش هی ئەوە نین لە بەرامبەر خەڵکدا پاشەکشە بکەن یا دەسەڵاتەکە هەر لە نێو خودی ئەو حاکمییەتەدا بدەن بە نەسلێکی دیکە کە جۆرێکی دیکە بیر دەکاتەوە و ڕێگای ئازادیی سیاسی دەدا و مەسائیلی خەڵک

حەل دەکا. ئەوان دەزانن تا بینەقاقا لە نێو تاوانەکانی چل ساڵی ڕابردوودا گیریان کردووە، ئەگەر یەک قەدەم پاشەکشە بکەن خەڵک بەسەریانەوە ناچێ. بۆیە بڕیاریان ئەوەیە کە بە هیچ جۆر ڕێگا نەدەن دەسەڵات لە ئێراندا ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێ. بەڵام خەڵکیش کە هەم لە ڕووی ئابووری و ژیان و بەڕێچوونەوە، هەم لە ڕووی سەرکوتی سیاسی و بێبەشی لە سەرەتاییترین ماف و ئازادییەکانیان، هەتا هاتووە وەزعیان خراپتر بووە بەڕاستی گەیشتوونە ئەو بڕیارەی کە ئەو نیزامە بگۆڕن و نیزامێکی دیکەی بێننە جێ.

کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش بەرەو ئەوە دەچێ کە چی دیکە کۆماری ئیسلامی بۆ تەحەممول نەکرێ. ئەمریکا کە لە سیاسەتی جیهانیدا ڕۆڵێکی یەک لا کەرەوەی هەیە، لەو پەیماننامەیە کشاوەتەوە. درووستە باسی گۆڕینی ڕەفتاری سیاسەتی ڕێژیمی ئێران دەکا و مەعلوومیشە کە ئەو ڕێژیمە، نایەوێ ڕەفتاری سیاسیی خۆی بگۆڕێ، کۆماری ئیسلامی لەم ڕەفتار نەگۆڕینەی خۆیدا بە مانەوەی ئورووپا لە بەرجام دا، دڵگەرمە. بەڵام ئورووپا بۆخۆیشی ناتوانێ تەحەممولی ئەو سزا ئابوورییانە بکا کە ئەمریکا بەرەوڕووی دەکاتەوە ئەگەر لەگەڵ ئێران زۆر شت درێژە بدا.

سەرجەمی ئەو شتانە وایان کردووە ئێستا خەڵکی ئێران بیر لە بەدیلی کۆماری ئیسلامی بکەنەوە. بۆ ڕۆژاواییەکانیش بە تایبەتی ئەمریکا ئەوە مەسەلەیە کە کۆماری ئیسلامی هەر کێشەیەکی ناوچەیی نییە، جیهانیشە. هەڕەشەیە بۆ سەر ئەمنییەتی ئەمریکا و زۆر وڵاتی دیکەی هاوپەیمانانی ئەمریکا لە ناوچەدا. ئەمریکا ئەگەر بیهەوێ ئەو کێشە و هەڕەشانە چارەسەر بکا دەبێ تەکلیفی خۆی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی یەکلا بکاتەوە. ئۆپۆزیسیونی کوردیش و ئێرانیش گەیشتوونە ئەو قەناعەتە کە دەبێ لە فکری گوزار دابن، لە فکری سیستەمێکدا بن کە جێگەی کۆماری ئیسلامی بگرێتەوە. ئێستا ئەو قۆناغە لە ژیانی کۆماری ئیسلامیدا دەستی پێکردووە.

ئێمە جاران بۆخۆمان زۆر ڕەعایەتی خەڵکی نێو خۆمان دەکرد، ئەو کاتەی باسی مەسایلی ئەوێمان دەکرد، کە کارمان پێ دەسپاردن، کە پەیامەمان بۆیان هەبوو، گوتارێکی نەرممان بە کار دەهێنا. ئێستا ئەوان زۆر جار ڕەخنەیان لە پەیامەکانی ئێمە هەیە، دەڵێن وەزعەکە گۆڕاوە، سەردەمەکە گۆڕاوە و پێویست ناکا بەم گوتارە بدوێن، ئێستا کەسێکی جاران دڵی بەوە خۆش بوو لە ڕێگای ئینتخاباتەوە شتێک بکرێ، بۆخۆی کاری دەکرد بۆ ئەوەی فڵان کاندیدا ببێتە سەرکۆمار، ئێستا بۆخۆی لەو ڕابردوویەی خۆی پەشیمانە. چونکە نەتیجەی لێ وەرنەگرتووە. کەوابوو ئەو قەناعەتە لە ژووریدا دروست بووە کە ئەو ڕێژیمە دەڕوا و هیچ ئومێدێک لە چوارچێوەی ئەو ڕێژیمەدا جێبەجێ نابێ.



سەرچاوە
Serchawe

## کێشە و ئاستەنگەکانی بەردەم هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات

ئێمە وەک هێزە سیاسییەکانی کورد لە چ شەڕایەتێک داین؟ ئایا ئەگەر ئەو قۆناغەی ئێستا جیدیتر بچێتە پێش، ئێمە ئەو ئامادەبییەمان هەیە؟ لەو بارەوە قسە لەسەر بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆرە.

یەکێک لە کێشە هەرە گرنگەکان، کە بزووتنەوەی کورد بە گشتی و هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات لەگەڵی بەرەوڕوون ئەو تەفرەقەیەیە کە لە نێوماندا هەیە. ئەگەرچی ئەو تەفرەقەیە لە پێشوو کەمتر بووەتەوە، پێوەندیی نێوان هێزەکان لەگەڵ یەک ئاساییە، بەڵام هەتا ئێستاش هێزە سیاسییەکان لە کارێکدا کە پێیان وایە جیدییە هەر بە تەنیا عەمەل دەکەن. بە دڵنیاییەوە ئەو بە تەنیا عەمەلکردنە، ئاکامی موسبەتی نابێ. بۆ وێنە بمانەوێ لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا پێوەندی بگرین، هیچ هێزێک نییە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تاقی تەنیا بتوانێ نوێنەرایەتیی هەموو گەلی کورد بکا، نوێنەرایەتیی هەموو هێزە سیاسییەکان بکا کە ئەگەر لەسەر فلان پرۆژە لە گەڵ ڕۆژاوا ڕێک کەوت ئەوانی دیکەی بۆ ڕازی بێ؟

تەنانەت لە پێوەندیی لەگەڵ نێوخۆدا ئەگەر هێزێک بڵێ من دەتوانم لەگەڵ حاکمییەت پێک بێم و فلان پرۆژە جێبەجێ بکەم، بۆی جێبەجێ نابێ. ئەگەر هێزە سیاسییەکانی دیکە لەگەڵیدا نەبن، چۆن جێبەجێ دەبێ و چۆن سەردەگرێ؟ ئەوساڵ کە هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دیتیان ئەو جموجۆڵانە هەیە لە پێوەندیی لەگەڵ داهاتووی ئێراندا، هەر لایەنەی بۆخۆی پێوەندیی بە فلان ئیدارەی ئەمریکا یا لایەنی دیکە یا لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی دەگرت. بەڵام ئەو جۆرە پێوەندیگرتنە غەیری ئەوەی کورد مەجبوور بە تەنازول بکا، بەرهەمێکی دیکەی نابێ. چونکە کە بە تەنیا چووی، ئەو هێزەت نابێ و بەردەنگەکەشت حیسابێکی وات بۆ ناکا و داواکانت لێ قبووڵ ناکا. ئەمە یەکێک لە نەقسەکانی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتە کە هەتا ئێستاش لە باتی بەیەکەوە کار بکەین هەر کەس لە فکری خۆی دایە.

کێشەیەکی دیکە، ئەو ململانێیە ناسالمانەیە لەگەڵ ئەوەی هەموومان باس لەوە دەکەین کە دەبێ لەگەڵ یەک باش بین، دەبێ پێکەوە یەکگرتوو بین، بەڵام زۆر جار دەبینین لەنێو ئەندامان و لایەنگرانی هەموو هێزە سیاسییەکاندا کاتێک شتێک ڕوو دەدا لە قازانجی لایەنێک، ئەوی دیکە تەحەممولی ناکا، پرسیاری دەخاتە سەر، بە بەدبینییەوە لێی دەدوێ و فەزایەکی ناسالم درووست دەکا. ئەم لە قووڵایی دڵەوە قەبووڵنەکردنی یەکتر، بە بەرچاوتەنگییەوە سەیری یەکترکردن، بە بەدنیەتییەوە لە کاری یەکتر ڕوانین، یەکێک لەو کێشانەیە کە هەن.

بەشی سێهەم

کێشەیەکی دیکە ئەوەیە ئێمە گوتاریشمان بە نیسبەت یەکەوە جیاوازە. بۆ وێنە حیزبی وایە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان کە زۆر باس لە خەباتی مەدەنی و تەشویقی خەباتی مەدەنی لە ژوورەوە دەکا. هێزی وایە زۆر لەسەر خەباتی توندوتیژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و دروشمی ڕووخان و هتد پێدادەگرێ. هێزی دیکە هەیە زۆرتر تەئکید لەسەر خەباتی سینفی و کار لە گەڵ سەندیکاکان و ئەو شێوە خەباتە لە ژوورەوە دەکاتەوە. من هیچ یەک لەوانەم پێ خراپ نین. ئەوانە زەرفییەتەکانی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان و هی خەڵکی ئێمەن و هەموویان لە جێی خۆیاندا کارایی خۆیان هەیە. ئەگەر تەنیا گرنگی بە یەکێکیان بدەین و ئەوانی دیکە پشتگوێ بخەین، ئەوەیان غەفلەتی سیاسییە و ئەوەیان هەڵە و زەعفە. هەمووی ئەوانە سەرمایە و فورسەتەکانی بزووتنەوەن، دەبێ ئیستفادەیان لێ بکرێ. بەڵام دەبێ ڕێک بخرێن. ئەگەر شوێنێک، ناوەندێک نەبێ کە هەموو ئەو شێوە خەباتانە بە شێوەیەکی هارمونیانە سوودیان لێ وەربگیرێ، دەتوانن یەکتر خونسا بکەنەوە. ئەوەش یەکێک لە عەیبەکانمانە کە ئێمە نەهاتووین لەسەر گوتار و لەسەر شێوە خەباتمان یەکگرتوو بین و بە هاوبەشی عەمەل بکەین.

گرفت و ناتەواوییەکی دیکە بزووتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵات، ئەوەیە کە هەتا ئێستا هیچ پرۆژە و بەرنامەیەکی هاوبەشمان نییە بۆ دیالۆگ و دانوستان لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی ئێران یا بۆ خەبات لە دژی حاکمیەتی ئێستای ئێران، هەروەها بۆ تەعامول لەگەڵ هەر ئالتێرناتیڤێک کە لە داهاتوودا لە ئێران بێتە سەرکار، یا بۆ پێوەندیگرتن لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوایی و ڕاکێشانی پشتیوانییان بۆ لای خەباتی کورد. کە تۆ پرۆژەت نەبوو یا پرۆژەت هەبوو بەڵام هاوبەش نەبوو، ناتوانێ وەک کورد ئەگەر فورسەتیشت بۆ درووست بێ سوودی لێ وەربگری.

## ئەرکە هەنووکەییەکانی ئێستامان:

دێمە سەر ئەرکە هەنووکەییەکان؛ ڕاستییەکەی ئێمە وەختایەک دەتوانین ئەو عەیبانەی خۆمان ببینین کە بە چاوێکی ڕەخنەگرانە ئاوڕ لە ڕابردووی خۆمان بدەینەوە و مل بدەین بۆ بەخۆداچوونەوە. مەبەستم هەموو هێزە سیاسییەکانە ئەگینا دەتوانم بڵێم حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو بارەیەوە جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەوانی دیکە. هەر ئەم ڕۆژانە کە باسی شەڕە نێوخۆییەکانی ڕابردوو هاتبووەوە گۆڕێ، من بۆخۆم هەڵوێستێکی حیزب کە ٨ ساڵ لەوە پێش پەسندی کردبوو بڵاوم کردەوە. هەر ئەو هەڵوێستە نیشان دەدا حیزبی دێموکراتی کوردستان دید و بۆچوونی بە نیسبەت ڕووداوەکانی ڕابردوو لەوانی دیکە جیاوازە. لانیکەم ئەوشەهامەتەی هەیە کراوەتر و بە سینگفراوانیی زیاترەوە قسەیان لێبکا. ئەمن ناڵێم ئێمەش وەک حیزبی دێموکرات بێعەیبین، بەڵام پێشەنگ بووین لەوەدا کە بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە ئاوڕ لە ڕابردوو بدەینەوە. وا بیر

ناکەینەوە کە هەموو شتێکی خۆمان باش بووە و هەر چی خراپییەکانە، هی لایەنەکانی دیکە بووە. لە ئێمەشدا عەیب هەبووە، لەوانی دیکەشدا. عەیبی وا هەیە بە هەمووماندەتوانین وا بکەین جارێکی دیکە دووپات نەبنەوە.

ئەو قەناعەتە بەو جۆرە درووست دەبێ کە هەر کامێکمان لە نێو حیزبی خۆماندا لە بیرمان بێ کە ئێمە هەر لە بەرامبەر بەرژەوندیی حیزبەکەی خۆماندا بەرپرسیار نین، بەڵکوو لە بەرامبەر میللەتەکەشماندا بەرپرسیارین. دەبێ لەو جێیانەی کە کەموکوڕی لە سیاسەتی ئێمە و لە هەڵوێستی خۆماندا هەیە ڕەخنەی لێبگرین. خەڵکیش دەبێ لەسەر هێزە سیاسییەکان هێزی گوشار بن. یانی بێجگە لە ئەندامانی هەر حیزبێک کە دەبێ هێزی گوشار بن لە سەر حیزبەکەی خۆیان بۆ بەردەوامبوون لەسەر کاری باش و بۆ دووپاتنەکردنەوەی کارێکی هەڵە، بەڵام بە گشتی خەڵکی دەرەوەی حیزبەکانیش دەبێ ئەو فەزایە بە نەقد بکێشن. ئێمە پێویستیمان بەوە هەیە کە بە درووستکردنی کەشوهەوای گونجاو، بە کۆڕ و کۆبوونەوە و باسی ڕەخنەگرانە و لەژێر ڕووناکایی ئاوڕدانەوەی خەسارناسانە لە ئینشعابات و لە شەڕە نێوخۆییەکان و کێشە و ناکۆکی و وێکهەڵنەکردنەکانی ڕابردوو، پێداچوونەوە بکەین بە پێوەندییەکانمان لەگەڵ یەکتر. ئەگەر لە باری فکرییەوە ئەو قەناعەتەمان تێدا درووست بێ، ڕێگا خۆش دەبێ بۆ ئەوەی ئەو حیزبانەی کە پێشوو یەک حیزب بوون بەڵام دوایە بوون بە چەند حیزب، یەک بگرنەوە و ببنەوە حیزبێکی یەکگرتوو. یەکگرتنەوەی حیزبە لەتبۆوەکان، زۆر کۆمەگ دەکا بەوە کە هاوپەیمانییەکی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان درووست ببێ. ئەگەر یەک حیزبی دێموکرات، یەک کۆمەڵە هەبێ چاکتر دەتوانن پێک بێن تا وەکوو چەند دانە بن.

ئەگەر هەر کامێکمان «خودمحوربین»ی وەلا بنێین، بە نۆرەی خۆمان هەوڵی نەهێشتنی عەیبەکانی خۆمان بدەین، دەتوانین هەم یەکگرتنەوەی حیزبە لەتبۆوەکان عەمەلی بکەین، هەم هەموو حیزبەکان بەیەکەوە هاوپەیمانەتییەک درووست بکەین. هاوپەیمانەتییەکی وا کە پلان و پلاتفۆرمی هەبێ بۆ هەر ئاڵوگۆڕێک کە لەقۆناغی ئێستادا لەوانەیە پێک بێ. بە بوونی هاوپەیمانەتییەکی ئەوتۆ، لەگەڵ هێزەکانی هەرێمی کوردستان -کە ئێمە لەوێ دەژین، لەوێ لەوانەیە زۆر مەترسی لە ئایەندەدا ڕوومان تێبکەن- قسەمان و چاوەڕوانیمان حیسابێکی دیکەی بۆ دەکرێ. هەروەها ڕوو بە هەر بەردەنگێکی بیانی، کە بیهەوێ پشتیوانی لە پێکهاتنی ئاڵوگۆڕی سیاسی لە ئێراندا بکا، هاوپەیمانەتی و یەکگرتوویی پێویستە.

ئێمە بەرامبەر بە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتیش هەربە هاودەنگی و یەکگرتوویی و هاوخەباتی دەتوانین تەئسیرمان هەبێ. چاوتان لێ بوو ئەمساڵ لە ٢١ی خەرمانانادا کە حیزبە سیاسییەکان قسەیان و داوایان یەک بوو و یەکییەتی و یەکگرتووییان لە خۆیان پیشان دا خەڵک چۆن بە دەنگیانەوە هاتن؟! لە داهاتووشدا هەر وایە.

بەشی سێهەم

ئێمە بۆ هەر چی باشتر کەلکوەرگرتن لەو زەرفییەتانەی کە لە کۆمەڵگەی کوردستاندا هەن پێویستیمان بەوە هەیە کە لە پێشدا خۆمان وەک حیزبەکان لە دەوری یەک کۆ بینەوە و لاپەڕەیەکی تازە لە هاوکاریکردن لەگەڵ یەکتر هەڵدەینەوە. ئەوەندە هاوکارییەش کە ئێستا هەیە من بە کەمی نابینم، بەڵام بەڕاستی ئەوە زۆر سەرەتاییە. ئێمە دەبێ هەنگاوی زۆر گەورەتر هەڵبگرین، لە هەمان کاتیشدا بەرنامەمان هەبێ ئەگەر لەگەڵ هەر بەرەدەنگێک و ئۆپۆزیسیۆنێکی ئێرانی دادەنیشین، بە داوای دیار و ڕاشکاوانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستانەوە بچین. ئەگەر تاقولۆقە لە گەڵیان بکەوینە دانوستان، ڕەنگە لە باشترین حاڵەتدا مافی شەهروەندیت پێ ڕەوا ببینێ بەڵام ئەگەر سەرجەم هێزە سیاسییەکان یەکدەنگ بن، داوای فیدرالیزمیش بکەن قبووڵی دەکەن.

ئێمە دەبێ بۆ ئەم قۆناغە چارەنووسسازە خۆمان ئامەدە بکەین. هەمیشەش ئەوەمان لە بیر بێ کە ئەگەر ئەو سینگفراوانی و ئاوڕدانەوەی ڕەخنەگرانە لە ڕابردوو و بەخۆداچوونەوەیە لە خۆمان ڕا دەست پێ بکەین، لەگەڵ هەر هێزێکی دیکە کە دابنیشین قسەمان زۆر دلێر دەبێ.

## پوختەی مەبەست

ئێمەی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەلات بە لەبەرچاوگرتنی ئەو قۆناغەی کە لە ئێران دەستی پێکردووە، هەروەها بە وردبوونەوە لەو دۆخەی بۆ خۆمان تێی داین -دەیان ساڵ دەربەدەری و دوورەوڵاتی و ئەو هەمووە کارەساتەی بە سەرمان هاتووە و ئەو هەمووە مەترسییەی لە سەر ڕێمانە- پێویستە کۆتایی بە تەفرەقە و ململانێی زیانبار لەگەڵ یەکتر و دوورەپەرێزی و بە تەنیا هەنگاونان بێنین. کاتی ئەوە هاتووە وەخۆ بێینەوە و بە گرتنەبەری نیازپاکی و هەستکردن بە بەرپرسیارەتی لە ئاست داهاتووی نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، هاوپەیمانەتییەکی سیاسی بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لە گەڵ ئەو ئاڵوگۆڕانەی چاوەڕوان دەکرێن، پێک بێنین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی جانێوێری ٢٠١٩

---

**سەنگەری بەرگری لە زمانی کوردی ئاوەدانتر لە هەمیشە**

ئەم ڤیدیۆیانەی ئەمڕۆ بڵاو بوونەوە و ڕێزگرتن و پێشوازیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک پێشان دەدەن، دەری دەخەن کە :

- سەرەڕای خۆبواردن و دژایەتیکردنی ٤٠ ساڵەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ جێبەجێکردنی ویستی خوێندن بە زمانی کوردی، ئەم ویستە لە نێو خەڵکدا نەک هەر کز نەبووە، پتر پەرەی ئەستاندوە و ژمارەیەکی زیاتر لە شار و ناوچەکانی هەر چوار پارێزگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گرتووەتەوە .

- وەفانواندن و هۆگری نیشاندان بە زمانی کوردی، لە کۆڕ و کۆمەڵی چەند کەسی چووەتە دەر، گەیشتووتە نێو بنەماڵەکان و مامۆستایان و وقوتابیان و قوتابخانەکان. لە قوتابخانە و لە سەعاتی ئیداریدا، بە شێوەی گشتی ڕێز لە زمانی کوردی دەگیرێ.

- هۆگری و دڵسۆزی نیشاندان بەرامبەر بە زمانی کوردی، لە شانازیکردن بە شێعر و ئەدەبیات و جلوبەرگ و سروودی کوردی جیا ناکرێتەوە. زمان بووە بە چەترێک لە ژێر ئەو چەترە دا ئاوڕ لە لایەنەکانی دیکەی شوناسی نەتەوەییمان دەدرێتەوە.

- ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر لە فێربوونی خوێندنەوە و نووسینی کوردی، نووسین وەرگێران و خولقاندنی بەرهەمی ئەدەبی و هونەری بە زمانی کوردی و هەوڵ و تێکۆشانی جۆراوجۆر بۆ پاراستن و خزمەتکردنی ئەو زمانە هەیە، شانبەشانی ئەوانەش شێلگیر بوون لە سەر داوای خوێندن بە زمانی کوردی، دەکرێ وەک بزووتنەوەیەکی مەدەنیی ڕوولە گەشە سەیری بکەین کە نێوەرۆکێکی نەتەوەیی و ئازادیخوازانەی هەیە.

- پشتیوانی و هاوکاری لە گەڵ ئەم بزووتنەوەیە، ئەرکێکی نەتەوەیی و ئەخلاقییە هەم لە سەر مرۆڤە دڵسۆز و نیشتمانپەروەرەکان لە نیوخۆی وڵات، هەم لە سەر حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکان کە پرسی بەرگری لە زمانی کوردی و داوای بە ڕەسمی ناسینی، یەکێک لە خالە سەرەکییەکانی بەرنامەیان بووە.
ئەوانەی لەو بزووتنەوەیە دا بەشدارن، جێی خۆیەتی شانازییان پێوە بکەین و پیرۆزبایی ئەم وشیاری و لەسەر هەست بوون و بە هەڵوێست بوونەیان لێ بکەین. بە دڵنیایەوە ئەم وشیاری و بەهەڵوێست بوونە، زامنە بۆ پووچەڵبوونەوەی خەونی لە نێوچوونی زمانی کوردی و مانەوەی کورد لە بندەستیدا.

بەشی سێهەم

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جانێوێری ٢٠١٩

## دەرسێک کە ئێمەی کورد لە شۆڕشی ١٣٥٧ وەرمان نەگرتوە!

## بەشی سێهەم

٢٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵ، ٤٠ ساڵ لە سەر هاتنە سەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ڕادەبرێ. کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە گەڵ ئەوەی هەم لە شۆڕشی ١٣٥٧ دا چالاکانە بەشدار بوو، هەم پێشینەیەکی درێژی خەبات بە دژی ڕێژیمی شایەتیی هەبوو، بە ڕووخانی ئەو ڕێژیمەش ئامانجەکانی نەهاتە دی و دەسکەوتێکی لەو شۆڕشە پێ نەبڕا. نەک هەر نەبوو بە خاوەنی مافەکانی، بەڵکوو شەڕ و سەرکوتێکی بێبڕانەوەی تووش بوو کە هەتا ئێستاش قوربانیی لێ دەستێنن.

کۆماری ئیسلامیی ئێران درەنگ یا زوو بە دەردی ڕێژیمی شایەتی دەچێ، چونکە کارنامەی دەسەڵاتدارێتیی لەم چوار دەیەی تەمەنیدا لە جیاتی داهاتووی بۆ دەستەبەر کردبێ، داهاتووی لێ لێڵ کردوە و، خەڵکی ئێران، ئەوەندە لێی هیوابڕاو بوون کە ئێستا لە هەموو کاتێک زیاتر خوازیاری نەمانی ئەو ڕێژیمەن. بەڵام پرسیارە بنەڕەتییەکە بۆ ئێمەی کورد ئەوەیە ئەگەر ئەو ڕێژیمە بەم زووانە و لە ئاکامی دەستوێکدانی ڕاپەڕینی خەڵک لە نێوخۆی ئێران و گوشاری دەرەکی دا بڕووخێ ، ئێمەی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات، ئایا وەزعێکی باشتر لە کاتی شۆڕشی ١٣٥٧مان هەیە؟ چیمان کردوە بۆ ئەوەی ئەمجاریش بێدەسکەوت و ناهومێد نەمێنینەوە ؟

ئەگەر گۆڕانێک لە تاران ڕوو بدا، چ دەکەین؟ هەرحیزبەی بە پەلە هێندێک شار و گوند دەخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆی بۆ ئەوەی حیزبەکەی دیکە نەیگرێتەوە؟ هەر لایەنەی هێزی پێشمەرگەی خۆی رادەسپێرێ کە ڕێگەی پێشمەرگەی هیچ لایەنێکی دیکە نەدەن بنکە و سەیتەرە لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی ئەودا دامەزرێنن؟ میلیشیا حکوومەت دەکا یا ئیرادەی سەرچاوە گرتوو لە ویست و دەنگ و پشتیوانیی خەڵک؟ بە پێی کام بەرنامە و میکانیزمی لە ئێستاوە پێشبینی کراو و بناغە بۆ دانراو؟

چ دڵنیاییەک هەیە کە نیاز و نەخشە و پلانی دەسەڵاتی تازە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی کوردستانی داواکاری مافە نەتەوەییەکان، لە هی ڕێژیمی پێشوو، شوومتر نەبێ؟ ئەدی دەوڵەتان و ئەکتەرانی دیکەی ناوچە، دەست لە سەر دەست دادەنێن تا کوردی ڕۆژهەڵات، کوردستانی خۆیان بە دڵی خۆیان بەڕێوە بەرن؟ چەندە ئەگەری ئەوە هەیە لە گەڵ دراوسێ تورکەکانمان بە لێک تێگەیشتن پێک بێین و جارێکی دیکە تووشی ئەزموونە تاڵەکانی دوای شۆڕشی ١٣٥٧ نەبینەوە؟ چەندە دەتوانین یەکگرتوویی و هاوپێوەندیی نەتەوەیی دانیشتوانی کوردستان، بە ئایین و دیالێکت و زاراوە و پێگەی کۆمەڵایەتیی جیاوازەوە، بپارێزین و ڕێگە نەدەین نەیاران لە دژی خۆمان، هێلانەیان لە نێودا بکەن؟
کەمترین چاوەڕوانی ئەوەیە، ئەمجار ئەگەر دەرفەتێکی دیکەی وەک شۆڕشی ١٣٥٧ بۆ ئێمەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڕەخسێتەوە، ئیدارەیەکی کاتیی هاوبەش و یەکگرتوو لە هێزە سیاسییەکان (هەتا گەیشتن بە هەڵبژاردنێکی گشتی) کوردستان بەڕێوە ببا نەک هەر لایەنێک بەشێکی کوردستان بۆ خۆی بڕ بدا و، بڕیار و یاسای خۆی بە سەر خەڵکدا

بسە پێنێ. کەمترین چاوەڕوانی ئەوەیە یەک هێزی پێشمەرگە بە یەک ناوەندی فەرماندەییەوە هەبێ و ئەرکی پارێزگاری لە ئەمنیەت و ئاسایشی کوردستان لە بەرامبەر هەڕەشەی نەیارانی خاک و خەڵکی کوردستاندا بگرێتە ئەستۆ، نەک کوردستان ببێتە گۆڕەپانی مەیداندارێی میلیشیای ڕەنگاوڕەنگ. کەمترین چاوەڕوانی ئەوەیە لە جیاتی هەر لایەنەی بۆ خۆی لە گەڵ دەسەڵاتی تازە و دەوڵەتان و ئەکتەرانی ناوچەیی دا، بە ناوی نوێنەری خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڵام لە ڕاستی دا بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی بکەوێتە وتوویژ، دەستەیەکی نوێنەرایەتیی پێکهاتوو لە هێزە سیاسییەکان، پشت ئەستوور بە ڕێنوێنی و ویست و پشتیوانیی خەڵک پێک بێ. چاوەڕوانییەکی زۆر بە جێشە وێڕای دەرسوەرگرتن لە لاوازی و کەموکورتی و خاڵە نەرێنییەکانی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٣٥٧، لایەنە بە هێز و ئەرێنییەکانی ئەو کات لە بواری خۆبەڕێوەبردن و دابینکردنی بەشێک لە ماف و ئازادییەکان و پێکهێنانی کەشوهەوای ئازاد لە کوردستان، دەوڵەمەندتر و بەدامەزراو بکەین.
ئایا هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات کە:

ئەزموونی تاڵی ڕەنج بەخەساریی گەلی کورد لە ئێران لە شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧یان هەیە؛

باشترین ڕێبەران و تێکۆشەرانی خۆیان و ڕۆڵەکانی خەڵکی کوردستانیان لە خەباتی ٤٠ ساڵە لە گەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دا لە دەست داوە؛

بە چاوی خۆیان، ئاکامی وێکهەڵنەکردن و ململانێی زیانبار لە گەڵ یەکتریان دیتوە و، لاوازبوونی ڕۆژبەڕۆژ زیاتری بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستانیان لە درێژەی ڕقبەرقە و پێکەوەنەسازان و ناتەبایی دا تاقیی کردووەتەوە؛

دەشزانن کە پیلانگێڕیی ئیقلیمی و، بەربەست و نەیاری گەیشتنی کوردی ڕۆژهەڵات بە مافە نەتەوەییەکان و داوا لەمێژینەکانی، لە ئاستی ئێران و ناوچە دا لە جاران زیاترە ؛

دەرسیان لەم ڕابردووە وەرگرتوە؟ هیچ نیشانەیەک لە خۆ ئامادەکردن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گۆڕانێکی وەکوو ساڵی ١٣٥٧یان پێوە دیارە؟
بە داخەوە، وڵامی ئەو پرسیارانە"نا"یە. ئەمەش جێگای ئەو پەڕی داخە. کێ لەم دەرسوەرنەگرتن و کەمتەرخەمییانە بەرپرسیارە؟ لێرە دایە هەر تاکێک لە نێو هەر حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە هەر پلە و بەرپرسایەتییەکدا کە هەیە پێویستە ئەو پرسیارە لە خۆی بکا، حیزبەکەی خۆی لەم بارەیەوە چ بەرپرسایەتییەکی لە

بەشی سێهەم

سەر شانە؟ ئایا هەنگاوی پێویستی لەم بارەیەوە هەڵگرتووە ؟ ئەگەررێبەریی حیزبەکەی لەم پێوەندییەدا کەمتەرخەم و نابەرپرسە، ئەو وەک ئەندام و کادر و پێشمەرگەی ئەو حیزبە لەم کەمتەرخەمییە وەدەنگ هاتوە و نارەزایەتیی دەربڕیوە؟ هەر لە جێدا حیزب و حیزبایەتی، ئەگەر بایەخ بە گرنگترین پرسیارەکان و پێویستییەکانی خەڵک و کۆمەڵ نەدەن و بە دەنگیانەوە نەچن، خێریان چیە و چ سوودێکیان هەیە؟!

کاتی ئەوە هاتوە ئەم کەمتەرخەمییەی حیزبەکان، ببێتە پرسی گشتی و لە ئاستی کۆمەڵ دا قسەی لە سەر بکرێ. بە تایبەتی ڕووناکبیران، چالاکانی سیاسی، کەسایەتی و دەنگە دیارەکانی بواری فکر و رەخنە، کە دۆست و دلسۆزی هێزە سیاسیەکان و پرسی رەوای نەتەوەکەیان لە ڕۆژهەلاتی کوردستانن، پێویستە وەدەنگ بێن. با رەخنەگرتنی راشکاوانە و دەنگهەڵبڕینی بوێرانەی پڕ لە دڵسۆزی و راستگۆیی لەم دۆخە و کەمتەرخەمیی حیزبەکان و ڕێبەرییەکانیان، ڕێگای خۆدزینەوە لە وڵامدانەوە بەو پرسیارە جیددییانەیان لێ ببەستێ.

ئەگەر ئەمڕۆ بەرامبەر ئەم بارودۆخە، بێدەنگ و بێخەم بین، سبەی بە لەدەستچوونی دەرفەتە مێژووییەکان و دووبارەکردنەوەی مێژووی پڕلەقوربانیدان بەڵام بێ دەسکەوتی خۆمان، نرخەکەی دەدەین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٠ی فێبریوێری ٢٠١٩

---

### زمانی دایک، زمانی نەتەوەیی

زمانی دایک بۆ ئێمەی کوردستانی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات، زمانی کوردییە. واتە زمانی دایک بۆ ئێمە، زمانی نەتەوەییمانە. چونکە تێکەڵاوی و ژیانی هاوبەش پێکەوە نان لەنێو خەڵکی ئێمە لە گەڵ ژن و پیاو لە زمان و نەتەوەکانی دیکە، بە هۆی کولتووری، ئایینی و هتد ئەوەندە زۆر نییە و زمانی دایکی لە سەتا ٩٠- ئەگەر نەڵێم زیاتر-ی ئێمە زمانی نەتەوکەمان واتە زمانی کوردییە.

### خوێندن بە زمانی دایک

مەبەست لە خوێندن بە زمانی دایک، بە فەرمی ناسرانی زمانێک یا چەند زمانی دیاریکراو لە لایەن دەسەڵاتی وڵات و، ملدان و هاوکاری کردنی دام و دەزگا فەرمییەکانی وڵات بە ئامانجی بەڕێوەچوونی سیستەمی پەروەردە و فیرکردن واتە خوێندن بەو زمانانە، لە جۆغرافیا یا هەرێم و ناوچەی دیاریکراو دایە.

ئەگەرقبووڵ بکرێ کوردی ببێتە زمانی خوێندن، پێویستە کتێبی خوێندن بە کوردی هەبێ، مامۆستای کورد یا کوردیزان وانە بڵێنەوە، وانە گوتنەوە بە کوردی دەبێ، تێچووی خوێندنەکەش لە دابینکردنی قوتابخانەوە هەتا دەگاتە چاپی کتێب و ڕاهێنانی مامۆستا، حکوومەت لێی بەرپرسیار دەبێ. نەک هەر لە قۆناغی سەرەتایی بەڵکوو لە قۆناغی ناوەندی و زانکۆشدا ئەوە بەردەوام دەبێ. ئەم خوێندنە، شتێک نابێ لە دەرەوەی سیستەمی پەروەردەی وڵات، بەڵکوو بەشێک دەبێ لە سیستەمی پەروەردە و فێرکردنی وڵات. بۆ ئەوەش پردێکی پێوەندی هەبێ بۆ لێک تێگەیشتن لە نێوان ئاخێوەری ئەو زمانە و خەڵکی ئەو هەرێم و ناوچانەی بەو زمانە دەخوێنن، لە گەڵ دام و دەزگای حکوومەتی، پەروەردەیی و زانستیی سەرانسەری وڵات و هەر وەها لە گەڵ خەڵکی بەشەکانی دیکەی ئەو وڵاتە کە زمانێکی دیکەیان هەیە، عادەتەن زمانێک کە پێشتر لەو وڵاتە وەک زمانی هاوبەش بەکار هاتووە، یا تاکە زمانی فەرمی بووە، لە پەنا زمانی خەڵکی ناوچەکە دەخوێندرێ. دیارە پرسی چەند زمانی و بە فەرمی ناسینیان یەک جۆر چارەسەری نییە و، بە پێی وڵات و سیستەمی سیاسی، مۆدێلی جیاوازیش هەیە.

### خوێندن بە زمانێک باشترین جۆری بە فەرمی ناسینی زمانێکە، چونکە:



سەرچاوە
Serchawe

بەشی سێهەم

- زمانەکە لە ڕووی زانستی و پەروەردەییەوە گەشە دەکا، ناچارە خۆی ئەرکدار بکا کە وەڵامدەری پێداویستییە زانستیی و فێرکارییەکان بێ. کە خوێندن بە کوردی بوو، زمان پەل دەکێشی بۆ هەموو بوارەکان وەک ئەدەبیات، زانستە کۆمەڵایەتییەکان بۆ نموونە مێژوو، جۆگرافیا، زمانەوانی و هتد، هەر وەها زانستەکانی وەک زیندەوەرناسی بیرکاری، کیمیا، فیزیا، ئەندازیاری، بیناسازی، کۆمپیوتێر و هتد.

- پێگە و جێگەی زمان لای ئاخێوەری زمانەکە دەچێتە سەر. چونکە دەبینێ وەک زمانەکانی دیکە پێی دەخوێندرێ و بڕوانامە بەو زمانە ئیعتیباری هەیە. ئەو بڕوایەی لە لا دروست دەبێ کە گرنگیی زانستی و سیاسیی لە زمانەکانی دیکە کەمتر نییە.

- بەو هۆیەوە کە زمانەکە پێی دەخوێندرێ، دەچێتە نێو هەموو چینێک و لای هەموو تاکێک. نەک هەر لە ڕووی زانستی و فێرکارییەوە دەوڵەمەند دەبێ و گەشە دەکا، بەڵکوو لە رووی چەندایەتییشەوە، لە ڕووی ژمارەی ئەو کەسانەی ناچار دەبن بەردەوام لە گەڵ ئەو زمانەدا بژین، پەرە دەستێنێ.

- خوێندن بە زمانێک لە دەسپێکی چوونە قوتابخانەوە، لە ڕووی دەروونی و عاتفییەوە، بەستراوەیی و هۆگری و سۆزداری بەرامبەر ئەو زمانە و خەڵکێک کە بەو زمانە قسە دەکەن، لەو کەسەدا کە پێی دەخوینێ دروست دەکەن. واتە بە شێوەیەکی نەرم و بەرە بەرە، خۆشەویستیی زمانەکە و هۆگری بەو سەرزەوییەی زمانەکە هی ئەوێیە و خەڵکێک کە بەم زمانە قسە دەکەن، لە هەست و نەستی خوێندەوارەکەدا دەچێنن.

دیارە ئەم خاڵە ئەرێنییانە لایەنی نەتەوەیی و شوناسخوازانەیان هەیە. بەڵام لە ڕووی زانستی و پەروەردەییشەوە، خوێندن بە زمانی دایک دەبێتە هۆی خێراتربوونی پرۆسەی وەرگرتن و فێربوون لای فێرخواز، کەمبوونەوەی خۆدزینەوە لە چوون بۆ قوتابخانە و دەستهەڵگرتن لە خویندن، هەر وەها زیاتربوونی ژمارەی دەرچووان و چوونەسەری ڕاندومانی خوێندن و فێرکردن.

**بەردەوامیی بێبەشیی نەتەوەی کورد لە مافی خویندن بە زمانەکەیان و ئەرکمان:**

لە دوو پارچەی کوردستان، ڕۆژهەڵات و باکووری کوردستان، خوێندن بە زمانی کوردی، هەر وا قەدەغەیە. لەو دوو بەشەی کوردستان، منداڵی کورد لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا لەو مافە بێبەشە کە بە زمانی خۆی بخوێنێ. ئەمەش لە کاتێک دایە کە هیچ بڕیارنامە و پەسندکراوێکی نێودەوڵەتی، ڕەوایی بەو بێبەشکردنە نادەن و بە پێچەوانەوە، پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان، ئەم مافە (خوێندن بە زمانی دایک و لە بازنەیەکی گەورەتردا، خوێندنی نەتەوەیەک یا کەمایەتییەکی نەتەوەیی بە زمانەکەی خۆی)، بە مافێکی مرۆیی و سەرچاوەگرتوو لە پەسندکراوە نیودەوڵەتییەکان دەزانن. دیارە ئەم بێبەشکردنە لە سیاسەتێکی شۆڤێنیستی و ڕەگەزپەرستانەی دەسەڵات و ڕێژیمی سیاسیی ئەو وڵاتانەوە سەرچاوە دەگرێ کە کوردستانیان بە سەر خۆیان دا دابەش کردوە.

دیارە وەنەبێ ئەو ڕێژیمانە هەر تەنیا مافی خوێندن بە زمانی کوردییان بە ڕەسمی نەناسیبێ، هەر لە جێدا ئەمەیان قبووڵ نیە کە کوردیش نەتەوەیەکە و ئەو مافەی هەیە لە سەرنیشتمانەکەی خۆی - تەنانەت لە چوارچێوەی ئەو وڵاتەی بەسەریدا دابەش کراوە - خۆی بەڕێوە ببا، حکوومەتی ناوچەیی خۆی هەبێ، کاروباری خۆبەڕیوەبردنی بە زمانی خەڵکی ناوچەکە بێ و هتد. جا دیارە کاتێک مافی ئەوەی پێ ڕەوا نەبینن کە شارو ناوچە و خەڵکی خۆی بەڕێوە ببا، لە دەسەڵاتە گشتی و سەرانسەرییەکەشدا، ڕێگای هاوبەشیکردن و گرتنە دەستی پۆستی سەرەکی پێ نادەن. ئێران و تورکیە ئەگەر لە زۆر شتیشدا لێک جیاواز بن، لەوەدا وەک یەکن کە حاشا لە بوونی نەتەوەی دیکە لە وڵاتەکەیاندا دەکەن. لە ڕوانگەی ڕێژیمەکانی ئەو دوو وڵاتەوە، ئێران وڵاتی نەتەوەیەکە بە ناوی ئێران کە زمانەکەی فارسییە. تورکیەش وڵاتی نەتەوەی تورکە کە زمانەکەی تورکییە!

لە عێراق هەر لە کۆنەوە مافی خویندن بە زمانی کوردی هەبووە، واتە لە سەردەمی ڕیژیمی شایەتییەوە، دواتر لەگەڵ ئەو هەمووە سیاسەتی دڕندانەش کە حکوومەتی بەعس بەرامبەر بە کوردستان و نەتەوەی کورد هەیبوو، بەڵام مافی خوێندن بە زمانی کوردی هەر مایەوە. لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩٠ و پێکهاتنی حکوومەت و پارلمانی کوردستان، زمانی کوردی دەرەتانی ئەوەی بۆ پێک هات کە لە هەموو بوارەکاندا، کاری پێ بکرێ و گەشە بکا و وەک زمانی سەرەکیی دەسەڵات و دام و دەزگای ڕەسمی، زۆرترین پێشکەوتن بە خۆیەوە ببینێ.

دیارە لە سووریەش لەو کاتەوە کە ئەو وڵاتە هاتووەتە سەر نەخشەی سیاسیی جیهان، هەر عەقلیەتێکی لەو چەشنە زاڵ بووە: سووریە، وڵاتێکی عەرەبییە و یەک نەتەوەی لێ دەژی و یەک زمانی هەیە ئەویش زمانی عەرەبییە! تەنیا لەم

ساڵانەی دواییدا،کە بە هۆی شەڕی نێوخۆیی لە سووریە، دەستی حکوومەت لە ناوچە کوردییەکان کورت بووەتەوە و هیزی کوردی ڕۆژاڤای کوردستان بەڕێوە دەبەن، دەرفەت بۆ منداڵانی کورد ڕەخساوە بە زمانی خۆیان بخوێنن.

## ئایا گۆڕانێک بە ڕێگاوەیە؟

لە ماوەی ٧٥ ساڵی ڕابردوودا حکوومەتەکان لە ئێران و تورکیە چ ئالوگۆڕێکیان لەم بارەیەوە لە سیاسەتی خۆیاندا پێک هێناوە؟

لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە لایەن حکوومەتەوە گۆڕانێک بە سەر ئەم بێبەشیەی نەتەوەکان لە خوێندن بە زمانی خۆیاندا پێک نەهاتووە. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییش لە سەر هەمان سیاسەتی ڕێژیمی پێشوو دەڕوا کە دژایەتییە لەگەڵ مافی نەتەوەیی کورد و نەتەوەکانی دیکە. دژایەتییە لەگەڵ خویندن بە زمانەکانی دیکە جگە لە زمانی فارسی. تەنیا ئالوگۆڕێک کە لە دوای هاتنە سەرکاری ئەو ڕێژیمە پێک هاتووە لەم بارەیەوە ئەوەیە کە ساڵی ١٩٧٩ کە بۆ یەکەم جار یاسای بنەڕەتی یا دەستووری ئەم نیزامە نوێیە (کۆماری ئیسلامی) پەسند کرا، ئەسلێکی تێدا گونجا (ئەسلی ١٥ی قانوونی ئەساسی)، کە دەڵێ: «زمان و خەتتی ڕەسمی و هاوبەشی خەڵکی ئێران زمانی فارسییە. بەڵگەنامەکان، نامەنووسین، دەقە ڕەسمییەکان و کتێبی دەرسی بەو زمان و خەتتەن. بەڵام خوێندنی زمانە خۆجێیی (محلی) و قەومییەکان لە چاپەمەنی و ڕاگەیەنە گشتیەکان و خوێندنی ئەدەبیاتی ئەوان لە قوتابخانە لە تەنیشت زمانی فارسییەوە ئازادە.»(*)

لە باکووری کوردستانیش گۆڕانێک کە دەبێ ئاماژەی پێ بکەین ئەوەیە لەم ساڵانەی دواییدا (١٠ ساڵی ڕابردوو)، وشەی کورد کە جاران بەکارهێنانی وشەکەش قەدەغە بوو، ئیستا قەدەغەی لە سەر هەڵگیراوە، ڕێگەی چاپی کتێبی کوردی دراوە، تەلەڤیزیۆنی حکوومەتی بەرنامەی بە زمانی کوردی هەیە. بەڵام نە تەنیا دان بەوە دانەنراوە کە کورد نەتەوەی دووهەمە لەو وڵاتە و مافەکانیشی بە فەرمی نەناسراوە، خوێندن بە زمانی کوردییش هەر وا قەدەغەیە.

## چی بکەین بۆ ئەوەی لە ئامانجی خویندن بە زمانی کوردی دوور نەکەوینەوە؟

ئەم پرسیارە کۆمەڵێک پرسیاری دیکە بە دوای خۆیدا دێنێ. بۆ وێنە مەبەستمان منداڵانی کورد لە کوردستانە یا دەرەوەی وڵات؟ ئەگەرنێوخۆی کوردستانمان مەبەستە کە لەوێ منداڵی کورد مافی بێ ئەم لاو ئەو لای خۆیەتی بە زمانی دایکی بخوینێ، وەک دەبینین ئێستا لە دوو پارچەی کوردستان لەو مافە بێبەشە و بە کردەوە ناتوانێ بەو زمانە بخوێنێ. ئەدی

بەشی سێهەم

وەک کورد لە هەر بەشێکی کوردستان بۆ گەیشتن بەو مافە چ بکەین؟ هەتا بەو مافە دەگەین، چ ئەرکێکی پێویست هەیە، ئێستا لێی غافڵ نەبین و ئەنجامی بدەین؟ لەم بارەیەوە بۆ بنەماڵە کوردەکان لە دەرەوەی کوردستان، لە پێوەندی لە گەڵ منداڵ و زمانەکەیان چ ئەرکێک دیاری دەکەین؟ بە سەدان هەزار کورد لە دەرەوەی کوردستان، لە هەندەران، یا هەرلە تورکیە و ئێران و عێراق و سووریە، بەڵام دوور لە کوردستان دەژین. بە سەرنجدان بە دوورکەوتنەوەیان لە کۆمەڵی کوردی و تێکەڵاوییان لە گەڵ زمانی دیکە و ناچاربوونیان بە خوێندن و قسەکردن بە زمانی دیکە، ئەوانیش مەترسیی تایبەت بە خۆیان لە سەرە کە لە بیرچوونەوەی بەرەبەرەی زمانەکەیانە.

## لە نێوخۆی کوردستان، بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

### ئەلف: خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانمان، وەکوو بەستەیەکی گشتی

بۆ بەڕەسمی ناسرانی ئەو مافانە لە لایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە پێویستە لە سەرخەبات بەردەوام و تەنانەت شێلگیرتر بین. دیارە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، بە تایبەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ڕۆژی یەکەمی دامەزرانییەوە هەتا ئێستا، بە فەرمی ناسرانی زمانی کوردی و بەکارهاتنی لە خوێندن و کارو باری حکوومەتی و بەڕێوەبەری لە کوردستان، لە بەرنامەیدا هەبووە. ئەگەر لە قۆناغێک یا چەند قۆناغێکیشدا بۆ خۆی دەسەڵاتی بەدەست بووبێ، لە سەر ڕێککەوتن و بە فەرمی ناسین و دانپێدانانی حکوومەتی ناوەندی، ڕانەوەستاوە و بۆ خۆی ئەم مافەی بە کردەوە جێبەجێ کردوە. وەک سەردەمی کۆماری کوردستان و سەردەمی دوای هاتنەسەر کاری کۆماری ئیسلامی کە خوێندن بە زمانی کوردیی وەڕێ خست.

### ب: داوای مافی خوێندن بە زمانی کوردی وەک داوایەکی دیاریکراو

بەو هۆیەوە کە: ١) لە نێو نەتەوەکانی دیکەش، ئەم داوایە هەیە، ٢) دەستووری ئێران و ئەسڵی ١٥ی قانوونی ئەساسی، مەجالێکن بۆ بەدواداچوونی ئەو داوایە، و ٣) ئەم داوایە پتر نێوەرۆکێکی حقووقی و کولتووریی هەیە تا سیاسی، پێویستە بە شێوەی «مەوریدی»یش خەباتی بۆ بکرێ. بە تایبەتی بۆ خەباتی مەدەنی و پارلمانی، ئەم داوایە دەتوانێ داواکارییەکی گونجاو بێ.

### ج: فێرکردنی خوێندنەوە و نووسین بە زمانی کوردی

کارێک کە بە خۆشییەوە چەندین ساڵە لە شارو ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستی پێکردوە و بەهەزاران کەس لەم ڕێگایەوە فێری کوردی خوێندنەوە و کوردی نووسین بوون و بە زمان و ئەدەبیاتی کوردییەوە گرێ دراون. ئەمانە بە هیممەتی چالاکانی فەرهەنگی و کەسانی دلسۆزی زمان و ئەدەبیاتی کوردی و بە پشتیوانیی خەڵک و بە بێ یارمەتیی حکوومەتی کراون. هەم لاوەکانی لە زۆر شتی خراپ گێڕاوەتەوە، هەم فێری خوێندنەوە و نووسینی زمانەکەی خۆی کردوون، هەم گیان و باوەڕ و هۆگریی نەتەوەیی لە نێودا دروست کردوون. ئەمەش ئەگەرچی  خوێندن بە زمانی کوردی نییە، بەڵام جۆرێکە لە خۆبەخاوەن کردن لە زمانەکە و ئامادەیی پێکهێنان بۆ خوێندن بە زمانی کوردی لە یەکەم دەرفەتدا.

## ئەرکی زمانیی بنەماڵە کوردەکانی دوور لە کوردستان

ئەو منداڵە کوردانەی دوور لە کوردستان گەورە دەبن، ئەگەر لە کۆمەڵ و وڵاتێکی ئازادیش بژین، پتر لە منداڵانی کوردستانی بندەست و بێبەش لە مافی نەتەوەیی و خوێندن بە زمانی دایک، لە ڕووی زمانەوە مەترسییان لە سەرە. منداڵانی کوردستان ئەگەر بەزمانی خۆشیان نەتوانن بخوێنن، چونکە لە نێو نەتەوەیەکی لە حاڵی خەباتدا گەورە دەبن، بەو هۆیەوە کە ڕۆژانە سووکایەتی بە زمانەکەیان و بە شوناسەکەیان دەکرێ، هەستی توند پێوەنووسان بە شوناسی خۆیان تێدا پێک دێ و بەردەوام سۆز و هۆگرییان بۆ زمانەکەیان زیاد دەبێ. لانیکەم ڕۆژانە قسەی پێ دەکەن هەم لەماڵەوە، هەم لە نێو کۆمەڵ. بەڵام منداڵی بنەماڵەی دوورکەوتووە لە کوردستان، دۆخێکی جیاوازیان هەیە. جگە لەوەی کەمنداڵەکەیان بە زمانێکی دیکە دەخوێنێ، لە دەرەوەی ماڵ ناچارن بە زمانێکی دیکە قسە بکەن. بەرە بەرە کە کۆڕ و کۆمەڵی کوردی دادەبڕێن. ئەوانەی لە ئورووپا و ئەمریکا و کانادا و ئوسترالیان، لە ماڵەوەش کەمتر ئەندامانی بنەماڵە دەتوانن بە یەکەوە بن. بەرە بەرە لە مۆسیقا و گۆرانیی کوردی و بەرنامەی تەلەڤیزیۆنی کوردی دوور دەکەونەوە.  ساڵ بە ساڵ لە ئەلفوبێی کوردی و نووسین و خوێندەوەی کوردی پتر نامۆ دەبن. ئەوەشمان لەبیر بێ منداڵی ئەم ڕۆژگارە ئەوەندەی حەزی لە تەنیایی و کات بەسەربردن لە گەڵ موبایل و ئایپادەکەیەتی، ئەوەندە حەزی لە دانیشتن لای دایک و باب و میوان نییە. بەم جۆرە ئەگەر لەم وەزعە بێخەم بین دوای ماوەیەک دەبینین منداڵانی کورد لە دەرەوەی وڵات بە تەواوی لە زمانەکەی خۆیان دادەبڕێن. ئەمە کێشەیەکە کە من بە داخەوە مشوورخواردنێکی جیددی بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی نابینم.

## دەتوانین چ بکەین؟

بەشی سێهەم

### ئەلف: سوود وەرگرتن لە ماف و ئیمکانی خوێندنی زمانی دایک کە لە وڵاتانی ڕۆژاوایی هەیە

زۆر لەو وڵاتانە مافی خوێندنی زمانی دایکیان بۆ منداڵانی گرووپە زمانی و نەتەوەییە جیاوازەکان بە رەسمی ناسیوە و ئامادەن تێچووی ئەم خوێندنە دابین بکەن. بەڵام خۆ ئەو وڵاتە بە زۆر ئەم مافەت بە سەر داناسەپێنێ. بنەماڵە کوردەکان دەبێ بۆ خۆیان لە ئاست داهاتووی زمانەکەیان و نامۆنەبوونی منداڵەکانیان لەگەڵ زمانی نەتەوەکەیان، هەست بە بەرپرسایەتی بکەن. بەدواداچوون بکەن، داوای مامۆستا و قوتابخانە بکەن بۆ ئەوەی لەڕۆژانێکی دیاریکراوی حەوتوودا، منداڵەکانیان فێری خوێندنەوە و نووسین بە زمانی کوردی بن.

### ب: دانەبڕان لە کۆڕو کۆمەڵی کوردی و بنەماڵە کوردەکان

بۆ ئەوەی منداڵی کورد حەز و هۆگریی قسەکردن بە زمانی دایکی و فێربوونی خوێندن و نووسین بەو زمانەی تێدا بمێنێ، پێویستە ئەو بۆنە و بوارانەی ئەو بەو زمانە و ئاخێوەرانی ئەو زمانە دەبەستنەوە بۆی پێک بهێنرێ. جێژن و بۆنە کولتوورییە کوردییەکانی وەک نەورۆز و ٢ی ڕێبەندان کە بە بەشداریی بنەماڵە کوردەکان پێک دێ، زەماوەند و بەرنامەی هونەریی جۆراوجۆر، هاتوچۆ و تێکەڵاویی بنەماڵە کوردەکان، سەفەر بۆ کوردستان، قسەکردن بە زمانی کوردی لە ماڵەوە، هەر یەک لەمانە دەتوانن ئەو منداڵانە تا ڕادەیەک لە بازنەی زمانی کوردی دا بیێڵنەوە.

ج: پێکهێنانی خۆشەویستیی زمان و شوناسی نەتەوەیی لە منداڵان و مێرمنداڵاندا ئەرکە لە سەر دایک و باب و گەورەکان، هۆگری و خۆشەویستیی نەتەوە و نیشتمانی کورد و زمان و کولتووری کوردی لە منداڵان و مێرمنداڵانیاندا بە هێز بکەن. ئەمەش بەشێکی لە ڕێگای هەڵسوکەوتی ڕۆژانە و ئەو پێوەندییە تایبەتیەی لە نێوانیاندا هەیە، دەکرێ. خۆبواردنی گەورەکان لە زێدەڕۆیی لە سەر قامکدانان لە کەموکووڕی و دیاردە نەرێنییەکانی دەسەڵاتی کوردی و حیزبی کوردی و کۆمەڵگەی کوردییش دەتوانێ ڕێگایەکی دیکە بێ بۆ زیان نەگەیاندن بەو خۆشەویستی و هۆگرییە.

------

(*) اصل پانزدهم (١٥) قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران:



سەرچاوە
Serchawe

**بەشی سێهەم**

زبان و خط رسمی و مشترک مردم ایران فارسی است. اسناد و مکاتبات و متون رسمی و کتب درسی باید با این زبان و خط باشد ولی استفاده از زبانهای محلی و قومی در مطبوعات و رسانەهای گروهی و تدریس ادبیات آنها در مدارس، در کنار زبان فارسی آزاد است.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی مارچی ٢٠١٩

## لە دژی ژنکوژیی بەردەوام دەنگهەڵبڕینێکی نەتەوەیی و گشتی پێویستە

کوردستان لەمێژ ساڵە لە زۆر لایەنەوە ڕووی گەشی ناوچەیەکەیە. بۆ وێنە لە ئێرانێکدا کە زۆربەی هەرەزۆری خەڵکەکەی لە ئاست زاڵبوونی ڕێژیمێکی کۆنەپەرست بە سەر چارەنووسیاندا، تەسلیم بوون و بەم قەدەرەی خۆیان ڕازی بوون، ئەوە کوردستان بوو ملی بۆ ئەم چارەنووسە دانەنواند و لە بەرامبەر ڕێژیمی جەهلدا ڕاوەستا و هەتا ئێستاش، لە سەر ئەم هەڵوێستەی خۆی ڕۆیشتووە و قوربانیی لە پێناودا دەدا.

هەر لەو ئێرانەدا، کە «قصاص» و «زیندەبەچاڵ کردن» و دەست و قاچ بڕینەوە و لێکهەڵاواردنی ژن و پیاو لە هەموو بوارەکانی ژیان و تێکۆشانی کۆمەڵ و، بردنەوەی ژنان بۆ نێو ئەندەروونییەکان و بەمێرددانی مێرمنداڵان و فرەژنی و «صیغە» کردن لە سێبەری دەسەلاتدارێتیی کۆنەپەرستیی لێ زیندوو کرایەوە، کوردستان ڕێگەی پێچەوانەی گرتەبەر و جاڕی نەمانی کۆیلەیی و چەوسانەوەی ژنانی دا و، بانگی یەکسانیی ژن و پیاوی بەرزکردەوە.

٤٠ ساڵە «تاران» لە سەکۆی مەجلیس و دێر بە دێری یاساکانی، لە تریبوونی سەرکۆمار و وەزارەتخانە و دام و دەزگا داماڵراو لە هەر کولتوورێکی پێشکەوتوو و بەها مرۆییەکانیەوە، لە پەت و پلیکانەی تەرازووە لاسەنگەکەی دەزگا قەزاییە نادادپەروەرەکەیەوە، زووخاوی مەرگ و ڕەشاوی گریان بە سەر هەموو نیشانەیەکی ژیان و خۆشیدا دەرشێتەوە، بەڵام کوردستان بانگەوازی ژیان بە سەربەستی بە سەر دانیشتوانی خۆیدا دەبەشێتەوە. بڕواننە ڕێورەسمەکانی نەورۆز و شەوی یەلدا و زەماوەند و ڕەشبەڵەکی شار و گوند و هەرەوەزی بە یەکەوەی کچان و کوڕانی شاخەوان و ژینگەپارێز و، چالاکییە کولتووری و شوناسخوازی و شوناسپارێزییەکانی لاوەکانمان، هەموویان نموونەی دەوڵەمەندیی کولتوور و گەشەی عەقڵ و ئاشتیخوازی و وێکهەڵکردن و چوونەپێش لەگەڵ سەردەم و شارستانەتی و مرۆڤایەتیی ئازاد و پێشکەوتوون.

هەر لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیشدا، کورد لە نێو نەتەوەکانی دیکەدا، سەرەوملی چەند بست بەرزترە. لە هەموو پارچەکانی نیشتمانەکەی، جوانترین نموونەی لە پێکەوە ژیانی نەتەوە و ئایینە جۆراوجۆرەکان نیشان داوە. لە ملکەچ نەکردن و پڕشانازیترین بەرەنگاری بەرامبەر ڕەوەی جەهل و تیرۆر (داعش)دا، یەکەم بووە. لەدانی سەخاوەتمەندانەترین قوربانییەکان لە شەڕی پێشمەرگە بەرامبەر گەلەکۆمەگیی جیهانیی جەهل ودڕندەیی سەرتۆپ بووە و ئوستوورەی لەشکان

نەهاتوویی سەدەی ٢١ی لە کچانی شەڕڤان، بەرهەم هێناوە.

ئەمانە و زۆر نموونەی دیکە لە داهێنان و پێشکەوتنی زانستی و فەرهەنگی و هونەریی لاوانی کورد لە نێوخۆ و دەرەوەی کوردستان و، بە لێشاو ڕوخساری گەشی دیکەی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خەڵکی کوردستان، هیچیان بە مێژوو و ناوبانگی نەتەوەکەمان نامۆ نین و لە ئاست هەر هەمووشیان، هەست بە سەربەرزی و شانازی دەکەین. ئەوەی نامۆیە و مایەی شەرمەزاری و هۆی ڕووشان و برینداریی ویژدان و بەدناویی نەتەوەییمان، ئەو تاوانە دڕندانە و پڕشوورەییە پەیتا پەیتایانەن کە بە ناوی نامۆسپەرستییەوە، گیانی کچان و ژنانی کوردستان دەستێنن. ئاشکرایە لە کۆمەڵێکدا کە دەسەڵات و یاسا لە جیاتی لە بەرامبەر ئەو جۆرە تاوانانەدا لەمپەر بن، هاندەر و ڕەوایی پێدەرن، لە کۆمەڵ و لە نێو خەڵکێکدا دین و مزگەوت و پێگە و بەرگی ئایینییش بۆ برەوپێدانی ئەم جۆرە توندو تیژی و تاوانانە، کەلکیان لێ وەربگیرێ، بەرەنگاربوونەوەی ئەم جۆرە تاوانانە، یەکجار سەختترە.

پاشەکشە بە تاوانخوڵقێنان و هاندەرانی تاوان دژی کچان و ژنان بە ناوی نامووسپارێزییەوە، مومکین نابێ بێ وەڕێخستنی بزووتنەوەیەکی گشتگیری نەتەوەیی. بزووتنەوەیەک کە وێڕای حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان و هێز و ئەکتەرە چالاکەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، پێویستە کەسایەتییە ئایینییەکانیش،- ئەوانەی کە دووڕوو نین و حیسێبیان لەوانە کە هاوکات «هەم لە تووربێن دەخۆن و هەم لە ئاخوڕ»، جیایە- ڕۆڵی پێشەنگیان تێیدا هەبێ. ئەم بزووتنەوەیە دەبێ لە لایەک ببێتە هێزی گوشار لە سەر دامو دەزگا حکوومەتییەکان کە بە ڕواڵەت ڕاگری ئاسایش و نەزمی کۆمەڵ و پارێزەری گیان و مافی تاکەکانن، بۆ ئەوەی لە ئاست ئەنجامدەرانی تاوانەکان بێهەڵوێست و کەمتەرخەم نەبن. لە لایەکی دیکە پێویستە لە ڕێگای ڕاگەیەنەکان، پەروەردە و فێرکردن، پێکهێنانی گۆڕان لە یاسا و ڕێوشوێنەکانی وڵات و هەرەوەزی ڕۆشنگەرانەی بەردەوام، کار لە سەر گۆڕینی بیرکردنەوەی تاکەکان و پاککردنەوەی کولتووری کۆمەڵ لە بیروباوەڕی چەوت و کۆنەپەرستانە و تاوانخوڵقێنانە، بکەن.

تاکەکانی کومەڵێک چۆن دەتوانن هەست بە ئاسوودەیی ویژدان بکەن، کاتێک ڕۆژانە بێبەشترین و چەوساوەترین مرۆڤەکان، بێ سووچ و تاوان، یا تەنیا بە تاوانی داوای سەرەتاییترین مافەکانی خۆیان و، بە گوناحی دەنگهەڵبڕین دژی وەک کویلەبوون و وەک کۆیلە ڕەفتار لەگەڵ کران، دەکوژرێن؟ ئەو «تاوان»انەی ژنان و کچانیان لە کوردستان لە سەر دەکوژرێ و ئەتک دەکرێن، شتێک نین غەیری یاخیبوون لە کۆت و بەند و ڕێوشوێن و ژیانێکی بەزۆر بەسەرداسەپاو، یا هەوڵدان بۆ گۆڕینی کولتوورێکی دواکەوتووانە و وەستاندن و سنووردارکردنی زێدەخوازی و زێدەڕۆیی چەوسانەوە بەهۆی پیاوانێک کە بۆ

بەشی سێهەم

خۆشی و ئاسوودیی خۆیان و دامرکاندنی نەفسی سەرکێشی خۆیان، لە زۆر تاوان و بێئەخلاقی و کردەوەی ویژدان ڕووشێن ناپرینگێنەوە. بەڵام هەر کە کچان و ژنان، سنوورە دیاریکراوەکانی ئەوانیان بەزاند، بێسڵەمینەوە لە سزای ئەم یا ئەو دنیا، کۆتایی بە ژیانیان دێنن. بێدەنگی و بێهەڵوێستی لە ئاست ئەو جۆرە تاوانە، خزمەتە بە درێژە کێشان و بەردەوامییەکەیان. بۆیە لە سەرهەر تاکێکمانە چی دی بێدەنگ و بێهەڵوێست نەبین و پێویستە بە وەڕێخستنی بزووتنەوەیەکی گشتگیری کولتووری و کۆمەڵایەتی دژی ژنکوژی، داوێن و ڕوخساری ئینسانی و نەتەوەییمان لە عاری ئەم تاوانانە، پاک بکەینەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی مای ٢٠١٩



سەرچاوە Serchawe

# تێرۆریزمی دەوڵەتی لەدژی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

## ئاماژە:

لە مانگی بانەمەڕی ئەمساڵدا کتێبێک لە بارەی کردەوە تێرۆریستییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەژێر ناوی «تێرۆریزمی دەوڵەتی لە دژی ڕۆژهەڵاتی کوردستان»، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای «ڕۆشنگەری»، لە دەرەوەی وڵات بڵاو بۆوە. کتێبەکە لە ٣٢٠ لاپەڕە پێک هاتوە و هەڵبژاردەیەک لە وتار و نووسینەکانی قادر وریا لە ماوەی ٢٥ساڵی ڕابردوو لە پێوەندی لەگەڵ سیاسەت و کردەوە تێرۆریستییەکانی ڕێژیمی ئێران بە گشتی و بە تایبەتی لە دژی حیزبی دێموکراتی گرتووەتە خۆی. لە بەشی پاشکۆی ئەم کتێبەشدا، پانۆڕامایەک لە کردەوە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی لە هەرێمی کوردستان لە دەیەی ٩٠ی زایینی، وێڕای کۆمەڵێک بەیاننامە لە بارەی پیلان و تاوانە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی کە لە ڕابردوو یا لەم ساڵانەی دواییدا بڵاو بوونەتەوە، سەرنج ڕادەکێشن. لەم ژمارەیەی «کوردستان»دا، پێشەکیی کتێبی»تێرۆریزمی دەوڵەتی لە دژی ڕۆژهەڵاتی کوردستان» بڵاو دەکەینەوە تا لە زمان و قەڵەمی نووسەرەوە، لە پێویستیی چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبی لەم چەشنە، ئاگادار بین:

## پێشەکی

لەگەڵ ئەوەی یەکەم ئامانجی سەرکوت و شەڕ و تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی، کوردستان و خەڵکەکەی و هێزە سیاسییەکانی بوون، هەروەها ئەگەرچی زۆرترین قوربانییەکانی پیلان و تاوانی تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامی، خەڵکی کوردستان و تێکۆشەرانی گەلی کوردن، بەڵام بەداخەوە هەتا ئێستاش کارێکی ئەوتۆ بە مەبەستی بە دۆکیۆمێنتکردنی ئەو تاوانانە و توێژینەوەی تێر و تەسەل لە بارەیانەوە، نەکراوە. گرنگترین و بەوەجترین ڕێبەرانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان و لێهاتووترین کادرەکان و بەڕێوەبەرانی خەباتی مافخوازانەی کوردستان، لە لایەن سپای پاسداران و وەزارەتی ئیتلاعاتی ئەو ڕێژیمە تێرۆر کراون، بەڵام ئەو دەزگا سەرکوتکەرانە بەوپەڕی ڕووهەڵماڵاوییەوە، هێزە سیاسییەکانی بەشدار لە خەباتی شۆڕشگێڕانەی کوردستان بە «تێرۆریست» ناو دەبەن و، تاوانە تێرۆریستییەکانی خۆشیان لە دژی ڕێبەران و تێکۆشەرانی ئەو هێزانە تەنانەت لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران، بە «بەرپەرچدانەوەی تێرۆر»، دەناسێنن! ئەمانەش دەگەڕێنەوە بۆ کەمتەرخەمیی ئەو هێزە سیاسییانە و سوود وەرنەگرتنیان لەو هەمووە بەڵگەنامە و شوێنەوارانەی



سەرچاوە
Serchawe

تێرۆریزمی دەوڵەتیی ڕێژیمی ئێران لە دژی کوردستان. بەداخەوە لە ئاستی کۆڕ و کۆمەڵی سیاسی و دیپلۆماتیکی نێودەوڵەتی، لە نێوەندی دامەزراوە جیهانییەکانی بەرگری لە مافی مرۆڤدا، هەروەها لە پانتایی میدیاکانی دنیا و بە مەبەستی شوێندانان لە سەر بیروڕای گشتیی وڵاتانی جۆراوجۆر، کەمترین کار لەسەر داتاکان و بەڵگەنامەکانی تێرۆریزمی دەوڵەتیی ئەو ڕێژیمە بە دژی کوردستان، کراوە.

بە حوکمی خەریکبوونم بە کاری نووسین و تێکۆشانی لەمێژینەم لە ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتدا، هەروەها بەهۆی هەستیاریی تایبەتیی خۆشم لە ئاست مەینەت و نەهامەتییەکانی نەتەوەکەم و خەڵکێک کە ژیانی خۆم بۆ خەبات لە پێناوی ڕزگارییاندا تەرخان کردوە، یەک لەو کەسانە بووم کە لە ئاست پیلان و هێرش و هەڕەشە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە ئازادیخوازانی ئێران بە گشتی و تێکۆشەرانی کورد بە تایبەتی، بەردەوام لەسەر هەست بوون و، خۆیان ئەرکدار کردوە لە بارەیانەوە بنووسن.

هەستکردن بە بەرپرسیارەتی لە ئاست گیانی بە ناحەق ئەستێندراوی قوربانییەکان و قۆستنەوەی نووسین و بواری کاری ڕاگەیاندن بۆ لەقاودانی تاوانەکان و گەیاندنی هاواری دادخوازیی کەسوکار و هاوخەباتانی قوربانییەکان، وایان کردوە لە درێژایی ٣ دەیەی ڕابردوودا بە سەدان نووسین، وەرگێڕان و بابەتی ئامادەکراوم لە بارەی تاوانەکانی تێرۆریزمی دەوڵەتیی ڕێژیمی ئێران بە تایبەتی لە دژی حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستان هەبێ. ڕاستە ئەم نووسینانە لە کاتی خۆیدا بڵاو بوونەوە، بەڵام بەو هۆیەوە کە ساڵانێکی زۆریان بە سەردا تێپەڕیوە و کاتی خۆشی لە تویێ بڵاوکراوەی حیزبیی مانگانە و کەم تیراژ و هتددا بڵاو بوونەوە، ئێستا نایاب بوون و خوێنەران و تامەزرۆیانی ئەم جۆرە بابەتانە، ناتوانن وەدەستیان بێنن. ئەمەش لە کاتێکدایە کە تێرۆریزم بە گشتی و تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی لە دژی پرسی کورد و تێکۆشەرانی کوردستان و، لە دژی بەرهەڵستکاران و نارازییانی ئەو ڕێژیمە هەر وا چالاکە و، قوربانی دەستێنن. جگە لەمەش زۆر لەو کەس و لایەنانەی دەستیان لەو تاوان و کردەوە تێرۆریستییانەدا هەبووە، ئەگەر ئەم نووسین و بەڵگەنامانە بفەوتێن، یا بە مێژوو بسپێردرێن و ئاوڕیان لێ نەدرێتەوە، وەک بەرزەکی بانان بۆی دەردەچن و هیچ کات حوکمی عەداڵەت لە بارەیانەوە بەڕێوە ناچێ.

بەداخەوە هێشتا توێژینەوە و بەدواداچوونی تێر و تەسەل و هەموو لایەنە لە بارەی تاوانە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان و لە دژی هێزە سیاسییە خەباتکارەکانی کوردستان، نەکراوە. ئێستا کاتی ئەوەیە هەموو ئەو نووسین و لێدوان و بەڵگەنامانەی لە درێژایی ٤٠ ساڵی ڕابردوودا لە بارەی تاوانە تێرۆریستییەکانی ئەو ڕێژیمە، لەکاتی خۆیدا بڵاو بوونەوە، کۆ بکرێنەوە و جارێکی دیکە بخرێنەوە بەر سەرنجەکان بۆ ئەوەی خوازیارانی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون، دەستیان بە زانیاری و دۆکیۆمێنت و سەرچاوەی پێویست ڕابگا.

## بەشی سێهەم

کۆکردنەوەی کۆمەڵێک لە نووسینەکانم لە توێی ئەم کتێبە و دووبارە بڵاوکردنەوەیان، هەنگاوێکە لە خزمەت بە دۆکیۆمێنت کردنی تاوانەکانی تێرۆریزمی دەولەتیی کۆماری ئیسلامی و دەستوپێوەندییەکانی لە دژی خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسییەکان بە تایبەتی حیزبی دێموکرات کە من بەهۆی تێکۆشانم لە ڕیزەکانیدا زیاتر لێی ئاگادارم و پتر خۆم بۆ تەرخان کردوە. دیارە ئەم کتێبەم لە هەلومەرجێکدا ئامادە کردوە کە بەداخەوە لە کتێبخانە و ئەرشیڤی شەخسیی خۆم و کۆمەڵێک سەرچاوەی پێویستی دیکە دوورم. هەر بۆیە دەستم بە نیزیکەی نیوەی نووسین و بابەتەکانی خۆم لە پێوەندی لەگەڵ کردەوە و پیلانە تێرۆریستییەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا، ڕانەگەیشتوە. زۆر بەڵگەنامەی دیکەش هەبوون کە بوونیان لەم کتێبە، یارمەتیی بە بەرچاوڕوونیی خوێنەران و تامەزرۆیانی ئاگاداری لە تاوانەکانی تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی دەکرد، بەڵام بەداخەوە ئێستا لەبەر دەستمدا نین.

لەم کتێبەدا زیاتر٥٠ نووسین و بابەتی ئامادەکراوی خۆم هەن کە کەوتوونە بەشی یەکەمی کتێبەکە. چەند دانەیەکیان لەوانەیە ناو و ئیمزای هێزێک یا چەند هێزێکی سیاسییان لەسەر بێ، بەڵام چونکە خۆم نووسیومن هەر لەو بەشەدا هێناومن. هەروەها چەند نووسینێکیشم لەوانەیە ڕاستەوخۆ پێوەندییان بە کردەوە تێرۆریستییەکانی ڕێژیم لە کوردستانەوە نەبێ بەڵام بەو هۆیەوە کە باس لە تێرۆر بە گشتی یا تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی لە شوێنەکانی دیکەی ئێران یا جیهان دەکەن، پێم باش بوو لەم کتێبەدا بیانگونجێنم. چەند بەڵگەنامەیەکیش لە پاشکۆی کتێبەکەدا هاتوون کە زیاتر بەیاننامە و ڕاگەیەندراوی حیزبی دێموکرات یا هی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێرانن، بەو هۆیەوە کە پێوەندییان بە تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامییەوە هەبوو، هێنانیانم لەو پاشکۆیەدا بە پێویست زانی.

لە چاپەکانی دیکەی ئەم کتێبەدا هەوڵ دەدەم پاشماوەی نووسینەکانم لە بارەی پیلان و کردەوە تێرۆریستییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان یا بە دژی کورد، هەر وەها بەڵگەنامەی زیاتر لە بارەی ئەو تاوانانەی بە دژی تێکۆشەران و بنکە و بنەماڵەکانی حیزبی دێموکرات بەڕێوە چوون، بخەمە سەر ئەم کتێبە. هیوادارم بەم کارەم خزمەتێکی بچووکم بە لەقاودانی ڕەهەندە جیاوازەکانی نیاز و تاوانە تێرۆریستییەکانی ڕێژیمی دڕندەی ئێران و، زیندوو ڕاگرتنی هاواری زۆرلێکراوی و دادخوازیی بنەماڵە و کەسوکار و هاوڕێ و هاوخەباتانی قوربانییەکان کردبێ. دەستی هەر بەڕێزێکیش دەکوشم کە لە دەوڵەمەندکردنی ئەم پرۆژەیەدا، هاوکار و یارمەتیدەرم بێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی جوونی ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## ڕادیۆی دەنگی کوردستان نرکەی شۆڕشێک، ئاوێنەی مێژوویەک

**٢٧ی جۆزەردانی ئەمساڵ، ڕادیۆی دەنگی کوردستان، پێ دەنێتە چلەمین ساڵی دامەزران و تێکۆشانی خۆی.**

**هەلومەرجی لەدایکبوونی رادیۆی دەنگی کوردستان:**

"ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران" لە هەلومەرجێک دا لە دایک بوو کە حیزبی دیموکرات و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە سۆنگەی پێداگرییان لە سەر مافە نەتەوەییەکانی خۆیان، شەڕێکی هەمە لایەنە و نابەرامبەریان لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە بە سەردا سەپابوو. هاوکات لە گەڵ لەشکرکێشی و هەڵکوتانە سەر کوردستانی ئازاد و خەڵکە مافخوازەکەی، ڕێژیمی تازە لە تاران پێتەختی وڵات و بەشەکانی دیکەی ئێرانیش بەرە بەرە قۆڵی لە پێشێلکردن ولە نێوبردنی دەسکەوتەکانی دیکەی راپەڕینی ١٣٥٧ی خەڵک هەڵمالیبوو. خومەینی، فتوای شکاندنی قەڵەمەکان و هێرش بۆ سەر ڕۆژنامە سەربەخۆ و ئازادەکانی دەرکردبوو. لایەنگرە دەمارگرژەکانی خۆی بۆ شێواندن و پەلاماربردن بۆ سەر متینگ و کۆڕ و کۆبوونەوەی ڕێکخراوە سیاسییەکان، هان دەدا. نێوەندە زانکۆییەکان کە ببوونە شوێنی چالاکیی ڕێکخراوە سیاسییەکان و خوێندکارانی وڵات لەواندا دژی زاڵبوونەوەی دیکتاتۆری و کۆنەپەرستی، دەنگیان بەرز دەکردەوە، کەوتبوونە بەر ڕقی خومەینی و، دەسەلاتدارانی تازە خەریک بوون پیلانی داخستنی زانکۆکان وەک یەکێک لە ئاڵقەکانی شۆڕشە بە ناو فەرهەنگییەکەیان ئامادە دەکرد. مەجلیسی دامەزرێنەران و یەکەم دەورەی مەجلیسی شوورای میللی بە دوای ڕووخانی ڕێژیمی شایەتی دا، بێ ئەوەی ڕێگەی بەشداری بە نوێنەرانی هەڵبژێردراوی خەڵکی کوردستان بدرێ، پێک هاتبوون و ئەوەی ڕێژیمی تازە مەبەستی بوو، نەک ئەوەی ویست و ئارەزووی خەڵک بوو، بە ناوی یاساوە، پەسندیان دەکرد. بەم جۆرە لە لایەکەوە شەڕێکی هەمە لایەنە بە سەر خەڵکی کوردستان دا سەپابوو، لە لایەکی دیکەشەوە، ڕێگاکانی گەیشتنی هەواڵ و راپۆرتی تاوانەکانی ڕێژیم لە کوردستان و هاواری زۆرلێکراویی ئەو خەڵکەیان بە بەشەکانی دیکەی ئێران بەستبوو.

ڕێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە ئاگاداری لە گرنگیی ڕۆڵی ڕاگەیاندن و بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو بێدەنگییەی ڕێژیمی تازە، بەرامبەر خەڵکی مافخواز و شەڕ بەسەرداسەپاوی کوردستان پێکی هێنابوو، بیری لە وەڕێخستنی رادیۆ کردەوە. بە تایبەتی کە دەنگی ڕادیۆ هەم لە ڕۆژنامە خێراتر دەگەیەشتە دەستی خەڵک و بەربەستی کەمتری لەبەر دەم بوو،هەم ژمارەی بەردەنگەکانی لە خوێنەرانی ڕۆژنامە یەکجار زیاتر بوون. بەم جۆرە لە ٢٧ی جۆزەردانی١٣٥٩ (١٧ی ژوئەنی١٩٨٠ ) ، ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران بە پەیامی ڕێبەری شەهید د. قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی



سەرچاوە
Serchawe

بەشی سێهەم

دیموکرات، بە رەسمی بڵاو کردنەوەی بەرنامەکانی خۆی دەست پێ کرد. ئەم ڕادیۆیە لەو کاتەوە هەتا ئێستا لە تێکۆشان و بڵاوکردنەوەی بەرنامە دا بەردەوام بووە و، بووە بە خاوەنی مێژوویەکی پڕشنگداری جیانەکراوە لە مێژووی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە و خەباتی رزگاریخوازانەی حیزبی دیموکرات و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لە بیرەوەریی دەستپێکردنی چلەمین ساڵی تێکۆشانی ئەم رادیۆیە دا، لە سەر دوو ڕەهەندی تێکۆشانی هەڵوێستەیەک دەکەین:

## رەهەندی یەکەم:

### ڕۆڵی شوێندانەرانەی دەنگی کوردستانی ئێران لە ڕووی میدیایی، سیاسی و نەتەوەییەوە:

دەنگی کوردستانی ئێران لە لایەک بەوهۆیەوە کە دەنگی خەباتی ڕەوا و پڕ لە قارەمانەتی و قوربانیدانی حیزبی دیموکرات بوو، لە لایەکی دیکە لە نەبوونی راگەیەنێکی ئەوتۆ کە هەواڵ و ڕووداوەکانی کوردستان بە خەڵک بگەیەنێ، بە زوویی لە نیو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دا جێی خۆی کردەوە. سەرەڕای "متواضعانە" بوونی ئیمکاناتی فەننی و یەک لەوان خودی دەزگا (فرستندە)ی ڕادیۆیی، لە گەڵ ئەوەش دا لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە، بە چڕی و لە ناوچەی جۆراوجۆر پارازێتی دەخرایە سەر، بەڵام بە زوویی ڕێگای خۆی بۆ نیو سەدان هەزار ماڵ - ئەگەر نەڵێین بە میلیۆن - خەڵک کردەوە و گوێگرتن لە بەرنامەکانی، بوو بە بەشێک لە بەرنامەی ڕۆژانەی خەڵک. هەواڵ و ڕاپۆرتی هێرش و تاوانی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم و، بەرەنگاربوونەوەی هێزی پێشمەرگە لە گەڵیان، ڕەفتاری کاربەدەستان و ئۆرگانە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی لە گەڵ خەڵک لە شار و گوندەکان، بەشێکی هەمیشەیی بوون لە نێوەرۆکی بەرنامەی ڕۆژانەی ئەو رادیۆیە. ئەوەش کە بەرنامەکانی رادیۆ بە زمانی فارسی و بۆ ماوەیەک بە زمانی ئازەریش بڵاو دەبوونەوە، ژمارەی بەردەنگی ئەو رادیۆیە و پانتایی کاریگەرییە میدیایی و سیاسییەکەی زیاتر کردبوو.

شیکردنەوەی سیاسیی ئاڵوگۆڕەکانی ئێران و پرس و بابەتەکانی پێوەندیدار بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دووهەم ئەرکی ڕۆژانەی ڕادیۆی دەنگی کوردستان بوو. ئەم جۆرە باس و لێکدانەوانەش بە زۆری، کەسانێک دەیاننووسی کە لە ڕێبەران و سیما سیاسییەکانی حیزبی دیموکرات بوون. یەک لەو کەسایەتیانە ڕێبەری شەهید د.سادق شەرەفکەندی بوو کە توانایەکی زۆری لە شیکردنەوە و باسکردنی مەسەلە گرنگەکان بە زمانێکی سادە، هەر وەها لە دۆزینەوەی سووژە و بابەتی شیاوی شیکردنەوە و ڕوونکردنەوە بۆ کۆمەڵانی خەڵک دا هەبوو. راستیەکەی ئەوەیە نەک هەر جەماوەری بەرینی گوێگری رادیۆ، ئەندامان، پێشمەرگەکان و کادرەکان و تەنانەت بەرپرسانی حیزبیش، لە ڕێگای لێکدانەوە و وتارە سیاسییەکانی ئەم رادیۆیە، لە رووی سیاسییەوە، ڕێنوێنی دەکران و پەروەردە دەبوون.

## بەشی سێهەم

کاریگەریی بەرنامەکانی ڕادیۆی دەنگی کوردستان، لە ڕووی نەتەوەیی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەوە، لە کاریگەرییە خەبەری و سیاسییەکەی کەمتر نەبوون. بایەخدانی ئەم رادیۆیە بە مێژووی نەتەوەی کورد و بۆنە نەتەوەییەکان، دڵسۆزی و هەستیاربوونەکەی لە ئاست زمانی کوردی و هاندانی خەڵک بۆ بەرگری لە زمان و شوناسی خۆیان، گرنگیدانی بە ئەدەبیات و گۆرانی و مۆسیقای کوردی، لە تەنیشت ئەمانەش لەقاودان و دژایەتی کردنی چەوساندنەوە و نەریت و ڕێوشوێنی دواکەوتوانە و دژێوی نێو کۆمەڵ بە تایبەت لە دژی ژنان، لە سەر هەستبوونی لە ئاست پەروەردەی منداڵ و لاوان و ئاوڕدانەوە لە پێویستییەکانیان، هەر وەها بە شێوەی جۆراوجۆر وەستان لە سەر کێشە کۆمەڵایەتییەکان و وریاکردنەوەی چین و توێژ و بەشە جیاوازەکانی خەڵکی کوردستان لە ئاکامەکانی ناکۆکی و دووبەرەکیی خێڵەکی و ناوچەگەرییانە، یا لە سەر ئەساسی ئایین و زاراوە و هەر جیاوازییەکی تر، جێیەکی دیاریان لە نیو ئامانج وئەرکەکانی ئەم ڕادیۆیە دا هەبووە. دەتوانین بڵێین هەتا ئەو کاتەی تەلەڤیزیۆن نەهاتبووە نێو ڕیزی ڕاگەیەنەکانی حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی کورد، دەنگی کوردستانی ئێران، پشکێکی حاشالێنەکراوی هەم لە بەرهەمهێنان و پەرەپێدانی ئەدەبیاتی بەرگری دا هەبوو، هەم لە هاندانی تەبایی نەتەوەیی و یەکگرتوویی لە نیو ڕیزەکانی خەڵک دا.

## ڕەهەندی دووهەم:

### دەنگی کوردستان وەک ئاوێنەی مێژوویەکی پڕشنگدار

ئەگەر حیزبی دیموکرات وخەڵکی کوردستان، ئەم قۆناخەی ئێستا تێپەڕێنن و، نەتەوەکەمان لەو بەشەی نیشتمانەکەی خاوەنی ماف و بڕیاری دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بێ، حەق وایە لە یەکەم هەنگاوەکانیان دا، موزەخانەیەکی تایبەت بۆ ئەرشیفی ڕادیۆی دەنگی کوردستان بکەنەوە. لە ماوەی ٤٠ ساڵ تێکۆشان و بەردەوامیی ئەو رادیۆیە دا، دیارترین و کاریگەرترین ڕێبەران و تیکۆشەرانی حیزبی دیموکرات و خەڵکی کوردستان، بە نووسین، بە پەیام و لێدوانی تایبەت یا وتوویژ، لە ڕێگای ئەم رادیۆیەوە قسەیان لە گەڵ خەڵکی کوردستان کردوە.ئەرشیڤی بووڵتەنی خەبەریی ڕۆژانەی ئەم ڕادیۆیە و وتار و لێکدانەوە سیاسییەکانی، پانۆرامای مێژوویەکی بە خوێن نووسراون کە شایەدی بۆ خۆڕاگریی جێی شانازیی بزووتنەوەیەکی هەراو بەرامبەر ڕێژیمێکی دڕندە و خوێنڕێژ دەدەن. دەنگی دەیان و سەدان تێکۆشەر و قارەمانی نەتەوەکەمان، دەستنووسی دەیان و سەدان سیمای سیاسی و ڕووناکبیر، لە ئەرشیڤی ئەم رادیۆیە دا هەن. لەوانەیە یادگار و شوێنەواری هێندێک لەوان لە هیچ کوێی دیکە دەست نەکەوێ. ژیاننامەی سەدان فەرماندەری نیزامی و کادری سیاسی و هەزاران لاوی پێشمەرگە، ئەرشیڤی ئەم رادیۆیەیان دەوڵەمەند کردوە. زۆر لە گوێگرانی ئەم رادیۆیە شێعر و پەخشان و بیرەوەری و پرسیار و پێشنیار و جوانترین هەستەکانی خۆیان بە دەسخەتی خۆیان بۆ ئەم رادیۆیە ناردوە. ئەو ساتانەی

## بەشی سێهەم

جێگای تایبەتیان لە مێژووی حیزبی دیموکرات و نەتەوەی کورددا هەیە، لای ئەم رادیۆیە، شەقڵ و یادگاری تایبەت بە خۆیان جێ هێشتوە. تەنیا بە چاوخشاندنێک بە سەر لیستی دوور و درێژی ناوی ئەو کەسانەی وەک بەرپرس، بەڕێوەبەر، نووسەر، وەرگێڕ، بێژەر، ئەندازیار و کادری فەننی لەم رادیۆیەدا خزمەتیان کردوە، بەسە بۆ ئەوەی تێبگەین کە رادیۆی دەنگی کوردستان کۆکەرەوە و مەکۆی چ هێزێکی گەورە و بە توانای ئینسانی بووە و، چ رۆڵێکی دیار و بە نرخی لە تێکۆشانی حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان بە تایبەتی لە دەیەکانی ٦٠ و ٧٠ ی هەتاویی دا هەبووە.

لە دەسپێکی ٤٠ ساڵەی دامەزران و بەردەوامیی ڕادیۆی دەنگی کوردستاندا، بە ڕێزەوە یادی زەحمەت و ماندووبوونی بەشدارانی نێو ئەو کاروانەی تێکۆشان لە هەموو ئاستێک دا دەکەینەوە. ئەوانەی شەهید بوون، یا بە مەرگی ئاسایی بە جێیان هێشتووین، سڵاو بۆ گیانی پاک و یادی نەمریان دەنێرین. بۆ خودی رادیۆکەش بەردەوامی و بووژانەوە و، ڕۆڵێکی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆ و لە داهاتوودا، کاریگەرتر بە ئاوات دەخوازین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٧ی جوونی ٢٠١٩

---

## بۆشایی ڕێبەریی سیاسی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە هۆکارەوە تا چارەسەر*

باسەکەم بە ناردنی سڵاوی وەفا و ئەمەگناسی بۆ ڕێبەری شەهید د.قاسملوو و هاوڕێ عەبدوڵلا قادریئازەر لە ٣٠ ساڵەی تیرۆر کرانیاندا و، بە ئاواتخواستنی ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، بکوژی شەهیدانی ٢٢ی پووشپەڕ و هەزاران تیکۆشەر و شۆڕشگێری دیکەی کورد و ئێرانی، دەست پێدەکەم.

### تێبینم لە سەر چەمک و دەستەواژەی بۆشایی ڕێبەریی سیاسی

ئەم پانێلەی سمینارەکە، کە من تێیدا بەشدارم تەرخان کراوە بۆ باس لە بۆشایی ڕێبەری سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دوای تیرۆری د.قاسملوو دا. هەر بۆیە دەمەوێ لەو پرسیارەوە دەست پێبکەم ئایا بە تیرۆری د.قاسملوو، بۆشایی ڕێبەریی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دروست بوو؟ ئەم پرسیارە کاتێک باشتر وڵامی خۆی وەردەگرێتەوە کە لە بیرمان بێت، هەم ئەو حیزبەی د.قاسملوو ڕێبەرایەتیی دەکرد، دوای ئەویش لە سەر خەبات و تێکۆشان بەردەوام بووە -ئەگەر چی ئیستا لە تویی دوو حیزبدا بەردەوامە- ق هەم ئەو بیر و باوەڕ و بایەخانەی قاسملوویان پی دەناسرێتەوە، ویڕای خۆشەویستیی ئەو ڕێبەرە لە نێو هەر دوو بەشی دێموکراتدا، بەدی دەکرێن.

بۆ ئەوەی مەبەستی دەستەواژەی «بۆشایی ڕێبەریی سیاسیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان» ڕوونتر بێتەوە، دەبێ ئەم تێبینییەش بکەین کە ناکرێ بڵێین بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بێ ڕێبەریی سیاسییە. ئەو حیزبانەی مێژوویەکی درێژیان لە ڕێکخستن و ڕێبەریی ئەو بزووتنەوەدا هەیە، یا تێیدا بەشدارن، بەتایبەتی حیزبی دێموکرات، بەشێکی هەر ئەسلی لەو ڕێبەرییە سیاسییەن و، بە کردەوە دەبینین هەم لە نێوخۆ و لە لایەن خەڵکەوە، هەم لە لایەن تارانەوە، هەر وەها لە لایەن دنیای دەرەوەش، بە شێوەیەکی ڕێژەیی حیزبەکان وەک هێزێک کە نوێنەرایەتیی بزووتنەوە و خەباتی دژ بە کۆماری ئیسلامی دەکەن و کاریگەریی سیاسییان لە سەری هەیە، سەیر دەکرێن.
من بە نۆرەی خۆم ئەم چەمکە بەم جۆرە پێناسە دەکەم کە لە ئێستای بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، کەسایەتییەک بەدی ناکەم کە «بەتەنیا» بوویێتە نماد یا هێمای ڕێبەری سیاسیی کوردی ڕۆژهەڵات. وەک هێزی سیاسییش، تاقە هێزێک بەدی ناکەم کە بڵێم «بە تەنیا» ڕێبەرایەتیی گۆڕەپانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

دەکا. بە بەراوردکردنێکی دۆخی ئەم ٢٠ساڵەی دوایی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ سەردەمی لە ژیاندابوونی د.قاسملوو، مەبەستەکەی خۆم ڕوونتر دەکەمەوە.
کاتێک د.قاسملوو لە ژیاندا بوو و سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات بوو، هەم حیزبەکەی بە مەودایەکی زۆرەوە، گەورەترین هێزی سیاسیی نێو گۆڕەپانی خەبات بوو، هەم کەسی یەکەمی ئەو حیزبە لە ئاستی کوردستان، ئێران و ناوچە و جیهاندا، وەک ناسراوترین و موعتەبەرترین سەرکردەی سیاسیی کوردستان، چاوی لێدەکرا. هەر دووی ئەم ڕاستییانە لە درێژایی سێ دەیەی ڕابردوودا گۆڕانیان بەسەردا هاتوە. واتە هەم حیزبەکەی، ئەو حیزبە یەکگرتوو و بە هێزەی جاران نەماوە- لەگەڵ ئەوەی هەر یەک لەو دوو دێموکراتە لە ڕیزی هێزی یەکەمی ڕۆژهەڵات دان-، هەم ڕێبەرێکی بە توانای وەک د.قاسملوو لە ڕەئسی حیزب و بزووتنەوەکەدا نییە.

## هۆکارەکانی دروستنەبوونی تاکەکەسێک وەک هێمای ڕێبەری سیاسی

گومان لەوە دانیە کە کاتێک ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی نەخشەی تێرۆری دوکتور قاسملوویان دادەڕشت، دەیانزانی قاسملوو کاریگەرترین و گرنگترین سەرکردە و کەسایەتی لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان دایە. ئەوەشیان دەزانی کە حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی کورد جێگای ئەو ڕێبەرەیان بۆ پڕ نابێتەوە و ئەمە گەورەترین زەبرە کە دەتوانن بیوەشێنن.
بۆ چی لەم ٣٠ ساڵەدا، قاسملوویەکی دیکە دروست نەبووەتەوە؟ من وا بیر ناکەمەوە کە مرۆڤی دیکە بەو توانا و بەهرە و لێهاتووییانەی د.قاسملوو، لە دایک نابنەوە. دەکرێ کەسانێک بە بڕوانامەی زانستیی بەرزتر لە د.قاسملوو، لە قاسملوو شارەزاتر لە دیپلۆماسی و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان، زمانزانتر لەو کەسایەتییە، هەر ئێستا هەبن، یا لە داهاتوودا پەیدا ببن. بەڵام لە خۆدا کۆکردنەوەی هاوکاتی هەمووی ئەو تایبەتمەندییانە و کۆمەڵێک بەهرە و ئیعتیبار و ئەزموونی دەوڵەمەندی سیاسی و حیزبایەتی، تەنیا لە پرۆسەی خەبات و تێکۆشان و ڕێبەریکردنی چەندین ساڵەدا، بۆ کەسایەتییەک مسۆگەر دەبێ.
تازە دەبێ ئەوەشمان لە بیر بێ، سەردەمی ئێستا و سەدەی ئێستا لەگەڵ سەردەم و سەدەی پێشوو جیاوازییەکی گەورەی هەیە. سەرهەڵدان و شکڵگرتنی ڕێبەرێکی کاریزما، لە سەردەمی ئێستادا زۆر سەختترە لە سەردەمی پێشوو. تاکی سەردەمی پێشوو (چ لە نێو حیزب و چ لە نێو کۆمەڵ) پشکێکی کەمتری لە خوێندن و خۆ پێگەیاندن، دەستڕاگەیشتن بە زانیاری، پێوەندیگرتن بە دنیای دەرەوە، سوود وەرگرتن لە بەهرەکان و ماف و ئازادییەکانی خۆی پێ دەبڕا. خۆ فیداکردنی تاک لە پێناوی کۆدا، بایەخێکی هەرە بنەڕەتیی کاری شۆڕشگێرانە و خەبات و تێکۆشان لە سەردەمی پێشوودا بوو. لە ئاکامدا، ڕێبەران هاسانتر لە ئێستا دەیانتوانی حیزب ئیدارە بکەن. بە تایبەتی ئەگەر توانا و لێهاتوویی زۆریان هەبایە، زووتر



سەرچاوە
Serchawe

دەبوونە جێگای سەرنج و متمانە و، حیزب و جەماوەرەکەی لە پشتیان ڕادەوەستان. لە سەردەمی ئێستادا تاکەکان چاو و گوێیان کراوەترە، هاسانتر دەتوانن ڕووداوەکان و کەسایەتییەکان نەقد بکەنەوە. توانایەکی زیاتریان هەیە بۆ هەڵسەنگاندن و نرخاندن، تەنانەت بۆ کێشەخوڵقاندن بۆ حیزبەکانیان. کولتووری حیزبایەتی و کاری سیاسی، گۆڕانی بە سەردا هاتوە. تاک هەموو شتێکی خۆی لە پێناوی بەرژەوەندیی حیزب و گشتیدا وەلانانێ. ئەم ڕاستیانەش ئەرکی ڕێبەریکردن لە لایەن تاکەکەسیان زۆر دژوار کردوە. لەگەڵ ئەوەی تەئکید دەکەمەوە کە د.قاسملوو، «سەرۆک» نەبوو و، حیزبەکەی بە شێوەی تاکەکەسی بەڕێوە نەدەبرد، بەڵکوو لە رەئسی ڕێبەرییەکی بە کۆمەڵدا بوو.

**پێویستە دوو خاڵی دیکەش هەرلە پێوەندی لە گەڵ دروستنەبوونەوە یا هەڵنەکەوتنەوەی ڕێبەرێکی وەک د.قاسملوو، ئاماژە پێ بکەم:**

**یەکەم**؛ ململانێیەکان و ناکۆکێیە نێوخۆییەکانی نێوحیزبەکان و لەتبوونەکان و لێکدابڕانەکانیش، هۆیەک بوون بۆ دروستنەبوونی ڕێبەرێکی بەهێز کە ببێتە هێمای ڕێبەرێکی سیاسیی زۆر دیار بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بەهۆی ئەم جۆرە ناکۆکی و کێشانە، ئەگەر نیمچە ڕێبەرانێکیش لەو ساڵانەدا دروست بووبن، زۆر شکاو و شکێنراون و، لە ئیعتیبار و بایەخ و سەنگ و قورساییان کەم بۆتەوە.

**دووهەم**؛ وانییە کە لەم ٢ - ٣ دەیەی دواییدا، لە لایەن حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتەوە هەوڵی دروستکردنی ڕێبەر یا سەرکردەیەک بۆ ڕۆژهەڵات، نەدرابێ. لە نێو زۆربەی حیزبەکاندا هەوڵ دراوە کەسانێک تا ڕادەی هێمای سەرکردە و ڕێبەرێکی سیاسی نەک هەر بۆ ئەو حیزبە بەڵکوو بۆ ڕۆژهەڵات، زەق بکرێنەوە. لە گەڵ ئەوەی ئەم جۆرە هەوڵانە جۆرێک ملبەملەی زیانبار و نەخۆشی و دیاردەی تاکپەرستییشیان لە نێو ئەو حیزبانەدا پەرە پێداوە و، کولتوور و بنەماکانی حیزبایەتیشیان لە پێناویدا کراوە بەقوربانی، بەڵام ئەو هەوڵانە نەبوون بە هۆی دروستکردنی سەرکردە و ڕێبەری سیاسی و نمادێک بۆ هەموو ڕۆژهەڵات. هەر لە جێدا، ڕێبەرانێک کە لە حیزبەکەی خۆیاندا بە شێوەیەکی ناسروشتی و لە پرۆسەی ململانێیەکی ناسالمی نێوخۆییدا بووبنە «ڕێبەر»، وەرگیرانیان لە بازنەیەکی گەورەتر و گشتیدا وەک «ڕێبەر» هاسان نییە.

**بەرهەم نەدان و ناسەرکەوتوویی ئەم هەوڵانەش (هەوڵی ڕیبەرسازی)، دوو هۆی هەبووە:**

**هۆی یەکەم**؛ سەرکردە و ڕێبەر لە ڕەوتی خەبات و تێکۆشان و نواندن و سەلماندنی تواناکانی ڕێبەری لە لایەن خودی

بەشی سێهەم

کەسەکە و، دانانی کۆی حیزب و هەروەها جەماوەر بە قابلییەتەکانی سەرکردەبوونی دروست دەبێ نەک بە دەستی ئەنقەست و بە پوستێرسازکردن و دروشمدان و نمایشی سەیروسەمەرەی پلان بۆ دانراوی ژمارەیەک ئەندام و لایەنگری حیزبەکە بەتایبەتی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا.

**هۆی دووهەم؛** هەر وا کە لە چەمی قووڵ و گەورە و لە دەریادا نەهەنگ دەدۆزرێتەوە نەک لە جۆگە و تەنکاواندا، ڕێبەری گەورەش لە حیزبی گەورەدا دروست دەبێ نەک لە حیزبی بچووکدا.

## کەمایەسیی ڕێبەریی سیاسی لە ڕۆژهەڵات چۆن چارەسەر دەکرێ؟

ئێمە باس لە «ڕێبەریی سیاسی» بۆ ڕۆژهەڵات دەکەین. گۆڕەپانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتیش، جگە لە حیزبە سیاسییەکان و ئەندامانیان، ئەکتەر و بەردەنگی دیکەشی تێدایە. بەردەنگە سەرەکییەکەی ئەو ڕێبەر یا ڕێبەرییە سیاسییە، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. بە سەرنجدان بەو فاکتەرەیە کە من دەمەوێ باس لە چارەسەری کەمایەسیی ڕێبەریی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بکەم.

بێ کۆتاییهێنان بە ناکۆکی و ململانێ حیزبییە زیانبارەکانی ئێستا، بێ بەخۆداچوونەوە و یەکگرتنەوە و کەوتنەوە سەرییەکی حیزبە لەتبوو و لێکدابڕاوەکان، بە دوای ئەم دووهەنگاوەشدا، بێ یەکگرتنی حیزبە سیاسییەکان لە چوارچێوەی هاوپەیمانەتییەکی سیاسیدا، لەگەڵ کۆی ئەمانەشدا، بێ خوێندنەوەی ویست و زەرفییەت و تواناکانی خەڵک لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات بۆ کاری سیاسی و خەبات بۆ مافەکانیان و بێ ڕاکێشانی پشتیوانییان، ڕێبەرییەکی سیاسی کارا و جێگای متمانەی خەڵک، دروست نابێ. لە دڵی ئەم ئاڵوگۆڕانەی پێویستە بکرێن، دەکرێ ڕێبەرێیەکی سیاسی، شکڵ بگرێ و ڕۆڵی مێژوویی خۆی بنوێنێ. ئەو ڕێبەرییە بە تایبەتی لە سەرەتادا، ناتوانێ تاکەکەسی، یا تاکەکەس بێ. دەکرێ لە کۆمەڵێک سیما لە حیزب و ڕێکخراوی جیاواز، یا هەڵقوولاو لە هەناوی چەند شێواز و بوار و مەیدانی خەبات، پێک بێ. دووریش نییە لە ڕەوتی چوونە پێشی ئەو هەنگاوانەدا، کەسایەتییەک لە نێویاندا ببێ بە بەرجەستەترین هێمای ڕێبەری سیاسی. بەڵام دڵنیام ئەو کەسە، ئەوە نابێ کە بوون بە سەرکردە و ڕێبەری هەرە دیاری ڕۆژهەڵات، ئارەزووی لە مێژینەیەتی. بەڵکوو کەسایەتییەک دەبێت بەو هێمایە کە دەتوانێ زۆرترین ڕۆڵی هەبێ لە دروستکردنی یەکگرتوویی و هاوپەیمانی لە ئاستی حیزبە سیاسییەکان و، لە ڕاکێشانی پشتیوانیی خەڵکی ڕۆژهەڵات بۆ لای ئەم هاوپەیمانییە و، لە پێک بەستنەوە و گرێدانەوەی خەڵک و بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.

* بۆ سمیناری مەجازیی «کورد قوربانیی تیرۆریزم»ئامادە کراوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی جوولای ٢٠١٩

# کارەساتی ١٧ی خەرمانان (کاریگەرییەکان، ئەزموونەکان)

## پێشەکی:

ساڵێک لەمەوبەر ڕۆژی ٨ی سێپتەمبر(١٧ی خەرمانان)، سوپای پاسدارانی ڕێژیمی تاوان و تیرۆر، هێرشی مووشەکیی کردە سەر پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان. لە قەڵای دێموکرات کە شوێنی بەڕێوەچوونی پلینۆمەکە بوو ١٤ کەس شەهید بوون کە ٦ کەسیان ئەندامی ڕێبەریی حیزب بوون. نزیک بە ٤٠ کەس ژن و منداڵ، کادر و پێشمەرگەش بەم هۆیەوە بریندار بوون. لە فێرگەی سیاسیی نیزامیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیش دوو مامۆستای فێرگە، بە هۆی پەلاماری مووشەکیی ئەو ڕۆژە شەهید بوون. هەر لە بەرەبەیانی هەمان ڕۆژیشدا ٣ بەندیی سیاسیی کورد لە دار دران. ٢ ڕۆژ دواتر واتە ڕۆژی ١٩ی خەرمانانیش بەندییەکی دیکەی کورد، بە تاوانی سیاسی لە دار درا.

### هۆکار و هاندەرەکانی مووشەکبارانی پلینۆمی حیزبی دیموکراتی کوردستان

### بۆچی کۆماری ئیسلامی ڕۆژی ١٧ی خەرمانان، بە مووشەکی دوورهاوێژ لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی دا؟

لە ڕووی نێوەرۆکەوە: بزووتنەوەی کوردستان هەر لە ڕۆژی یەکەمی هاتنە سەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە، چەقڵی چاوی ئەو ڕێژیمە بووە. چونکە هەر لە سەرەتاوە "نا"ی پێ گوتوە و ئامادە نەبووە بێ داننانی بە مافەکانی گەلی کورد، مل بۆ حاکمیەتەکەی دانەوێنێ. سەرەڕای هەموو هەوڵێکی کۆماری ئیسلامی بۆ سەرکوت و تێکشکاندنی ئەو بزووتنەوەیە، بزووتنەوەکە هەر بەردەوامە و هەڕەشەیەکی "بالقوە"یە بۆ سەر مانەوەی ڕێژیم. شتێکی چاوەڕوانکراوە کە کۆماری ئیسلامی هەر کات دەرفەتی گونجاوی بۆ هەڵ بکەوێ، زەبر لەو بزووتنەوەیە و بە تایبەتی هێزە چالاک و شوێندانەرەکانی نێو ئەم بزووتنەوەیە بوەشێنێ.

لە باری سیاسییەوە: کۆماری ئیسلامی هەم لە نیوخۆ لەگەڵ ناڕەزایەتیی سیاسی و ئابووریی خەڵک بەرەوڕوو بوو، هەم لە دەرەوەڕا بەرەوڕووی دەورێکی تازە لە گوشاری سیاسی و گەمارۆی ئابووری ببۆوە. هاتنەدەری ئەمریکا لە بەرجام وای کردبوو

لەنێوخۆ دۆخی ئابووریی ئێران شپرزەتر بێ و خەڵک پتر ناڕازی ببن. لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا، مەیدان لەو ڕێژیمە پتر تەنگ دەکرایەوە. کۆماری ئیسلامی پێویستی بەوە هەبوو کە بە خەڵکی ئێران، بە هاوپەیمانەکانی و تەنانەت بەو وڵات و ڕێژیمانەی دژی ئاژاوەگێڕی و دەستێوەردانەکانی لە ناوچەدان، بڵێ "اقتدار"م هەیە و دەتوانم لە دەرەوەی سنوورەکانیشم هەر غەڵەتێکی پێم خۆش بێ بیکەم و حیسێب بۆ دنیا ناکەم!

لە ڕووی نیزامیبیەوە: کۆماری ئیسلامی لەمێژ ساڵە بە توانای مووشەکسازیی خۆی دەخوڕێ. هەرکات هەستی بەوە کردوە خەریکە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی جیددی بەرامبەر دەستێوەردانە ناوچەییەکان و مەیدانداریییەکانی لە سووریە، لوبنان، یەمەن، عێراق و هتد وەڕێ دەکەوێ، پەنای بردووەتە بەر نیشاندانی توانای مووشەکیی خۆی. جا بە تاقیکردنەوەی مووشەکەکانی بووە، یا هاویشتنیان بەرەو وڵاتێکی دیکە. پێشتر(٢٠١٧) "دیرالزور" و "ڕەقە"ی لە نێوخاکی سووریەدا کردبووە ئامانجی مووشەکەکانی. ئەمجاریش دەبوایە نیشان بدا کە - ئەگەر ناچار بێ - ئامادەیە لە دژی نەیاران و بەرهەڵستکارانی خۆوڵاتییش - ئۆپۆزیسیۆنی سیاسیی خۆی- ئەم مووشەکانە بەکار بێنێ. دیارە چەند ساڵێکە جگە لە مووشەکەکانی، توانای پەهبادیی خۆیشی زۆر گەورە نیشان دەدا. لە هێرش بۆ سەر قەڵای دیموکڕات وێڕای نواندنی توانا مووشەکییەکەی، پەهبادەکانی خۆیشی لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران بۆ کاری نیزامی بە کار هێنا.
لە باری تەبلیغاتییەوە: پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، هەم لە شوێنێکی دیاریکراو بەڕێوە دەچوو، هەم لە کاتێکی دیاریکراودا. حیزبی دێموکرات هەوڵێکی ئەوتۆی بۆ شاراوەبوونی کات و شوێنی پلینۆمەکەی نەدابوو. ئامادەکارییەکیشی بۆ بەرگریی هەوایی لە خۆی نەکردبوو (ئەمە بەو مانایە نییە کە لە جێی خۆیدا ئەم کەمتەرخەمییە جێگەی ڕەخنە نەبێ). ئەوەی تا ئەو کات زیاتر پێشبینیکراو و چاوەڕوانکراو بوو، سوود وەرگرتنی ڕێژیم لە شێوازەکانی دیکەی زەبر وەشاندن و کردەوەی تیرۆریستی، بۆ وێنە دانانەوەی بۆمب بوو. بەڵام بۆ سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی زۆر گرنگ بوو بە مووشەک لە شوێنی پێکهاتنی پلینۆم بدا. هەم زەبرە سیاسی و نیزامییەکە لە حیزبی دێموکرات گەورەتر دەبوو، هەم دەنگدانەوە و کاریگەرییە ڕەوانییەکانی لە سەر حیزب و خەڵک، زیاتر دەبوون. هەر لەو کاتەشدا، دەیتوانی لە سەر وردی و ڕادەی ئامانج پێکانی مووشەکە دوورهاوێژەکانی، هەر وەها توانای ئیتلاعاتیی خۆی - کە گوایە زانیاریی وردی لە کات و شوێنی بەڕێوەچوونی پلینۆم هەیە - مانۆڕ بدا.

### کاریگەرییەکانی تاوانەکانی ١٧ی خەرمانان:

مووشەکبارانی بنکەکانی حیزبی دێموکرات و هاوکات ئێعدامی پۆلێک بەندیی سیاسیی کورد لە ڕۆژی ١٧ی خەرماناندا، لە



سەرچاوە
Serchawe

باری سیاسی، نەتەوەیی و خەباتخوازیی کوردەوە، ئاکامێکی جیاواز لە بەراورد و هەڵسەنگاندنەکانی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی لێ کەوتەوە. چونکە:

### داننان بە مانەوە و لەشکان نەهاتوویی بزووتنەوەیەک بوو

تاوانە هاوکاتەکانی ڕۆژی ۱۷ی خەرمانان، جۆرێک داننانی ڕێژیم بوون بە مانەوە و بەردەوامیی هێزە سیاسییەکان و، نیشاندانی ترس بوو لە چالاکی و تێکۆشان و نفووزیان لە نێو خەڵکدا. ئەگەر بزووتنەوەیەک لە گۆڕێدا نییە و، هێزەکانی نێو ئەو بزووتنەوەیە لەنێو خەڵک نفووزیان نییە و، بۆ سەر ئەو ڕێژیمە بە مەترسی دانانرێن، بۆ چی بە چەکێکی "غیر متعارف" یا بەکارهێنانی ناباوی چەکێکی ئەوتۆ لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران لێیان دەدا؟ بۆ چی ئەندامان و لایەنگرانیان ئێعدام دەکا؟

### پرسێکی نەتەوەیی و سیاسی چووە ئاستێکی گشتی و ئاشکرا

کارەساتی ۱۷ی خەرمانان بووە هۆی ئەوە پرسی حیزبە سیاسییەکان و خەباتەکەیان کە پێشتر لەنێو کۆمەڵ بە پارێزەوە و لە سنوورێکی داخراو و لە ژێرەوە قسەی لەسەر دەکرا (زیاتر لە بازنەی ئەندامان، لایەنگران و نزیکانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان) بێتە ئاستی سەرەوە، ببێ بە جێگای سەرنجی گشتی و، بە ئاشکرا قسەی لە سەر بکرێ.

### هاوخەمی و هاوپێوەندیی گشتی و نەتەوەیی و، هەڵوێستی جەماوەریی شیاوی لێ کەوتەوە

تاوانەکانی ۱۷ی خەرمانان کە بە ئامانجی وەشاندنی گەورەترین زەبر لە هێزێکی سیاسی و، ترساندنی خەڵک لە درێژەی هاوکاری و پشتیوانیی هێزە سیاسییەکان بەڕێوە چووبوون، ئاکامێکی پێچەوانەیان لێکەوتەوە. لە ئاستی جۆراوجۆردا، هاوخەمی و هاوپێوەندی بەرامبەر حیزبی دیموکراتی کوردستان و ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی لەم ڕۆژەدا، کۆماری ئیسلامی قوربانیی لێ ئەستاندن، وەڕێ کەوت. هەم لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات، هەم لە هەرێمی کوردستان، هەم لە ڕادەی دیاسپۆرای کوردیدا شاهیدی هاوپێوەندی و هاوخەمی بووین. بەڵام لە هەمووی گرنگتر مانگرتنی گشتی و سەرانسەریی ڕۆژی ۲۱ی خەرمانانی خەڵکی ڕۆژهەڵات بوو کە یەک مانای هەبوو: خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پشتیوانی هێزە سیاسییەکانی خۆیانن و هەر وەک رابردوو ئەو ڕێژیمەیان ناوێ.

### بووە هۆی یەکهەڵوێستیی هێزە سیاسییەکان کە هاندەری جووڵاندنی توانای بەربەرەکانی خەڵک بوو

کەمتر وا هەبووە حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە بارەی ڕووداوە سیاسییەکان، هەڵوێستیان وەک یەک بووبی، یا بە یەکەوە و هاودەنگ هەڵوێستی وەک یەکی خۆیان ڕاگەیاندبێ. بەڵام بە دوای تاوانەکانی١٧ی خەرمانان، زۆربەی ئەو حیزب و ڕێکخراوانە، کۆدەنگ و هاوکار بوون لە ڕووبەڕووکردنەوەی داوا و چاوەڕوانیی وەک یەکی خۆیان لە خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان کە بریتی بوو لە وەڕێخستنی مانگرتنی گشتی و پێشاندانی نارەزایەتیی خۆیان لەم تاوانانە. ئەم یەکگرتوویی و یەکهەڵوێستی و هاودەنگییە، هاندەری خەڵک بوو بۆ باشترین بە دەنگەوەهاتن لە ٢١ی خەرمانانـدا بە جۆرێک کە مانگرتنێکی گشتی و سەرانسەری بە پشتیوانی لە بزووتنەوەکەی خۆیان وەڕێ بخەن.

### ئەزموونەکان:

هەگبەی ئەزموونەکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕووبەڕووبوونەوەی کارەساتی ١٧ی خەرمانان و لێکەوتەکانیدا، هەم لایەنی ئەرێنیی تێدایە، هەم لایەنی نەرێنی.

### ئەزموونە ئەرێنییەکان:

### سەلماندنی بەردەوامی لە خەبات و تێکۆشاندا

حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لەم ڕۆژەدا گەورەترین زەبری وێ کەوتبوو، هەر وەها هێزە سیاسییەکانی دیکەش کە بەردەنگی هێرش و پیلانەکانی ئەم ڕێژیمەن، دوای ئەو ڕووداوەش هەروا لە خەبات و تێکۆشانیان لە بواری جۆراوجۆردا بەردەوامن. خەڵکیش لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات، لە پێشوو ڕاشکاوانەتر بۆ داکۆکی لە مافەکانی خۆیان، بۆ بەرگری لە شوناسی خۆیان لە مەیداندان. بۆ جارێکی دیکەش بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازیی کوردستان و بە دیاریکراوی حیزبی دێموکرات، ئەوەیان سەلماندەوە کە ئەم جۆرە زەبرانە لەگەڵ هەموو بە ژانبوونەکەیان، ئەوان لە سەر خەباتی دژی ئەو ڕێژیمە شێلگیرتر دەکەن.

## ناسینی زیاتری دڕندەیی ڕێژیم

هەرچی ئەم ڕێژیمە پتر لە داهاتوو و مانەوەی خۆی نیگەران بێ، دڕندەیی پتر بەرامبەر هێزە بەرهەڵستکارەکانی دەنوێنێ. کوردستان بە پێشینەی ٤٠ ساڵ بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو ڕێژیمە، بە بوونی هێزی سیاسیی چالاکی خاوەن ڕابردوو و خاوەن پێگەی جەماوەری، بە بوونی ئامادەیی خەڵک بۆ پشتیوانی لە هێزە سیاسییەکان، هەمیشە جێگەی نیگەرانیی کۆماری ئیسلامی و بەردەوام ئامانجی بەرنامە و پیلانەکانی هیز و دەزگا تیرۆریستی و سەرکوتکەرەکانیەتی. بۆ زەبر وەشاندنیش، ڕێژیم ئامادەیە هەموو جۆرە سنوورێک ببەزێنێ و تەنانەت کاریگەرترین چەکەکانی و پڕمەترسیترین هێرش و پیلانی تیرۆریستی لە دەرەوەی سنوورەکان، بەکار بێنێ. ئەوەش کە هێزێکی سیاسیی کورد بڕوای بە شێواز و چارەسەری ئاشتیخوازانەی پرسی کورد لە ئێران هەبێ بەڵام لە سەر پرسی نەتەوەکەی شێلگیر و شوێندانەر بێ، لە ڕوانگەی ئەو ڕێژیمە پتر مەترسییە و زیاتر دەیکا بە ئامانجی هێرش و پیلان.

## بەرجەستە بوونەوەی پێویستیی تەبایی و یەکگرتوویی

دڕندەیی نواندنی ڕێژیم بە هۆی تاوانی ١٧ی خەرمانان لە دژی حیزبی دیموکراتی کوردستان، پەیامێک بوو بۆ سەرجەم هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات: دوور نییە ئەم جۆرە هێرش و تاوانە لە داهاتووشدا دووپات ببنەوە. ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ هێرش و پیلانی گەورەی لەم چەشنە و ئاکامەکانیشی، لە ئەگەری بەردەوامیی ناکۆکی و پەرتەوازەیی ڕیکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات، زۆر دژوارتر دەبێ. ئەم پەیامە لە لایەک، هەر وەها پەیامێک کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە مانگرتنی یەکگرتووانەی خۆیان لە ڕۆژی ٢١ی خەرماناندا بۆ حیزبە سیاسییەکانیان نارد، سەرنجی ڕێژەیەکی زیاتر لە ڕێبەران، تێکۆشەران و ئەندامانی حیزبەکانیان بۆ لای پێویستیی تەبایی و یەکگرتوویی نێوان ئەو هێزانە ڕاکێشاوە. ئەمە داوایەکی ڕاشکاوانەیە کە بەرەوڕووی ئەو حیزب و ڕێکخراوانە کراوەتەوە و خۆ لێبواردنیشی وەک پێشوو، هاسان نییە.

## ئەزموونە نەرێنییەکان:

## نەبوونی هەوڵی پلانمەند و جیددی بۆ بە نێودەوڵەتیکردنی کەیسی تاوانەکانی ڕێژیم

لە یەک ساڵی ڕابردوودا کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەموو کات زیاتر کەوتبووە ژێر گوشاری دەرەکی و، تەنانەت سوپای



سەرچاوە
Serchawe

پاسداران کە گەورەترین ڕۆڵی هەبووە لە تاوانەکانی ئەو ڕێژیمە دژی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە لایەن ئەمریکاوە بە تیرۆریست ناسرا. بەو زەمینە لەبارەشەوە، سەرەڕای گەورەیی کارەساتی ١٧ی خەرمانان و وێڕای ئەو هەمووە تاوانانەش کە ئەم ڕێژیمە پێشتر بەرامبەر خەڵکی کوردستان ئەنجامی داون، بە داخەوە هەوڵێکی جیددی، بەیەکەوە و پلانمەند لە لایەن حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵات بۆ بردنی ئەم جۆرە کەیسانە بۆ نێو کۆڕ و کۆمەڵی نێودەوڵەتی، بەدی نەکرا.

## درێژەی ملبەملەی ڕێکخراوەیی

ئەگەرچی شەقامی ڕۆژهەڵات و زۆرینەی خەڵکی بەشدار لە تێکۆشان و چالاکیی سیاسی (بە حیزبی و ناحیزبییەوە) داواکاری یەکگرتوویی و هاوپەیمانیی نێوان حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانن، بەڵام هێشتا ملبەملەی ڕێکخراوەیی و زاڵبوونی بەرژەوەندیی ڕێکخراوەیی بە سەر بەرژەوەندی گشتیدا - لە ئاستی هەرە سەرووی حیزبەکاندا -، ڕێگر بووە لە پێکهاتنی گۆڕانێکی گەورە و هومێدخوڵقێن. لەگەڵ ئەوەی بەردەوامیی هاوکاریی نێوان چوار حیزبی ڕۆژهەڵاتی لە چوارچێوەی "ناوەندی هاوکاری"دا، شتێکی ئەرێنییە، بەڵام ئەم هاوکارییەش هێشتا لە سنوورێکی بەرتەسکدایە و ئاستێکی بەرزی نەبڕیوە.

## مانەوەی هاوکاریی پێشمەرگانە و ئەمنیەتیی نێوان ڕێکخراوە سیاسییەکان لە ئاستێکی نزمدا

سەرەڕای بەرجەستەبوونەوەی مەترسییەکان و هەڕەشەکانی ناوەندە سوپایی و ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم بۆ سەر حیزبەکانی ڕۆژهەڵات کە لە هەرێمی کوردستان جێگیرن، هاوکاری لە بوارەکانی چالاکیی پێشمەرگانە، ئاڵوگۆڕی زانیاری و هاوکاریی ئەمنیەتی بۆ بەرپەرچدانەوەی هەڕەشە و پیلانەکانی ڕێژیم، نەچووە ئاستێکی بەرزتر لە هی پێشوو.

## دەرئەنجام:

تاوانەکانی ١٧ی خەرمانان، ئەگەر ئاماژەیەکی بەهێز بوون بۆ سووربوونی کۆماری ئیسلامی لە سەر وەشاندنی زەبری لە جاران قورستر لە ڕێکخراوە سیاسییەکان، مانگرتنی ٢١ خەرمانان و بەردەوامیی ڕەهەندە جیاوازەکانی خەبات لە نێو ڕۆژهەڵات و دەرەوەی سنوورەکانیش پەیامێکی ڕاشکاو بوون بۆ سەلماندنی پێوەندیی بەهێزی نێوان خەڵکی کوردستان و بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازیی خۆیان لە لایەک و، بەچۆکدانەهاتن و شێلگیری لە خەبات بەرامبەر ئەو ڕێژیمە. بەڵام ئەو بەردەوامبوونە بە تایبەتی لە قۆناغێکدا کە کۆماری ئیسلامی پێویستی بە نواندنی دڕندەیی زیاترە، جگە لە

بەشی سێهەم

ئیرادەی خەباتگێڕانە، شتێکی گرنگی دیکەشی پێویستە: یەکگرتن، هاوکاری و هاوپەیمانیی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان لەگەڵ یەکتر و، خەبات و تێکۆشانی پێکەوە و پشتبەستوو بە یەکتر لە هەموو ئاست و بوارەکاندا. ئەمە گرنگترین وانەی خەرمانانی کەوتن و هەستانەوەیە، ئەگەر ئەو حیزب و ڕێکخراوانە بە باشی لێی تێگەیشتبن!

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٣ی سێپتەمبەری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

# ڕوانگە و هەڵوێستمان لە بارەی چەند پرسێکی نەتەوەیی

## ڕوانگە و هەڵوێستمان لە بارەی چەند پرسێکی نەتەوەیی

### (لە پەراوێزی باس لە هێرشی تورکیا بۆ سەر ڕۆژاڤا)

"ستێرک تیڤی" شەوی ١٥ی ئۆکتۆبری ٢٠١٩ لە حەوتەمین ڕۆژی بەرەنگاریی شەرڤانان و خەڵکی ڕۆژاڤا بەرامبەر هێرشی داگیرکەرانەی سوپای تورکیا، بەرنامەیەکی تایبەتی بە بەشداریی نوێنەرانی چەندین حیزبی بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان بەڕێوە برد. ئەم بەرنامەیە کە بە شێوەی پانێل و لە لایەن هێژایان هەندرێن هەورامی و هەڤاڵ گوڵستان بەڕێوە چوو، تەرخان کرابوو بۆ باس کردن لە "هەڵوێستی پارت و ڕێکخراوەکانی کوردستان لە دژی هێرش بۆ سەر ڕۆژاڤا و پرسی بەرگریی نەتەوەیی". بەرنامەکە دوو تەوەری بنەڕەتیی گرتبووە خۆ بەڵام لەچوارچێوەی ئەوان دا کۆمەڵێک پرسی دیکەش هاتنە بەر باس. لە لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە، قادر وریا ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب لەم بەرنامە تایبەتەی ستێرک تیڤی‌دا بەشدار بوو. لێرەدا دەقی قسەکانی قادر وریا بە نووسینیش دەخەینە بەر سەرنج. ڤیدیۆی قسەکانییشی وێڕای بیروڕای بەشدارانی دیکە، دەتوانن لەم دوو لینکەی خوارەوە دا(بەشی یەکەم و بەشی دووهەم) ببینن.

### ڕوانینی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بارەی هێرشی تورکیا بۆ سەر ڕۆژڤای کوردستان و ئەرکی نەتەوەییمان:

حەز دەکەم وەکوو کەسێک لە ڕێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستان و وەکوو تێکۆشەرێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێشەکی سڵاو بنێرم بۆ گیانی پاکی ژنان و پیاوانی تێکۆشەر کە لە بەرگریی ڕەوادا، لە بەرگری لە نیشتمانی خۆیان دا بەرامبەر بە هێرشی داگیرکەرانەی تورکیە لە یەک حەوتووی ڕابردوو دا گیانیان بەخشی و شەهید بوون. هەر وەها سڵاو و ڕێز بۆ بەرگریی قارەمانانەی ئەو ژن و پیاوە تێکۆشەرانەی، ئەو شەرڤانە ئازایانەی کە بەرامبەر بەو هێرشە دڕندانەیە وەستاونەوە و(سڵاو بۆ) ئەو خەڵکەش کە پشتیوانی ئەوانە.

سروشتییە ئەو بارودۆخەی کە ئێستا لە ڕۆژاڤای کوردستان هەیە، بارودۆخێکی زۆر ناخۆشە. نەتەوەکەمان لەو بەشەی نیشتمانەکەی بەرەوڕووی هێرشێک بووەتەوە کە ئەو هێرشە داگیرکارانەیە. چونکە سوپای تورک دەیهەوێ بەشێک لە

نیشتمانی کوردستان داگیر بکا. تازە هەر ئەوە نا کە داگیری بکا و بۆ خۆی بە شێوەیەکی کاتی لێی موستەقەڕ بێ، بەڵکوو دەیهەوێ دیمۆگرافیی ئەوێ بگۆڕێ. دەیهەوێ خەڵکێکی دیکە لەوێ نیشتەجێ بکا. بیانووەکانیشی بۆ ئەم هێرشە هەموویان نارەوان. تورکیە باسی ئەوە دەکا کە دژ شەڕی تیرۆریزم دەکا، بەڵام بۆ خۆی پشتیوانی گرووپە تێرۆریستەکانە. لە چەند ساڵی رابردوودا دیومانە زۆر لەو گرووپانەی کردەوەی تێرۆریستی دەکەن، بە تایبەتی بەرامبەر بە کورد، بۆ خۆی تورکیە پشتوانیی لێ کردوون.

ئەو خەڵکەی لەوێیە، نیشتمانی خۆیەتی و ولاتی خۆی بەڕێوە دەبا و ستاتوویەکی پێک هێناوە کە هی کوردە. ئەو ستاتوویە بە شاهیدی هەموو ئەو خەڵکانەی کە چاویان بە ڕۆژاڤا کەوتوە یا لە دوورەوە تەعقیبی وێ دەکەن، توانیوێتی ئایینی جۆراوجۆر، نەتەوەی جۆراوجۆر پێکەوە بحاوێنێتەوە. کەوابوو ئەو بیانوویانەی تورکیە بۆ هێرش بۆ سەرڕۆژاڤای کوردستان باسی کردوون، بیانوویەکی نارەوان. بەڵام بە هۆی ئەوەی ئەو دەسەلاتەی ئەو ستاتوویەی لەوێ پێک هاتوە لە هەناوی خەڵکەکەی هەلقوڵیوە، هێزی پارێزگاری ئەوێ، شەرڤانانی ئەوێ و خەڵکی ئەوێ توانیویانە لە بەرامبەر درندانەترین هێرشێک کە کراوەتەوە سەریان ، قارەمانانە ڕابوەستن. ئەمە جێگای شانازییە کە لەماوەی یەک حەوتووی رابردوودا، ئەوان توانیویانە زۆربە باشی بەرامبەر بەو هێرشە پان و بەرینەی کە کراوەتە سەریان، بوەستن. ئەوەی کە لەو نێوەدا جێگای داخە ئەو زلهێزانەن کە دەبوایە پشتیوانی کورد بن، چونکە کورد لە کاتی زۆر تەنگانەدا فریایان کەوتبوو. ئێستا ئەوان باسی دیموکراسی دەکەن، باسی مافی مرۆڤ دەکەن، باسی ئاشتیی نێودەوڵەتی و ناوچەیی دەکەن، ئەوانە هەمووی بە جێی خۆی، لانیکەم کورد لە کاتێک دا فریای ئەوان کەوت نەدبوو لە بیریان بچێت. ئەوان توانیان بەرامبەر بە درندەترین هێزی ئەو سەردەمە کە داعشە، رابوەستن و تێکی بشکێنن. بەڵام ئەوان(ئەو ولاتانە) ئەو بەرپرسیارەتییەی هەیانبوو بەرامبەر بە پاریزگاری لە ڕۆژاڤا و بەرامبەر بە پارێزگاری لە کورد، بە داخەوە لەوەدا کەمتەرخەمییان کرد. بەمە هەر زەرەیان بە کورد نەگەیاند. زەرەریان بە داهاتووی خۆشیان گەیاند. جگە لەوەی کە ئیعتیباری سیاسیی خۆیان هاتە ژێر پرسیار، دەرەتانی ئەوەیان خوڵقاندوە کە لەوانەیە جارێکی دیکە داعش سەر هەڵ بداتەوە. جارێکی دیکە کارەساتی گەورەی ئینسانی ڕوو بداتەوە کە مەترسییەکە بۆ سەر خۆیانە. یانی ئەگەر خەڵک لەو ناوچەیە ئاوارە بێت ڕوو دەکاتە ولاتانی ئەوان. جگە لەوەی کە ئیعتیباری سیایی خۆیان هێناوەتە ژێر پرسیار، دەرەتانێکیان پێک هێناوە کە جارێکی دیکە بەرەوڕووی کێشەیەک ببنەوە کە کێشەی ناوچەیە و کێشەی نێودەوڵەتییە و کێشەی تەنیا کورد نیە.

وەکوو ڕوانینی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئێمە پێمان وایە هەر وەک نەتەوەی کورد لە یەک حەوتووی رابردوو دا نیشانی دا، بە هەر شێوەیەک بۆی دەکرێ دەبێ پشتیوانی گەلەکەمان لە ڕۆژاڤا بێت، پێمان وایە دەبێ هەموو هەوڵی خۆشمان بخەینە کار بۆ ئەوەی سەرنجی بیروڕای گشتیی دنیا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕابکێشین بۆ لای ئەو کارەساتەی کە خەریکە

لەوێ ڕوو دەدا. بە دڵنیاییەوە ئەگەر دەولەتانیش لەو بارەیەوە کەمتەر خەم بوون، ئێمە دەبینین لە ئاستی نێودەوڵەتی دا هێز و ڕێکخراوی چەپ، کەسایەتیی گەورە و زۆر کەس و زۆر لایەن و زۆر بزووتنەوە، پشتیوانی خەڵکی ڕۆژاڤان، پشتیوانی گەلی کوردن. بۆیە پێمان وایە بە یەکگرتوویی نەتەوەیی دەتوانین بەرەورووی ئەو کارەساتە ببینەوەو، پشتیوانی نەتەوەکەمان لە ڕۆژاڤا بین بۆ ئەوەی بتوانێ ئەم هێرشە داگیرکەرانەیە تێک بشکێنێ.

## وەک نەتەوەیەک چۆن دەتوانین بەرەورووی کارەساتی نەتەوەیی لە هەر پارچەیەکی کوردستان ببینەوە؟

ئێمە پێمان وایە بۆ ئەوەی لەم دۆخە دەرباز بین و بتوانین هەنگاوێکی زۆر کاریگەر بە نیسبەت ڕۆژاڤای کوردستانەوە باوێین، هەر وەها بە نیسبەت هەر کارەساتیک کە هەرەشە لە بزووتنەوەی کورد لە هەر بەشێک دەکا، ڕەنگە ڕۆژێک لە باشووری بکا، ڕۆژێک لە ڕۆژهەلات، ڕۆژێک لە بەشەکانی دیکە، لە دوو ئاست دا پێویستە کار بکەین. بوونی یەکگرتوویی نەتەوەیی و هاوکاری و هاوخەباتی و پشتیوانی کردن لە یەکتر، یەکێکیانە. لایەکی دیکەی(دووهەم ئاست) بە یەکەوە کارکردن بۆ ئەوەی سەرنجی دنیا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕابکێشین بۆ پشتیوانی لەو پرسە ڕەوایەی کە هەمانە.
بەلام ئێستا کە باس لە پێکهاتنی کۆنگرەی نەتەوەیی و - بۆ چی پێک نەهاتوە و پێویستە پێک بێ - دەکەین و، بە خۆشییەوە نوێنەرانی زۆر لایەن لە هەر چوار بەشی کوردستان لێرەن، با ڕاستییەک بڵێین. بۆ چی (کۆنگرەی نەتەوەیی)پێک نایە؟ بۆ ئەوە پیویستە دوو شتمان لە بیر بێ: لە پێکهاتنی کۆنگرەکە دا نابێ حیزبێک و لایەنێک ئۆتۆریتەی خۆی بچەسپێنێ و بلێ دەبێ زۆرایەتییەکەی و بریارەکەی بە دەست خۆمەوە بێ. کوردستانی ئێستا دابەش کراوە لانیکەم بە سەر ٤ بەش دا، هەر بەشەی حیزبی خۆی هەیە، خەڵکی خۆی هەیە، دەبێ بە(پێی) قورسایی خۆی لەوێ بەشدار بێ. تا ئێستا زۆر جار ئەمە پشتگوێ خراوە. بۆ وێنە کوتراوە با ڕۆژهەلات هەر وا بە شێوەی سەمبولیک لەوێ بن. نا! ڕۆژهەلات لە ڕووی حەشیمەتەوە، لە ڕووی خاکەوە، بەشی دووهەمی کوردستانە و دەبێ بە قورسی لەوێ بەشدار بێ. لە بارێکی دیکەشەوە، ئەم کۆنگرە نەتەوەییە بۆ ئەوەیە نوێنەرایەتیی پرسی کورد بکا. ئەگەر قەرار بێ هەر باسی دەوڵەتی تورک بکا، یا هەر باسی بەغدا بکا، دەی (کە وابێ) نوێنەرایەتیی منی ڕۆژهەلاتی ناکا و لەو مەسائیلەش کە باسیان دەکا دەبێ نوێنەرایەتیی هەموو بەشەکان بکا. تا ئیستا (هەوڵەکان بە جۆرێک بوون)، کە دەبێ کۆنگرەی نەتەوەیی پێک بێنن بۆ(بەرگری لە) باشوور، یانی پرسی ئەوێ ئەسلە، یا بۆ باکوور یا بۆ ڕۆژاڤا. نەخیر دەبێ بۆ (بەرگری لە)هەمووە بەشەکان پێک بێ. ئەگەربە ناوی کۆنگرەی نەتەوەیییەوە سبەینێ چووین و لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان باسی کوردمان کرد، نەڵێین با باسی ئێران نەکەین، هەر باسی تورکیە بکەین! بۆ باسی ئێران نەکەین؟ خەڵک(ی کورد) لە ئێرانیش هەر ئەوەی بەسەر دێ کە کورد لە باکووری کوردستان بە سەری دێت. بەڵێ کۆنگرەی نەتەوەیی یا سازەیەک، ڕێکخراوێک کە بیهەوێ

نوێنەرایەتی نەتەوەی کورد بکا (پێویستە هەبێ)- ئەمە شتێکە کە حیزبی دیموکراتی کوردستان، وەختی خۆی ڕێبەری شەهید د.قاسملوو باسی کردوە کە ئێمە لە کۆڕ و کۆمەڵی نێونەتەوەیی دا دەبێ دەستەیەکی نوێنەرایەتیی کوردمان هەبێ بۆ ئەوەی پرسی کورد ڕاپەڕێنێ.

## لە ڕۆژهەڵات حیزبەکان و خەڵک لە پشتیوانی لە پارچەکانی دیکە دا، هاودەنگن:

لە باری شتێکی دیکەشەوە پێم خۆشە ڕوونکردنەوەیەک بدەم. دەمەوێ ئەو بۆچوونە هەڵەیە بە نیسبەت ڕۆژهەلاتی کوردستانەوە ڕەت بکەمەوە. لە پشتیوانی لە پارچەکانی دیکە، حیزبەکان و خەڵک لێک جیا نین و خەڵک وەپێش حیزبەکان نەکەوتوون، (بە پێچەوانەوە) حیزبەکان هاندەریانن. لە قەیرانی هەڵەبجەدا، لە مەسەلەی شەنگالدا، کاتێک فیدراڵی لە عێراق تەسویب بوو، مام جەلال بوو بە سەرکۆمار، (لە هەرێمی کوردستان) ڕێفراندۆم بەڕێوە چوو، لە کارەساتی کۆبانێ و لە هەمووی ئەوانە دا، خەڵکەکە و حیزبەکان یەک قسە بوون. بەڵام پێویستە یەک جیاوازیمان لە بەر چاو بێ. ئەوەش کە هەڤاڵ ئیلهام باسی کرد، وا نیە کە لەوێ (بۆ ئەم کارانە) دەرفەت هەیە. نا، بە پێچەوانەوە دەرفەت نیە. ئەز قەزا هەر لەم ٢ ڕۆژە دا زیاتر لە ٥٠ کەس لەو کەسانەی ڕێکخەری ئەو چالاکیانە بوون یا لە چالاکییەکان دا بەشدار بوون( گیراون و ئێستا) لە بەندیخانەن. حکوومەتی ئێران ئەم جۆرە چالاکیانەی زۆر پێ ناخۆشە، بەڵام خەڵکی ڕۆژهەڵات سەرەڕای پێناخۆشبوونی حکوومەتی ئێران دێن و لە گەڵ هەموو بەشەکان(ی کوردستان) هاوسۆزی دەنوێنن و لە خۆشی و ناخۆشییان دا بەشدارن.

با لێرەش دا گلەیی خەڵکی ڕۆژهەڵات لە بەشەکانی دیکە ڕابگەیەنم. بە داخەوە ئەمە(ئەو هاوخەمیە) زۆرجار یەک لایەنەیە. بۆ وێنە ئێمە پارەکە سەرکردایەتیی حیزبمان مووشەکباران کرا، ئایا ئەو هاوخەمییە (بەرامبەر بە ئێمە) لە بەشەکانی دیکە ئاوا زۆر بوو؟ دوو ساڵ لەمەوبەر ئەو بوومەلەرزە گەورەیە هات و بەشێک لە پارێزگەی کرماشان و ئەو هەمووە شار و گوندەی وێران کرد. (ئایا) ئەو هاوخەمییە لە بەشەکانی دیکە هەبوو؟ زۆرجار لاوەکانمان بە کۆمەڵ ئێعدام دەکرێن، بەڵام هاوخەمیی بەشەکانی دیکەی کوردستان لە گەڵ ڕۆژهەڵات ئەوەندە نیە. (بە خۆشییەوە لەم بارەیەشەوە) ڕۆژهەلاتی کوردستان و حیزبەکانی زۆر هاودەنگن. ئێوە سەیر کەن لەو خۆپێشاندانانەی لە دەرەوەی وڵات ئەم چەند ڕۆژە بەڕێوە چوون، حیزبەکانی ڕۆژهەڵات ڕێکخەریان بوون وئەندامانیان تێیاندا بەشدار بوون. (لە سەر چالاکییەکانی) ژوورەوەش، حیزبەکان تەئسیریان هەیە و خەڵک پەیامیان لێ وەردەگرێ.

## پشتیوانی لە ڕۆژاڤا، هەر تەنیا ناردنی پێشمەرگە بۆ ئەوێ نیە:

لە هەر حالدا (پشتیوانی لە ڕۆژاڤا) مەرج نیە حەتمەن بە هاوکاریی سوپایی و پێشمەرگایەتی بێ. ئێمە لە باشووری

بەشی سێهەم

کوردستان ویستمان بچینه شەڕی داعش، حکوومەتی هەرێم و حیزبەکانی ئەوێ پێیان باش نەبوو، چونکه ئێران له نێو قەزیەکەدا بوو. ئێمه ئەگەر بشمانهەوێ ڕەنگه نەتوانین بچینه ڕۆژاڤا. چونکه ئەگەر قەرار بێ ڕۆژاڤا له گەڵ حکوومەتی سووریه ڕێک بکەوێ و سنوورەکان به دەست دەوڵەتی سووریەوە بن، دەوڵەتی سووریه که هاوپەیمانی (ڕێژیمی) ئێرانه، ڕێگا به ئێمه نادا بچین شەڕی (سوپای) تورک بکەین. با ئێمه واقیع بین بین. مەرج نیه حیزبی ڕۆژهەڵاتی تەنیا به یارمەتی سوپایی، به ناردنی پێشمەرگه هاوکاری بکات. به شێوەی سیاسی، به شێوەی (یارمەتی)ی ئینسانی و... دەتوانێ. ڕێکخستنی ئەو خۆپێشاندانانه له دەرەوەی وڵات و هاندانی خەڵک له نێوخۆی وڵات بۆ پشتیوانی له قەزیەی کورد لەو بەشەی کوردستان، لەم ڕێگایانەوە دەتوانین.

## کۆنگرەی نەتەوەیی چۆن پێک دێ؟

پێم وایه له قسەکانی منداخراپ تێگەیشتنێک هەبوو. من شارەزای زەحمەت و تێکۆشانی "کۆنگرەی نەتەوەیی "(KNK) هەم. زۆرجار هاوڕێیانیشمان له کۆڕ و کۆبوونەوەکانی دا بەشدار بوون و پەیامی ئێمەیان گەیاندوە. وێڕای ڕێزم بۆ زەحمەتەکانیان، بەڵام پرسیارێک دەکەم. ئایا ئەو کۆنگره نەتەوەییه توانیوێتی ببێ به کۆنگرەی نەتەوەیی هەموو کورد؟ ئەگەر وایه بۆ له ساڵی ٢٠١٣ له هەولێر هەوڵمان دەدا کۆنگرەی نەتەوەیی پێک بێنین؟ کۆنگرەی نەتەوەیی به تایبەتی کاک ڕەمزی(سەرۆکی KNK" کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان" و بەشدار له بەرنامەکەدا) و ئەو هاوڕێیانەی دیکه که له کۆنسەی بەڕێوەبەری دان، دەبێ له خۆیان بپرسن ئایا حیزبه سەرەکیەکانی ڕۆژهەلات لەوێدا هەن؟ نەخێر. له باشوور حیزبه سەرەکییەکان لەوێ دا هەن؟ نەخێر! بۆ نەهاتوون؟ خۆ هەر نابێ گلەیی بکەی و بڵێن بۆ چی نایەن؟ دەبێ بزانی بۆ نایەن. یەکەم، خۆ نابێ هەموو حیزبەکان له خۆت کۆ بکەیەوە بۆ دژایەتیی دەولەتی تورک. دەبێ بۆ دژایەتیی هەموو داگیرکەرانی کوردستان لێک کۆ ببنەوە. پاشانیش هەر وەک چۆن بۆ وێنه پارتی کرێکارانی کوردستان ناتوانێ یا نایهەوێ دژایەتیی ڕاستەوخۆی ئێران بکا، دەی باشه یەکێتیی نیشتمانی و پارتی دیموکراتی کوردستانیش نایانهەوێ بەو شێوەیه دژایەتیی تورکیا بکەن. کەوابوو دەبێ بڕێک واقیعی سیاسەت بکەین. دەبێ ئیجازه بدەین له هەر پارچەیەک حیزبەکان کۆمەڵێک سنووریان هەیه، بیپارێزن. بەڵام له ئاستی نیودەوڵەتی‌دا به وەفدێکی هاوبەش، به دەنگێکی هاوبەش داکۆکی له پرسی کورد بکەین. بەم شێوەیه دەکرێ ئەگینا بڵێی هەموو له دەوری من کۆ ببنەوە و ئەوە(دروستمان کردوە و) هەیه، به بڕوای من ئەگەر نەتیجەی هەبا تا ئێستا دەیبوو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩

## قوتابییەک لە ڕیزی تەمبەڵان دا!

کاتێک قۆناغی سەرەتایی خوێندنم تەواو کرد و چوومە قۆناغی ناوەندی (قوتابخانەی غەززالی لە شنۆ)، زۆرم بە لاوە گرنگ بوو کە لەم قۆناغەی خوێندنیشدا هەر وەک قۆناغی سەرەتایی، باش بخوێنم و لە یەکەمەکان بم.

ڕۆژێک کاک قوباد زەرزا لە پۆلەکەمان وەژوور کەوت. بە زمانی فارسی کە زمانی قسەکردن و خوێندن لە قوتابخانە بوو، پێی گوتین: "ئەمسالْ من بۆ دەرسی "تعلیمات دینی"تان دێم، هەر کەس لە دەرسی ڕۆژانەی من دا، ٣ جارنومرە( دەرەجە)کەی لە ١٠ کەمتر بێ، دەیبەمە ڕیزی تەمبەڵان." من کە خۆم بۆ یەکەمەکانی پۆل دانابوو، هەر زوو ئەم قسەیەی ئاغای قوباد زەرزام بە جیددی وەرگرت. حەوتووی داهاتوو کە کاک قوباد هاتە سەر پۆل و کوتی "بچەها میدانید چیە؟" (منداڵینە ئەرێ دەزانن؟)، من زوو کوتم : بەڵێ ئاغا! کاک قوباد کوتی: یانی دەزانی من دەمەوێ چ بڵێم؟ گوتم : بەڵێ دەزانم و دەتەوێ بڵێی هەر کەس ٣ جار نومرەی لە ١٠ی کەمتر وەربگرێ دەیبەیە ڕیزی تەمبەڵان. گوتی: بەڵێ ڕاست دەمەویست ئەوەتان پێ بڵێم، بەڵام جارێکی دیکە ئەگەر مامۆستا کوتی: "میدانید چیە؟"، مەڵێ "بلی آقا!". گوتم : "بلی آقا"!! دیارە جارێکی دیکەش ئەوەم بەسەر هاتەوە و، ئەو جار پێشبینییەکەشم ڕاست دەرنەچوو و، ئەمە بوو بە هۆی ئەوە کاک قوباد نەقڵێکی مەلا نەسرەدین لە سەر مینبەری مزگەوت لەم بارەیە بگێڕێتەوە و...

کاک قوباد، لە نۆرەی دەرسی خۆیدا، هەر بەوە وازی نەدەهێنا کە مەتنە دەرسییەکەمان لێ بپرسێتەوە. دەبوایە ئەو سوورە و ئایەتانەی قورئان کە لە کتێبەش دابوون، بە دەنگ بیانخوێنینەوە. واتە دەیەویست ببین بە "قاری قرآن". من ئەگەر لە جیاتی قورئان، لە سەر پۆل گۆرانیشیان پێ کوتبام، هەر بۆم قورس بوو، چونکە هەم شەرمم دەکرد، هەم دەنگی خۆم زۆر پێ ناخۆش بوو. هەر خوێندنەوەی ئاسایی ئەو ئایەتانەش بۆ من زەحمەت بوو، چونکە عەرەبی بوون و دەبوایە ڕەچاوی "ضمه" و فتحه و "کسره" و "تنوین" و "سکون" و"شده"م کردبا کە زۆر درەنگ فێریان بووم. سەرتان نەیەشێنم چونکە دوو جار بە کاک قوبادم گوتبوو: "بەڵێ دەزانم دەتەوێ چ بڵێێ"، وەک گای قەشانم لێ هاتبوو. بۆ بەد شانسییان ٣ دەرس بە دوای یەک دا، لەو ئایاتانەی زەندەقم لێیان چوو بوو، پێی خوێندمەوە. هەر ٣ جارەکەش خراپ بووم و لە ١٠ کەمترم وەرگرت. هەر بۆیە کاک قوباد نەیکردە نامەردی و بردمیە ڕیزی تەمبەڵان! بەڵام لە جیاتی لە جێی خۆم هەڵم هەستێنێ و بمباتە شوێنێکی دیکەی پۆلەکە، ئەو هاوپۆلانەم کە لە ڕوانگەی کاک قوبادەوە، وەک من تەمبەڵ بوون، ئەوانی لە سەعاتی

دەرسی خۆی دا دێنایە لای من!

ئەم خەبەرە بە گوێی هێندێک کەسوکار و ناسیاوم گەیشتبۆوە و چونکە پێشتر بە قوتابییەکی زیرەک ناسرابووم، بە ناباوەڕییەوە لێیان دەپرسیم: ئەرێ ڕاستە لە مەدرەسەی بردوویانی بۆ ڕیزی تەمبەلان؟ لەپاڵ خۆمدا بەم پرسیارە زۆر ناڕەحەت دەبووم، بەڵام دەستبەجێ دەمکوت، نەوەڵا ڕاست نیە! ئەمن هەر لە جێی خۆمم و نەیانگواستوومەوە بۆ ڕیزی تەمبەلان! جاری وایە بە خۆت نیە، هەلومەرج هەر لە منداڵیەوە فێری سیاسەتکاریت دەکا!!

کاک قوباد، ئەو ساڵە فێری دەسنوێژ گرتن و نوێژ کردنیشی کردین. دەبوایە لە سەر پۆل و لە بەرچاوی هاوپۆلەکان بە دەنگی بەرز ڕێوشوێنەکانی دەسنوێژگرتن جێبەجێ بکەین. هەر وەها لە سەر نیمکەتێکیش یەک بە یەک و بە نۆرە نوێژ دابەستین تا بەڕێزیان دڵنیا بێ کە فێری نوێژیش بووین. هەر بەوەش لە کۆڵمان نەدەبۆوە. دەبوایە بچینە نوێژی جومعە و نوێژی نێوەڕۆی هەینیمان بە جەماعەت بکەین!! لە هەر پۆلێکیش نوێژکەرێکی ڕێکوپێکی راسپاردبوو ناوی ئەو هاوپۆلانەی تۆمار بکا کە ڕۆژی هەینی هاتوونە نوێژی جومعە. یادی بە خێر، هی پۆلەکەی ئێمە مەولوود ڕەحیم زادە بوو کە دوای تەواوبوونی نوێژی جومعە دەسبەجێ دەچووە سەر پلیکانەکانی بەر دەرگای مزگەوت(ی گەورەی شار) بۆ ناونووسیی هاوپۆلە نوێژکەرەکان. من کە کورتەباڵا و هەر بستێک دەبووم، هەتا لە شار چووبامە نوێژی جومعە، دەمزانی لە نێو ئەو هەمووە حاجی و سۆفی و سەید وکەیخودایە دا ئەمنی وەبەرچاوی نایە، هەر بە ئەنقەست دەچوومە بەردەمی و دەمگوت مەولوود! نێوی منیش بنووسە بۆ ئاغای زەرزا!

قازانجی چوونی قوتابی بۆ نوێژی جەماعەت لەوەدا بوو کە کاک قوباد لە بری هەر بەشدارییەکی نوێژی جومعە، ٢٥%(چوار یەکی دەرەجەیەک)ی دەخستە سەر نومرەی تاقیکردنەوەی. بەم جۆرە ئەگەر قوتابییەک لە تاقیکردنەوە ٩ نومرەی وەرگرتبا، بەڵام ٤جار(لە ماوەی دووتاقیکردنەوەدا) چووبا نوێژی جەماعەت، ١دەرەجەی پاداشی نوێژبە جەماعەتیشی لە کاک قوباد وەردەگرت و لە تاقیکردنەوەکە نەدەکەوت!! ئەو قوتابیانەش کە خەڵکی گوند بوون و لە دێ چووبانە نوێژی جەماعەت، دەبوایە نامەی مەلای ئاوەدانی لە گەڵ خۆیان بێننەوە و بیدەن بە جەنابی کاک قوباد!

بەڵا لە درۆیە دا، من نوێژی جەماعەتم بۆ ڕەزامەندیی خودا نەدەکرد، بەڵکوو بۆ پڕکردنەوەی کەم و کەسریی ئەو دەرەجانە بوو کە کاک قوباد لەبەر سەختگیریی پێی نەدابووم. دەمکوت تازە ئەگەر هەر پەندی دانیشتن لە ڕیزی تەمبەلانی پێ داوم، لانیکەم با ئەمساڵ لەم دەرسە ڕەت نەبمەوە و، ئابڕووشم نەچێ و بەم چوونە نوێژی هەینیانە، تێیان

هەڵێنمەوە. لەوەش گەڕێ هەموو جارێ کە بە لارەملی دوای نوێژی جومعە دەچوومە خزمەت ڕەحمەتی جەنابی کاک شێخ حوسێن بەرزەنجی، مەلا و پێشنوێژی چەشمەگۆل و، داوای نامەی شاهیدیدانم لێ دەکرد، ئەویش زۆر بە شێنەیی نامەکەی دەنووسی و بە دەستەواژەی"الحقیر الوجود" نامەکەی کۆتایی پێ دێنا و لە گەڵ ئیمزاکەی مۆریشی دەکرد، چ عەزابێکم دەچێشت. ئەو ساڵەی خوێندنم بە دەست ئەم ڕێوشوێن و بڕیار و داهێنانانەی کاک قوباد چۆن بەڕێ کرد، هەر خودا و بۆ خۆم دەیزانم. ئێستاش کە دەوروبەری ٤٥ساڵێک لەم کابووسەی کاک قوباد ڕادەبرێ، ئازار و کاریگەرییە نەرێنییەکانی لە قووڵایی هەست و نەستم دا هەر ماونەوە. بەڵام لە حەق دەرنەچین ئەوکردەوە و ڕەفتارانەی کاک قوباد ئەو قازانجەشیان بۆ من هەبوو، کە فێریان کردم لەهەر کات وقۆناغێک و لە هەر جێیەک، ئەرکی مامۆستایەتیم کەوتە سەرشان، هەڵسوکەوتی ئاوا چەوت لە گەڵ قوتابی و فێرخواز نەکەم.

چەند ساڵ لەمەوبەر، هەر وا بە ئیشتیا بۆ ناوی کاک "قباد زرزا" لە سێرچی گوگڵدا گەڕام. لە وێبلاگێکدا، نووسینێکی کاک قوباد بە زمانی فارسیم دۆزیەوە کە ڕێزگرتن بوو لە بەڕێوەبەری قوتابخانەیەکی گوندێکی نزیک شاری "مەرەند" کە ناوبراو بۆ یەکەم جار لەوێ ببوو بە مامۆستا و چاکە و موحیببەتی لێ دیتبوو. بە خۆم نەوەستام کۆمێنتێکم لە ژێرەوەی بۆ نووسی. لە کۆمێنتی یەکەمی ئەم پۆستەشم دا لینکی نووسینەکەی کاک قوباد کە بە خۆشیەوە ئێستاش لە ژیان دایە و لە مێژ ساڵێشە هەم بووە بە حاجی و هەم خانە نشین بووە، دادەنێم.

کاک قوباد زەرزا، ساڵێک مامۆستام بووە و لەم بارەیەوە ڕێزی لای من پارێزراوە و ئاواتیشم تەمەندرێژی و دیتنەوەی لە نزیکەوەیەتی. لەوانەیە هەتا ئێستاش بۆ خۆی نەیزانیبێ، بەم هەڵسوکەوتە نادروستەی ئەو ساڵەی خۆی لە گەڵ من و قوتابییەکانی وەک من، چۆن و چەندە ئازاری داین. بەڵام من پێم باش بوو وەک بیرەوەرییەک لێرە بیگێڕمەوە، نەک بۆ تۆڵە لێ ستاندنەوە لەو مامۆستایەم، بەڵکوو بۆ وریاکردنەوەی کەسانێکی دیکە کە هەر ئێستا مامۆستان و بەم جۆرە لە گەڵ قوتابیانیان هەڵسوکەت دەکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩

## ئازادیتان پیرۆز خۆڕاگرترین بەندییە سیاسییەکانی ئێران!

ڕۆژی ٣٠ی خەزەڵوەری ئەمساڵ(٢١ی نۆڤەمبری ٢٠١٩) لە هەواڵێکی چاوەڕواننەکراودا، دوو لە بەناوبانگترین و دێرینترین بەندییە سیاسییەکانی ئێران کە هەر دوویان کورد و سەر بە حیزبی دیموکرات بوون، لە بەندیخانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئازاد کران. هاوڕێیان عوسمان مستەفاپوور، خەڵکی پیرانشار (پاش ٢٨ ساڵ) و محەممەد نەزەری خەڵکی سایین قەڵا(پاش ٢٥ ساڵ) دیلی و بەند کران و دیتنی ئازار و ئەشکەنجە و تەنانەت بێبەشی لە تاقە جارێک مەرەخەسی، لە زیندان ئازاد کران. بە ڕواڵەت ئازادیی ئەم دوو بەندییە سیاسیە کوردە لە چوارچێوەی ڕەزامەندیی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی لە گەڵ داوای ئەم دوایانەی سەرۆکی دەزگای قەزایی لە بارەی عەفوی دەیان "بەندیی ئەمنیەتی" دا بووە.

دام و دەزگا قەزایی و ئەمنیەتییەکانی ڕێژیمی ئێران، دان بە بوونی "بەندیی سیاسی" لە ئێراندا نانێن و ناوبردنیان بە "بەندیی ئەمنیەتی" بەو مەبەستەیە کە هۆی گرتنی ئەوان کە سیاسییە بشارنەوە و تاوانی ئەمنیەتییان بدەنە پاڵ! جارێ مەعلووم نیە "بەندیی ئەمنییەتی' یەکانی دیکە کە هاوکات لە گەڵ کاک عوسمان مستەفا پوور و کاک محەممەد نەزەری ئازاد کراون کێن؟ هەر وەها ڕوونیش نیە لە کەنگێوە، بەندکراوانی ئەمنیەتییش، چوونەتە ڕیزی ئەو بەندییانەی کە سەرۆکی دەزگای قەزایی دەتوانێ داوای عەفوی پاشماوەی مەحکوومیەتەکەیان لە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی بکا. ئازادکرانی ئەو دوو بەندییە سیاسییە، هەر هۆیەک و هەر "حیکمەت"ێکی لە پشت بێ، بۆ خودی بەندییەکان، بنەماڵەکانیان، حیزبەکەیان، هاوڕێ و هاوباوەڕەکانیان و ئەو خەڵکەی عوسمان و مستەفا لە پێناوی خەبات بۆ ئامانجەکانی ئەوان، باشترین سالانی تەمەنیان لە بەندیخانەدا تێپەڕ کرد، جێگای خۆشحاڵییە. هاتنەدەری ئەوان لە زیندان، بەڵگەی خۆڕاگری و لەشکان نەهاتوویی ئەوان و سەرئەنجام سەرکەوتنی باوەڕی ئازادیخوازی بە سەر زیندان و زنجیر و ئەشکەنجە دایە.

ئازادیی عوسمان مستەفا پوور و محەممەد نەزەری لە کاتێک دایە کە هەر لە ڕۆژانی ڕابردوودا، دەیان کەس لە هاوزمان و هاونەتەوەکانیان بە تاوانی هاتنە سەر شەقام و دەربڕینی نارەزایەتی لە ستەم و بێمافی، درانە بەر دەسڕێژی گوللەی هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی و شەهید و برینداد کران. سەدان کەس لە خەڵکی وەزاڵەهاتوو گیراون و هەر ئێستا لە ژێر توندترین ئەشکەنجەکان دان. ئەو دوو بەندییە سیاسییە لە مێژینەیە لە کاتێک داڵە زیندان ئازاد دەکرێن کە نزیکەی ٣٠ ساڵ لە تەمەنیان تەنیا بە تاوانی ئازادیخوازی و خەبات بۆ ڕزگاریی نەتەوەکەیان، لە زیندان و بە دیلی

## بەشی سێهەم

تێپەڕ کردوە. جگە لەمەش هەر ئیستا چەندین بەندیی سیاسیی دیکەی لە مێژینەی کورد، هەر وا لە زیندان دان. بۆیە ئەگەر چی هاتنەدەری ئەوان لە زیندان جێگای خۆشحاڵییە، بەڵام تا ئەو کاتەی سەدان و هەزاران ڕۆڵەی دیکەی کوردستان هەر وا لە بەندیخانە و لە ژێر ئازار و ئەشکەنجەدان، تا کاتێک نەتەوەکەمان و نیشتمانەکەمان لە ئازادی بێبەشن و، هەر ڕۆژە و هەر جارەی بە جۆرێک لە لایەن دەسەڵاتدارانی دژ بە کورد بەرەوڕووی تاوان وسەرکوت و داپڵۆسین دەبنەوە، دەبێ هیچمان هەدا نەدەین و لە خەبات بەردەوام بین. داوای ئازادیی بەندییە سیاسییەکانی دیکە و ئازادکردنی گیراوەکانی ئەم دوایانە، هەر وەها کۆتاییهاتن بە کەشوهەوای نیزامی و سەرکوتکەرانە پێویستە ببێتە داخوازێکی گشتی، هەم کۆمەڵانی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێی لە سەر دابگرن، هەم حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، بە ڕێگای خۆی دا کاری بۆ بکەن.

بەندییە سیاسییە خۆڕاگر و لەمێژینەکانی لە چەشنی عوسمان مستەفا پوور و محەممەد نەزەری، ئەگەر لە لایەکەوە نیشانەی زۆرداری و دژێگەلی بوونی دەسەڵاتی سەردەمەکەی خۆیانن، لە لایەکی دیکەوە بەڵگەی بەچۆک دانەهاتنی تێکۆشەرانی نەتەوەکەیان لە بەرامبەر زیندان و ئەشکەنجەدا و سەمبولی خۆراگری وخۆبەختکردن لە پێناوی ئازادی دان. بزووتنەوەی ڕزگاریخواز و شۆڕشگێڕی کوردستان شانازی بەم جۆرە ڕۆڵانەی خۆی دەکا و، چاوەڕوان و هیوادارە خەڵکی کوردستان بە پێزانینەوە ئەو قارەمانانەی خۆی بگرێتە باوەش و، پێشوازی وپشتیوانییان لێ بکا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی نۆڤەمبەری ٢٠١٩

## ناخی ڕاستەقینەی حەسەن ڕۆحانی و ڕووهەڵماڵاویی دەڵاڵەکانی!

ئەگەر چی هەموو کارنامەی سیاسیی حەسەن ڕۆحانی، سەرکۆماری ئێستای ڕێژیمی ئێران، پڕە لە خزمەت بەو ڕێژیمە تاوانکار و تاوانخولقێنەی بە زەبری تاوان و سەرکوت لەسەر کارە، بەڵام ناوبراو لە دوو ساتەوەختی مێژووی خەبات و بەربەرەکانیی پڕتێچووی خەڵکی ئێراندا، ڕووی ڕاستەقینەی خۆی بە تەواوی نیشان دا. لە هەر دوو جارەکەدا، سەلماندی ئەو ڕوخسارەی بۆ خۆی و دەڵاڵەکانی دەیانەوێ لە ناوبراو وێنای بکەن، هەروەها ئەو ناوەڵناو و لەقەب و دەستەواژانەی دەیدەنە پاڵی، چەندە پووچ و بێنێوەرۆک و ساختە و هەڵبەستراون.

ڕۆحانی لە کاتی سەرکوتی نارەزایی دەربڕینی پووشپەڕی ١٣٧٨ی خوێندکاران لە تاران، سەرۆکی شۆڕای بەرزی ئەمنیەتی میلیی ئێران بوو. قسەکانی ئەو بە دوای سەرکوتی ئەو نارەزایەتیدەربڕینە و تاوانە دڵتەزێنەکانی سپا و بەسیج و لیباس شەخسییەکان لە «کوی دانشگاه»دا، هەتا ئێستاش لە گوێی مێژوودا دەزرینگێنەوە. لەبیر نەچوونەوەی ئەو قسانە، دەگەڕێتەوە بۆ چەپەڵیی ئەو مێشک و ئەو ناخەی لەو بڕگەیە لە مێژووی خەباتی ئازادیخوازیی خەڵکی ئێران، قسەکانیان لێوە دەهات. ناخێکی ئاخنراو لە دژایەتی لەگەڵ ئازادی و ئازادیخوازی کە بەو پەڕی بێشەرمی هەوڵی پاساودانی سەرکوتی خوێناویی خوێندکارەکانی دەدا.

ئەمجاریش بە دوای سەرکوتی خۆپێشاندانەکانی خەڵکی زیاتر لە ١٠٠ شاری ئێران، ئاخوند ڕۆحانی وەک سەرکۆمار هاتەوە مەیدان هەتا هەمان ناخ و دیوە ڕاستەقینەکەی خۆی، نیشان بداتەوە. هاتەوە مەیدان تا بە ئەقڵی هەموو ئەوانە پێبکەنێ کە بە ڕوخساری ڕیاکارانە و «کلیل»ی دەستی ناوبراو هەڵخەڵەتان و بە هۆی پەنابردنی خۆی و دەڵاڵەکانی بۆ کۆمەڵێک وشەی وەک «اعتدال» و «تدبیر» و «امید» لە کاتی هەڵبژاردندا، ڕووی ڕاستەقینەی ئەم فێڵبازەیان لە بیر چووبۆوە!

قسەکانی ڕۆحانی هەمان قسەی جاری پێشوو بوون: «ژمارەیەکی کەم»ی «بەکرێگیراوی بێگانە» کە دوو ساڵ بوو لە لایەن دوژمنانی دەرەوە ئامادە کرابوون بۆ زەبر لێدان لە نیزام، کەوتنە توندوتیژی نواندن. بەڵام «ئۆممەتی هەمیشە لەسەر شانۆ» بە گژیاندا چوونەوە و پیلانەکەیانی پووچەڵ کردەوە!

بەشی سێهەم

«جمهور» واتە جەماوەر (خەڵک)! «سەرۆک کۆمار» تەنانەت لە سیستمێکی دیکتاتۆریی وەک ڕێژیمی ئێرانیشدا، مانا ڕواڵەتییەکەی ئەوەیە کە سەرۆک و هەڵبژاردەی خەڵکە. ئەگەر تۆسقاڵێک ئەخلاقی سیاسی و کەمترین ڕێز بۆ دەنگ و ئیرادەی خەڵک لەو بەناو سەرکۆمارەی ئێراندا هەبا، لە ئاست دروێنەی سەدان کەس لە برسییەکان و ڕەشوڕووتانی وڵاتەکەی بە هۆی هێزە حکوومەتییەکان و، بریندارکران و گیرانی هەزارانیان، دەبوایە دەستی لە کار کێشابایەوە. بەڵام ڕۆحانی چونکە فڕی بە سەر ئەو خەڵکەوە نییە و، کۆڵەکە و مۆرەیەکی ئەو سیستمەیە کە مانەوەی لە گرەوەی سەرکوت و هێشتنەوەی ئەو خەڵکە لە ڕۆژڕەشیدایە، وەک دیکتاتۆرێک، وەک ژێنراڵێک و بەڕێوەبەری حکوومەتێکی نیزامی، بەرەوڕووی ناڕەزایەتییەکانی خەڵک دەبێتەوە و هەڕەشەی کوشتن و گرتنی ژمارەیەکی هەر چی زیاتریان لێ دەکا.

دیارە ئەوانە هیچیان شتێکی چاوەڕواننەکراو نەبوون و نین. ئەوەی دەبێ چاوەڕواننەکراو و ڕێگەپێنەدراو بێ، ئەوەیە کە جارێکی دیکە کۆمەڵێک دەلالی سیاسی، لەژێر دێوجامەی کۆمەڵێک وشەی وەک «اعتدال» و «میانەروی» و جیاوازبوونی ئەم قۆڵ لە قۆڵێکی دیکەی ڕێژیم، بکەونەوە فریودانی خەڵک و، ئەو قەسابخانەیەی دوێنێ و پێرێ لەسەر شەقامەکان و هەر ئێستا لەنێو بەندیخانەکان بەدژی خەڵکی ناڕازیی ئێران وەڕێ خراوە، لەبیریان بەرنەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی دێسەمبەری ٢٠١٩

## پێویستییەکانی خەباتێکی کاراتر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان*

### (ئاوڕدانەوەیەکی خەسارناسانە)

ئێمە لە هەلومەرجێکدا باس لە پێویستیی کاراتر کردنی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین کە کۆماری ئیسلامیی ئێران هەم لە دەرەوە ڕا، هەم لە نێوخۆدا، بەرەوڕووی گوشار و ناڕەزایەتیی بێوێنە بووەتەوە. لە مانگی ڕابردوودا شایەدی زنجیرەیەک ناڕەزایەتیدەربڕین و خۆپیشاندان لە سەرانسەری ئێراندا بووین. کۆماری ئیسلامی دڕندانە بەرەوڕوویان بۆوە و بە هەموو هێزی خۆیەوە سەرکوتی کردن. بە داخەوە سەدان کەس گیانیان لە دەست دا و، شەهید بوون. ئەو ڕێژیمە هەم لە ژوورەوە لە گەڵ کێشە و قەیرانی یەکجار زۆر بەرەوڕووییە و هەم لە ئاستی نێودەوڵەتیدا لە گەڵ وڵاتانی دنیا کێشەی جۆراوجۆری هەیە. هەمووی ئەوانە وایان کردوە کە ئەو ڕێژیمە لە بارودۆخێکی تایبەت دابێ. بارودۆخێکی وا کە ناتوانێ وڵات ئیدارە بکا. زۆر سروشتتییە لە وەزعێکی وادا نابێ ئەگەری ڕووخانی بە کەم بگرین. بۆیە پێویستە لە بیری بە دیلی ئەو ڕێژیمەدا بین، بیر لەوە بکەینەوە کە ئەگەر بۆشایی دەسەڵات لە ئێراندا پێک بێ، ئێمە وەک کورد چ دەسکەوتێکمان دەبێ؟ ئەمە وا دەکا کە ئێمە وەکوو کورد، وەکوو بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وەکوو ئەو ڕێکخراوانەی لەو بزووتنەوەیەدا بەشدارین، بیر لەو ئەرکانە بکەینەوە کە ئێستا دەکەونە سەرشانمان.

کاتێک باس لە پێویستیی کاراترکردنی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەینەوە، جێی خۆیەتی لە پێشدا لە سەر خاڵە بەهێز و لایەنە پڕشنگدارەکانی ئەم بزووتنەوەیە بوەستین.

### ئەو خاڵانەی جێگای شانازیین و دەبێ بە ئەرێنی باسیان بکەین:

٤٠ ساڵ خۆڕاگریی حیزبی دێموکرات و ڕێکخراوە سیاسییەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات بەرامبەر ستەم و زۆرداریی کۆماری ئیسلامی، ٤٠ ساڵ فیداکاری و قوربانیدان لە پێناو مافەکانی خەڵکی کوردستان، یەک لەو خاڵە جێی شانازییانەیە. ئەوان لە هەر ئیمکانێک و ڕێگایەک کە بۆ ڕاوەستان و خەبات بەرامبەر ئەو ڕێژیمە هەیانبووە، دریغییان نەکردوە. هەر تەنیا حیزبی دێموکرات بە هەزاران پێشمەرگەی لەم خەباتەدا شەهید بووە. ئەگەر ئەندامان و لایەنگران و خەڵکێکیش بێنینە حیسێب کە لە سۆنگەی پشتیوانی لە خەباتی ئەم حیزبە لە گەڵ ئەو ڕێژیمەدا شەهید بوون، ژمارەی قوربانییەکان دەبێتە چەندین

بەرابەر. حیزبەکـانی ئـێمە لە خەبـات و قوربانیدانـدا درێغیـان نەکـردوە و ئەوەی لە دەسـتیان هـاتوە کردوویـانە. بـۆ هەربسـتێک لە خـاکی وڵات کە لە دەستیان داوە قوربانییـان پێشـکەش کـردوە. دوایەش کە بە ناچـاری چـوونەتە دەرەوەی سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دیسان لە خەبات و تێکۆشان نەوەستاون. سـەرەڕای ئەو هەمووە قوربـانییەی تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتانی جۆراوجۆر لە ڕێبەران و تێکۆشەران و ئەندامانی ئەو حیزبانەی ئەسـتاندوە، وێـڕای ئەو هەمووە سـەختییانەی لە قۆنـاغە جیاوازەکانـدا لە سـەرڕێیان بـووە، لە تێکۆشـانی پێشـمەرگانە، تێکۆشـانی سیاسـی، تێکۆشـانی دیپلۆماسی و هتد، شل نەبوونەوە.

ئەم بەربەرەکـانی و خـۆڕاگرییە جێگـای شـانازییە بـووە بە هـۆی ئەوە کوردسـتان جیـاوازییەکی بەرچـاوی هەبـێ لە گەڵ بەشەکانی دیکەی ئێران. بووە بە هۆی ئەوە خەڵکی کوردستان بەردەوام "نا" بەو ڕێژیمە دیکتـاتۆرە بڵێ و تەسلیمی نەبێ. ڕێگەی پێ نەدا شوناسەکەی بسڕێتەوە و زمانەکەی لێ بستێنێتەوە، یا تەنانەت ئایینەکەی پێ بگۆڕێ. بـوونی حیزبەکـان و خـۆڕاگریی پێشـمەرگە و بەردەوامیـی خەباتیـان وای کـردوە کوردسـتان وەک قەڵایەکـی لەگیرانەهـاتوو بمێنێـتەوە و ڕێـژیم نەتـوانێ بە تەواوی بە سـەریدا زاڵ بـێ. هەبـوونی ئەو خەبـات و تێکۆشـانە بـووە بەهـۆی ئەوە لە درێژایـی ٤٠ سـاڵی ڕابردوودا، تێگەیشتنی خەڵکی ئێمە لە بارەی شوناسی خۆی بەردەوام بەرەوژوور بچێ و پێش بکەوێ. بـوونی ئەو حیزبـانە و تێکۆشانیان لەنێو خەڵکدا یارمەتیدەر بووە بۆ ئاشنا بوونی خەڵکی کوردستان لە گەڵ کۆمەڵێک چەمک و بەهـا. کوردسـتان زووتر لە بەشەکانی دیکەی ئێران لەگەڵ نێوەرۆکی دیموکراسی، لە گەڵ مافی مرۆڤ، لەگەڵ ویستی یەکسانیی نێوان ژن و پیاو، لەگەڵ ئەوەی خەڵک بـۆ خـۆی خـۆی بەڕێـوەبەرێ، لە گەڵ ئەوەی تاکەکـان ڕێزیـان لـێ بگیـرێ، ئاشنا بـووە. چونکە حیزبەکـان ئەو کـاتەی لەنێـو خەڵکـدا بـوون و دەسـەڵاتیان بە دەسـتەوە بـووە، کەم و زۆر هەوڵیـان داوە ئەم چەمـک و بایەخـانە بەرنە نێـو ژیـانی خەڵـک. هەر بـۆ وێـنە دەرەتـانی پێکهێنـانی خوێنـدن بە کـوردی بـۆ خەڵکی کوردسـتان، وەک یادگـارێکی ئەو کـاتەی حیزبەکـان لەنێـو خەڵـک بـوون و دەسـەڵاتیان هەبـوو، لە بیرەوەریـی خەڵکدا مـاوەتەوە. ئەوە کە (ڕەفتاری خەڵکی) کوردستان لە بەشەکانی دیکەی ئێران سیاسییترە، دەگەڕێتەوە بۆ هەبـوون و کـۆڵنەدانی ئەم بـزووتنەوەیە و کاریگەرییەکانی.

## چەند دیاردەی نەرێنی و شیاوی خەسارناسی

بەڵام سەرەڕای ئەو خاڵە باشانەی ئاماژەیان پێکرا، حیزبەکان لەنێو خۆیان و لە ئاستی بزووتنەوەکەدا، خاوەن و هەڵگری کۆمەڵێک کەموکووڕی و لایەنی نەرێنی بوون و هەن. دیارە حیزبەکان بە گشتی عادەتیان نەکردوە ئاوڕ لە کەموکوڕییەکان

بدەنەوە و دانیان پێدا بنێن. بەڵام ئەگەر ئێمە بمانەوێ خەباتێکی چالاکتر و کاریگەرترمان لە نێو میللەتەکەی خۆماندا هەبێ، حەقە ئەو کەموکوورییانەی ڕابردووی خۆمان ببینین. من هەوڵ دەدەم بە کورتی ئاوڕێک لە هێندێک لەو کەموکوورییانەی مێژووی ٤٠ساڵی ڕابردووی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بدەمەوە.

## شەڕی نێوخۆیی نێوان حیزب و ڕێکخراوەکان

یەکێک لەو دیاردە نەرێنی و لاوازانە، شەڕی نێوخۆیی لە ڕابردوومان دایە. ئاوڕدانەوە لەو شەڕە لەو بارەوە پێویستە چونکە پێموایە تا ئێستاش ئاسەواریان ماوە و تا ئێستاش وەکوو گەرایەک لەنێو مێشکی تێکۆشەران و ئەندامان و ڕێبەران و خەڵکی ئێمەدا ماوەتەوە کە لەوانەیە ئەو گەرایە لە کاتی خۆیدا چالاک بێتەوە. سەیر کەن! ئەگەر دوابەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و دەستپێکردنەوەی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبەکان، هاوکارییەکی جیددی لە بەینی حیزبەکان هەبا، ئەگەر یەکتر قبووڵکردن هەبا، ڕەنگە زۆر شت بەو هاسانییە بۆ ڕێژیمی تازە نەچووباسەر و ئێمە هێز و وزەیەکی زۆرمان لە ململانێیەکی ناپێویست و نادروستدا لە دەست نەدابا. زۆر بە داخەوە لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشدا بە داخەوە شەڕی نێوخۆیی ڕووی دا، ململانێی نێوان حیزبەکان گەیشتە شەڕی چەکدارانە. ئەمە بووە هۆی ئەوە زۆر ناوچە لە سۆنگەی ململانێ و شەڕی نێوخۆییدا لە دەست بچن. زۆر کچ و کوڕی ئەو خەڵکە بوونە قوربانی و، هەل بۆ ڕێژیمی دەسەڵاتدار ڕەخسا کە وەزعەکە بە قازانجی مەرامەکانی خۆی بقۆزێتەوە.

## وێکهەڵنەکردن لە نێوخۆی حیزبەکاندا

نەک لە نێوان ئەم حیزب و ئەو حیزب، بەڵکوو لە نێوخۆی حیزبەکانیشدا کولتووری پێکەوە هەڵکردن و یەکتر تەحەممولکردن، کولتووری خەباتێکی سالمی نێوخۆیی، زۆر لاواز بووە. لە نێو زۆربەی حیزبەکاندا دیتوومانە کە جیاوازیی بیروڕا، لێکدابڕانەکان و جیابوونەوەکانیان لێ کەوتووەتەوە. ئەم لێکدابڕانانە وایان کردوە کە هێز و توانای حیزبەکان بەرەبەرە لاواز بێ. سروشتییشە هەر ئینشعاب و لێکدابڕانێکیش کە ڕوو دەدا، لایەنەکانی دەکەونە ململانێی یەکتر، هەر لایەنێک بۆ ئەوەی خۆی بە سەرکەوتوو و بەحەق نیشان بدا، دەبێ زەمی ئەوی دیکە بکا. لەو نێوەدا هێز و وزەیەکی زۆری حیزبەکان تێداچووە. جگە لەمەش لە ئاکامی ئەو جۆرە کێشە و ململانێیانەدا سەنگ و پرێستیژی حیزبایەتی زۆر شکاوە. ڕێز و حورمەتی حیزبایەتی لە سۆنگەی ململانێی نادروستی نێوان حیزبەکان و گرووپەکانی نێو حیزبەکاندا زۆر هاتووەتە خوارێ. ئەمە یەکێک لەو دیاردانەیە کە حەقە خەسارناسیی بکرێن و شوێنەوارەکانیان ببینین.



سەرچاوە
Serchawe

## دوورکەوتنەوەی درێژماوە لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

دابڕانی فیزیکیی بەڕێوەبەری و ناوکەی سەرەکیی حیزب و ڕێکخراوەکان لە خەڵکی ڕۆژهەڵات بۆ ماوەی دەیان ساڵ و جێگیربوونیان لە دەرەوەی سنوورەکان ئەگەر چی نادڵخواز و بەناچاری بووە، وای کردووە کە زۆر لە ڕێبەری و تێکۆشەرانی حیزبەکان، وردەکاریی پرس و کێشە و ڕاستیییەکانی نێوخۆی وڵات، ژیانی سیاسی و چالاکیی سیاسیی نێوخۆ و گرفتەکانی خەڵک بەو شێوەیەی پێویستە دەرک نەکەن. زۆر جار ئەوەی ڕێبەران و بەڕێوەبەریی حیزبەکان دەیڵێن، لەگەڵ ئەوەی لەنێو کۆمەڵدا هەیە، زۆر لێک دوورن. ئەم دوورکەوتنەوە جوغرافیاییە وای کردووە گرفتەکانی ژیانی خەڵک لەوێ، بە شێوەیەکی زۆرهەستپێکراو دەرک نەکەن و جۆرێک نامۆیی و بێگانەبوون لەگەڵ مەسائیلی ئەوێ بێتە پێش. ئەمەش وەکوو دیاردەیەکی نەرێنی دەبێ ببینین.

## تاکپەرستی وەک دیاردەیەکی سەرچاوەگرتوو لەم دۆخ و ڕابردووییە

لەئاکامی ئەو دوورکەوتنەوە لە مێژینەیە و دابڕانەکان و ململانێ نێوخۆیییەکاندا کۆمەڵێک دیاردەی دیکە لەنێو حیزبەکاندا سەریان هەڵ داوە. بۆ وێنە لە جیاتی ئەوەی حیزبەکان و سەرکردەکان ئامادە بکرێن بۆ ئەوەی لە خزمەتی بزووتنەوە و خەڵکدا بن، حیزبەکان ئامادە دەکرێن بۆ ئەوەی لە خزمەتی فکر و هیوایەتی نەفەرێکدا بن. زۆر جار وا هەست دەکەی لە نێوان ڕێبەرانی حیزبەکان جۆرێک ململانێ هەیە، ململانێکەش لە سەر ئەوەیە کە کامیان وەک ڕێبەری کوردی ڕۆژهەلات بناسرێ. هەوڵی ئەو جۆرە ڕێبەرانەش بۆ ئەوەیە حیزبەکەی خۆی لەگەڵ لەتێکی دیکە کە لێی جیا بووەتەوە و لە گەڵی لە ڕەقابەت دایە، یەک نەگرێتەوە. چونکە پێیان وایە بەم شێوەیە باشتر دەتوانن وەکوو سەرکردەیەک مەیدانداری بکەن. بەم هۆیەوەیە کە دەبینین ئاڵوگۆڕی نێو زۆر لە حیزبەکان لە جیاتی کۆمەگ بکا لە جیهەتی یەکگرتنەوەی حیزبە (لێکدابڕاوە)کان و یەکگرتنی هێزە سیاسییەکان، زۆرتر لە جیهەتی ئەوە دایە کە حیزبەکان بە مەرام و بە مەیل و تموحی ڕێبەرانیان بێت. حیزبەکان لە ڕاستیدا بوون بە قوربانیی ئەم جۆرە هیوایەتانەی کە لە نێو ڕێبەرانیان دایە. ئەمەش خاڵێکە کە بە بڕوای من جێگەی ڕەخنەیە. ئێمە دەبێ ڕێبەران و تێکۆشەران و سەرکردایەتیی حیزبەکانمان وا لێ بکەین کە لە خزمەت بزووتنەوەکەدا بن، خۆیان بکەن بە قوربانی، بۆ ئەوەی بزووتنەوەکە یەکگرتوو بێ و گەشە بکا، نەک بە پێچەوانە بزووتنەوەکە لەت لەت و پچڕ پچڕ بێ و ببێتە قوربانیی (ڕێبەران) بۆ ئەوەی ئەوان ڕاحەتتر حیزبایەتی بکەن. ئەم(دیاردە)یەش وەکوو واقیعێک دەبێ ببینین.

ئەگەر دەمانەوێ خەباتێکی کارا بکەین، دەبێ ئەم جۆرە ئیشکالاتە ببینین، دان بەوەدا بنێین کە چەندە وزەمان، توانامان و کاتمان لەم جۆرە ململانێ ناسالمانەدا ڕۆیشتوە. کاتێکیش باسی ناکارایی دەکەین و دەڵێین پێویستە کاراتر بین، دەبێ قبووڵی بکەین ئەو وەزعیەتەی هەیە: یەکنەگرتن، یەکتر تەحەممول نەکردن، دژایەتیی یەکتر کردن، دوورکەوتنەوە لە واقعی نێو کۆمەڵگەکەمان و... ، ئەمانە وایان کردوە بزووتنەوەی کورد سەرەڕای ئەو هەمووە خوێنەی کە داویەتی و ئەو هەمووە قوربانیەی کە پێشکەشی کردوە، کاراییەکەی کەم بێتەوە.

## چەند نموونەیەک لە ناکارایی ئەمڕۆی بزووتنەوەی کورد

کە باس لە ناکارایی دەکەم مەبەستم "بالفعل"(لە ئێستادا) ئەم ناکارامەیی و ئەم کەمکاریگەرییە هەیە، ئەگینا ئەگەر "بالقوە"(لە درێژخایەن)دا چاوی لێ بکەی، بە هۆی ئەو پاشخانە مێژووییەی ئەو بزووتنەوەیە هەیەتی، بە هۆی ئەو ڕیشە قووڵەی لە نێو کۆمەڵگەدا هەیەتی، سەرمایەیەکی زۆر گەورەی هەیە. ئەگەر بتوانێ بە سەر ئەو کێشانەی خۆیدا زاڵ بێ، دەتوانێ شتی زۆر گەورە بکا. با وەک نموونە هێندێک لەو ناکاراییە لە وەزعیەتی ئێستادا باس بکەین:

## لە بواری پێشمەرگایەتیدا

ئەم ڕۆژانە کە لە شارەکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەو خۆپێشاندانانە هەبوون، زۆر کەس چاوەڕوان بوون کە هێزی پێشمەرگە فریای خەڵک کەوێ. دیارە ئێمە خەبات دەکەین بۆ ئەوەی خەڵک بێنە سەرشەقام و ناڕەزایەتی دەرببڕن، خەباتی هەموو حیزبەکان بۆ ئەوەیە. دەی ئەگەر ڕۆژێک خەڵک هاتە سەر شەقام و سینگی بە گوللەوە نا، کاری حیزبەکان چییە؟ بە بڕوای من ئەگەر حیزبەکان یەکگرتوو بان، ئەگەر هێزێکی پێشمەرگەی یەکگرتوویان هەبا، ئەگەر تەرح و پلانیان هەبا -ڕەنگە هەموو کاتێک گونجاو نەبێ بۆ ئەوەی بە شێوەی پێشمەرگانە بێنە مەیدان- بەو حاڵەش هێزی پێشمەرگە(ی یەکگرتوو) دەیتوانی باشترین نوقتە قووەت بێ بۆ حاڵەتێکی ئاوا، بەڵام وا نەبوو. هەمووی بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە هەلومەرجە سیاسیەکە ئامادە نەبوو. خودی نائامادەیی حیزبەکان و هێزی پێشمەرگەشیان بۆ خۆی یەکێک لە هۆکارەکانە. وای دادەنێین بۆ ئێستا هەلومەرجەکە لە باری سیاسییەوە ئامادە نەبوو، ئەگەر سبەینێ لە باری سیاسییەوە هەلومەرج ئامادە بوو، بەڵام لە جیاتی یەک هێزی پێشمەرگە چەندین هێزی پێشمەرگە هەبوو، هێزە پێشمەرگەکانیش هەموویان لەگەڵ یەکتر لە ڕەقابەتدا بوون، ئامادەی هاوکاری لەگەڵ یەکتر نەبوون، فەرماندەیی هاوبەشیان نەبوو، دیسان ناتوانێ کاریگەر بێ. ئەمە یەکێک لە نموونەکانی ناکاراییەکانە.



سەرچاوە
Serchawe

## لە بواری دیپلۆماسییەوە

کەمترین ئەرکی ئێمە حیزبەکان ئەوە بوو لە بارودۆخێکدا کە خەڵکەکەمان بەو پەڕی بێرەحمییەوە سەرکوت دەکرا، کاری گەورەی دیپلۆماسی بکەین. بەڵام ئێمە نەمانتوانی کاری گەورەی دیپلۆماسی بکەین. لەگەڵ ئەوەی (ڕێژیمی)ئێران گەمارۆی ئابووری و سیاسیی لە سەرە، لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کێشەی هەیە،-کە هەمووی ئەوانە زەمینەی چاکن بۆ کاری دیپلۆماسی - ئێمە نەک هەر ئەمساڵ و ئەم ڕۆژانە بەڵکوو لە چەند ساڵی ڕابردوودا کە سوپای پاسداران وەکوو هێزێکی تیرۆریستیی ناسراوە، کە ڕێژیمی ئێران تەحریمی لە سەرە، کە هەلومەرجێکی نێودەوڵەتیی باش ئامادە بووە، بەڵام وەکوو حیزبەکان نەمانتوانیوە کارێکی دیپلۆماسیی ئەوتۆ بکەین کە بتوانین کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەگەڵ خەڵکی ئێران و لەگەڵ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ فشار خستنە سەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هاودەنگ بکەین؟ هۆیەکەی چییە کە نەمانتوانیوە؟ هۆیەکەی ئەوەیە هەر حیزبێک هەوڵ دەدا بۆ خۆی (بە تەنیا) پارتنێرێک بیبینێتەوە و پێوەندیی پێوە بگرێ، نەک بە هاوبەشی بچین کاری دیپلۆماسی بکەین. سروشتییە ئەگەر وەکوو تیمێکی یەکگرتووی دیپلۆماسیی کوردی ڕۆژهەڵات و بزووتنەوەکەی ئەوێ بچی کاری دیپلۆماسی بکەی، ڕوو لە هەر دەرگایەک بکەی زۆر چاکتر بە دەنگتەوە دین، قسەی زۆر کاراتر و کاریگەرترت دەبێ. بەڵام کە هەر کەس بۆ خۆی و لە ڕەقابەت لە گەڵ ئەوەی دیکەدا هەوڵی دا، ئەمە تەنیا لە کارایی ئەو کارە دیپلۆماسیانەی ئێمە کەم دەکاتەوە.

## لە بواری ڕاگەیاندندا

ئەو ڕۆژانە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و میدیاکانی جیهان چاوەڕێ بوون بزانن کە لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان چ ڕادەبرێ؟ لەو شارانە کە خۆپێشاندان هەیە و خەڵک سەرکوت دەکرێ(چ باسە)؟ ڕاستە کە هەڵبڕینی ئەنترنێت بۆخۆی یەکێک لە هۆکارەکان بوو، بەڵام حیزبێک کە لە نێوکۆمەڵگەدا ئەو هەمووە خەڵکەی هەیە دەبوایە زۆر لەوەی دیتمان زیاتر توانیبای زانیاری وەدەست بینێ. یا ئەگەر وەدەستیشیان هێناوە نەیانتوانیوە سەرنجی دنیا بۆ لایان ڕابکێشن. هێندێک ڕێکخراو یا هێندێک چالاکی مافی مرۆڤ لەو ماوەیەدا لە وەدەستهێنانی زانیاری و بڵاوکردنەوەی هەواڵ و ڕاپۆرتی پێوەندیدار بە قوربانییەکان و گیراوەکان لە حیزبەکان کاریگەرتر بوون. دەبێ قبووڵ بکەین ئێمە وەک حیزبەکان بە عام نەمانتوانیوە بەو جۆرەی پێویستە وەدەست بێنین بۆ داکۆکی لە خەڵکەکەی خۆمان، بۆ وەرگرتنی زانیاری و ئاگاداریی ورد لە ڕووداوەکانی پێوەندیدار بە سەرکوتی خەڵک ، بۆ ئەوەی بیانگەیەنین بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی.



سەرچاوە
Serchawe

## کەمتەرخەمی لە ئاست کۆمەڵێک کەیسی گرنگ

زۆر کەیس هەن، کەیسی مافی مرۆڤ، کەیسی تیرۆر، کەیسی کوشتاری بە کۆمەڵ، کە هی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن، بۆ وێنە کەیسی ئێعدامی ٥٩ لاوی مەهابادی و چەندین ئێعدامی بە کۆمەڵی دیکە، بە دەیان کەیسی کوشتاری بەکۆمەڵی خەڵک لە گوندەکان هەیە بە تایبەتی لە پارێزگەی ورمێ، لەو ناوچانەی کە کورد و تورک لە دراوسێیەتیی یەکتردا دەژین، بە دەیان قەتلوعامی خەڵکمان هەن کە تا ئێستاش ئەو کارەی پێویستە لە بارەیان نەمانکردوون. کەیسی تێرۆری ڕێبەرانمان هەن، کاری پیویستیان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا لەسەر نەکراوە. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتانی جۆراوجۆر ڕێبەران و تێکۆشەرانی لێ تیرۆر کردووین. بەڵام ئایا ئێمە توانیومانە یەکێک لەوانە بکەین بە کەیسێک کە سەرنجی دنیای بۆ لای ڕابکێشین و بتوانین جۆرێک هاودەنگی و پشتیوانیی ڕێکخراوەکانی بەرگری لە مافی مرۆڤ و کۆڕ و کۆمەڵی نێودەوڵەتی بۆ بەرگری لە کورد و بۆ بەدواداچوونی ئەو کەیسانە و بۆ مەحکوومکردنی ئەو کەسانەی لەو تاوانانەدا دەستیان هەبووە، وەدەست بینین؟ بە داخەوە نەمانتوانیوە. ئێمە دەبێ قبووڵ بکەین ئەوانە کەموکووڕیی بزووتنەوەکەی ئێمەن و ئەگەر ئەو بزووتنەوەیە بتوانێ بە سەر ئەو کێشانەی خۆیدا زاڵ بێ، دەتوانێ کاری زۆر گەورە بکا.

## ئەو گرفتانەی پێویستە ڕەخنەیان لێ بگرین و چارەسەریان بکەین

ئەگەر بمانهەوێ بە عەقڵیەتێکی نوێوە بزووتنەوەی کورد بەڕێوە بەرین و خۆمان ڕێک بخەینەوە، پێش هەموو شتێک دەبێ زۆر واقعبینانە سەیری ئەو ڕابردوویەمان بکەین. دەبێ بە دیدێکی ڕەخنەگرانە ئاوڕ لە ڕابردوو بدەینەوە. وێڕای دیتنی شانازییەکان و خاڵە بەهێزەکانمان، دەبێ کەموکووڕییەکانی خۆمان ببینین. کە کەموکوڕییەکانیش دەبێنین دەبێ لە زۆر بواردا ڕەخنە لە خۆمان بگرین. بۆ وێنە ڕەخنە لە بەرچاوتەنگیەکانمان -حیزبێک بەرامبەر بە حیزبێکی دیکە - یا یەکتر تەحەممەل نەکردنەکانمان، بگرین. ڕەخنە لەوە بگرین کە ئامادە نەبووین بە یەکەوە کاری گەورە بکەین. ڕەخنە لەوە کە نەمانتوانیوە وێک هەڵکەین و تەحەمولی بیروڕای جیاواز بکەین. ڕەخنە لەوە کە کێشەکان زۆر زوو ململانێی ناسالم لەگەڵ یەکتر و ئینشعابات و لێکدابڕانیان لێ کەوتووەتەوە.

ڕەخنە لە خۆمان بگرین کە بێ بەرنامە و بێ پلان بووین لە زۆر کاتدا. زۆر جار دەرفەتی باش ڕەخساوە بەڵام چونکە خۆمان بۆ ئامادە نەکردوە، چونکە بەرنامە و پلانمان نەبووە، دەرفەتەکانمان لەدەست چوون. یا ڕەخنە لەوەش بگرین کە بە لێشاو خەڵکمان لە خۆمان تاراندوە. هەر حیزبێک قامکی لەسەر دادەنێی چاو لێ بکە بزانە ئەو خەڵکەی لێی نارازییە

و لێی دڵسارد بووەتەوە، پترە یا ئەوەی لە گەڵیەتی؟ ئەمە یانی چی؟ مانای ئەوەیە ڕاستە حیزبەکان کێشە و گرفتاری و هەلومەرجی سەختیان هەبووە و هەموو کەس نەیتوانیوە (بەرامبەر سەختییەکان) دەوام بێنێ، بەڵام ئەو ڕاستیەشی تێدایە کە حیزبەکان ئەو هونەرەشیان نەبووە خەڵکێکی زۆر لە دەوری خۆیان ڕابگرن.

با ئاماژە بە ڕاستییەکی گرنگی دیکەی جێی ڕەخنە بکەم. هەر حیزبێک کۆمەڵە خەڵکێکی کە بە دەوروبەرەوەیەتی بە هی خۆی دەزانێ، بەڵام لەنێو کۆمەڵگەدا زۆر خەڵکی دیکە هەن کە دروستە ئەندامی ئەم حیزب یا ئەو حیزب نین بەڵام سەرمایەی ئەو کۆمەڵگەیەن. دەتوانن چاو لی بکەن لە نێو ڕاگەیەنە فارسی زمانەکاندا، لە نێو ڕاگەیەنە بیانییەکاندا، لە کۆڕ و کۆمەڵی مرۆڤدۆستدا، دەیان چێهرەی کورد هەن (کە جێگەی هیوان). حیزبەکان چەندە توانیویانە ئەو کەسانە بۆ لای خۆیان ڕاکێشن، لە فکرەکانیان سوود وەربگرن، کەلک لە پشتیوانییان وەربگرن و بۆ خۆشیان ببنە پشتیوانیان؟ ئەمەش یەکێک لەو کەموکوڕییانەیە کە جێگەی ڕەخنەیە و بە داخەوە بەو شێوەی پێویستە نەماندیتوە.

کە باس لە کەموکوڕییەکانی خۆمان دەکەین، دەشبێ ڕەخنە لە نامودێڕنبوونی تێکنیکی خۆمان، تێکۆشانی خۆمان و کاری خۆمان بگرین. دەبێ قبووڵ بکەین کە لە سەردەمیک داین دەبوایە لە زۆر بارەوە تێکنیکی کاری ئێمە و تێکۆشانی ئێمە لە گەڵ سەردەمی ئەمڕۆ و پێویستییەکانی ڕۆژگاری ئەمڕۆ بگونجێ.

سروشتییە ئەگەر ئێمە بە چاوێکی ڕەخنەگرانە ئاوڕمان لەو ڕابردووە داوە و قبووڵمان کرد کە ئەوانە هەموویان کەم و کووڕن، قبووڵمان کرد ئەگەر ئەو کەموکوڕییانە نەبوایەن کاری بزووتنەوەی کورد لە جێیەکی دیکە دەبوو، دەبێ ئەو ئازایەتییەشمان هەبێ دان بە بوونیان دابنێین. هەوڵیش نەدەین هەر لایەنەکانی دیکەی تێدا خەتابار بکەین و خۆمان نا. کە باس لە کێشەیەک بۆ وێنە شەڕی نێوخۆیی دوو لایەنی کوردی دەکرێ، بەوە ناتوانی دەرس لەو ڕابردوویە وەربگری کە بەرامبەرەکەت خەتابار و مەحکووم بکەی و هەر خۆت بە حەق بزانی. ئەو مەسەلانە بەوە چارەسەر نابن کە هەموو حەقەکە بە خۆت بدەی. دەبێ قبووڵ کەین کە هەمووانمان هەر یەکەی بە پێی بەرپرسایەتیمان، چ وەکوو لایەنی سیاسی، چ وەک کەسێک لە نێو حیزبێکدا، لەو ڕابردوویە بەرپرسین. ئەگەر ئاوا بیر بکەینەوە، ئەو کات ڕێگە خۆش دەبێ بۆ ئەوەی بەرامبەرەکەشت بەرپرسایەتی بگرێتە ئەستۆی خۆی.

### بۆ ئەوەی ئەم ڕابردووە دووپات نەکەینەوە:

بۆ چی ئاوڕ لەو ڕابردوویە دەدەینەوە؟ بۆ ئەوەی دەرسیان لێ وەربگرین و بۆ ئەوەی دووپاتیان نەکەینەوە. بۆ ئەوەی ئەو

بەشی سێهەم

ڕابردوویە دووپات نەکەینەوە دەبێ کۆمەڵێک کار بکەین کە دەتوانن ئیعتیباری حیزبەکان هەستێننەوە و بزووتنەوەی کورد بکەنە هێزێکی زۆر کاریگەرتر لە ئێستا بە جۆریک کە بتوانێ لە هەلومەرجی جۆراوجۆردا چالاکتر وەدەست بێت و نەخشی گەورەتر بگرێتە ئەستۆی خۆی.

دوای ئەو خەسارناسی و بەخۆداچوونەوەیە و ئەو ڕەخنە لەخۆگرتنانە کە ئەمە پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە و، بێ ئیستیسنا هەموو حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگرێتەوە، پێویستە هەوڵی یەکگرتن و یەکگرتنەوە بدرێ. هێندێک لەو حیزبانە بۆ وێنە دوو لایەنی دێموکرات، ئەگەر بەم شێوە ڕەخنەگرانەیە ئاوڕ لە ڕابردوو بدەینەوە، وا نییە نەتوانین بە یەکەوە کار بکەین. ئەگەر بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان نەکەین بە قوربانیی بەرژەوەندی چەند کەسێک لە نێوخۆماندا، بۆچی ناتوانین یەک بگرینەوە؟ ئایا ئێمە کێشەی ئاوا گەورەمان هەیە کە نەتوانین یەک بگرینەوە؟ بەڵام کە بە دەمارگرژییەوە ئاوڕمان لە ڕابردوو دایەوە، هەرچی بەرامبەرەکەت کردوویەتی بە مەحکوومی بزانی و هەر چی بۆ خۆت کردووتە پێت حەق بوو، ناگەیە هیچ نەتیجەیەک. ئەگەر قبووڵمان کرد کە ئێمە هەموومان نەخشمان هەبووە لەو کێشە و کەموکووڕییانەدا و دەبێ دەرسیان لێ وەربگرین، ئەگەر لە زۆر بەرژەوەندەی شەخسی و گرووهی و تەنانەت حیزبی، خۆش بین و مەسڵەحەتی گەورەتر لە بەرچاو بگرین، بەڵی ئیمکانی ئەوە هەیە. من کە باسی دوو لایەنی دیموکرات دەکەم، لەوانەیە بۆ لایەنەکانی کۆمەڵەش هەر بەم شێوەیە بێ و زەمینەی ئەوەیان تێدا هەبێ کە یەک بگرنەوە.

خودی یەکگرتنەوەی هەر توخمێک لەو لایەنە سیاسییانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆمەک دەکا بە یەکگرتنی گەورەتر. تازە ئەم لایەنانە ئەگەر نەشتوانن یەک بگرنەوە، لانیکەم دەبێ ڕێخۆشکەر بن بۆ هاوکارییەکی گەورەتر. گرنگ ئەوەیە لە ئاکامی ئەو چاوخشاندنەوەیە بە ڕابردوو و ئەم ڕەخنە لە خۆگرتنانەدا زەمینەیەک پێک بێ کە هاوپەیمانییەکی سیاسیی گەورە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دروست ببێ. هاوپەیمانییەک کە حیزبەکانی تێدا بن و بشتوانێ ببێتە چەترێک بۆ ئەوەی زۆر بەشی کۆمەڵگە کە لە خەبات و تێکۆشاندایە، زۆر کەسایەتی و مرۆڤی چالاک کە لە بواری مافی مرۆڤ، ژینگەپارێزی، ئاکادیمی و بواری جۆراوجۆری دیکەدا حوزوور و کاریگەرییان لە سەر بزووتنەوەی کورد هەیە، بێنێتە ژێر چەتری خۆی.

کاتێک توانیمان هاوپەیمانییەکی وا دروست بکەین، سروشتییە کە دەبێ تەرح و بەرنامە و پلاتفۆرممان هەبێ بۆ ئەوەی لەسەر هەر قۆناغێک کە دێتە پێشمان، کاریگەریمان هەبێ. بیر لەوە بکەینەوە کە هێزێکی پێشمەرگەی یەکگرتوومان هەبێ، بیر لەوە بکەینەوە کە ناوەندێک و تیمێکی دیپلۆماسیمان هەبێ کە هی هەموو کوردی ڕۆژهەلات بێ نەک هی تاکە حیزبێک. بیر لەوە بکەینەوە کە ڕاگەیاندنێکمان هەبێ کە بتوانێ دەنگی ئەو میللەتە بگەیەنێ. ئێوە دەزانن ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە گەڵ ئەوەی زۆربەی حیزبەکان تەلەڤیزیۆن و ڕادیۆ و ڕۆژنامەی تایبەت بە خۆیان هەیە، بەڵام ئەوەندەی

بەشی سێهەم

خەڵکەکەمان بەردەنگی ڕاگەیەنی غەیری ڕۆژهەڵاتی کوردستانن، ئەوەندە بەردەنگی راگەیەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نین. خەڵکی ئێمە چاو و گوێ و عەقڵی خۆی سپاردوە بە راگەیەنەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان و ڕاگەیەنە غەیرە کوردییەکان. لە حاڵێکدا دەبا گوێگری ڕاگەیەنی حیزبەکانی خۆی بێت.

دیارە ڕاگەیەنی خۆیی نەیتوانێوە ئەوان ڕازی بکا جا لە ڕووی تێکنیکی بێ یا لە ڕووی بەرنامە و نێوەرۆکەوە، بۆیە گوێی لێ ناگرێ.

ئەگەر بتوانین لە ئاکامی ئەو ڕەخنە لە خۆگرتن و بە خۆداچوونەوەیە ئەو هەلومەرجە پێک بێنین کە حیزبەکان بە عەقڵیەتێکی دیکەوە دەست بکەن بە هاوکاری لەگەڵ یەکتر، دەست بکەین بە دروستکردنی هاوپەیمانەتییەک کە تەرح و بەرنامەمان هەبێت بۆ داهاتوو، دەتوانین هاوکارییەکی بەرینتر لە ئاستی ناوچەیی و دنیادا بۆ لای بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕابکێشین. دەتوانین بە قازانجی کوردی ڕۆژهەڵات کاری زۆر گەورە بکەین. لەگەڵ بەرامبەرەکانمان بە هێزەوە قسە بکەین. ئێستا زۆر لە حیزبەکان و زۆر کەسایەتیی نێو حیزبەکان بە تەنیا هەوڵ دەدەن پێوەندی لە گەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بگرن. بەڵام ئێمە دەزانین ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی سبەینێ کە بە دەسەڵات بگا، ئەگەر حیزبە کوردییەکان یەکگرتوو نەبن و بەو مەرجەی بزووتنەوەی کورد بە هێزەوە بەرەورووی نەبێتەوە، شتێکی وای جواب ناداتەوە. ئەوە بە نیسبەت دەوڵەتی ناوەندییش وایە. هەر ئێستا دەوڵەتی ناوەندیی ئێران ئەگەر لە ئاکامی ئەو بارودۆخەی کە هەیە، بیهەوێ بە ڕێگای ئاشتیخوازانە مەسەلەی کورد چارەسەر بکا، هیچ حیزبێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تاقی تەنیا ناتوانێ لە گەڵی ڕێک کەوێ. چونکە حیزبەکانی دیکە زۆر هاسان دەتوانن نەتیجەی ڕێککەوتنەکەی لێ بکەنەوە هیچ و، جگە لە بەدناوی هیچی دیکەی بۆ نامێنێتەوە. بە تایبەتی کە ئێمە لە هەلومەرجێکدا نین کە هیچ حیزبێک ئەوەندە بە هێز بێ کە بتوانی بە بێ حیزبەکانی دیکەش خاوەندارێتیی مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکا.

## دەرئەنجام:

وەک حیزبەکانی بەشدار لە بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێویستمان بەوە هەیە دەرس لە ڕابردوومان وەربگرین و، ئەو بوێرییە و ئەو ئازایەتییەمان هەبێ کەموکوڕییەکانی ڕابردوومان ببینین. لە سەر ئەساسی ڕەتکردنەوەی کەموکوڕییەکانی ڕابردوو، لە سەر بناغەی دەرسوەرگرتن لە ناتەبایی و لەو هەمووە وزە و سەرمایەی لەو جۆرە ململانێییانەدا بە زایەمان دا، لە ئاکامی دەرسوەرگرتن لەو کەمتەرخەمییانەی بوومان، پێویستە لاپەڕەیەکی نوێ لە بزووتنەوەی کوردی

ڕۆژهەلاتدا بکەینەوە. ئەم لاپەڕە نوێیە بە یەکتر قبووڵکردن، بە پشت پێک بەستن، بە هاوکاری و هاوخەباتی لەگەڵ یەکتر، بە کراوەبوون بەرامبەر ڕەخنە و نارەزایەتییەک کە تێکۆشەران و چالاکانی سیاسی بەرەوڕووی حیزبەکانی دەکەنەوە، دێتە بەرهەم و، بە دڵنیایەوە دەتوانێ چارەنووسساز بێ.

ئەوەندەی پێوەندیی بە حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە هەیە، ئەگەر سەیری ئەدەبیاتیتان کردبێ، گوێتان لە لێدوانی ڕێبەرانی گرتبێ، دەتوانم بڵێم بۆ ڕەخنە لەخۆگرتن، بۆ داننان بە کەموکوڕییەکانی ڕابردوو، بۆ گوێگرتن لەم جۆرە ڕەخنانە، لەو ١٢ - ١٠ ساڵەی دواییدا لە حیزبەکانی دیکە ئازایانەتر دەرکەوتوە. بەڵام لە هەر حاڵدا من ڕووی قسەم تەنیا لە یەک لایەن نییە. بە گشتی دەبێ ئێمە وەک حیزبەکان قبووڵ بکەین بەرەوڕووی ئەو ڕەخنانەین. لە هەلومەرجی ئێستا و لە ڕۆژگاری ئەمڕۆ و لەم بڕگەیەی مێژوودا، ئەگەر ئەم ڕاستییانە نەبیسین، ئەگەر ئەم کەموکووڕییانەی خۆمان نەبینین و هەوڵی چارەسەرکردنیان نەدەین، بە دڵنیاییەوە داهاتووشمان دەبێتەوە دووپاتکردنەوەی ئەو ڕابردوویە، دەرفەتەکان لە دەست دەچن و خەڵکی کوردستانیش نامانبووری.

* ئەم بابەتە دەقی ئەو قسانەیە کە ڕۆژی ١٤ی دیسەمبری ئەمساڵ لە سمینارێکدا بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز (ڕۆژی ئاڵا و ڕۆژی پێشمەرگە)، لە شاری کۆپێنهاگن لە وڵاتی دانمارک پێشکەشم کردن. ئەم باسە تەنیا پێشەکییەکەی لێ لادراوە و لە ڕووی ڕێزمانییەوە بۆ بڵاوبوونەوە بە شێوەی نووسین ئامادە کراوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی دێسەمبەری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

**بابەتی ساڵی ................ ٢٠٢٠ - ٢٠٢١ - ٢٠٢٢**

## فریشتەیەک بە سواری مووشەک

لەو ساتەوەی هەواڵی کوژرانی قاسم سولەیمانی و دەستپەروەردەکانیم بیستوە، مەگەر ئەو چەند سەعاتەی خەوتووم، ئەگینا ساتێک لە بە دواداچوونی هەواڵ و ڕاڤەی شوێنەوار و کاردانەوەکانی غافڵ نەبووم. دەکرا هەر لە یەکەم ساتەکاندا، بە شێوەی هەست دەربڕین، وەک زۆر کەسی دیکە، دژ کردەوەی خۆم نیشان بدەم. بەڵام حەزم کرد چەندی دەکرێ لە سەر ئەو ڕووداوە و شوێنەوارەکانی ببیسم، ببینم و بخوێنمەوە. لە دژکردەوەی ڕێبەر و بەڕێوەبەران و کاربەدەستانی سیاسی و سوپایی ڕێژیمی ئێران، کەسایەتییە پلەبەرزەکانی ئەمریکا، هەڵوێستی حکوومەتەکان و گرووپە سیاسییە جۆراوجۆرەکانی دنیا - چ ئەوانەی بە هاوپەیمان و کلکی ڕێژیمی ئێران دادەنرێن، چ ئەوانەی ئەو ڕێژیمە تەنگی پێ هەڵچنیون- ڕابمێنم. هەر وەها سەرنج بدەمە هەڵوێستی ئەو دوڵەت و هێز و ناوەندە ساتوسەوداچییە هەلپەرستانەش کە ئەوەی ئەخلاقە لێی بێ بەرین و، لە هەرچی ڕووداوی سیاسییە بۆ بەرژەوەندی نارەوای خۆیان سوود وەردەگرن.

لە دەلاقەی وێنەکانەوە، هەستی ئەندامانی بنەماڵەی قاسم سولەیمانی، حاڵی فەرماندەرانی سوپای پاسداران، پێشبڕکێی وەزیر و گزیرەکانی ئێستا و دوێنێ لە نواندنی ماتەمباربووندا و، ڕەشپۆشیی دەروجیرانەکانی ئەو "مالک اشتر"ە و ئەو ناو و ناوبانگەی ئاخنراو لە پیاهەڵدانی سەرسوڕهێنەری ئەم ساڵانەی دوایی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی وێران و داماوم خوێندووەتەوە. بەسەر شێعر و دێڕە خوێناوییەکانی ئەو دوو لاپەڕەیە لە کتێبی "گلچین احمدی"یەوەش نەچووم کە بریتیە لە مەدداحی لە بارەی ئیمامانی شیعە و کەربەلا و... وا دیارە دەبێ لە گیرفانی حاجی قاسم وهاوسەفەرانیدا بووبێ. گوێ قوڵاغ بووم بۆ هەڵوێست و لێدوانی ئەو بەرپرسە سیاسییانەی عیراق و هەرێم کە کەوتوونە نێوان دوو بەرداشی ڕێژیمی ئێران و ئەمریکا و، حاڵی ئەوانیشم لەو تەنزەی د.شێرکۆ عەبدوڵلا دا دیوەتەوە کە دەڵێ: "ئەمڕۆ داوای ڕۆحمان لێ بکە و داوای لێدوانمان لێ مەکە"!

**بەشی سێهەم**

من دەمەوێ لە بانیژەی برین وئازارەکانی "ڤییەن" و"بێرلین"ی خۆم وەک مرۆڤێکی تینووی ڕزگاری، ئازادی، دیموکراسی، دادپەروەری و پێکەوەژیانی بە ئاشتیی نەتەوە و ئایینی جۆراوجۆر لەو ڕووداوە و لێکەوتەکانی بڕوانم. دەمەوێ وەک ڕۆڵەی نەتەوەیەکی بندەستی داواکاری ڕزگاریی خاوەن دەیان هەزار شەهید و، قوربانیی زۆر لێ ئەستێندراو هەر بە هۆی ئەو ڕێژیمەی حاجە قاسم لوتکەی سەمبولەکانیەتی، دەمەوێ وەک تاکێک لە هێزێکی خەباتکاری دژی چەوسانەوە و هەڵاواردنی ڕەگەزی، نەتەوەیی، ئایینی و هتد، هێزێکی دژی بە کارهێنانی تیرۆر و تەقاندنەوە و مرۆڤ ڕفاندن و پێکتر بە کوشتدانی مرۆڤەکان بە ناوی دین و ئایین و لە پێناوی زاڵکردنی ئۆتۆریتەی تاقمێکی کۆنەپەرستی دژبە ئازادی و یەکسانی و پێشکەوتن بە سەر ڕۆژهەڵاتی نێوەراستدا، لەم ڕووداوە و لێکەوتەکانی ڕامێنم.

ڤیدیۆی ئەو کاتەی مووشەکی کۆپتەرە ئەمریکاییەکان لە ماشێنەکانی هەڵگری قاسم سولەیمانی و هاوڕێکانی دەدرێ، لە زەینی خۆمدا لە لای ڤیدیۆی ئەو ساتە دادەنێم کە مووشەکانی سوپای پاسداران لە ژووری پلینۆمی هاوڕێیانم لە قەڵای دیموکرات دەدران. دیمەنی داماوانەی ڕاکردن و ڕاکشانی بە ئاگرەوەی لێقەوماوانی نێو ماشێنەکەی بەرپرسی عەلاقاتی حشدی شەعبی لە نزیک فڕۆکەخانەی بەغدا، دەخەمە تەنیشت دیمەنی بە کۆڵوو بوونی هاوڕێیانم لە ئاگری تەقینەوەی شەوی یەلدای بۆمبەکانی بەرهەمهێنراو لە کارگەکانی سوپای قودسی حاجی قاسمدا. چاوساغی و فیلم هەڵگرتنەوەی بە ڕۆژی ڕوونی ئەو پەهبادانەی لە مۆڵگەکانی حەشدی شەعبیی ژێر ئەمری ئەبوو مەهدیی موهەندیس لە کەرکووکەوە هاتبوونە سەر ئاسمانی قەڵای دیموکرات، لە گەڵ پێشکەوتوویی تێکنیکیی پەهبادە ئەمریکاییەکانی بەشدار لە چالاکیی شەوی ١٣ی بەفرانباری نزیک فڕۆکەخانەی بەغدا بەراورد دەکەم. هەراوهوریای تێکەڵ بە هێزنواندنی فەرماندەرانی سوپای پاسداران بەدوای وێرانکردنی لایەک لە قەڵای دیموکرات و پارچەپارچە کردنی ژنان و پیاوانی خەباتکاری کورد بە مووشەکە جێی شانازییەکانیان، لە گەڵ شەپۆڕی زەلالەتیان بۆ لەتوپەتبوونی جەستەی بڕژاوی دیارترین سیما و هێمای ئەفسانەی هێز و دەسەڵاتی ئەهریمەنییان بە ئاگری ساروخی ئاپاچییەکانی ئەرتەشی ئەمریکا دەخەمە لای یەکتر. هاسانترین شت ئەوە بوو هیچ نەنووسم و تەنیا ئەوەندە بڵێم: "دە بخۆن دەی!" بەڵام بۆچی ئەوەم نەکرد؟ حەزم کرد هەموو ئەو شوێنەوار و لێکەوتانە ببینم، لە هەمووی ئەوانە تێر ڕابمێنم و ئەوەندەی دەکرێ بەدەر لە کاریگەرییە هەستەکییەکانی تایبەت بە کوردێک و دیموکراتێک وتاکێک لە خەڵکی ولاتێکی زامدار بە هۆی هێزی ڕەش و ئەهریمەنیی ئەو ڕێژیمەی سوپای پاسداران و هێزی قودس و قاسم سولەیمانی گەورەترین هومێدیەتی، تەنیا تاقە پرسیارێک بخەمە ڕوو:

ئەی ئەوانەی بە هەر ئایدۆلۆژیا و بیرو باوەڕ و هۆکارێکەوە، دەتانەوێ و دەتانەویست "قاسم سلێمانی" بکەن بە هێمای ڕاوەستانی: ڕووناکی بەرامبەر تاریکی، دادپەروەری بەرامبەرستەمگەری، ئیمان بەرامبەر کوفر، بندەستان بەرامبەر

سەردەستان، تەناهی و ئاسوودەیی بەرامبەر تیرۆر و تۆقاندن، بوێری بەرامبەر ترسنۆکی، مەردایەتی بەرامبەر نامەردی و هتد، ئایا هیچ کات لە خۆتان پرسی ئەو ڕێژیمەی فریشتەکەی ئەم حاجی قاسمەیە، بۆ خەڵکی وڵاتەکەی خۆی چ دیارییەکی بێجگە لە تاریکی، ستەمگەری، قاتی و قڕی و برسیەتی، ئێعدام و ڕەشەکوژی، دیلی و یەخسیری، هەبووە؟ ڕێژیمێک بەو ئایدۆلۆژیە دواکەوتوانە و دژەمرۆییەوە بۆ خەڵکی لوبنان، فەلەستین، سووریە، یەمەن و عیراق بێجگە لە شەڕ و کوشتار و بۆمب و ساروخ و پێکوەرکردنی سوننە و شیعە و پەروەردەکردنی دەستە و تاقمی تیرۆریست و سەرکوتکەر بۆ کپکردنی هەر دەنگێکی ئازادیخواز، چ دیارییە دیکەی هەیە تا لە سەر باڵی فریشتە و مەلایکەتێک بە ناوی حاجی قاسم بۆیان بنێرێ؟!

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی جانێویری ٢٠٢٠



سەرچاوە Serchawe

# "ئێمە" چەند بەختیارین کە "ئێوە" هەن!

## (بە دوای دیتنی دۆکیۆمێنتاریی "لە یەلدایەک دا")

جاروبار لە بەر خۆمەوە دەڵێم ئێمە( دەتوانی کەس و گرووپی جۆراوجۆر لە جێی جێناوی "ئێمە" دابنێی. بۆ نموونە ناوی تاکێک، حیزب و ڕێکخراوێکی دیاریکراو، نەتەوەی کورد و هتد) چەند بەختیارین کە لە تەنیشت زۆر کەمتەرخەمی و ناتەواوی و نابەرپرسیارەتی دا، هێشتا کەسانێک هەن کە بەرپرسیار و دوارۆژبین و مشوورخۆرن. بێ ئەوەی هەقدەست و پاداشێکیان بۆ دیاری کرابێ یا لە شوێنێکەوە راسپێردابن، تەنیا بە ڕاسپاردەی ویژدانی خۆیان و هەستکردن بە بەرپرسیارەتیی مرۆیی و ڕۆشنبیری و نەتەوەیی خۆیان، خەم لەو ئەرک و پێداویستییانە دەخۆن کە کەسانی دیکە لێیان بێخەم بوون یا عەقڵ یا ئازایەتیی گرنگیدان بەو شتانەیان نەبووە. لە سایەی هەوڵی دڵسۆزانە و شەونخوونی و ماندوویی ئەو پێشمەرگە بێ ناونیشانانەیە، کە توانیومانە هێندێک سامانی کولتووری و نەتەوەیی خۆمان بپارێزین.

ئەو مرۆڤانەی وشەی زمانەکەمانیان کۆ کردووەتەوە؛ دەستنووسە ئەدەبیەکانیان پاراستوە؛ شوێنەوارە مێژووییەکانیان لە فەوتان رزگار کردوە؛ کتێب و گۆڤارە کۆنەکانیان دۆزیوەتەوە؛ دۆکیۆمێنتی مێژوویی و سیاسیی بە نرخ لە بارەی نەتەوەکەیان بە زەحمەتی زۆر بە دەست هێناوە؛ دەنگ و ڕەنگ و دەسخەت و هونەر و بەهرەی بەهرەمەندانی بێنازی نێو کۆمەڵی خۆمانیان بەر لە مردنیان، تۆمار کردوە؛ بە نووسینەوە و ڕێکخستنی فەرهەنگی زمانی کوردییەوە خەریک بوون؛ لە هەر جێیەک سەرچاوە و بەڵگەیەکی گرنگیان لە سەر زمان، جۆگرافیا، مێژوو، شارستانەتی و کەسایەتی و شانازییەکانی نەتەوە و نیشتمانی خۆیان بەرچاو کەوتوە، بۆ ڕۆژی خۆی شتێکیان لێ هەڵکڕاندوە؛ ئەمانە و زۆری دیکەی لەم چەشنە، پێشمەرگەی بێناونیشان و بێپاداش و چاوەڕوانیی خەڵک و نەتەوەی خۆیانن. بوونی ئەو جۆرە مرۆڤانە، لە نێو نەتەوەیەکی بندەست و بە ئەنقەست بێبەشکراو و دەرەتان پێ نەدراو، لە نیو کۆمەڵگەیەکی خاوەن حیزب و ڕێکخراوی بێ پلان و کەمتەرخەم لە ئاست تەنانەت مێژوو و ئەرشیڤی خۆشی، دەبێ وەک "بەختیاری" و خۆش شانسی چاو لێ بکەین.

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆش دا کەسانی لەو چەشنەمان زۆرن. کەسانێک کە بە هەوڵی تاکەکەسی و چەند کەسی، بە ئیمکاناتێکی کەم بەڵام پشت ئەستوور بە بەرپرسیارەتی و دڵسۆزی و دوارۆژبینی و عەقڵ و داهێنانی خۆیان، قەرەبووی کەمتەرخەمی و

بێمشووری و کات و وزە و سەرمایە بە فیڕۆدانی دەسەلاتی کوردی و حیزبی سیاسیی کۆمەڵی خۆیان، دەکەنەوە.

فیلمی دۆکیۆمێنتیی سێ ئەڵقەیی "لە یەلدایەک دا"، بەرهەمی هەوڵێکی لەم چەشنەیە. خۆشحاڵم کەسانێک هەن کە خۆزیا و هیوای بەرهەمهاتنی دۆکیۆمێنتارییەکی شایانی گەورەیی د.قاسملوو و قووڵایی کارەساتەکەی ڤییەنیان هەڵنەگرتوە بۆ ئەو ڕۆژەی خاوەنانی ئەم کەیسە(دوو لای حیزبی دیموکرات) پشوویەکیان دێتەوە بەرخۆ و لە هەموو کارێک دەبنەوە و، بە پشتبەستن بە ئەرشیڤی خۆیان و ئەو هەمووە شایەتحاڵ و هاوڕێ و هاوخەباتەی د.قاسملوو کە هێشتا بە خۆشیەوە لە ژیان دان، و ئیمکاناتی دیپلۆماسی و ڕاگەیاندن و هیزی ماددی و هتدی خۆیان، شتێک بە شتێک دەکەن. مەبەستم ئەوە نیە بڵێم ئەو دۆکیۆمێنتارییە شان لە شانی گەورەیی ئەو کەسایەتییە و بە ژانبوونی تیرۆری ئەو و قەباحەتی ساتوسەودای دەوڵەتی ئوتریش لە لە گەڵ ڕێژیمی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەدا. هەڵسەنگاندنی لایەنی تێکنیکیی ئەم بەرهەمە، کاری من نیە. بەڵام ناکرێ لە ئاست دوو ڕەهەندی ئەو کارە، سپڵە و پێنەزان بم: یەکەمیان خۆبەخشانە بوونی پرۆژەکە و ئەرک و زەحمەتێک کە لە پێناوی دا کێشراوە. دووهەمیشیان، تیشک خرانە سەر هێندێک لە ڕاستییەکانی پیوەندیدار بە مێژووی حیزبی دیموکرات و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو بەرهەمەدا، کە زۆر جار هەست دەکەی تەنانەت لە لایەن کەسانێک لە خاوەنانی ئەو مێژوویەش بە دەستی ئەنقەست چەواشە دەکرێن یا دەخرێنە بۆتەی فەرامۆشییەوە و بێدەنگەیان لێ دەکرێ!

دەسخۆش و ماندوونەبوونی بۆ هەموو ئەو بەڕێزانەی ڕۆڵیان هەبووە لە ئامادەکردن و بەرهەمهێنانی "لە یەلدایەک دا". هیوام بەردەوامبوونیان لە سەر ئەم جۆرە کارە بە نرخانەیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢ی جانێویری ٢٠٢٠

## بابەتی ساڵی ...................... ٢٠٢١

# جەلیل گادانی وەک کەسایەتییەکی فەرهەنگی

ئەمڕۆ ١٢ی ڕەشەمەی ١٣٩٩ی هەتاوی ٧٨ ساڵ بە سەر لەدایکبوونی خەباتکار وکەسایەتیی ناسراو کاک جەلیل گادانی ڕادەبرێ. لەگەڵ ناردنی سڵاوی زۆرم بۆ گیانی پاکی کاک جەلیل لەم ڕۆژەدا، سپاس و پێزانینی خۆم و هەموو خۆشەویستان و هاوخەباتانی کاک جەلیل لە حیزبی دێموکرات، بە بەڕێوەبەرێتیی کتێبخانە گشتییەکانی کۆیە ڕادەگەیەنم کە ئەم ڕێوڕەسمەیان لە ساڵڕۆژی لەدایکبوونی کاک جەلیل گادانیدا بۆ یادکردنەوە و ڕیزلێنانی ڕێکخستووە. هەروەها سپاس بۆ هەموو ئەو بەڕێزانەی ئەمڕۆ بە وتە و لێدوان و نووسین و، هەر وەها ئامادەبوون لەو کۆڕیادەدا بەشداری ئەم یادەن.

قسەکردن لە بارەی کاک جەلیل گادانی، هەم هاسانە، هەم دژوار. هاسانە، چونکە کاک جەلیل بە خۆشییەوە تایبەتمەندیی باش و بەرزی ئەوەندە زۆر هەبوون کە هەر کەسێک بیهەوێ باسی ئەو کەسایەتییە بکا، بۆ قسە دانامێنی. دژواریی قسەکردن لە سەر کاک جەلیلیش هەر ڕاست لەو فرەڕەهەندی و زۆری و چەند لایەنەبوونی تایبەتمەندییەکانی ئەووەوە سەرچاوە دەگرێ. چونکە مرۆڤ بۆ ئەوەی لە دەرفەتێکی وادا پێ ڕابگا شتێک پێشکەش بکا، ناچارە چاوپۆشی لە زۆر وێستگە و لایەنی ژیان و تێکۆشانی بکا و، لەبەر ڕەچاوکردنی کات و درێژنەبوونەی قسەکانی، لێیان بگوزەرێ. لە هەر حاڵدا کاک جەلیل بەو مێژووە درێژەی پڕ لە خەبات و تێکۆشانی، بەو بوارە جۆراوجۆرانەی کۆڵنەدان و نەوەستانی و، بە کەسایەتیی بەرز و ڕەوشتی مرۆڤدۆستانە و جوانی، لە هیچ وتارێکی ئاساییدا جێی نابێتەوە. هەر بۆیە من لایەنی فەرهەنگیی ئەو کەسایەتییەم هەڵبژاردووە تا لەم بۆنەیەدا لەنگەری لەسەر بگرم و ئاوڕێکی بەڕێزەوەی لێ بدەمەوە.

### پێناسەیەک بۆ کەسایەتی فەرهەنگی

جاران لە ئێران بە وەزارەت یا ئیدارەی پەروەردە و فێرکردنیان دەگوت "وەزارەتی فەرهەنگ" یا "ئیدارەی فەرهەنگ".

عادەتیش وابوو کەسانێک کە کارمەندی وەزارەت یا ئیدارەی فەرهەنگ بوون، بە تایبەتی مامۆستایانی قوتابخانە، پێیان دەگوترا "فەرهەنگی". من کە لەم بابەتەمدا کاک جەلیل وەکوو کەسایەتییەکی فەرهەنگی ناو دەبەم، پێناسەکەم لەو جۆرە فەرهەنگیبوونە زۆر جیاوازە. کاک جەلیل وابزانم هیچ کات کارمەندی ئیدارەی فەرهەنگ نەبووە تا لەو ڕوانگەیەوە بە "کەسێکی فەرهەنگی" ناوی بەرم. کەواتە ناوبردنی کاک جەلیل وەک کەسایەتییەکی فەرهەنگی، بۆ هۆیەکی دیکە دەگەڕێتەوە، بۆ گرنگیدانی کاک جەلیل بە کاری فەرهەنگی، هەروەها بۆ بەفەرهەنگبوونی ئەو کەسایەتییە. کاک جەلیل هەم خاوەنی کارنامەیەکی دەوڵەمەندی فەرهەنگییە، هەم لە ڕەفتار و هەڵسوکەوت لە مەیدانی جیاوازدا، وەک مرۆڤێکی بە فەرهەنگ دەجووڵایەوە.

هەر بە شێوەیەکی گشتی، بەفەرهەنگبوون و بەهێزبوونی لایەنی ڕۆشنبیری لە کەسایەتیی سیاسیدا، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ڕەهەندی سیاسیی ژیان و تێکۆشانی ئەو کەسە دەبێ. ئەم جۆرە کەسایەتییانە، ڕوانینی سیاسییان بۆ هونەر، ئەدەبیات، وەرزش و، هەڵوێستیان بەرامبەر ڕۆشنبیران، نووسەران، هونەرمەندان و نوخبەکانی دیکەی بواری ڕۆشنبیری، کراوەتر و تێکەڵ بە گرنگیپێدان و ڕێزلێگرتنە. لەجێدا کەسایەتیی فەرهەنگی لە پرۆسەی خوێندنەوە و بیرکردنەوە و ڕۆچوون بە نێو فەلسەفەی ژیان و، وەسەریەکنانی ئەزموونی جۆراوجۆر و، کامڵبوون لە باری فکری و تێگەیشتنەوە، لە گەڵ ئەمانەشدا خۆ سەلماندن لە مەیدانی کردەوەدا دروست دەبێ. کاک جەلیلیش لە پرۆسەیەکی لەم چەشنەدا لە کڵ هاتبووە دەر و ببوو بە کەسایەتییەکی فەرهەنگی و بە فەرهەنگ.

### ئاوڕێک لە کارنامەی ڕۆشنبیریی کاک جەلیل گادانی:

### گرنگیدان بە نووسین و وەرگێڕان

ئەو کتێبانەی کاک جالیل گادانی نووسیونی، وەری گێڕاون یا ڕۆڵی سەرەکیی هەبووە لە ئامادەکردنیاندا، خۆ لە نزیک ٢٠ کتێب دەدەن. کاک جەلیل بە ئاگاداری لەو پێوەندییەی نووسین دەتوانێ لە نێوان نووسەر و بەردەنگدا دروستی بکا، هەروەها بە تێگەیشتن لە ڕۆڵی نووسین لە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی ئازادیخوازی و نیشتمانپەروەری لەنێو خەڵکدا، هەر لە بەندیخانەوە گرنگی بە فێربوونی زمانی بێگانە و وەرگێڕان دەدا. بە وەرگێڕان دێتە نێو دنیای نووسین و نووسەری. ئەو بەرهەمانەی وەری گێڕاون، لە ڕاستای باوەڕی پێشکەوتووانە و ئازادیخوازیی خۆی و، دژایەتی لەگەڵ ستەم و دواکەوتوویی و نابەرابەری دان.

## بەشی سێهەم

نووسینەکانی کاک جەلیل، دەتوانین بکەین بە دوو بەش: یەکەم، ئەوانەی وەک وتار لە چاپەمەنیی حیزبیدا بڵاوی کردوونەوە کە زیاتر دەچنە خانەی شیکردنەوە و بەرگری لە سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزب، یا ڕوانگە و بۆچوونەکانی خۆی لە پێوەندی لە گەڵ ئەو سیاسەت و هەڵوێستانەدا بوون. دووهەم، ئەو نووسینانەی وەک کتێب بڵاوی کردوونەوە کە لە نێوان مێژوو و بیرەوەری دان. گادانی لە کتێبەکانیدا، تێکۆشاوە بە یارمەتیوەرگرتن لە حافیزەی خۆی و دۆکیۆمێنت، مێژوو یا ڕووداوە مێژووییەکان بگێڕێتەوە. بەشێک لە کتێبەکانی، هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەگرانەی ئەو کتێبانەن کە لە بارەی مێژووی حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نووسراون.

نامەوێ لەم نووسینەدا، بەرگری یا تەنانەت داوەری لەبارەی نێوەرۆکی کتێبەکانی کاک جەلیل بکەم، بەڵام پێم باشە قامک لەسەر ئەو خاڵە بەهێزە دابنێم کە کاک جەلیل، نووسینەوەی بیرەوەری و نووسین لە سەر ڕووداوە مێژووییەکانی هەڵ نەدەگرت بۆ داهاتوو. ئەگەر ڕەخنەی لە کتێبێک و نووسینی کەسێک هەبا، هەتا کەسەکە خۆی لە ژیان دایە، لەسەری دەنووسی. ئەم نووسینانەی کاک جەلیل دەبوونە هۆی ئەوە، کەسەکان- ئەوانەی پێوەندییان بە ڕووداوەکان هەیە- تا لە ژیان دان، قسەی خۆیان بکەن و، ئەگەر زانیارییەکی نەدرکاو و نەگوتراویان هەیە، یا تێبینی و گێڕانەوەیەکی جیاوازیان لایە، بیخەنە ڕوو.

گێڕانەوە و نووسینی کاک جەلیل لە بارەی ڕووداوەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان و، ئەو تێکۆشەر و کەسایەتییە کورد و ئێرانییانەی لە بەندیخانە یا ڕەوتی خەبات و تێکۆشاندا ناسیبوونی، یارمەتیدەری توێژەران بووە لە ڕوونکردنەوەی بەشێک لە قوژبن و پەسیوە تاریک و ناڕوونەکانی ئەو مێژووە. بەمەش توانیویەتی خزمەت بە تۆمارکردنی مێژوویەک بکا کە بۆ خۆی تێیدا ژیاوە.

### بایەخدان بە تۆمارکردنی بیرەوەریی پێشمەرگە

"خاطرات یک پیشمرگ قهرمان" (بیرەوەرییەکانی پێشمەرگەیەکی قارەمان) کە یادداشتەکانی فەرماندەری بە ناوبانگی هێزی پێشمەرگەی دێموکرات شەهید شاپوور فیروزیی گرتووەتە خۆ، لەوانەیە ئەگەر دوای تیرۆری کاک شاپوور نەکەوتبانە دەست کاک جەلیل گادانی، تێداچووبان. ئەگەر ئەم یادداشتانە فەوتابان، بێگومان دۆکیۆمێنتێکی بەنرخ لە بارەی قارەمانەتییەکانی "هێزی بێستوون" و ڕووداوە سیاسی و نیزامییەکانی ناوچەی کامیاران و دەوروبەر (لە ساڵی ١٣٥٨ تا نێوەڕاستەکانی دەیەی ٦٠ی هەتاوی)، لە دەستمان دەچوون. بەڵام کاک جەلیل ئەو یادداشتانەی کە بیرەوەریی ڕۆژانەی

ئەو فەرماندە لێهاتوویە بوون، وەک گلێنەی چاوی پاراست و، لە توێی کتێبێکی دوو بەرگییشدا، چاپ و بڵاوی کردنەوە. ئەم دوو بەرگە هەر ئێستا بە هیممەتی مامۆستا عاشق ئیسماعیلی، خەریکە لە فارسییەوە دەکرێن بە کوردی.

کاک جەلیل، دەیزانی نووسینەوە و تۆمارکردنی بیرەوەریی شەڕ و تێکهەڵچوونە گەورە و حەماسییەکانی هێزی پێشمەرگە، بایەخێکی تایبەتیان هەیە. بۆیە بەردەوام فەرماندەران و پێشمەرگەکانی بەشدار لە شەڕ و تێکهەڵچوونە گرنگەکانی هان دەدا، ئەم جۆرە بیرەوەرییانەی خۆیان بنووسنەوە. بەڵام چونکە دەیدیت هێندێک لەو هاوڕێیانەی توانای نووسین و ئامادەکردنی بیرەوەرییەکانی خۆیان نییە، کارهاسانیی بۆ دەکردن، کەسانێکی دیکەی ڕادەسپارد هاوکارییان بکەن بۆ ئەوەی هەر نەبێ کاکڵەی ڕووداوەکە بێننە سەر کاغەز، دوایە بۆ خۆی پێیاندا دەچووەوە. لە ڕیزی کتێبەکانی کاک جەلیلدا، کتێبێک بە ناوی "کەشکۆڵی پێشمەرگە" هەیە کە کۆکراوەی بیرەوەریی چەندین فەرماندە و پێشمەرگەیە. گومانم نییە ئەگەر مردن، کاک جەلیلی لێ نەستاندبااین، ئەم پرۆژەیەی درێژە دەدا و، زۆر بیرەوەریی بەنرخی دیکەی پێوەندیدار بە حەماسەکانی پێشمەرگەی لە پەتای فەرامۆشکران و لەبیرچوونەوە، ڕزگار دەکرد.

"چرچەی فەرماندە لە بیرەوەریی هاوڕێیانیدا" کتێبێکە لەبارەی ژیانی کورت بەڵام پڕ لە قارەمانەتیی فەرماندەری شەهید حەمەدەمین بارام میرزا (ناسراو بە چرچە). ئەو کتێبە بیرەوەریی ژمارەیەکی بەرچاو لە هاوسەنگەران و هاوڕێیانی ئەو فەرماندە شەهیدەی گرتووەتە خۆی. کاک جەلیل دوای دیتنەوە و دەستنیشانکردنی هاوڕێ و هاوسەنگەرانی شەهید "چرچە"، بیرەوەرییەکانی خۆیان لە بارەی ئەو فەرماندەیەی پێ نووسیونەوە و، دوای پێداچوونەوە و ئامادەکردن، کتێبێکی باشی لێ پێک هێناون. ئەم کتێبە، دوایین بەرهەمی چاپکراوە کە بە هاوکاری و زەحمەتی کاک جەلیل هاتبێتە بەرهەم.

## ئەمەگناسی لەئاست کەسایەتی و تێکۆشەرانی قۆناغەکانی پێشووی خەبات

کاک جەلیل، ڕێزێکی تایبەتی بۆ ئەو کەسانە دادەنا کە لە قۆناغ و برگەکانی ڕابردوودا، بەشداری خەبات و تێکۆشانی ئازادیخوازی، نەتەوەیی و حیزبی بوون. بە هەر زەحمەتێک بایە جێگا و شوێنی نیشتەجێ بوونی دەدۆزینەوە و پێوەندیی لە گەڵ دادەمەزراندن. لە هەر دەرفەتێکدا سەردانی دەکردن، چەندی بۆی کرابا، هاوکاریی دەکردن و، لە کاتی گرفتاری و لێقەوماندا مشووری دەخواردن. ئەوەندەی قسەی ڕۆیشتبا لای دەزگا حیزبی و حکوومەتییەکانی هەرێم، قسەی خێری بۆ دەکردن و، بۆ هاوکاری و ئاگالێبوونیان، هانی دەدان. هاوکات بە بەرپرسان و هاوڕێیانی حیزبیی خۆی دەناساندن کە لە گەڵیان لە پێوەندیدا بن و ڕێزی ئەو خزمەتانەیان بگرن کە ڕۆژگارێک پێشکەشی حیزبی دیموکرات و نەتەوەکەی خۆیان کردووە.

شانبەشانی ئەم جۆرە بەسەرکردنەوانە، هاوڕێیانی بەشی ئەرشیف و ڕاگەیاندنی حیزبی هان دەدا بچنە دیداری کەسایەتی و تێکۆشەرانی لەو چەشنە بۆ ئەوەی بیرەوەرییەکان و زانیارییەکانی ئەوان لەبارەی ڕووداوەکانی سەردەمانی پێشوو تۆمار بکەن و، بەم جۆرە لە فەوتان و لەبیرچوونە، بیانپارێزن.

## هاندان بۆ خوێندن و خۆ پێگەیاندن و، ڕێزگرتن لە قوتابیان و خوێندکارانی سەرکەوتوو

کاک جەلیل بە هۆی گیران لەسەر کاری سیاسی و مانەوە لە بەندیخانە، هەر لە قۆناغی ناوەندیی خوێندنەوە لە دەرس خوێندن بە شێوەی ئاسایی و چوونە قوتابخانە بێبەش بوو، بەڵام لە بەندیخانەش دەرفەتی بۆ خۆپێگەیاندن لەکیس نەدابوو. بە شێوەی دووراودوو (مکاتبەای) دەرسی خوێندبوو، لە تاقیکردنەوەکان سەرکەوتبوو. جگە لە وەرگرتنی دیپلۆم، توانیبووی لیسانسی زمانی فەرانسە وەربگرێ و، هەر لە بەندیخانە چەند کتێبی لە فەرانسەییەوە وەرگێڕابووە سەر زمانی فارسی. ئەم ئەزموونەی خۆی پاڵپشت بوو بۆ هاندانی هاوڕێ و هاوسەنگەرانی، هەروەها هاندانی کچان و کوڕانی بنەماڵە حیزبییەکان کە لە خوێندن و خۆپێگەیاندن لە هەر هەلومەرجێکدا، غافڵ نەبن.

لە ژیانی سیاسی و خەباتگێڕانە و لە کارنامەی بەرپرسایەتییە حیزبییەکانی کاک جەلیلدا، بایەخدان بە قوتابخانە، خوێندن و پەروەردە، کتێبخانە و خوێندنەوە، چ لە ناوچە ئازادەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش، چ لەنێو کەمپ و بنکە حیزبییەکان، جێگەیەکی تایبەتی هەبوو. گرنگیی بە داواکاری و چاوەڕوانییەکانی بەرپرسانی ئەو بەشە و مامۆستایان دەدا، لە سەردانی خوێندنگەکان غافڵ نەبوو. ئەو قوتابی و خوێندکارانەی سەرکەوتووانە پلەکانی خوێندنیان بڕیبوو، بە سەری دەکردنەوە. زۆر جار لە گیرفانی خۆی دیارییەکی سەمبولیکی بۆ دەکڕین. لەم یا ئەو شار و ئیدارە و بنکەی ڕۆشنبیری، ئەگەر کۆمەڵە کتێب یا گۆڤارێکی بەکەلکی دەست کەوتبا، لە گەڵ خۆی دەیهێنانەوە و، وەک خەڵات پێشکەشی ئەو منداڵانەی دەکرد کە زیرەک بوون.

چەندین جار ئاگادار بووم بە پۆل ئەو قوتابی و خوێندکارانەی ئاستێکی خوێندنیان بە باشی بڕیبوو، لە ماڵی خۆی بانگهێشتی دەکردن و جێژنی بۆ دەگرتن. لە پەرەپێدەرانی کولتووری کتێب خوێندنەوە و کتێب پاراستن بوو. لەو پێوەندییانەی لە گەڵ یەکیەتیی نووسەران و هێندێک ناوەندی ڕۆشبیری و دەزگای چاپ و بڵاو کردنەوەی هەیبوو، بۆ ئەستاندنی کتێب سوودی وەردەگرت. ئەو کتێبانەی پەیدای دەکردن بە سەر بنکە حیزبییەکاندا بڵاوی دەکردنەوە و، بەم جۆرە کتێب و چاپکراوی نوێی دەگەیاندە دەستیان.

دیاربوون لەنێو کۆڕ و چالاکیی ڕۆشنبیریی نێو حیزب و شارەکانی کوردستان یەکێک لە پێوەرەکانی ڕۆشنبیربوونی کاک جەلیل و ڕەهەندی ڕۆشنبیریی ژیانی ئەو، گرنگیدانی بوو بە بەشداریی چالاکانە لە کۆڕ و کۆبوونەوە و چالاکیی کولتووری

و ڕۆشنبیری لەنێو حیزب و لە دەرەوەی حیزبدا. مەبەستم لە بەشداریی چالاکانە، هەم جۆراوجۆریی ئەو چالاکیانەیە کە تێیاندا ئامادە دەبوو، هەم ئەکتیڤبوونی بوو لەنێو کۆڕ و چالاکییەکاندا. ئەو، لە دەرفەتی گونجاودا بە تایبەتی ئەو کاتەی دەرفەت دەدرا بە بەشداران، سەرنج و تێبینییەکانی خۆی لە سەر ئەو باسانەی پێشکەش دەکران، ئەو بەرنامانەی پێشان دەدران و بەڕێوە دەچوون، دەخستە ڕوو. کەم پێشانگەی کتێب، کۆڕی شێعر، سمینار و فستیڤاڵی ڕۆشنبیری، یادکردنەوەی نووسەران و هونەرمەندان هەبووە لە نێو حیزب یا لە شارەکانی هەرێمی کوردستان پێک هاتبن و کاک جەلیل بانگهێشت کرابێ و، نەچووبێ.

دیارە ئەگەر چالاکی و بەرنامەکان پێوەندییان بە ژنان و منداڵانەوە هەبا، کاک جەلیل پتر خۆی بە ئەرکدار دەزانی کە تێیاندا بەشدار بێ. ئەمەش دەگەڕایەوە بۆ ڕوانینی ئەو کەسایەتییە لە بارەی منداڵان و ژنان و، ئەرکی کەسایەتییە دیموکرات و پێشکەوتنخوازەکان لە پشتیوانیکردنی ئەو دوو توێژەدا.
ڕوویەکی گەشی دیکەی بەشداریی کاک جەلیل لەو جۆرە چالاکی و بەرنامانەدا، ڕێزلێگرتن و هاندانی ڕێکخەرانی بەرنامەکان، کۆڕگێڕان و خاوەن بەهرەکان بوو. کاک جەلیل ڕێزی لێ دەگرتن، دڵگەرمی دەکردن و وای دەکرد هەست بە گرنگیی کار و زەحمەتەکەی خۆیان بکەن و، لەو بوارەدا بەردەوام بن.

## دوا قسە

وەک لە سەرەتاوە ئاماژەم پێ کرد باسکردن لە هەموو ڕەهەندەکانی تێکۆشان و کەسایەتیی کاک جەلیل گادانی و تایبەتمەندییە بەرزەکانی، لە وتارێکدا ناگونجێ و کتێبێک هەڵ دەگرێ. تەنانەت بە تێر و تەسەلی نووسین لەسەر تەنیا ڕەهەندێک لە ژیان و خەباتی ئەویش- ڕەهەندی ڕۆشنبیری، کە لەم نووسینەدا مەبەست بوو- چەندین لاپەڕەی دیکەی پێویستە.

گرنگ ئەوەیە ڕەوشتە جوان و تایبەتمەندییە بەرزەکانی ئەم سەرکردە بە فەرهەنگە و، ئەم خەباتکارە ماندوویینەناسە، هەموو کات لە بەرچاومان بێ، لێیان فێر بین و، بیانکەین بە ڕێنوێنی ژیانی سیاسی و خەباتکارانەی خۆمان و، بەم جۆرە یادی کاک جەلیل گادانیی خۆشەویست هەمیشە بە بەرزی ڕابگرین.

سڵاو لە یادی و، ڕەوانی شاد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی مارچی ٢٠٢١

# کوردستان" وەک ئاوێنەی مێژوویەک

## (وتەکانی قادر وریا لە سمیناری گەیشتنی ڕۆژنامەی "کوردستان" بە ژمارە ٨٠٠)

**بەخێربێن هاوڕێیان!**

پیرۆزبایی لە خوشک و برایانی حیزبیم بە گشتی و، بەتایبەتی چاپەمەنیی حیزب، دەستەی نووسەران و کارگێرانی "کوردستان" دەکەم بە بۆنەی گەیشتنی کاروانی ڕۆژنامەی "کوردستان" بە ژمارە ٨٠٠ . هیوادارم فریا بکەوم گرنگترینی ئەو شتانەی مەبەستمن، پێشکەشیان بکەم.

### ڕۆژنامەی "کوردستان"و گرنگیدان بە مێژوو:

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ڕۆژنامەی" کوردستان"، ئەوەیە هەمیشە گرینگیی داوە بە مێژوو، بەتایبەتی لەو دەورەیەی ئێستادا. دیارە هەر ڕۆژنامەیەک بەتایبەتی ڕۆژنامەی حیزبێکی سیاسیی خەباتکار، کە پێشەنگی بزووتنەوەیەکە، دەتوانێ بایەخی دێکیۆمێنتی، بایەخی مێژوویی هەبێ بۆ کەسانیک کە دەیانەوێ لەبارەی خەباتی ئەو حیزبە و، بزووتنەوەیەک کە ئەو حیزبە ڕێبەرایەتیی دەکا، توێژینەوە بکەن.

بۆ ئەوەی بزانین بایەخی دێکیۆمێنتیی ڕۆژنامە، وەک سەرچاوەیەکی مێژوویی چەندە گرینگە، کەم بابەت و کەم توێژینەوە هەیە، لەسەر کۆماری کوردستان نووسرابێ و، پشتی بە ڕۆژنامەی "کوردستان"ی سەردەمی کۆماری کوردستان نەبەستبێ. واتە لە هەموو بابەتێکی دیکە و لە هەموو سەرچاوەیەکی دیکە زیاتر، ئەوە ڕۆژنامەی" کوردستان"ە کە فریای مێژوونووسان و توێژەران کەوتووە، بۆ باس لەبارەی کۆماری کوردستان.

بە بڕوای من بۆ باس لەو دەورەیە لە خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات و، بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕۆژنامەی" کوردستان "یەکێک لە دەوڵەمەندترین سەرچاوەکانە. ئەو ڕۆژنامەیە وەک کوتم لە سەرەتاوە بۆ خۆی گرینگی



سەرچاوە Serchawe

داوە بە مێژوو. ئێوە چاو لێ کەن لە ژمارە ٧١ تا ژمارە ٩١ یانی لە ساڵی ١٣٥٩ەوە تا دەگەینە ساڵی ١٣٦١، زنجیرە باسێکی هەیە، بە ناوی "کورتە مێژوویەک لە جووڵانەوەکانی گەلی کورد" کە ئامادەکار و نووسەرەکەی دوکتور سەعید (د.سادق شەرەفکەندی) بووە. ئەو بە تێگەیشتنەوە ئەوەی کردوە.

**پێم خۆشە ئاماژە بە پێشەکییەک بکەم کە د. سەعید بۆ ئەو باسەی نووسیوەتی:**

"یەکێک لە هۆنراوەکانی سروودی ئەی رەقیب دەڵێ: "ئێمە ڕۆڵەی ڕەنگی سوور و شۆڕشین– سەیری کە خوێناوییە ڕابردوومان". ئەو بەڵگانە نیشان دەدەن کە گەلی کورد تا چ ڕادەیەک بە ڕابردووی خۆیەوە شانازی دەکا و بۆ هەوڵ و کۆششی شۆڕشگێڕانەی نەسلەکانی قارەمانی ڕابردووی خۆی، نرخ دادەنێ. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئاگادارییەکی ورد و قووڵی لە سەر ئەو ڕابردووە پڕ ڕووداوە نییە. هەرچەند ئەو کەسانەی کە ناوی زۆربەی قارەمانانی نەتەوایەتی و ڕێبەرانی ڕاپەڕینە جۆربەجۆرەکانی خەڵکی کورد دەزانن، زۆرن، بەڵام بە داخەوە بێجگە لە ژمارەیەکی کەم لەوان، زانیارییان لەو ڕادەیە تێپەڕ ناکا و لە تایبەتمەندییەکانی ڕاپەڕینەکان و هەلومەرجی ئەو کاتەی ڕاپەڕینەکە تێیدا ڕووی داوە، هێندە ئاگادار نین.

جا لە بەر ئەوە، ڕۆژنامەی "کوردستان" لەم ژمارەیە بە دواوە، تێ دەکۆشێ کە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و بەپێی توانا، بە تەرتیبی مێژوویی، کورتەیەک لە گرنگترین ڕاپەڕینەکانی خەڵکی کورد بخاتە بەر چاوی خوێنەرانی خۆشەویست. بە هیوای ئەوە کە ئەو زنجیرە وتارانە هەر ئەو بەرهەمە بدەن کە لە یەک مێژووی ڕاستەقینە چاوەڕوان دەکرێ. واتا ئاگاداری بە سەر ڕووداوەکانی ڕابردوودا و بە مەبەستی لێکدانەوە و ئەزموون بە دەستهێنان".

دیارە ئەو زنجیرە باسە دوایە وەکو کتێب بە ناوی کورتە مێژووی جووڵانەوەکانی کورد" چاپ بووە، بەڵام بۆ ئاشنا کردنی خوێنەرانی ڕۆژنامەی" کوردستان"، لەگەڵ مێژووی بزووتنەوەکان، بایەخی خۆی هەبووە.

**تۆمارکردن وبە دۆکیۆمێنت کردنی ڕووداوەکانی شەڕی کوردستان:**

هەر ئەو وەختی لە ساڵی ١٣٥٩ و هەر لە ژمارە ٧١ەوە، ئیبتکارێکی دیکەی ڕۆژنامەی" کوردستان "دەست پێ دەکا و یەکەم ئەڵقەی بڵاو دەبێتەوە کە من بۆ خۆم بەپێی شناختێک کە لە دوکتور سادق شەرەفکەندیم هەیە، هەر بە ئیبتیکاری ئەوی دەزانم. ئەوەیش کردنەوەی زنجیرە باسێکە بە ناوی" شەڕی کوردستان ."بۆیە دەڵێم ئیبتیکاری ئەوە، دوکتور سەعید ساڵێک دوو ساڵ پێش شەهیدبوونی جارێک وتارێکی نووسی، باسی دووی ڕێبەندانی ١٣٢٤ دەکا. لەو وتارەیدا دەڵێ: "ئەو ژمارەیەی ڕۆژنامەی "کوردستان" کە بە دوای دووی ڕێبەنداندا دەرچووە باسی ڕاگەیاندنی کۆمار ناکا! یانی کۆمار ڕاگەیاندراوە، ئەو ڕووداوە گەورەیە ڕووی داوە، کەچی لە ژمارەی دوای ئەودا، باسی ڕاگەیاندنی کۆمار ناکرێ! یانی مەبەستی ئەوەیە بڵێ

بەشی سێهەم

ڕۆژنامە دەبێ ئاوێنەی ڕووداوە گرینگەکانی سەردەمی خۆی بێ بۆ نەسڵەکانی داهاتوو. جا بەو تێگەیشتنەوەیە -وەکوو لە پێشەکیی ئەو زنجیرە بابەتەشەوە دەردەکەوێ- زنجیرە باسی" شەڕ لە کوردستان"، لە هەموو ژمارەیەکی "کوردستان"دا بڵاو دەکاتەوە. دەکرێ بڵێم ئەو زنجیرەیە، هەتا ئەو کاتەی خەبات و تێکۆشانی پێشمەرگە لە مەیدانی شەڕ و تێکهەڵچوون لەگەڵ هێزەکانی ڕێژیم درێژەی هەبوو، لە ڕۆژنامەی" کوردستان"دا بەردەوام بوو. لەو ڕۆژنامەیەدا، هەموو تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان، ئێعدامەکانی، ئەشکەنجەکانی، لەشکرکێشیەکانی و، هەروەها قارەمانەتییەکانی پێشمەرگەو زۆر شتی دیکەی پێوەندیدار بەو شەڕە، ڕۆژانە تۆمار دەکرا. یانی لە هەموو ژمارەیەکدا ڕووداوەکانی مانگێک تۆمار دەکرا.

### (د.سەعید) لە پێشەکییەکەیدا دەڵێ:

"کوردستان "تێ دەکۆشێ لەمە بە دواوە، گرنگترین کارەکانی نیزامی و تێکهەڵچوونەکانی پێشمەرگە قارەمانەکان لە گەڵ هێزەکانی هێرشکەری دەوڵەتیدا، کە لە ماوەی بەینی بڵاوبوونەوەی دوو ژمارەدا ڕوو دەدەن، بە شێوەیەکی زۆر کورت ئیشارە پێ بکا:

"لە بەر ئەوەی ئەو کارە بۆ هەوەڵین جار خەریکە دەست پێ بکرێ، بێگومان هێندێک کەموکوڕیشی دەبێ و بێشک زۆر لە کارە ڕەنگینەکانی هێزە قارەمان و لەشکاننەهاتووەکانی ئێمە لە بیر دەچن. هیوادارین کە هاوڕێیانی قارەمانی ئێمە ئەو ژمارەیە قەبوڵ بکەن و بە هاوکاریی برایانەی خۆیان تێ بکۆشن کە لە داهاتوودا، ئەو بەشە لە ڕۆژنامەی "کوردستان"، تا ئەو جێگایەی کە لە توانادایە، تەواو و بێ کەموکووڕی بێ. چونکە شک نییە کە ئەو کارە سەرەڕای ئەوەی کە تا ڕادەیەک تێنویەتیی توندی خەڵکی کوردستان و سەرتاسەری ئێران بۆ ئاگاداری لە سەر بەرەکانی شەڕی حەماسەیی پێشمەرگەکان لە نێو دەبا، لە دوارۆژیشدا لە لایەنی مێژوویەوە گرنگیەکی بێ وێنە پەیدا دەکا".

دواتر خودی کۆمیسیۆنی چاپەمەنی ئەم زنجیرە بابەتانەی کرد بە نامیلکە، چەندین نامیلکەی لێ ساز کردن. ئێستا دەتوانم بڵێم ئەو نامیلکانە بوون بە یەکێک لە بەڵگە باشەکان بۆ ئەوانەی لەسەر ڕەهەندی جۆراوجۆری شەڕی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ خەڵکی کوردستان، دەکۆڵنەوە.

### مێژوویەک لە ئاوێنەی "کوردستان"دا:

ئەگەر بمانەوێ وەکوو ئاوێنەی مێژوویەک لە" کوردستان "بڕوانین، دەکرێ بڵێم بە سەدان ڕووداوی مێژوویی گرینگ هەن کە لە ماوەی ساڵانی دەرچوونی ئەو دەورەیەی ڕۆژنامەی" کوردستان"دا ڕوویان داوە و" کوردستان "بەرخوردی لەگەڵ کردوون. بەڵام من لێرەدا هەوڵ دەدەم تەنیا ئاماژە بە هێندێکیان بکەم. یانی ئەگەر کەسێک بیهەوێ لە دەلاقەی "کوردستان"ەوە لە

## بەشی سێهەم

مێژووی نیو سەدی ڕابردوو بكۆڵێتەوە، بۆ وێنە بیهەوێ حیزبی دێموكرات و هەڵوێستەكانی و، جیهانبینییەكەی لە سەردەمی پێش شۆڕشی ئێراندا بناسێ، ڕۆژنامەی "كوردستان" سەرچاوەیە. چونكە بۆ وێنە باسی پرسی كورد لە عێراق، باسی شەڕ لەنێوان دەوڵەتی مەركەزی و كورد دەكا، باسی هێزە دژی ئیمپریالیستییەكان و بزووتنەوە نەتەوایەتییەكان دەكا، باسی بووژانەوە و پەرەگرتنی پێوەندییەكانی حیزبی دێموكرات لەگەڵ ڕێكخراوە جۆراوجۆرەكان دەكا. بۆ توێژینەوە لە بارەی ئەو شتانە لەو دەورەیەدا، یا ئەگەر بمانەوێ بزانین ئەو حیزبە چۆن ڕوانیویەتە ئەو ڕاپەڕین و خۆپیشاندانانە كە ئەوكات لە ئێران دروست بوون و، هەڵوێستی لە بەرامبەریان چۆن بووە،" كوردستان "دەتوانێ سەرەچاوەیەكی گرینگ بێ.

دوایە ئەگەر بێینە قۆناغی دوای سەركەوتنی شۆڕش، لە یەك دوو ساڵی یەكەمدا، تێبینییەكی كە دەبێ بیڵێم ئەوەیە بەداخەوە لەو دەورەیەدا ڕۆژنامەی" كوردستان "بە ڕێكوپێكی دەرنەچووە، هێندێك جار بە چەند مانگ دەرنەچووە، جاری وا هەبووە بۆ وێنە لە هاوینی ساڵی ١٣٥٨ كە شارەكان بە دەستی خۆمان بوون، بە لاپەڕەی گەورە و بە ڕێكوپێكی و بە ماوەی زوو زوو دەرچووە. بۆ چی وا بووە؟ هۆیەكەی ئەوە بووە كە كادری ڕێبەریی حیزب، تووشی كار و تێكۆشانێكی یەكجار زۆر بووە، پێویستی بە سازماندانی خەڵك هەبووە، یانی كەمتر پرژاونەتە سەر ڕۆژنامە. ئەوە یەكێك لە كەموكوڕییەكانە. لەوانەیە زۆر هەڵوێست و بەیاننامەی گرینگی حیزبی هەبن كە ئەوكات چونكە "كوردستان" بە ڕێكوپێكی دەرنەچووە، لەوێدا نەهاتبێ. بەو حاڵەش دیسان ڕۆژنامەی "كوردستان"ی ئەو وەختە دەتوانێ بەڵگەنامەیەكی زۆر ورد و بە سوود بێ بۆ ئەو كەسانەی كە دەیانەوێ لەو بڕگەیە لە مێژووی حیزبی دێموكرات بكۆڵنەوە.

### ڕەنگدانەوەی جۆری سیاسەتكردنی حیزبی دیموكرات لە"كوردستان"دا:

(لەو قۆناغەدا) حیزبی دێموكرات لەنێوان دوو بەرداشدا بووە، بەرداشی شەڕی ئێران و عێراق و، بەرداشی شەڕی كۆماری ئیسلامی لە گەڵ ئەو حیزبە و خەڵكی كوردستان. ئێمە تەنانەت ئێستاش زۆر جار دەبینین نەیارانی حیزبی دێموكرات -لە پێوەندی لە گەڵ ئەو شەڕە داسەپاوەدا- ئەو حیزبە بە شتی جۆراوجۆر تاوانبار دەكەن. بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ژمارەكانی ئەو سەردەمەی ڕۆژنامەی "كوردستان"، دەبینین ئەو حیزبە ئەو كات چەندە بوێر بووە، چەندە ڕاشكاو بووە. لە لایەك لە بەرامبەر ڕێژیمێكدا كە ئامادە نەبووە دان بە مافەكانی كورد دابنێ و هەر داوای تەسلیمبوونی لە حیزبی دێموكرات و خەڵكی كوردستان كردوە، ڕاوستاوە، لە لایەكی دیكە، نەیویستوە تووشی نیشتمانپەروەریی بەدرۆ بێ. زۆر حیزب و ڕێكخراوەكانی ئێران ئەو وەختی بۆ ئەوەی سبەینێ، بەوە تاوانبار نەكرێن كە دیفاعیان لە خاكی نیشتمان نەكردوە، لەژێر ئاڵای كۆماری ئیسلامی و لەژێر سازماندەهیی ئەو ڕێژیمەدا دەچن بۆ دیفاع لە سنوورەكان. بەڵام كۆماری ئیسلامی نەك ئەوەی لە چاودا نەبوو بەڵكوو دەیگرتن و لێی ئێعدام دەكردن.

## بەشی سێهەم

بە پێچەوانەی ئەوان، حیزبی دێموکرات بە کۆماری ئیسلامی دەڵێ" :تا دان بە مافەکانماندا نەنێی، ئامادەی شتی وا نیم، بەڵام ئەگەر مافەکانی گەلی کورد بەڕەسمی بناسی، ئامادەم شانبەشانی هیزە چەکدارەکانی ئێران بەرامبەر هێرشی دەرەکی ڕاوەستم ".هەرئەو وەختی، حیزبی دیموکرات لە کاتێکدا پێویستیی بە دۆست هەیە، پێویستیی بە پشتی جەبهە هەیە، بەڵام بچن بەیاننامەی حیزبی دێموکرات لە پێوەندی لەگەڵ بۆمبارانی زیندانی دۆڵەتوو، -فرۆکەکانی عێراق زیندانی دۆڵەتوویان بۆمباران کرد- بخوێننەوە. چاو لە لەحنی بیاننامەی حیزبی دێموکرات کەن. یا کاتێک کە خەڵکی شاری بانە لە لایەن ڕێژیمی عێراقەوە بۆمباران دەکرێن، چاو لە بیاننامەی حیزبی دێموکرات کەن و ببینن بە چ بوێرییەک، بە چ ڕاشکاوییەک، ئەو تاوانانە مەحکووم دەکا، ڕەخنەیان لێ دەگرێ و، ئەوەی پێویستە ئازایانە بە ڕێژیمی عێراقی ڕادەگەیەنێ.

مەبەستم لەو نموونانە ئەوەیە کە خوێنەر لە ڕێگای لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی" کوردستان"ەوە دەتوانێ لە گەورەیی سیاسەتکردنی حیزبی دێموکرات لەو سەردەمەدا تێ بگا.

### "کوردستان" هەگبەیەکی پڕ لە بەڵگە و زانیاریی پێوەندیدار بە شەڕی کوردستان:

بتهەوێ ڕەهەندەکانی ئەو شەڕە نابەرامبەری کۆماری ئیسلامی بەسەر خەڵکی کوردستانیدا سەپاندووە، دەرک بکەی، ڕۆژنامەی" کوردستان "سەرچاوەی چاکە. دانیشتووانی بە دەیان دێ لە کوردستان قەڵاچۆ کراون. بەکرێگیراوانی سەر بە کۆماری ئیسلامی خەڵکی ئەو گوندانەیان پەنجا، پەنجا و، چل، چل کوشتوون. لە ڕۆژنامەی" کوردستان "دایە کە تاریخی ڕووداوەکان، ناوی قوربانییەکانی ئەو تاوانانە دەبینییەوە. بۆمباران و تۆپبارانێک کە کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان کردوویەتی، ڕێژیمە داگیرکەرەکان بەرامبەر بە خەڵکی بێگانەش هەر ئەوەی دەکەن. چۆن دەتوانی زانیاری لە بارەی ڕەهەندەکانی ئەو تاوانانە بدۆزیەوە، بە هۆی ڕۆژنامەی"کوردستان"ەوە. چونکە "کوردستان" ڕێکەوتی ڕووداوەکان، شوێنی ڕووداوەکان، ژمارە و ناوی قوربانییەکانی تێدایە.

پێم حەیفە ئاماژە بە شتێک نەکەم ئەویش حیزبی دێموکرات و تەعامول لەگەڵ دیلەکانی شەڕە. هەر لە لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا چەند جار ڕاگەیاندراو هەیە کە دەفتەری سیاسی بە بۆنەی جۆراوجۆر ئەو ئەرتەشیانەی بە دیلی گرتوون و زیندانیی کردوون ئازاد دەکا. لەو ڕاگەیەندراوانەدا شتی زۆر جوان هەیە، بۆ وێنە لە یەکێکیاندا کە لە ژمارە ٧٣ی "کوردستان" (ڕێبەندانی ١٣٥٩)دا هاتووە: ئەرتەش کاری ئەوەیە بەرگریی لە سنوورەکان بکا. ئێمە بۆیە ئەو ئەرتەشیانە ئازاد دەکەین پێیان بڵێین کاری ئێوە شەڕ لەگەڵ کوردستان نییە، ئێستا کە هێزێکی بێگانە هێرشی هێناوەتە



سەرچاوە
Serchawe

سەر خاکی وڵات، فەرموون بچن شەڕی لەگەڵ بکەن.

**لە ڕاگەیەندراوێکی دیکەی دەفتەری سیاسیدا کە تایبەتە بە ئازادکردنی ٤٩ دیل و زیندانی بە بۆنەی جێژنی ڕەمەزانی ساڵی ٦٠، هاتووە:**

"ئێمە پێمان خۆش بوو لە کوردستانی خۆشەویستمان لە جیاتی دروستکردنی زیندان و ڕاگرتنی ئەسیرانی شەڕ، مەدرەسەمان ساز کردبا و کلاسەکانی دەرسمان لە منداڵان و لاوان پڕ کردبا. ئاواتمان ئەوە بوو لەباتی ئەوەی کە لەگەڵ هاونیشمانەکان، لە زینداندا ئاشنا باین لە زانستگە لەگەڵیان دانیشتباین و گەڵاڵەی ئاوەدان کردنەوەی ئەو وڵاتەمان داڕشتبا. بەڵام بەداخەوە کۆنەپەرستی ئەو ئیمکانەی لە هەمووان ستاندوە و ئەوەی بۆ ئێمەی بە دیاری هێناوە، کوشتار، وێرانی، دەربەدەری، هەژاری، زیندان و ئێعدامە". (ژمارە ٧٨ی "کوردستان، ئووتی ١٩٨١، گەلاوێژی ١٣٦٠)

## ئەزموونی بەڕێوەبردنی کوردستان سەرەڕای شەڕی نیزامی و گەمارۆی ئابووری:

خەڵکی کوردستان هاوکات لەگەڵ ئەو شەڕە نابەرامبەرەی ڕێژیمی تازە بە سەریدا دەسەپێنێ، بەرەورووی گەمارۆی ئابوورییش دەبێتەوە. حیزبی دێموکرات بەرپرسایەتیی بەڕێوەبردنی ئەو ناوچانەی لە ئەستۆیە کە بە دەست ئەو حیزبە و هێزەکانی پێشمەرگەوەن. ئەرکی دروستکردن و نوێکردنەوەی ڕێگاوبان و پردی دەکەوێتە سەرشان. بەرپرسایەتیی پاراستنی ژینگەی کوردستانی دەکەوێتە مل. دەبێ نەخۆشخانە و بنکە دەرمانی و دوکتور و دەرمان بۆ ئەو ناوچانە دابین بکا. ئەو مامۆستا و قوتابی و قوتابخانانەی ڕێژیم خۆی لێ بێخاوەن کردوون، پێویستە بگرێتە ژێر باڵی خۆی. خوێندن بە زمانی کوردی وەڕێ بخا، کتێبی دەرسی بە زمانی کوردی چاپ بکا، مامۆستا بۆ بەڕێوەبردنی خوێندن بە زمانی کوردی پەروەردە بکا.

هاوکات لە گەڵ دابینکردنی ئەمنییەت بۆ دانیشتووانی ئەو ناوچانە و بەرگری لەوان لە بەرامبەر هێرشی ڕێژیمدا، دەبێ واش بکا کە خەڵک هەست بە ئازادی و دیموکراسی بکەن. لە سەرخۆی دەکا بە ئەرک هاوکار و ڕێنوێنی خەڵک بێ کە کاروباری خۆیان بە هۆی شورای هەڵبژێردراوی خۆیان بەڕێوە بەرن. چاو بە خاوەنەتیی زەوی و زارلە کوردستاندا دەخشێنێتەوە و ژمارەیەکی بەرچاو لە دێنشینەکان دەکرێن بە خاوەن زەوی، تا کار لە سەر زەویی خۆیان بکەن و خۆیانی پێ بژیەنن. بۆ هەمووی ئەو بوار و ئەرکانە کۆمیسیۆن و ناوەند و دامەزراوەی تایبەت پێک دێنێ و بە هاوبەشیی خەڵکی شارەزا و بە ئەزموون، قانوون و ڕێوشوێنیان بۆ دیاری دەکا. قانوونی سزادانی گەشتی ئامادە و پەسند دەکا بۆ ئەوەی بێ

قانوونی و هەر کەس هەر کەسی لە کوردستان ڕوو نەدا و ژیان و پێوەندی و کێشەکانی خەڵک بە هۆی قانوونەوە بەڕێوە بچێ.

بۆیە ئاماژەم بەو ڕووداوانە کرد تا وەبیر بێنمەوە لەڕۆژنامەی "کوردستان"دا دەتوانین دەیان زانیاریی بەنرخ لە باری ئەو کارانەی لەو بوارانەدا لە کوردستان کراون، بە دەست بێنین. کەسێک لەو ڕۆژگارەدا نەژیابێ ڕەنگە باوەڕ نەکا کە ئێمە وەک حیزبی دیموکرات جاری وا هەبووە لە ماوەی کەمتر لە شەش مانگدا ٢٥٠٠ ئەسیرمان ئازاد کردوون. یا لە ماوەی کەمتر لە شەش مانگدا دووسەد، سێ سەد پێشمەرگەمان لێ شەهید بووە، لەبەرامبەریشدا چەند هەزار کەس لە هێزەکانی ڕێژیم کوژراون. بتەوێ لەوبڕگەیە لە مێژووی حیزبی دیموکرات و خەڵکی کوردستان تێ بگەی، ڕۆژنامەی "کوردستان" پڕە لە زانیاری و بەڵگەی بەنرخ. لە خۆڕا نییە من وەکوو ئاوێنەی مێژوویەک ناوی دەبەم.

هەر وا کە بۆ شتە چاکەکانی مێژووی حیزبمان و جووڵانەوەی حەقخوازانەی خەڵکی کوردستان، ڕۆژنامەی "کوردستان"، سەرچاوە و ئاوێنەیە، بۆ شتە ناخۆش و نەخوازراوەکانی مێژووی ئەو حیزبەش دەتوانێ بەڵگە و سەرچاوە بێ. ئێمە بە داخەوە شتی ناخۆشیشمان لە مێژووی خۆماندا هەیە، بۆ وێنە ئەو دابەشبوون و لەتبوونانەی لە مێژووی حیزبدا ڕوویان داوە، ئەو شەڕانەی کە بەسەر حیزبی دیموکراتدا سەپاون و نەخوازراو بوون، یا ئەو تێکهەڵچوون و شەڕە نێوخۆییانەی ئەو حیزبە تووشیان بووە، و هتد.

### "کوردستان"یش ناچار بووە بۆ گۆڕان مل بدا:

وەک دوا خاڵ دەمەوێ بڵێم ڕۆژنامەی "کوردستان"یش لە تەمەنی خۆیدا و، بە گوێرەی سەردەمەکان - بەڕێوەبەرییەکەی، دەستەی نووسەرانی و ڕێوشوێنەکانی- گۆڕانی بەسەردا هاتوە، یانی وەک چۆن هێندێک خشۆک هەن جاروبار کاژ دەهاوێن واتە توێژی کۆن فڕێ دەدەن و هی نوێ دەردەکەن و بەرگێکی نوێ دەپۆشن، ئێمەش وابووین. بۆ وێنە خراپ نییە بزانن ڕۆژنامەی "کوردستان" تا ساڵی ١٣٧٥، هیچ نووسینێکی بە ناوی نووسەرەکەیەوە بڵاو نەدەکردەوە. ئەوە کولتوورێک بوو کە لە حیزبە مارکسیست و لێنینیستەکانەوە داکەوتبوو کە دەبێ کۆمەڵگە، لە پاوانی حیزبدا بێ و قوربانیی حیزب بێ؛ حیزب لە پاوانی ڕێبەریدا بێ، ڕێبەری دەبێ قوربانیی نەفەری یەکەم بێ؛ یانی لە حیزبدا هەر یەک کەس بەرجەستە دەبێتەوە ئەوی دیکە هەموو ونن! تەنانەت لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا ڕاپۆرتمان هەیە، دەڵێ: "بە بۆنەی دووی ڕێبەندان ڕێوڕەسمێک بەڕێوە چووە، ئەندامی دەفتەری سیاسی لەو مەراسمەدا قسەی کردوە، قسەکانی هەیە کەچی ناوی نییە! بەڵام ئەو کولتوورەشمان لە دەورانێکدا گۆڕی. یانی سەردەمەکە وای دەخواست. گوتمان ڕاستە سیاسەتەکە سیاستی حیزبە،

بەشی سێهەم

ڕۆژنامەکە ڕۆژنامەی حیزبە، بەڵام بۆچی دەبێ نووسەر نەتوانێ ناوی خۆی لەگەڵ نووسینەکەی بڵاو بکاتەوە!؟

یەکێکی دیکە لەو گۆڕانانەی بە سەر "کوردستان" هاتوون، مەجالدان بە بیروڕای ئازاد لە ڕۆژنامەدا بووە. ڕاستە ڕۆژنامەکە ڕۆژنامەی حیزبە و دەبێ بڵاوکراوەی حیزب بێ، بەڵام خوێنەر دەیەوێ لەگەڵ بیروڕای جیاواز ئاشنا بێ. پێشتر لە ڕۆژنامەی "کوردستان" بە دەگمەن مەجال بە بڵاوبوونەوەی بیروڕای جیاواز لە بیروڕای حیزب دەدرا. لە دوای لەتبوونی حیزب، مەجالێک لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا پێک هات، لاپەڕی تایبەتی تەرخان کرا بۆ بیروڕای ئازاد، بۆ ئەوەی کەسێک کە لەنێوخۆی حیزب، یا لە دەروی حیزبدا بیروڕای جیاوازی هەیە، مەجالی پێ بدەین بیروڕای خۆی لە "کوردستان"دا بڵاو کاتەوە.

## بۆ ئەوەی حیزبەکەی خۆتان و مێژووەکەی باش بناسن:

من دیسان تەئکید دەکەمەوە، پێشمەرگەکان، کادرەکانی حیزب، ئەندامانی ڕێبەری و ئەندامانی حیزب بە گشتی، ئەگەر بیانەوێ حیزبەکەی خۆیان باش بناسن، دەبێ بگەڕێنەوە سەر چاپەمەنیی حیزب لە قۆناغی جۆراوجۆردا، بەتایبەتی بگەڕێنەوە سەر ڕۆژنامەی" کوردستان ."سروشتیە ئەوانەی لە قۆناغەکانی ڕابردوودا نەژیاون، زۆر شت هەیە کە لێی ئاگادار نەبن. بەڵام ئەگەر بیانەوێ ئەو حیزبەی بە شانازییەکانیەوە، بە کەموکوورییەکانییەوە، بە دەیان تایبەتمەندی و خاڵی بەرجەستەیەوە باش بناسن، دەبێ بگەڕێنەوە سەر ئارشیڤی چاپەمەنیمان بە تایبەتی ئەرشیڤی ڕۆژنامەی "کوردستان". دیارە دەبێ وا بکەین کە ئەو ئەرشیڤە، دەستی خەڵکی پێ ڕابگا. ئەگەر ئەرشیڤەکەمان سکان بکرێ و بکرێتە فایلی پی دی ئێف، ئەو کات دەتوانین لە ماڵپەڕەکانی حیزبدا دایان بنێین بۆ ئەوەی خەڵک بە تایبەتی هۆگرانی توێژینەوە کەلکیان لێ وەربگرن. خۆشحاڵم کە هاوڕێیانی چاپەمەنی نیازێکی وایان هەیە.

هیوادارم هاوڕێیانێک کە توانای موستەنەد سازکردنیان هەیە، توانای ڕۆمان نووسینیان هەیە، توانای ئەنجامدانی توێژینەوە و نووسینی تایبەتیان هەیە، کەلک لەو گەنجینەیە وەربگرن. ئەو گەنجینەیە ئەگەر کەلکی لێ وەرنەگرین، تۆزی لەسەر دەنیشێ و لە کەلک دەبێ، ئەمەش زوڵمێکی گەورە دەبێ کە لە ڕابردووی خۆمانی دەکەین. بەڵام ئەگەر گەڕاینەوە سەری، دەتوانین زۆر لایەنی پڕشەنگدار لە ڕابردووی حیزبەکەمان و میللەتەکەمان لەوێ دا بدۆزینەوە و وەبیر نەوەکانی ئێستای بێنینەوە، بۆ لێ فێربوون و ئەزموون لیوەرگرتن.

جارێکی دیکە پیرۆزبایی لەو هاوڕێیانە دەکەم کە بە ڕۆژنامەی "کوردستان"ەوە ماندوو بوون و ماندوو دەبن. هەر وەها

بەشی سێهەم

پیرۆزبایی لە هاوڕێیانی بەشی ڕاگەیاندنی حیزب دەکەم. بەو هۆیەوە کە ئێمە لە بەرەبەری ۲۷ی جۆزەردان، ٤١ ساڵەی دامەزرانی رادیۆی دەنگی کوردستان داین، پێم خۆشە هەر لە ئێستاوە پیرۆزبایی ئەو ڕۆژەش و ئەم بۆنەیەش لە هاوڕێیانی ڕادیۆ دەنگی کوردستان بکەم. بەردەوامیی ڕادیۆ دەنگی کوردستانیش وەک ڕۆژنامەی "کوردستان" بە ئاوات دەخوازم. بەو هیوایەی ڕۆژێک دابێ لە کوردستانی ئازاد ئەم بۆنانە یاد بکەینەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ۲۲ی جوونی ۲۰۲۱



سەرچاوە
Serchawe

## بابەتەکانی ساڵی ................................ ٢٠٢٢

# ئەو شۆڕشگێڕەی بوو بە گوڵێکی سوور بۆ بەرۆکی نیشتمان

ساڵێک لەمەوبەر دەستی تیرۆریزمی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە نێوەندی شاری هەولێر، لە قوڵی زۆڵەکوردێکی خەیانەتکار هاتەدەر و گیانی کادرێکی لێوەشاوەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئەستاند.

مووسا باباخانی، ڕۆڵەیەکی هەڵکەوتوو لە پارێزگای کرماشان و لە نێو هاوزمانانی یارسانیمان بوو. هاوڕێ مووسا تێکۆشانی سیاسی و حیزبیی ئاشکرای خۆی لە پێشمەرگایەتیی هێزی پارێزگاریی حیزب لە ساڵی ١٣٧٨ دەست پێ کرد. دوای چەند ساڵ پێشمەرگایەتی لە هێزی پارێزگاری، هاتە کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزب و لە بەشی فەننیی ڕۆژنامەی "کوردستان" دەست بەکار بوو و بووین بە هاوکار.

هەر لە سەرەتای تێکۆشانی حیزبایەتییەوە، تینوێتی و هۆگرییەکی زۆری بۆ فێربوون و خۆپێگەیاندن هەبوو. سەرماوەزی ١٣٨٥(دێسەمبری ٢٠٠٦)لە کاتی لەتبوونی حیزبی دیموکراتدا، کاک مووسا لە بەشی چاپەمەنیی حدکا و دواتر لە تەلەڤیزیۆنی " تیشک" درێژەی بە تیکۆشان دا. ئەو، ئامادەکاری بەرنامەیەکی تەلەڤیزیۆنیی تایبەت بە کرماشان بوو و لە ڕێگای "تیشک تیڤی"یەوە، هەستم دەکرد کە لە ڕووی ئاگایی سیاسییەوە باش خۆی پێگەیاندووە. لەگەڵ تێکۆشەران و ڕۆشنبیران هەڤپەیڤینی پێک دێنا و بەرنامەی پڕ نێوەرۆکی ئامادە دەکرد. کاک مووسا ئەو کاتانەش کە لە بەشی ڕاگەیاندن کاری دەکرد، لە کاری تەشکیلاتی و پێوەندی لەگەڵ دۆستان و دڵسۆزانی حیزبی دیموکرات لە پارێزگەی کرماشان، غافڵ نەبوو. ئەم خۆپێگەیاندنە و پێوەندیی بەرینی لە گەڵ تێکۆشەران و چالاکانی شارو ناوچە جۆراوجۆرەکانی کرماشان، بوو بە هۆی ئەوە لە کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرێ.

لەنێوان کۆنگرەکانی ١٥ و ١٦ی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا، کاک مووسا ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی بۆ تێکۆشان هەڵبژارد. بەو هۆیەوە کە لە هەر دوو بواری ڕاگەیاندن و ڕێکخستندا، بەمایە و بەتوانا و خاوەن ئەزموون بوو،

لە هەر دووی ئەم بـوارانەدا، درێـژەی بە تێکۆشـان دایەوە. ئەگەر کـار و بەرپرسـایەتییەکەی بەڕەسـمی لە کۆمیسـیۆنی تەشکیلات بایە، ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزب، دەستیان لێ هەڵنەدەگرت و بەردەوام داوای هاوکارییان لێ دەکرد. ئەویش بە سینگفرەوانییەوە بە دەنگیانەوە دەچوو. پێچەوانەکەشی هەر ڕاست بوو. ئەو کاتـانەی ئەرک و بەرپرسایەتییە سەرەکییەکەی لە ناوەنـدی ڕاگەیانـدنی حیـزب بـوو، نەماندەهێشت پێی لە کۆمیسیۆنی تەشکیلات ببڕێ. خۆشی حەزی نەدەکرد لە کـاری تەشکیلاتی و پێوەندی بە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی شار و ناوچەکانی کوردستان دابڕێ.

لە ڕاستیدا هـاوڕێ مووسـا باباخـانی، هەم ڕاگەیانـدن و هەم کـاری تەشـکیلاتیی بـۆ ڕاکێشـان و جووڵانـدنی خەڵـک، بـۆ کاریگەریدانان لە سەر باوەڕ و بیرکردنەوەیان دەویست. ئەو ڕاگەیاندن و کاری ڕێکخستنی بۆ ئەوە دەویست تـا بە هۆیـانەوە لەگەڵ تاکەکان لە پارێزگەکانی کرماشان، ئیلام و تەنـانەت ناوچەکـانی خوارووتر، پیوەنـدی بگرێ و لە ئاست ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان وریایان بکاتەوە و بۆ پاراستن و بەرگریکردن لەو ناسنامەیە و بۆ بە بەشداری لە بـزووتنەوەی نەتەوەیـی و ئازادیخوازیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هانیان بدا. بەڵام لە گرنگیـدان بە خەبـاتی پێشـمەرگایەتی و کـاریگەریی جموجـۆڵی هێـزی پێشـمەرگە لە سـەر ورە و بـاوەڕی خەڵکیش، غافـڵ نەبـوو. بـۆیە پێشـمەرگەبوون و وەک پێشـمەرگە خۆدەرخسـتن و هەڵسوکەوتکردن و هاندانی حیزبەکەی بۆ گرنگیدان بە جموجۆڵی پێشمەرگانە لەسەر سنوورەکان و لە نێوخۆی وڵاتـی بە ئەرکی خۆی دەزانی. لە ڕیزی پێشـەوەی ئەو کـادر و پێشمەرگانەدا بـوو کە خوازیـاری بەشداری لە تیمەکـانی پێشمەرگە بۆ چـوونەوە بـۆ نێـو خەڵکـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتاندا بـوون. لەم بارەیەشـەوە، هەمـوو نـاوچەیەکی ڕۆژهەڵات بـۆ ئەو، هەر کوردستان بوو و خۆی تەنیا بۆ ناوچە و پارێزگەیەک نەدەویست.

کاک مووسا بە خۆپێگەیانـدن و بە هەوڵ و تێکۆشـانی دڵسـۆزانە و شـوێندانەربوونی لە بـوارە جیاوازەکـانی تێکۆشـاندا، وای کردبـوو لە حیزبـی دیمـوکراتی کوردستانیشـدا، سـەردەمێک وەک ئەنـدامی ڕاوێژکـار و دوای کـۆنگرەی ١٧یش وەک ئەنـدامی ئەسلیی کۆمیتەی ناوەندی، شوێن و جێگەی خۆی هەبێ. بە جۆرێکیش بۆ خەڵکی کرماشان ببووە سیما و تێکۆشەرێکی دیـار و سەرنجڕاکێشی نێو حیزبی دیموکرات، کە داموودەزگا ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامی لەو ناوچەیە بە تایبەتی کە ئاگـاداری پێوەندیی بەرینی ئەو لە گەڵ لاوان و کەسە چالاکەکانی نێوخۆ بوون، لێـی بە ڕقـداچووبوون؛ بە شێوەی جۆراوجـۆر کەوتنە داودانـانەوە و پیلانگێـڕی بـۆ زەبرلێـدانی. کـاک مووسـا لەو هەوڵانە ئاگـادار بـوو، هەر بـۆیە بە وشیاری و پـارێزی خـۆی، توانیبووی بەشێکیان بێئاکام بکاتەوە. بەڵام دەزگای تیـرۆر و ئینسـانکوژیی کۆمـاری ئیسلامی لە درێـژەی پیلانگێڕییەکانیـان بۆ لەنێوبردنی، نەوەستان و سەرئەنجام بە سوودوەرگرتن لە متمـانەی کـاک مووسـا بە بەکرێگیراوێکـی خۆیـان کە سالانێک بوو پێوەندیی بە ڕواڵەت دۆستانەی لەگەڵ هاوڕێ مووسا دامەزراندبوو، لە داویان خست و هەر بە هۆی ئەو خەیانەتکارە،

لە نیوەشەو و لەکاتێکدا خەوی لێکەوتبوو، تیرۆریان کرد.

مووسا باباخانیی تێکۆشەر، کەسێکی ڕوحسووک، هەڵسوکەوت جوان و خاوەن خوو و خدەی شۆڕشگێڕانە بوو. پێوەندیی هاوڕێیانە و دۆستانەی لەگەڵ هاوکاران و هاوسەنگەرانی گەرم و بەهێز بوو. ئەوەندە بە دڵگەرمی و بیر و باوەڕەوە شانی دابووە بەر ئەرک و بەرپرسایەتییەکانی، جێگایەکی دیاری لە تێکۆشانی حیزبەکەیدا هەبوو. ئەگەرچی ڕێژیمی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە پیلانێکی ناجوانمێرانەدا، ئەو هاوڕێ خۆشەویستەی بە جەستە لێ ئەستاندین، بەڵام بەدڵنیایەوە یادی خۆشەویستی لە نێو هاوسەنگەران و درێژەدەرانی ڕێگاکەیدا، هەر بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

گیانی هاوڕێ مووسا باباخانی شاد و یادی بەڕێز. بە دڵنیاییەوە لاوانی کوردستان بە تایبەتی لاوانی کرماشان، شانازی بە بوونی ناوی ئەو تێکۆشەرە بەوەجەی مەڵبەندەکەی خۆیان لە ڕیزی کاروانی شەهیدانی سەربەرزی نەتەوەکەیان و حیزبی دیموکراتی کوردستاندا دەکەن و لە بەرزڕاگرتنی ناو و یادی و هەروەها لە بەردەوامڕاگرتنی ڕێگای خەبات و تێکۆشانی تا وەدیهاتنی ئاواتە بەرزەکانی ئەو شەهیدە و شەهیدانی تر، درێغی ناکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی ئاگۆستی ٢٠٢٢



سەرچاوە Serchawe

## چەکی گەرمی شۆڕشگێڕانی سەرشەقام

هاتنە سەرشەقامی خەڵکی وەزاڵەهاتوو لە ستەم و دڕندەیی ڕێژیمی ئێران، لە مانگێک تێپەڕیوە. زیاتر لە مانگێکە سەرانسەری ئێران بووە بە گۆڕەپانی هاتنە سەرشەقامی خەڵکی تووڕە و بێزار لە ڕێژیمی جەهل و تاوان. بێزاری دەربڕین و داواکردنی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی و مەرگی ڕێبەرە دیکتاتۆرەکەی، لە فۆرم و شێوەی جۆراوجۆردا خۆی نواندووە. هاتنی کچان و کوڕانی لاو بۆ سەرشەقام و چوارڕێیانەکان بە دانی دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" و "مردن بۆ دیکتاتۆر، مردن بۆ خامەنەیی"، کۆبوونەوەی ناڕەزایەتیدەربڕین و مانگرتنی ڕوو لە زیادبوونی خوێندکارانی دەیان زانستگە و قوتابییانی سەدان خوێندنگەی وڵات، چەند جار داخستنی گشتیی بازاڕ لە لایەن بازاڕییەکانەوە بە تایبەتی لە پارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پەلهاویشتنی مانگرتن بۆ نێو کرێکارانی عەسەلوییە و پێترۆشیمی و نەوت، وەدەنگهاتنی مامۆستایانی بە هەڵوێست بە داکۆکی لەو قوتابییانەیان کە بەرەوڕووی هێرش و هەڕەشەی دەزگا سەرکوتکەرەکان بوونەوە، دابڕان و پشتکردنی سیما دیارەکانی دنیای وەرزش، سینەما، ڕاگەیاندن و هونەر لە دامودەزگا و دامەزراوەکانی ڕێژیم بە پشتیوانی لە ڕاپەڕینی خەڵک، ئەمانە دیمەنە باو و ڕوو لە زیادبوونی ئەو هەلومەرجە شۆڕشگێڕانەیەن کە سەرانسەری ئێرانی داگرتووە.

ئەوەی ئەمڕۆ لە ئێراندا بەدی دەکرێ زۆر گەورەترە لەوەی پێی بگوترێ ناڕەزایەتیدەربڕین. ئەمە ڕاپەڕینێکی سەرانسەرییە کە لە دواقۆناغیدا دەبێت بە شۆڕشێکی گشتی. لەم ڕاپەڕینە سەرانسەرییەدا، کچان و ژنان دیارترین ڕۆڵیان هەیە. هەر لە جێدا هەوێنی هەڵگیرسانەکەی، تاوانی سەدان جار دووپاتبۆوە بەرامبەر بە ژنان- ئەمجارە تاوان بەرامبەر بە ژینا ئەمینی -بوو. ژنان و کچان لە پێشدا لە کوردستان و دواتر لە شارەکانی دیکە هاتنە ڕیزی پێشەوەی خۆپێشاندانەکان و وەک نیشانەیەکی ئاشکرا لە ڕەتکردنەوەی کۆیلەتیی داسەپاو لەلایەن کۆماری ئیسلامی، لەچکەکانیان سووتاند و بەو هۆیەوە دریان بە شەوەزەنگی دژ بە خۆیاندا و، وەک دەبینین قوربانیدانی یەک بە دوای یەکیان بۆ سەرکەوتنی ئەو شۆڕشە لە خۆیان گرتووە.

لە ڕاپەڕینی ئەمجارەدا، نەتەوەکانی ئێران بە تایبەتی نەتەوە بندەستەکان چالاکانە و لە ڕیزی پێشەوەدان. ئەوان بە جۆرێک نەترسانە بەرەوڕووی هێزی سەرکوتکەر و ئاگری چەکەکانیان بوونەوە کە خۆڕاگری و کۆڵنەدان و قوربانیدان و

بەشی سێهەم

ناوی شارەکانیان بووە ئیلهامی هاتنەمەیدانی خەڵک لە بەشەکانی دیکەی ئێران و ئەوانی بۆ هاتنە سەر شەقام بانگەواز کردوە و وەڵامی خۆشی وەرگرتووەتەوە. دیارە لەم ڕاپەڕینەدا چەندین شاری کوردستان بە خوێنی لاوەکانیان نەخشین بوون، بەڵام حەماسەی چەندین شەو و ڕۆژەی شارەکانی شنۆ، سەقز، کرماشان و لە سەرووی هەموویان شاری سنەی قارەمان چووە نێو مێژووی شۆڕشی نوێ. زاهیدان، ئەهواز، ئەردەبیل وەک نوێنگەی هاتنە مەیدانی نەتەوە بندەستەکانی بەلووچ، عەرەب و تورک هاواری خوێناویی خۆیان دژ بە بێدادی و دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی تێکەڵ بە خرۆشی حەماسیی کوردستان کردووە. تاران کە ناوەندی دەسەڵاتی ڕەشی ئەو ڕێژیمەیە، هەروەها مەشهەد و قوم وەک دوو شار و ناوەندی ئایینی کە بە ڕواڵەت بە پێگەی نەریتیی ئاخوندە دەسەڵاتدارەکان دەژمێردرێن و سەدان شاری گەورە و بچووکی دیکەی ئێران، بوون بە گۆڕەپانی دەنگهەڵبڕینی کچان و کوڕانی لاو لە دژی ٤٣ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی پڕ لە نەکبەتیی کۆماری ئیسلامی. هەر ڕۆژێک و هەر شەوێک دەیان دیمەنی پڕ واتا و بەشکۆ لە بەزاندنی تەلیسمی ترس و لە هاوپێوەندی و یەکدڵیی هاونیشتمانانی ئێرانی کە لێبڕاون کۆتایی بە تەمەنی دیکتاتۆریی ئاخوندی بێنن، تێکەڵ بە خوڵقان و لەدایکبوونی سروود و گۆرانی و دروشم و بەرهەمی شۆڕشگێرانەی نوێ دەبن.

جۆغرافیای ئێران لە ڕۆژاوا تا ڕۆژهەڵاتەکەی، لە باکوورەوە تا باشوورەکەی، لە پەراوێزەوە تا ناوەندەکەی، زیاتر لە مانگێکە گۆڕەپانی تەقینەوەی تووڕەیی لاوەکانی بە ڕووی هێزە دڕندە سەرکوتکەرەکانی پارێزەری دیکتاتۆریی دەسەڵاتدارادایە. شەقام و زانستگە و قوتابخانە و بازاڕ و کۆڵان، ڕۆژانە و شەوانە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" و داوای ڕووخانی ڕێژیمی ژنکوژ و منداڵکوژ و، کۆتاییهاتن بە دەسەڵاتی هۆردوویەک ئاخوندی مشەخۆری کۆنەپەرست و، فەرماندەران و کاربەدەستانی خوێنڕێژ و تێرۆریست و دز و تالانچیی سامانی خەڵک و وڵاتیان لێ بەرز دەبێتەوە. هیچ توندوتیژی و پیلان و چاوبەست و بێڕەحمییەک نەماوە ماشێنی سەرکوتی ڕێژیم بۆ بە چۆکداهێنانی خەڵکی ناڕازی، دەستی بۆ نەبردبێ. دەسەڵاتداران بە هۆی بەکرێگیراوانی دەستنیشانکراوی خۆیان قورئان دەسووتێنن و چارشێو لە سەر ژنی چارشێوبەسەر لادەدەن، ئەو بنکە و کەلوپەلانەی بە سامانی گشتی دەژمێردرێن،گڕ تێبەردەدەن و دەیانشکێنن بەو مەبەستەی دیکتاتۆر بۆخۆی وەقسە بێت و هاواری لێ بەرز بێتەوە و بە خەڵک و دنیا بڵێ ئەوانە (خۆپێشاندەران )دژی پیرۆزییەکانن و ئاژاوەگێڕن، هەر بۆیە ئاوا دڕندانە سەرکوتیان دەکەین.

مۆتەکەی ڕووخان وەهای ترساندوون کە سەرەڕای لە گیانی خەڵک بەردانی ڕەوە ڕەوە پۆلیس و هێزی چەکدار و بەسیجی و "لباس شخصی" و تەقەکردنیان بە چەکی گەرم و بەکارهێنانی مودێڕنترین کەرەستەکانی لێدان و سەرکوتکردن، وەفاداران بە ڕێژیمەکەشیان بۆ بەرەوڕووبوونەوەی ڕاپەڕینی خەڵک، دەنگ داوە. ئەنترنێتیان بەتایبەتی لەو شار و ناوچانەی خەڵکی

ڕاپەڕیوە و تەنگی پێهەڵچنیون، بڕیوە بۆ ئەوەی فیلم و وێنەی تاوانەکانیان و بەربەرەکانی و خۆڕاگریی جانانەی خەڵکی دەستبەتاڵ بەرامبەر هێزە پڕچەک و دڕندەکانیان، بە ئاگاداریی بیروڕای گشتیی جیهان نەگا.

دیکتاتۆر و سەرانی هێز و دەزگا و دامەزراوە سەرکوتکەرەکانی، هەوڵ دەدەن ترس و داماویی خۆیان لە وەڕێکەوتنی لافاوی ڕووخان، بشارنەوە و بە پێداهەڵگوتنی "ئیقتیدار"ی ڕواڵەتی و "پێشکەوتن"ی نەبوویان وردی دابەزیوی بەکرێگیراوەکانیان هەستێننەوە. هاوکاتیش بە نیشاندان و بەکارهێنانی چنگ و ددانی خوێناوییان، ئەمجاریش مۆتەکەی ڕووخان لە خۆیان دوور بکەنەوە. بە ڕێکخستنی سیناریۆی بێبنەما و بانگەشەی دەستەبوونی وڵاتانی بێگانە لە وەڕێکەوتنی ئەم لافاوەدا، هەوڵ دەدەن سەرنجەکان بەرەو ئەو دیوی سنوورەکان لارێ بکەن. هەڕەشەی دووپاتکردنەوەی هێرشی مووشەکی بۆ سەر بنکەکانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات لە هەرێمی کوردستان و هەڕەشەی دەستدرێژیی نیزامی بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان دەکەن. وڵاتانی ناوچە بە دەستێوەردان لە نێوخۆی ئێران و، وڵاتانی ڕۆژاوا کە ئەمجار باشتر لە پێشوو دژی سەرکوتی خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران بە هۆی ئەو ڕێژیمە هەڵوێستیان گرتووە، بە دنەدانی خەڵکی ئێران بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمەکەیان تاوانبار دەکەن. بەڵام لەگەڵ هەمووی ئەمانەشدا، ئەو بەلووچستان و کوردستانەی خامنەیی بە پێچەوانەی قسەی دڵی خۆی، خەڵکەکەیانی بە هۆگر و ئەوینداری ڕێژیمەکەی ناو برد و، ئەو هێزە سیاسییە خەباتکارانەی خودی خامنەیی و سوپای پاسداران و وەزارەتە ئیتلاعاتەکەی بە "تەجزیەتەڵەب" ناویان دێنن، ئێستا بوون بە چەقی هاودەنگی و یەکگرتوویی خەڵکی بەشە جۆراوجۆرەکانی ئێران بۆ ڕاپەڕین و شۆڕشی کۆتاییهێنان بە تەمەنی ئەو ڕێژیمە.

لە ماوەی یەک مانگی ڕابردوودا، سەرانی ئەو ڕێژیمە و دامودەزگا سەرکوتکەر و تەبلیغاتییەکانیان، چەندین جار باسیان لە ناردنی چەک لە دەرەوەی سنوورەکان بۆ نێوخۆی ئێران بە تایبەتی بە هۆی حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵات بە مەبەستی وەڕێخستنی ڕاپەڕین و ڕاگرتنی خەڵک بەرامبەر بەو ڕێژیمە کردووە. ئەم جۆرە بانگەشە و تاوانبارکردنە بێبنەمایانەش شتێکی چاوەڕوانکراون. ئەوان کە ئامادە نین دان بە بێزراوبوونی ڕێژیمەکەیان لەنێو خەڵک و، دان بەداماوییەکەی لە جێبەجێکردنی تەنانەت لانیکەم و سەرەتاییترین چاوەڕوانییەکانی خەڵکدا بنێن و تەسلیمی ئیرادە و ویستی خەڵکی ئێران بن، سروشتییە کە ڕاپەڕینی خەڵک بە دەسکیسی بێگانە و دوژمن لە قەڵەم بدەن. سروشتییە کە هۆ و هۆکاری ساختە و بە دوور لە ڕاستی بۆ بەردەوامیی ڕاپەڕینەکە و، شکانی ترسی خەڵک و نەسڵەمینەوەیان لە باتووم و ساچمە و گوڵلە و، بڕواهێنانیان بە نەسرەوتن تا سەرکەوتن قوت بکەنەوە. یەک لەم درۆ شاخدارانەیان، تاوانبارکردنی خۆپێشاندەران بە چەکداربوون و بەکارهێنانی چەکی گەرم دژی هێزە سەرکوتکەرەکانە. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە چەکی گەرمی شۆڕشگێڕانی سەرشەقام، تەنیا ئەو خوێنانەیە کە لە شەڕی ستاندنەوەی ئێران لە ڕێژیمی جەهل و جینایەتدا، بە سەخاوەتەوە



سەرچاوە
Serchawe

پێشکەشی دەکەن. چەکی گەرمی ئەوان دڵگەرمبوونیان بەو پشتیوانییەیە کە لەلایەن خەڵکی نێوخۆ و ئێرانییەکانی دەرەوەی وڵات دەکرێ. چەکی گەرمی ئەوان ئەو هاوپێوەندییە جیهانییەیە کە ڕۆژ بەڕۆژ لە هەڵکشان دایە. چەکی گەرمی ئەوان بیستنی دەنگی قرچە و تێکڕمانی کۆڵەکەکانی ئەو ڕێژیمەیە.

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٣٣ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ١ی خەزەڵوەری ٢٧٢٢

**بابەتی ساڵی ...................... ٢٠٢٤ - ٢٠٢٥ - ٢٠٢٦**

---

## حیزبی دیموکراتی کوردستان و پێشەواکەی، بە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، نەتەوەبوونی کورد و شیاوبوونی ئەو نەتەوەیان بۆ ئەوەی چارەنووسی خۆی لەدەست بگرێت، جاڕ دا

**وتووێژ: قەندیل پرێس**

**وتووێژی قەندیل پرێس لەگەڵ قادر وریا مامۆستای زانکۆ و تێکۆشەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە بارەی ئەزموونەکانی کۆماری کوردستان و دۆخی ئەمڕۆی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان.**

**قەندیل‌پرێس: وەکوو پرسیاری یەکەم، زیاتر لە ٧٨ ساڵ لە دامەزراندنی کۆماری کوردستان بە ڕێبەرایەتیی پێشەوا قازی محەمەد تێپەڕ دەبێت، بە ڕای بەڕێزتان گەورەترین میراتی کۆماری کوردستان بۆ نەتەوەی کورد چییە؟**

**قادر وریا**: کۆماری کوردستان لەگەڵ ئەوەی بەداخەوە تەمەنێکی کورتی هەبوو، بەڵام کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر بیری نەتەوەیی و سیاسیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دانا. دەکرێ لە دوو بەشدا ئاماژە بە کاریگەرییەکانی ئەم کۆمارە یان وەک بەڕێزت باست کردووە ئاماژە بە میراتی کۆماری کوردستان بکەم:

**یەکەم کاریگەریی** کۆماری کوردستان، دیاریکردنی شاڕێگەیەک لەبەردەم خەڵکی ئەو بەشەی کوردستان بوو. حیزبی دیموکراتی کوردستان و پێشەواکەی، بە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، نەتەوەبوونی کورد لەو بەشە و شیاوبوونی ئەو نەتەوەیان بۆ ئەوەی چارەنووسی خۆی لەدەست بگرێت، جاڕ دا. ئەو بیرەیان بردە نێو مێشکی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە مافی خۆیانە لەسەر نیشتمانی خۆیان حکوومەتی نەتەوەیی خۆیان هەبێ و بندەستی نەتەوەیەکی دیکە نەبن؛ سەرۆک کۆمار و کابینەی وەزیران و سوپای میللی و ئاڵا و سروودی نەتەوەیی تایبەت بە خۆیان هەبێت؛ زمانەکەیان لە دام و دەزگای بەڕێوەبەری و قوتابخانە و هەموو بوارێکدا ڕەسمیەتی هەبێ؛ بۆ خۆیان کاروباری خۆیان بەڕێوە بەرن و لە تاران و شارەکانی دیکەی ئێرانەوە کاربەدەستیان بەسەردا نەسەپێنن؛ کتێب و ڕۆژنامە بە زمانی خۆیان بڵاو بکەنەوە؛ ئاسایش و

هێمنیی کوردستان و دانیشتووانی لەلایەن ڕۆڵەکانی خۆیانەوە بپارێزرێت و حورمەت و کەسایەتیی تاکی کورد پارێزراو بێت و سووکایەتی بە جلوبەرگ و زمان و ئایین و کولتووری کورد نەکرێت. ئەم ڕێگایە بە تێکچوونی کۆماری کوردستان و شەهید بوونی سەرکۆمار و یارانی، کۆتایی پێنەهات و وەک دەبینین هەتا ئێستاش بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر ئەم ڕێچکەیە دەڕوات.

**دووهەم کاریگەری.** مانەوەی فەلسەفە و کولتوور و ناوەرۆکی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری کوردستان وەک میراتێک بۆ نەوەکانی دواتر، بە تایبەتی بۆ نەوەی ئەمڕۆی تاکی کورد بوو. کۆماری کوردستان و بە تایبەتی پێشەوا قازی محەممەد وەک سەرۆکی ئەو کۆمارە، گرنگییەکی زۆریان بە پێکەوەژیان و وێکهەڵکردن دەدا .هەموو هەوڵیان ئەوە بوو یەکێتی و تەبایی چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردستان بپارێزن. ڕۆشنبیران، کەسایەتییە ئایینیەکان، ئاغاوات، عەشیرەتەکان، لادێیی و شاری، هۆز و ناوچەی جیاواز لەگەڵ یەکتر تەبا و گونجاو بن وکەلێن لە نێوانیاندا دروست نەبێت بۆ ئەوەی بتوانن کۆماری کوردستان وەک دەسکەوتێکی نەتەوەیی بپارێزن. کۆماری کوردستان نێوەرۆکێکی دیموکراتی و پلۆرالیستی هەبوو. ڕێزی لە کەمایەتییە نەتەوەیی، ئایینی و زمانییەکان دەگرت؛ مافی هەبوونی قوتابخانە بە زمانی خۆیان بۆ وێنە بۆ جوولەکەکان دابین کردبوو؛ ڕێگەی بێڕێزی بە پەیڕەوانی هیچ ئایینێک نەدەدرا. یەکەم جار بوو لە کوردستان بایەخ بە پەروەردەی ژنان، لاوان، منداڵان دەدرا و ببوونە خاوەنی ڕێکخراو و گۆڤاری تایبەت بە خۆیان. ئەم تێگەیشتنە لە دەسەڵاتی کوردی و ئەم ئەزموونە هەتا ئێستاش لە نێو ڕۆشنبیران و زۆرێک لە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەشەکانی دیکەی کوردستاندا بە ڕێزەوە لێی دەڕوانرێت وخوازیارن درێژەی پێ بدرێت.

## کۆماری کوردستان، دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی یان حکوومەتێکی خودموختار لە چوارچێوەی ئێراندا؟

**قەندیل پرێس:** کۆماری کوردستان یەکەمین دەوڵەتی کوردی لە سەردەمی مودێرن بوو یان حکوومەتێکی خودمۆختار لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئێراندا؟

**قادر وریا:** کۆماری کوردستان ئاوێتەیەک لە هەر دووی ئەمانە بوو. ئەگەر سەرنج بدەینە نوتق و لێدوانەکانی پێشەوا و مانشێتەکانی ڕۆژنامەی "کوردستان" لەو سەردەم بە تایبەتی لە ساڵی یەکەمی پێکهاتنی کۆماردا، ئەم کۆمارەمان وەک دەوڵەتێکی کوردی کە باس لە سەربەخۆیی دەکات، دێتەبەرچاو، بەڵام ژمارەیەک لێدوان و چاوپێکەوتنی شەخسی پێشەوا لەگەڵ ڕۆژنامەکانی تاراندا هەن کە تەعبیری خودموختاربوونی کوردستان لە چوارچێوەی ئێراندا بۆ ئەو کۆمار بەکار دەهێنێت.

**من بۆ خۆم ئەو بەرزی و نزمی و هەڵکشان و داکشان لەخۆپێناسەکردنی کۆماری کوردستاندا بۆ چەند هۆیەک دەگێڕمەوە:**

**یەکەم**. باسکردن لە استقلال (سەربەخۆیی) زۆرتر ڕووی لە حکوومەتی میللیی ئازەربایجان دابووە، چونکە بەرلە ڕاگەیاندنی کۆمار، فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان و حکوومەتە میللییەکەیان دەیانەویست کوردستانیش بەشێک بێت لەوان و لەچوارچێوەی ئازەربایجاندا، کوردستان خودموختاری هەبێت. بەڵام پێشەوا و ڕێبەرانی ئەو کاتی حیزبی دیموکرات بە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، ئەو نیازەی ئەوانیان پووچەڵ کردەوە و بەم جۆرە سەربەخۆبوونی کوردستانیان لە حکوومەتی میللیی ئازەربایجان ڕاگەیاند.

**دووهەم هۆ**. نوێبوونی ئەو چەمکانە بۆ سیاسی و ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمی کورد و وردنەبوون لە بەکارهێنانیاندا بووە. هەر بۆ نموونە ئەگەر بە ڕاستی ئەم کۆمارە سەربەخۆیی خۆی لە تاران ڕاگەیاندبوو، بۆچی نوێنەری لە پارلمانی ئێراندا هەبوو؟ بۆچی پێشەوا بۆ چاوپێکەوتن و ڕێککەوتن لە گەڵ کاربەدەستان دەچووە تاران؟ بۆچی هەوڵی پێکهێنانی بەرەی سیاسی لە گەڵ هێزە ئێرانییەکانیان دەدا و...هتد؟

زۆر کەس کە حەز دەکەن کۆماری کوردستان وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد پێناسە بکەن، دەڵێن کۆماری کوردستان ئەگەر دەوڵەتێکی سەربەخۆ نەبوو، بۆچی ئاڵا و سروودی نەتەوەیی و سوپای میللی و کابینە و سەرکۆمار و تەنانەت سیستەمی کۆماریی لەنێو سیستەمێکی پاشایەتیدا ڕاگەیاندبوو! ڕاستییەکەی ئەوەیە مۆدێلی ئەوسای یەکێتیی سۆڤییەت بۆ ڕۆشنبیران، ڕێبەرانی سیاسی و کەسایەتییەکانی ئەو سەردەمی کوردستان، زۆر جێگەی سەرنج و بایەخپێدان بوو. لە یەکیەتیی سۆڤیەتییش چەندین کۆمار لەسەر بناغەیی نەتەوەیی، لەچوارچێوەی وڵاتی سۆڤیەتیدا هەبوو، بەڵام ئەگەر واشی دابنێین کە سەرانی کۆمار لەسەرەتادا بە نیەتی سەربەخۆبوون لە ئێران، کۆماری کوردستانیان ڕاگەیاندبوو، دواتر بە دەرچوونی سوپای سۆڤیەت لە ئێران و خۆدزینەوەی یەکێتیی سۆڤیەتی لە پشتیوانیی حکوومەتی میللیی ئازەربایجان و کۆماری کوردستان، واقیعیتر لە گەڵ ڕووداوەکان هەڵسوکەوتیان کردووە و پێناسەکردنی کۆمار وەک حکوومەتێکی خودموختار لە چوارچێوەی ئێرانیاندا بە گونجاوتر زانیوە. دیارە هەمووی ئەو بۆچوون و لێکدانەوانە هیچ لەم ڕاستییە ناگۆڕن کە پێشەوا و ڕێبەرانی دیکەی کۆمار، نەتەوەی کوردیان بە شایانی سەربەخۆیی و وڵات و دەوڵەتی سەربەخۆ زانیوە، بەڵام ئەوەی بە کردەوە لە لێدوان و هەڵوێستەکانیاندا خۆی دەرخستووە، ئاوێتەیەک بووە لە پێناسەکردنی کۆمار بە دوو خوێندنەوەی جیاواز.

## وانەکانی کۆماری کوردستان بۆ حکوومەتە کوردییەکانی باشوور و ڕۆژاڤای کوردستان(*)

**قەندیل پرێس**: ئێستا لە باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان دوو حکوومەتی کوردمان هەیە بە دوو فورمی جیاواز لە چوارچێوەی دەوڵەتەکانی عێراق و سووریا، بە خەسارناسی کۆماری کوردستان چ پێشنیارێکتان بۆ سەرکەوتنی ئەم دوو حکوومەتە لەم دوو پارچەی کوردستان هەیە؟

**قادر وریا**: لەگەڵ ئەوەی جیاوازییەکی زۆرهەیە لەنێوان ئەو دوو دەسەڵاتە کوردییە، پرسیارەکە زۆر بەجێیە. لەهەر کام لەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، کورد نابێت هیچ دەرفەتێک بۆ جێگیرکردنی مافی چارەنووس و خۆبەڕێوەبردن و پێکهێنانی حکوومەتی کوردی لەدەست بدات. هەر لەو کاتەشدا پێویستە لەبیرمان بێت کە پاراستنی دەسەڵاتێکی کوردی لە پێکهێنان و راگەیاندنەکەی گرنگتر و دژوارترە. ئەوە کە لەهەلومەرجی گونجاودا دەوڵەت یان حکوومەتی کوردی پێک بێنین و دەوڵەتانی ناوچە بەسەر ئەمری واقیعدا بخەین، کارێکی باشە. نابێ دەست لەسەر دەست دابنێین و چاوەڕوان بین ئەو دەوڵەتانە پێشنیارمان پێ بکەن حکوومەتی کوردیی خۆمان لە نیشتمانی خۆماندا پێکبێنن. ئەوان نەک ئەو پێشنیازەمان پێ ناکەن، هەر کە پشوویان هاتەوە بەرخۆ و خۆیان ڕێکخستەوە، هەوڵدەدەن هەر دەسکەوتێکی لە هەلومەرجی تایبەتیدا بەدەستمان هێناوە، لێمان بستێننەوە. لە هەمانکاتدا دەبێ ئەوەشمان لەبەرچاو بێت کە پاراستنی دەسکەوتێکی ئەوتۆ وەک ئەوەی ئەمڕۆ لە باشوور و ڕۆژاوای کوردستان هەیە، هاسان نییە. ئەگەر هێز یان هێزە سیاسیەکانی پێکهێنەری ئەو دەسکەوتە، نەتوانن یەکگرتوویی خەڵکی ئەو بەشە و پشتیوانیی ئەوان لەخۆیان دابین بکەن؛ جۆری دەسەڵاتدارەتییەکەیان لە پرەنسیپەکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و پێکەوەژیان بە دوور بێت؛ لێکدانەوە و خوێندنەوەیان بۆ ئاڵوگۆرە سیاسییە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان دوور لە ڕاستی بێت ؛ دەسەڵاتدارەتییەکەیان تێکەڵاو بە گەندەڵی، نایەکسانی و تیرۆر و تۆقاندن بێت؛ ئەگەر بە وشیاری و ژیرانە لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچە و زلهێزەکان هەڵسوکەوت نەکەن؛ دەسکەوتەکەیان دەکەوێتە مەترسی و ناتوانێت داهاتوویەکی ڕوونی هەبێت.

ئەزموونی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری کوردستان لە رووی گرنگیدان بە یەکێتی و تەبایی نێوخۆیی، بەڕەسمی ناسینی جۆراوجۆرییەکان و بایەخدان بە مافەکانیان، پێوەندییەکی برایانە و نەتەوەیی لە گەڵ نەتەوەی کورد لەبەشەکانی دیکەی کوردستان، دەتوانێت بۆ هەر دوو حکوومەتی کوردیی ئێستا لە باشوور و ڕۆژاوا بەسوود بێت.

## چۆنیەتی هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕەزای پەهلەوی و سەلتەنەت تەڵەبەکان

**قەندیل پرێس**: زیاتر لە ساڵێکە شۆڕشی ژینا یان ژن، ژیان، ئازادی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران دەستیپێکردووە، ئەگەر چی هەوراز و نشێوی خۆی بووە، یەکێک لە بابەتە سەرەکییەکان کە لە پانتایی گەشتی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات بووە ڕۆژەڤ، بابەتی چۆنیەتی هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕەزای پەهلەوی و سەلتەنەت تەڵەبەکان بوو، بە لەچاو گرتنی ئەوەیکە ڕووخانی کۆماری کوردستان و ئێعدامی پێشەوا قازی محەمەد بە دەست حکوومەتی پەهلەوی ڕوویاندا، ڕای جەنابتان لەم بارەوە چییە؟

**قادر وریا**: نەتەوەی کورد لەهەر کام لە بەشەکانی کوردستان، بێ هاوکاری و هاوپەیمانەتی و ڕێککەوتن لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە و هێزە سیاسییەکانی ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، زۆر زەحمەتە بتوانێ پشکی خۆی لە ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان بەدەست بێنێت. ئەگەر نەتوانێ یان نەیهەوێ بچێتە نێو هاوپەیمانەتییە سەرانسەرییەکان، لایەنەکانی دیکە ڕەوتی ڕووداوەکان بەو ئاراستەیەدا دەبەن کە خۆیان پێیان باشە و ئەوەی لەم نێوەدا سەری بێ کڵاو دەمێنێتەوە، کوردەکەیە. ئاشکرایە زۆربەی ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئەو وڵاتانە ئەوەی بەلایانەوە گرنگە مانەوەی یەکپارچەیی ئەو وڵاتانەیە و مافە بنەڕەتییەکانی کورد یان نەتەوە بندەستەکانی دیکە، لای ئەوان کەمترین گرنگیی پێدەدرێ. لێرەدایە کە بزووتنەوەی کوردی کە لە زۆربەی بزووتنەوە و هێزە سیاسیەکانی ئەو وڵاتانە، پێشینەیەکی درێژتری هەیە، قوربانییەکی زیاتری داوە و لەنێو خەڵکەکەی خۆیدا پێگەیەکی بەهێزتری هەیە، دەبێت بتوانێت و بوێرێت بچێتە نێو یارییە سیاسییەکان و هاوپەیمانەتی لە گەڵ هێز و ڕێکخراوە کانی ئەو وڵاتانە، بەڵام بە دوو مەرج :مەرجی یەکەم، هیچ هێز و ڕێکخراوێکی سیاسیی کورد بە تەنیا نەچێت. مەرجی دووهەم، بێ دانانی ئەو هاوپەیمانەتییە بە نەتەوەبوونی کورد و بەڕەسمی ناسینی مافە نەتەوەییەکانی، لەگەڵی نەکەوین. کوڕی شا و سەڵتەنەتخوازەکان، نەک هەر ئەوەی حەمەڕەزاشا و ڕێژیمی شایەتی بەرامبەر کورد لە ئێران و کۆماری کوردستان کردوویانە، مەحکوومیان نەکردووە، تەنانەت هێشتا سەرەتاییترین ماف کە پەروەردە بە زمانی دایکە، قبووڵ ناکەن و گاڵتەیان بەم جۆرە مافانە دێت. ئاشکرایە ئەم جۆرە هاوپەیمانەتییە ناتوانێت لە سوودی کورد لە ئێران بێت.

## دۆخی ئێستای بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خاڵە بەهێز و لاوازەکان

**قەندیل پرێس**: وەکوو پرسیاری کۆتایی، دوای ٧٨ ساڵ لە دامەزراندنی کۆماری کوردستان، دۆخی ئێستای بزووتنەوەی

بەشی سێهەم

**ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و داهاتووی چۆن دەبینن؟**

**قادر وریا**: دۆخی ئێستای بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەم زۆر ڕەهەندی وای تێدایە کە جێگەی هیوا و شانازیین،

**هەم لاوازی و کەم و کووڕیی واشی هەیە کە نابێت لێی بیدەنگ بین و ڕەخنەی لێ نەگرین. هێندێک لە ڕەهەندە بەهێزەکانی ئەم بزووتنەوەیە بریتین لە:**

**ئەلف**؛ بەردەوامی و بەچۆکدانەهاتنی سەرەڕای هەموو سەرکوت و پیلانێکی ڕێژیمی ئێران. ب-پەرەگرتن و بڵاوبوونەوەی ڕۆژبەڕۆژ زیاتری بەجۆرێک کە ئێستا نەک هەر پارێزگەکانی ورمێ، سنە، کرماشان و ئیلام، بەڵکوو پەلی بۆ هەر شار و ناوچەیەکی ئێران کە کوردیان لێدەژین، هاویشتووە.

**پ**؛ بوونی وشیارییەکی بەرزی سیاسی و نەتەوەیی لای زۆرینەی دانیشتووانی کوردستان و ئامادەیی بۆ قوربانیدان لە پێناو ئامانجەکانیان و مافەکانیان. لە شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادیدا، ئەم وشیاری و ئامادەییە بە بەراورد لەگەڵ بەشەکانی دیکەی ئێران بە باشی خۆی دەرخست.

**ت**؛ سوود وەرگرتنی خەڵکی ڕۆژهەڵات لە شێوازەکانی خەباتی مەدەنی و جەماوەری بۆ بەرەوپێشبردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازیی خۆیان.

**ج**؛ بوونی حیزب و ڕێکخراوی ناسراو و بە ئەزموون کە دەتوانن ڕۆڵیان هەبێت لە ڕێکخستن و ڕیبەریی جووڵەی سیاسیی خەڵکی کوردستاندا.

**دیارە وەک وتم ئەم بزووتنەوەیە خاڵی لاوازی گەورەشی هەن. بۆ نموونە:**

١- خۆبواردنی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان لە پێکەوە کار کردن و گرنگینەدان بە پێکهێنانی هاوپەیمانی و ڕێککەوتن لەسەر بەرنامەی هاوبەش.

٢- خاوبوونی ڕەوتی خۆنوێکردنەوەی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان لە ڕووی ڕێبەری، دیسکۆرس و ئەدەبیاتی سیاسی، شێوازەکانی خەبات و تێکۆشان، هەر وەها کەمڕەنگبوونی پرسی ژنان و بەشداریی ژنان لەبەڕێوەبەری و بڕیارداندا و...هتد.

٣- لاوازیی کاری ڕاگەیاندن و دیپلۆماسی.



سەرچاوە Serchawe

بەشی سێهەم

٤- نەبوونی هیچ هەوڵ و بەرنامەیەک بۆ ڕاکێشانی سەرمایەی سامانداڕانی کورد بۆ وەڕێخستنی پڕۆژەی نەتەوەیی و کولتووری.

٥- دەستپێشخەرنەبوون و تەنانەت کەمتەرخەمبوون لە کۆکردنەوەی هێز و ڕێکخراوەکانی نەتەوە بندەستەکانی ئێران لە دەوری ئامانج و بەرنامەی هاوبەش.

٦- لاوازی لە ڕاکێشانی هاوکاریی فکری و زانستیی توێژی ئەکادیمیی کورد لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات.

٧- نامۆ بوون بەرامبەر کولتووری ڕەخنەلەخۆگرتن و قبووڵکردنی ڕەخنە و خەسارناسی، هەروەها دوورەپەرێزی لە دیالۆگ(چ لەنێوخۆ و لەگەڵ هێز و ڕێکخراو و کەسایەتییەکانی نێو ئەو بزووتنەوەیەدا و چ لەگەڵ بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئێران و چالاکانی سیاسیی ئێرانی).

بە کورتی بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خاوەنی ئەزموونێکی دەوڵەمەندی سیاسی و خەباتگێرانە، خاوەنی ڕێبەرانی بە ئەزموون، هێزی مرۆیی و کادری پێگەیشتوو و تێکۆشەری لێهاتوو، خاوەنی ناوبانگ و ئیعتیبار لە ئاستی کوردستان و ناوچە و جیهاندا، خاوەنی پشتیوانیی بەرینی خەڵکی کوردستانە. ئەگەر حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان لە پێناوی بەرژەوەندەی گەورەتردا واز لە بەرژەوەندی تەسکی ڕێکخراوەیی بێنن، هەوڵی گۆڕینی عەقڵیەتی چەقبەستوو بدەن، ئامادەیی پێکهێنانی هاوکاری و هاوپەیمانی و بەرەیەکی یەکگرتوو لەخۆیاندا پێکبێنن، بە جیددی قووڵ لە چارەسەری ئەم کەم و کووڕیانە هەڵماڵن، ئەم بزووتنەوەیە دەتوانێت کاریگەریی گەورەی لەسەر ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی داهاتووی ئێران هەبێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی قەندیل پرێس – ڕێکەوتی: ٢٨ی جانێوێری ٢٠٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## دژوار ژیا و بێکەس مرد (*)

چەند ڕۆژێکە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەتی فەیسبووک، پڕ بووە لە دەربڕینی داخ و پەژارەی بەکارهێنەرانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ مەرگی نووسەرێک کە هیچ کتێب و نامیلکەیەکی چاپکراوم لێنەدیتووە، تەنیا لە فەیسبووک و لە ئەکاونتی خۆیدا، چەند ساڵێک بوو دەینووسی.

بێهزاد سەیفی، خەڵکی مەهاباد لە ساڵی ٢٠١٢ەوە لە فەیسبووک هەبووە، بەڵام بە شایەدیی ئەو پۆستانەی داینـاون لە ساڵانی دواتردایە کە بە نووسین چالاکتر دێتە مەیدان. لە ٢٠١٤ەوە هەتا دەگاتە کۆتاییەکانی ٢٠٢٢، ساڵ بە ساڵ زیاتر نووسینی هەیە، ئەویش چ نووسینێک؟!

بێهزاد، بە زۆری بە زمانی فارسی دەینووسی. ئەوەش بەلای منەوە بۆ کەسێکی کە بۆخۆی لە دایک و بابێکی تورک بووە و بە فارسی خوێندوویەتی، یا لە مەهابادیش گەورە بووبێت، شتێکی سەیر نییە. گرنگ نێوەرۆکی نووسینەکانی و شێوازی ئەو نووسەرەیە. ئەگەرچی من لە ٢٠١٧ەوە لە ڕیزی دۆستانی فەیسبووکی ئەودام، بەڵام بەداخەوە هەتا ئێستاش فریا نەکەوتووم هەموو نووسینەکانی بخوێنمەوە؛ بەو حاڵەش لە ڕێگەی ئەوەندە نووسینانەی لێم خوێندبووەوە، بە چەند ڕاستییەک گەیشتبووم:

**یەکەم**. شێوازێکی تایبەت بە خۆی لە نووسیندا هەبوو. بە فارسی دەینووسی و لەگەڵ ئەوەی زاڵبوونێکی تەواوی بەسەر زمانی فارسیدا پێوە دیاربوو، بەئەنقەست هێندێک دەربڕینی کوردی، دەقاودەق و هەر وەک خۆیان تێهەڵکێشی دەقە فارسییەکەی دەکرد. ئەم تێکهەڵکێشانە بۆ فارسیخوێنێک کە کوردی نەزانێت، دەردەسەریی خۆی هەیە، بەڵام بۆ کوردێک کە فارسی بزانێت، دەقەکەی لەلا شیرینتر دەبێت. لە ڕووی داڕشتنی دەقیشەوە، من وام هەست دەکرد نووسەرێکی تایبەتە. دەیزانی چۆن دەست پێ بکات و خوێنەر بەدوای خۆیدا هەتا کۆتایی ڕابکێشێت؛ چۆن یەکە یەکەی ڕووداوەکان لێک گرێ بدات، بێ ئەوەی پێوەندیی ڕووداوەکان بەیەکتر بکاتە مەتەڵێکی ئاڵۆز و مێشکی خوێنەریان پێوە ماندوو بکات. سەرچڵی مەبەستەکەی، یان ئەکتەری سەرەکیی چیرۆکەکەشی هێندێک جار بە شاراوەیی دەهێشتەوە بۆ ئەوەی لەدوا وێستگەدا وەک پاداشی هاتن هەتا کۆتایی، بۆ خوێنەری بدرکێنێت.(١)

## بەشی سێهەم

**دووهەم**. وەک لە نووسینی داخنامەی ئەم ڕۆژانەی چەند کەسێک بەبۆنەی مەرگی ئەو مرۆڤەدا هاتبوو، بە ڕاستی بێهزاد سەیفی، قەڵەم و دەنگی بێبەشان و زۆرلێکراوان بوو. بەسەرهاتی ئەو مرۆڤانەی دەنووسییەوە کە ڕۆژگارێک ژیانێکی بەختیارانە و ئاساییان هەبووە، بەڵام چەرخی چەپگەرد دواتر تووشی نەهامەتی و ڕۆژڕەشیی کردبوون. ببوو بە نووسەری سەربردەی ئەو کەسانەی دایکیان بە بێوەژنکۆشی گەورەی کردبوون و پیی گەیاندبوون، بەڵام ڕووداوێکی زەمانەی غەدار، تەقینەی گوللەتۆپ یان خومپارەیەک، گوللەیەکی وێڵ، ڕەشبگیری و ڕەشەکوژیی هێزە سەرکوتکەرەکان و پەتی سێدارەی ڕێژیمی تاریکی و تاوان، یان غەدر و جەفای دەستڕۆیشتوویەکی نێو کۆمەڵ، ڕێڕەوی ژیان و چارەنووسی خۆیان و بنەماڵەکەی گۆڕیبوون. خەون و زیندەخەون و نزا و پاڕانەوەی ئەو دایک و باوکانەی دەنووسییەوە کە خۆیان و منداڵەکانیان، شەوان بە برسیەتی سەریان ناوەتەوە. نووسینەکانی مەیدانی ململانێی نێوان تاریکی و ڕووناکی، بێدادی و داد پەروەری، دزێوی و جوانی بوون. ئەوینە پاک بەڵام ناکامەکان، ستەم و دەستدرێژی و درۆی نامەردان لەگەڵ کیژانی ساویلکە، دەیان بەڵا و ڕۆژڕەشیی دیکە کە کچان و ژنان لە کۆمەڵی ئێمەدا لەگەڵیان بەرەوڕوون، تەنانەت ئەو مرۆڤە چارەڕەشانەی کۆمەڵ و کولتوور، چارەنووسی لەشفرۆشیی بەسەردا سەپاندوون، هەوێنی نووسینەکانی بێهزاد و مایەی فرمێسک هەڵوەراندنی خوێنەرانی بوون.

**سێهەم**. بێهزاد سەیفی ڕەخنەگر بوو. بە هۆی نووسینەکانی ڕەخنەی لە چەوسانەوە و لێکەوتە دژە مرۆییەکانی دەسەڵاتی سیاسی و سیستەمی ئابووری، سەرکوت و سانسۆری خنکێنەر، دیوە دزێوەکانی کولتوور و ئایینی زاڵ، هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتیی پڕ لە ڕیا و چاوبەست و نایەکسانی، کەلێن و مەودای چینایەتی و پێخوستکرانی مرۆڤ و مرۆڤایەتی لەو وڵات و کۆمەڵ و ژینگەیەدا دەگرت کە بۆ خۆی تێیدا گەورە ببوو، لەنێویدا دەژیا و کەسایەتی و هەست و هزر و قەڵەمەکەی کەوتبووە ژێر کاریگەرییان. بە خوێندنەوەی پۆستەکانی و ڕامان لە وێنە و کاریکاتۆر و وتە و ڕستەکانی ژێریان بە هاسانی بۆت دەردەکەوت کە بێهزاد زۆرترین نەفرەت و بێزاریی لە کۆماری ئیسلامیی ئێران هەیە، دڵی لای ڕێبەران و تێکۆشەرانی خەباتی خەڵکی کوردستان بۆ ڕزگارییە. کەم واهەبوو پۆستێکی بێهزاد بخوێنییەوە و شوێنپێیەک لە سەمبولەکانی خەباتی نەتەوەیی هاوچەرخی کورد، فەرماندەرانی شەهید و پێشمەرگە قارەمانەکانی شارەکەی، بەدی نەکەیت.(٢) لەخۆڕانەبوو بە دەیان تێکۆشەری سیاسی و چالاکانی کولتووریی ڕۆژهەڵات کە لە نیشتمانی خۆیان تەرە بوون، لە بن پۆستەکانی کۆمێنتی دەستخۆش و ڕەزامەندییان دەنووسی.

بێهزاد لە کاتێکدا ببووە دەنگی بێبەشان کە ژیانی خۆی لەوپەڕی ناخۆشیدا بوو. ژیانی بنەماڵەیی لێکهەڵوەشابوو. هاوسەرەکەی لێی جیا ببۆوە، خۆی بەرعۆدەکردبوو کە نەفەقەی منداڵەکانی و مارەیی دایکیان بدات. لە لایەک دەیەویست

شەرافەتمەندانە بژی و بە ڕەنجی شان و باهۆی خۆی، بژیوی خۆی و پارەی نەفەقە و مارەیی پەیدا بکات، لە لایەکی دیکە دۆزینەوەی کارێک کە بەو بکرێت و بە کرێیەکەی ژیانی خۆی و ئەرکەکانی پێ جێبەجێ بکات، دژوار بوو. بۆ خۆی لەم بارەیەوە نووسیویەتی:

...."نەفەقەی مانگانە و مارەیی مانگانە، پشتی شکاندبووم. هیچ کارێکم ڕێک و ڕاست نەدەهات. نەمدابا، حوکمی گرتنم لەسەر بوو. هەر بۆیەش ڕووم لە زۆر کار و زۆر کەس نا. یارمەتییان دام. بەڵام قەت کارێکم نەکرد خەڵک و خاکم بفرۆشم. تەلەڤیزیۆنە داشقە شکاوەکەی سنە گوتی: "وەرە ٦٠ نمایش بنووسە، سەبارەت بە ژیانی ٦٠ پێشمەرگەی موسوڵمان و ئەوەندەت دەدەینێ." گوتم نا! بە شەپ وەدەریان نام. تەلەڤزیۆنە شڕەکەی مەهاباد گوتی: "وەرە بەرنامە بنووسە، سەبارەت بە "دستاوردهای جمهوری اسلامی در مهاباد". گوتم دەستاوەردی ئێعدامی بەکۆمەڵی ٥٩ کەس؟ یان قەلاچۆی خەڵک لە مزگەوتی ئیندرقاش؟ یان ئەو گشتە جەوانە موعتادە؟ گوتیان لە خۆت هەڵدە! لەو لاش گوتیان وەرە دژی ئەم خەڵکە چیرۆک بنووسە تا پارەت دەینێ! گوتم پێنووسم نانووسێ! گوتیان "گە اضافی بخوری میندازیمت یە عمری آب خنک بخوری".(٣) گاوداری و ڕیخۆڵە و پیسایی مەڕ و ماڵات نەما خاوێنی نەکەمەوە. مورغداری چووم، بۆگەنیوی مریشکەمردوو تووشی ئاسمی کردم. بیمەیان ڕەد نەکردم و دوایەش کوتیان هێرری.

ڕووم لە نووسین کردەوە. لە سەد دەرگام دا. هەر سەد دەرگا، لێم بوون بە دیوار. تووشی نەخۆشیی ئەعساب هاتم و دایم تووڕە و تۆسن و خواردنی دپاکین و سرترالین و چەند جۆر حەبی دی. لە نووسین کەوتم. دوو سێ ساڵ لەوە پێش، هیندێک دۆست یارمەتییان دام. بەڵام دوایەکەی، باس و قسەم بۆ ساز کرا. خزامە دیوێکی نمناک و تەڕاویی ماڵە دایکم و خەم و پووڵی سیگار، بووە گەورەترین خەمم. فشاری نەفەقە و مارەیی، تا ئێستا تووشی چڵ پەنجا میلیۆن قەرزی کردووم.

بەڵێ لەو دونیا حەوت ملیاردە و، لەنێو ئەو کوردە چل میلیۆنییە، کوردێک پەیدا بووە و بە زمانی خۆی دەڵێ "داماو"ی. بەڵێ، داماوی داماوم. کچی جەوانم سێ جار خۆی کوشت و نەمرد. ئێستا برینی گەروو و مێعدەی بابی هێناوەتە بەرچاوی. هەر چەند کە ساڵێ جارێکیش ناتوانم بیانبینم. جا دڵتان پێم دەسووتی، لۆمەم دەکەن، جنێوم پێ دەدەن و بە خوێڕی و زەعیفم دادەنێن، کەیفی خۆتانە... "(٤)

مەرگی بێهزاد لە ڕۆژی ٨ی خەرمانان (٢٩ی ئاگوست)ی ئەمساڵ، لە تەمەنی ٥٠ ساڵێدا و دوای دوو ساڵ نەنووسین و

بێدەنگی، وێستگەی کۆتایی ئەم ژیانە کوڵەمەرگییە بوو. ئەم مەرگە ئەنجامی هەموو ئەو نەخۆشی و گوشارانە بوو کە ژیانیان لێ کردبووە دۆزەخ؛ بەرهەمی ناهومیدبوون بوو لە "حەوت ملیارد مرۆڤی سەرتۆپی زەوی و بە تایبەتی ئەو چل ملیۆن کورد"ەی کە بێهزاد، بە جوانترین نووسین و خەمینترین وشەکان، باسی خەم و ئازارەکانی دەکردن. بێهزاد بەو مردنەی، مرۆڤایەتی، بە تایبەتی ئەوانەی بە دۆخی ناڵەباری ئەویان دەزانی و دەیانتوانی دەستی بگرن بەڵام نەیانکرد، شەرمەزار کرد.

بەو هیوایەی مەرگی ناوەخت و بێکەسانەی هاندەری هەموو مرۆڤێکی بەویژدانی کوردستانەکەی بێهزاد بێت بۆ ئەوەی ناهومیدبوون لە ژیان، سەرمایە بەنرخەکانی دیکەی وەک بێهزادمان لێ‌نەستێنێت.

## پەراویز:

(*) سەردێڕی ئەم بابەتەم لە ناوی شێعرێکی نەمر شێرکۆ بێکەس وەرگرتووە و بە پێی نێوەرۆکی ئەم نووسینەم گۆڕیوە. سەردێڕەکە لە بنەڕەتدا بەم جۆرەیە: "دژوار ژیا و سانا کوژرا."

١- ئەمە لینکی ئەکاونتی بێهزاد سەیفی لە فەیسبووکە. هیوادارم هەتا فەیسبووکەکەی دانەخراوە کەس یان کەسانی وا هەبن نووسینەکانی کۆپی بکەن و بیانپارێزن، بەڵکوو بکرێن بە کتێبێک و لە فەوتان ڕزگاریان بێت.
https://www.facebook.com/behzadseify.Forgotten

٢- لە ٢٠١٧ چەند هاوڕێیەک ئاگاداریان کردم کە کاک بێهزاد دەیهەوێت بێت بۆ نێو حیزب و ببێت بە پێشمەرگە. لە کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزب، هاسانکاریمان بۆ کرد و کەسی تایبەتمان بۆ ڕێنوێنی کردن و هێنانی ڕاسپارد، بەڵام دوایە سەبارەت بەو ئەرکانەی لە پێوەندیی لەگەڵ هاوسەری پێشوو و منداڵەکانی کەوتبوونە سەرشانی، لە بڕیارەکەی پاشگەز بۆوە.

٣- وەرگێڕاوی ڕستە فارسییەکە" گووی زیادی بخۆی، دەتخەینە بەندیخانە بۆ ئەوەی تەمەنێک لەوێدا بتلێیەوە."

٤- ئەم چەند پەرەگرافەم لە نووسینێکی بێهزاد وەرگرتوە کە بەڕێز ناسری سینا بە بۆنەی مەرگی نووسەر، لەسەر دیوارەکەی خۆی بڵاوی کردووەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٦ی خەرمانانی ٢٧٢٤



سەرچاوە Serchawe

## خاکیپۆشی و "نەورۆزی خاکیپۆشان" لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

لەبەرکردنی جلوبەرگی پێشمەرگانە لەلایەن لاوانی نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە نەک هەر کوڕان، بەڵکوو کچانیشی (بە ڕێژەیەکی کەمتر) گرتووەتەوە، بە تایبەتی لەم ساڵانەی دواییدا زیاتر پەرەی گرتووە. لە چەند بۆنەدا بە تایبەتی زەماوەندەکان، جێژنی تەواوبوونی خولەکانی فێرکردنی زمانی کوردی و ڕێوڕەسمی نەورۆزی، ئەم دیاردەیە بەرچاوتر بووە. لە درێژەی گەشەکردنی ئەم دیاردەیەدا، ئەم ساڵ شایەدی ناودێرکرانی نەورۆز بە "نەورۆزی خاکیپۆشان" و پێکهاتنی کۆبوونەوە و ئاهەنگە نەورۆزی یەکان لە ژێر ئەم ناوەداین. بۆ باشتر تێگەیشتن لەم دیاردە و لێکەوتەکانی و، تەعامولی دروستی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، چالاکانی سیاسی، کەلتووری و میدیایی لەگەڵ ئەم دیاردەیە،

### جێی خۆیەتی سەرنج بدەینە ئەم خالانە:

١- خاکیپۆشی و ناودێرکردنی نەورۆزی ئەم ساڵ بە "نەورۆزی خاکیپۆشان" هەڵقوڵاوی نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، چالاکانی کولتووری و بەشدار لە بزووتنەوەی ناسنامەخواز و ناسنامەپارێزی نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دایانهێناوە. ئەم دیاردەیەو لێکەوتەکانی تایبەت بەناوچەیەکی دیاریکراو نین؛ بەخۆشییەوە لەهەموو پارێزگەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبیندرێت، لەهێندێک ناوچە پێشینەیەکی زیاتری هەیە، لە هێندێک ناوچەش تازەیە.

٢- ئەم دیاردەیە بەرهەمی بڕیاری حیزب یان ڕێکخراوێکی سیاسیی دیاریکراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نییە. ئەو کەسانەی بە جلوبەرگی خاکییەوە لەو بۆنە نەتەوەیی و کولتوورییانەدا بەشدار دەبن، کەسانی وایان تێدایە کە پێوەندییان بە حیزب و ڕێکخراوێکی تایبەتەوە نییە؛ تێشیاندایە لایەنگری لەیەکێک لەو حیزبە سیاسییانە دەکەن کە هی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن. جا لەوانەیە لایەنگری یەکێک لە حیزبەکان، لەوی دیکە زیاتر، یان کەمتر بێت.

٣- هەڵبژاردنی جلوبەرگی خاکی، نەک هەر لە ڕووی ڕەنگەکەی، بەڵکوو لە ڕووی فۆڕمەکەشی، ڕێزگرتن لە پێشمەرگەی کوردستان و خەباتەکەیەتی. لەمەشدا، مەبەستیان پێشمەرگەی لایەنێکی تایبەت نییە. پێشمەرگە وەک هێمای خەباتێکی دەیان ساڵەی کوردستان بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی دژی ستەمکاریی ڕێژیمە دژ بە کوردەکان، چاوی

لێکراوە و چاوی لێدەکرێت.

٤- پێشمەرگە یەک لە خۆشەویستترین هێماکانی خەباتی نەتەوەیی لە کوردستانە و هەڵبژاردنی جلوبەرگی ئەو هێما خۆشەویستە لە لایەن خاکیپۆشانەوە، دووپەیامی ڕوونی تێدایە.

**پەیامی یەکەم ڕوو بە ڕێژیمی ئێرانە.** پەیامەکە ئەوەیە کە پێشمەرگەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خۆشەویستی ئێمەن و لە ئێمەن؛ ئێمە شانازی بەوانەوە دەکەین. هەر یەک لە ئێمە لە کاتی پێویستدا ئامادەین جێگای ئەوان بگرینەوە.

**پەیامی دووهەم بۆ هەموو ڕێکخراوە خەباتگێڕەکانی خاوەن پێشمەرگە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.** ئێوە کە دەیان ساڵە خەبات دەکەن و قوربانی دەدەن، بە تەنیا نین؛ ئێمە وەک لاوانی وشیار و بە هەڵوێستی ڕۆژهەڵاتی کوردستان،

پشتیوانتانین. ئامانجەکانی خەباتەکەی ئێوە، ئامانجی ئێمەشە و ئامادەین لێرە لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وەک پێشمەرگەیەکی خاکیپۆش، ئاڵاهەڵگریان بین.

٥- ئەم قسەیە کە ناودێرکردنی نەورۆز بە "نەورۆزی خاکیپۆشان"، وەلانانی ڕەنگەکانی دیکە، پێشگرتن بە ڕەنگاوڕەنگی، یان داشاردنی دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی"یە، لەجێی خۆیدا نییە. هەر لە جێدا ناکرێ هەموو کەس جلوبەرگی پێشمەرگانەی خاکی لەبەر بکا. داپیرەیەک، یان ئەو هەمووە کیژ و خانمەی لە شار و دێهاتی کوردستان دەژین، هەر مەعقووڵ و گونجاو نییە، داوایان لێ بکرێت ڕەنگەکانی دیکە وەلا بنێن و هەموویان خاکیپۆش بن. هەر جوانیش نییە هەموویان یەک ڕەنگیان لەبەردابێت. داوا و چاوەڕوانییەکە بە تێگەیشتنی من ئەوەیە کە بەرگێک و ڕەنگێک کە ڕوو بە ڕێژیمی ئێران واتادارە، واتای کۆڵنەدان و بەچۆک دانەهاتن، واتای مافخوازی، واتای هاوپێوەندی لەگەڵ پێشمەرگە و خەباتکارانی کوردستانی هەیە، دیارترین جلوبەرگ و چالاکترین ڕەنگ بێت. هەر بەشداری و پێشوازیی کچان و ژنان لەو خاکیپۆشییە و لە خاکیپۆشان، دەیسەلمێنێت کە باوەڕ بە "ژن، ژیان، ئازادی" بە کردەوە لەم شێوە خەباتەشدا ڕەنگی داوەتەوە. دەیسەلمێنێت کە لە ڕوانگەی ژنانی کوردستانەوە، هەر خاکیپۆشێک، هەڵگری دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی"یە.

٦- دژایەتیی ئەندامان و لایەنگرانی هێندێک ڕێکخراو، یان هێندێک چالاکی سیاسی و میدیایی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات لەگەڵ ناودێرکردنی "نەورۆزی خاکیپۆشان" و دیاردەی خاکیپۆشین بەرهەمی بە هەڵە تێگەیشتن لەم دیاردەیە

و لەم ناودێرکرانەیە. هەر بەم جۆرەش، هەوڵی هێندێک ئەندامان و لایەنگرانی حیزبێکی دیاریکراویش، بۆ ئەوەی مۆرکی حیزبی لەم حەرەکەتە بدەن، هەڵەیە. ئەم کارە هەم لە ڕووی ئەمنییەتییەوە دروست نییە، هەم زیان بە گشتگیر بوونی زیاتری حەرەکەتەکە دەگرێت و دەبێتە هۆی خۆبواردنی حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکە لە پشتیوانیکردنی نەورۆزی خاکیپۆشان.

٧- حاشا لەوە ناکرێت کە حیزبی دیموکرات نەک لەم ساڵانەدا بەڵکوو لە درێژایی مێژووی خۆیدا، پتر لە هەر ڕێکخراوێکی سیاسیی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بایەخی بەو پرسە کولتوورییانەی خەڵک داوە کە پێوەندییان بە ناسنامەی نەتەوەیی ئەوانەوە هەیە، وەک فێربوون و فێرکردنی زمانی کوردی، کۆڕ و کۆبوونەوە و چالاکییە ئەدەبی و هونەرییەکان، جلوبەرگ و هەڵپەڕکێی کوردی، جێژن و بۆنە نەتەوەییەکان بە تایبەتی نەورۆز، هاندانی گیانی هاوپێوەندی و پشتی یەکتر گرتنی خەڵک لە کاتی ڕوودانی کارەساتە سروشتییەکان، ئاگرگرتنی دارستانەکان و...هتد. ئەمەش شتێکی سەیر نییە، پێکهاتەی حیزبی دیموکرات و بنکە کۆمەڵایەتییەکەی، جەماوەرییە و، چییەتیی ئامانجەکان و خەباتەکەشی نەتەوەیی و ناسنامەخوازی و ناسنامەپارێزییە. بۆیە سروشتییە کە ئەم حیزبە کاریگەریی زیاتری لەسەر ئەو شێوە خەبات و تێکۆشانانەی خەڵک لەنێوخۆدا هەبووە. زۆر ناڕەوا و هەڵە دەبێت، ڕێکخراوێکی سیاسی، یان ڕووناکبیر و چالاکێکی کەلتووری سەبارەت بەم ڕاستییە، بەرامبەر حەرەکەتێکی گشتی و جەماوەریی دژ بە ڕێژیمێکی دیکتاتۆر، گارد بگرن و بە بیانووی جۆراوجۆر بکەونە دژایەتیکردنی.

٨- ئەم قسەیەش کە ناوی"خاکیپۆش" لە ئەدەبیاتی ڕێژیم بۆ پاسدار و بەسیجی و چەکدارەکانی دیکەی وەرگیراوە، ناتوانێت پاساوێکی بەهێز بۆ دژایەتیی ئەم دیاردەیە و ئاهەنگە نەورۆزییەکان لە ژێر ناوی "نەورۆزی خاکیپۆشان"دا بێت. جگە لەوەی ئەو وشەیە نزیکەی ٦٠ ساڵ لەمەوبەر (*) لە شێعری کوردی و هەر وەک ئاماژە بۆ پێشمەرگە بە کار هاتووە، هەر لەجێدا ناکرێت بەکارهێنانی هێندێک وشەی زمانەکەمان لە خۆمان قەدەغە بکەین چونکە گۆیا دوژمنانی ئێمە بەکاریان هێناوە. وشەی پێشمەرگە (دیارە بە ئاوەڵناوی موسوڵمانەوە)، شەهید، خەبات، خەباتگێڕ، شۆڕش، شۆڕشگێڕ و دەیان وشەی دیکە لە ئەدەبیاتی کۆماری ئیسلامیدا بەرچاو دەکەون. ئایا دەکرێت بەکارهێنانیان لە خۆمان قەدەغە بکەین؟

(*) بڕوانە دیوانی "بۆ کوردستان"ی هەژار موکریانی، شێعری "چۆن جێژنە ئەگرین"( ١٩٦٨ نووسراوە)، لاپەڕەی ٣٠٣.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٣ی ڕەشەمەی ٢٧٢٤

**٢٠٢٥**

## زۆربەی خاڵەکانی ڕێککەوتنەکە لە بەرژەوەندەی دەسەڵاتی تازەی سوریادان

**وتوویژیی تایبەتی "قەندیل پرێس" لەگەڵ "دوکتور قادر وریا" مامۆستای زانکۆ، سەبارەت بە ڕێککەوتنی نێوان "هەسەدە" و "حکوومەتی نوێی سووریا."**

**د. قادر وریا، مامۆستای زانکۆ، دەڵێت: "ئەگەر بتوانن ئەم ڕێککەوتن و ئەم دەسکەوتە، بۆ پاراستنی خاک و خەڵکی ڕۆژاوا و بەشێک لە دەسکەوتەکانی چەندین ساڵەی خەبات و خۆبەڕێوەبەریی خۆیان بەکار بێنن، بە شتێکی باشی دەزانم".**

**قەندیل پرێس**: به ڕای بەڕێزتان بۆ لەم کاتەدا ئەم ڕێککەوتنەی نێوان بەڕێز مەزڵوم عەبدی و ئەحمەد شەرع ئەنجامدرا؟ بە تایبەت ئاگادارین کە ڕێزدار ئۆجالان نامەیەکی ناردووە بۆ خۆسەریی و هەروەها مەزڵوم عەبدی ڕایگەیاندووە کە مایکل کورێلا فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا هانیداوە بۆ ئەنجامدانی ئەم ڕێککەوتنە لە لایەکی تریشەوە دەبینین کە دەوڵەتی ئیسرائیل تا ئێستا دژ بە حکوومەتە نوێکەی سوریا هەنگاو هەڵدەگرێت، یانی پرسیارەکە ئەمەیە چ گۆڕانێک ڕوویداوە کە ئەم ڕێککەوتنە واژۆ کراو چ کاریگەریەکی لەسەر مەیدانی سیاسی سوریا دەبێت؟

**د. قادر وریا**: ئەوە کە بۆچی و لەم هەلومەرجەی ئێستادا ئەم ڕێککەوتننامەیە واژۆ کراوە، بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە. لەم بڕوایەدام هەر دوو لایەنی ڕێککەوتنەکە، لە ڕووی ناچارییەوە ملیان بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ یەکتر داوە. پێشترهەر دوولا بە تایبەتی دەسەڵاتی نوێی سوریا، هەوڵیاندا بەو جۆرەی بۆخۆیان دەخوازن، کێشەی نێوان ڕۆژاوای کوردستان و دەسەڵاتی نوێ یەک لایی بکەنەوە، بەڵام هیچیان نەیتوانی ویستی خۆی بەسەر ئەویتردا بسەپێنێت.

دەوڵەتی تورکیا لە ڕۆژی یەکەمی هاتنەسەرکاری دەسەڵاتی نوێی سوریا، بۆ یەک ساتیش لە دژایەتیکردنی دەسەڵاتی خۆسەری دیموکراتیک لە ڕۆژاوا و هێرشی هەوایی بۆسەر ئەو ناوچانە و هاندانی تاقمە بەکرێگیراوەکانی بۆ شەڕ پێفرۆشتن بەو دەسەڵاتە کوردییە، غافڵ نەبووە. هەروەک پێشتریش درێغی لە دژایەتیی دەسەڵاتی خۆسەری دیموکراتیک لە ڕۆژاوادا نەکردووە. حکوومەتەکەی ئەحمەد شەرعیش هەوڵی دەدا بێ ڕێککەوتن و بێ بەرعۆدەبوونی جێبەجێکردنی خواستی کورد لە

## بەشی سێهەم

سوریا، کۆتایی بە دەسەڵاتی کوردی بێنێ و لە نێو دام و دەزگاکانی دەسەڵاتەکەی خۆیدا بیانتوێنێتەوە. بەڵام بەو هۆیەوە کە خۆسەری دیموکراتیک هەم پشتیوانیی خەڵکی ناوچەکانی ڕۆژاوای هەیە، هەم وڵاتانی ڕۆژاواییش، بە هۆکاری هاوپەیمانەتیی دەسەڵاتی ئەو ناوچەیە لە شەڕی دژ بە داعش و هەر لەو کاتەدا ناوەرۆکی دیموکراتیک و پێشکەوتوانەی هەتا ئێستا پشتیوانیی لێدەکەن، نەیتوانی بە زۆر و هەڕەشە ئەو کۆسپە لەسەر ڕێی خۆی لابەرێت. ناچار ڕێگەی ڕێککەوتنی گرتەبەر.

ئەم قسەیە لە بارەی هێزە دیموکراتیکەکانی سوریاش (هەسەدە) هەر ڕاستە. ئەوانیش لەگەڵ ئەوەی دەزانن ئەو حکوومەتەی ئێستا، بەرئەمری تورکیایە؛ بەڕێوەبەرە سەرەکییەکانی لەگەڵ پلۆرالیزم و دیموکراسی و بەها پێشکەوتووەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی نامۆ و تەنانەت دژن؛ بەڵام بووە بە ئەمرێکی واقیع. وڵاتانی ڕۆژاوایی و زۆربەی وڵاتانی ناوچە، دانیان پێداناوە و خەریکن خۆیانی لەگەڵ دەگونجێنن؛ گەمارۆکانی سەر سوریایان یان لابردووە یان خەریکن لایدەبەن؛ حەز دەکەن هەرچی زووتر سەقامگیری لەو وڵاتە پێک بێت و دەرفەت بۆ بەرژەوەندە سیاسی و پڕۆژە ئابوورییەکانیان بێتە کایەوە. لە پێناوی ئەم سیاسەتەشیاندا، چاوەڕوانکراوە کە ئەوەندە پشتیوانییەی تا ئێستا لە ڕۆژاڤایان کردووە، کۆتایی پێ بێنن. دەسەڵاتی خۆسەری دیموکراتیک، لە دۆخێکی ئەوتۆدا با شەرعیەتی گەلی و ناوەرۆکێکی دیموکراتی و مودێرنیشی هەبێت، با هێزی ڕاهێنراوی پێکهاتوو لە کچ و کوڕی لێوەشاوە و دامەزراوەی جۆراوجۆری جێگەی پشتیوانیی خەڵکیشی هەبێت، ئەگەر ڕێگای دژایەتی و بەربەرەکانیی دەسەڵاتی نوێی سوریای درێژە پێدابا، بێ پشتیوانیی دەرەکی، دەکەوتە نێوان بەرداشی تورکیا و دیمەشق و ڕووبەرووی داهاتوویەکی ناڕوون دەبۆوە. بەم پێیە هەر دوولا بەرژەوەندیان لە ڕێککەوتندا بوو.

ئەوەندەش کە پێوەندیی بە پەیامی بەڕێز ئوجەلانەوە هەیە، بێ ئەوەی ئاگاداری نێوەرۆکی پەیامەکەی بەڕێزیان بۆ خۆسەری دیموکراتیک بم، پێموایە هاندەر بووە بۆ ئەم ڕێککەوتنە. چونکە ئوجەلان کاتێک بۆ خۆی لە تورکیا دەیهەوێ پرسی کورد لەچوارچێوەی برایەتیی کورد و تورکدا چارەسەر ببێت و لەگەڵ پێداگری لەسەر فیدرالی و دەسەڵاتی نەتەوەیی و کوردیدا نییە، چۆن دەکرێت بۆ هێزێکی کوردی لە سوریا کە لە بیروباوەڕی خۆی بە نزیکیان دەزانێت، ئەویش لە پێوەندیی لەگەڵ دەسەڵاتێکی نوێ لە سوریا کە بەرئەمری دەوڵەتی تورکە، ڕێگایەکی دیکەیان بخاتە بەردەم؟ بۆیە وا بیر دەکەمەوە کە پەیامی بەڕێز ئوجەلانیش ڕێخۆشکەر و هاندەر بووە بۆ ئەم ڕێککەوتنە.

**قەندیل پرێس:** شرۆڤەی بەڕێزتان لەسەر دەقی ڕێککەوتنەکە چییە؟ (بەلەبەر چاوگرتنی کاریگەریی ئەم ڕێککەوتنە لەسەر

داهاتووی نەتەوەی کورد لە سوریا).

**د. قادر وریا**: من ئەگەر بە ئەرێنی سەیری ئەو ڕێککەوتنە بکەم زیاتر لەو ڕوانگەوەیە کە لەهەلومەرجی ئێستادا خەڵک و خاکی ڕۆژاوای کوردستان لە قەڵاچۆ و داگیرکاریی تورکیا و دەسەڵاتی نوێی سوریا دەپارێزێت، بیانوویان لەدەستدا ناهێڵێت.

من نازانم لە چوارچێوەی ئەو ڕێککەوتنەدا بێجگە لەو خاڵانەی ڕاگەیەندراون، چ ڕێککەوتنێکی دیکە هەیە، هیوادارم پەسندکراو و ڕێککەوتنی دیکە هەبن کە لە مەیدانی کردەوەدا بالانسەکە هەتا ڕادەیەک لەبەرژەوەندەی کورد لە ڕۆژاوا بەرێتە سەر. بەڵام ئەوەندە خاڵەی ڕاگەیەندراون، زۆربەی هەرە زۆریان لە بەرژەوەندەی دەسەڵاتی تازەی سوریادان. ئەمەش شتێکی چاوەڕوانکراوە. کاتێک دوو لایەنی ڕێککەوتن، هاوسەنگیی هێزیان لەنێواندا نییە، ئاشکرایە لایەنی کەم هێزتر، ناچارە ئیمتیازی زیاتر بدات.

**قەندیل پرێس**: بە ڕای جەنابتان دەسکەوتەکانی ئەم ڕێککەوتنە بۆ نەتەوەی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان چین؟

**د. قادر وریا**: بێجگە لەوەی لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا ئاماژەم پێکرد(پاراستنی خەڵک و خاکی ڕۆژاوای کوردستان لە نیازە شوومەکانی دەوڵەتی تورکیا و دەسەڵاتی نوێی سوریا)، دانانی بە کورد لە سوریا و قبووڵکردنی مافە شارۆمەندییەکانی لە دەستووری ئەو وڵاتەدا (بە بەراورد لەگەڵ مێژووی هەتا ئێستای سوریا) بۆ کورد بە دەسکەوت دەزانم، هەرچەند ئەو دەسکەوتە لە ئاست خەبات و قوربانیدانی نەتەوەکەمان لە ڕۆژاوا، ڕۆڵیان لەدژایەتیی تیرۆریزم و گرووپە کۆنەپەرستەکاندا و هێنانی بایەخە نوێیەکانی وەک یەکسانیی ژن و پیاو و پێکەوە ژیانی جۆراوجۆرییە ئایینی و نەتەوەیی و زمانی بۆ ئەو وڵاتە، زۆر بە کەم و بچووک دەبینم. بەڵام ئەگەر بتوانن ئەم ڕێککەوتن و ئەم دەسکەوتە، بۆ پاراستنی خاک و خەڵکی ڕۆژاوا و بەشێک لە دەسکەوتەکانی چەندین ساڵەی خەبات و خۆبەڕێوەبەریی خۆیان بەکار بێنن، بە شتێکی باشی دەزانم.

سەرچاوە: ماڵپەڕی قەندیل پرێس – ڕێکەوتی: ١٣ی مارچی ٢٠٢٥



سەرچاوە
Serchawe

## پەیڤێک بۆ بەردەم پەیکەری بەخشندەیی و خۆڕاگری

**لە ٣٨ ساڵەی پیلانی تیرۆریستیی ١٦ی سەرماوەز لە دژی مامۆستا حەسەن شیوەسەڵیدا،**

**١٦ی سەرماوەز، ئەو ڕۆژەیە کە ڕێژیمی ئێران تێیدا توانی لە تاوانێکی تیرۆریستیدا، دوو دەست و دوو چاو لە یەکێک لە هەڵکەوتەترین فەرماندەرانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بستێنێ.**

بەو ناسیاوی و زانیارییەی لە ماوەی زیاتر لە ٤٥ ساڵی ڕابردوودا لەسەر سەرکردە مەیدانییەکانی خەباتی شۆڕشگێڕانەی کوردستان و فەرماندەرە هەرە دیارەکانی هێزی پێشمەرگە لە هەر دوو دیوی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان هەمە، دەتوانم بڵێم مامۆستا حەسەن شیوەسەڵی، لەنێویاندا ئەگەر نەڵێم بێ هاوتا بە ڕاستی کەم هاوتایە. ڕەنگە پێچەوانەی ڕاستی بێت ئەگەر بڵێم لەو بە پلانتر، فەرماندەتر، ئازاتر، سیاسی تر، هەڵسووڕتر، نووسەرتر، خوێندەوارتر، جوانچاکتر یان خەڵکیتر و خاکی ترمان نەبووە، بەڵام زێدەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێم بە دەگمەن کەسی وا لەنێویاندا هەبووە کە لە یەک کاتدا، هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی لە ئاستێکی بەرزدا تێدا بێت. مامۆستا شیوەسەڵی هەموو ئەو سیفەتە بەرز و جوانانەی لە خۆیدا کۆ کردبۆوە، هەر ئەمەش وای کردبوو ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە دەیان گەڵاڵە و پیلان بۆ لەناوبردنی دابڕێژێت تا سەرئەنجام بە داخەوە لە پیلانەکەی ڕۆژی ١٦ی سەرماوەزی ١٣٦٦دا سەرکەوت و توانی زەبرێکی گەورە لە جەستەی ئەو سەرکردە بەوەجە بوەشێنێ کە ئەستاندنی هەر دوو چاو و هەر دوو دەستی، بەشێک لەو خەسارە گەورەیە بوون.

٣٨ ساڵ بەسەرڕووداوی تیرۆری مامۆستا شێوەسەڵیدا ڕادەبرێت، بەڵام من لە خۆم ڕانەدیتووە شتێکی شیاوی گەورەیی ئەو مرۆڤە بنووسم. ئەم نووسینەشم تەنیا بۆ ئەوەیە بەرلۆمەی ویژدانی خۆم نەبم ئەگینا هەتا ئێستاش لە خۆم ڕانابینم بە قەدی ئەو چیابەرزەدا هەڵزنێم. زۆر جار لە خەڵوەتی خۆمدا، خۆم بەبێ دەست هێناوەتە بەرچاو و بیرم لە کێشەکانی خۆم وەک مرۆڤێکی بێبەش لەهەر دوو دەست کردووەتەوە؛ نەمتوانیوە خەیاڵەکەم بەردرێژ و بەرفرەوان بکەمەوە و وازم لێ هێناوە. گەلێک جاران، خۆم لەجێی کەسێکی بێبەش لە ڕووناکیی هەر دوو چاو داناوە و کێشە و ئالەنگارییەکانی خۆمی بە خەیاڵ نابینام، لای خۆم وێنا کردووە. دڵم وێک هاتووە و هەناسەم سوار بووە و ئازایەتیی چەند چرکە درێژەدانی ژیان

لەگەڵ ئەم مۆتەکەیەم نەبووە. بە خۆم کوتووە ئەدی کەسێکی وەک مامۆستا شێوەسەڵی کە هەر دوو چاو و هەر دوو دەستی نین، دەبێ ئەو ٣٨ ساڵەی کە هەر چرکەیەک بۆ ئەو عەزابێک بووە، چۆن بەڕێ کردووە. مامۆستا شێوەسەڵی بۆ خۆی تەعبیرێکی وەک "ڕەشە ژان" یان ژیان لەنێو تاریکیی هەتاهەتاییدا بەکار هێناوە، کە بەداخەوە ڕاست وایە.

بەڵام گەورەیی ئەو پیاوە هەر لە بەچۆکدانەهاتن لە ئاست ئەم تاریکی وبێ دەستییەدا نییە. شێوەسەڵی هەموو کات بە وتە و پەیامەکانی، چرایەکی ڕووناکیدەر لە کۆڕی خەبات و لە نێو سەنگەری تێکۆشان لە هەموو گۆڕەپانەکاندا بووە. ئەوە بەجێی خۆی کە هەر قەڵافەتی وەک کوردستان کوت کوت کراوی، هاندەر و بانگەوازێکە بۆ چێرەگرتوو بوونی لاوی کورد لەسەر تۆڵەی ڕێبەران و فەرماندەرانی لە گوێن شێوەسەڵی شەهیدی زیندوو لە دوژمنی غەددار؛ وتە ناو بە ناوەکانی، پەیام و ئامۆژگارییەکانی، یادکردنەوەی ئەمەگناسانەی لە هاوڕێ هاوسەنگەر و هاوخەباتەکانی، هاوخەمی و سەرەخۆشییەکانی، بەشێکی شوێندانەر لە ئەدەبیاتی بەرگری و نەتەوەیی و ئازادیخوازیی ئەم چوار دەیەی ڕابردوون. من لە نزیکەی ٣٥ ساڵ لەمەوبەرەوە، لەو کاتەوە کە نووسینێکی ئەوم بە بۆنەی شەهید بوونی، ڕەحیم قازنجی - یەک لە هاوڕێ هەرە خۆشەویستەکانی - بۆ بڵاوکردنەوە لە گۆڤاری "لاوان" لە کاسێت دابەزاند، سەرسامی داڕشتن و توانایی ئەدەبی و قووڵایی دەریای زانیاریی گشتیی ئەو مرۆڤەم. هەموو جارێش کە گوێ لە پەیام و لێدوانێکی تازەی دەگرمەوە، ئەم سەرسامییەم نوێ دەبێتەوە.

کێ هەیە نەزانێت، دوای ورەبەرزی و دڵ پتەویی خۆی، ئەوە لەخۆبووردوویی، هاوڕێیەتی و پێڕاگەیشتنی دڵسۆزانە و بێ وێنەی کولسووم خانمی هاوژیانیەتی کە وای کردووە قامەتی ئەو سەرکردەیە هەروا بە ڕاوەستاوی لە پێدەشتی ژیان و لە مەیدانی تێکۆشاندا بمێنێتەوە؟ لە ٣٨ ساڵەی پیلانی تێرۆریستیی ١٦ی سەرماوەز لە دژی مامۆستا حەسەن شێوەسەڵیدا، وێڕای دانەواندنی سەری ڕێز لە ئاست بەخشندەیی و خۆڕاگریی ئەو گەورە تێکۆشەرە، سەربەرزی، ڕاوەستاوی و تەمەندرێژیی خۆی و کولسووم خانمی هاوژیانی ئارەزوو دەکەم. هیوادارم ئەو دوو ئازیزەی کوردستان، بە زوویی ڕووخانی ڕێژیمی تێرۆریستی ئێران ببینن و لە گۆڕەپانی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەنێو ئاپۆرای سەدان هەزار کەسیی خەڵکەکەماندا، شایەدی پێشکەشکردنی تاجە گوڵینەی ڕێزلێنان و ئەمەگناسیی نەتەوەکەمان بە خۆیان بن .

سەرچاوە: فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ٦ی دێسەمبەری ٢٠٢٥

# چل ساڵ لەگەڵ "حەمەدۆک"دا

یەکەم جار، زستانی ١٣٦٤(١٩٨٦) بوو کە بەرگی یەکەمی ڕۆمانی "حەمەدۆک"م لە وەرگێڕانی مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە خوێندەوە. دیارە ئەو کات نەمدەزانی کە ئەم ڕۆمانە چەند بەرگی دیکەشی هەن و ڕۆژێک لە ڕۆژان وەرگێڕ، ئەوانیش بۆ سەر زمانی کوردی وەردەگێڕێت.

چاپ و بڵاوبوونەوەی ڕۆمانی "حەمەدۆک" لەو سەردەمدا، هەر تەنیا چاپی کتێبێک بە زمانی کوردی نەبوو، دەنگدانەوە و ڕەنگدانەوەیەکی ئەوتۆی هەبوو کە دەکرا بە ڕووداوێکی گرنگ لە گۆڕەپانی زمان و ڕۆشنبیریی کوردیدا چاوی لێ بکەی. هۆیەکەی جگە لە سەرنجڕاکێش بوونی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە و نزیک بوونی لە ژیانی باب و باپیرانی ئێمە، ئەو زمانە کوردییە جوانە بوو کە وەرگێڕ سەرکەوتوانە ڕۆمانەکەی پێ وەرگێڕابوو. دەتوانم بڵێم ئەو کات کەم کەس هەبوون کە بە خوێنەری کورد(بە ئەلفوبێی ئارامی) بژمێردرێن و "حەمەدۆک"یان نەخوێندبێتەوە یان هەوڵی بەدەستهێنانی "حەمەدۆک"یان نەدابێت.

کاتێک مامۆستا حەسەنزادە بەرگی دووهەمی "حەمەدۆک"ی وەردەگێڕا، لەمێژ نەبوو لە دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی "کوردستان" ببووم بە هاوکاری. ڕۆژێک مامۆستا بانگی کردمە ماڵی خۆیان و دەفتەرێکی دەستنووسی پێدام. گوتی ئەمە بەرگی دووهەمی "حەمەدۆک"ە چەند دەفتەری دیکەشن، دوایە بە نۆرە ئەوانیشت وێدەدەم. دەمەوێ بیانخوێنیەوە، بۆ دوو مەبەست: ئەگەر لەسەر وەرگێڕانەکە تێبینیت هەبوو، پێم بڵێی؛ پاشان ئەو وشانەی پێتوایە دەبێ بکەونە "فەرهەنگۆک" و واتاکەیان بۆ خوێنەر ڕوون بکرێتەوە، دەستنیشانیان بکە. مەبەستی یەکەمیم بە تەعاروف زانی، چونکە توانایی و ئەزموونی ئەو کاتم لەو ئاستەدا نەبوو من ببم بە ڕەخنەگری وەرگێڕانی ئەو. بەڵام دووهەمیانم لەدەست دەهات. زۆریشم پێخۆش بوو کە ئەو کارەی پێسپاردم، چونکە جگە لەوەی بەرگێکی دیکەی "حەمەدۆک"م بەهاسانی و بەخۆڕایی هاتبووە بەردەست و دەمخوێندەوە، دەشمزانی بە هۆی ئەم کارەوە لەگەڵ زۆر وشە و دەستەواژە و پەند و ئیدیۆمی کوردی ئاشنا دەبم وفەرهەنگی زمانە کوردییەکەی خۆمی پێ دەوڵەمەند دەکەم. دیارە ئەو کات لە زانینی وشەی کوردیدا هەر زۆر هەژار بووم، هەر بۆیە لەهەر دەفتەرێکی دەستنووسدا، زیاتر لە سەد وشە و دەستەواژەم بۆ فەرهەنگۆکەکە هەڵدەبژارد، چونکە بۆخۆم یەکەم جار بوو دەمدیتن و دەمخوێندنەوە، وامدەزانی خەڵکی دیکەش وەک من وان و واتاکەیان بە باشی نازانن.

## بەشی سێهەم

چەند ساڵێک تێپەڕی. پێمان نابووە نێو نەوەدەکانی سەدەی بیستەم. نۆرەی بەرگی سێهەمی "حەمەدۆک" هات. چونکە قەبارەی وەرگێڕانە کوردییەکەی ئەو بەرگە، زۆر ئەستوور دەبوو، مامۆستا حەسەنزادە کردی بە دوو بەرگ. دیارە ئەمجارە لە جیاتی دەستنووسەکەی خۆی، تایپکراوەکەیانی پێدام، تا هەم هەڵە چاپییەکان بدۆزمەوە و دەستنیشانیان بکەم، هەمیسان ئەو وشانەی بۆ فەرهەنگۆک دەست دەدەن، دیاریان بکەم. بێ گومان ئەوە خۆش شانسیی من بوو کە دوای مامۆستا و تایپیستەکە، دەبووم بە یەکەم خوێنەری بەرگ(بەرگەکان)ی سێهەمی "حەمەدۆک". هەر چەند ئەو تامەی لە خوێندنەوەی ڕۆمانێک بە چاپکراوی هەیە، لە خوێندنەوەی دەستنووس یان تایپکراوی هێشتا چاپنەبوودا نییە.

هەر جارەی کە بەرگێکی تازەی "حەمەدۆک" چاپ دەکرا و بڵاو دەبۆوە، بازاڕی کتێب لە باشووری کوردستان، جووڵەی تێدەکەوت. کتێبەکە بە زوویی لە کتێبفرۆشییەکان تەواو دەبوو و ئەو خوێنەرانەی دەستیان نەکەوتبوو، دەکەوتنە وەرگرتنی لەم و لەو کە "حەمەدۆک"ی تازەیان هەبوو، یان بە گرانتر لە نرخی بازاڕ لێیان دەکڕینەوە. قارەمانەکانی "حەمەدۆک" ببوونە وێردی سەرزاری خوێنەران. لە بنکە و بارەگاکانی پێشمەرگەدا، "حەمەدۆک" بەر نەدەکەوت و ئەوەندەی ئەم دەست و ئەو دەست دەکرد، شەق و شڕ دەبوو.

حەمەدۆک بەم سێ بەرگ وچوار کتێبەی، بۆ ماوی ٢٥ ساڵێک هەروا پڕ خوێنەرترین و نازدارترین ڕۆمان لای خوێنەری کورد بوو. من هەر لەسەردەمی بازاڕگەرمیی حەمەدۆکدا، چەندین ڕۆمانی دیکەم خوێندوونەوە کە لە زمانەکانی دیکەوە کرابوون بە کوردی، هێندێکیان هەر ڕۆمانی یەشار کەماڵیش بوون، بەڵام تەنیا لە خوێندنەوەی حەمەدۆکدا بوو کە هەستم نەدەکرد ئەم ڕۆمانە، وەرگێردراوە؛ هەروام دەزانی بە کوردی نووسراوە. ئەمە چڵە پۆپەی سەرکەوتنی وەرگێڕێکە کە دەقەکە بەجۆرێک وەربگێڕێتە سەر زمانەکەی خۆی کە خوێنەر وا بزانێت ئەم دەقە هەر لە بنەڕەت ڕا بەو زمانە نووسراوە.

سەدەیەک و هەزارەیەکی نوێ دەستی پێ کرد. بەرگی چوارەمی حەمەدۆک بە زمانەکانی دیکە بڵاو ببۆوە، بەڵام نەکرابووە فارسی و عەرەبی کە مامۆستا حەسەنزادە لەو دوو زمانەوە دەیتوانی بیکاتە کوردی. لێرەدا بوو کە نووسەر و شاعیری ناسراو، مامۆستا عوسمان ئیسمائیلی(ئاشق) کە هەم لە وەرگێڕان و زانینی کوردییەکی ڕەوان(کوردیی ناوەندی)دا، لەمێژساڵ بوو توانابوونی خۆی سەلماندبوو، هەم سۆئێدییەکەشی زۆر باش بوو، بە هاندانی مامۆستا حەسەنزادە، قۆڵی لە وەرگێڕانی بەرگی چوارەمی حەمەدۆک هەڵماڵی و ساڵی ٢٠١١، لە حاڵێکدا خوێنەران و هۆگرانی حەمەدۆک ساڵانێک بوو بە ئاواتیەوە بوون، کەوتە بازاڕەوە. من هەمووی ١٢ کاتژمێرێکە لە گوێگرتنی بەرگی چوارەمی "حەمەدۆک" بوومەوە. لەبارەی وەرگێڕانەکەی مامۆستا عوسمان ئیسمائیلییەوە هەر ئەوەندە دەڵێم کە لە کاتی گوێ لێگرتنیدا هەستم بە جیاوازییەکی

ئەوتۆ لەگەڵ بەرگەکانی پێشوو نەکردووە و ئەگەر زانیاریی پێشترم نەبا، هەروام دەزانی ئەم بەرگەش مامۆستا حەسەنزادە کردوویەتی.

لەو کاتەوە تا ئێستا لانی کەم - ئەوەندەی من ئاگادارم - دووجار هەرچواربەرگی حەمەدۆک پێکەوە چاپ کراونەوە. لەم ساڵانەی دواییشدا، "حەمەدۆک" کراوە بە پەرتووکی دەنگی و لەگەڵ پێشکەوتنەکانی سەردەم و نیاز و پێداویستییەکانی مرۆڤی ئەم ڕۆژگارە خۆی گونجاندووە. بەم جۆرە "حەمەدۆک"، هەتا ئێستاش لەگەڵ خوێنەرانی کورددا هەروا دەژی.

مانگێک لەمەوبەر، بڕیارم دا جارێکی دیکە پێ و شوێنی "حەمەدۆک" هەڵ بگرم. ئەمجارە وا ساغ بوومەوە بە گوێگرتن بە ڕۆمانی "حەمەدۆک"دا بچمەوە، چونکە جگە لەوەی کتێبەکانم بە دەستەوە نەبوون تا بیانخوێنمەوە، بار و دۆخێکی تەندروستی کە من تێیدابووم و تێیدام، بۆ گوێگرتن گونجاوتر بوو تا بۆ خوێندنەوە لە سەر کاغەز یان لەسەر لاپتۆپ. لای خۆم سێ ئامانجم بۆخوێندنەوەی دووبارەی "حەمەدۆک" دیاریی کردبوو. یەکەم ئامانجم وەبیر هاتنەوەی کۆمەڵێک لە قارەمانەکان و کەسایەتییەکان و ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە بوو. شتێکی سروشتی بوو دوای تێپەڕینی دەیان ساڵ لە خوێندنەوەی هەر بەرگێکی ئەم ڕۆمانە، زۆر شتم لەبیرچووبێتەوە. ئێستا کە کات و دەرفەتم هەبوو بۆچی بەم گوێلێگرتنەی ڕۆمانەکە ئەم کەسایەتی و ڕووداوەکان و دیالۆگەکانی نەگەڕێنمەوە بۆ نێو یادگەی خۆم ؟ دووهەم ئامانجم دەمەزەرد کردنەوەی کوردییەکەی خۆم بە تایبەتی لە باری بەبیرهاتنەوەی بەشێک لەو وشە و ناو و دەستەواژانە بوو کە لە ژیانی لادێ وکۆچەری و ئاژەڵداری و کشتوکاڵیدا برەویان هەبوو. ماوەیەکە نووسینێکی دوور و درێژم دەست پێکردووە کە پێوەندیی زۆری بە ژیانی لادێیەوە هەیە. دەمزانی خوێندنەوەی دووبارەی حەمەدۆک بۆ هەر کەسێک بیهەوێ زمانێکی کوردیی پاراوتری هەبێ، زۆر بە سوودە. سێهەم ئامانجیشم خوێندنەوەی بەرگی چوارەمی حەمەدۆک لە وەرگێرانی مامۆستا عوسمان ئیسماعیلی(ئاشق)بوو. دیارە مامۆستا ئاشق کاتی خۆی نوسخەیەک لەم کتێبەی وەک دیاری بە دەسخەتە جوانەکەی خۆی پێشکەش کردبووم. بەڵام مامۆستایەکی قەرزکوێری دەڤەری بیتوێن، ئەو کات لێی وەرگرتم، بەو قەولەی کە بیخوێنێتەوە و پێم بداتەوە. لەو کاتەوە هەتا ئێستا ١٢-١٣- رابردووە و ئەوە ئێستاش بۆم دەنێرێتەوە. خۆ دەکرا لە شوێنی دیکە، نوسخەیەک لە بەرگی چوارەم پەیدا بکەم و بیخوێنمەوە، بەڵام کەمتەرخەمی و بێ موبالاتیی خۆشمی تێدابوو. من ئەو پەرتووکە دەنگییەم بۆ گوێگرتن هەڵبژارد کە ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان ئامادەی کردووە. بەرگی یەکەمی لە ٤٧ بەش یان فایلی دەنگی، بەرگی دووهەم لە ٥٨ فایلی دەنگی، بەرگی سێهەم لە ٤٢ فایلی دەنگی و بەرگی چوارەم لە ٤٥ فایلی دەنگی پێکهاتووە. سەرجەمی هەر چوار بەرگەکە بە دەنگی "پێشڕەو عومەر"ە کە دەنگێکی باش و خۆشی هەیە. بۆ خۆم پێموایە کتێبە دەنگییەکە و فایلەکانی باش ئامادە کراون، ماوەی فایلەکان درێژ و بێزارکەر نین(١٥ تا بیست خولەکن).

## بەشی سێهەم

ئەو دەنگە سروشتیانەش کە لە کاتی خوێندنەوەی دەقەکەدا و بە پێی ژینگە و کەشوهەوای ڕووداوەکان، سوودیان لێوەرگیراوە، لەسەر یەک گونجاون.

یەک دوو تێبینیم لە سەر کتێبە دەنگییەکە هەیە. یەکەمیان ئەوەیە کە کاکی بێژەر چونکە بە هێندێک لە وشەکانی حەمەدۆکی کوردی نامۆیە، بە هەڵە دەیانخوێنێتەوە. بۆ نموونە هەر لە بەرگی چوارەم "بەدیومن" واتە ناموبارەک یا شووم بە "بەدیو/ من"دەخوێنێتەوە، "مرۆڤ قابیلی خەتایە"ی کردووە بە "مرۆڤ قابیلی خەیاتە!"، "بەردرێژ"ی کردوە بە "بەر/ درێژ". تێبینیی لەمە گرنگترم ئەوەیە کە بۆچی گۆرانی و مۆسیقای تورکییان لەم سەر و ئەو سەری فایلە دەنگییەکان پەستاوتووە؟ بەشی هەرە زۆری خوێنەران، بۆیە وەرگێڕدراوی کوردیی حەمەدۆکیان خۆش دەوێ، چونکە پێیان وایە وەرگێڕ، حەمەدۆکی کردووەتەوە بە کورد، بەرگی کوردیی بە بەر ئەو قارەمانە ئەفسانەییەدا کردووەتەوە. ئەم قسەیەش هەتا ڕادەیەکی زۆر لەجێی خۆیدایە، چونکە جگە لەوەی یەشار کەماڵ خۆی کورد بووە، بەشێکی بەرچاو لەگۆڕەپانی ڕووداوەکان لە ناوچەکانی باکووری کوردستان ڕوویانداوە و ژمارەیەکی زۆر لە قارەمانان و کەسایەتییەکانی ڕۆمانەکە کوردن، کەچی ستافی کتێبی ڕادیۆیی دەنگی گەلی کوردستان، بەم مۆسیقا و گۆرانییە تورکییە، هەموو جارێ تەشتێک ئاوی سارد بەسەر گوێگری خۆیاندا دەکەن و پێی دەڵێن بە هەڵە نەچی، حەمەدۆک تورک بووە نەک کورد!

حەز دەکەم هەستی خۆم لەدوای دەستەملانێ بوونی دووهەم جاری خۆم لە گەڵ ڕۆمانی "حەمەدۆک" بدرکێنم و ئەم هەستەی خۆم لەگەڵ هەستی دوای یەکەم جار خوێندنەوەی بەراورد بکەم. دیارە مرۆڤ بە تێپەڕینی ساڵەکان، ئاڵوگۆڕ بە سەر هەست و بۆچوونیدا دێت. خودی گۆڕانی سەردەمیش هۆیەکە بۆ پێکهاتنی گۆڕان لە هەست و بۆچوونیدا. گومانی تێدا نییە یەشار کەماڵ، کاتی خۆی (نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەم) بە نووسینی چوار بەرگی ڕۆمانی حەمەدۆک، شاکاری خوڵقاندووە. بەشێک لە مێژووی کۆمەڵایەتی و سیاسیی کۆمەڵی خۆی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، بە شێوەی ڕۆمانێکی شیرین گێڕاوەتەوە. چەوساندنەوەی گوندنشینەکان لەلایەن دەرەبەگەکان و دواتریش دەستبەسەرداگرتنی سەرمایەدارانی شارنشین بەسەر زەوی و زاری گوندە دواکەوتووەکان، لەپاڵ ئەمانەشدا گەندەڵیی سیستەمی سیاسیی وڵات لە دوای پێکهاتنی کۆمار لە تورکیە، خوڵقێنەری هەلومەرجێک بوون کە چەتەیی و یاغی بوون لە دەرەبەگ یان لە میری، ببێت بە دیاردەیەکی باو. دیارە ئەو چەتانەی کە دژی ستەم و چەوسانەوە و لایەنگر و داشداری خەڵکی زۆرلێکراو وهەژار بوون، هەتا ڕادەی ئەولیا و پیاوچاک لەنیوخەڵکدا پیرۆز بوون و لە فۆلکلۆر و ئەفسانە و باوەڕی خەڵکدا، ڕەنگیان دابۆوە.

بەشی سێهەم

چل ساڵ لەمەوبەر، ئەگەرچی لە ڕۆژهەلات و باشووری کوردستانیش پێمان نابووە سەردەم و قۆناغێک کە چەتەیی باوی نەمابوو، بەڵام خۆمان لە جیهانی حەمەدۆک بە نزیکتر دەزانی. لە لایەکەوە هێشتا ئەو گۆڕانە ئابووری و کولتووری و کۆمەڵایەتییە خێرایەی لەم ساڵانەی دواییدا بە هۆکاری جۆراجۆر کوردستانیشی گرتووەتەوە، دەستی پێنەکردبوو؛ لە لایەکی دیکە مۆدێلی بەرەنگاری لەگەڵ ستەم و چەوسانەوەی دەوڵەتی و کۆمەڵایەتی،هەتا ڕادەیەکی زۆر پشتی بە قارەمانەتیی تاکەکان دەبەست کە چەکی پێشمەرگایەتییان کردبووە شان و بە شاخ و بەندەنانەوە بوون.

بەم ئاوڕدانەوە و بەراوردە دەمەوێ بڵێم ئێستا حەز لە ڕۆمانێک دەکەم کە کێشەکانی، ڕووداوەکانی، قارەمانەکانی و تەکنیکەکانی، لە جسنی ئەم سەردەمە بن. ئێستا تاقەتم لە ڕۆمانێک بەسەر دەچێت کە قورساییەکەی بەلای پەسن و وێناکردنی سروشت و ژینگەی ڕووداوەکاندا بێت، هەڵگری کەمترین ڕووداو و ساکارترین دیالۆگ بێت. بەم حالەش لە خوێندنەوەی دووبارەی "حەمەدۆک"(ئەمجارە بە گوێیان نەک بە چاو) پەژیوان نیم، چونکە توانیم هەر سێ ئامانجی دیاریکراوی خۆم بپێکم و جگە لەمەش بیانوویەک و دەرفەتێکم بۆ گۆڕینەوەی بیرورا لەگەڵ ئێوە، هۆگرانی کۆن و نوێی "حەمەدۆک" خوڵقاند.

دووبارە پێزانین و دەستخۆشیم هەیە بۆ مامۆستایان حەسەنزادە و عاشق. هیوادارم کتێبخانەی کوردی هەر وەک پێشوو بە بەرهەمی بیر و قەلەم و زمانی ئەوان بڕازێتەوە و دەوڵەمەند بێت. سپاسی زۆریش بۆ ئێوە دۆستانی هێژام کە تاقەتی خوێندنەوەی ئەم باسە دوو بەشییەی منتان هەبوو.

سەرچاوە: فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ١١و ١٣ی دێسەمبەری ٢٠٢٥



سەرچاوە
Serchawe

## لێکەوتەکانی فایلی دەنگیی ئەمیر کەریمی، پێوەندیی نێوان پەژاک و حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

### تەوەرەی دووهەمی هەڤپەیڤین لەگەڵ قەندیل پرێس:

**قەندیل پرێس: بەپێی ئەو زانیارییانەی کە لە بارەی دوایین کۆبوونەوەی ناوەندی دیالۆگ لە میدیاکان بڵاوکرایەوە، فایلە دەنگییە بڵاوکراوەکان بوونەتە گرێکوێرەی ئەم جارەی هاوکاری حیزبەکان، بە تایبەت ئەوەیکە داوا لە پەژاک کراوە بە فەرمی ئەو فایلە دەنگییانەی کاک ئەمیر کەریمی ڕەد بکاتەوەو پەژاکیش ئەم داواکارییەی ڕەد کردووەو باسی لە فایلە دەنگییەکانی کاک عومەر ئێلخانیزادە و کاک هێمن سەیدی کردووەو ڕایگەیاندووە پەرچەکرداری ئەو چەند حیزبە لەبارەی ئەم دوو فایلە دەنگییە لە بەراوەرد لەگەڵ پەرچەکردارەکان دژ بە فایلە دەنگییەکەی بەڕێز ئەمیر کەریمی لەیەک ئاستدا نین و وادیارە بەستێنەکە زیاتر دژ بە پەژاکە، بە ڕای بەڕێزتان ئەم گرێ کوێرەی ئەمجارە چۆن چارەسەر دەبێت؟**

**د. قادر وریا**: پەژاک، بۆ خۆدزینەوە لە بەرپرسایەتیی خۆی لە ئاست فایلە دەنگییە ئاشکرابووەکەی کاک ئەمیر کەریمی نەدەبوو پەنا بەرێتە بەر ئەو دوو فایلە دەنگییەی ئاماژەت پێکردوون.

**بە چەند هۆکار:**

**یەکەم؛** دەنگدانەوەی نەرێنیی فایلی دەنگیی کاک عومەر ئێلخانیزادە و کاک د.هێمن سەیدی زۆر کەمتر بوون لە دەنگدانەوەی فایلەکەی کاک ئەمیر، تا ئەو ڕادەیە کە ڕەنگە زۆر لە خوێنەران نەزانن مەبەستی ئێوە یان من لە کام فایلی ئەو دوو بەڕێزەیە.

**دووهەم؛** من ئاگادار نیم هیچ فایلێکی دەنگیی نهێنیی دکتۆر هێمن سەیدی بڵاو بووبێتەوە. ئاگادارم کە د.هێمن لە چەند لایڤ و بەرنامەی ڤیدیۆییدا کە نهێنی نەبوون، بەڵکوو گشتی و ئاشکرابوون، ڕەخنەی بۆ وێنە لە کاک عەولا موهتەدی، یان ڕەخنەی لە کاک خالید عەزیزی گرتووە.هەر لەو بەرنامانەشیدا، بەو پەڕی ڕێزەوە باسی مێژووی حیزبەکانی دیموکرات و کۆمەڵە و ڕێبەرە شەهیدەکانی کردووە. لە دوایین فایلیشدا بە توندی ڕەخنەی لەقسەکانی کاک ئەمیر کەریمی گرتبوو، بەڵام هیچ بوختان و بێ ڕێزییەکی بە مێژووی پەژاک و شەهیدەکانی و گریلاکانی نەکردبوو. ئەمانە نە نهێنی بوون، نە



سەرچاوە
Serchawe

بەشی سێهەم

وەک قسەکانی کاک ئەمیر، پڕ بوون لە بوختان و چەواشەکاری. پاشان د. هێمن سەیدی خۆ سەرۆک و هاوسەرۆک و ئەندامی سەرکردایەتیی هیچ حیزب و ڕێکخراوێک نییە، بۆچی حیزبەکان دەبێ وەڵامدەر و بەرپرسیاری قسەکانی ئەو بن.

سێهەم؛ ڕەخنەگرتنی ئەندامی سەرکردایەتی، یان تەنانەت کەسی یەکەمی حیزبێک لە حیزبێکی دیکە، شتێکی ئاساییە. بەڵام هی کاک ئەمیر کەریمی، ڕەخنەگرتن نەبوون، "شەلم کوێرم، کەس نابوێرم" بوختان و بێ ڕێزی بوو بە مێژووی ئەو حیزبانە، بە هێزی پێشمەرگەیان، بە ڕێبەرانیان، بە ژنانی تێکۆشەریان. واتا چاوی خۆی نوقاندبوو و هەرچی بە دەمیدا هاتبوو، وتبووی. من نازانم لە کۆڕ و کۆبوونەوە و کلاس و کۆنگرەکانی پەژاکدا، بەشداران مافی ڕەخنەگرتن لە ڕێبەران و وتاربێژان و مامۆستاکانی خۆیانیان هەیە یان؟ ئەگەر ئەو مافەیان هەیە چۆنە ڕێگایان داوە قسە و باسی تا ئەو ڕادەیە نزم و بێ بنەما و بێ ناوەرۆک بکرێن؟ ئەگەر ئەو مافەیان نییە، چۆن دەیانەوێ و دەتوانن هەرچی حیزبی بە وتەی خۆیان کلاسیکە، لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان بسڕنەوە و بزووتنەوەیەکی مودێڕنتر، بێننە جێگای؟!

ئەو گرێکوێرەیە بەمە دەکرێتەوە سەرۆکایەتیی پەژاک، کە ساڵانێکی زۆرە بۆ ئەوە تێدەکۆشێ لە بازنەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتدا جێی ببێتەوە و پێوەندی و هاوکاریی لەگەڵیان هەبێت، ئەم دەرفەتەی لە سایەی هەست بە بەرپرسایەتیکردنی حیزبەکانی دیکەدا بۆی ڕەخساوە، لە کیس نەدات. حیزبەکانی دیکە بە سەرنجدان بە ڕەوتی ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان لە ئێران و ناوچە و بە تێگەیشتن لە گرنگیی یەکتر قبووڵکردن و پێکەوە کارکردن، سەرئەنجام هەنگاوێک هاتنە پێش و، دەرگای دانیشتن و دیالۆگ و هاوکارییان لەگەڵ پەژاک کردەوە. سەرۆکایەتیی پەژاک دەبوو ئەو ئازایەتییەی هەبێت- ئێستاش هەر دەکرێت ئەو ئازایەتییە بنوێنێ- ڕەخنە لەم جۆرە لێدوانەی کاک ئەمیر کەریمی بگرێت. بە بڕوای من کاک ئەمیر دەبوو بۆخۆی ڕەچەشکێن بێت و بڵێ من بەهەر هۆکارێک هەیە لەم قسە و باسانەدا زیدەڕۆییم کردووە، بوومە هۆی ڕووشانی ڕێژەیەکی زۆر لە تێکۆشەران و بنەماڵەکانیان و خەڵکی لایەنگری ئەو حیزبانە و داوای لێبووردنیان لێدەکەم. هاوکاری و هاوخەباتیی چەندین حیزب و ڕێکخراو بە یەکەوە، پێویستی بە نیشاندانی نیازپاکی بەرامبەر یەکتر هەیە، نەک پێداگری لە سەر بۆچوونە توند و نادۆستانەکانی ڕابردوو.

**قەندیل پرێس**: یەکێک لەو ڕەخنانەی کە لە حیزبەکانی بەشداربوو لە کۆبوونەوەکانی ناوەندی دیالۆگ دەگیرێت ئەوەیە کە زانیاری ئەو کۆبوونەوانە دزە دەکاتە میدیاکان و پرسەکە ئاڵۆزتر دەبێت، بەشێک لە چاودێران پێیان وایە ئەم کارە بە ئەنقەست دەکرێت و ئامانجی ئەوەیە ناوەندی دیالۆگ شکست بخوات یان ئەوەیکە لایەنێکی دیاریکراو دەرپەڕێنن، شرۆڤەی بەڕێزتان لەم بارەوە چییە؟

## بەشی سێهەم

**د. قادر وریا**: لەم کۆبوونەوانەدا چەند حیزب، هەر کامەی بە دەستەیەکی چەند کەسی بەشدار دەبن. هاوکات میدیاکانیش بە دوای هەواڵ و زانیاریی کۆبوونەوەکانی ئەم حیزبانەدا دەگەڕێن، بۆیە سەیر نییە ئەگەر میدیایەک زانیارییەکی سنووردار لە کەسێکی بەشداری کۆبوونەوەکە یان سەرچاوەیەکی نزیک لەو حیزبانە بەدەست بێنێت.

ئەوەندەی من بە دواداچوونم هەبووە، تا ئێستا نهێنییەکی گەورە و زانیارییەکی هەستیاری ئەم کۆبوونەوانە بڵاو نەبووەتەوە؛ ئەوەی هەبووە و لە سۆشیال میدیا کەوتووەتە بەرسەرنج، زیاتر دەنگۆ و بۆچوون و گریمانە و لێکدانەوەیان بووە نەک خودی زانیارییەکە. "لایەنێکی دیاریکراو" ئەگەر دەیهەوێت تەریک نەکەوێتە و بە تەنیا نەمێنێتەوە و لە کۆڕی حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات دەرنەپەڕێندرێ، پێویستە گوتار و هەڵسوکەوتی لەگەڵ ئەوانی دیکە، دۆستانە و نیازپاکانە و بەرپرسانە بێت، نەک قەڵسەگێڕان و هەوڵدان بۆ خۆسەپاندن بە هەڕەشە و شێواندنی زیاتری دۆخەکە. لە داهاتووشدا هەر فایل یان لێدوانێک یان زانیارییەکی کۆن و نوێ لە هەر ڕێکخراو و لایەنێکی سیاسی، درزە بکات و بڵاو بێتەوە، هەنگاوی دروست ودلسۆزانە و بەرپرسانە ئەوەیە، خودی ئەو ڕێکخراوە، دەستی خۆی ڕەپێش بخات، بە دانی ڕوونکردنەوەی پێویست و ژیرانە، بەر بە لێکەوتە زیانبارەکان بگرێت و نەهێڵێ متمانە و نیازپاکیی نێوان خۆی و لایەنەکانی دیکە زیانی پێ بگات و دۆخەکە بشێوێت.

**قەندیل پرێس**: ئێستا ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە هەموو کاتێک زیاتر لاواز بووەو لە ژێر فشاری ناوخۆیی و دەرەکییە، لە لایەکترەوە ئۆپۆزیسیۆنی ناوەندگەرای ئێرانی ئامادە نییە مافە ڕەواکانی نەتەوەی کورد بە فەرمی بناسێت، لە ئاوا بارودۆخێکدا بە ڕای بەڕێزتان بۆ پرۆژەکانی هاوکاری حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بە ئاکام ناگەیێت، ناوەندی هاوکاری کە شکستی خوارد و ئێستاش ناوەندی دیالۆگ ئەگەری شکستهێنانی هەیە؟

**د. قادر وریا**: حیزبەکانی ڕۆژهەڵات، هەتا ئەو کاتەی یەکگرتن و هاوپەیمانییەکی پتەو پێک نەهێنن و چاوەڕوانی و ویستەکانیان لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و لە هەر بەدیلێکی ڕێژیمی ئێستای ئێران، نەکەن بە یەک و یەکگرتووانە لە پشتی ڕانەوەستن، ئۆپۆزیسیۆنی ناوەندگەرای ئێران، هەر ئامادە نابێت مافە ڕەواکانی نەتەوەی کورد بە ڕەسمی بناسێت، هەر ئامادە نابێت جێگە و پێگەی شیاو لەهەوڵەکانی قۆناغی گواستنەوەدا بدا بە نوێنەرانی کورد. ئەگەر لایەنێکی کوردیشیان لەوانی دیکە هەڵاوارد و لەگەڵ خۆیان خست، بەمە نە نەتەوەی کورد هیچی دەست دەکەوێت و نە ئەو ئۆپۆزیسیۆنەش، دەتوانێ خەیاڵی خۆی لە ئاست کێشەی کوردستان ئاسوودە بکات.



سەرچاوە
Serchawe

بەشی سێهەم

ئەو یەکگرتنەش کاتێک پێکدێت کە ئەو حیزبانە لە پێناوی بەرژەوەندی گشتی و داهاتووی نەتەوەکەیاندا، ڕوانینیان بەرانبەر یەکتر بگۆڕن، پێویستە بە شێوەیەکی واقیعی تر پێگەی خۆیان لەنێو خەڵکی ڕۆژهەڵاتدا هەڵسەنگێنن؛ ئەوانەیان کە بە ڕاستی خاوەن جێگە و پێگەیەکی گەورەن، ئامادە بن لە پێناوی داهاتوو و بەرژەوەندی گشتی و پێکهاتنی ئەم هاوکاری و یەکگرتووییە، لە خۆیان مایە دابنێن و لایەنەکانی لە خۆیان بچووکتریش بخوێننەوە. ئەوانەش کە لەبارەی سەنگ و پێگەی خۆیان زێدە ڕۆیی دەکەن و خۆیان لە هیچ هێزێک پێ بچووکتر نییە، ئەوانیش لە پێناوی نەتەوەکەیاندا واز لە ئیددیعای گەورە و زێدەخوازی بێنن و لەم قۆناغەدا هاوکار بن بۆ ئەوەی ڕوو بە ئۆپۆزیسیۆنی ناوەندگەرا و هەموو ئەوانەی نایانهەوێ نەتەوەی کورد لە ئێران بە مافەکانی بگا، یەکدەنگ و یەکگرتوو و هاوپشتی یەک بین. با ئەو ململانێ حیزبیانە و ئەم خۆ بە گەورە دیتنانە هەڵبگرین بۆ ئەو کاتەی خەڵک بە دەنگدانی خۆیان دەتوانن بیسەلمێنن کام حیزب و ڕێبەریان لەوانی دیکە زیاتر قبووڵە. بە ڕاستی ئێستا هەر لایەنێک کۆسپ بۆ پێکهاتنی هاوپەیمانەتییەکی بە هێزی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ساز بکات، خزمەتی نەیارانی گەیشتنی نەتەوەی کورد بە مافەکانی دەکات

سەرچاوە: ماڵپەڕی قەندیل پرێس – ڕێکەوتی: ١٤ی دیسەمبەری ٢٠٢٥



سەرچاوە
Serchawe

## تاکی ناسنامەخوازی ئەمڕۆی کورد پێناسەیەکی لە شوناسی نەتەوەیی قبووڵە کە فرەچەشنیی کۆمەڵی کوردی و نەتەوەی کورد بگرێتە خۆی

## زمان، شوناس و سەردەم

### دیمانە: شنۆ مێهرپەروەر

### ئاماژە:

ویژمان" لە وتووێژێکدا لەگەڵ د. قادر وریا پێوەندیدار بە زمان، شوناس و سەردەم باسی لە چییەتی زمان وەک پێناسە و توخمێکی سەرەکیی شوناس کردوە، هەروەها بە سەرنجدان بە پێگەی یاسایی زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵات و بەشەکانی دیکەی کوردستان کاریگەریی ئەم دۆخەی لەسەر ڕەوشی زمان وەک ناسنامەی نەتەوەیی هەڵسەنگاندوە و پێویستییەکانی پاراستنی زمان و شوناس لە سەردەمی بەجیهانیبوونی خستووەتە بەرچاو. "کوردستان" ئەم وتووێژە لە دوو بەشدا بۆ خوێنەرانی دەگوازێتەوە.

**شنۆ مێهرپەروەر**: زمانەکانی عەرەبی، تورکی و فارسی زمانی داگیرکردنن. زمانێکن کە لەسەر بنەما و بەستێنی ئەوان داگیرکاری و شەرعییەتی زەینی و ئایدۆلۆژیکیی داگیرکردن بەرهەم هاتووە. تا چەند زمانی کوردی لەگەڵ هەموو ئاستەنگەکانی بەردەمیدا کە دەوڵەت نەتەوەکانی ناوچە بۆیان دروست کردوە، توانیویەتی ببێتە پێناسە و توخمێکی سەرەکیی شوناسی نەتەوەیی کورد؟

**د. قادر وریا**: زمانەکانی تورکی، عەرەبی و فارسیش وەک هەموو زمانێکی دیکە لە لایەکەوە ئامرازێکن بۆ پێوەندیی نێوان کۆمەڵە مرۆڤێکی دیاریکراو، هەر لەو کاتەدا توانایەکن بۆ خستنەڕووی بیر و ئەندێشە و خاڵ و هزری ئەو کەسانەی قسە بەو زمانانە دەکەن. ئەوە زمانەکان نین کە پاوانخواز، داگیرکەر یان فاشیستن، بەڵکوو ئەو ئایدۆلۆژیا و ئەو سیاسەتانەی لە پشت بەکارهێنانی ئەو زمانانەن، ئەوانن کە داگیرکەرانە، فاشیستی و پاوانخوازن و کار بۆ سڕینەوەی ناسنامەی ئەویدیکە و سەرکوتی زمانەکانیان دەکەن. ڕاستە ئەو زمانانە زمانی نەتەوەی سەردەستن، لەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بە

**بەشی سێهەم**

خۆیانەوە لکاندوە، هەر بۆیە پێویستە لە ئاست کاریگەریی نەرێنییان لەسەر زمانی کوردی هەستیار بین، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە تاکی کورد خۆی فێری ئەو زمانانە نەکا. بۆ کوردێک کە لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان لەگەڵ ئەو زمانانە دەژی، بۆ نموونە تاکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێویستە زمانی فارسی بزانێ و باشیشی بزانێ، لە باکووری کوردستان زمانی تورکی بزانێ و باشیشی بزانێ و هەروەها لەو وڵاتانەش کە کورد لەگەڵ عەرەب دەژی و عەرەب نەتەوەی سەردەستە، پێویستە بە چەند هۆکار ئەو زمانانە بزانین. ئێمەی کورد تا ئەوکاتەی لە چوارچێوەی وڵاتێکی دیکەدا دەژین یانی کوردستان بوونێکی سەربەخۆی نییە و کورد ناچارە لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە لە یەک وڵاتدا بژیت، پێویستمان بە زانینی ئەو زمانە هەیە. بۆ وێنە نوێنەری کورد لە پارلەمانی ئەو وڵاتانە دەبێ بەو زمانە شەڕ بۆ داکۆکی لە مافەکانی نەتەوەکەی بکات. لە زانکۆکان، لە کۆڕ و کۆنفرانسە زانستییەکان، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، پێویستە بەو زمانانە ئامانجەکانی خۆمان ڕوون بکەینەوە، ناراستییەکان بەرپەرچ بدەینەوە، بوونی خۆمان و مافەکانی خۆمان و ویستەکانی خۆمان بسەلمێنین، ئەگەر ئەو زمانانە نەزانین، دەنگمان بە بەردەنگەکانمان لە نێو ئەو ولاتانەدا ناگات. بۆیە من لەگەڵ ئەوەدا نیم کە ئێمە دووری لەو زمانانە بکەین، پێویستمان بەوە هەیە کە ئەو زمانانە بزانین و بتوانین بە هۆیانەوە شەڕی خۆمان لەگەڵ بەرامبەرەکانمان بکەین.

دێمە سەر ئەو بەشەی پرسیارەکەت کە سەرەڕای ئەوەی ئەو زمانانە لە خزمەت سیاسەتی داگیرکەرانە و لە خزمەت سیاسەتی هەژمۆنیی دەسەڵات لە وڵاتەکانی خۆیاندان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زمانی کوردی هەر توانیویەتی بەشێکی سەرەکی بێت لە ناسنامەی نەتەوەیی کورد، ئەو نەتەوانەی ئێمەی کورد لە گەڵ ئەوان لە چوارچێوەی ولاتێکدا دەژی لە باری ئایینەوە لێک نێزیکین، ڕاستە خاوەنی سەرزەویی خۆمانین، مێژوویەکی تایبەت بە خۆمان هەیە، و کۆمەڵێک شتی تر هەیە کە ئێمە لە ئەوان جیا دەکاتەوە، بەڵام گرنگترین هۆکاری لێک جیاکردنەوە و جیاوازیمان، ئەوەی لە هەمووان بەرچاوترە، زمانی کوردییە. لە شوێنێک کە تاکەکانی سەر بە چەند نەتەوە پێکەوە دەژین، یەکەم شت کە کوردیک خۆی پێ لەوانی دیکە جیا دەکاتەوە، زمانەکەیەتی. لە سەردەمی ئێستادا بەجیهانیبوون و کەمڕەنگبوونی سنوورەکان بۆ پێوەندییەکان و پێکەوەژیان وایان کردوە کە لە ڕووی جلوبەرگەوە، لە باری جۆری خواردن و خواردنەوە، مۆسیقا، بیناسازی و شێوەی ژیان و زۆر لایەنی دیکەی کولتووری، وێکچوونی زۆر لە نێوان کۆمەڵ و نەتەوەکاندا دروست بووە. یانی ئەمانە وایان کردووە ئێمە هەست بکەین لە ڕووی کولتووریشەوە لەگەڵ نەتەوەکانی دراوسێمان لێک نزیکین. لە پلەی یەکەمدا ئەوەی ئێمە لە ئەوان جیا دەکاتەوە، زمانەکەیە. من بۆ خۆم وا بیر دەکەمەوە ئەگەر کوردێک بەرانبەر بە تورکێک بەرانبەر فارسێک، عەرەبێک و هەر کەسێکی دیکە کە بە زمانی دیکە قسە دەکات بیهەوێ بیر لە بوونی خۆی بکاتەوە، بیر لە ئەدەبیاتی خۆی، لە شێعر لە چیرۆک، ڕۆمان، بەیت و گۆرانی و لایەی و پەند و ئەفسانەی خۆی و... دەکاتەوە کە ئەوانە زۆربەیان لە زمانەکەیدا کە زمانی کوردییە، ڕەنگدانەوەیان هەیە، کە وایە بە دڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم زمانی کوردی توانیویەتی ببێتە بەشێکی

سەرەکی لە ناسنامەی کورد و، تاکی کورد بەر لە هەرشتێکی دیکە بەهۆی زمانەکەی خۆی لە دەوروبەرەکەی جیا دەکاتەوە و هەست دەکات شوناسێکی تایبەت بە خۆی هەیە.

**شنۆ مێهرپەروەر: کوردی لە باشووری کوردستان زمانی فەرمییە، لە یاسای بنەڕەتیی وڵاتی عێراقیشدا زمانی کوردی وەک زمانی عەرەبی، زمانێکی فەرمییە. لە ڕۆژئاوای کوردستانیش، لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزە کوردییەکاندا زمانی کوردی، زمانی فەرمییە. بەڵام لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان خوێندن و پەروەردە بە زمانی کوردی نەک نییە، بەڵکوو قەدەغەشە. ئەم جیاوازییە لە پێگەی زمانی کوردی لەو چوار وڵاتەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، چ کاریگەرییەکی لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی کورد کە یەکێک لە کۆڵەکەکانی زمانە، داناوە؟**

**د. قادر وریا**: پێگەی زمان بۆ خۆی چەمکێکی گرینگە و ئاماژەیە بەو پێگەیەی کە زمانێک لە وڵاتێک هەیەتی، جۆری پێگەیەکی کە زمانێک لە کۆمەڵ و وڵاتێکدا هەیەتی دەتوانێ زۆر ڕۆڵی لە پێشکەوتن یان لاوازبوونیدا هەبێت. یانی ئەگەر زمانێک پێگەیەکی ڕەسمی، قانوونی و پێگەیەکی ئایینیی هەبێت، ئەمانە یارمەتیدەری دەبن بۆ پێشکەوتنی. بۆ نموونە زمانی فارسی کە لە ئێران زمانی ڕەسمییە، پێگەیەکی قانوونی و تاقانەی هەیە و کراوە بە تاکە زمانێک کە لە ئێراندا لە بواری پەروەردەدا، لە ڕووی ئیدارییەوە، لە دادگا و پارلمان و دەولەت و لە گشت بوارە ڕەسمییەکاندا، کاری پێ دەکرێت و بێ ڕکابەرە، ئەمە کۆمەڵێک ئاسانکاریی بۆ دابین دەکات. یانی دەوڵەت و دەسەڵات ناچار دەکات کە بە شێوەی جۆراوجۆر لە خزمەتیدا بن. بۆیە زمانێک کە لەو پێگەیە بێبەشە بە دڵنیاییەوە تووشی زۆر کێشە دەبێت. ئاماژەتان بە پێگەی زمانی کوردی لە ئێراق کرد، ئەمە نموونەیەکی زۆر باشە. لەگەڵ ئەوەی مێژووی عێراقیشبە تایبەتی لە هاتنە سەر کاری بەعسییەکانەوە هەتا کاتی ڕووخانی ڕێژیمەکەیان، بەردەوام دەوڵەتی ناوەندیی عێراق لەگەڵ کورد لە شەڕدا بووە، بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو شەڕە و سەرەڕای هەبوونی ئەو ڕێژیمە سەرکوتکەرە و ئەو هەموو وێرانکارییە؛ چونکە زمانی کوردی لە عێراق پێگەیەکی ڕەسمیی هەبوو و مافی ئەوەی پێ درابوو کە پێی بخوێندرێ و وەکوو زمانێک دانی پێدا نرابوو، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ئەو زمانە نە تەنیا بڵێین لاواز نەبوو، بەڵکوو هەر توانی بەرەو پێش بچێ. چونکە منداڵێک کە دەچووە قوتابخانە، لە ڕۆژی یەکەمەوە بەو زمانە پەروەردە دەبوو و هەتا دوایین ساڵانی خوێندن ئەو زمانەی هەر لەگەڵدا بوو، ئەوە بۆخۆی خۆشەویستییەکی بۆ زمانەکە لای فێرخوازەکە دروست دەکرد و وای دەکرد ئەو زمانە لە ڕێگای پەروەردەوە بڵاو بێتەوە و پەرە بستێنێ. جگە لەوەی ئەو کەسانەی لە خوێندنگە دەیانخوێند لەگەڵ زمانەکە بەردەوام سەروکاریان هەبوو، زمانەکەش ناچار بوو پێداویستییەکانی خۆی لە باری زانستی و پەروەردەییەوە دابین بکات، بۆ وێنە بۆ بوارەکانی بیرکاری، کیمیا، فیزیا، زیندەوەرناسی، جوگرافیا و بۆ زۆرێک لە زانستەکانی دیکە پێویستی بە زاراوە و بە وشەی نوێ

هەبوو و ئەمانەشی دابین کردبوو، چونکە کاری پێ دەکرا. ئەوەی کە زمانی کوردی لە چاو هەموو بەشەکانی کوردستان لەو بەشە، باش مایەوە و توانی بەرەو پێش بچێت ، بە جۆرێک کە تا ئێستاش لە بەشەکانی دیکەی کوردستان بۆ زۆر لەو چەمک و زاراوانە قەرزداری زمانی کوردی لەو بەشەین، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێگەیەی کە زمانی کوردی لە باشووری کوردستان و لە عێراق بوویەتی.

ئاماژەتان بە زمانی کوردی لە ڕۆژئاوای کوردستان کرد، ئەمە زۆر جێگەی سرنجە کە لەم ساڵانەی دواییدا لەگەڵ ئەوەی لە سەردەمی دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی بەعسی سووریەدا نەک هەر زمانی کوردی مەجالی پێ نەدەدرا بەڵکوو هەوڵی سڕینەوەی دەدرا و کورد لەوێ لە هەموو مافێکی نەتەوەیی و زمانی بێبەش بوو، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا ئەم هەلەی بۆ ڕەخسا کە بێتە زمانی خوێندن و، بێتە نێو زانکۆ و ببێتە زمانی بەڕێوەبەری، ئەوە بۆ خۆی پێشکەوتنێکی گەورە بوو بۆ زمانی کوردی لە ڕۆژئاوای کوردستان. مەسەلەیەکی زۆر گرنگ ئەوەیە لە هەر شوێنێک نەتەوەی کورد دەسەڵاتی بە دەستەوە بووە و دەرەتانی خۆبەڕێوەبردنی هەبووە، نەک هەر هەوڵی داوە مافە زمانییەکانی خۆی دابین بکات، بەڵکوو مافە زمانی و کولتوورییەکانی ئەو کەمە نەتەوانەش کە لەژێر دەسەڵاتی کوردیدا بوون، دابین کردوە. ئێمە نموونەی کۆماری کوردستانمان هەیە، نموونەی حکوومەتی هەرێمی کوردستانمان هەیە و لە ڕۆژئاواش هەر بەو شێوەیە، ئەمەش یەکێک لە خاڵە گەشەکانی سیاسەتی کوردی بووە بەرانبەر بە زمانی کەمە نەتەوەکان.

لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاشکراتە کە زمانی کوردی پێگەیەکی فەرمی و قانوونیی نیە، ڕێگای ئەوەی لێ گیراوە کە کاری پەروەردەی پێ بکرێ، پێی بخوێندرێ و زمانی بەڕێوەبەری بێ، ئەمە بۆ خۆیی زیانی زۆری بە زمانەکە گەیاندوە و بووەتە هۆی لاوازبوونی. بەڵام لەگەڵ ئەو ڕاستییەشدا بە هەڵسەنگاندنی خۆم ئەمن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زمانی کوردی کەمتر زیانی پێ گەیشتوە، هۆکارەکەش ئەوە بووە کە خەباتێکی نەتەوەیی دوورودرێژ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبووە. یانی لە سەردەمی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، دواتر دامەزرانی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان هەمیشە پرسی زمان لە پێشەوەی پرسەکانی دیکە بووە، یا پرسێکی سەرەکیی بزووتنەوەی کوردی بووە و ئەمە وای کردوە بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوام لەسەر گرنگیی زمان، لەسەر فێربوونی زمان و پاراستنی زمان پێداگری بکات و جۆرێک وشیاریی زمانی لەنێو نەتەوەکەیدا پەرە پێداوە. بۆیە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا، هەمیشە جۆرێک هەستیاریی لە ئاست زمانی کوردی بە تایبەتی لای نووسەران، شاعیران، ڕۆژنامەنووسان و ئەو کەسانەی سەروکاریان لەگەڵ زمان هەیە، هەبووە و بە ئەرکی سەرشانی خۆیان زانیوە پارێزەری زمانەکەیان بن و بەشێوەی جۆراوجۆر بیپارێزن، بە تایبەتیش کە خەڵکەکە هەستی کردوە دەسەڵات دەیهەوێ ئەو زمانە پەراوێز بخات و سەرکوتی بکات، ئەمە هاندەر بووە کە زمانەکەیان باشتر بپارێزن وخەمی لێ بخۆن. لە باکووری کوردستان ئێستاش بە داخەوە بە میلیۆنان کورد هەن کە

بەشی سێهەم

ناتوانن بە زمانی کوردی قسە بکەن. ڕەنگە بەشێکی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە لە سەدەی پێشوودا و لە دەیەکانی ڕابردوودا ئەوەندی بزووتنەوەی سیاسیی کورد گرینگیی بە ویست و داخوازیی چەپ داوە، ئەوەندەی گرنگیی بە زمانی کوردی و بە داخوازی نەتەوەیی نەداوە و ئەمەش بە نۆرەی خۆی وشیاریی زمانیی کەم کردۆتەوە. هەڵبەت ناکرێ حاشا لەوەش بکەین کە سەرکوتی نەتەوەیی و زمانی لە تورکیە لە چاو ئێران، زۆر توندتر بووە.

**شنۆ مێهرپەروەر: زمانی کوردی وەک یەکێک لە هێما سەرەکییەکانی شوناسی نەتەوەیی کورد چ پێگەیەکی لە یادەوەریی بەکۆمەڵ و گێڕانەوەی مێژووییدا هەیە و تا چەندە لە ڕێگەی زمانەوە پێش بە فەوتانی ئەو سەرمایە دەوڵەمەندەی کورد گیراوە؟**

**د. قادر وریا**: گومان لەوەدا نییە کە بەشێکی زۆر لە سامانی زمانیمان، لە ئەدەبی زارەکیمان تەنانەت ئەدەبی نووسراومان بەو هۆیەوە کە زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە بەشی هەرە زۆری بەشەکانی کوردستان دەرەتانی نووسین بەو زمانە و خزمەتکردنی نەدراوە، نەک هەر ئەوەندە بەڵکوو ڕێگریشی لێ کراوە، ئەمە بووەتە هۆی ئەوە بەشێک لەو سامانە ئەدەبی و زمانییەمان بفەوتێت. بەڵام هاوکات هەمیشەش لەنێو کۆمەڵی کوردستان، لەنێو نەتەوەی کورددا کەسانێک هەبوون بەهۆی دڵسۆزییان بۆ زمانەکەیان، بەهەر زەحمەتێک بووە توانیویانە بەشێک لە دەستنووسەکان، لە دیوانی شاعیران، لە پەند و فۆلکلۆر و بەیت و چیرۆک و ئەو سامانە زمانییەی هەمانبووە بپارێزن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زمانی کوردی توانیویەتی هەڵگر و گوێزەرەوەی ئەو یادەورییە بەکۆمەڵانە بێت. لەگەڵ ئەوەی کوردستان دابەشکراو و چەند پارچە بووە، لەگەڵ ئەوەی دیالێکت و شێوەزاری جیاواز هەبووە و خەڵکی کوردستان لە وڵات و هەرێم و ناوچەی جیاوازدا ژیاون و بە هۆکاری سیاسی و ئەمنییەتی پێوەندییەکی زۆر کەم و سنووردارییان لەگەڵ یەکتر هەبووە، هەروەها سیستمێکی وەکوو پەروەردە بە زمانی کوردی یا ڕاگەیاندنێکی سەرانسەریی کوردی نەبووە کە هەموو بەشەکانی کوردستان بگرێتەوە؛ بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا ئێمە دەبینین زمانی کوردی توانیویەتی پردی پێوەندی و کۆکەرەوەی بەشە جۆراوجۆرەکانی خەڵک لە هەموو پارچەکانی کوردستان بێت. من حەز دەکەم ئاماژە بە چەند نموونەیەک لە تەمەنی خۆمدا بکەم. لەبیرمە وەختی خۆی کە لە ڕادیۆ یان لە کاسێتێک دەنگی کاوەیساغا بڵاو دەبۆوە کە بۆ خۆی خەڵکی بەشێکی دیکەی کوردستان بوو، بەڵام لە موکریان کەسێک کە گوێی لە دەنگی کاوەیساغا دەبوو، بە دەوروبەرەکەی گوتووە بێدەنگ بن با گوێمان لێ بێت، با بزانین چۆن باسی شێخ مەحمود دەکات؟ چەندین ساڵ بەر لەوەی ئێمەمانان لە دایک بین کاوەیسئاغا لە لاوکێکدا باسی شێخ مەحموود و حکوومەتدارییەکەی و شەڕەکانی و قارەمانەتییەکانی کردووە، لەسەردەمی ژیانی ئێمەدا، خەڵک پێی خۆش بوو لە ڕێگای لاوکێکی کاوەیساغاوە ئەم داستانە ببیستێتەوە. تەنانەت دایکی خۆمم لەبیرە هەر وەخت گوێی لە دەنگی عایشەشان یان دەنگی مێرەم خان دەبوو کە گۆرانییەکانیان لە ڕادیۆ - بە تایبەتی ڕادیۆ بەغدا - بڵاو دەبوونەوە، دیسان

## بەشی سێهەم

ئـێمەی ئەو کـات منـداڵیان بێـدەنگ دەکـرد بـۆ ئەوەی گوێیـان لـێ بگرێـت، چـونکە ئەو خەم و ئەو مەینەتییـانەی لە گۆرانییەکانی ئەواندا هەبوو، بۆ نموونە باسی هەوێداری، باسی بە زۆر بە شوودانی کچ، یەخسیری و بندەستی کورد بە دەست تورک ؛ کارەساتەکانی سەردەمی ئەوانی بە ئاوینەی خەمەکانی ئێستای خۆی و ژنانی وەک خۆی دەزانی.. لە بواری جۆراوجۆردا ئەو ڕۆڵەی زمانی کوردی دەبینین، بۆ نموونە بەیتی خەج و سیامەند لەگەڵ ئەوەی زێد و ژێنگەی سەرهەلدانی ئەو بەیـتە بـاکووری کوردسـتان بـووە، بەڵام لە بەشـەکانی دیـکەی کوردسـتان، لە ڕۆژهەڵات و باشـووری کوردسـتانیش بە زارێکی دیکەی زمانی کوردی سەری وەدەرناوە، گوێگری هەبـووە و خەڵکێکی دیکە هەوڵـی داوە پەرەی پـێ بـدا و حەماسە و قارەمانەتی و داستانی ئەویندارەتیی نەوەکانی پێش خۆی لەوێدا ببینێتەوە و ببیسێتەوە. دەتـوانم بڵێم ئەم جۆرە حـاڵەتە بە هۆکاری جۆراوجۆر تـا واوەتر هاتووین، زیـاتر بووە. چاپکراوی کوردی، رادیۆی کوردی و دروستبوونی تـێکەڵاوی ڕێخۆشکەر بووە بۆ ئەوەی فۆلکلۆر و ئەدەبی زارەکی و نووسراومان، گۆرانی و لاوک و بەیت و چیرۆک و پەنـدی پێشینیانمان، سنوورە دەسکردەکان ببەزێنن، لەگەڵ ئەوەی لە بەشێکی دیکەی کوردستان و بە دیالێکت و شێوەزاری نـاوچەیەکی دیـاریکراو بەرهەم هاتوون، بەڵام لە پارچەیەکی دیکە، لە ناوچەیەک بە زار و شێوەزارێکی دیکە پێشوازییان لـێ کراوە، چونکە لەنێو گوێگر و خوێنەری کورددا ئەو هەستە هەبـووە کە ئەمە هەمـان بەسـەرهات و ڕابـردووی خۆیـان و پێشینیانی خۆیـانە کە بە زار و شێوەزارێکی دیکەی زمانەکەیـان   گوییان لێدەبێت یان دەیخوێننەوە.

دیارە لەم چەند دەیەی دواییدا زمانی کوردی زۆر زیاتر لە ڕابردوو توانیـویەتی بێتە هەڵگری ئەو یـادەوەرییە بەکۆمەڵانە، چـونکە بە خۆشـییەوە هەلـومەرجێکی نـوێ خولْقـاوە، ئەو دیـوارانەی جـاران داگیـرکەران لە بەینـی بەشـەکانی کوردسـتان دروستیان کردبوو و، ئەو سانسۆرە توندەی ئەوان بەسەر خەڵکدا زاڵیـان کردبـوو، ئەو بەربەستانەی لە دژی زمـانی کـوردی پێکیان هێنابوو، ئەمانە بە هۆکاری پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا و بە هۆکاری بەرزبـوونەوەی وشیاریی نەتەوایەتیی تـاکەکـان و بە هۆکاری جۆراوجۆری دیکە خاوتر بوونەوە. ئەمە وایکردوە ئێستا تـاکەکـانی کـورد پێوەنـدییان لەگەڵ یەکتـر زیـاتر بێت، باشتر لە زار و شێوەزارەکانی یەکتر تێبگەن و، گرنگیی زیـاتر بە ئەدەبـی کـوردی و بە هـونەری کـوردی و بە زمـانی کـوردی بدەن. ئەمە وایکردوە کە ئێستا هەر شتێک کە بڵاو دەبێـتەوە هەر بەرهەمێکـی هـونەری، هەر بەرهەمێکـی ئەدەبـی، گـوێگر و خوێنەر و بیسەری کورد بەشێک لە خەم و ئازارەکانی میللەتەکەی تێدا بـدۆزێتەوە. لەسـەر یەک دەتـوانم بڵێم ئێسـتا زمـانی کوردی ڕاست ئەو ڕسـاڵەتەی لەسـەر شـانە کە تـاکی کـورد لەهەر جێگەیەک و بە هەر دیـالێکتێک شت بڵاو بێـتەوە، بە هـی خـۆی دەزانێـت، دەزانـێ کە ئەوە بەشـێکە لە جیهـانی ئەو، ئـاوێنەیەکە  کە گۆشـەیەک  لە مەیـنەت و شـادی و خۆشـی و قارەمـانەتی و مێژوویـی نەتەوەکەی پێشـان دەدات. کە وایە بـۆم هەیە بڵێم ئەو زمـانە توانیـویەتی ئەو ڕۆڵە ببینێت و تـا دێت لە جێبەجێکردنیدا سەرکەوتووتر دەبێت.



سەرچاوە
Serchawe

**بەشی سێهەم**

**شنۆ میهرپەروەر**: شوناسی هەر نەتەوەیەک بە پێی گۆڕانی زەمەن دەگۆڕێت و وێنەیەکی دیکە وەردەگرێت، پاراستنیشی پێویستی بە ڕێوشوێنی تایبەتی و پێویستی بە نوێبوونەوە هەیە. ئێمە لە سەردەمی بەجیهانیبوون و قەیرانەکانی سەرچاوەگرتوو لە بە جیهانیبووندا دەژین، کە لەنێویاندا دەتوانین ئاماژە بە قەیرانی شوناس و زمان بکەین. چۆن دەتوانین لەم سەردەمەدا شوناس و زمانی خۆمان بپارێزین؟

**د. قادر وریا**: ڕاستییەکەی ئەمە وایە، یانی تێگەیشتن لە شوناس و پێناسەی شوناس بەپێی سەردەمەکان دەگۆڕێ. ئەگەر باس لە شوناسی نەتەوەیی بکەم و تێگەیشتنی تاکێکی کورد لە شوناسی نەتەوەیی لە سەردەمی ئێستادا باس بکەم، ئەم تێگەیشتنە بە بەراورد لەگەڵ ڕابردوو قووڵتر و گشتگیرتر بووەتەوە. بەو مانایە کە تاکێکی ئەمڕۆی کورد کە شوناسخواز و شوناسپارێزە، شوناسی نەتەوەیی کورد بە شوناسێکی فرە چەشن دەزانێت، واتە پێناسەیەکی لە شوناسی نەتەوەیی قبووڵە کە فرەچەشنی کۆمەڵی کوردی و نەتەوەی کورد بگرێتە خۆی. بۆ نموونە لە ڕووی ئایینییەوە، ئێمە لەنێو کورددا مۆسوڵمان و نامۆسڵمانمان هەیە، لەنێو بەشە موسوڵمانەکەدا شێعەمان هەیە و سوننیمان هەیە، یارسان و ئێزەدی و پەیڕەوانی دین و ئایینی دیکەمان هەن، بێدینیشمان هەن. لە ڕووی زار و شێوەزارەوە کوردیی باکووری (کورمانجی)کوردیی ناوەندی (سۆرانی) و کوردیی باشووری (کەلهوڕی، لەکی)گۆرانی - زازایی (هەورامی، زازاکی)مان هەیە. تەنانەت ئەوانەشمان هەن کە زمانەکەیان کوردی نییە بەڵام کوردستانین. لە پێناسەی ئەمڕۆی شوناسی نەتەوەیی تاکی کورددا هەمووی ئەوانە دەبێ جێگەیان بێتەوە. تێگەیشتنی ئێمە لە شوناس لە جیهان و سەردەمی ئێستادا گرنگییەکی تایبەتی هەیە.

هەر بۆیە کە باسی ڕێوشوێنەکانی پاراستنی شوناس دەکەین دەبێ ئەم فرەچەشنی و جۆراوجۆرییەی نەتەوەکەمان و خەڵکی کوردستانمان لەبەرچاو بێت و ددانیان پێدابنێین، بەر بە سڕینەوەیان بگرین. ئەم جۆرە تێگەیشتن لە شوناسی نەتەوەیی هاندەرمان دەبێت کە منێکی کورد نابێ هەر تەنیا یەک زاری زمانی کوردی بزانم، دەبێ هەوڵ بدەم زارەکانی دیکەی کوردییش فێر ببم. نابێ هەر یەک جۆر ئەلف و بێی کوردی بزانم و دەبێ هەوڵ بدەم لانی کەم دوو ئەلف و بێی سەرەکی کە پێی دەنووسرێت و دوو شێوە نووسینی کوردی بزانم. دەبێ پاراستنی هەموو ئەو زار و شێوەزارانە بە ئەرک بزانم و هاندەری ئەوە بم کە هەمووانیان بپارێزین و وشەکانیان کۆ بکرێتەوە، تویژینەوەی زانستی لە بارەی هەموو شێوەزارەکان بکرێت. ئەمە بۆ خۆیی بەشێکە لە شێوازەکان یا ڕێوشوێنەکانی پاراستنی ئەو شوناسە.

ڕاستە کە لە سەردەمی بەجیهانیبووندا زمانەکان و شوناسەکان تووشی قەیران دەبن و پێویستە هەوڵ بدەین شوناس و زمانی خۆمان لەم قەیرانانە دەرباز کەین و بیانپارێزین. کە باس لە پاراستن و مانەوەی زمانی کوردی دەکەین دەبێ



سەرچاوە Serchawe

بەشی سێهەم

لەبیرمان بێت کە لە سەردەمی بەجیهانیبووندا لە ڕاستیدا لە هەموو بوارەکاندا ئەوانەی کە بەهێزن دەمێننەوە، یانی لە بواری ئابووری، لە بواری پیشەسازی، لە بواری زانستی، لە بواری بازرگانی و لە بواری کولتوورییشدا ئەوانەی بەهێزن و دەستیان ئاوەڵاترە بۆ پاراستنی خۆیان، واتە دەسەڵاتی بەهێز و ئابووریی بەهێزیان لەپشتە، باشتر دەمێننەوە. باشە ئەدی نەتەوەیەک کە بێدەوڵەتە، زمانێک کە زمانی نەتەوەیەکی بێدەوڵەتە و لە پەروەردە و دام و دەزگای بەڕێوەبەری و یاسایی و لە زانکۆ و...هتد دا ڕێگای پێ نادرێت، لە دۆخێکی ئاوادا چۆن دەتوانێ بمێنێتەوە؟ ئەمە وا دەکا ئەرکی ئێمە قورستر بێت. ئەو نەتەوانەی دەوڵەتیان هەیە، دەتوانن ڕێگا و ڕێوشوێنی تایبەت بۆ بۆ پاراستنی زمانەکەیان بگرنە بەر، بەڵام ئەدی ئەو نەتەوەیەی دەوڵەتی نییە چ بکا؟ بۆیە ئێمە وەک نەتەوەی کورد زۆر پێویستە بە جیددی خەم لە پاراستنی سوناسی و زمانی خۆمان بخۆین. دەبێ هێندێک شت بکەین کە زۆر ئەساسین. یەک لەوان ئەوەیە لە هەموو بەشەکانی کوردستان خەبات بکەین کە زمانی کوردی بێتە زمانی ڕەسمی، یانی بە فەرمی بناسرێت و پاشان ببێتە زمانی پەروەردە. چونکە ئەگەر بوو بە زمانی پەروەردە، ئەوە باشترین دەستەبەرە بۆ مانەوەی زمانەکە و بۆ گەشەکردنی و بۆ پێشکەوتنی، زمانێک ئەگەر ببێت بە زمانی پەروەردە، بە شێوەی ئاسۆیی و بە شێوەی ئەستوونی ئەو زمانە پەرە دەگرێت و پێش دەکەوێت. بە شێوەی ئاسۆیی مەبەستم ئەوەیە کە لە هەموو شار و ناوچە و گوندێکی کوردستان پێی دەخوێندرێت و لە هەموو شوێنێک کار بەو زمانە دەکرێت. لە ڕووبەرێک بە پانایی کوردستان کاری فێربوون و فێرکردنی پێ دەکرێت، هەر منداڵێک دەنێردرێتە قوتابخانە، لەگەڵ زمانی نەتەوەیی خۆی ئاشنا دەبێت. مەبەستم لە بڵاوبوونەوەی زمان بە شێوەی ئەستوونییش ئەوەیە کەلەگەڵ قۆناغ بە قۆناغی پەروەردەدا لە سەرەتاییەوە تا دەگاتە زانکۆ، کاری پێدەکرێت. ئەمە وا دەکات کە هەموو تاکێکی کورد بۆ چەندین ساڵ ڕۆژانە لەگەڵ ئەو زمانە بژین و کاری پێ بکەن و پەرەی پێ بدەن، زمانەکەش ئەرکدار دەکرێت کە پێویستییەکانی ئەو بوارە پڕ بکاتەوە و ببێتە زمانی زانست و لای خەڵک ڕێز و پێگەیەکی بەرزی هەبێت.

**شنۆ مێهرپەروەر**: بۆ پاراستنی زمانی کوردی وەک کۆڵەکەی شوناسی نەتەوەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چیمان لە دەست دێت؟ و دەبێ چی بکەین؟

**د. قادر وریا**: من ئەگەر بمهەوێ باسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەم دەبێ بەوپەڕی شانازی و پێزانین و خۆشحاڵییەوە باسی وشیاری و خەباتی نەتەوەکەمان بۆ پاراستنی شوناسی نەتەوەیی خۆیان و بە تایبەتی زمانەکەیان بکەم. چەند ساڵ لەوە پێش کتێبێکم چاپ کرد کە پێوەندیی بە زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەبوو. ناوێک کە بۆ ئەو کتێبە هەڵم بژاردبوو، تەعبیرێک بوو کە بۆ خۆم بۆ خەباتی ناسنامە پارێز و ناسنامەخوازی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەکاری



سەرچاوە
Serchawe

دێنم: "شەڕی ناسنامە و سەنگەری زمان". لەم باوەڕەدام کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەڵکی ئێمە لە سەنگەری زماندا شەڕی داکۆکی لە ناسنامەی خۆیان دەکەن. ئەوان لە سەنگەری پاراستنی زمان و خزمەتی زمانی کوردیدا، دژی ئەو هێرشە جۆراوجۆرە وەستاونەوە کە سیستەمی پەروەردەی تاکزمانی و میدیا و دامەزراوەکانی سەر بە دەوڵەت نەتەوەی ئێران بۆ سڕینەوە و ستاندنەوەی ناسنامەیی نەتەوەیی ئێمە لەمێژ ساڵە وەڕێیان خستووە.

پێویستە ئەو تێکۆشانە بەرینەی کە هەتا ئێستا بە ئامانجی پاراستن و داکۆکی لە ناسنامەی نەتەوەیی و زمانی کوردی هەیە بەردەوام بێت و بەرینتر و بەهێزتر بکرێت، ئەمە بۆخۆیی دەتوانێ باشترین داکۆکی بێت لە زمانی کوردی، چونکە ئەوەی ئێمە دەبینین کارکردنێکی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاترە بە زمانی کوردی. ڕەنگە هێندێک کەس پێیان سەیر بێت کە بڵێین زمانی کوردی ئێستا دووهەم زمانی نووسینە لە ئێران، یانی دوای زمانی فارسی کە دەوڵەت نەتەوەیەک بەو هەموو دام و دەزگا کولتووری و بەو هەمووە سەرچاوە ماڵییە لە پشتییەتی، زمانی کوردی زۆرترین شتی پێ دەنووسرێت، کتێب و گۆڤاری پێ بڵاو دەبێتەوە، زمانی پێگە ئەلکترۆنییەکانە، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بە فراوانی و بە شێوەیەکی ڕوو لە زیادبوون بەکار دەهێنرێت، کاری ڕۆژنامەنووسی و فەرهەنگنووسیی پێدەکرێت. لە هەموو پارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هیچ شارێک و هیچ ناوچەیەک تەنانەت هیچ دێیەک نییە هەتا ئێستا فێرگەی فێربوونی زمانی کوردیی لێ پێک نەهاتبێ و هەموو ئەو هەوڵانەش خۆبەخشانە دەکرێن.

هێندێک ناو هەن کە ئێستا ئەستێرەیەکی درەوشاوەی بواری خزمەتی زمانی کوردین و لە دەلاقەی چیرۆکی ژیانی ئەوانەوە دەتوانین گەورەیی ئەو بزووتنەوە ناسنامەپارێزەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بخوێنیەوە، بۆ نموونە: موژگان کاووسی، زارا محەممەدی، سروە پوورمحەممەدی، ئەو ناوانە لەو مامۆستا خۆبەخشانەن کە ئامادە بوون بە شانازییەوە بچنە زیندان بەڵام پشت لەو ئەرک و ڕیسالەتە نەکەن کە لەپێناوی خزمەتی زمانی کوردییدا گرتوویانەتە بەر. ئەو هەوڵ و تێکۆشانەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم یەک دوو دەیەی دوایەدا لە پێوەندی لەگەڵ زمانی کوردیدا هەیە ئەمە هەر خۆی بە تەنیا بزووتنەوەیەکی گشتگیر لەپێناوی پاراستنی زمانی کوردی و فێربوونی زمانی کوردیدایە.

لە کارە باشەکانی دیکە کە ناتوانم لە ئاستیان بێتەفاوەت بم و باسیان نەکەم، ئاماژە بە گوڵبژێرێک لەو کارە زانستییانەن کە کراون. لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا چەندین فەرهەنگی کوردی چاپ بوون. مامۆستا ئاکۆ جەلیلیان چەند فەرنگی چاپ کردووە کە لە هەمووانیان بەناوبانگتر و گەورەتر فەرهەنگی کوردیکایە. کاک سەلاح پایانیانی کە فەرهەنگی زارەکیی موکریانی چاپ کردوە. خاتوو سەحەری مۆعێزی کە فەرهەنگی ڕەنگی "پازار"ی چاپ کردوە. هەر یەک لەو

فەرهەنگانە چەندین بەرگن. جگە لە چاپی فەرهەنگەکان، هەندێک لە خوێندکاران، خوێندنی بەرزیان لە ئاستی ماستەر و لە ئاستی دکتۆرادا بە زمانی کوردی بووە یان توێژینەوە و بابەتی تێزەکەیان زمانی کوردی بووە. ئەم هەوڵانە زۆر بە نرخن و جێگەی ڕێزن. ئەو کۆنفرانس و کۆڕ و فێستیواڵە ئەدەبی و هونەری و زانستییانەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکدێن کە و تێیاندا ڕێز لە توێژەران، هونەرمەندان، ئەدیبان و نووسەران دەگرن، ئەمانە کاری باشن و مایەی دڵگەرمین.

ئەو هەوڵانەن کە لاوە تێگەیشتوو و بە هەڵوێستەکانمان بۆ گۆڕین و بۆ گەڕاندنەوەی ناوی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەیدەن، وەک ناوی چیا و کوێستانەکان، تەپۆڵکەکان، پردەکان، ڕێگا و بانەکان، گەڕەکەکان، ئەمە کارێکی زۆر زۆر باشە. ئەگەر لە عێراق و سووریەی پێشوو سیاسەتی تەعریب لە دژی کورد هەبوو، لە ئێرانیش لە قۆناغ و سەردەمەکانی پێشوودا سیاسەتی تەفریس(بە فارسیکردن) و تەتریک بە تورکیکردنی ناوەکان جێبەجێ کراوە. هەڵوەشاندنەوەی ئەو ناوانە و برەودان و زیندووکردنەوەی ناوە ڕەسەنە کوردییەکانیان، خزمەتێکی گەورەیە بۆ لادانی ژەنگ و ژاری برەوپێدراو لە لایەن دەولەتە دژ بە کوردەکانی ئێران و دامەزراوە ئیدارییەکانیان لەسەر ناوە کوردییەکان. تەنانەت ئەگەر ڕێگە بە سڕینەوە و لابردنی ناوە ساختە و داسەپاوەکانیش لەسەر تابلۆکان نەدرێت، با ناوە کوردییەکە لە تەنیشت ئەو ناوانە هەبێت و وەبیر خەڵکیان بێننەوە.

ئەوە کە هەوڵ دەدرێ لە ماڵەوە، لە قوتابخانە و لە ئیدارە بە کوردی قسە بکرێ، مامۆستا بۆ خوێندکار و قوتابییەکانی بە کوردی دەرسەکان شی دەکاتەوە، کارێکی زۆر باشە. جگە لەوەی لەم ڕێگایەوە سوود لە زمانی دایک وەردەگرن بۆ باشتر تێگەیاندنی بەردەنگەکان، لەلایەکی دیکەش بە ڕەسمی نەناسینی ئەو سیاسەتی تاکزمانییەیە کە لە ئێران بە سەر هەموو نەتەوە نافارسەکان و بە تایبەتی بەسەر خەڵکی کوردستاندا سەپێندراوە.

لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەبینین هەندێک لە لاوانی هۆگر و ئەوینداری زمانی کوردی هاتوون کاری ڕاستکردنەوەی هەڵەی زمانی دەکەن. ڕەخنە لە شێوە ئاخاوتنی ئەمڕۆی تاکەکان دەگرن کە زۆر لە ژێر کاریگەریی زمانی فارسیدایە. خەڵکێک لەژێر کاریگەریی هەژموونی زمانی فارسیدا جۆرێک قسە دەکەن کە لە ڕاستیدا زۆر بە زمانی کوردی نامۆیە و پڕە لە وشەی فارسی. جاری وایە دەبینین و دەبیستین تەنیا کرداری ڕستەیەک کوردییە، دەنا ئەوی دیکەی هەمووی فارسییە. ئەو لاوە دڵسۆزانە ئەم هەڵانە ڕاست دەکەنەوە بۆ ئەوەی خەڵک فێر بێت شێوە ئاخاوتنەکەیان بە زمانی کوردی خاوێنتر و کوردیتر بێت. ئەمانە هەڵبژاردەیەک لە کارە باشەکانن.



سەرچاوە
Serchawe

ئێمە بۆ ئەوەی بتوانین شوناسی نەتەوەیی خۆمان و زمانەکەمان بپارێزین، چ لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چ لە نێو تێکۆشەران و چالاکانی کورد لە دەرەوەی وڵات و لەنێو حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکاندا هێندێک ئەرکمان دەکەوێتە سەر شان.

**یەکەم ئەرک** بەردەوامبوونە لەسەر ئەو هەوڵانە، بەڵام بەردەوامبوونێک کە هاوکات لێک نیزیکبوونە و یەکگرتوو بوون، و خۆخۆڕێکخستن و کۆبوونەوە لەژێر چەتری کۆنفدراسیۆنێک یان ناوەندێکدا بێت بۆ ئەوەی ئەم هەوڵانە هەم لە ئامانجەکانیاندا لێک نیزیک ببنەوە، ئاراستەکانیان یەک بێت، و هەر لەو کاتەشدا ئەزموونەکان بە یەکەوە ئاڵوگۆڕ بکرێن، تواناکان بۆ هاوپشتیی یەکتر بەکار بهێنرێن، ئەمە یەکێک لە ئەرکەکانە.

**ئەرکی دووهەم** ئەوەیە کە داوای پەروەردە بە زمانی کوردی و ویستی بەڕەسمی‌ناسینی زمانی کوردی بێتە ڕیزی سەرەوەی لیستی داواکارییەکانی خەباتکارانی کورد و تێکۆشەرانی بواری خەباتی مەدەنی، بە هەموو شێوەیەک هەوڵ بدرێ ئەو ویستە بەسەر دەسەڵاتدا بسەپێندرێ کە پەروەردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ببێت بە زمانی کوردی.

**سێهەم ئەرکیش** کە تا ئێستا بە داخەوە زۆری قسە لەسەر نەکراوە، بەڵام پێویستە بە شێوەیەکی جیددی بخرێتە بەر سەرنجی بژاردە و دەستڕۆیشتووەکانی کورد. دەزانین لەنێو ئەو توێژەی خەریکی خزمەتی زمانی کوردی و هەوڵدان بۆ پاراستنی شوناسی کوردیین، ئینسانی ئاوا هەن کە پرۆژەی باشیان هەیە، بۆ وێنە لە بواری بە دیجیتاڵیکردنی زمانی کوردی و بەکارهێنانی ژیریی دەستکرد، لە بواری کاری زانستی بۆ پێشخستنی زمانی کوردییەوە، بەڵام سەرچاوەی دارایی وپشتیوانیی ماڵی شک نابەن. لێرەدایە کە دەبێ ڕوو بکەینە خاوەن سامان و سەرمایەدارە کوردەکان کە توانایی ماڵیی باشیان هەیە و دەتوانن لەو بوارەدا سەرمایەکەیان بخەنە گەر. بۆ ئەمڕۆ ئەمە خزمەتێکی گەورەیە بە پاراستن وپێشخستنی زمان و ناسنامەی نەتەوەکەیان. ئەمە نەک بە فیڕۆدانی سەرمایە نییە، بەڵکوو سەرمایە تەرخانکردن بۆ بنیاتنانی داهاتوویە نەتەوەیە. ئەو پرۆژانە دەتوانن سوودی داراییشیان هەبێت و خێر و داهاتی باشیان بۆ خاوەن سەرمایەکە بەدواوە بێت.

**لە سەردەمی بەجیهانیبووندا ئەگەر تۆ نەتوانی شان لەشانی ڕقەبەرەکان بدەی، ئەگەر خۆت بە زانست و دەسکەوتەکانی تەکنەلۆژیا تەیار نەکەیت و نەتوانی بۆ زمانەکەت و بۆ شوناسەکەت ئەو هەنگاوانە هەڵ بگری کە سەردەمەکە لێت دەخوازێت دەکەویە پەراوێز و لەژێر پێی بەهیزەکان و شوناس و زمانە سەردەستەکاندا، دەپڵیشێیەوە. زۆر پێویستە لە**

## بەشی سێهەم

**باری دارایی و ماڵییەوە پشتیوانی ئەو زانایانە و ئەو توێژەرانەمان بین کە بۆ بەرزکردنەوەی پێگە و ئاستی ناسنامەی نەتەوەیی و زمانی کوردی لە سەردەمی ئێستادا پڕۆژەیان هەیە.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٦ی جۆزەردانی ٢٧٢٥

## ئیسرائیل پێی خۆش نییە گۆڕانی ڕێژیمی ئێران لەسەر دەستی نەتەوە بندەستەکان ڕوو بدات، پێی خۆشە ئەم گۆڕانە لەسەر دەستی لایەنێکی ناوەندپارێز بێت

**دوکتور قادر وریا**، مامۆستای زانکۆ، لە وتووێژێکی تایبەتدا لەگەڵ قەندیل پرێس دەڵێت: "ئەو گرێکوێرەیە بەمە دەکرێتەوە سەرۆکایەتیی پەژاک، کە ساڵانێکی زۆرە بۆ ئەوە تێدەکۆشێ لە بازنەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتدا جێی ببێتەوە و پێوەندی و هاوکاریی لەگەڵیان هەبێت، ئەم دەرفەتەی لە سایەی هەست بە بەرپرسایەتیکردنی حیزبەکانی دیکەدا بۆی ڕەخساوە، لە کیس نەدات. حیزبەکانی دیکە بە سەرنجدان بە ڕەوتی ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان لە ئێران و ناوچە و بە تێگەیشتن لە گرنگیی یەکتر قبووڵکردن و پێکەوە کارکردن، سەرئەنجام هەنگاوێک هاتنە پێش و، دەرگای دانیشتن و دیالۆگ و هاوکارییان لەگەڵ پەژاک کردەوە. سەرۆکایەتیی پەژاک دەبوو ئەو ئازایەتییەی هەبێت – ئێستاش هەر دەکرێت ئەو ئازایەتییە بنوێنێ– ڕەخنە لەم جۆرە لێدوانەی کاک ئەمیر کەریمی بگرێت. بە بڕوای من کاک ئەمیر دەبوو بۆخۆی ڕەچەشکێن بێت و بڵێ من بەهەر هۆکارێک هەیە لەم قسە و باسانەدا زیدەڕۆییم کردووە، بوومە هۆی ڕووشانی ڕێژەیەکی زۆر لە تێکۆشەران و بنەماڵەکانیان و خەڵکی لایەنگری ئەو حیزبانە و داوای لێبووردنیان لێدەکەم".

**قەندیل پرێس**: چەند ڕۆژ پێش ئێستا بەڵگەنامەی ستراتیژی ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریکا بڵاو کرایەوە. بەپێی ئەم بەڵگەنامەیە ئەمریکا چیدیکە نایەوێت ڕۆڵی پۆلیسی نێونەتەوەیی بگێڕێت، یان ئەوەیکە تام باراک باڵیۆزی ئەمریکا لە تورکیا و نێردەی تایبەتی ئەمریکا بۆ کاروباری سووریا ڕایگەیاند ئەمریکا نایەوێت ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران بگۆڕێت. پرسیاری ئێمە ئەوەیە بەپێی ئەم دۆخە، ئیستراتیژی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات یان بەگشتی بزووتنەوەی ئازادیخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێت چی بێت؟

**د. قادر وریا**: ئەمریکا، هەتا ئێستاش ڕای نەگەیاندبوو کە گۆڕینی ڕێژیمی ئێرانی لە بەرنامەدایە، بەو حاڵەش کاتێک بە پێویستی زانی، بە دەنگ ئیسرائیلەوە چوو و کارە گەورەکە کە بریتی بوو لە وێرانکردنی دامەزراوە ناوکییە هەرە گرنگەکانی ڕێژیمی ئێران، بۆ خۆی جێبەجێی کرد.

لە پێوەندی لەگەڵ ستراتیژی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، ئەم ستراتیژە لەسەر ئەوە دانەمەزراوە کە ڕووخانی ڕێژیمی ئێران لە بەرنامەی ئەمریکادا هەیە یان نا. ئەوان هەوڵی ڕووخاندنی ئەو ڕێژیمە و هێنانە سەرکاری سیستەمێکی دیموکراتیک لە ئێران دەدەن کە مل بۆ مافە نەتەوەییەکانی کوردیش ڕابکێشێ. ئەو حیزبانە، گوشاری دەرەکی بۆ سەر

ڕێژیمی ئێرانیان - جا لەهەر شکڵ و شێوەیەکدا بێت - بە هۆکارێکی یارمەتیدەر بۆ خەباتی خۆیان زانیوە. لەمەودواش هەر بەم جۆرە دەبێت. بە سەرنجدان بەم ڕاستییە کە کێشەی ئەمریکا و بە گشتی ڕۆژاوا لەگەڵ ڕێژیمی ئێران، کۆتایی پێ نەهاتووە و هەروا درێژەی هەیە، حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەمەودواش دەتوانن بۆ بەرەوپێشبردنی خەباتی خۆیان، سوود لە فاکتەری گوشاری دەرەکی بۆ سەر ڕێژیمی ئێران وەربگرن. بە کورتی ستراتیژی ئەمریکا هەر چییەک بێت، ئەم وڵاتە ناتوانی لە ئاست هێمنی و ئاسایشی هاوپەیمانەکانی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەراست دەست لەسەر دەست دابنێت. هەتا ڕێژیمی ئێران، هەوڵی دەستڕاگەیشتن بە چەکی ناوکیی بدات، هەتا دەستە و تاقمە نیابەتییەکان لەم ناوچەیە بۆ دژایەتیی ئیسرائیل و هاوپەیمانەکانی ئەمریکا پەروەردە و تەیار بکات، هەتا ئەو ڕێژیمە هاژەک و درۆن بۆ لێدان لە بنکە و ناوەندە سوپایی و ئابوورییەکانی وڵاتانی هاوپەیمانی ئەمریکا و خودی بنکەکانی ئەمریکا لەم ناوچەیە بەهەم بێنێت، ئەمریکا ناتوانێت دەست لە دژایەتیی ڕێژیمی ئێران هەڵبگرێت.

**قەندیل پرێس**: تام باراک دەڵێت چیرۆکی ئیسرائیل و ئێران هێشتا تەواو نەبووە، ئەم وتەیە بەو مانایە دێت کە شەڕی نێوان ئیسرائیل و ئێران تەواو نەبووە، بە ڕای بەڕێزتان ئیسرائیل دەتوانێت ببێتە وڵاتێکی پاڵپشتیکاری حیزبەکانی ڕۆژهەڵات دژ بە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی؟

**د. قادر وریا**: هیچ گومانێک لەم ڕاستییەدا نییە کە شەڕی ئیسرائیل و ڕێژیمی ئێران هێشتا تەواو نەبووە و قۆناغە یەک لاییکەرەوەکەی ماوە. دیارە من کەم تا زۆر ئاگاداری هیچ هەوڵدانێک لە لایەن ئیسرائیلەوە بۆ پێوەندیگرتن بە بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیم، کەواتە ئەم قسەیەی دەیکەم لە جیاتی پشتبەستن بە زانیاریی کۆنکرێت، پشتبەستنە بە لێکدانەوەی لێدوان و هەڵسوکەوتی هەتا ئێستای ڕێبەرانی ئەو وڵاتە. من بۆ خۆم بەو ڕاستییە گەیشتووم، ئیسرائیل کە خوازیاری گۆڕینی ڕێژیم لە ئێرانە، پێی خۆش نییە ئەم گۆڕانە لەسەر دەستی نەتەوە بندەستەکانی ئێران ڕوو بدات.پێی خۆشە ئەم گۆڕانە لەسەر دەستی لایەنێکی ناوەندپارێز بێت.

لە ماوەی دەسەڵاتدارەتیی ڕێژیمی ئێران و بە تایبەتی لە ڕاپەڕینی ژن، ژیان، ئازادییەوە هەتا ئێستا بۆ هەموو لایەک دەرکەوتووە کە ڕێژیمی ئێران ئۆپۆزیسیۆنێکی جیددیترو بەهێزتر لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبەکانی کوردستانی نییە، کەچی ئیسرائیل ئەو گرنگییەی پێویستە بە پشتیوانیی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی نەداوە. خۆ مەرج نییە پشتیوانیی ئیسرائیل یان ئەمریکا لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات، هەر بە شێوەی نیزامی بێت. مەرجێکی گرنگ بۆ گۆڕینی ڕێژیم لە ئێران، پێکهاتنی ئاڵترناتیڤی ئەو ڕێژیمەیە. هەر وڵات و هێزێکی بیانی کە خوازیاری گۆڕینی

ڕێژیم لە ئێران بێت و بیهەوێت هاوکار و پشتیوان بێت بۆ پێکهاتنی بەدیلی ئەو ڕێژیمە، ئەگەرلەپێکهاتنی ئەم بەدیلەدا، گرنگی بە پێگەی حزبەکانی کوردستان نەدا، مانای ئەوەیە سیاسەتێکی هەڵەی هەیە. مەرجی خێراترکردنی ڕووخانی ئەو ڕێـژیمە، پێکهێنـانی بەدیلـی ڕێژیمـی ئێـران و لە چوارچێـوەی ئەم بەدیـل دروستکردنەشـدا، گرنگیـدان بە پرسـی نەتەوە بندەستەکانی ئێران و پشتیوانیی هەمە لایەنە لە خەباتەکەیان لە پرۆسەی بەدیلسازی دایە.

**قەندیل پرێس**: بەپێی ئەو زانیارییانەی کە لە بارەی دوایین کۆبوونەوەی ناوەندی دیالۆگ لە میدیاکان بڵاوکرایەوە، فایلە دەنگییە بڵاوکراوەکان بوونەتە گرێکوێرەی ئەم جارەی هاوکاری حیزبەکان، بە تایبەت ئەوەیکە داوا لە پەژاک کراوە بە فەرمی ئەو فایلە دەنگییانەی کاک ئەمیر کەریمی ڕەد بکاتەوەو پەژاکیش ئەم داواکارییەی ڕەد کردووەو باسی لە فایلە دەنگییەکانی کاک عومەر ئیلخانیزادە و کاک هێمن سەیدی کردووەو ڕایگەیاندووە پەرچەکرداری ئەو چەند حیزبە لەبارەی ئەم دوو فایلە دەنگییە لە بەراوەرد لەگەڵ پەرچەکردارەکان دژ بە فایلە دەنگییەکەی بەڕێز ئەمیر کەریمی لەیەک ئاستدا نین و وادیارە بەستێنەکە زیاتر دژ بە پەژاکە، بە ڕای بەڕێزتان ئەم گرێ کوێرەی ئەمجارە چۆن چارەسەر دەبێت؟

**د. قادر وریا**: پەژاک، بۆ خۆدزینەوە لە بەرپرسایەتیی خۆی لە ئاست فایلە دەنگییە ئاشکرابووەکەی کاک ئەمیر کەریمی نەدەبوو پەنا بەرێتە بەر ئەو دوو فایلە دەنگییەی ئاماژەت پێکردوون. بە چەند هۆکار:

**یەکەم**. دەنگدانەوەی نەرێنیی فایلی دەنگیی کاک عومەر ئێلخانیزادە و کاک د.هێمن سەیدی زۆر کەمتر بوون لە دەنگدانەوەی فایلەکەی کاک ئەمیر، تا ئەو ڕادەیە کە ڕەنگە زۆر لە خوێنەران نەزانن مەبەستی ئێوە یان من لە کام فایلی ئەو دوو بەڕێزەیە.

**دووهەم**. من ئاگادار نیم هیچ فایلێکی دەنگیی نهێنیی دکتۆر هێمن سەیدی بڵاو بووبێتەوە. ئاگادارم کە د.هێمن لە چەند لایڤ و بەرنامەی ڤیدیۆییدا کە نهێنی نەبوون، بەئکوو گشتی و ئاشکرابوون، ڕەخنەی بۆ وێنە لە کاک عەولا موهتەدی، یان ڕەخنەی لە کاک خالید عەزیزی گرتووە.هەر لەو بەرنامانەشیدا، بەو پەڕی ڕێزەوە باسی مێژووی حیزبەکانی دیموکرات و کۆمەڵە و ڕێبەرە شەهیدەکانی کردووە. لە دوایین فایلیشدا بە توندی ڕەخنەی لەقسەکانی کاک ئەمیر کەریمی گرتبوو، بەڵام هیچ بوختان و بێ ڕێزییەکی بە مێژووی پەژاک و شەهیدەکانی و گریلاکانی نەکردبوو. ئەمانە نە نهێنی بوون، نە وەک قسەکانی کاک ئەمیر، پڕ بوون لە بوختان و چەواشەکاری. پاشان د. هێمن سەیدی خۆ سەرۆک و هاوسەرۆک و ئەندامی سەرکردایەتیی هیچ حیزب و ڕێکخراوێک نییە، بۆچی حیزبەکان دەبێ وەڵامدەر و بەرپرسیاری قسەکانی ئەو بن.

**سێهەم**. ڕەخنەگرتنی ئەندامی سەرکردایەتی، یان تەنانەت کەسی یەکەمی حیزبێک لە حیزبێکی دیکە، شتێکی ئاساییە. بەڵام هی کاک ئەمیر کەریمی، ڕەخنەگرتن نەبوون، "شەلم کوێرم، کەس نابوێرم" بوختان و بێ ڕێزی بوو بە مێژووی ئەو حیزبانە، بە هێزی پێشمەرگەیان، بە ڕێبەرانیان، بە ژنانی تێکۆشەریان. واتا چاوی خۆی نوقاندبوو و هەرچی بە دەمیدا هاتبوو، وتبووی. من نازانم لە کۆڕ و کۆبوونەوە و کلاس و کۆنگرەکانی پەژاکدا، بەشداران مافی ڕەخنەگرتن لە ڕێبەران و وتاربێژان و مامۆستاکانی خۆیانیان هەیە یان؟ ئەگەر ئەو مافەیان هەیە چۆنە ڕێگایان داوە قسە و باسی تا ئەو ڕادەیە نزم و بێ بنەما و بێ ناوەڕۆک بکرێن؟ ئەگەر ئەو مافەیان نییە، چۆن دەیانەوێ و دەتوانن هەرچی حیزبی بە وتەی خۆیان کلاسیکە، لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان بسڕنەوە و بزووتنەوەیەکی مودێڕنتر، بێننە جێگای؟!

ئەو گرێکوێرەیە بەمە دەکرێتەوە سەرۆکایەتیی پەژاک، کە ساڵانێکی زۆرە بۆ ئەوە تێدەکۆشێ لە بازنەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتدا جێی ببێتەوە و پێوەندی و هاوکاریی لەگەڵیان هەبێت، ئەم دەرفەتەی لە سایەی هەست بە بەرپرسایەتیکردنی حیزبەکانی دیکەدا بۆی ڕەخساوە، لە کیس نەدات. حیزبەکانی دیکە بە سەرنجدان بە ڕەوتی ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان لە ئێران و ناوچە و بە تێگەیشتن لە گرنگیی یەکتر قبووڵکردن و پێکەوە کارکردن، سەرئەنجام هەنگاوێک هاتنە پێش و، دەرگای دانیشتن و دیالۆگ و هاوکارییان لەگەڵ پەژاک کردەوە. سەرۆکایەتیی پەژاک دەبوو ئەو ئازایەتییەی هەبێت- ئێستاش هەر دەکرێت ئەو ئازایەتییە بنوێنێ- ڕەخنە لەم جۆرە لێدوانەی کاک ئەمیر کەریمی بگرێت.

بە بڕوای من کاک ئەمیر دەبوو بۆخۆی ڕەچەشکێن بێت و بڵێ من بەهەر هۆکارێک هەیە لەم قسە و باسانەدا زیدەڕۆییم کردووە، بوومە هۆی ڕووشانی ڕێژەیەکی زۆر لە تێکۆشەران و بنەماڵەکانیان و خەڵکی لایەنگری ئەو حیزبانە و داوای لێبووردنیان لێدەکەم.

هاوکاری و هاوخەباتیی چەندین حیزب و ڕێکخراو بە یەکەوە، پێویستی بە نیشاندانی نیازپاکی بەرامبەر یەکتر هەیە، نەک پێداگری لە سەر بۆچوونە توند و نادۆستانەکانی ڕابردوو.

**قەندیل پرێس**: یەکێک لەو ڕەخنانەی کە لە حیزبەکانی بەشداربوو لە کۆبوونەوەکانی ناوەندی دیالۆگ دەگیرێت ئەوەیە کە زانیاری ئەو کۆبوونەوانە دزە دەکاتە میدیاکان و پرسەکە ئاڵۆزتر دەبێت، بەشێک لە چاودێران پێیان وایە ئەم کارە بە ئەنقەست دەکرێت و ئامانجی ئەوەیە ناوەندی دیالۆگ شکست بخوات یان ئەوەیکە لایەنێکی دیاریکراو دەرپەڕێنن، شرۆڤەی بەڕێزتان لەم بارەوە چییە؟

بەشی سێهەم

**د. قادر وریا**: لەم کۆبوونەوانەدا چەند حیزب، هەر کامەی بە دەستەیەکی چەند کەسی بەشدار دەبن. هاوکات میدیاکانیش بە دوای هەواڵ و زانیاریی کۆبوونەوەکانی ئەم حیزبانەدا دەگەڕێن، بۆیە سەیر نییە ئەگەر میدیایەک زانیارییەکی سنووردار لە کەسێکی بەشداری کۆبوونەوەکە یان سەرچاوەیەکی نزیک لەو حیزبانە بەدەست بێنێت.

ئەوەنـدەی مـن بە دواداچـوونم هەبـووە، تـا ئێـستا نهێنییەکـی گەورە و زانیـارییەکی هەسـتیاری ئەم کۆبـوونەوانە بـڵاو نەبووەتەوە؛ ئەوەی هەبووە و لە سۆشیال میدیا کەوتووەتە بەرسەرنج، زیـاتر دەنگۆ و بۆچوون و گریمـانە و لێکدانەوەیان بووە نەک خودی زانیارییەکە. "لایەنێکی دیاریکراو" ئەگەر دەیهەوێت تەریک نەکەوێتە و بە تەنیـا نەمێنێتەوە و لە کـۆڕی حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات دەرنەپەڕێندرێ، پێویستە گوتـار و هەڵسوکەوتی لەگەڵ ئەوانـی دیکە، دۆسـتانە و نیازپاکانە و بەرپرسانە بێت، نەک قەڵسەگێڕان و هەوڵدان بـۆ خۆسەپاندن بە هەڕەشە و شێواندنی زیـاتری دۆخەکە. لە داهاتووشدا هەر فایل یان لێدوانێک یـان زانیـارییەکی کۆن و نوێ لە هەر ڕێکخراو و لایەنێکی سیاسی، دزە بکـات و بڵاو بێـتەوە، هەنگـاوی دروست ودلسۆزانە و بەرپرسـانە ئەوەیە، خـودی ئەو ڕێکخـراوە، دەستی خـۆی ڕەپێش بخـات، بە دانـی ڕوونکـردنەوەی پێویسـت و ژیـرانە، بەر بە لـێکەوتە زیانبارەکـان بگرێـت و نەهێڵـێ متمـانە و نیازپـاکیی نێـوان خـۆی و لایەنەکانی دیکە زیانی پێ بگات و دۆخەکە بشێوێت.

**قەندیل پرێس**: ئێستا ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە هەموو کاتێک زیاتر لاواز بووەو لە ژێر فشاری ناوخۆیی و دەرەکییە، لە لایەکترەوە ئۆپۆزیسیۆنی ناوەندگەرای ئێرانی ئامادە نییە مافە ڕەواکـانی نەتەوەی کورد بە فەرمی بناسێت، لە ئـاوا بـارودۆخێکـدا بە ڕای بەڕێزتـان بـۆ پرۆژەکـانی هاوکـاری حیزبەکـانی ڕۆژهەڵات بە ئاکـام ناگەییێت، ناوەنـدی هاوکـاری کە شکستی خوارد و ئێستاش ناوەندی دیالۆگ ئەگەری شکستهێنانی هەیە؟

**د. قـادر وریـا**: حیزبەکـانی ڕۆژهەڵات، هەتـا ئەو کـاتەی یەکگرتن و هاوپەیمـانییەکی پـتەو پێـک نەهێـنن و چاوەڕوانی و ویستەکانیان لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و لە هەر بەدیلێکی ڕێژیمی ئێستای ئێران، نەکەن بە یەک و یەکگرتـووانە لە پشتی ڕانەوەستن، ئۆپۆزیسیۆنی ناوەنـدگەرای ئێـران، هەر ئامادە نابێت مـافە ڕەواکـانی نەتەوەی کـورد بە ڕەسمی بناسێت، هەر ئامادە نابێت جێگە و پێگەی شیاو لەهەوڵەکانی قۆناغی گواستنەوەدا بـدا بە نوێنەرانی کورد. ئەگەر لایەنێکی کوردیشیان لەوانـی دیـکە هەڵاوارد و لـەگەڵ خۆیـان خست، بەمە نە نەتـەوەی کـورد هیچـی دەست دەکەوێت و نە ئەو ئۆپۆزیسیۆنەش، دەتوانێ خەیاڵی خۆی لە ئاست کێشەی کوردستان ئاسوودە بکات.

بەشی سێهەم

ئەو یەکگرتنەش کاتێک پێکدێت کە ئەو حیزبانە لە پێناوی بەرژەوەندی گشتی و داهاتووی نەتەوەکەیاندا، ڕوانینیان بەرانبەر یەکتر بگۆڕن، پێویستە بە شێوەیەکی واقیعی تر پێگەی خۆیان لەنێو خەڵکی ڕۆژهەڵاتدا هەڵسەنگێنن؛ ئەوانەیان کە بە ڕاستی خاوەن جێگە و پێگەیەکی گەورەن، ئامادە بن لە پێناوی داهاتوو و بەرژەوەندی گشتی و پێکهاتنی ئەم هاوکاری و یەکگرتووییە، لە خۆیان مایە دابنێن و لایەنەکانی لە خۆیان بچووکتریش بخوێننەوە. ئەوانەش کە لەبارەی سەنگ و پێگەی خۆیان زێدە ڕۆیی دەکەن و خۆیان لە هیچ هێزێک پێ بچووکتر نییە، ئەوانیش لە پێناوی نەتەوەکەیاندا واز لە ئیددیعای گەورە و زێدەخوازی بێنن و لەم قۆناغەدا هاوکار بن بۆ ئەوەی ڕوو بە ئۆپۆزیسیۆنی ناوەندگەرا و هەموو ئەوانەی نایانهەوێ نەتەوەی کورد لە ئێران بە مافەکانی بگا، یەکدەنگ و یەکگرتوو و هاوپشتی یەک بین. با ئەو ململانێ حیزبیانە و ئەم خۆ بە گەورە دیتنانە هەڵبگرین بۆ ئەو کاتەی خەڵک بە دەنگدانی خۆیان دەتوانن بیسەلمێنن کام حیزب و ڕێبەریان لەوانی دیکە زیاتر قبووڵە. بە ڕاستی ئێستا هەر لایەنێک کۆسپ بۆ پێکهاتنی هاوپەیمانەتییەکی بە هێزی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ساز بکات، خزمەتی نەیارانی گەیشتنی نەتەوەی کورد بە مافەکانی دەکات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی قەندیل پرێس - ڕێکەوتی: ١٣ی دێسەمبەری ٢٠٢٥



سەرچاوە
Serchawe

# پرسی زمانی ستاندارد ئەگەر ژیرانە ڕووبەڕووی نەبینەوە، لەجیاتی یەکگرتوویی نەتەوەییمان دەتوانێ ببێتە سەرچاوەی ناکۆکیی نێوخۆییش!

**دیمانە: حەسەن شێخانی**

## ئاماژە:

لەم ساڵانەی دواییدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پرسی زمان بۆتە بزووتنەوەیەکی کولتووری ـ سیاسی و، ئەم پرسە بۆتە ئاماژەیەک بۆ خۆپێناسەکردن و داکۆکیکردن لە مافە نەتەوەییەکان. کورد لەم پرسەدا ڕووبەڕووی داگیرکاری لە تەواویەتی خۆیدا بۆتەوە و سیستەمی زاڵی هێناوەتە ژێر پرسیار و تووشی تەنگژەی کردووە. کوردی ڕۆژهەڵات لە پرۆسەیەکی چڕی وەخەبەرهاتنی نەتەوەییدایە و هەموو پێناسە داسەپاوەکانی نەتەوەی زاڵ بۆ خۆی ڕەت دەداتەوە و خۆی پێناسە دەکاتەوە.

ئەگەر چاوێک لە تابلۆی زیندوو و پڕجموجۆڵی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەین، زمان و پرسی زمان لەم تابلۆیەدا بەرجەستەن و بەشێکی گەورە و گرینگیی ئاکسیۆن و چالاکییەکان لە دەوری پرسی زمان شکڵیان گرتووە و ئەم پرسە بۆتە چەقی کار و تێکۆشانی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لەم چوارچێوەیەدا ڕووناکبیران و نووسەران و شارەزایانی بواری زمان، ڕۆڵێکی گرینگیان لە زیندووکردنەوە و دەوڵەمەندکردنی ئەم ڕەهەندەی خەبات گێڕاوە و بە نووسین و تێزەکانیان بوونەتە ڕێنیشاندەر و، بەرچاوی تاکاکەکانی مافخوازی کوردیان ڕوون کردۆتەوە. یەکێک لەم کەسە دیارانە، "دکتۆر قادر وریا"یە کە وێڕای ئەوەی ساڵانێکی زۆرە لەم بوارەدا چالاکە و خزمەتی کردووە، تێزێکی دکتۆرای بایەخداریشی پێشکەش کردووە. کتێبی "سیاسەت و پلاندانانی زمانی بۆ بواری پەروەردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا"، کە تێزی دکتۆراکەیەتی، لەم ماوەیەدا لە کوردستان و ئاڵمان چاپ و بڵاو کرایەوە. ئەم تێزە ڕەشەمەی ٢٠٢٤ لە زانکۆی کۆیە گفتوگۆی زانستی لەسەر کار و بە پلەی نایاب پەسند کرا. بە بۆنەی چاپی تێزەکەی لە دووتوێی کتێبکدا، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ پێک هێناوە؛ هەم ئاوڕێک لە نێوەرۆکی تێزەکەی دەدەینەوە و هەم پرسی زمان و گرینگیی ئەم پرسە بۆ کوردی ڕۆژهەڵات گەنگەشە دەکەین.

**حەسەن شێخانی: یەکەم پرسیارمان ئەوەیە کە هۆکاری ئەوەی جەنابت ئەم مژارەتان بۆ تێزەکەتان هەڵبژارد چییە؟ کەڵکەڵەی زەینیی جەنابتان چی بوو و ئاسۆی ڕوانینی جەنابتان چی بوو؟**

**د. قادر وریا:** هۆی هەڵبژاردنی پرسی سیاسەت و پلاندانانی زمانی بۆ بواری پەروەردە بۆ ئەم ڕاستییە دەگەڕێتەوە کە

بەشی سێهەم

پرسی زمان نزیکەی سەدەیەکە یەک لە پرسە سەرەکییەکانی نەتەوەی کورد لە ئێرانە. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر لە دامەزرانی دەوڵەتی مودێرن لە ئێران کە بناغەکەی لەسەر پێناسەکردنی ئێران وەک وڵاتی یەک نەتەوە و یەک زمان دامەزرا، نەتەوەی کورد خەباتی بۆ بەڕەسمی ناسینی زمانەکەی کردووە. پێناسەکردنی ئێران وەک وڵاتی یەک نەتەوە و یەک زمان لە درێژایی ئەو مێژووەدا وای کردووە زمانە نافارسییەکان، بکەونە پەراوێز. پەروەردە بەو زمانانە کە هەم مافێکی سروشتیی ئاخێوەرانیانە و هەم ڕێگایەکی کاریگەرە بۆ گەشە و زیندوویی زمانەکە، قەدەغە بکرێت. بەم جۆرە نیگەرانی لە داهاتووی زمانی کوردی و زمانە نافارسییەکان لە ئێران لە لایەک و لە لایەکی دیکە گرنگیی پەورەدە بە زمانی کوردی وەک ڕێگایەک بۆ پێشکەوتنی زمانەکە، هاندەری من بوو تێزی دکتۆراکەم تەرخان بکەم بۆ سیاسەتی زمانی لە بواری پەروەردەدا. ئەم سیاسەتە زمانییەی لە ماوەی سەد ساڵی رابردوودا لە ئێران زاڵ بووە، لەسەر بناغەیەکی نادادپەروەرانە و زۆردارانە دامەزراوە، بە بێ گۆڕینی ئەو سیاسەتە زمانییە، واتە بێ کۆتاییهێنان بە سیاسەتی تاکزمانی و بێ ئەوەی زمانە نافارسییەکان بە رەسمی بناسرێن، کۆمەڵ و وڵاتی ئێران هەروا بە دەست کێشەی زمانەوە دەناڵێنن.

**حەسەن شێخانی:** بێگومان ئەم مژارە، مژارێکی گرینگ و ڕۆژەڤە، پێم باشە گرینگیی ئەم مژارە بە سەرنجدان بە دۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر شی بکەیەوە و لە بەستێنی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پێناسەی بکەی.

**د. قادر وریا:** ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕووبەرێکی گەورەی هەیە، چوار پارێزگەی ئێران دەگرێتەوە، وێرای ئەمەش بە میلیۆن کورد لە دەرەوەی ئەو چوار پارێزگایە، لە خۆراسان و پارێزگاکانی دیکە دەژین. کاتێک باس لە مافی نەتەوەیی و مافە زمانییەکانی کورد لە ئێراندا دەکەین، لە ڕاستیدا باسی مافێکی ڕەوای نزیکەی ١٢ میلیۆن کەس دەکەین.

ڕووبەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ڕووبەری باشووری کوردستان زۆر گەورەترە، ژمارەی دانیشتووانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانیش، لە ژمارەی دانیشتووانی کورد لە باشووری کوردستان و عێراق، زۆر زیاترە. کورد دەیان ساڵە لە دەستووری عێراقدا وەک نەتەوە ناسراوە و زمانی کوردی لە ئاستی عێراقدا بە ڕەسمی دانی پێدانراوە و لە کوردستانیش زمانی کوردی لە هەموو بوارەکاندا زمانی ڕەسمییە، زانکۆ و ئەکادیمیا و دادگا و پارلمان بە کوردی هەیە، بەڵام بەشێکی گەورەی ئەو نەتەوەیە لە ئێران، لە دراوسێیەتیی باشووری کوردستاندا وەک نەتەوە سەیری ناکرێت، زمانەکەی بەڕەسمی ناناسرێت و ڕێگای ئەوە نادرێت لە قوتابخانەکان بە زمانی کوردی بخوێندرێت.

ڕاستییەکەی ئەوەیە ویستی پەروەردە بە زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، مێژوویەکی درێژ بە قەرا مێژووی

**بەشی سێهەم**

بزووتنەوەی نەتەوەیی هاوچەرخی کوردی هەیە، هەر لە پێکهاتنی کۆمەڵەی جیهاندانی و لە دەسپێکی تێکۆشان و خەباتی سمکۆی شکاک، پەروەردە و خوێندن بە کوردی، لە لایەن بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بایەخی پێ دراوە. لە کۆماری کوردستاندا، خوێندنی کوردی هەبووە، لە دوای رووخانی ڕێژیمی شایەتی و زاڵبوونەوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بە سەر بەشێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، پەروەردە بە زمانی کوردی بۆ ماوەی چەند ساڵێک بەڕێوە چووە. لە ماوەی چوار دەیە و نیوی ڕابردوودا، داوای پەوەردە بە زمانی کوردی، هەموو کات یەک لە داوا سەرەکییەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕوو بە دەوڵەتی ناوەندی بووە. دەتوانین بڵێین پەروەردە بە زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بووە بە ویستێکی نەتەوەیی و گشتی.

**حەسەن شێخانی: ئەم جموجۆڵ و چالاکییانەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەوری پرسی زمان شکڵیان گرتووە چۆن دەبینی و هەڵسەنگاندنی جەنابت لەم بوارەدا چیە؟ لایەنە بەهێز و کەمایەسییەکانی ئەم جموجۆڵ و چالاکییانە چۆن لێک دەدەیەوە؟**

**د. قادر وریا:** ئەو تێکۆشان و خەباتەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ زمانی کوردی و ناسنامەی نەتەوەییدا هەن، لەوە فراوانترن کە بە جموجۆڵ ناویان بەرین. لە ڕاستیدا بوون بە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و کولتووریی فرەڕەهەند کە دیارە پرسی زمان و ناسنامە، هەوێنی سەرەکیی بزووتنەوەکە و چەقی زۆربەی داواکانییەتی. داکۆکی لە زمان و ناسنامەی نەتەوەیی و تێکۆشانی جۆراوجۆر بۆ پاراستنیان، تایبەت نییە بە پارێزگا یان ناوچەیەکی دیاریکراو، تایبەت نییە بە توێژێک لە خەڵک، لە هەموو پارێزگاکاندا هەیە و توێژی جۆراوجۆریش تێیدا بەشدارن. ئەمەش بەڵگەیە بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وشیارییەکی بەرزی نەتەوەیی و زمانییان هەیە. ئەوان دەزانن ئەو سەرکوت و کۆسپانەی لەسەر ڕێی زمانی کوردی هەبوون و هەن، ئەو ڕێگرییەی لە پەروەردە بە زمانی کوردی کراوە و دەکرێت، بووە بە هۆی ئەوە زمانی کوردی ڕووبەڕووی هەڕەشە و مەترسیی جۆراوجۆر بێتەوە. بۆ کەمکردنەوەی ئەو هەڕەشانە، بە دوو شێوەی سەرەکی خەبات دەکەن: لە لایەک فێربوون و فێرکردنی زمانی کوردی و پاراستنی ئەو زمانەیان کردووە بە ئەرک لەسەر خۆیان، لە لایەکی دیکە هەوڵ دەدەن دەوڵەت و دامودەزگاکانی بخەنە ژێر گوشار بۆ ئەوەی زمانی کوردی بە ڕەسمی بناسن و چی دیکە مافی پەروەردە بەو زمانە لە خەڵکی کوردستان زەوت نەکەن.

من بوونی ئەم بزووتنەوە کولتوورییە ناسنامەپارێزە، بە بەرهەمی وشیاری و تێگەیشتوویی نەتەوەیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەزانم و زۆر بەرز دەینرخێنم. ڕەسەنایەتی، ڕەگاژوویی بزووتنەوەکە و بەردەوامییەکەی، بڕوامەندبوونی بە بایەخە مودێرنەکانی وەک مافی مرۆڤ، یەکسانی، ژینگەپارێزی، دووربوونی لە توندوتیژی، فرەڕەهەندبوونەکەی،

گرنگیدانی بە دیالۆگ و لێکتێگەیشتن، پەرەپێدانی گیانی نەتەوەیی شانبەشانی ڕێزلێگرتن و پاراستنی جۆراوجۆرییەکانی کۆمەڵی کوردستان، ئەمانە لە خاڵە بەهێزەکانی ئەو بزووتنەوەیەن. هەر لەم کاتەشدا پێموایە بێ کەموکووڕی نییە. بۆ نموونە هێشتا ڕێژەیەکی زۆری خەڵک هەن کە دوورەپەرێزن و پێویستە بۆ بەشداری و ئەرک گرتنە ئەستۆ لەم بزووتنەوەیەدا هان بدرێن؛ تێکۆشان و چالاکییەکان، خەسڵەتێکی ناوچەییان هەیە، گشتی و سەرانسەری و پێکەوەگرێدراو نین. مەبەستم ئەوەیە سەرجەمیان لە یەک سەرچاوە و ناوەندەوە، ڕێنوێنی و ڕێبەری ناکرێن. دەکرێت ڕێکخراو و ئەنجومەنە مەدەنییەکان بەپێی ئەرک و بەرنامە و ئامانجیان لە چوارچێوەی فیدراسیۆنی تایبەت بە خۆیاندا، چەترێک بۆ پێکەوەبوون و هاوکاری و هاوهەنگاوی لەگەڵ یەکتر دروست بکەن. بەتایبەتی ئەو ئەنجومەن و ناوەند و چالاکانەی، زمانی کوردی خەمی سەرەکی و هەرە گرنگی ئەوانە، پێویستە هاوکاری و ڕاوێژ و ئامانج و بەرنامەی هاوبەشیان هەبێت، بۆ ئەوەی چوارچێوەی سیاسەتێکی زمانیی شیاو و کاریگەر دیاری بکەن و بە هاوفکری لەگەڵ یەکتر پلانی هاوبەش بۆ جێبەجێکردنی بۆ دابنێن.

**حەسەن شێخانی**: گرینگیدان بە پرسی زمان و خزمەتکردنی زمانی کوردی چەندە دەتوانێ لە نەتەوەسازی و جێگیرکردنی شوناسی نەتەوەییدا دەور بگێڕێ؟

**د. قادر وریا**: یەکێک لە بەشەکانی ئەم تێزەی من، لەژێر ناوی "زمان و پەروەردە، دەوڵەت-نەتەوە و نەتەوەی بێدەوڵەت" لەم مەسەلە گرنگە دەدوێت کە پەروەردە چۆن دەتوانێت بە سوودوەرگرتن لە سیاسەتێکی زمانیی دیاریکراو، نەتەوە دروست بکات. هەر بە نموونە دەوڵەت-نەتەوەی ئێران، بە زاڵکردنی زمانی فارسی لە هەموو بوارەکان بەتایبەتی لە بواری پەروەردەدا، هەوڵی داوە نەتەوە نافارسەکان لە زمانەکەی خۆیان داببڕێت و هەموان بکات بە یەک نەتەوە کە ئەو نەتەوەیە، گۆیا نەتەوەی ئێرانە و زمانەکەی فارسییە. مەبەست ئەوەیە دەکرێت بە زاڵکردنی تاکزمانی لە سیستەمی پەروەردەدا، جۆراوجۆرییە نەتەوەیی و زمانییەکان بسڕیەوە و نەتەوەیەکی دیاریکراو دروست بکەی، وەک ئەوەی دەوڵەت-نەتەوەی ئێران لە سەد ساڵی ڕابردوو دا کردوویەتی. پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە، دەکرێت نەتەوەیەکی بێدەوڵەت، بەهۆی ڕەسمیەتدان بە زمانەکەی و دابینکردنی پەروەردە بە زمانی خۆی، سیاسەتی توانەوە لە نێو زمان و ناسنامەی داسەپاودا پووچەڵ بکاتەوە و زمانەکەی خۆی کە یەک لە گرنگترین فاکتەرەکانی نەتەوەبوونییەتی، بپارێزێت و بەم جۆرە بەر بە توانەوەی ناسنامەی نەتەوەیی خۆی بگرێت.

دیارە لەم تێزەدا داکۆکی لەوە کراوە کە نەتەوەیەکی بێدەوڵەتی وەک کورد لە وڵاتێکی وەک ئێران، بۆ ئەوەی نەتوێتەوە و

بەشی سێهەم

مانەوەی خۆی وەک نەتەوەیەک دەستەبەر بکات، پێویستە پێگەیەکی دەستووری بۆ خۆی دابین بکات بە جۆرێک کە هەم پشکێکی کاریگەری لە بەڕێوەبەریی وڵات و دەسەڵاتی ناوەندیدا هەبێت، هەم بەڕێوەبەرییەکی تایبەت بەخۆی بۆ پاراستنی ناسنامەی نەتەوەکەی، ڕاییکردنی مافە نەتەوەییەکان و بەڕێوەبردن و پاراستنی سەرزەوی و شار و ناوچەکانی کوردستان و دانیشتووانی، هەبێت. گرنگترین ئەرکیش لەسەر شانی ئەو خۆبەڕێوەبەرییە دەبێت، پەروەردە بە زمانی کوردییە کە پاراستن و گەشەی زمانەکە دەستەبەر دەکات.

**حەسەن شێخانی**: چەندە لەگەڵ ئەم ڕایەی کە لە پرۆسەی نەتەوەسازیدا و پێش گەیشتن بە ڕزگاری، پرسی دروستبوونی زمانی ستاندارد یان یەکگرتووی کوردی، لە پلەی دوویەمی گرینگیپێداندایە؟ با پرسیارەکە بەم شێوەیە بێنینە ئارا کە گرینگینەدان بە پرسی دروستکردنی زمانی ستانداراد لە قۆناغی شۆڕشدا، چەندە دەتوانێ زیان بە پرۆسەی نەتەوەسازی و یەکگرتوویی کورد بگەیەنێ؟

**د. قادر وریا**: ئەمە پرسیارێکی زۆر گرینگە. پرسی زمانی ستاندارد بۆ نەتەوەی کورد، هەستیارییەکی تایبەتی هەیە و ئەگەر بە دووربینی و ژیرانە ڕووبەڕووی نەبینەوە، لەجیاتی سوودگەیاندن بە یەکگرتوویی نەتەوەییمان، دەتوانێت ببێت بە سەرچاوەی ناکۆکیی نێوخۆیی و لێک دوورکەوتنەوە. هەر کات باس لە زمانی ستاندارد بۆ کورد دەکرێت، پێویستە ئەو ڕاستییەمان لەبەر چاو بێت کە ئێمە نەک یەک کوردستان، بەداخەوە چەند کوردستانمان هەیە، واتە لانیکەم چوار پارچەی کوردستانمان هەیە کە هەر یەکەی بە وڵاتێکەوە لکێندراوە، و ڕێژیم و سیستەمێکی سیاسیی جیاواز و بە زۆریش دژ بە کورد بەسەریاندا زاڵە. جگە لە باشووری کوردستان و عێراق کە بە ڕەسمی دان بە بوونی نەتەوەی کورد و زمانەکەیدا نراوە و لە شێوەی فیدراڵیدا جۆرێک مافی خۆبەڕێوەبردن بۆ کورد بەڕەسمی ناسراوە، لە پارچەکانی دیکە و لە وڵاتانی تورکیا، ئێران و سوریا بە داخەوە نەتەوەی کورد پێگەیەکی دەستووریی نییە و مافە زمانییەکانی دانیان پیدا نەنراوە و بە ڕەسمی نەناسراون.

جگە لەمەش ئەم کوردستانانە لە ڕووی سەردەستبوونی زارێکی زمانی کوردی و پێشینەی بەکارهێنانی دیالێکتێکی زمانی کوردی لە نووسیندا، جیاوازییان هەیە. بۆ نموونە لە باشوور و ڕۆژاوای کوردستان، دیالێکتی کورمانجیی ژووروو هەم ئاخێوەری زیاتری هەیە، هەم پێشینەی نووسینی ئەدەبی و ڕۆژنامەنووسی بەو دیالێکتە زیاترە، هەروەها نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی لاتین لەو دوو بەشە برەوی هەبووە. بەڵام لە باشوور و ڕۆژهەڵات، دیالێکتی کوردیی نێوەڕاست (کە بە سۆرانی ناسراوە) وەک زمانی ستاندارد هەتا ڕادەیەکی زۆر جێ کەوتووە. چاوەڕوانیی ئەوە کە یەک زمانی ستاندارد لە هەر چوار پارچە جێ بکەوێت و وەربگیرێت، چاوەڕوانییەکی نەگونجاو و دوور لە ڕاستییە؛ چونکە جگە لەوەی هەر یەکێک لەو



سەرچاوە
Serchawe

دیالێکتە کە بوون بە بنچینەی زمانێکی ستاندارد لە دوو بەشی کوردستان، لەبەشەکانی دیکە پێشینەیان نییە و ئاخێوەری کەمتریان هەیە، هاوکات سیستەمی سیاسی و ئیداری و یاسایی و پەروەردەش لەزۆربەی ئەو کوردستانانە بەدەست کوردەوە نین، تا لە ڕێگای ئەوانەوە ئەم زمانە ستانداردەیان بەسەردا فەرز بکرێت.

من پێم باشە بە پلەی یەکەم ئەم دوو ستانداردییە قبووڵ بکەین، هاوکات هاندەری هەر تاکێکی کورد بین کە فێری ئەلفوبێ و خوێندنەوە و تێگەیشتن بە زمانە ستانداردەکەی دیکەش بێت. لە ئاست بڵاوبوونەوەی نووسین و ئەدەبیات بە زارە جیاوازەکانی زمانی کوردی(لە دەرەوەی ئەو زمانە ستانداردە) هەستیار نەبین و دژایەتییان نەکەین و وەک سامانی زمانی کوردی لێیان بڕوانین. تەنانەت لە قۆناغی باخچەی ساوایان و پۆلی یەکەم و دووهەمی سەرەتاییدا، قورسایی پەروەردە بەو زارانە بێت کە منداڵان لە ماڵەوە قسەی پێ دەکەن، لە پۆلەکانی دواتر و قۆناغەکانی سەرتردا، با پەروەردە بە زمانە ستانداردەکە بێت. مەبەستم ئەوەیە جێخستنی زمانی ستاندارد لە کوردستان، پێویستە بە سەرنجدان بە فرەزاریی زمانی کوردی و هەستیاریی ئاخێوەرانی ئەو زارانە و ڕەواندنەوەی نیگەرانییەکانیان، باسی لێ بکرێت و ڕێگای بۆ بدۆزرێتەوە، نەک بە سەپاندن. چونکە ئەگەر بە زۆر و سەپاندن بێت، ئەو جار دەبێتە سەرچاوەی لێک دوورکەوتنەوە و دروستبوونی کەلێنی نەتەوەیی. ئەمەش لە هەلومەرجێکدا کە ئێمە لە قۆناغی خەباتی ڕزگاریخوازیداین، بە زیانێکی گەورە بەسەرماندا دەشکێتەوە.

**حەسەن شێخانی:** خۆتان دەزانن یەکێک لە هەوڵەکانی ڕێژیمی ئێران ئەوەیە کە زمانی کوردی بۆ ئاستی زمانی لۆکاڵی دابەزێنێ، ئەمەش لەو ڕاستایەدایە کە کورد لە نەتەوەوە بۆ ئیتنیک دادەبەزێنێ؛ دەیەوێ هەم زمانێکی یەکگرتووی کوردی دروست نەبێ و هەم زاراوەکانی زمانی کوردی بە شێوەیەکی شێوێندراو، لە هەمبەر زمانی یەکگرتووی کوردی زەق بکاتەوە، جەنابت لەم بارەوە چۆن بیر دەکەیەوە و ئەم پرسە چۆن لێک دەدەنەوە؟

**د. قادر وریا:** لۆژیکی ڕێژیمەکانی ئێران و بە گشتی هەموو ئەوانەی لە ڕووی فکرییەوە دەکەونە بازنەی ئایدۆلۆژیاکانی دەوڵەت - نەتەوەی ئێران، ئەوەیە کە لە ئێران یەک نەتەوە هەیە، ئەو نەتەوەیەش زمانەکەی فارسییە. ئەگەر پرسیاریان لێ بکەی ئەدی کورد و تورک و بەلووچ و عەرەب چن؟ نەتەوە نین؟ زمانەکەیان زمانێکی سەربەخۆ و جیاواز نییە؟ دەڵێن نەخێر ئەوانە قەومن، زمانەکەشیان زمانێکی قەومییە، لۆکاڵی(خۆجێیی)یە، "گویش" یان زارێکی زمانی فارسییە، ئەگەر لقێکی زمانی فارسییش نەبێت، هەر زمانێکی تەواو نین و ناتوانن زمانی پەروەردە و یاسا و زانست و...هتد بن! تەنیا دەتوانن زمانی شوانکارەیی و کشتوکاڵ و فۆلکلۆر بن! ئایدۆلۆژیای ئەوان لەسەر ئەم بۆچوونە ناڕاستە دامەزراوە کە ئەگەر

## بەشی سێهەم

پێكهاتەی خەڵكی ئێران وەک چەند نەتەوە بە چەند زمانی جیاوازەوە پێناسە بکەن، ئێران لێک هەڵدەوەشێ. هەر بۆیە هەر چەندی بۆیان بکرێت نەتەوە نافارسەکان و زمانەکانیان، سووک و چووک دەکەنەوە. تا بیری خۆ بە نەتەوەزانین و قایلبوونی پێگەی نەتەوەیی و زمانێکی سەربەخۆ بۆ خۆیان و زمانەکەیان، لە مێشکیان بەرنە دەر. یەکێک لەو هەوڵانەیان ئەوەیە کە شتێکی وەک زمانی یەکگرتووی کوردی بەرجەستە نەبێتەوە و کورد خاوەنی زمانێکی ستاندارد نەبێت، هەتا بتوانن زمانی کوردی وەک کۆمەڵێک زار کە پێوەندییەکی پتەویان بە یەکترەوە نییە و ئاخێوەرانیان لێک تێناگەن، بناسێنن. هەر لە چوارچێوەی ئەم هەوڵە شوومەیاندا، تێدەکۆشن هێندێک زار لە زمانی کوردی دابڕن و وەک زمانێکی جیاواز، پێناسەیان بکەن و هانی ئاخێوەرانیان بدەن کە خۆیان وەک خەڵکێکی جیاواز لە نەتەوەی کورد و زاری قسەکردنیان، بە شتێکی جیاواز و لە دەرەوەی زمانی کوردی بناسێنن، بۆ ئەم مەبەستە ئامادەن بە شێوەی جۆراوجۆر لە خۆیان مایە دابنێن.

لێرەدایە کە تاکێکی کورد لە ئێران دەبێت لەم ڕاستییە تێ بگات کاتێک ڕێژیمی ئێران یان ڕووناکبیرانی سەر بە دەوڵەت-نەتەوەی ئێران، بایەخ بە تەنیا زارێکی زمانەکەی دەدەن و پێگەیەکی تایبەتی وەک زارێکی سەربەخۆی بۆ قایل دەبن، ئەویش لە کاتێکدا کە ئامادە نین کۆی زمانی کوردی وەک زمانێکی سەربەخۆ بە ڕەسمی بناسن، مەبەستێکی خێریان نییە. لە بەرانبەر ئەم جۆرە هەوڵانەدا، ئەرکی هەر تاکێکی کوردە جا هەر ئایین و ئایینزایەکی هەبێت، لە هەر هۆز و شار و ناوچەیەک بێت و بە هەر زار و بنزارێک قسە بکات، بڵێت ئێمەی کورد یەک نەتەوەین و خاوەنی یەک زمانین کە ئەویش زمانی کوردییە. واتە دەمارگرژی لە ئاست ئایین و ئایینزا و زار و بنزار و هۆز و شار و ناوچە، نابێت وامان لێ بکات زمانی کوردی و ناسنامەی نەتەوەیی خۆمانیان لە پێناودا بکەینە قوربانی.

**حەسەن شێخانی**: بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی خۆتان یەکێک لە کەسە دیارەکانی نێو بزووتنەوەی کوردیی ڕۆژهەڵاتی و، ناسینێکی لە نێوەوە لەم بارەوە هەیە، کارکردنی حیزبە کوردییەکان لە بواری زمان و خزمەتکردنی زمانی کوردیدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ ئایا ئەوان گرینگیی تەواویان داوە بە پرسی زمان و کاریان کردووە بۆ یەکگرتووکردنی زمانی کوردی؟ یان بە پێچەوانە خۆیان هۆکارێکی پرشوبڵاوی و ناکۆکی لە پرسی زمانی یەکگرتوودا بوون؟

**د. قادر وریا**: وەک لە وەڵامی پرسیارێکی پێشوودا وتم، ئێمە بە داخەوە کوردستانێکی یەکگرتوومان نییە و چەند کوردستانمان بە حیزب و ڕێکخراوی سیاسیی جیاواز و بە بارودۆخی سیاسیی لێک جیاوازەوە هەیە. بۆیە بێگومان لە سیاسەت و هەڵسوکەوتی ئەو حیزب و ڕێکخراوانەدا بەرانبەر پرسی زمان جیاوازی هەبووە و هەیە. دیارە ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی کە هەڵگری پرسی نەتەوەیی نەبوون، زیاتر خۆیان بە حیزبی چینێکی دیاریکراو و هەڵگری پرسی چینایەتی



سەرچاوە
Serchawe

زانیوە،گرنگییەکی ئەوتۆشیان بە مافە نەتەوەییەکان بە تایبەتی پرسی زمان نەداوە، بەڵام ئەو حیزبانەی بۆ ڕزگاریی کورد لە بندەستی و داگیرکراوی، خەباتیان کردووە، بەو هۆیەوە کە پرسی زمان و ناسنامەی نەتەوەیی لە کۆنتێسکتی خەباتی نەتەوەیی و ڕزگاریخوازییدا گرنگیی تایبەت بەخۆی هەیە، زۆربەیان داوای بە ڕەسمی ناسینی زمانی کوردییان کردووە. من زیاتر لەسەر بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زانیاری و شارەزاییم هەیە. حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ڕۆڵی سەرەکی و ڕێبەری ئەم بزووتنەوەیەی هەیە، بۆیە دەکرێ بۆ وەڵامدانەوە بەم پرسیارە، سیاسەتی زمانیی ئەم حیزبە وەک نموونە وەربگرین. دەتوانم بڵێم حیزبی دیموکرات سیاسەتێکی نەتەوەیی و دروستی لە پێوەندی لەگەڵ پرسی زماندا هەبووە. ئەم سیاسەتە زمانییە لە پێوەندی لەگەڵ ڕێژیمەکانی ئێراندا، داوای بە ڕەسمی ناسینی زمانی کوردی لە کوردستان و کردنی بە زمانی پەروەردە و کاروباری ئیداری کردووە. لەنێوخۆیدا و ڕوو بە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش هەرچی لە دەستی هاتووە بۆ خزمەتی ئەو زمانە، بە تایبەتی چاپ و بڵاوکردنەوە بە زمانی کوردی و وەڕێخستنی خوێندن بە زمانی کوردی، خۆی لێ نەپاراستووە. لە ئەدەبیاتی نووسراوی خۆیدا ڕەچاوی نووسین بە زمانی ستانداردی کردووە، هیچ کات لە هاندانی خەڵکی کوردستان بۆ پاراستنی زمانی کوردی و داکۆکی لێکردنی غافڵ نەبووە. ڕەهەندێکی پرشنگداری دیکەی ئەم سیاسەتە زمانییەی حیزبی دیموکرات، داکۆکی لە مافە زمانییەکانی نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئێران، هەروەها مافە کولتوورییەکانی کەمایەتییە ناکوردەکان لە کوردستانە.

**حەسەن شێخانی:** ئایا پێویستە کورد لە ئێستاوە، واتە لە قۆناغی شۆڕشەوە لە بیری سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی بۆ بواری پەروەردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بێ؟ هەوڵی پسپۆڕان و شارەزایانی زمانی کوردی لەم بارەوە چۆن دەبینی؟

**د. قادر وریا:** پرسیارێکی بەجێیە. سیاسەتی زمانی، شتێک نییە کە تەنیا ئەو کاتەی دەسەڵاتی نیشتمان و وڵاتی خۆمان بە دەستەوەیە بیری لێ بکەینەوە. هەر لەجێدا سیاسەتی زمانی هەر تایبەت نییە بە دەوڵەتان؛ حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان و تەنانەت بنەماڵەکانیش دەتوانن سیاسەتی زمانییان هەبێت. حیزبێک هەروا کە بۆ بوارەکانی وەک سیاسی و سیستەمی بەڕێوەبەرێتی، بواری ئابووری، کۆمەڵایەتی و بواری کولتووری، ڕوانگە و باوەڕەکانی خۆی گەلاڵە دەکات و بە خەڵکیان دەناسێنێت، پێویستە لە پێوەندی لەگەڵ پرسی زمانیشدا، بەرچاوی ڕوون بێت و بڕیار و پەسندکراوی ئەوتۆی هەبێت کە ڕێگایەکی دروست و ئاسۆیەکی ڕوون نیشانی ئەندامان، جەماوەری خۆی و ئەو خەڵکە بدات کە پشتیوانیی لێ دەکەن. سیاسەت و پلاندانانی زمانی بۆ بواری پەروەردە بۆیە پێویستە لە ئێستاوە قسەی لەسەر بکرێت، چونکە پرسێکی ئاڵۆزە و لەنێو خەڵکدا بیروڕای جیاواز و تەنانەت ناکۆک لە بارەیەوە هەیە. ئەگەر ئێستا قسەی لەسەر نەکرێت، ڕەهەندە جیاوازەکانی نەکەونە بەر باس و شەنوکەو نەکرێن، سوودەکان و مەترسییەکانی هەر یەک لە ڕوانگە و

بۆچوونە جیاوازەکان ئێستا ڕوون نەکرێنەوە، لەوانەیە تا دەگەینە ئەو ڕۆژەی، وەک کورد چارەنووسی خۆمان دەگرینە دەست، زۆر لێک دوور بکەوینەوە. من بە نۆرەی خۆم لە ڕێگای ئەم تێزەوە، هەوڵم داوە بە وەرگرتنی ڕا و بۆچوونی شارەزایان و چالاکانی بواری زمان و پەروەردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لێکدانەوە و شێکردنەوەی ڕوانگە و خوێندنەوەی ئەوان، نەخشەڕێگایەک بۆ چارەسەری پرسی زمانی پەروەردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران گەڵاڵە بکەم، نەخشەڕێگایەک کە بناغەکەی لەسەر بەڕەسمی ناسینی فرەزمانی، مافەزمانییەکان، پەروەردە بە زمانی دایک و ویستی ئێستای خەڵکەکەمان دامەزراوە. ئەم نەخشەڕێگایە دەکرێت و زۆریش پێویستە لە لایەن شارەزایانی بواری پەروەردە و زمان قسەی لەسەر بکرێت، لایەنە بەهێز و لاوازەکانی دەستنیشان بکرێن و بەجۆرێک دەوڵەمەند و گشتگیر بکرێت کە دیدێکی هاوبەش و بەرچاوڕوونییەک بۆ داهاتووی زمانی پەروەردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دروست ببێت.

**حەسەن شێخانی: ئاسۆی مافخوازیی کورد و بەتایبەت چڕبوونەیەیان لەسەر زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆن دەبینی؟**

**د. قادر وریا:** چارەسەری پرسی نەتەوەیی و پرسی زمانی کوردی لە ئێران، بە دوو لایەنەوە بەستراوەتەوە. لایەنێک خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە تایبەتی بزووتنەوە کولتووری و مەدەنییەکەی و حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانن، لایەنەکەی دیکەی ئەو دەسەڵاتەیە کە لە تاران لەسەر کارە. ئەوەندەی پێوەندیی بە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەیە، زۆر بە ئاسۆی مافخوازیی کورد بە تایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ داواکردنی مافە زمانییەکانیاندا گەشبینم. ئەوەی لە هیچمان شاراوە نییە ئەو وشیارییە نەتەوەیی و زمانییە ڕوو لەگەشەیەیە کە لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەدیی دەکرێ. ئەم وشیارییە هاندەر بووە بۆ ئەو هەمووە هەوڵ و چالاکییانەی لە پێناوی پاراستنی زماندا وەڕێخراون، هەر لە پێکهاتنی سەدان فێرگەی زمانی کوردی، هەڵمەتی بەکوردینووسین لە سۆشیالمیدیادا، بایەخدان بە فەرهەنگنووسیی کوردی و توێژینەوە لە سەر ڕێزمانی زارە کوردییەکان تا دەگاتە خەبات و پێداگری لەسەر بەفەرمی ناسینی زمانی کوردی. ئەم هەوڵانە وایان کردووە کە زۆربەی تاکەکانی نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵات گرنگی بە پاراستنی زمانی خۆیان بدەن و مەترسیی لەدەستدانی زمانی کوردی و توانەوە لە زمان و ناسنامەی نەتەوەی سەردەستدا کەم بێتەوە.

وەک ئاماژەم پێکرد، ئەم هاوکێشەیە لایەنێکی دیکەشی هەیە کە ڕێژیمی دەسەڵاتدار لە ئێرانە. بە ناسیاوییەک کە لەو ڕێژیمە و ئایدۆلۆژیایەک کە ئەو ڕێژیمەی لەسەر دامەزراوە، هەمە، ئەو پێز و مایەیان تێدا نابینم بەدەنگ داوای ڕەوای کورد و هیچ کام لە نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئێران لە بواری زماندا بێن و وەڵامی ئەرێنییان بدەنەوە. نەک هەر ئەم

بەشی سێهەم

ڕێژیمە بەڵکوو ڕێژیمەکانی داهاتووش ئەگەر ئایدۆلۆژیای یەک نەتەوە و یەک زمانیان بۆ ئێران هەبێت، هەر دژی داخوازە نەتەوەیی و زمانییەکانی نەتەوە بندەستەکانی ئێران دەوەستنەوە. بۆیە ڕێگاچارەیە هەر ئەوەیە خەباتمان هەتا لابردنی ئەو ڕێژیمە. و هێنانە سەرکاری سیستەمێکی سیاسیی کە فرەیی نەتەوەیی و زمانی لە ئێراندا بە ڕەسمی بناسێت، درێژە بدەین

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١ی سەرماوەزی ٢٠٢٥

## پێویستیی هاوپێوەندیی کوردستان و ئازەربایجان لەم قۆناغە هەستیارەی مێژوودا

لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ ڕێژیمی تیرۆریست و سەرکوتکەری ئێران، بە تایبەتی دوای کوژرانی خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی، قەیرانێکی گەورە نەک تەنها ئێران بەڵکوو تەواوی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی داگرتووە. لەم دۆخەدا، حیزبە سەرانسەرییەکان، هەروەها حیزبەکانی سەر بە نەتەوەکانی ئێران دەبێت خۆیان بۆ هەموو گۆڕان و سناریۆییەکی بەردەمیان ئامادە بکەن. لەم نێوەدا، یەکگرتن و هاوکاریی نێوان حیزبە پێشکەوتوو و ئازادیخوازەکان یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجە شۆڕشگێڕانەکانیانە.

حیزبەکانی کوردستان لە سەرەتای هاتنە سەرکاری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە، بەرانبەر ئەم دەسەڵاتە کۆنەپەرستە و یاسا بنەڕەتییەکەی وەستاونەتەوە و "نا"یەکی گەورەیان پێ گوتووە. لە ماوەی نزیکەی پێنج دەیە دوای شۆڕشی ڕەشەمەی ١٣٥٧، بۆ بەدەستهێنانی ئازادی، دیموکراسی و سیستەمێکی ناناوەندی (غیر متمرکز) کە نەک تەنها وەڵامدەرەوەی مافەکانی هاونیشتمانان بێت، بەڵکو دابینکەری مافە نەتەوەییەکانی نەتەوە ژێردەستەکانی ئێرانیش بێت، خەباتیان کردووە و قوربانیی زۆریان داوە.

حیزبەکانی کوردستان، بە تایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە خەباتیان دژی کۆماری ئیسلامیدا هەردوو شێوازی ئاشتییانە و بەرگریی چەکدارانەیان بەکار هێناوە، بەڵام هەمیشە گرنگیی سەرەکییان بە خەباتی مەدەنی و سیاسی داوە. لە بەرانبەردا حکومەتی ئیسلامی و دامەزراوە سەرکوتکەرەکانی، هەر لە سەرەتاوە تا ئێستا دەستیان لە هیچ شێوازێکی نامرۆڤانە بۆ دژایەتی لەگەڵ خەبات و تێکۆشانی ئەوان نەپاراستووە، لە بە کۆمەڵکوشتنی خەڵکەوە بگرە تا دەستگیرکردن و لەسێدارەدانیان، لە تیرۆری ڕێبەران، کادرەکان و ئەندامەکانی ئەو حیزبانە هەتا دەگاتە شێواندن و چەواشەکردنی ڕاستییەکانی پێوەندیدار بە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد. بە تایبەتی هەوڵیان داوە لە نێوان دوو نەتەوەی کورد و ئازەربایجانی دووبەرەکی دروست بکەن.

کۆماری ئیسلامی هەمیشە هەوڵی داوە خەباتی حیزبەکانی کوردستان بە "تیرۆریستی" پیشان بدات و بە چاندنی ترس و دڵەڕاوکێ لە نێو تورکەکانی ئازەربایجان ـ کە هەر لە کۆنەوە هاوسێ و هاوخەباتی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران

بوون ـ تۆوی بێمتمانەیی بچێنێت. هەوڵیان داوە خەباتی نەتەوەی کورد بۆ مافی دیاریکردنی چارەنووس و ئامادەبوونی پێشمەرگەی کورد لە سەر خاکی باب وباپیران و لە نێو خەڵکی خۆیاندا، وەک مەترسییەک بۆ ئاسایشی تورکەکانی ئازەربایجان نیشان بدەن. ئەمە لە کاتێکدایە کە نەتەوەی کورد و ئازەربایجانی لە درێژایی مێژوودا هەمیشە هاوسێ و هاوخەباتی یەکتر بوون و کارنامەیەکی هاوبەش ولە هێندێک قۆناغدا گەشیان، بە تایبەتی لە سەردەمی دامەزراندنی حکومەتی نەتەوەیی ئازەربایجان و کۆماری کوردستان لە ساڵانی ١٣٢٤ - ١٣٢٥ و دوای ئەویشدا هەیە.

لەم قۆناغە هەستیارەدا کە ئێران، بە تایبەتی لە ناوچە گرنگەکانی وەک ئازەربایجان و کوردستان، زیاتر لە هەر کاتێک پێویستی بە یەکگرتن و خەباتی هاوبەشی کورد و ئازەربایجانی هەیە، بە داخەوە هێندێک کەس بەئەنقەست یان لە ڕووی نەزانی، هەوڵی دروستکردنی بەدگومانی و دووبەرەکی دەدەن و بوونی حیزبەکانی کوردستان وەک مەترسییەک بۆ سەر ئاسایشی ئازەرییەکان نیشان دەدەن. ئەم جۆرە هەڵسوکەوتە نە تەنیا سوودی هیچ یەک لەم دوو نەتەوەیەی تێدا نییە، بەڵکو لە کۆتاییدا زیانی هەردووکیانی لێدەکەوێتەوە و مەیدان بۆ سوودوەرگرتنی دوژمنانی هاوبەش دەڕەخسێنێت.

بەداخەوە هێندێک ماڵپەڕ و میدیای ئازەربایجانییش بە شێوەی جیاواز هەوڵی پەرەپێدانی ئەم جۆرە بەدگومانی و دووبەرەکیانە دەدەن. پێویستە چالاکوانانی ئازەربایجانی و حیزبە نەتەوەییەکانیان ـ کە زۆربەیان دۆست و هاوپەیمانی حیزبەکانی کوردستان بوون ـ بۆ وەستانەوە هەمبەر ئەم جۆرە هەڵسوکەوتانە دەستپێشخەر بن و بۆ پاراستنی هاوپێوەندیی مێژوویی و بەرژەوەندە هاوبەشەکانی ئەم دوو نەتەوەیە هەنگاو بنێن.

لە وەڵامی ئەو ژمارەیە لە چالاکانی تورک کە بە ڕواڵەت لە ڕووی نیگەرانی و دڵسۆزی بۆ پاراستنی برایەتیی کورد و تورک، وریایی و ئامۆژگار ی بە حیزبە سیاسییەکانی کوردستان دەدەن،

## بەبیرهێنانەوەی ئەم خاڵانە پێویست و لەجێی خۆیاندان:

١- نەتەوەی کورد لە ئێران زیاتر لە چوار دەیەیە لە پێناو پاراستنی مافە نەتەوەییە ڕەواکانی خۆی و نەتەوە ژێردەستەکانی دیکەی ئێران، بووە بە پێشەنگی بەرگری و خەبات دژی ڕێژیمی تیرۆریست و دژەمرۆیی کۆماری ئیسلامی و بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی و ئازادیخوازی بەهێزی بەڕێ خستووە. ئەوە کە وڵاتان و هێزە ناوچەیی و جیهانییەکان لە بەرنامە و سیناریۆکانی ئێستای خۆیاندا ناتوانن نکۆڵی لەم ڕاستییە بکەن، بەڵگەی ڕەسەنایەتیی حیزب و ڕێکخراوەکانی

نێو ئەم بزووتنەوەیەیە، نەک نیشانەی بەستراوەییان بە هێزی دەرەکی.

٢- بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ئێران، هەرگیز لەگەڵ هیچ دەوڵەتێکی ناوخۆیی یان دەرەکی، دژی تورک و گەلانی دیکەی ئێران هاوپەیمانی نەکردووە و نایکات. بۆیە ئامادەبوونی تێکۆشەری کورد و هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە شار و ناوچەکانی خۆیان و لەسەر نیشتمانی مێژوویی و باوباپیرانیان، نەک بۆ دراوسێ تورکەکانیان و هیچ یەک لە پێکهاتەکانی سەر ئەو خاکە مەترسیی نییە، بەڵکو مافێکی سروشتی و حاشالێنەکراوی ئەوانە و هاوکات هەنگاوێکیشە بۆ پاراستنی ئاسایشی خەڵک و ڕێگریکردن لە ئاژاوە و ئاڵۆزی و ڕووداوە ناخۆشەکان.

٣- ئەو خاکەی لە دابەشکردنی ئیداریی کارگێڕی ئێراندا ناوی "ئازەربایجانی ڕۆژاوا"ی لێ نراوە، خاکی هاوبەشی هەموو ئەو گرووپە نەتەوەیی، زمانی، ئایینی و مەزهەبیانەیە کە لە کۆنەوە لەسەری دەژین. هیچ کام لەوان میوان یان بێگانە نین. هەر بیرکردنەوە و ڕوانگەیەک کە لە کورد، تورک، یان دانیشتووانی دیکەی سەر ئەم خاکە وەک میوانی نەخوازراو بڕوانێت، دەبێتە هۆکار و ماکەی ئاڵۆزی و قەیرانی زیانبار.

٤- وەک چالاکوانێکی کورد، بە لەبەرچاوگرتنی ئەزموونە تاڵەکانی ڕابردوو و بەسەرنجدان بە هەبوونی هێندێک دەمارگیری، بێمتمانەیی و تێگەیشتنی چەوت ، داوا لە هەموو چالاکوانانی تورک و کورد دەکەم لە دروستکردنی هەستیاریی بێجێ و ناپێویست، لە وروژاندنی بەدگومانیی نەژادی و ئەتنیکی خۆ بپارێزن. هیوادارم بە هەوڵی بەرپرسانە و هاوبەش، لە ئێستاوە داهاتوویەکی پڕ لە لێکتێگەیشتن، ڕێزگرتنی دوولایەنە و پێکەوەژیانی ئاشتیخوازانە بنیات بنێین.

١٤ی ڕەشەمەی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

## بابەتی ساڵی ....................... ٢٠٢٦

# دەرفەتێک کە ئەم شەڕە بۆ کورد خوڵقاندوویە، ئەمریکا و هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

### لە هەڤپەیڤینێک لە گەڵ قادر وریادا

**قەندیل پریس**: لێدان لە پێگە سەربازییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان؛ خاپوورکردنی بنکە ئەمنییەکانی ڕژێم لە ڕۆژهەڵات پەیامێکی ڕوونی تێدایە. بە بڕوای جەنابتان، ئامانجی هاوپەیمانان لە چۆڵکردنی ئەو ناوچانە لە هێزی سوپا و بەسیج چییە؟ ئایا ئەمە دەرفەتێک بۆ هێزە کوردییەکان دەڕەخسێنێت یان مەترسیی نوێ دروست دەکات؟

**د. قادر وریا**: ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەبەر چەند هۆکارێک، لە باری سەربازی و ئەمنییەتی گرنگییەتی تایبەتی هەیە. یەکەم، بەو هۆیەوە کە نەتەوەی کورد هەر لە ساڵی یەکەمی هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی، ملی بۆ دەسەڵاتەکەی ڕانەکێشاوە و هەتا ئێستا لە ڕیزی پێشەوەی خەبات دژی ئەو ڕێژیمەدا بووە، لەهەموو ناوچەکانی تری ئێران زیاتر میلیتاریزە کراوە و بووە بە مۆڵگەیەکی گەورەی هێزە چەکدار و ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم. دووهەم ئەوەیە کە ئەم ناوچەیە چ لەبەر شاخاوی بوونی و چ لەبەر ئەوەی نزیکترین سنووری ئێران بە ئیسرائیل و پێگەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەیە، بە دەیان پێگەی هەڵدانی درۆن و هاژەک و تونێل و کۆگای هاژەک و درۆن و تەقەمەنیی ئەو بوارانەی لێ هەڵکەوتوون.

ئامانجی هێرشە هەواییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ سەر پێگە و بنکەکانی ڕیژیم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە لایەک زەبر وەشاندنە لەم توانایییە سەربازیانەی کۆماری ئیسلامی لەم ناوچەیە کە هەڕەشەن بۆ سەر هێزەکان و پێگەکانی خۆیان، لە لایەک تر جۆرێک هاوکاری و پشتیوانیشن لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هێزە خەباتکارەکانیان. بە دڵنیاییەوە، لاوازبوونی هەرچی زیاتری توانای نیزامی و ئەمنییەتیی ڕێژیم لە کوردستان، دەرفەت بۆ نەتەوەی کورد و هێزە سیاسییەکانی دەڕەخسێنێت، بەو مانایە کە لە درێژەی ئەو لاوازبوونەی ڕێژیمدا، هێزە سیاسییەکان و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زووتر لە ناوچەکانی تری ئێران دەتوانن کۆنترۆڵی ناوچەکەی خۆیان بکەن و لە پاشماوەکانی ئەو ڕێژیمە پاکی

بکەنەوە.

**قەندیل پرێس**: **پەیوەندییەکانی ئەمریکا و هێزە کوردییەکان (مۆدێلی رۆژئاوا)؛ باسکردنی پەیوەندی تەلەفۆنی نێوان ترامپ و مستەفا هیجری و بەڵێنی پاڵپشتی بۆ هێزەکانی رۆژهەڵات، گەرموگوڕییەکی زۆری دروست کردووە. لە نێوان ئەزموونی رۆژئاوا و واقیعی رۆژهەڵاتدا، ئایا کورد دەبێت ببێتە هاوپەیمانی ستراتیژی ئەمریکا و ئیسرائیل؟ مەترسیی و دەستکەوتەکانی ئەم هاوپەیمانییە چۆن دەبینن؟**

**د. قادر وریا**: تۆخبوونەوە و دەنگدانەوەی هێندێک باس و شیمانە لە پێوەندیی نێوان هێزە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و ئەمریکا دەگەڕێتەوە بۆ ئەم ڕاستییە کە شەڕی ئەمریکا و ئیسرائیل نەک هەر بۆ کورد بەڵکوو بۆ هەموو نەتەوەکانی ئێران، دەرفەتخوڵقێنە. ئەم شەڕە دەبێتە هۆی لاوازیی ئەو ڕێژیمە سەرکوتکەر و دڕندەیە و ڕێخۆشکەر دەبێت بۆ رووخانی. ئەمە دەرفەتەکەیە، چونکە بە بێ رووخانی ئەو ڕێژیمە گۆڕانێک لە قازانجی دێموکراسی و دابینبوونی مافەکانی نەتەوەکانی ئێران روو نادات. ئەمریکاش هەم بۆ تێکشکاندنی ئەم ڕێژیمە، هەم لە ئامادەکردنی بەدیلێک بۆ دوای ئەو ڕێژیمە، پێویستی بەو هێزانە هەیە کە پێگەیەکی جەماوەریی گەورەیان هەیە، ئەزموونیان هەیە، ڕێکخستنیان هەیە، هێزی پێشمەرگەیان هەیە، بڕوایان بە دیموکراسی و پێکەوەژیانی بە ئاشتی هەیە. نەتەوەی کورد و هێزە سیاسییەکانی رۆژهەڵات هێزێکی ئەوتۆن کە دەتوانن ڕۆڵێکی گرنگیان لەم پێوەندییەدا هەبێت.
بەڵام چونکە ستراتێژی ئەمریکا لە بارەی داهاتووی ئێرانەوە ئەوەندە روون نییە، هێزە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانیش بە پارێزەوە هەنگاو دەنێن. لە ڕاستیدا ئەو هێزانە نایانهەوێت ئەمریکا تەنیا بۆ برگەیەکی دیاریکراو و بۆ ئامانجێکی کورتخایەن، بیانخوێنێتەوە، بەڵکوو دەیانەوێ ئەمریکا ئەو دڵنیاییەیان پێبدات کە لە قۆناغەکانی دواتریشدا، پشتیوانی کوردستان و هێزە کوردەکان دەبێت، بە تەنیایان ناهێڵێتەوە و دەیانپارێزێت. هێزە سیاسییەکانی کوردستان هەروەها دەیانهەوێ ئەمریکا ئەرکدار بکەن کە لە پرۆسەی جێگیرکردنی سیستەمێکی دیموکراتیک لە ئێران و دابینبوونی مافی نەتەوەکانی ئەو وڵاتە بە گشتی و نەتەوەی کورد بە تایبەتی، پشتیوانیان دەبێت. بەش بە حاڵی خۆم، هاوپەیمانی لەگەڵ ئەمریکا ئەگەر لەم چوارچێوەیەدا بێت، بە دروست و بە قازانجی پرسی ڕەوای نەتەوەکەمانی دەزانم، بەڵام ئەگەر ئەم مەرج و گەرەنتیانەی تێدا نەبێت، تووشی دووپاتکردنەوەی ئەزموونە ناخۆشەکانی کورد لەگەڵ ئەمریکا لە بەشەکانی تری کوردستان دەبین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی قەندیل پرێس – ڕێکەوتی: ١٦ی مارچی ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## چارەنووسی سیستەمی سیاسی لە ئێران، ستراتیژی ئەمریکا و پرسی جێگرەوە

لە کاتێکدا ناوچەکە بە دەست گۆڕانکارییەکی خێرای سەربازی و سیاسییەوە دەناڵێنێت و ژێرخانە ئەمنییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران ڕووبەڕووی هێرشی بێ وێنە بوونەتەوە، پرسی "چی لە دوای کۆماری ئیسلامی؟" بووەتە ڕۆژەڤی ناوەندە سیاسییەکان. لەم چاوپێکەوتنە تایبەتەی "قەندیل پرێس"دا، نووسەر و چاودێری سیاسی "دکتۆر قادر وریا"، بە وردی تیشک دەخاتە سەر داهاتووی سیستەمی سیاسی لە ئێران، مەترسییەکانی ناسیۆنالیزمی ناوەندی، و ئەو دەرفەت و تەحەددییانەی لەم قۆناغەدا دێنە ڕێی بزووتنەوەی ڕەوای کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

**قەندیل پرێس**: سەبارەت بە چارەنووسی سیستەمی سیاسی لە ئێران؛ دوای ئەو زنجیرە هێرشە چڕانەی کرانە سەر ژێرخانە ئەمنی و سەربازییەکانی کۆماری ئیسلامی و لاوازبوونی پێگەی فەرماندە باڵاکان، ئایا خوێندنەوەی ئێوە وەک چاودێرێکی سیاسی بۆ قۆناغی داهاتوو چییە؟ ئایا ئەمە سەرەتای کۆتایی ڕژێمە، یان تەنیا گۆڕینی هاوسەنگیی هێزە لە ناوچەکەدا؟

**د. قادر وریا**: خوێندنەوەی من بۆ قۆناغی داهاتوو، لەم تێگەیشتنەمەوە سەرچاوە دەگرێت کە پێموایە ڕێژیمی ئیستای ئێران، ئەگەر نەڕووخێندرێ و کۆتایی پێ نەهێنرێت، ئەو کێشە و سەرئێشانەی ئەمریکا و ئیسرائیلیان ناچار کردووە شەڕێکی بە تەواو مانای لەگەڵ بکەن، بنەبڕ نابێت و دوای ماوەیەکی تر، سەر لەنوێ بەرەورووی هەمان ئەو کێشانە دەبنەوە. لە عەقڵدا ناگونجێت پاشماوەکانی ئەو ڕێژیمە ئیدئۆلۆژیکە واز لەو ئامانجانە بێنن کە نزیکەی پەنجا ساڵە لەگەڵی ژیاون و ڕێژیمەکەیانی لەسەر بنیات نراوە.

جا ئیستا، ڕق و نیازی تۆڵەکردنەوەی کوشتنی خامەنەیی ("ڕێبەری شۆڕش" و "وەلی ئەمر")ەکەیان، کوشتنی دەیان و سەدان فەرماندە و کاربەدەستی پلە یەکی ڕێژیمەکەیان، لەنێوبردنی هێزی دەریایی و ئاسمانییەکەیان، بۆمبارانی دامەزراوە ناوکییەکانیان، وێرانکردنی هەزاران ناوەند و بنکەی سوپا و ئەمنیەتی و چەکسازییشی هاتووەتە سەر. بۆچوونی خۆم وایە کە ئەمریکا و ئیسرائیلیش بەو قەناعەتە گەیشتوون کە پێویستە کۆتایی بە تەمەنی ئەو ڕێژیمە بێنن نەک کارەکەیان بە ناتەواوی و نیوەچڵی بەجێ بهێڵن و وا بکەن دوای ماوەیەکی تر ئەو ڕێژیمە دووبارە تەنگیان پێ هەڵبچنێت. بەم پێیە قۆناغی داهاتوو لەم شەڕەی ئێستادا، قۆناغی توندتر بوونی شەڕەکە، وەشاندنی زەبری گەورەتر و گرتنەبەری ڕێگای تر،

وەک شەڕ لەسەر زەوی لەگەڵ هێزەکانی ئەو ڕێژیمە دەبێت.

**قەندیل پرێس**: ستراتیژی ئەمریکا و پرسی جێگرەوە؛ وانەکانی دۆناڵد ترامپ سەبارەت بە دەستوەردان لە دیاریکردنی ڕێبەری داهاتوو، ئاماژەن بۆ چی؟ ئایا ئەمریکا بەدوای "گۆڕینی ڕەفتار"ی ڕژێمدایە یان "گۆڕینی ڕژێم"؟ ئایا واشنتۆن تەنیا بە دوای ڕێبەرێکی مۆدێرنتردا دەگەڕێت کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیدا بگونجێت؟

**د. قادر وریا**: ئەو قسەیەی ترامپ کە دەیگوت دەبێ لە دیاریکردنی ڕێبەری نوێی ڕێژیمدا، ڕای ئەو لەبەرچاو بگیرێت، هی پێش دیاریکردنی موجتەبا خامەنەیی بوو. ئەو کات بۆیە ئەم قسەیەی دەکرد، مەبەستی ئەوە بوو گوشاربۆ میراتگرانی خامەنەیی بێنێت بەڵکوو کەسێکی ئەوتۆ بکەنە ڕێبەری ڕێژیمەکەیان کە لەگەڵ ئەمریکا پێک بێت و مەرجەکانی قبووڵ بکات، بەڵام وەک دیتمان بە گوشاری سپای پاسداران، موجتەبایان دیاری کردووە کە لە باوکی توندڕەوتر و کەللە ڕەقترە. دیارە موجتەبا ڕێبەری ڕواڵەتییە، چونکە ڕوون نییە موجتەبا کە دەگوترێت بریندار و نەقوستان بووە، هەر لەجێدا دەتوانێت ڕێبەرایەتیی پاشماوەی ڕێژیمەکەی باوکی بکات یان نا.

من پێموایە "گۆڕینی ڕەفتاری ڕێژیم"، خەیاڵێکی خاوە جا چ سەرۆکی ئەمریکا ئەو خەیاڵەی هەبێت چ هەر لایەنێکی تر. بڕیاردەری سەرەکی لەم ڕێژیمەدا سپای پاسدارانە. ناوکەی سەرەکیی دەسەڵاتی ئێستا، ئەو کەسانەن کە لە خەتی خامەنییدا بوون و هەن و بە هەرە توندڕەوەکانی ئەم سیستەمە دەژمێردرێن. ئەگەر لەنێو ئەو سیستەمەدا کەسانێکی نەرمتریش هەبن، نە دەسەڵاتبەدەستن، نە ڕێگایان پێ دەدەن و نە بۆخۆشیان ئەو توانایی و ئەو هێز و پێگەیان هەیە دەسەڵات بگرنە دەست ومل بۆ مەرجەکانی ئەمریکا ڕاکێشن. لە ڕاستیدا لەنێو ئەو سیستەمەدا بە هۆکاری جۆراوجۆر هیچ قۆڵ و کەسێک جورئەت ناکات لەگەڵ ئەمریکا ڕێککەوتن بە واتای خۆبەدەستەوەدان بکات. سیستەمی دەسەڵاتدار لە ئێران زۆر جیاوازە لە سیستەمی حکوومەتیی ڤێنزوئیلا. دانانی ڕێبەری مودێرن لە ئێران لە چوارچێوەی ئەم ڕێژیمەدا زیاتر لە گاڵتەیەکی تاڵ دەچێت. لەم سیستەمەی ئێستای ئێراندا، ناتوانی خامەنەیی لاببەی و ڕێبەرێکی مودێرن لە جێی دابنێی، تەنیا کاتێک ئەوە دەکرێت کە ڕێژیمەکە بە تەواوی ڕووخابێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی قەندیل پرێس – ڕێکەوتی: ١٦ی مارچی ٢٠١٦

## هەڕەشە ناوخۆیی و هەرێمییەکان، ناسیۆنالیزمی ناوەندی و دەستێوردانی دەرەکی و ئەرکەکانمان لە قۆناغی ڕووخانی ڕێژیمی ئێراندا

**قەندیل پرێس:**

**قەندیل پرێس:** هەڕەشە ناوخۆیی و هەرێمییەکان دوای ڕژێم؛ لە ئەگەری هەر گۆڕانکارییەک لە تاران، بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات لە نێوان بەرداشی ناسیۆنالیزمی ناوەندی و دەستێوەردانی وڵاتانی دراوسێ دایە. پلانی هێزە سیاسییەکانی کورد بۆ پاراستنی قەوارەی خۆیان و ڕێگریکردن لە دووبارەبوونەوەی مێژوو چییە؟

**د. قادر وریا:** یەکێک لەو ئەرکە پێویستانە، یەکگرتنی حیزبە سیاسییەکانە کە بە خۆشییەوە بە پێکهاتنی "هاوپەیمانیی سیاسیی حیزبەکانی کوردستانی ئێران" هەتا ڕادەیەک بەدی هاتووە. هیوادارم هاوپەیمانییەکە بەرینتر بێتەوە و زۆرترین حیزبەکان، ڕێکخراوە مەدەنییەکان، کەسایەتییە نەتەوەیی و ئازادیخوازە شوێندانەرەکان، لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە. دووهەم ئەرک ئەوەیە ئەم هاوپەیمانییە بۆ خۆی ببێتە ماکە و ناوکەی هاوپەیمانەتییەک لەنێوان نەتەوەکانی ئێران بە تایبەتی لەگەڵ هێز و ڕێکخراوە سیاسییەکانیان، چونکە بە داخەوە هەتا ئێستاش یەکگرتن و هاوپەیمانییەکی جیددی و شوێندانەری سەرانسەری نابینین. ئاشکرایە ئەگەر بە دەستپێشخەریی هاوپەیمانیی سیاسیی کوردستان ئەمە ڕوو بدات، کاریگەریی ئەو هاوپەیمانییە لە سەر ڕووداوەکانی قۆناغی ڕووخانی ڕێژیم، دیاریکردنی جێگرەوەی ڕێژیمی ئێستا و پشکی کورد تێیدا، داڕشتنەوەی دەستووری داهاتوو و ...هتد زیاتر دەبێت.

سێهەم ئەرک خاوەندارێتیی کوردستان لە قۆناغی ڕووخانی ڕێژیمدایە، مەبەستم کۆنترۆڵکردنی ئەو پارێزگا و ناوچانەیە کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکدێنن. کۆنترۆڵکردنێک بە هاوکاریی خەڵک و بەشدارکردنی ڕێکخراوە مەدەنییەکان، بە ڕێگەنەدان بە: کوشت و کوشتار، تۆڵەستاندنەوە، تاڵانی بنکە و بنیاتی گشتی و دەوڵەتی، ڕاو ڕووت، بێ سەروبەرەیی و...هتد.

هاوکات لەگەڵ ئەم ئەرکانە هەر ئێستا پێویستە کار بۆ ڕەواندنەوەی هێندێک نیگەرانی بکەین. تورکە ئازەرییەکان لە

باڵادەستبوونی کوردەکان و هێزی پێشمەرگە لەو پارێزگا و ناوچانە کە کورد و تورک پێکەوە دەژین، نیگەرانن. هێندێک لایەنیش بە ئەنقەست ئەو نیگەرانییە پەرە پێدەدەن. تورکیاش نەیشاردووەتەوە کە لە دۆخێکی وادا نیازی دەستتێوەردان(دەستدرێژی بۆ سەر خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان)ی هەیە. جگە لەمانە ئەو کوردانەش کە ساڵانێکە هاودەست و داردەستی ڕێژیمی ئێران بۆ سەرکوتی نەتەوەکەی خۆیان بوون، یان لە دام و دەزگا جۆراوجۆرەکانی ئەو ڕێژیمەدا خزمەتیان کردووە، بێگومان نیگەرانی چارەنووسی خۆیان لە ئەگەری ڕووخانی ئەو ڕێژیمەدان.

هاوپەیمانیی سیاسیی کوردستانی ئێران، دەبێت هەوڵ بدات ئەم نیگەرانییانە بڕەوێنێتەوە. بۆ نموونە دەبێت ئەو پەیامە بە تورکە ئازەرییەکان بگات کە ئەم هاوپەیمانییە، یان بە گشتی نەتەوەی کورد نەک زیانێک بە گیان و ماڵ و ئەمنییەتی ئەوان ناگەیەنێت، بەڵکوو بە هاوبەشی و هاوکاریی خودی ئەوان، بناغەی پێکەوەژیانی داهاتوو بە دابینبوونی مافی دوولایەنە دادەڕێژن. دەبێ بە دەنگی بەرز ڕابگەیەندرێت کە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی داهاتوو، نابێت بە هەڕەشە بۆ سەر ئەمنیەتی وڵاتانی دراوسێ و هەر وڵاتێک ڕێز لە ماف و ئیرادەی نەتەوەی کورد لەم بەشە بگرێت، کوردیش پێوەندییەکی دۆستانەی لەگەڵی دەبێت.

هەروەها داوا لەو بەشە لە کوردەکان کە هەتا ئێستا هاوکاری ئەم ڕێژیمە بوون- بە تایبەتی ئەوانە کە دەستیان بە خوێنی هاوزمان و هاونەتەوە و ڕۆڵەکانی خەڵکی ئێران سوور نەبووە -بکرێت پشتی ئەو ڕێژیمە چۆڵ بکەن و بگەڕێنەوە باوەشی خەڵکەکەیان.

ئەوەندەش کە دەگەڕێتەوە سەر هەڵوێستی کورد هەمبەر ناسیۆنالیستەکانی ناوەند و تاقمی سەر بە ڕەزا پەهلەوی، ئێمە ئەگەر ئەم ئەرکانەی ئاماژەم پێکردن بە باشی جێبەجێیان بکەین، ئەوان بە مەترسییەکی گەورە نابینم. لە پێشدا چونکە بە خۆشییەوە لە کوردستان و لە نێو نەتەوەی کورد جێگە و پێگەیان نییە. دووهەم بەو هۆیەوە کە نەک هەر نەتەوەی کورد بەڵکوو نەتەوەکانی تری ئێرانیش دژی ئەو ناسیۆنالیستە ئێرانیانەن کە دەیانەوێت بۆ هەتا هەتایە نەتەوەکانی ئێران ملکەچ و فەرمانبەری ئەوان بن. سێهەم بەو هۆیەوە کە ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژاواییش- وێڕای ئەوە کە بۆیان دەرکەوتووە ڕەزا پەهلەوی ئەو کەسە نییە کە خۆی و لایەنگرانی ئیددیعا دەکەن- دەزانن ئێرانی داهاتوو ئەگەر سیستەمێکی دیموکراتیک و قبووڵکردنی فرەچەشنی و دابەشکردنی دەسەڵات لەگەڵ نەتەوەکانی تێدا نەبێت، تووشی شەڕی نێوخۆیی و تەنانەت پارچەپارچەبوون دەبێت.

بەشی سێهەم

گرنگ ئەوەیە ئێمە وەک هاوپەیمانیی سیاسیی کوردستانی ئێران و وەک ڕێکخراوەکانی دەرەوەی ئەو هاوپەیمانییە و وەک نەتەوەی کورد بە گشتی، لەم قۆناغەدا ئەرکەکانی خۆمان بە دروستی بناسین و بە باشی جێبەجێییان بکەین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی قەندیل پرێس – ڕێکەوتی: ١٧ی مارچی ٢٠١٦

## جەفای هێندێک کوردی پرۆترامپ دەرحەق خۆم و نووسینێکم.

زیندەیاد محەمەد قازی، وەرگێڕی بەناوبانگ، کە هێندێک لە خزمەکان و خزمی خزمەکانی ئەمرۆژانە لوتفێکی زۆریان بەسەردا باراندم(١)لە کتێبی بیرەوەرییەکانیدا شێعرێکی فۆلکلۆریی هێناوە کە کوردییەکەی دەبێتە ئەمە“ :**زستان ڕۆیی و ساردی ما،هەتاوڕۆیی و زەردی ما، یارم ڕۆیی و دەردی ما** .”جا ئێستا کە چەند ڕۆژێک بەسەر نووسینەکەی من (ئەگەر دەنگم بە ترامپ گەیشتبا!)(٢) و کاردانەوەی جۆراوجۆری بەکارهێنەرانی سۆشیالمیدیا بەرامبەری تێپەڕیوە، تەپ و تۆزەکان نیشتوونەوە ومن ماومەوە و بیرکردنەوە لە جەفای ژمارەیەک “پرۆترامپ”ی ناسیاو و ناسراو، پێم باش بوو بۆ خۆشم چەند قسەیەک لەسەر ئەو نووسینە و دژکردەوەکان بکەم؛ بە تایبەتی کە چەند کەسێکیان بە ئەنقەست، لێکدانەوەیەکی ناڕاست و شێوێندراویان لە نووسینەکەی من و مەبەستە ڕوونەکانم خستە بەرچاوی‌بەردەنگەکانیان، هەر بۆ ئەوەی کوردایەتی، نەتەوەییبوون، سیاسییبوون و زانستیبوونی خۆیان بە من و خوێنەرانیان بفرۆشنەوە و دەرفەت بخولقێنن بۆ ئەوەیهێرش بکرێتە سەر خۆم و ڕابردووم. پەیج و میدیای واش هەبوون_(٣) بە شێواندنی نووسینەکەی من و ناساندنم وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (٤)، مەبەستیان ئەوە بوو جگە لەخۆم، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و ڕێبەرایەتییەکەشی بە ناڕەوا بکەونە بەر هێرش و جنێوبارانی خوێنەرانیان.دیارە من نە هەموو ئەو پەیج و ئەکاونت و میدیایانە دەناسم کە - بە دەربڕینی هاوڕێیەکی خۆشەویستم - نان و پیازیان بەم نووسینەمەوە خواردووە، نە دەگونجێو نە گەرەکمە وەڵامی هەموو ئەو کەسانە بدەمەوە کە بە دژایەتی لەگەڵ ئەو نووسینە و شەخسی خۆم شتێکیان وتووە.بەڵام بۆ ڕەواندنەوەیهەر چەشنە بەهەڵەتێگەیشتنی ئەو کەسانەی دوور لە ڕقی شەخسی، لەبەر کەم دیققەتی، یان لەژێر کاریگەریی کەشوهەوای بە ئەنقەست خولقێندراو، بە خراپ لە نووسینەکەم گەیشتوون، گرنگترین ڕەخنەکان و بۆچوونەکان لە چەند تەوەردا وەڵام دەدەمەوە:

### ١- ئەدەبیاتی نووسینەکە، کەسایەتیی بەردەنگەکەی، پێگەی نووسەرەکەی:

"ئەگەر دەنگم بە ترامپ گەیشتبا!" ڕۆژنووسێکی نووسەرەکەی بوو کە لە ئەکاونتی شەخسیی خۆیدا بڵاوی کردووەتەوە. نووسەرەکەی،ئێستا نە ئەندامی ڕێبەریی حیزبێکی دیاریکراوە، نە وەک نوێنەری حیزب، یان نوێنەری هاوپەیمانییەک دواوە، نە خۆی وەک پسپۆڕێکی سیاسەت و پێوەندییەنێودەوڵەتییەکان و ڕاوێژکاری پەیمانگەکانی شەڕ و ئاشتی ناساندووە.

## بەشی سێهەم

نووسینەکە، نامەیەکی ڕەسمی نییە کە بۆ کۆشکی سپی، نوێنەرایەتییەکانی ئەمریکا، یان بۆ بڵاوبوونەوە لە گۆڤار و ڕۆژنامە بیانییەکاندانووسرابێت. نە توێژینەوەی زانستییە، نە پڕۆژەیەکە بۆمەبەستێکی تایبەتی ئامادە کرابێت تا بیانووی پسپۆرانەی پێ بگیرێت. هێندێک بۆچوونی کەسیی خۆمنکە بە شێوەیەکی تێکەڵاو لە گەڵ تەنز و ڕەخنە،لە فۆڕمێک لە فۆڕمەباوەکانی نووسین و دەربڕینداخستوومنەڕوو. سەیر ئەوەیە هەر ئەم کورتە نووسینە لە وتار و لێدوان و توێژینەوەی زۆرێک لەوانەی خۆیان وەک شرۆڤەکار و پسپۆرناساندووە و دەناسێنن و ڕۆژانە خوێنەر و گوێگر و بینەریان بە خۆیانەوە سەرقاڵ کردووە، قسەی زیاتری پێیە، قسەی شایانی داکۆکیلێکردن.

من ئەو کاتانەی بەیاننامە بە ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە ئامادە دەکەم، کاتێک وتار بۆ تەلەڤیزیۆنی کوردکاناڵ و ڕۆژنامەی "کوردستان" و ماڵپەڕەکانی حیزب دەنووسم، وەختایەک نووسینەکەم ناوی توێژینەوەی زانستی لەسەرەو بۆ گۆڤارێکی زانستیی دەینێرم، سیاسەت، چوارچێوە، بنەماکان و ڕێوشوێنەکانی پێوەندیداری بە هەر کامێکیانڕەچاو دەکەم. تەنانەت کاتێک وەک شەخسی خۆم لە گەڵ میدیایەکی ئازاد وتووێژ دەکەم،بە سەرنجدان بە ناسراویم وەک کەسێکی سەر بە حیزبی دیموکرات، هەوڵمداوە بە سیاسەتەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران پابەند بم، ئەگەر ڕایەکی جیاوازیشم هەیە بڵێم ئەوە ڕاوبۆچوونی خۆمە. بەڵام لەسەر دیواری خۆم و بە ناوی خۆم و لە کاتێکدا بەرپرسایەتیی ڕەسمیی حیزبییشم نییە، ئەگەربە زمانێکی ڕەخنەگرانە و تێکەڵ بە سەرکۆنە،بابەتێک لە پێوەندی لەگەڵ سیاسەتی ئەمریکا و سەرکۆمارەکەیدا بنووسم، بە راستی "کارەسات"دەقەومێ و مستەر ترامپ لەو بەڵێنانەی لە پێوەندی لەگەڵ سەربەخۆیی کوردستان و پشتیوانی لە نەتەوەی کورد بەم دۆستانەی داوە، پەژیوان دەبێتەوە؟!

ڕەخنەیەک کە لەم نووسینە گیراوە ئەوەیە کە ئەم زمانە و ئەم وشانەی من بەکارم هێناون، چونکە بەردەنگەکەم سەرکۆماری ئەمریکا، بەڕێز ترامپە و دەیان میلیۆن ئەمریکایی دەنگیان پێداوە، نەگونجاوە و بێ ڕێزی بەو دەیان میلیۆن دەنگدەرەیە؟! ئەم قسەیە هەر وەک تاوانبار کردنی من بە هەبوونی سیندرۆمی ستۆکهۆڵم بە تەواوی بێ بنەمایە. ئەگەرمیلیۆنان دەنگ بە کەسێک یان بڕیارێک بکەینە پێوەر بۆ بە پیرۆززانینی کەسێک یان بڕیارێک، سیستەمی دواکەوتوو و دژە مرۆیی کۆماری ئیسلامییش بە میلیۆنان دەنگ پەسندکرا و تەنیا زۆرینەی نەتەوەی کورد کە شعووری سیاسیی لە خەلکی بەشەکانی تری ئێران زیاتر بوو دەنگی پێنەدا. پاشان جەنابی ترامپ شتی زۆر نزمتر لە وشەی "ئەحمەق" بە سەرکۆمارەکانی پێش خۆی دەڵێت کە ئەوانیش بە دەیان میلیۆن ئەمریکایی دەنگیان پێدابوون.

وەک لە سەرەتاوە وتم لەو نووسینە بیانووپێگیراوەی مندا بەردەنگەکەم خوێنەری کوردە نەک ترامپ. ترامپ لەم نووسینەدا تەنیا بیانوویەکە بۆ قسەکردن لەسەر سیاسەت و لێدوان و بڕیارەکانی؛ وێڕای ئەمەش ترامپبۆ خۆیلە پێگەی سەرکۆماری

گەورەترین زلهێزی جیهاندا لە قسەکردن و تەنانەت لە تروس سۆشیالەکانی خۆیدا بە بەردەوامیوشە و دەستەواژە و جنێوی وا بەکار دێنێت، کە ئەم وشانەی نێو نووسینەکەی من، بە بەراورد لەگەڵ هی ئەو، هەر زۆریش سەنگینن. ئەگەر دەشفەرموون لەوانەیە ئەم قسانەی بە گوێ بگاتەوە ودڵ ئێشاویێت و لە داخان واز لە پشتیوانیی کورد بهێنێت، جا باشە با لەنێو ئەو هەمووە گیانفیدا کوردەیدا کە هەیەتی، ڕەخنەگرێکیشی هەبێت. تازە ڕەخنەکانی من بە تێگەیشتنی خۆم لە خزمەت سەرکەوتووانە جێبەجێبوونی سیاسەتەکانی ئەو لەم ناوچەیەی ئێمەدایە نەک دژایەتیی سیاسەتەکانی.

## ٢- ئەگەر ئەو شەڕە بێ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی، کۆتایی پێ بێت:

ڕەنگە لە هەڵەدابم بەڵام هەر وەک لە خاڵی دوو و سێی نووسینەکەمدا وتوومە و لێرەش پێی لەسەر دادەگرمەوە، باوەڕم وایە ئەگەر ئەم شەڕەی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ ڕێژیمی ئێران، بێ ڕووخاندنی ئەم ڕێژیمەکۆتایی پێ بێت و ڕێژیمەکە هەروا بمێنێتەوە،دۆڕاوەکە ئەمریکا و ئیسرائیل دەبن، براوەکە ڕێژیمی ئێران دەبێت و، قوربانییە گەورەکەش خەڵکی ئێران بە گشتی و بە تایبەتی خەڵکی کوردستان و حیزبە سیاسییەکانی دەبن. هێندێک لە ڕەخنەگرانی نووسینەکەم، وەک دەستکەوتی ئەو شەڕە، باسی کوژرانی خامەنەیی و سەردارانی سپا و گەورە کاربەدەستانی ئەو ڕێژیمە و ئەو زەبرانەیان بە چاوی مندا داوەتەوە کە بە هۆی ئەمریکا و ئیسرائیل لەو ڕێژیمە دراون. بەڵێ وایە و، منیش عەقڵم پێی دەشکێ و بە دەسکەوتی زۆر باشیان دەزانم و پێموایە ئیسرائیل و ئەمریکا، بە کوشتنی درندەترین ڕێبەران و گەورەکاربەدەستان و فەرماندەرانی ئەو ڕێژێمە کە جگە لەوەی بکوژی دەیان هەزار لە خەڵکی ناڕازی و ئازادیخوازی کوردستان و ئێران بوون، بکوژی لێوەشاوەترین ڕێبەرانی بزووتنەوەی نەتەوەیی و شۆڕشگێری کوردستان و نزیکترین هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانی خۆشم بوون، خزمەتێکی گەورەیان پێ کردووین.(٥) خۆ ئەمەشم جەندین چار لە نووسین و چاوپێکەوتنەکانمدا وتووە.

ئەگەر ئەمریکا و ئیسرائیل کۆتایی بەو ڕێژیمە نەهێنن و بە لاوازی بیهێڵنەوە، چەندی لە کورتخایەندا لە بەرامبەر ئەمریکا و ئیسرائیل و هاوپەیمانەکانیان لاواز و داماوبێت، بە سەد قات زیاتربەرامبەر خەڵکی ئێران، ئازا و دڕ دەبێت و داخی ئەم شکست و سەرشۆڕییەی خۆی بە خەڵکی ناڕازی و وەزالەهاتووی ئێران بە تایبەتی بە تێکۆشەران و ئەندامانی حیزب و ڕێکخراوە ئازادیخوازەکان ولەپێشەوەی هەموانیش هی کوردستان دەردەکات. دیارە لە درێژخایەندا و لەوانەیە هەر لە سەرەتاشەوە، سیاسەتەکانی پێشووی بۆ سەپاندنی هەژموونی خۆی لە ناوچەکە و دژایەتیی ئیسرائیل و ئەمریکا، بە نهێنی و بێدەنگی دەست پێ بکاتەوە، بە تایبەتی ئەگەر گەمارۆکانیشی لەسەر لابچێت، پووڵە دەستبەسەرداگیراوەکانی بۆ ئازاد بکرێت و بتوانێت بەپێی ویستی خۆی نەوت بفرۆشێت.

ئەوانەی لە کۆشکی سپی و لە هەر ناوەندێکی سیاسیی جیهان، وا بیر دەکەنەوە کە سپای پاسداران و بەڕێوەبەرانی ئەو ڕێژیمە ئیدئۆلۆژیکە، دەست لە پشتیوانیی گرووپە نیابەتییەکان ودەستتێوەردانی وڵاتانی ناوچە هەڵدەگرن، واز لە سیاسەت و کردەوە تێرۆریستییەکانیاندەهێنن، لە هەڵەیەکی کوشندە و گەوجانەدان. ئەو ڕێژیمە تەنانەت بەرنامەی بەرهەمهێنانی چەکی ناوکییش - بەو مەرجەی مافی پیتاندنی ئۆرانیۆم بە ڕێژەیەکی زۆرکەمیشی پێ بدرێت - بە نهێنی و بە خێرایی درێژە پێدەداتەوە.

## ٣- ڕووخاندنی ئەو ڕێژیمە و دروستکردنی بەدیل و ئەرکی ئەمریکا:

ڕەخنە لە نووسینەکەم گیراوە کە ڕووخاندن، هەروەها دروستکردنی بەدیلی ئەو ڕێژیمە، هەم ئەرک، هەم مافی خودی خەڵکی ئێرانە نەک ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی. ئەم قسەیە وەک بنەما و وەک پرەنسیپ تەواو دروستە.بەڵام وەک دەڵێن با بێین و "وێنە گەورەکە" لە پێش خۆمان دابنێین.من کۆی ئەو پێنج خالانەی لە نووسینەکەمدا باسم کردبوون لە پێوەندی لەگەڵ یەکتردا دەبینم و دەخوێنمەوە. بۆچی پێموایە ئەمریکا لەم پێوەندییەدا ئەرکی هەیە؟ بۆ گەیشتن بە وەڵامە دروستەکە،

## با چەند پرسیارێک بکەم:

- ئایا ئەمریکا دەیهەوێ بە یەکجاری کۆتایی بە هەژمۆن و دەستێوەردانەکان و هەڕەشەکانی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل و وڵاتانی هاوپەیمانی خۆی لەم ناوچەیە بێنێت؟
- ئایا بە نەڕووخان و مانەوەی بە لاوازیی کۆماری ئیسلامی، ئەم دەستێوەردان و هەڕەشانەی ڕێژیمی ئێران بە یەکجاری کۆتاییان پێ دێت، یان دوای ماوەیەکی دیکە سەر هەڵدەدەنەوە؟
- ئەگەر ترامپ و ناتانیاهوو لە دەسەڵاتدا نەمێنن، ئایا ئەو دەسکەوتانەی ئەوان دەپارێزرێت و سیاسەتی هەوسارکردنی بە تەواویی ڕێژیمی ئێران، درێژەی پێدەدرێت؟ یان دوای ئەوان هەلومەرجێکی لەبارتر بۆ هەستانەوەی ڕێژیمی ئێستای ئێران دروست دەبێت؟
- ئایا ڕێژیمێکی دڕندەی وەک کۆماری ئیسلامی کە ئامادەیە بە شەو ورۆژێک دەیان هەزار کەس لە خەڵکی وڵاتەکەی بکوژێت و بۆ قەڵاچۆی خەڵک و سەرکوتی خوێناویی خۆپێشاندانەکان، هەزاران بەکرێگیراوی خۆیلە عێراقەوەدێنێت، بە خەڵک دەڕووخێت؟

بەشی سێهەم

- ئايا بەبێ ئامادەكردنی بەديلێكی گونجاو بۆ ئەورێژیمە (كە نوێنەرايەتيی فرەچەشنيی خەڵكی ئێران و خواستەكانيان بكات) ، بەرێخستنی ڕاپەڕینێكی سەرانسەری دژی ئەو ڕێژیمە مومكين و سەركەوتوو دەبێت؟

لە ڕوانگەی خۆمەوە، بە بێ ڕووخانی ڕێژیمی كۆماری ئيسلامی، ڕێژیمی ئێستای ئێران دوای ماوەيەكی كەمبۆسەر ئيسرائيل وولاتانی هاوپەيمانی ئەمريكا و بەرژەوەندەكانيان دووبارە دەبێتەوە بە هەڕەشە. بۆ نێوخۆی ئێرانيش،بۆ سەركوتی خەڵك و دزينی سامانی وڵات، بۆ سياسەت و بەرنامە شەڕخوازانە و تێرۆريستييەكانی زۆر لە پێشوو خراپتر دەبێت. بە هاتنەسەری چەند دەم و چاوێكی بە ڕواڵەت نەرمتر لەوانی پێشوو، بە دڵنياييەوە گۆڕانێكی جيدديلە هەردوو بواری دەرەكی و نێوخۆييدا، لەمرێژێمەدادروست نابێت.

بە سەرنجدان بە وەڵامی ڕاستگۆيانە بە هەر يەک لەو پرسيارانە، ئێستا هەم بەرژەوەندەی ئەمريكا و هاوپەيمانەكانی و هەم بەرژەوەندی نەتەوەكانی ئێران لە ڕووخاندنی ئەو ڕێژیمەدايە. ترامپ بۆ خۆشی ناوی هاوكاريی لەگەڵ خەڵكی ئێرانی لەسەر ئەم شەڕەيان داناوە. بەڵام هاوكاريی ڕاستەقينە لە تەواوكردنی ئەو كارەدايە نەک لە بەجێ هێشتنی بە نيوەچڵی يان خۆهەڵخەڵەتاندن. ئەم قسەيەی ترامپ تەواو هەڵە و ناڕاستە كە دەڵێت هەر ئێستا لە ئێران ڕێژیم گۆڕاوە.ئەمە ڕێخۆشكردنە بۆ خۆدزينەوە لە تەواوكردنی كارەكە.

ئەگەر ترامپ و ستافەكەی، وەک ئيسرائيل بگەنە ئەو قەناعەتە كە بەبێ ڕووخاندنی ئەو ڕێژیمە، ئامانجی سەرەكيی ئەوان بەديی نايە، ئەو كات بير لە پێويستييەكانيشی دەكەنەوە. ئامادەكردنی بەديل بۆ ئەو ڕێژیمە كە كاريگەريی ڕاستەوخۆ و خێرا لەسەر هاتنەمەيدانی خەڵكی ئێران بۆ ڕووخاندنی ئەو ڕێژیمە دادەنێت، گرنگترينی ئەو پێويستيانەيە. ئەم هەنگاوە هەروەها ڕێخۆشكەر دەبێت بۆگواستنەوەی شەڕ لە ئاسمانەوە بۆ سەر زەوی. ئەمريكا لە ئەفغانستان دوای يازدەی سێپتامبر(٢٠٠١) و لە عێراق(٢٠٠٣) چونكە لەسەر ڕووخاندنی ڕێژیمی دەسەڵاتدار ساغ ببۆوە، توانيی لە ماوەيەكی كەمدا ئۆپۆزيسيۆنی ئەو دوو وڵاتە- بەو هەمووە جۆراوجۆری و جەمسەربەندييانەشيانەوە- ناچار بە ڕێككەوتن لە سەر ئەنجومەنێكی نوێنەرايەتی و دەسەڵاتی كاتی بكا. بە تێگەيشتنی خۆم دروستترين بڕيار و پلان و سياسەتلە پيوەندی لەگەڵ ڕێژیمی ئێران وئۆپۆزيسيۆنی ئێرانيشدا، ئێستا بۆ ئەمريكا هەر ئەوەيە.

ئەوەش كە وتوومە پێويستە ئەمريكا حيسێبێكی تايبەتی بۆ كورد بكات، لەم ڕاستييەوە دێت كە چ لە ئێران و چ لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا،ئيسرائيلی لێ دەرچێت هيچ نەتەوەيەک بە ڕادەی كورد دۆستی ئەمريكا نييە. دەشزانم

بەشی سێهەم

ئەمریکا نیازی پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی بۆ کورد نییە و لەم بارەیەوە ناهەوێ خۆم یان خەڵک فریو بدەم، بەڵام زۆر گرنگە ئەمریکا لە بە ئەنجام گەیاندنی ئەم پرۆسەیەی دەستی پێکردووە، گرنگیی تەواو بە پاراستنی هەرێمی کوردستان و جێگە و پێگەی کورد و هێزە سیاسییەکانی لە ئێستا و داهاتووی سیاسیی ئێران بدا؛پێویستە لە دابینبوونی مافەکانیان و جێگیرکردنی پێگەی شیاوی خۆیان لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەدا پشتیوانیان بێت.

ئەو بەرداشتە لە نووسینەکەی من کە چاوەڕوانم ئەمریکا فەرشی سوور بۆ هێزە سیاسییەکانی کورد ڕابخا و ڕۆژهەلاتی کوردستانیان بە ئازادکراوی تەحویل بدا، زۆر نارەوا و بێ جێیە. نە من و نە ئەو هێزانە ئەو چاوەروانییەمان نییە. هێزە سیاسییەکانی کوردستان ئامادەیی قۆستنەوەی دەرفەتیان هەیە، بەڵام نابێت ئەمریکا تەنیا وەک هێزێکی شەڕکەر و وەک ئامرازێک بۆ بەکارهێنانیان لە شەڕێکی کاتیی ئەنجام نارووندا لێیان بڕوانێت، بەڵکووپێویستە بە کردەوە حیسێبی هاوپەیمانێکی درێژخایەنی خۆی- لانی کەم بۆ ڕووخاندنی ئەو ڕێژیمە و هێنانە سەرکاری سیستەمێکی سیاسیی گونجاو و وەڵامدەربۆ ئێران- یان بۆ بکات.

## پێویستیی پاراستنی سەرچاوەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵک:

بە داخەوە زۆربەی ئەوانەی ڕەخنەیان لەم خاڵەی نووسینەکەم گرتووە، لە داوی ئەو کەسانە کەوتوون کە بە ئەنقەست پەیامی نووسینەکەی منیان چەواشە کردووە. تەنانەت هێندێکیان لە ڕەخنەگرتنیان تێپەراندووە و کەوتوونە سووکایەتی و بوختانپێکردن.وادیارە لانی کەم ئەو خاڵەیان هەر نە خوێندووەتەوە، چونکە لەسەر شتێککە من نەموتووە و و لە نووسینەکەشمدا نییە، سەرکۆنە و تاوانبارییان کردووم!

بەو هۆیەوە کە دەمزانی هەمیشە هێندێک کەس لە بۆسەدان تا بیانوویەک بۆ شڵتاغ پێکردن بدۆزنەوە، ئەو خاڵەی پێوەندیدار بە لێدانی ژێرخان و بنکە و بنیاتەکانم زۆر بە ڕوونی لە نووسینەکەمدا هێناوە و بە شێوەیەکی تۆخ جیاوازییم لەنێوان خەڵک و ڕێژیمدا کردووە.ئەرێ بەڕاستی هیچ لێڵی وتەمومژێک لەم ڕستەیەدا هەیە کە وتوومە لێدان لەو ژێرخانانەی کە "پێوەندییڕاستەوخۆیان بە ژیانی سەگەمەرگیی ئێستای ئەو خەڵکەڕۆژڕەشەوە هەیە" بە خراپ دەزانم؟ خۆ یەک لە هۆیەکانی بە خراپ زانینی ئەو لێدانەشم ئاماژە پێکردووە: "بەدەستی خۆتان ئەو خەڵکە مەکەن بە پشتیوانی ئەوڕێژیمە لەقبووە". سەرنجڕاکێش ئەوەیە بۆ ئەوەی خراپ تێگەیشتن و بە هەڵەچوون ڕوونەدا، لەسەر لێدانی ئەو بنکە وبنیات و ژێرخانانەی کە یارمەتی بە مانەوەی ڕێژیمەکە دەکەن پێم داگرتووە و وتوومە: "لە بەرامبەردا لێدانی

زیاتریرێبەران، فەرماندەران و کادری بەرێوەبەرێتیی ئەو سیستەمەو بنکە و بنیاتەکانیراگریرێژیمەکە بکەنە ئامانج" وەک دەبینن من باسی پاڵاوتنگەی نەوت و پێترۆشیمی و کۆمەڵگەی "فولاد مبارکە" و هیچ دامەزراوەیەکی ئەوتۆم نەکردووە کە داهات و سوودەکەیان کەمترین پێوەندیی بە خەڵکەوە هەیە.

ئەو بابەتەی گۆرین لە کەشوهەوایەکدا نووسراو کە ترامپ هەڕەشەی لێدان لە ژێرخانەکانی ئێرانی دەکرد، لە پێش هەموو ئەو ژێرخانانەشدا ناوی دامەزراوەکانی پێوەندیداربە کارەبای دێنا؛هەروەها دەیکوت ئێران بۆ سەردەمی بەردیندەگێڕمەوە. من لە ئێوە دەپرسم پێتان وایە ئەگەر دامەزراوەکان و تۆڕی کارەبا، لەهەموو ئێران وێران بکرێ، کاریگەریی راستەوخۆی لەسەر کوردستان، نابێت؟ هەر لەجێدا لە خۆتان پرسیوەلە کوردستان نەبوونی کارەبا چ کاریگەرییەک لەسەر ژیانی خەڵک دادەنێت؟ بەبێ کارەبا نەخۆشخانەکان، دەرمانگەکان، تاقیگەکان،زاییینگەکان، ئاسایشگەکان، شوێنی بەساڵداچووان و کەم ئەندامان، چ دۆخێکیان دەبێت؟ دەزانن کە نانەواخانەکان و کارگەکانی شیرەمەنی دەوەستن و پەکیان دەکەوێت؟ یەخچاڵ کەلکی نامێنێت؟ دەزانن ئاشپەزخانەی ماڵەکان لە سەردەمی ئێستادا چەند بە کارەبا و کەلوپەلی کارەباییەوە بەستراوەتەوە؟ باشە چۆن لە عەقڵتاندا دەگونجێت ئێران بگەرێندرێتەوە سەردەمی بەردین، و هیچ وێستگەیەکی کارەبا بە پێوە نەمێنێت، بەڵام کوردستان وەک خۆی بمێنێتەوە، پاریزراو بێت و ژیان و گیانی خەڵکەکەی بە کۆمەڵ نەکەوێتە مەترسی؟!

پرسیاری لەمانە گرنگتر لەو کەسانەی خۆیانن لە مەمانان زۆر بە نەتەوەییتر دەزانن و ئارەزوو دەکەن هەموو ئێران وێران ببێت، بە بۆمبی ئەتۆمی لە شارە گەورەکانی لێی بدرێت، تەنانەت دارتێلێک بە پێوە نەمێنیت؛ ئایا لە خۆتان پرسیوە چەند میلیۆن کورد لە بەشەکان و ناوچەکانی تری ئێراندا دەژین؟ خۆناکرێ لە نەتەوەییبووندا بە ئیددیعای خۆتان کەس تۆزتان نەشکێنێ، بەڵام نەزانن هەر لە تاران زیاتر لە یەک میلیۆن کورد دەژین! نەزانن کە لە پارێزگەکانی خۆراسان بە لانی کەمەوە نزیک بە میلیۆن و نیوێک کورد دەژین، نەزانن لە قەزوین، وەرامین، کەلاردەشت بە سەدان هەزار کورد دەژین. ئەوە چ نەتەوەیی بوونێک و چ شانازییەکە مەرگی میلیۆنان کوردتان هەر بەو تاوانەی لەنێو فارس و نەتەوەکانی تردا دەژین، بۆ گرنگ نەبێت؟! ئێستا ئەوە منم پشتم لە نەتەوەکەی خۆم کردووە و چەقۆی داگیرکەر دەلێسمەوە، یان ئێوەی پرۆترامپ، خراپتر لەوەی داگیرکەر بەسەر کوردی هێناوە و دەهێنێ، بۆ نەتەوەکەتان ئارەزوو دەکەن؟!

## دەرفەتی پێکهاتوو وهەڵوێستی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان:

چەند ڕەخنەگرێک، سەرکۆنەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بە تایبەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیان کردووە کە



سەرچاوە
Serchawe

دەرفەتی پێکهاتوو بەهۆی ئەم شەڕەیان نەقۆستووەتەوە و پێشمەرگەیان بۆ ڕۆژهەلات نەناردووەتەوە؛ پێشیان وایەهەر بەم هۆیەوە من حەقم نییە لە گوڵ کالتر بە ئەمریکا و شەخسی ترامپ بڵێم. ئەگەرچی من لە ناوەندی بڕیاری حیزبەکەی خۆمدا نیم و لەم بارەیەوە بەرپرسایەتییەک ناکەوێتە سەرشانم، بەڵام پێم وایە حیزبی دیموکرات و حیزبەکانی تریش زۆر دروست و بەرپرسانە هەڵوێستیان گرتووە. هەم لە خۆڕێکخستن و خۆئامادەکردن بۆ قۆستنەوەی هەلی لەبار غافڵ نەبوون، هەم نەکەوتوونە نێو بڕیاردانێکی هەستەکی و، لەسەر حیسابی لایڤ و پۆستە خەیاڵاوییەکانی چەند کەسی دوور لە ئاگرە سوورەکە، ڕیسکێکی ئەوتۆیان نەکردووە کە خۆیان و خەڵکی کوردستان زۆرترین قوربانیی بەهۆیەوە بدەن. جگە لەمەش کادر و پێشمەرگە و بنەماڵەکان،هەڵقەنراو لە کەمپ و ماڵ و بنکەکانیان، لەژێر بارانی درۆن و هاژەکدا، ئەویش لەم تەڕەساڵ و سەرمایەدا ئەرکەکانی خۆیان بە باشی بەڕێوە بردووە. من ڕێز لەم خۆڕاگری و لەخۆبوردووییەیان دەگرم و لە ئاستیان سەری ڕێز دادەنوێنم.

هەڵبەت دەبێ بگوترێت ئەو قسە ناڕوون وگومانخوڵقێنەش کە لەم دوایانەدا بە ناوی پرێزیدێنت ترامپ "لە بارەی دانی چەک و چۆڵ بە کوردەکان" بڵاو بۆوە و، نەیارانی ئێرانیی دژ بە کوردیش بە پەلە حیزبەکانی نێو هاوپەیمانیی سیاسییان وەک ئادرەسی ئەم چەکانە ناساند، بەداخەوە بوو بە بیانووی درۆنباران و هاژەکبارانی زیاتری بنکە و کەمپە مەدەنییەکانیان. دوایین هەڕەشەکانی سپای پاسدارانیش کە لە زمانی سەرکۆنسوڵەکەیان لەهەرێمی کوردستان بە دژی ئەو حیزبانە بڵاو بووەتەوە، پشت بەم قسانەی ترامپ دەبەستێ. بە خۆشییەوە ئێستا دەرکەوتووە کە ئەو تاوانبارکردنەی نەیارە ئێرانییەکان ناڕاست و لەخۆڕابووە. بەڵام هەڕەشەی ڕێژیمی ئێران بۆ سەر هەرێمی کوردستان و داهاتووی ئەو حیزبانە لە زیادبووندایە. بۆیە تکایە لە پێناوی داکۆکی لە ترامپ، چی دیکە حیزبەکانی خۆمان خەتابار مەکەن ولەسەر دیواری خۆتان لە فەیسبووکشایەدیی بە قازانجی ئەم گێچەڵسازییەی نەیارانی کورد مەدەن.

من هەم بۆ درێژنەبوونەوەی لەمە زیاتری ئەم نووسینەم، هەم بۆ لەبەرچاوگرتنی کاریگەریی بارودۆخی دوای ئەم ئاگربڕەی نێوان ئەمریکا و ئیسرائیل و ئێران لە سەر هەستی بەردەنگەکانم، لە وەڵامدانەوە بە هێرشە شەخسییەکان بۆ سەر خۆم، خۆم دەبوێرم. سپاس و پێزانینی زۆرم بۆ هەموو ئەو بەڕێزانە هەیە کە بە حوکمی ویژدان و ڕەوشتی بەرزی خۆیان، لە دژی قسەی ناڕەوا و بێ ڕێزی بە من، بەدەنگ هاتوون. هیوادارم ڕەوتی ڕووداوەکان لە کوردستان، ئێران و ناوچە بەو ئاقارەدا بڕوات کە هەموومان ئارەزووی دەکەین.

١- یەک لەو "بەڕێزانە لانی کەم سی ساڵ لە ڕابردووی تێکۆشان من و هاوڕێیانم لە ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتدا بە "وەک

پاسدارێک، پاسداری کردن بۆکۆماری ئیسلامی" شوبهاندبوو.

٢- لینکی "ئەگەر دەنگم بە ترامپ گەیشتبا":

https://www.facebook.com/kurdistanukurd.gallery/posts/pfbid02AsF6cVVAs9dePSJ3JMQkSZRduo7u96tvmQ2zLYryHS4rB66rszw6QoWJnLf12gGVl

٣- یەک لەو بەناو میدیا گوماناوییانە "سپیدار گلوبال نیوز" sepidar. Global. news لە پلاتفۆرمەکانی ئینستاگرام و فەیسبووک بوو کە من بەم ڕوونکردنەوەیە، چەواشەکارییەکەیم لەقاو دا. لینکی ڕوونکردنەوەکەم:

https://www.facebook.com/kurdistanukurd.gallery/posts/pfbid0QS6wkhcRMsXgqWc3GcgWYRJc31NgHzedmQQmqUSL8KvBCVwSRzZ1pZc2Ba2chRFLl

٤- من لە کۆنگرەی حەڤدەی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە، لەسەر ویستی خۆم نەچوومەوە نێو ڕێبەریی حیزب و ئێستاش ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران نیم.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیاڕەنگ – ڕێکەوتی: ١٠ ئەپریلی ٢٠٢٦



سەرچاوە Serchawe

## پوختەی سیناریۆی کوشتارە چەند هەزار کەسییەکەی ڕۆژانی ڕابردوو

### ئاماژە:

بە بڵاوبوونەوەی بەرە بەرەی پەیامە دەنگییەکان، کورتە ڤیدیۆکان، زانیاریی جۆراوجۆر کە لە خەڵکی نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانەوە دەگەن، هەروەها بە یارمەتیی لێدوان و دژکردەوەی کاربەدەستانی ڕێژیم و بەرنامە و بابەتی تەلەڤزیۆن و ڕاگەیەنەکانیان لە دوو سێ ڕۆژی ڕابردوودا، خەریکە هەیکەل و چۆنێتیی سیناریۆی ئەو کوشتارە بە کۆمەڵەی لە شەوی پێنج شەمە لەسەر هەینی، ڕۆژی هەینیی ڕابردوو و شەو و ڕۆژێک دواتردا لە خەڵکی ڕاپەریوی ئێران کراوە، هەتا ڕادەیەک دەردەکەوێ.

### قۆناغی یەکەمی سیناریۆکە:

سیناریۆی کوشتاری ئەو خەڵکە بە داخستنی ئەنترنێت و تەیارکردن و جێگیرکردنی هێزە سەرکوتکەرەکانی سەر بە ڕێژیم، لە مزگەوتەکان، بنکەکانی بەسیج ماڵ و کۆڵان و شوێنەکانی نزیک بە بنکە و ناوەندە حکوومەتییەکان دەستی پێکردووە.

ئەو هێزانە فەرمانیان پێدراوە و دەستیان ئاوەڵا کراوە بۆ کوشتاری بێ پەروایانەی خۆپێشاندەران و خەڵکی ڕاپەریوی دەستبەتاڵ.

هاوکات بۆ دنەدانی لایەنگرانی ڕێژیم و هێنانیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی خەڵکی ڕاپەریو ، هەوەها بۆ فریوان و بەهەڵە بردنی دنیای دەرەوە، بەکرێگیراوانی خۆیان لە ڕواڵەتی خۆپێشاندەراندا بۆ ئەنجامدانی کردەوەی وەک مزگەوت سووتاندن، لەنێوبردنی کەلوپەلی گشتی، سووتاندن و فڕێدانی قورئان و...ڕاسپاردووە، بۆ ئەوەی لە لایەک خۆپێشاندەران وەک تاوانبار پێشان بدەن، لەلایەکی دیکە بیانوویان بۆ زۆرترین کوشتار دابین کردبێت.

بەم جۆرە لە هەر شارێک، کە خەڵکی ڕاپەریو نەکشاوەتەوە و لەسەر خۆپێشاندان بەردەوام بووە، بێ بەزەییانە و بێ پەروایانە، بە ئامانجی نەجاتدانی ڕێژیمەکەیان لە ڕووخان، لێیان کوشتوون.



سەرچاوە
Serchawe

وادیارە خەڵکی ڕاپەڕیوی دەست بەتاڵ لە ژمارەیەک لە شارەکان، هەم ژمارەیان یەکجار زۆر بووە، هەم لەسەر خۆپێشاندان و مانەوە لە شەقام بە توندی پێداگر بوون، ئەمەش وای کردووەژمارەی کوژراو و بریندار یەکجار زۆر بێت.

### قۆناغی دووهەمی سیناریۆکە:

دوای ئەو کوشتارە بێ وێنەیە، قوناغی دووهەمی سیناریۆکە بەڕێوە چووە. کە بریتی بووە لە کۆ کردنەوەی تەرمی کوژراوەکان لە ساردخانەکان، مزگەوتەکان ئەویش بەوناوە کە ئەمانە خەڵکی ئاسایی و بێگوناحن کە بە دەست "تێرۆریستە چەکدار ۆ "اغتشاشگر"ەکانی سەر بە ترامپ و ئیسڕائیل کوژراون.

خۆپێشاندەرانی برینداریشیان کۆ کردووەتەوە و تەنانەت لە نەخۆشخانەکانیش دەریان هێناون، ئەوانیشیان کوشتووە، کوشتنی ئەوانیشیان بە ئەستۆی "تێرۆریستەکان"دا هێناوە، تا لە لایەک کەس لەوان زیندوو نەمێنێت کە دواتر شایەدی لەسەر کوشتارەکە بدات، لەلایەکی دیکە ئەوەندەی دیکە "تێرۆریستە بەکرێگیراو و ئاژاوەچییەکان" بەدناو و دڕندە بە دنیا بناسێنن.

### قۆناغی سێهەمی سیناریۆکە:

لە قۆناغی سێهەم یان کۆتاییدا کۆگا کۆگا تەرمی کوژراوەکان خستووەتە بەردەستی کەسوکاریان. نیگەرانی ئەوەش نین بکەونە بەرچاوێ ڕاگەیەنەکانی جیهان. چونکە بە گوێرەی ئەم سیناریۆیە، ئەو هەزاران یان دەیان هەزار کەسە، خەڵکی بێتاوان و ئاسایی وتەنانەت سەر بە نیزامن کە بەهۆی "اغتشاشگران" و تێرۆریستانی بەکرێگیراوی ترامپ و ئیسڕائیل کوژراون. ئەو خەڵکەش کە دەزانن ڕاستیی مەسەلەکە چۆنە، بە دیتنی تەرمی ئەو هەزاران لاو و مێرمنداڵە کە بە دەستی ڕێژیم کوژراون، تەمبێ و عیبرەت گرتوو دەبن و جارێکی دیکەبیر لە خۆپێشاندان و ڕاپەڕین و ڕووخاندنی ڕێژیم ناکەنەوە. ئەوە کە ڕێژیم هەروا لەسەر پچڕاندنی ئەنترنێت بەرودەوامە؛ ئەوە کە سێ ڕۆژ ماتەمینی گشتیی بە ڕواڵەت بۆ ئەو هەمووە کوژراوەی دەستی "اغتشاشگران" ڕاگەیاندووە؛ ئەوە کە عەباس عێراقچی، سەفیرانی ئورووپایی لە تارانی بانگ کردبوو تا ڤیدیۆی بە پێی ئەم سیناریۆیە ئامادەکراوەیان پێشان بدا؛ ئەوە کە بەڕێوەبەرانی ڕێژیم، لایەنگرانی نیزامیان لە ڕۆژانی ماتەمینیی گشتیدا هێنایە شەقام تا وەرەی خۆیان و هێزە سەرکوتکەرەکانی خۆیان کەمێک پێ بەرز بکەنەوە و... هتد، هەمووی بۆ جێخستنی ڕیوایەتێکە کە بۆ پاساودانی ئەم کوشتارە بێ وێنەیەی خەڵکی ئێران، دەیانەوێ دنیای دەرەوەی پێ فریوبدەن و لێکەوتە دەرەکییەکانی ئەم کوشتارە، ئەوەندە توند نەبێت کە ڕووخانیان خێراتر بکات.



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی سێهەم

(*) ئەمەی نووسیومە بەرداشتی منە لە ڕووداوەکانی ئەم چەند ڕۆژە. سپاستان دەکەم ئەگەر ئێوەش لە ڕوونکردنەوەی ڕاستییە پێوەندیدارەکاندا یارمەتیدەرم بن.

١٣ی جانیۆێری ٢٠٢٦

## نووسینێک بە بۆنەی هەشتا ساڵەیی ڕۆژنامەی "کوردستان"

۱۰ی جانێوێری ۲۰۲٦

### بەرایی: تەمەنێک لەگەڵ "کوردستان"دا

بۆخۆشم زەحمەتە بە دیاریکراوی بڵێم چەند ساڵ یان چەند دەیە لەگەڵ ڕۆژنامەی"کوردستان"دا ژیاوم، چونکە تەنیا سەرەتاکەی دیارە و کۆتاییيەکەی هێشتا نەهاتووە، لەوانەیە هەتا دەشمرم هەر نەیەت. لە ڕەشەمەی ١٣٦٦ەوە (مارسی ١٩٨٨) کاتێک ژمارە ١٣٥ی "کوردستان" ئامادە دەکرا، هاوکاریی من لەگەڵ "کوردستان" دەستی پێکرد، سەرەتا وەک هەڵەچن و وەرگێڕ؛ بەڵام هەر لە دەسپێکەوە بە نووسین تێیدا بەشدار بووم، بە جۆرێک کە هەر لە یەکەم مانگەکانەوە، شانازیی ئەندامەتیی دەستەی نووسەرانی "کوردستان"م پێبرا، ئەویش لەژێر سەرپەرستی و ڕێنوێنیی دوو سیمای دیار و بەتوانای بواری نووسین و داڕشتنی ئەدەبیاتی سیاسیی حیزب، د.سادق شەرەفکەندی و مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادەدا.

ساڵان هاتن و چوون، دەتگوت مانەوە لەم ڕۆژنامەیەدا لە نێوچاوانم نووسراوە. بۆخۆشم بەهۆی خۆشەویستیی نووسین و بەختیاریی خۆ دیتنەوە لە فێرگە و لەنێو کۆڕی کۆمەڵێک مرۆڤی تایبەتدا، گەیشتبوومە ئەو قەناعەتە کە دەبێت لە "کوردستان" بمێنمەوە، خەیاڵی دوورکەوتنەوە لێی، وەلا بنێم و پتر شان بدەمە بەر ئەرک و بەرپرسایەتییەکانی. هێشتا سێ ساڵ تێوەرنەسوڕابوو و نەشببووم بە ئەندامی ڕێبەریی حیزب، کە ئەرکی جێگریی بەرپرسی کۆمیسیۆنی چاپەمەنیم کە بەکردەوە دەبووە بەڕێوەبەری نووسین و جێگری سەرنووسەریش، کەوتە ئەستۆ. سەرنجڕاکێش ئەوە بوو "سەرنووسەر"ەکان کە هەمان ئەندامانی دەفتەری سیاسیی دەستنیشانکراو بۆ بەرپرسایەتیی کۆمیسیۆنی چاپەمەنی بوون، یەک بە دوای یەکدا دەهاتن و دەڕۆیشتن، ئەوەی هەر لەجێی خۆی و لە پۆستی خۆیدا دەمایەوە، من بووم.

لە ڕەشەمەی ١٣٦٦ەوە هەتا لەتبوونی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە سەرماوەزی١٣٨٥ (مارسی ١٩٨٨- دێسەمبری ٢٠٠٦) واتە لە ماوەی ١٩ ساڵدا ، شایەدی هاتن و چوونی پێنج کەس لە حەوت ئەندامانی دەفتەری سیاسی وەک بەرپرسی کۆمیسیۆنی چاپەمەنی و سەرنووسەری ڕۆژنامەی "کوردستان" بووم کە بریتی بوون لە بەڕێزان: د.شەرەفکەندی، مامۆستا

**بەشی سێهەم**

حەسەنزادە، کاک مستەفا هیجری، کاک حەسەن شەرەفی و کاک عەلی مێهرپەروەر. د.قاسملوو لە یەک ساڵ و سێ مانگی پێش شەهید بوونیدا چەند جار لەگەڵ نووسەرانی ڕادیۆ و بڵاوکراوەکانی حیزب (کوردستان و گۆڤاری تێکۆشەر) کۆبوونەوەی پێکهێنا و لەسەر "چۆن بنووسین؟" و "چی بنووسین؟" ڕێنوێنیی کردین، بەڵام بە داخەوە شانازی و شانسی ئەوەم نەبوو ئەو سەرنووسەری ڕۆژنامە و بەرپرسی کۆمیسیۆنەکەمان بێت و من وەک هاوکاری ڕاستەوخۆ لە خزمەتیدا بم .

لە دوای لەتبوونی حیزبی دیموکراتیشەوە هەتا نیوەی یەکەمی ٢٠١٣(بۆ ماوەی نزیک بە ٧ ساڵ) بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ(وەک بەرپرسی ڕاگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان)، لە دوای ٢٠١٣ەوە هەتا ئەم ساڵانەی دواییش وەک ئەندامی دەستەی نووسەران لە خزمەت "کوردستان"دا بووم. بە کورتی ئەو کاتەش کە تێکۆشان و بەرپرسایەتیم لە ئۆرگان و بەشێکی دیکەی حیزبی دیموکرات بووە، هەموو کات بە نووسین و وەک کەسێکی هەموو کات ئامادە بۆ هاوکاری لەگەڵ هەر کام لە بەرپرسانی یەکەمی ئەم ساڵانەی دوایی ڕۆژنامەی "کوردستان" (هاوڕێیان عەولا بەهرامی، کوێستان فتووحی، سیامەک قەوی پەنجە، حەسەن شێخانی و عەلی بداغی)، لەخزمەت "کوردستان"دا ماومەوە. بەم جۆرە بەبێ ئەم چەند ساڵەی دواییش بە لانی کەمەوە بە چڕی و دانەبڕاوی سی(٣٠) ساڵێک ڕابردووی کارو تێکۆشان و بەرپرسایەتیم لە "کوردستان"، یان هاوکاریی ڕۆژانە و نزیکم لەگەڵ ئەم ڕۆژنامەیەدا هەیە. لەم بارەیەوە لە حیزبی دیموکراتدا لەوانەیە هەتا ئێستا بێ ڕکابەربم.

لە ماوی ئەو سی و چەند ساڵەدا لەگەڵ دەیان هاوڕێ کە کاری ئامادەکردن و کاری تەکنیکیی ڕۆژنامەیان کردووە، هاوکار بووم. لە نێویاندا زۆر کەس هەبوون کە لە باری سیاسی، زمانەوانی، داڕشتن، وەرگێڕان، نووسین و ڕۆژنامەنووسییەوە لێیان فێربووم، یان تێیاندا بووە هاوکاری دڵسۆز و ئەرکناس بوون و بە یارمەتی و هاوکاریی ئەوان توانیبووم شان بدەمە بەر بەرپرسایەتیی بەڕێوەبردنی ڕۆژنامەی "کوردستان" و چاپەمەنیی حیزب. هەمیشە بە ڕێز و ئەمەگناسییەوە یادی هەر دوو دەستەی ئەو مرۆڤانە دەکەمەوە.

بەم پێشەکییەوە چ وەک شایەتحاڵ، چ وەک بەرپرسایەتی و بەشدار بوون لە بەرهەمهێنانی زیاتر لە پێنج سەد ژمارەی "کوردستان"دا، بۆ خستنەڕووی باسێک کە لە مێژووی ئەم ڕۆژنامەیەدا هەتا ئێستا کەمتر ئاوڕی لێدراوەتەوە؛ لەوانەیە کەسێکی گونجاو بم؛ ئەو باسەش هەوراز و لێژ و دژواریی کاژفرێدان و نوێبوونەوە لە "کوردستان" لە مەودای ساڵانی ئاماژەپێکراودایە.

## سەردەمی نەگۆڕان و چەقبەستوویی "کوردستان

۲

۱۰ی جانێوێری ۲۰۲٦

### "کوردستان" وەک بڵاوکراوەی ئۆرگان

"کوردستان" لە هەموو ئەو ماوەیەدا کە من تێیدا ئەرک و بەرپرسایەتیی جۆراوجۆرم لەسەر شان بووە، هەر وەک ئێستا، بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دیموکرات و تەنانەت ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبەکەش بووە. ئۆرگانی حیزبێکی سیاسی بوون، جۆرێک ئەرکدارکردن و سنووردارکردنی ئەو ڕۆژنامەیەیە. هەر کەس بەرپرسایەتیی یەکەمی لەم جۆرە ڕۆژنامانەدا هەبێت، لە لایەک دەبێ لەو چوارچێوەیەدا کە ڕێبەریی حیزبەکەی بۆ ڕۆژنامەی ئۆرگان دیاریی کردووە، ئەرکەکانی جێبەجێ بکات، لە لایەکی دیکەوە دەبێت سەرنج بداتە پێشنیاز و چاوەڕوانی و ویستی هاوکاران و خوێنەرانی ڕۆژنامەکەی و، هاوسەنگییەکی پێشڕەوانە و ڕوو لە پێشەوە لەنێوانیاندا دروست بکات.

"ئۆرگان" بوون و کولتووری جارانی حیزبایەتی لە ناوچەی ئێمە و هەلومەرجێک کە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ڕۆژنامەی "کوردستان"ی تێدا بڵاو دەکردەوە، سەردەمێک جۆرێک چەقبەستوویی و نەگۆڕبوونی فۆرم و ناوەرۆک و پرەنسیپەکانی بەسەر ئەم ڕۆژنامەیەدا سەپاندبوو. هەوڵ دەدەم هێندێک لایەنی ئەم چەقبەستووییە و بەدرەنگەوە ملدانی "کوردستان" بۆ گۆڕان و نوێبوونەوە، بە یارمەتیی ئەو شتانەی لەبیرمن، دیارە بە هێندێک خۆسانسۆرکردنەوە بگێڕمەوە.

### لە وەدەرکەوتنی بنکە و ناوەندەکانی حیزبی دیموکراتی

کوردستانی ئێران لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە- بە لانی کەمەوە- هەتا سەرەتاکانی دەیەی حەفتای هەتاوی، لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا، پێموانییە جگە لە ناوی سکرتێری گشتیی حیزب -چەند حاڵەتێکی تایبەتی لێ دەرچێت- ناوی هیچ ئەندامێکی زیندووی دیکەی ڕێبەریی حیزب، تەنانەت ئەندامانی دەفتەری سیاسییش، هەروەها ناوی هیچ نوێنەر و بەرپرسێکی حیزبی لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا هەبێت ! لە چەندین ژمارەی ئەو ساڵانەی"کوردستان"دا، ڕاپۆرتی تێکۆشانی

کۆمیتەکان و نوێنەرایەتییەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات و بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمە حیزبییەکان لە کوردستان، بڵاو بووەتەوە، بەڵام لە جیاتی هێنانی ناوی بەرپرسانێک کە وتار یان پەیامیان لەو کۆبوونەوە و ڕێوڕەسمانەدا پێشکەش کردووە، نووسراوە: "ئەندامێکی دەفتەری سیاسی" یان "نوێنەری حیزب لەو وڵاتە" ئەو شتەی وت، یان ئەو کارەی کرد. هەروا بزانە ئەو ئەندامەی دەفتەری سیاسی یان ئەو نوێنەرەی حیزب، ناوی نەبووە!!

ئایا لەم بارەیەوە بڕیارێکی نووسراوی ئۆرگانێکی حیزبی هەبوو؟ یان بە پێی قانوونێکی نەنووسراو، ئەم نەریتە داکەوتبوو؟ بۆخۆم پێموایە ئەم نەریتە هیچ بڕیارێکی ڕەسمی و نووسراوی دەفتەری سیاسی یان کۆمیتەی ناوەندیی لە پشت نەبوو. سەرچاوەکەی جۆری بیرکردنەوەی زاڵ و باوی حیزبە چەپ و ستالینییەکانی ئەو سەردەم و پێشتر بوو کە وەک میرات بۆ حیزبی دیموکراتیش مابۆوە؛ عەقڵیەتێک کە پێی وابوو "تاک" تەنانەت لە بەرزترین پلەکانی بەرپرسایەتییشدا، هەر دەبێت دیار نەبێت و ئەوەی دەبێت دیار بێت، خودی حیزبەکەیە. نەک هەر لە ڕۆژنامەی "کوردستان"، لە ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێرانیشدا، ساڵانێک هەر بەم جۆرە ناوی کەسایەتی و کەسە زیندووەکانی حیزب نەدەهات. ڕەنگە بگوترێت ئەدی ئەگەر وایە بۆچی سکرتێری گشتیی حیزب، ناوی دەهات؟ وەڵامی من ئەوەیە، نەدەکرا تەنانەت ناوی سکرتێری گشتییش لە ڕاگەیەنەکانی حیزبدا نەهێنرێت، لانی کەم دەبا یەک کەس ناوی هەبا.

لێرەدا پێمخۆشە بەبیر بێنمەوە کە د.قاسملوو، سکرتێری گشتیی ئەو کاتی حیزب، بۆ خۆی بەتوندی دژی تاکپەرستی بە تایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ شەخسی خۆیدا بوو. یەکەم کەس بوو کە دژی دانان و هەڵواسینی وێنەی خۆی لە بنکە حیزبییەکان و هەروەها دژی دانی دروشمی "بژی قاسملوو" لەلایەن خەڵک و ئەندامان و لایەنگرانی حیزب دەنگی ناڕەزایەتیی بەرز کردەوە. بۆیە خۆبواردنی ڕاگەیەنەکانی حیزبی دیموکرات لە ناوهێنانی کەسایەتییەکانی دیکەی حیزب، ناکرێت لەسەر ویستی د.قاسملوو بووبێت، یان د.قاسملوو بۆخۆی حەزی لەوە کردبێت کە تەنیا ناوی ئەو دیار بێت و بەس. بە ڕوونی نازانم ئەم نەریتەچۆن لە حیزبدا جێگیر ببوو، لەوانەیە لە سەرەتادا بەرهەمی سەلیقەی بەرپرسێکی ڕاگەیاندنی حیزب بووبێت و دوایە هەر بە بەریەوە چووە و دووپات بووەتەوە و بەم جۆرە بووە بە یاسایەکی نەنووسراو.

### بابەتەکانی ڕۆژنامە، ناوی نووسەریان بەسەرەوە نەبوو!

هەتا کۆتاییەکانی پاییزی١٣٧٥ (نۆڤەمبری ١٩٩٦)، جگە لە شێعری شاعیران، سەرجەم ئەو بابەتانەی لەم دەورەیەی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو ببوونەوە، بەبێ ناوی نووسەرەکانیان چاپ ببوون . تەنانەت پەخشانە ئەدەبییەکانیش تاق و

لۆق نەبێ، ناوی نووسەریان بەسەرەوە نەبوو. بۆ ئەم نەریتەش، هیچ بڕیار و یاسایەکی پەسندکراو لەلایەن ئۆرگانێکی حیزبییەوە نەبوو. بۆخۆم وای بۆ دەچم کە بیرکردنەوەی ڕێبەریی هەتا ئەو کاتی حیزب بەم جۆرە بووە: ئێمە هەموومان ڕۆڵەی ئەم حیزبەین و ڕۆژنامەکەش ڕۆژنامەی حیزبە. لە ڕۆژنامەی حیزبدا، تاک بۆی نییە قسەی خۆی بکات، جا کاتێک قسەکەی، قسەی حیزبە، چ پێویست دەکات ناوی خۆی هەبێت!

ئەم جۆرە تێگەیشتنە لە نووسین و ڕۆژنامەنووسیی حیزبی، وای کردبوو لە وتار و بابەتی سیاسیی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا، جێناوی "من" جێگای نەبێت. هەموو دەربڕینەکان بە ناوی کەسی یەکەمی کۆ واتە "ئێمە" بوو. ئەگەر پێویست با، دەبا پەنا ببەینە بەر دەستەواژەی وەک "ئێمە پێمانوایە"، "بە باوەڕی ئێمە"، "حیزبی ئێمە"، "سیاسەتی ئێمە"، "ڕوانگەی ئێمە" و ...هتد. ئەگەر بمان نووسیبا "من پێم وایە" یان "بە گوێرەی لێکدانەوەی من"، بە شتێکی خۆپەرستانە، دوور لە تەوازوع و وەک شتێکی سەیر و نامۆ دەهاتە بەرچاو، لە پێداچوونەوەی سەرنووسەردا خەتێکی سووری بەسەردا دەکێشرا و دەکرایەوە بە "ئێمە پێمانوایە" یان "بە گوێرەی لێکدانەوەی حیزبی ئێمە ."خۆ ئەگەر ڕێگاش بە نووسەر درابا بنووسێت "بە باوەڕی من"، بەو هۆیەوە کە ناوی نووسەر لەگەڵ بابەتەکەدا بڵاو نەدەبۆوە، ئەو "من"ە دەبووە مەتەڵ و هەر لەجێی خۆیدا نەبوو . لەم جۆرە ڕۆژنامەنووسییەدا، نووسەر خاوەنی مافێکی مەعنەویی دیاریکراو نەبوو، بەرهەمەکەی بە گەرووی ئاشی حیزبدا دەچوو و دەبووە ماڵی حیزب. خوێنەریش هیچ کات نەیدەتوانی نووسەر بناسێت. لەوانە بوو خوێنەران بە یارمەتیی شێوازی نووسینەکان، جیاوازیی لە نێوان نووسەرەکاندا بکەن، بەڵام هەر نەیاندەزانی خاوەنی نووسینەکان، چ کەسانێکن. ئەگەر کەسانێک لە نووسەرانی ئەو سەردەم بە دوای نووسینی خۆیاندا بگەڕێن، یان یەکێکی دیکە بیهەوێ نووسینەکانی کەسێکی دیاریکراو لە ئەندامانی دەستەی نووسەرانی ئەو کاتی "کوردستان"، بناسێتەوە و کۆیان بکاتەوە، پێموانییە دەسکەوتێکی زۆریان هەبێت.

**ئەو سەردەمەی "کوردستان" لەگەڵ بیر و ڕای جیاواز و ڕەخنە نامۆ بوو!**

٣

١١ی جانێوێری ٢٠٢٦

**دەرچوونی ڕۆژنامەی "کوردستان"**

## وێنەی کەسەکان لە ناوەکانیشیان ونتر بوو!

شتێکی سروشتی و چاوەڕوانکراوە لە کولتوورێکدا کە ناوهێنانی بەڕێوەبەران و بەرپرسانی حیزبی لە ڕۆژنامەی ئۆرگاندا جایز نەبێت، بڵاوکردنەوەی وێنەشیان مانای نابێت. هەر بە شێوەیەکی گشتی لە سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە هەتا سەرەتاکانی حەفتای هەتاوییەوە، هەموو جۆرە وێنەیەک- نەک تەنیا وێنەی کەسایەتییە حیزبییەکان- لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بە کەمی بڵاو دەبووەوە. ناکرێت تەنیا کولتووری حیزبی وەک هۆ و سەرچاوەی ئەم ڕاستییە بناسێنم. لانی کەم دوو هۆکاری دیکەش هەبوون: یەکەم، ئیمکاناتی تەکنیکیی چاپی ڕۆژنامەی "کوردستان" لەبەشی زۆری ئەم ماوەیەدا، زۆر سادە و سەرەتایی بوون و بۆ بڵاوکردنەوەی وێنە، گونجاو نەبوون. هۆی دووهەم، لایەنی ئەمنیەتیی ئەو پرسەیە. حیزبێک کە دژی ڕێژیمێکی خوێنرێژ و سەرکوتکەر خەبات دەکات، ئەگەر پێشی بڵاوبوونەوەی وێنە و زۆر ناسرانی بەرپرسان و تێکۆشەرانی خۆی بە گشتی بگرێت و ڕێوشوێنی تایبەتیش لەم بارەیەوە بگرێتە بەر، لەجێی خۆیدایە.

لەگەڵ هەر دووی ئەم هۆیانەشدا، ناکرێت لە کاریگەریی ڕوانین و تێگەیشتنی چەقبەستووانە لە هەڵسوکەوت لەگەڵ بەکارهێنانی وێنەدا کەم بکەینەوە، چونکە ئەوکاتانەش کە ئیمکاناتێکی باشتری چاپ و بڵاوبوونەوە هەبوو، وەک بەهار و هاوینی ١٣٥٨- ئەو کاتەی ڕۆژنامەی "کوردستان" لە شاری مەهاباد دەردەچوو- دیسان هەر هەوڵ دراوە کەمترین وێنەی کەسایەتییە زیندووەکانی حیزب، تەنانەت وێنەی سکرتێری گشتیی حیزبیش، بڵاو بێتەوە. لە بەرامبەردا بڵاوکردنەوەی وێنەی شەهیدەکان بە شتێکی ئاسایی دەزانرا. دەکرێ بیرکردنەوە و عەقڵیەتی ئەو سەردەمی بڕیاربەدەستان بەم جۆرە بخوێنینەوە: شەهیدەکان پیرۆزن چونکە لە پێناوی حیزب و نەتەوەکەیاندا مردوون، بەڵام ئەوانەی زیندوون و ئێستا لە خزمەت حیزب و نەتەوەکەیاندان، کێ دەڵێت هەتا سەرهەروا بە باشی دەمێننەوە؟ بۆچی بە ناوهێنان و وێنە بڵاوکردنەوەیان پیرۆز بکرێن؟!

## بڵاوکراوەی ئۆرگان و بیروڕای جیاواز و ڕەخنەگرتن لە حیزب؟!

"ئۆرگان"ی حیزب، یانی زمانحاڵ و بڵاوکەرەوەی بیری حیزب؛ ئەرکێکی دیاریکراوی هەیە کە بریتییە لە ناساندنی سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزب و داکۆکی لێکردنیان. هەر شتێک لە ڕۆژنامە یان بڵاوکراوەی ئۆرگانی حیزبێکدا بڵاو ببێتەوە، لەسەر ئەو حیزبە دەبێتە ماڵ و بە سیاسەت و هەڵوێستی ئەم حیزبە دەژمێردرێت. ئەم جۆرە تێگەیشتنە لە واتای ڕۆژنامەی ئۆرگان، بووە بە هۆی ئەوە نەک هەر بیروڕای جیاواز و، بە تایبەتی بابەتی ناتەبا لەگەڵ سیاسەت و هەڵوێستەکانی

حیـزب، ڕێگـای بڵاوبـوونەوە لە "کوردسـتان"یاندا نەبێـت، بەڵکـوو ئەگەر جارێـک لە جـارانیش، بەڕێـوەبەرانی ڕۆژنـامە، نووسینێکی لەم چەشنەیان لەدەست دەرچووە و بڵاو بـووەتەوە، لە ژمـارەی دواتـردا، ناچـار بـن- بـۆ ئەوەی لای خوێنەران و لایەنە سیاسییەکان، بەهەڵە تێگەیشتن ڕوو نەدات- ڕوونکردنەوە لەبارەی ئەم کەمتەرخەمییەی خۆیان بڵاو بکەنەوە.

هەر لە چوارچێوەی ئەم تێگەیشتنەدا، بابەتی تەنز و ڕەخنەگرانەش کە ڕووی ڕەخنەکە و ئامانجی تەنزەکە خودی حیزبەکە و ئۆرگـان و کەسـایەتییەکانی بـن، تەنـانەت لە چوارچێـوەیەکی تەسکیشـدا مەجـالی هەڵـدان و بەردەوامییـان پێـنەدراوە. پاساودانی ئەم ڕێگرییە بەم جۆرە بووە کە بڵاوکراوەی ئۆرگان نابێ نوێنگە و نیشـاندەری خـاڵە لاوازەکـانی حیزب بێت، لە حیـزبەکەی خـۆی لە هەڵـلا بـدات و بیـانوو بـداتە دەست دوژمنـان و نەیـارانی حیـزب. دوای کـۆنگرەی حەوتەم، لە چەنـد ژمارەیەکی "کوردستان"دا، هێندێک کورتە نووسینی ئەدەبیی ڕەخنەگرانە -کە نێوەرۆکەکەیان بۆ نموونە ڕەخنە لە بێ نەزمی و کەمتەرخەمی لەنێو پێشمەرگەدا بوو- بڵاو بوونەوە، بەڵام دواتر وشکاویان هـات. چەنـد سـاڵ دواتـر، نووسـەرەکەیان بـۆی باس کردین کە لە کۆبوونەوەی دەفتەری سیاسیدا، بەرپرسی کۆمیسیۆنی پێوەندیدار بە پێشمەرگە، نـاڕەزایەتیی لەم جـۆرە نووسینە دەربڕیوە و بۆ ئیعتیباری حیزب و هێزی پێشمەرگە بە زیانبـاری زانیـون، ئەویش ناچـار وازی لەم جـۆرە نووسینە و بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەدا هێناوە.

## فۆرم و نێوەرۆکی "کوردستان"، ملکەچی هەلومەرجی خەبات

ڕووداوە سیاسـییەکان و جێگـۆڕکێیە جۆگرافیاییەکـانی ڕێبەریـی حیزبـی دیمـوکرات، شـەقڵی خۆیـان لەسـەر فـۆرم و قەوارەی "کوردسـتان" بەجـێ هێشـتووە. هەرچـی "کوردسـتان" لە شـار و هەلـومەرجی ئاسـایی زیـادتر دوور کەوتـووەتەوە، فـۆرم و قەوارەکەی بچووکتر و کەلوپەلی چاپ و بڵاوکردنەوەی سادەتر بووە. بەم هۆیەوە کە مەبەستی سەرەکی، گەیاندنی شتە هەر پێویستەکان لە دۆخێکی دژواردا بووە، لە نێوەرۆکیشدا "کوردستان" چار نا چار زیاتر سیاسی بووە و کەمترفریـای شتی دیکە کەوتووە. ئەو بابەتـانەی بڵاوی کردوونەوە، بە زۆری بەیاننامە و پەیامەکانی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەنـدی، وتـاری پێوەندیـدار بە ڕووداو و ئـاڵوگۆڕە سیاسـییەکانی پێوەندیـدار بە ئێـران و کوردسـتان، کـورتە و هەڵبـژاردەی چـالاکی و قارەمانەتییەکانی پێشمەرگە و لەقاودانی تاوانەکانی ڕێژیمی ئێران دژی خەڵکی کوردستان بووە.

## فۆرمی بابەتەکانی ڕۆژنامە بە زۆری بەیاننامە، وتار و هەواڵ

و ڕاپۆرتە هەواڵ بوون. هێندێک جاریش پەیام و وتووێژی رادیۆیی سکرتێری گشتیی حیزب بۆ "کوردستان" گوێزراوەتەوە.

شێعر، نەک بە شێوەی هەمیشەیی، بەڵکوو بە ڕێکەوت و بەپێی هەبوونی جێگا و لاپەڕەی بەتاڵ، لە "کوردستان"دا ئاوڕی لێدراوەتەوە، ئەویش شێعری شاعیرانی ناسراو و جێکەوتوو نەک شێعری شاعیری تازە و کەم ناسراو. پەخشانی ئەدەب و کورتەچیرۆک یان بیرەوەریی ئەدەبییش- هەر کات لە دەستەی نووسەراندا، نووسەری ئەو بوارە هەبووبێت- لە ژمارەکانی ئەو کاتی "کوردستان"دا، بەرچاو دەکەون. لەسەر یەک شێعر و نووسینی ئەدەبی، بابەتێکی هەمیشەیی ڕۆژنامە نەبوون و لاپەڕەی تایبەتیان بۆ تەرخان نەکراوە. زمان و ڕاوێژی نووسین، فەرمی و جیددی بوون؛ نێوەرۆکی بابەتەکان پێوەندییەکی کەمیان بە نێوخۆی حیزب و ژیانی ڕۆژانەی تێکۆشەران و تاکەکانی نێو حیزب و بنەماڵەکانیانەوە هەبوو. زیاتر دەرەوەی حیزب، دەبووە سوژە و هەوێنی نووسین.

## بەرەژانی نوێبوونەوە لە"کوردستان"دا

٤

١٣ی جانێوێری ٢٠٢٦

## هەستکردن بە پێویستیی گۆڕان و بەرەژانی نوێبوونەوە

دەیەی٩٠ی زایینی، (حەفتای هەتاوی) دەکرێت بە دەیەی بەرەژانی نوێبوونەوەی "کوردستان" ناو بەرین. لەم دەیەدا کۆمەڵێک هۆکار دەستیان دابووە دەستی یەک بۆ ئەوەی ڕۆژنامەی "کوردستان"یش لەم چەقبەستووییە بێتە دەر و بەرەبەرە لەگەڵ گۆڕانەکانی سەردەم خۆی بگونجێنێت.

### ئەم هۆکارانە بریتی بوون لە:

١- ویستی نووسەران و هاوکارانی ڕۆژنامەکە. زۆربەی ئەو کەسانەی دەستەی نووسەران و هاوکارانی ڕۆژنامەی "کوردستان"یان پێکدێنا، بۆ خۆیان خوێنەرێکی باشی چاپەمەنی بە زمانەکانی کوردی و فارسی بوون. ئێمە، چاپەنیی حیزب و ڕێکخراوە کوردستانی و ئێرانییەکانیشمان دەدیت و دەخوێندەوە. بەشێک لەو بڵاوکراوانە لەگەڵ ئەوەی هی ڕێکخراوە چەپ و کۆمونیستییەکانیش بوون، بەڵام بابەتەکانیان بە ناوی نووسەرەکانیان بڵاو دەکردەوە و تەنانەت ڕێگایان بە بڵاوبوونەوەی

بەشی سێهەم

ڕوانگەی جیاواز و دژ بە یەکتریش دەدا. خوێندنەوەی ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانە و ئاشنابوون لەگەڵ جیهانێکی فراوانتری نووسین و بڵاوکردنەوە، ئاسۆی ڕوانینی ئێمەی بۆ جۆری نووسین و باشتر کردنی ڕۆژنامەکەی خۆمان دەگۆڕی.

٢- جێگیربوون لە دەشتی کۆیە و دەستڕاگەیشتن بە کەرەستەی باشتری چاپ و بڵاوکردنەوە. هەر لە ساڵی یەکەمی نیشتەجێبوون لە دەشتی کۆیە ( هاوینی١٣٧٢ی هەتاوی/١٩٩٣ی زایینی)، دەفتەری سیاسی ڕەزامەندیی بۆ کڕینی چەند دەزگای کۆمپیوتێری ماکینتۆش بۆ کۆمیسیۆنی چاپەمەنی دەربڕی و لە ژمارە ٢٠٧ەوە (ڕەشەمەی ١٣٧٢، مارسی ١٩٩٤) "کوردستان" بە کۆمپیوتێر تایپ و مۆنتاژ کرا. ماوەیەک دواتر، ڕێبەریی حیزب دەزگایەکی ئۆفسێتی دەستی چەندەمیشی لە بەغدا کڕی و لە قەڵای دیموکرات دایمەزراند. ئەم کەرەستە نوێیانە دەستی بەشی تەکنیکیی ڕۆژنامەیەیان بۆ بەکارهێنانی وێنە و ڕەنگی جیاواز لە ڕۆژنامە و چاپەمەنییەکانی حیزبدا هەتا ڕادەیەکی باش ئاوەڵا دەکرد و بوونە هۆی ئەوە ڕوخساری "کوردستان" بە شێوەیەکی هەستپێکراو(بە بەراورد لەگەڵ ڕابردوو) بگۆڕێت.

٣- بەرەوژوورچوونی چاوەڕوانیی خوێنەرانی "کوردستان" لە ڕۆژنامەکەیان لە باری نێوەرۆکەوە. خوێنەرانی "کوردستان" بە زۆری کادرەکان، پێشمەرگەکان، ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە کوردستان و دەرەوەی وڵات، یان دۆستانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە شارەکانی هەرێمی کوردستان بوون. ئەوان بە دیتنی ئەو هەمووە چاپەمەنییە کوردی و فارسییە و ئەو جۆراوجۆرییەی لە باری فۆرم و نێوەرۆکەوە هەیانبوو، چاوەڕوان بوون "کوردستان"یش گۆڕانی بەسەردا بێت و ئەگەر نەشتوانێت پێشبڕکێیان لەگەڵ بکات، لانی کەم هێندێک نوێ ببێتەوە.

٤- لە نێوخۆی ئێرانیش بە دوای گەشەی بزووتنەوەی ڕیفۆرمخوازی، چاپەمەنییەکانی ئێران لە رووی گوتار و نێوەرۆکی ڕەخنەگرانە و ڕۆشنگەرانە، هەروەها لە باری جۆراوجۆرییەوە، گەشە و گۆڕانێکی زۆریان بەسەردا هاتبوو. بزووتنەوەی فەرهەنگی لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خەریکی خۆگرتن و پەلهاویشتن بوو. خوێندکارانی کورد لە زانکۆکانی ئێران قۆڵیان لە بەرێخستنی بڵاوکراوە خوێندکارییەکانی خۆیان هەڵماڵیبوو. وێڕای ئەمانەش نەوەیەکی نوێی پەروەردەبوو لەم کەشوهەوا سیاسی و فەرهەنگییە تا ڕادەیەک نوێیەی ئێران و کوردستاندا ڕوویان کردبووە ڕیزە ئاشکراکانی حیزب، ژمارەیەک لەوانیش لە ڕاگەیەنەکانی حیزبدا ئەرکیان پێ سپێردرابوو. هەمووی ئەم ئاڵوگۆڕ و چاوەڕوانیانە، لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بووژانەوەیەکی فەرهەنگیی گشتگیر و لە ڕۆژنامەی "کوردستان"، پێکهێنانی گۆڕان لە فۆرم و نێوەرۆکیاندا دەویست.

٥-پەیدابوونی ئەنترنێت لە شارە گەورەکانی هەرێمی کوردستان لە ساڵانی کۆتایی ئەم دەیەدا. ئەم دەسکەوت و پێشکەوتنە لە بواری پێوەندییەکاندا، بەرەبەرە دەرەتانی بۆ ڕۆژنامەی "کوردستان" پێکهێنا کە هەم وەک سەرچاوەیەک بۆ وێنە و هەواڵ و بابەتی بە سوود، هەم بۆ زووتر گەیشتنی نوسخەی "کوردستان" بە دەرەوەی وڵات، سوودی لێوەربگرێت.

## هەنگاوەکان و نموونەکانی نوێبوونەوەی "کوردستان" لە قۆناغی گۆڕاندا

٥

١٣ی جانێوێری ٢٠٢٦

دیاریکردنی ساڵ یان مانگ و ڕۆژێکی دیاریکراو بۆ دەسپێکی قۆناغی گۆڕان و نوێبوونەوەی "کوردستان"، هاسان نییە، بەڵام دەکرێ کۆمەڵێک هەنگاو و ئاڵوگۆڕ لە دەیەی حەفتای هەتاوی(٩٠ی زایینی) و ساڵانی یەکەمی سەدەی بیست و یەکدا ئاماژە پێ بکەین کە ملدان بۆ گۆڕان و نوێبوونەوەی "کوردستان" دەسەلمێنن:

- ئاوڕدانەوە لە تێکۆشەرانی دێرینی حیزب و وەرگرتنی لێدوان لەوان لە بۆنەکانی وەک پەنجا ساڵەی دامەزرانی حیزب، یادی پێکهاتنی کۆماری کوردستان و...هتد و بڵاوکردنەوەی وێنەیان.
- لە بۆنەی وەک بیرەوەریی دەرچوونی یەکەم ژمارەی "کوردستان" (هەم لە سەردەمی کۆماری کوردستان و هەم لەم دەورەیەی هەتا ئێستاش بەردەوامە)، بە ڕێزەوە ئاوڕ لە نووسەران و هاوکارانی پێشووی ئەم ڕۆژنامەیە درایەوە. ئەوانەی لە ژیاندا مابوون، داوای نووسینیان لێکرا و لێدوانیان لێوەرگیرا یان وتووێژیان لەگەڵ کرا.
- نەک هەر وێنەی ئەو کەسایەتییانەی لە ڕۆژنامەدا بە ئەرێنی باسیان دەکرا، بەڵکوو وێنەی ئەو کەسانەش کە دەکەوتنە خانەی دوژمن و نەیاری حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی کوردستان، لەگەڵ بابەتی پێوەندیداردا بڵاو(بۆ نموونە وێنەی دەسەڵاتداران و کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی) دەکرایەوە.
- ڕەزامەندی نیشاندانی دەفتەری سیاسیی حیزب لەگەڵ بڵاو بوونەوەی ناوی ئەسلی یان خوازراوی نووسەری بابەت لە ڕۆژنامەدا.
- لاپەڕەکانی تایبەت بە ئەدەب و هونەر بە شێوەیەکی هەمیشەیی لە "کوردستان" زیاد کران و بابەتگەلی ئەدەبی و

هونەری بوون بە بەشێکی هەمیشەیی لە نێوەرۆکی ئەم ڕۆژنامەیە.

- "کوردستان" لە بڵاوکراوەیەکی مانگانەوە کرا بە دوو ژمارە لەهەر مانگێکدا، بۆ ماوەیەکیش سێ ژمارەی لەمانگێکدا بڵاو دەکرایەوە.

- لە توێی بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی تێکۆشان لە دەرەوەی وڵات، ناوهێنانی نوێنەران و بەرپرسانی بەشی پێوەندییەکان،بەرە بەرە بووە بە شتێکی ئاسایی. بۆ یەکەم جار "کوردستان" بڵاوکردنەوەی وتوویژ لەگەڵ بەرپرسان و نوێنەرانی حیزب لە دەرەوەی وڵاتی بەخۆوە دیت.

- بزووتنەوەی فەرهەنگی لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوەیەکی بەردەوام گرنگیی پێدرا. کەسایەتییە ئەدەبی و هونەرییەکانی نێوخۆی وڵات و چالاکییە فەرهەنگییەکان ئاوڕیان لێدرایەوە. "کوردستان" ناساندنی گۆڤار و بڵاوکراوە فەرهەنگییەکان و کتێبی تازە چاپکراو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی کرد بە ڕەوالێک.

- دوای وەسەریەککەوتنەوەی بنەماڵەی گەورەی حیزبی دیموکرات لە بەفرانباری ١٣٧٥، نووسەران و کادری فەننیی "کوردستان" ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی "ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێر" تێکەڵ بە نووسەران و هاوکارانی ڕۆژنامەی "کوردستان" ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوون. بە پێی زۆربوونی قەڵەمەکان و جۆراوجۆریی بەهرە و سەلیقەکان و هاوکات سەرهەڵدانی پرسە نوێیەکانی کوردستان و ناوچە، بوارەکانی نووسین و وەرگێڕان لە "کوردستان"دا فرەیی و دەوڵەمەندییان بە خۆیانەوە دیت.

- وەرگێڕان لە زمانی ئینگلیزییەوە، بە تایبەتی بە هەوڵ و زەحمەتی نەمر مامۆستا فەتاح کاویان بایەخی پێدرا و کەم ژمارەی "کوردستان" هەبوو، دەقێکی وەرگێڕدراو لە زمانی ئینگلیزیی تێدا نەبێت.

لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی "کوردستان" لە سەرماوەزی ١٣٨٠(ژمارە ٣٣١) - گەورە کرایەوە و وێنەی ڕەنگی لە لاپەڕی یەکەم و دوالاپەڕەداگرنگیی پێدرا؛ هەروەها ستوون و گۆشەی تایبەت و جێگیر لە ڕۆژنامەدا برەویان پێدرا.

- نووسین و سوژەکانی ڕۆژنامە ئاوڕیان لە ژیانی ڕۆژانەی تێکۆشەرانی حیزب و بنەماڵەکانیان و خۆزگە و ئازارەکانیان دایەوە. سەرکەوتنی لاوان و منداڵانی ئەو بنەماڵانە لە بوارەکانی خوێندن و وەرزش و...هتد لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا ڕەنگیان دایەوە، هەروەها تیشک خرایە سەر تێکۆشان و چالاکیی دامەزراوە فەرهەنگی و سینفییەکانی حیزب.

- لە جۆزەردانی ١٣٨١(ژوئەنی ٢٠٠٢) پاشکۆی "دنیای منداڵان" لەدایک بوو و لەو کات بە دواوە بە شێوەی مانگانە بڵاوکرایەوە .



سەرچاوە
Serchawe

- کۆمیسیۆنی چاپەمەنی و دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی "کوردستان"، بە شێوەی جۆراوجۆر بوون بە پشتیوان و هاوکاری ئۆرگان و بەشە پێوەندیدارەکان بۆ بەڕێخستنی بووژانەوەی فەرهەنگی لەنێو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا، وەک بەڕێخستنی پێشبڕکییەکانی ڕۆژنامەنووسیی دیواری، پێشانگەی وێنە و چاپەمەنی، پێکهاتنی فستیڤاڵە هونەری و ئەدەبییەکان، پێشبڕکێی زانیاری، سەرلەنوێ بڵاوبوونەوەی گۆڤاری "لاوان"، لەدایکبوونی گۆڤاری 'ژنان" و...هتد.

- ڕۆژنامەی "ئاگری"، بە زاری کورمانجیی ژووروو و بە ئەلفوبێی لاتین، لە یەکی نوامبری ٢٠٠٣ی زایینی (سەرماوەزی ١٣٨٢ی هەتاوی) لە داوێنی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا، لە دایک بوو. ئەمە یەکەم جار بوو نووسین و بڵاوکردنەوە بە زاری کرمانجیی ژووروو دەهاتە نێو کارنامەی چاپەمەنیی حیزب.

## هەڵوێستی ڕێبەریی حیزب هەمبەر گۆڕان و نوێبوونەوە لە "کوردستان"دا

٦

دەکرێ بڵێم زۆربەی ئەو ئاڵوگۆڕانە لە خوارەوە ڕا، واتە لە لایەن ڕاگەیاندنکارانی حیزب بە تایبەت نووسەران و هاوکارانی ڕۆژنامەی "کوردستان"ەوە، ڕووبەڕووی ڕێبەریی حیزبی دیموکرات کرانەوە. دەفتەری سیاسیی حیزب بۆخۆی بۆ زۆربەیان دەستپێشخەر نەبوو، بەڵام لە درێژەی پێداگرییەکان و دوای چەند جار کۆبوونەوەی بیروڕاگۆڕینەوە، ڕەزامەندیی لەگەڵ هێندێکیان دەردەبڕی و بە دابینکردنی پێویستییەکانیان، پشتیوانیی لێدەکردن.

ئەوەی بەداخەوە هەتا لەتبوونی حیزبی دیموکرات هەر جێبەجێ نەبوو، ڕێگاپێدانی بڵاوبوونەوەی بیروڕای جیاواز(جیاواز لە سیاسەتی ڕەسمیی حیزب) لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بوو. دوای لەتبوون "کوردستان"ی ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بڕیاری دا لاپەڕی تایبەت بۆ بیروڕای جیاوازی سیاسی تەرخان بکا . بە شێوەیەکی گشتی و هەمیشەییش بواری بۆ بڵاوبوونەوەی بابەتی ڕەخنەگرانە لەم ڕۆژنامەیەدا خوڵقاند. هێندێک جاریش بۆ ئەوەی لای خوێنەر بە هەڵە تێگەیشتن ڕوو نەدات و سیاسەت و هەڵوێستی حیزب لە بۆچوونی شەخسی و تایبەتی کەسەکان جیا بکەنەوە، لەگەڵ ئەم نووسینانەدا وەبیری دەهێنایەوە کە وەک ڕێزگرتن لە بیروڕای جیاواز ئەم جۆرە نووسینە بڵاو دەکرێتەوە و مەرج نییە "کوردستان" لەگەڵ بۆچوونەکانیان هاوڕا بێت.

## دوا وتە:

پرۆسەی گۆڕان و نوێبوونەوە لە "کوردستان"دا، بە خۆشییەوە لە دوای ئەو ساڵانەش، نەوەستاوە و هەر درێژەی هەبووە. ئەوە کە ئەمڕۆ ئەم ڕۆژنامەیە هەروا بەردەوامە و بە شانازییەوە یادی هەشتا ساڵەی بڵاوبوونەوەی یەکەم ژمارەی خۆی دەکاتەوە، بەرهەمی خۆگونجاندنی لەگەڵ هەلومەرجە نوێیەکان و گۆڕان و نوێبوونەوەی بەردەوام بە پاراستن و دەوڵەمەندکردنی ئەرک و بنەما و ئامانجە ڕەسەن و بەرزەکانیەتی.

لە یادی ٨٠ ساڵەی بڵاوبوونەوەی یەکەم ژمارەی "کوردستان"ی زمانحاڵی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا، لە ئاست دامەزرێنەران و پێشەنگانی ئەم ڕۆژنامەیە، هەروەها لە ئاست هەموو ئەو مرۆڤە تێکۆشەر و نیشتمانپەروەرانەی لە ماوەی ئەم هەشت دەیەدا، ئەرک و بەرپرسایەتییان لەم ڕۆژنامەیەدا لەسەر شان بووە و خزمەتیان کردووە، بە تایبەتی ئەوانە وا کە شەهید بوون، یان مەرگی ئاسایی لە ئێمەی ستاندوون، سەری ڕێز دادەنوێنم.

**"کوردستان" هەر بەردەوام و مەشخەڵە ڕووناکیدەرەکەی هەروا گەشاوە بێت.**

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ١٨ی جانێوێری ٢٠٢٦

## پوختەی سیناریۆی کوشتارە چەند هەزار کەسییەکەی ڕۆژانی ڕابردوو

### ئاماژە:

بە بڵاوبوونەوەی بەرە بەرەی پەیامە دەنگییەکان، کورتە ڤیدیۆکان، زانیاریی جۆراوجۆر کە لە خەڵکی نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانەوە دەگەن، هەروەها بە یارمەتیی لێدوان و دژکردەوەی کاربەدەستانی ڕێژیم و بەرنامە و بابەتی تەلەڤزیۆن و ڕاگەیەنەکانیان لە دوو سێ ڕۆژی ڕابردوودا، خەریکە هەیکەل و چۆنێتیی سیناریۆی ئەو کوشتارە بە کۆمەڵەی لە شەوی پێنج شەمە لەسەر هەینی، ڕۆژی هەینیی ڕابردوو و شەو و ڕۆژێک دواتردا لە خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران کراوە، هەتا ڕادەیەک دەردەکەوێ.

### قۆناغی یەکەمی سیناریۆکە:

سیناریۆی کوشتاری ئەو خەڵکە بە داخستنی ئەنترنێت و تەیارکردن و جێگیرکردنی هێزە سەرکوتکەرەکانی سەر بە ڕێژیم، لە مزگەوتەکان، بنکەکانی بەسیج ماڵ و کۆڵان و شوێنەکانی نزیک بە بنکە و ناوەندە حکوومەتییەکان دەستی پێکردووە.
ئەو هێزانە فەرمانیان پێدراوە و دەستیان ئاوەڵا کراوە بۆ کوشتاری بێ پەروایانەی خۆپێشاندەران و خەڵکی ڕاپەڕیوی دەستبەتاڵ.

هاوکات بۆ دنەدانی لایەنگرانی ڕێژیم و هێنانیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی خەڵکی ڕاپەڕیو ، هەوەها بۆ فریوان و بەهەڵە بردنی دنیای دەرەوە، بەکرێگیراوانی خۆیان لە ڕواڵەتی خۆپێشاندەراندا بۆ ئەنجامدانی کردەوەی وەک مزگەوت سووتاندن، لەنێوبردنی کەلوپەلی گشتی، سووتاندن و فڕێدانی قورئان و...ڕاسپاردووە، بۆ ئەوەی لە لایەک خۆپێشاندەران وەک تاوانبار پیشان بدەن، لەلایەکی دیکە بیانوویان بۆ زۆرترین کوشتار دابین کردبێت.

بەم جۆرە لە هەر شارێک، کە خەڵکی ڕاپەڕیو نەکشاوەتەوە و لەسەر خۆپێشاندان بەردەوام بووە، بێ بەزەییانە و بێ پەروایانە، بە ئامانجی نەجاتدانی ڕێژیمەکەیان لە ڕووخان، لێیان کوشتوون.

وادیارە خەڵکی ڕاپەڕیوی دەست بەتاڵ لە ژمارەیەک لە شارەکان، هەم ژمارەیان یەکجار زۆر بووە، هەم لەسەر خۆپێشاندان و مانەوە لە شەقام بە توندی پێداگر بوون، ئەمەش وای کردووەژمارەی کوژراو و بریندار یەکجار زۆر بێت.

## قۆناغی دووهەمی سیناریۆکە:

دوای ئەو کوشتارە بێ وێنەیە، قوناغی دووهەمی سیناریۆکە بەڕێوە چووە. کە بریتی بووە لە کۆ کردنەوەی تەرمی کوژراوەکان لە ساردخانەکان، مزگەوتەکان ئەویش بەوناوە کە ئەمانە خەڵکی ئاسایی و بێگوناحن کە بە دەست "تێرۆریستە چەکدار ۆ "اغتشاشگر"ەکانی سەر بە ترامپ و ئیسڕائیل کوژراون.

خۆپێشاندەرانی برینداریشیان کۆ کردووەتەوە و تەنانەت لە نەخۆشخانەکانیش دەریان هێناون، ئەوانیشیان کوشتووە، کوشتنی ئەوانیشیان بە ئەستۆی "تێرۆریستەکان"دا هێناوە، تا لە لایەک کەس لەوان زیندوو نەمێنێت کە دواتر شایەدی لەسەر کوشتارەکە بدات، لەلایەکی دیکە ئەوەندەی دیکە "تێرۆریستە بەکرێگیراو و ئاژاوەچییەکان" بەدناو و دڕندە بە دنیا بناسێنن.

## قۆناغی سێهەمی سیناریۆکە:

لە قۆناغی سێهم یان کۆتاییدا کۆگا کۆگا تەرمی کوژراوەکان خستووەتە بەردەستی کەسوکاریان. نیگەرانی ئەوەش نین بکەونە بەرچاوێ ڕاگەیەنەکانی جیهان. چونکە بە گوێرەی ئەم سیناریۆیە، ئەو هەزاران یان دەیان هەزار کەسە، خەڵکی بێتاوان و ئاسایی وتەنانەت سەر بە نیزامن کە بەهۆی "اغتشاشگران" و تێرۆریستانی بەکرێگیراوی ترامپ و ئیسڕائیل کوژراون. ئەو خەڵکەش کە دەزانن ڕاستیی مەسەلەکە چۆنە، بە دیتنی تەرمی ئەو هەزاران لاو و مێرمنداڵە کە بە دەستی ڕێژیم کوژراون، تەمبێ و عیبرەت گرتوو دەبن و جارێکی دیکەبیر لە خۆپێشاندان و ڕاپەڕین و ڕووخاندنی ڕێژیم ناکەنەوە. ئەوە کە ڕێژیم هەروا لەسەر پچڕاندنی ئەنترنێت بەرودەوامە؛ ئەوە کە سێ ڕۆژ ماتەمینی گشتیی بە ڕواڵەت بۆ ئەو هەمووە کوژراوەی دەستی "اغتشاشگران" ڕاگەیاندووە؛ ئەوە کە عەباس عێراقچی، سەفیرانی ئورووپایی لە تارانی بانگ کردبوو تا ڤیدیۆی بە پێی ئەم سیناریۆیە ئامادەکراوەیان پێشان بدا؛ ئەوە کە بەڕێوەبەرانی ڕێژیم، لایەنگرانی نیزامیان لە ڕۆژانی ماتەمینیی گشتیدا هێنایە شەقام تا وەرەی خۆیان و هێزە سەرکوتکەرەکانی خۆیان کەمێک پێ بەرز بکەنەوە و... هتد، هەمووی بۆ جێخستنی ڕیوایەتێکە کە بۆ پاساودانی ئەم کوشتارە بێ وێنەیەی خەڵکی ئێران، دەیانەوێ دنیای دەرەوەی پێ فریوبدەن و لێکەوتە دەرەکییەکانی ئەم کوشتارە، ئەوەندە توند نەبێت کە ڕووخانیان خێراتر بکات.

**بەشی سێهەم**

(*) ئەمەی نووسیومە بەرداشتی منە لە ڕووداوەکانی ئەم چەند ڕۆژە. سپاستان دەکەم ئەگەر ئێوەش لە ڕوونکردنەوەی ڕاستییە پێوەندیدارەکاندا یارمەتیدەرم بن.

١٣ی جانێوێری ٢٠٢٦

## خۆشینامەیەک! (*)

هەر شەڕێکی گەورە بە تایبەتی شەڕی نێوان دەوڵەتان، زیانی گیانی و ماڵی بە خەڵکی بێ تاوان دەگەیەنێت و تووشی سەختی و کێشە و نەهامەتیی جۆراوجۆریان دەکات. بێگومان ئەم شەڕەی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ ڕێژیمی ئێرانیش-هەرچەند شەڕی ئەوان لەگەڵ خەڵکی ئێران نییە- هەروایە. ئەمەش ڕاستە کە لەم شەڕەدا زیان بە کۆمەڵێک ژێرخانی ئابووری و دامەزراوەی جیاواز گەیشتووە و دەگات کە بە سامانی خەڵکی ئێران دروست کراون، وێرانبوونیان کاریگەریی ڕووخێنەری لەسەر ئەو ژیانە بە تەواوی نالەبارەی ئێستای خەڵک هەیە و دەبێت. لەداهاتووشدا هەر دەبێت بە سامانی خەڵکی ئەو وڵاتە، دروست بکرێنەوە. بەڵام ئەمانە نابێت چەند ڕاستییەکی تریشمان لەبەرچاو ون بکەن.

**هەر بە نموونە:**

١- ئیسرائیل و ئەمریکا لە ماوەی ٢١ ڕۆژ بۆمبارانی"آخرالزمانی"ی بنکە و پێگەکانی ڕێژیمی ئێراندا، هەر بەپێی ئامارەکانی ڕێژیمی ئێران کە دڵنیام موبالەغەی تێدایە، سێ هەزار و چەند سەد کەسیان کوشتووە، لەم ئامارەش بەشی هەرە زۆری کوژراوەکان، کاربەدەستە تێرۆریست و هێزە سەرکوتکەرەکان و چەکدارە مرۆڤکوژەکانی ئەو ڕێژیمەن، بەڵام ڕێژیمی ئێران لە دوو شەو و ڕۆژی ١٨ و ١٩ی بەفرانباری ڕابردوودا، سی تا چل هەزار کەس لە لاوان و مێرمندالانی وەزاڵەهاتوو لە برسێتی و نەبوونی و سەرکوتی، کوشت.

بەراوردێکی دوو دەوڵەتی بێگانەی هێرشکەری غەیرە دین و غەیرە زمان و غەیرە کولتوور، لە گەڵ دەوڵەت و ڕێژیمێکی بە ناو ئیسلامی و ئێرانیی بە ڕواڵەت هی خەڵک و وڵاتی ئێران بکەن. بەرامبەر خەڵکی ئێران کامیان داگیرکەرانە و دوژمنانە و دڕندانە جووڵاوەتەوە؟!

٢- ئەو سەرە زلانەی ئەمریکا و ئیسرائیل کوشتوویانن و دەیانکوژن، کێن؟ ئەگەر کەسێکی شەریف لەنێو ئەمانەدایە،

**ئێوە پێم بڵێن:**

- ئەوانەی فرۆکەی ئۆکراینیی پڕ لە خەڵکی بێ تاوانیان هەر بۆ خۆشی و بۆ ئەوەی ئەمریکای پێ تاوانبار بکەن، بە



سەرچاوە Serchawe

مووشەک بەر دایەوە و تەنانەت هاوخەمییەکیشیان لەگەڵ بنەماڵەکانیان نەنواند؛

- ئەوانەی قەڵای دیموکرات لە کۆیە و کەمپی بنەماڵە ئاوارەکانی ڕۆژهەڵاتیان لە هەریمی کوردستان، و تەنانەت شاری هەولێریشیان دایە بەر هاژەک و درۆن.. و هەتا ئێستاش لەم هێرشانە بەردەوامن؛

- ئەوانەی هەرێمی کوردستانیان سەبارەت بە ئەنجامدانی ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی، تەمبێ و تەحقیر کرد. ڕێکخستنی هێرشی حەشدی شەعبی و بەناو سوپای عێراق بۆ داگیرکردنەوەی کەرکووک و ناوچە کوردییەکان بە فەرماندەیی حاجی قاسم و هادی ئامریتان لەبیرە؟! ئەدی پێشوازیی شەمعخانی لە وەفدی هەرێم دوای ڕێفراندۆم چی؟ لەبیرتان ماوە؟!
- ئەوانەی نەخشەی تێرۆری د.قاسملوو و د.شەرەفکەندی و دەیان سەرکردەی کوردی ڕۆژهەڵات و کەسایەتییە ئازادیخوازەکانی ئێرانیان لە دەرەوەی وڵات داڕشت و بەڕێوە برد؛

- ئەوانەی حوکمی ئێعدامی هەزاران ڕۆڵەی کورد و بەلووچ و عەرەبیان ئێمزا و جێبەجێ کردووە؛

-ئەوانەی لە خۆپێشاندانەکانی ساڵانی ڕابردووی ئێران، شەقامەکانیان بە خوێنی لاوەکان سوور کرد؛

لە ڕاپەڕینی ژن ژیان ئازادی، ئەو هەمووە ژن و لاو و مێرمنداڵەیان لە کوردستان و بەشەکانی دیکەی ئێران کوشت، تەنیا بە تاوانی داوای ئازادی!؛

- ئەوانەی هەموو ناوچە سنوورییەکانی کوردستان و بەلووچستانیان بە خوێنی کۆڵبەری کورد، و کۆڵهەڵگری بەلووچ، ڕەنگین کردووە؛
- ئەوانەی لە گرتووخانەکانیان دەستدرێژی بۆ سەر کچان و کوڕانی خۆپێشاندەریان کردووە بە نەریتێکی ئاسایی و، پاساوی شەرعیی بۆ دێننەوە!!

من خۆڕانان و هەڕەشەکانی باقری و حاجیزادە و پاکپوورم دوای هاژەکبارانی کەمپەکانمان و شەهیدکردنی دەیان هاوڕێی خۆم لە بیرە.

بەشی سێهەم

گەشت و گەڕانی لووتبەرزانەی لاریجانی و سەحراڕوودیی بکوژی د.قاسملوو لە هەرێمی کوردستان و سووکایەتییەکانیان بە غرووری نەتەوەیی نەبووی پێشوازیکەرانیانم چاک لەبیرە و هەمیشەش لەبیرم دەمێنێ.
من هەڕەشەکانی "محسنی اژه ای" لە بەندییە سیاسییەکان و حوکمدانە بە پەلەکانی بۆ ئێعدامی قارەمانانی زۆرەوانی، یان کوشتنی لاوە بێ کەسو کارەکەی سەردەمی ڕاپەڕینی ژن، ژیان ئازادیم لەبیرە.
چۆن هەڕەشەکانی ئەحمەد ڕەزا ڕادانم لە لاوان و مێرمندالانی دەستبەتالی دڵ پڕ لە هاوار و داوای سەرەتاییترین مافی ئینسانیم لەبیر دەچێت؟

چۆن لەبیرم دەچێتەوە کە لە ١٩ی بەفرانبار ئەو ڕادانە خوێنڕێژە ، بۆخۆی چووەتە پست دۆشکا ، بە گوتەی سەرچاوەیەکی نێوخۆیان چەند دەقیقە دەستی لەسەر ماشە لانەبردووە و پڕ بە شەقامیک تەرمی لاوانی ئێرانی وەک گەڵای داران خستووەتە سەر عەرز، بۆ ئەوەی فەرماندەانی بەرئەمری سامیان بشکێ و دەستیان نەلەرزێ و لە کوشتنی خەڵک، دوودڵ نەبن!!
من قامک ڕاوەشاندنەکانی خامەنەیی لە خەڵکی ئێران و "باید سر جای خودشان نشاند"و"به درک واصل شدند"ەکانیم لەبیرە و هیچ کاتیش لە بیرم ناچێتەوە.
بۆیە بە کوژرانی ئەو گیانلەبەرە دڕندە لە مرۆڤایەتی و ئەخلاق داماڵراوانە، بۆ نەمانی هەر یەک لەو ماکە و مایە و سەرچاوانەی کوشتار ، تاوان، تێرۆر، ئەشکەنجە و ئێعدام، گەندەڵی، تالان و ڕۆژڕەشیی خەڵکی وڵاتەکەم، خۆشحاڵم و دەستخۆشی لە بکوژانیان دەکەم.

لە مێشکبۆگەنی، هیچ و پووچی، ڕیاکاری و گەمژەیی هەر کەسێک و هەر لایەنێک کە بۆ کوژران و نەمانی ئەو میکرۆبانە، بەداخ و بە پەرۆشە، بێزم هەڵدەستێ. هەر کەس ئێرانیبوون، مرۆڤدۆستی، ئیسلامەتی، چەپبوون، دژە ئیمپریالیست بوون و هەر ناوێکی دیکە بکاتە بیانوو بۆ دژایەتی لەگەڵ کوژرانی ئەم دڕندە بەدکار و بەدناوانەی ڕێژیمی ئێران، بە شیاوی ڕیسواکردنی دەزانم.

(*) ببوورن ئەگەر وێنەیەکم دەست نەکەوتووە کە هەموو کوژراوە بەدناوەکانی ئەم ڕێژیمە لە شەڕ لەگەڵ ئیسرائیل و ئەمریکایدا تێدا جێ بێتەوە.

٢١ی جانێوێری ٢٠٢٦



سەرچاوە
Serchawe

## لۆمەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان مەکەن!

برادەرێکی خۆشەویستم لەهەرێمی کوردستان کە خۆی مامۆستای زانکۆ و هەر لەو کاتەدا یەک لە چالاکە مەدەنییە مرۆڤدۆست، نەتەوەیی و بەهەڵوێستەکانی هەرێمی کوردستانە، چەند خولەک دیالۆگێکی نێوان خۆی و بنەماڵەکەی بۆ ناردووم. بە گوێرەی قسەکانیان، خانمەکەی و کوڕ و کچە گەنجەکەی ئەم مامۆستایە ڕەخنەیان لە بێ هەڵوێستیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئاست ڕۆژاوای کوردستان هەیە. مامۆستای برادەرم هەوڵ دەدات کە دۆخی تایبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان کە بووە بە هۆی نەبوونی هەڵوێست و چالاکیی خەڵکەکەی بۆ ڕوون بکاتەوە، بەڵام دیارە مامۆستا بۆ خۆشی زانیاریی زۆری لەسەر بارودۆخی ئێستا و ئەم چەند حەوتووەی ڕابردووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران نییە. ناچار بووم بۆ ئەو بنەماڵە بەڕێزە چەند شت ڕوون بکەمەوە. بەم هۆیەوە کە لەوانەیە لە هەرێمی کوردستان، زۆر کەس و بنەماڵەی دیکەش هەر بەم جۆرەی بنەماڵەی مامۆستای برادەرم لەسەر خەڵک ڕۆژهەڵاتی کوردستان بیر بکەنەوە، بە پێویستی دەزانم لێرەوە هێندێک ڕاستی باس بکەم.

**جا ئەو کات دەردەکەوێ کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەک هەر شیاوی لۆمە نین، مافی گلەییشیان هەیە:**

١- خەڵکی هەرێمی کوردستان ئەگەرنەشزانن لە حەوتووەکانی ڕابردوودا لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چ کارەساتێکی گەورە و بێ وێنە ڕووی داوە، جێگای گلەیی نین؛ چونکە ڕاگەیەنەکانیان، ئاراستەکەرانی سۆشیال میدیایان، حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانیان و تەنانەت ڕێکخراوە مەدەنییەکانیشیان، بە ئەنقەست خۆیان لە باسکردنی ڕووداوەکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێدەنگ کردووە. ئەم خۆ بێدەنگکردنە بە ڕێکەوت و لە خۆڕا نییە، من لەنێو هۆکارەکانی ئەم بایکۆت و بێدەنگییە -لەبەر هێندێک تێبینی- تەنیا ئاماژە بە یەکێکیان دەکەم ئەویش ترس لە ڕێژیمی ئێرانە. گرنگیدانی ئەمجارەی هێندێک لایەن و ڕاگەیەنەکانیان بە ڕووداوەکانی ڕۆژاوای کوردستانیش، هەتا ڕادەیەک دەگەڕێتەوە بۆ شاردنەوەی بێ هەڵوێستیان لە ئاست سەرکوتی خوێناویی ئەم دوایانەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

٢- شتێکی سروشتییە کە ڕووداوەکانی ئەو بەشانەی کوردستان کە دراوسێی یەکترن، کاریگەریان لەسەر یەک زیاترە. ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دراوسێ نین، بەم حاڵەش خەڵکی ڕۆژهەڵات هیچ کات لە ئاست ڕووداوەکانی سێ پارچەکەی دیکەی کوردستان بێ هەڵوێست نەبوون. خۆپێشاندانی خوێناوییان بە نارەزایەتی لە ڕفێندرانی ئوجەلان، هاتنە سەرشەقام و کۆبوونەوە جەماوەرییە گەورەکانیان لە کاتی ڕاگەیاندنی فیدراڵی لە عێراق و بەڕێوەچوونی ڕێفراندۆم، قەلاچۆی خەڵکی

بەشی سێهەم

شەنگال، گەمارۆدرانی کۆبانی و چەندین بۆنەی دیکە بەڵگەی دروستیی ئەم قسەیەن. ئەوەشتان لە بیر بێت، هاتنە سەرشەقام و چالاکی نواندن لە هەرێمی کوردستان بۆ پشتیوانی لە نەتەوەی کورد لە بەشەکانی دیکە، لەگەڵ ئەوەی جێگای ڕێزە و لە پێوەندی لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ئەوەندە زۆر و بەرچاویش نەبووە، شتێکی ڕێگە پێدراوە. بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەر کۆبوونەوەیەکی لەو چەشنە تێچووی هەیە، چونکە دەزگای سەرکوتی ڕێژیمەکە ڕێگای پێ نادا و دواتر ڕێکخەرانی ئەم جۆرە چالاکییانە تووشی گرتن و بەندیخانە دەبن.

٣- بە هۆی نەبوونی ئەنترنێت لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەی سێ حەوتووی ڕابردوودا، هەروەها بە هۆی بایکۆت دانانی ڕاگەیەنەکانی هەرێمی کوردستان لەسەر ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران، خەڵکی باشووری کوردستان ئاگادار نین کە دوو حەوتوو لەمەوبەر(لە ١٨ و بە تایبەتی ١٩ی بەفرانبار، ٩ی ژانویەی ٢٠٢٦) لە زیاتر لە سەد شاری ئێران کە خەڵکی ناڕازی بە دروشمی "مردن بۆ دیکتاتۆر" هاتبوونە سەر شەقامەکان، بێ وێنەترین کۆمەڵکوژی و کارەساتی مێژوو ڕووی داوە. لە ماوەی شەو و ڕۆژێکدا، ڕێژیمێک بە هۆی هێزە سەرکوتکەرەکانی و بەهێنانی چەند هەزار بەکرێگیراوی خۆی (سەر بە حەشدی شەعبی و "فاطمیون")، دەیان هەزار مرۆڤ لە خەڵکی وڵاتەکەی کە بە دەستی بەتاڵ هاتبوون دوای ئازادییان دەکرد، کۆمەڵکوژ کرد. بە سەدان هەزار کەسیان بریندار و نەقوستان کردووە. تەنانەت بەزەییان بە برینداره‌کانیشدا نەهاتووە و چوون لە نەخۆشخانەکان دەریان هێنان و کوشتوویانن.

لەبەر بێ ئەنترنێتیی خەڵکی ڕۆژهەڵات و ئەم بایکۆتەی ڕاگەیەنەکانی هەرێم، ئەو ڤیدیۆ و وێنانەشتان کە بەرە بەرە لە ئێرانەوە هاتوونەدەر نەدیتووە کە دەیسەلمێنن لە دەیان شاری ئێران، تەرمی کوژراوەکانیان لە کیسەی تایبەت و لە کۆگای چەند سەد کەسیدا، لەسەر یەکتر کەڵەکە کردوون. دایک و بابە جەرگبڕاو و پشت شکاوەکان لەنێو ئەو تەرمانەدا بۆ لاشەی بێگیانی کچ و کوڕی مێرمنداڵ و لاوەکانی خۆیان دەگەڕێن و...

٢٤ی جانێوێری ٢٠٢٦

# میراتی دیکتاتۆرێک

وا دێتە بەرچاو کە میراتگرانی خامنەیی، شاردنەوەی تەرمی ڕێبەری سیاسی- دینیی خۆیان بۆ کاتێک هەڵگرتووە کە بە خەیاڵی خاوی خۆیان لەم شەڕەدا سەر دەکەون. جارێ ڕوون نییە کە چارەنووسی ئەم ڕێژیمە بە هۆی شەڕێک کە خۆی هۆکاری هەڵگیرسانیەتی بە کوێ دەگات، بەڵام ئەگەر مانەوە و ڕزگاربوونێکیش لەم شەڕەدا بۆ ئەوان هەبێت و بە پێکهێنانی گەورەترین ڕێوڕەسمەکانیش بۆ ژێرخاک کردنی، ناتوانن سیمایەکی جیاواز لەوەی هەبوو، لەم دیکتاتۆرە بە خەڵکی ئێران و جیهان نیشان بدەن. ئەو ڕۆژەی دیکتاتۆر دەخرێتە گۆڕ، پرسیارێک کە خەڵکی ئێران و جیهانییەکان لە بارەی خامەنەیی لە خۆیانی دەکەن، ئەوەیە کە ئەو ڕێبەرە سیاسی و ئایینییەی ڕێژیمی ئێران، لە ماوەی دوور و درێژی دەسەڵاتدارەتییەکەیدا وڵاتەکەی خۆی بە کوێ گەیاند و چ میراتێکی لە دوای خۆی بەجێ هێشت؟

خامنەیی ئەو دیکتاتۆرە بوو کە هەموو جومگەکانی دەسەڵاتی وڵاتەکەی لە دەست خۆی گرتبوو. هەموو جۆرە هەڵبژاردنەکانی وڵاتی- کە هەر لە بناغەوە هەڵبژاردنێکی ئازاد نین- بە میکانیزمەکانی وەک شورای نیگابان و ڕەتکردنەوەی لێوەشاوەیی بەربژێرەکان لە نێوەرۆک بەتاڵ کردبوو و کردبوونی بە شتێکی تەواو ڕواڵەتی کە لە خزمەت ئامانجەکانی خۆیدا بن. زەندەقی لە خوێندنی زانکۆکان، مامۆستایانی زانکۆ و خوێندکاران چووبوو. چەندین دەزگا و دامەزراوەی بۆ کۆنترۆڵی زانستگەکان، وەدەرنانی مامۆستایانی جیابیر، سەرکوتی بزووتنەوەی خوێندکاری و دەمکوت و گرتنی خوێندکارانی ئازادیخواز، ڕاسپاردبوو. کەم دیکتاتۆرهەن بە ڕادەی خامەنەیی دژی چاپەمەنی بووبن. وەزارەتی ئیتلاعاتی بۆ جێبەجێکردنی سیناریۆی قەتڵە زنجیرەییەکان، واتە تیرۆری یەک بە دوای یەکی نووسەرانی ڕەخنەگر ڕاسپاردبوو. لە وتارەکانیدا لەسەر سانسۆر و دەمکوتکردن پێداگر بوو؛ بەردەوام دژی چاپەمەنیی جیابیر و ڕەخنەگر دەدوا، هەڕەشەی لێ دەکردن و بە شێوەی فەلەیی دایدەخستن. ئەنترنێت ببووە بەڵای گیانی و پەیتا پەیتا کاربەدەستانی وڵاتی سەرکۆنە دەکرد کە بە ڕادەی پێویست ئەنترنێتیان کۆنترۆڵ نەکردووە.

تیرۆری نەیاران لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات، سەرکوتی هەر چەشنە نارەزایەتییەک بە توندترین شێوە؛ دژایەتی لەگەڵ ماف و ئازادیی ژنان و بەرزبوونەوەی پێگەیان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا؛ پەرەپێدان و پاراستنی هەڵاواردنی ئایینی، ڕەگەزی و زمانی؛ دروستکردنی دۆزخێک بۆ بەهاییەکان، مەسیحییەکان، یەهوودییەکان، زەردەشتییەکان، یارسانییەکان، تەنانەت سوننییەکان کە موسوڵمانیشن، بەشێکی دیکە لە میراتی سەردەمی دوور و درێژی دەسەڵاتداریی ئەو دیکتاتۆرەن. لە سێبەری

دەسەڵاتداریی خامەنەییدا، شتێک بەناوی ئازادییە تاکەکەسییەکانیش تەحەممول نەدەکرا و ژنان و لاوان، بە بیانووی ڕەچاونەکردنی ڕێوشوێنە ئیسلامییەکان، ئەو پەڕی سووکایەتییان پێ دەکرا.

ئەگەر بێینە سەر تەرخانکردنی زۆرترین سامانی وڵات بۆ بەدیهێنانی خەون و بەرنامە ئایدۆلۆژییەکانی، ئەو کات دەزانین ئەم دیکتاتۆرە چ کارەساتێکی گەورەی بەسەر وڵاتی ئێران هێنا. خامنەیی لە ماوەی ٣٧ساڵ دەسەڵاتداریتێیدا، زۆرترین داهاتی وڵاتی بۆ بەهێزکردنی سپای پاسداران و دەزگا و ناوەندە ئەمنییەتییەکان، بەڕێخستنی دامەزراوە ناوکییەکان بە نیازی بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی، تەیارکردن و بەخێوکردنی گرووپە نەیابەتییەکان لە لوبنان، عێراق و یەمەن، ڕاگرتنی ڕێژیمی دیکتاتۆری سووریە، پەرەپێدانی کارگەکانی بەرهەمهێنانی هاژەک و درۆن تەرخان کرد. هەمووی ئەو بەرنامانەی لە خزمەت خەیاڵی خاوی خۆیدا بوون کە کە بریتی بوون لە: پێکهێنانی ئیمپراتۆرییەکی شیعە لە ناوچەکە بە ڕێبەرایەتیی خۆی، لە نیوبردنی دەوڵەتی ئیسرائیل، تێکشکاندنی هەژمۆنی ئەمریکا و بەچۆکداهێنانی وڵاتانی هاوپەیمانی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست.

لە ئەنجامی پێداگری لەسەر ئەو سیاسەتانەدا، زیاتر لە ٢٠ ساڵە لە لایەن ئەمریکا و کۆمەڵگەی نیودەوڵەتی، توندترین گەمارۆی ئابووریی بەسەر ئێراندا سەپاوە، سپای پاسداران و ژمارەیەکی زۆر لە بەڕێوەبەران و کاربەدەستانی ڕێژیم بە تیرۆریست ناسراون. ئابووریی ئێران بە هۆی تەرخانکرانی سامانی وڵات بۆ ئەم جۆرە بەرنامانە و هەروەها بە هۆی ئەو گەمارۆیانەوە تووشی گەورەترین قەیرانەکان بووە. قەرار بوو ئەم بەرنامانەی خامەنەیی، ئەمنییەت بۆ ئێران دەستەبەر بکەن و تەمەنی ڕێژیمەکەی بۆ هەتا هەتایە درێژ بکەنەوە. خامنەیی قسەی لە گەیشتن بە لوتکە (قوڵە) بەم زووانە دەکرد و دەستوپێوەندەکانی خۆی ڕاسپاردبوو، سروودی "سەلام فەرماندە" بە هەموو زمانەکانی نێو چوارچێوەی ئیمپراتۆرییەکەی ئامادە بکەن، تا بە دەیان میلیۆن لە لایەنگرانی بە نیشانەی نیزیکبوونەوە لە ترۆپکی سەرکەوتن بیلێنەوە.

ئەو پێی وابوو بە دروستکردنی هەزاران هاژەکی بالستیکی تەنانەت دوورمەودا و دەیان هەزار درۆنی هەرزان، بە نزیکبوونەوە لە بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی، و بەو هەمووە گرووپە نەیابەتییە پرچەکانەی بۆ هێرشکردنە سەر ئیسرائیل و بەرژەوەندەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لەم ناوچەیە ڕێکی خستوون، خەریکە دەگاتە ترۆپکی سەرکەوتن، ئیدی بێ گرنگیدان بە ژیانی پڕ لە ڕۆژڕەشیی خەڵکی وڵاتەکەی، بێ گوێگرتن لە وریاکردنەوەکانی وڵاتانی دژبەر، دەتوانێ درێژە بە لاساریی خۆی بەرانبەر کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی بدا و بە ئامانجەکانی بگا. لە ئاکامدا دوو جار شەڕی بۆ ڕێژیمەکەی و خەڵکی وڵاتەکەی کڕی. ئەگەرچی لە شەڕی ١٢ ڕۆژەدا خۆی و هێندێک لە مۆرە گەورەکانی توانیان گیانی خۆیان دەرباز

بەشی سێهەم

کەن، بەڵام لە دەستپێکی شەڕی دووهەمدا، بۆخۆی لە پێش هەموو گەورە فەرماندەران و مۆرە پلەبەرزەکانیشیدا، کوژرا. سپای پاسدارانەکەی، وەزارەتی ئیتلاعاتەکەی، گرووپە نیابەتییەکانی، یەکەکانی هەڵدانی هاژەک و درۆن و دەیان شارۆچکەی ژێرزەمینیی پڕ لە هاژەکیش کە بە توندی ببوونە ئامانجی هێرشی فڕۆکەکانی ئیسرائیل و ئەمریکا، نەیانتوانی گیانی دیکتاتۆر بپارێزن. تەنانەت نەیانتوانی بەشی یەک ڕۆژ کە لاشەی دیکتاتۆری تێدا بە خاک بسپێردرێ و زیاتر لە چلوپێنج ڕۆژ لە سەر وێرانەکانی ئەم شەڕە، بای ئەم دنیایە لێی نەدا، ئەمنییەت پێک بێنن. پەندی لەمانەش سەیرتر دانیشتن و وتووێژی میراتگرەکانی لەگەڵ بکوژانی خۆی، لە گەڵ نێردەکانی ئەمریکایەک بوو کە وتووێژ لە گەڵ ئەوانی بە ناشەرافەتمەندانە دەزانی و ڕەتی کردبۆوە!

ئێستا ئەوەی لە خامەنەیی بە میرات ماوەتەوە، ڕێژیمێکی شڕ و لاواز و بێ سەر، بە چارەنووسێکی شوومەوە، بە کۆمەڵێک گرووپی نەیابەتیی لە خۆی تێکشکاوتر، لەو لاشەوە وڵاتێکی وێران بە ناوی ئێران و خەڵکێک کە هەروا لە نێو لێکەوتەکانی دەسەلاتدارێتیی ئەو دیکتاتۆرەدا، خەریکن دەپلیشێنەوە.

٦ی بانەمەڕی ٢٧٢٦

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

بەفرانباری ٢٧٢٣ی کوردی = دێسەمبەری ٢٠٢٣ی زایینی

نۆژەنکردنەوە: جۆزەردانی ٢٧٢٦ی کوردی = مای ٢٠٢٦ی زایینی

---



سەرچاوە
Serchawe




# سپاس و پێزانین

**بۆ هاوڕێ قادر وریا بۆ نووسینی و ئامادەکردنی هەموو بابەتەکان و کارو چالاکییەکانتان، دەستخۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**